# سیاسەتی ئیستعماری

# پارتی بەعسی سوری لە ڕۆژئاوای کوردستان

د. جواد ملا

وەرگێڕی دەقی عەرەبی
ڕەشید سیوەیلی

## سیاسەتی داگیرکەرانەی (ئیستعماریانەی) حزبی بەعسی سوری

## لەڕۆژئاوای کوردستان

ملازم ئەول محمد طلب هلال سەرۆکی بەشی سیاسی لە حەسەکە، بەر لە چل ساڵ لێکۆڵینەوەویەکی نوسیوە، هێڵە پانەکانی شیکردۆتەوە سەبارەت بە بەرنامەی لەناوبردن و پاکتاوکردنی بونی کورد لەڕۆژئاوای کوردستانی داگیرکراو لەلایەن سوریاوە لەژێر ناونیشانی:

((خوێندنەوەیەك دەربارەی پارێزگاری جزیرە لە بواری نەتەوەیی وکۆمەڵایەتی وسیاسیەوە)) بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیەوە کرا بەوەزیرو سەرکردەیەك لەناو پارتی بەعس وڕژێمی سوریا وەك خەڵات کردنێك بەهۆی خەسڵەتی ڕەگەزپەرستی و شۆڤینیەتی خۆیەوە.

**پێشکەشە**

**بە جەماوەری گەلی کورد**

**و**

**سەرجەم سەرکردەو پارت و ڕێکخراو و کەسایەتیەکانی ناو کوردستان**

**بۆ نەتەوەی عەرەب و**

**سەرۆك و میرو دەوڵەتە عەرەبیەکان**

ئەم کتێبە پێشکەش بەهەمویان دەکەم لەپێناوی ئەوەی لەڕاستیەکانی مەسەلەی کورد تێبگەن کەچی ڕوودەدات لەپشتی پەردەوە بەناوی هەندێکیانەوەو بێ ئاگاداری هەندێکیتریان. با هەموانیش ئاگاداربن وبزانن کێشەی کورد تەنها گۆڕینی ڕژێم وفرمانڕەوایەتی نیە کەبگۆڕدرێت بە ڕژێمێکی دیکە بەڵکوو کێشەی گەلی کوردەو نیشتمانەکەشی کوردستانە کەرت کەرتکراو وداگیرکرا. ئاشتی و ئاسایش و جێگیربون لەسەرجەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاستا بەرقەران نابێت ونایەتەدی بێ گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی کورد، ئازادی گەلی کوردو سەربەستی کورستان پێش هەموشیان ئەوبەشەی لەلایەن سوریاوە زەوتکراوە.

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| مەسەلەی کورد لەنوسینی د. جواد ملا | 7 |
| دەقی تەواوی کتێبەکەی محمد طلب هلال | 53 |
| پەراوێزەکام، شیکردنەوەو ڕەخنە لەنوسینی د. جواد ملا | 207 |
| تێبینی لەنوسینی شێخ عمر شێخ غریب | 245 |
| فیدرالیەتی کوردستانی نوسینی دکتۆر أحمد رسول | 276 |
| هلال تانجی نازیەکانی سوریا نوسینی ئالان قادر | 282 |
| حزبی بەعس لەنێوان ڕابوردو وئێستادا نوسینی أسد ئاسۆ | 315 |
| بەیاننامەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان | 317 |
| چارەنوسی کورد لەنوسینی د. جواد ملا | 324 |
| حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران وقۆناغەکانی دامەزراندنی | 333 |
| پاشکۆی بەڵگەو نەخشەو وێنەکان | 375 |

**مەسەلەی کورد**

**وسیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی پارتی بەعسی شۆڤێنی لە سوریا**

ئەو کتێبەی لەژێر ناونیشانی ((خوێندنەوەیەك دەربارەی پارێزگاری جزیرە لەناوچەی حەسەکە لەبواری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوەیە)) خوێندنەوەیەکی سیخوڕی هەواڵگری بەعسی نهێنیە، ملازم ئەول محمد طلب هلال کە سەرۆکی بەشی سیاسی حەسەکە بوو لە ساڵی 1963 دا نوسیویەتی، ئێستاش کاتی ئەوەهاتوە بڵاوبکریتەوەو بخرێتە بەدەست خوێندەری بەڕێز لەگەڵ تەعلیق لەسەر ناوڕۆکەکەی لە پێناوی خزمەت گەیاندن بە ڕاستیەکان. چاپ نەکردن و وڵامنەداوەی و نەخستنە بەر ڕەخنەی تا ئەمڕۆ سەبارەت بەم کتێبە لەلایەن بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد لەسوریا دەگەڕێتەوە بۆچەندین هۆکار، بەڵام ئەوەی هەیە چەند وتارێك دەربارەی ئەم بابەتە نوسرابوە بەڵام بە شێوەیەکی چڕوپڕ نەبوو گرنگترین بەش کە لەسەر بابەتەکە نوسراوە پەیوەستە بەو خوێندنەوەو شیکردنەوەیەی دکتۆر عصمت شریف وانلی بەئینگلیزی وفەڕەنسی نوسیویەتی هەروەها ئەوەش کە دکتۆر عمر مارف گوڵ بەزمانی کوردی و زمانێکی دیکەش نوسیویەتی. ئەمڕۆش تەواوی دەقی کتێبەکەی محمد طلب هلال دەخەمە بەر دەست لەگەڵ هەڵسانگدنم بۆی چونکە کاتی شیاو ولەباری بۆ ڕەخساوە لە پێناوەی گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکاندا.

کتێبەکەی محمد طلب هلال بریتیە لە پلانێکی ڕەشی نەژاد پەرستانەی چڕوپڕ لە پێناوی لەناوبردن و پاکتاوکردنی بونی کورد لە بەشە ڕۆژئاواکەی کوردستانا کاتی خۆشی چۆتەژێر ڕکێفی ئینتدابی فەڕەنسیەوە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەهەمان کاتیشدا چوەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی داگیرکەری سوریەوە لە دەسپێکی ساڵی 1946 وە تاوەکوو ئەمڕۆشی خایاندوە، دوابەدوای کتێبەکەی محمد طلب هلال زنجیرەیەکی دوورو درێژی لەبڕیار و ڕاگەیاندنی نەژادپەرستانەی شۆڤێنستی بەدواداهات دەرحەق بە نەتەوەی کورد ئەو بریارانە تاوەکوو ئەمڕۆش کاری پێدەکرێت (وەك پشتێنەی عەرەبی وسەرژمێری سەرزارەکی جیاواز لەگەڵ گۆڕینی شێوازی دیموگرافی ناوچە کوردنیشنەکان...) ڕۆژانەش نوێکاری بۆ زیادەکرێت یاخود پشتیوانی بڵاوکراوەکانی ڕابوردوی دەکرێت، دەکرێت کتێبەکەی محمد طلب هلال بە نمونەی ڕەگەز پەرستی ڕژێمی سوری و دەزگا پۆلیسیەکانی سوری بەگشت جۆرەکانیەوە دانرێت کە جەنگێکی دەرونی بەرپادەکات دژی گەلی کورد لەپێناوی داڕمان و شێواندنی کەسایەتی کورد و یەکگرتنی کورد لە چوارچێوەی سیاسەیت و بەرنامەکەی محمد طلب هلال کە دەستی تاوان ئاماژەی گەلی کورد دەکات تەنها لە پێناوی ئەوەدا گەلی کورد بخاتە ژێرفشاری باری دەرونیەك کە لەسنوری داکۆکی تێپەڕناکات لەئاست لێشاوێکی بەخوڕی پڕ تاوانبار کردن، ئەویش لە پێناوی ئەوەی کورد نەتوانێت بیر لەدانانی بەرنامەیەك بکاتەوە بۆ هێرشبردن کەخۆی لەخۆیدا هەربەڕاستی لە بەرنامەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کوردا ونە، لەبەر ئەوەی زۆر بە ئاسانی ڕاگرتنی هێرشی دڕندانەی دژ بەگەلی کورد سەرناگرێت بە هێرشکردنەوە نەبێ بۆسەر سەرچاوەکانی دوژمن.

ئەگەری ئەوەش هەیە کتێبی هاوشێوەی نەژادپەرستانەی وەك کتێبەرکەی محمد طلب هلال هەبێت لە عراق و ئێران و تورکیاو ئازباینجانیشدا، کاتێك ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سوری چاویکەوت بەناوەڕۆکی کتێبەکە دەمودەست گرانبەهاترین ونیشان وخەڵاتی درایە پلەکەشی چەندین بار بەرزکرایەوە لەئەفسەرێکی بچوکی سادەی ناودەزگای هەواڵگریەوە لەناوچەیەکی پستگوێخراوی دوورە دەستی چەقی دەسەڵاتی بریاردەرەوە بۆ پلەی وەزیرو پاشانیش کرا بەئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی سەرکردەی نەتەوەیی سەر بە پارتی بەعسی سۆشیالیستی فەرمانڕەوای سوریا، هەروەك مەسەلەیەك دەڵێت ((مەنجەڵ کڵاوی خۆی دۆزیەوە)) ئەو جۆرە ڕژێمانە پێویستیان بەم جۆرە ((زانایانە)) هەیە. تائێستاش ئەم کتێبە کەرەستەیەکی گرنگە لە بواری خوێندن و پێگەیاندنی خولی ئەفسەرانی هەواڵگری سوریدا لەگەڵ ڕاستکردنەوەو زایادکردن لەهەندێ برگەدا، هەروەها ماوەی نیو سەدەیە کتێبەکەی هلال بە یەکێك لە گرنگترین و بنەڕەترین کتێب دادەنرێت لە کتێبخانەی سەرکردایەتی هەواڵگری سوری لە ناوچەی جزیرەدا.

# تێڕوانینێکی مێژوویی دەربارەی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان

بونی گەلی کوردو نیشتمانەکەی کە کوردستان ڕاستیەکی مێژویی و جوگرافی و شارستانی و ڕۆشنبیریە هەر ئەوەشە جیای دەکاتەوە لە گەلانی تری ناوچەکەدا، هەرهەوڵدانێك بدرێ بۆ گۆڕین و هەڵگێڕانەوەی ئەم ڕاستیانە نەك هەر بەکەمکردنەوەی کەسایەتی کورد دادەنرێت بەڵکوو بەپێشێلکردنی سەرجەم شارستانیەتی مرۆڤایەتی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی شارستانی مرۆڤایەتی بریتیە لە یەك نەخش سەرجەم شارستانیەتی گەلان پێکەوە کۆدەکاتەوە لە یەك خشتەدا، لەبەر ئەوە سڕینەوەو لابردنی هەر گەلێك خۆی لەخۆیدا بەهەڵگێرانەوەو ساختەکردنی کۆی شارستانەتی مرۆڤایەتی دادەنرێت، ئەوەش بەڵگەی دەوڵەتی و یەزدانیش دانی پیادەنێت، هەروەك چۆن لەقوئانی پیرۆزدا هاتوە ئاماژە بەوە دەکات کە زمان و زاراوەکان ئایەتێکن لە ئایەتەکانی یەزدان، واتە هەرکەسێك ولایەنێك دژایەتی وبەربەرەکانی زمانی کورد بکات بەدڵنیاییەوە بەربەرەکانی یەزدان وئایەتەکانی دەکات، تائەو ڕادەیە نەتەوەکان و زمانەکانیشیان بەرزو بەڕێزن.

لەمێژوی نەتەوەی کوردا چەندین دەوڵەت وئیمراتۆریەتی کوردی پێکهاتوە لەسەرخاکی نیشتمانی کوردستان مێژوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵی لەمەوبەر، کاتێك سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی سەریهەڵداو دەستیپێکرد گەلی کوردیش بە زۆرە ملێی لکێنرا بەوئیمپراتۆرانەوە. بەڵام میرە کوردەکان فرمانڕەووایەتی کوردستان یانگرت بەدەستەوە لەنێو چوارچێوەی ئیمراتۆریەکاندا تاوەکوو سەدەی نۆزدەم، میرنشینی بۆتان و میرنشینی بابان و سۆران و میرنسینی بادینان و میرنشینی حصنکیف یش کەدواهەمین میرنیشین میرەکانیان وفەرمانڕەواکانیان تاوەکوو سەدەی نۆزدەهەم لە وەچەی سوڵتان صلاح الدینی ئەیوبی کورد زادەبون، ئێستاش ڕژێمی تورك لەهەوڵی دروستکردنی بەربەستێکی ئاویدایە لەتەنیشتیەوە لەپێناوی نوقمکردنی شوێنەواری حصنکیف بەئاو بۆ هەتاهەتایە، هۆکارەکەشی ئەوەیە چونکە شوێنەواری کوردەو دیانەوێت لەچوارچێوەی پلانێکی داڕژێراو لەناویبەرێت بەمەبەستی زیندەبەچالکردنی شوێنەواری شارستانیەتی نەتەوەی کورد، بەدڵنیاییەوە گەر بهاتایەو شوێنەواری جێماوەی حصنکیف هی ڕژێمی تورکی فاشی بوایە ئەو کارەی نەدەکرد. لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا (ساڵی 1916) ڕێکەوتنی سایکس بیکۆی نهێنی ئیمزاکرا کە تیایا هەریەك لە بەریتانیاو فەڕەنساو ڕوسیای قەیسەری بەشداریان تیاکردبوو، لە پێناوی ئەوەی موڵکومیراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابەشبکەن لەنێوان خۆیاندا، لەنێو ئەو موڵکایەتیەشدا وڵاتی کوردو عەربیشی گرتەوە، ئەوەبوو نیشتمانی عەرەبیان کرد بەچەند دەوڵەتێك تاوەکوو بچێتە ژێر ڕکێفی ئینتدابی بەریتانی و فەڕەنسیەوە، هەرچی کوردسانیش بوو کرا بە پێنج کەرتەوە هەرکەرتەشی لکێنرا بەدەوڵەتی دراوسێی خۆیەوە : سوریا و عراق و تورکیا، سەرەڕای ئەوەی بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەژێر دەسەلاتی داگیرکەری ئێرانیدابوو لەجەنگی چاڵدێرانەوە ساڵی 1514 ز. ساڵی 1917 شۆڕشی بەلشەفیەکان بەرپابوو بە سەرکردایەتی لینین کەتوانی نهێنی ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ ئاشکرا بکات بیخاتە ڕوو، بەوشێوەیە ڕوسیا زۆرینەی بەشی خۆی دۆڕاند لەبەری باکوری کوردستان ئەو بەشەی لکێنرا بەدەوڵەتی تورکیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەشەی کوردستان کە سەر بەیەکیەتی شورەوی بوو کە بچوکترین بەشیان بوو بەڵام ستالین مەرامو داوای تورکەکانی جێ بەجێکرد. هەروەها بەشداریکرد لەپرسی گواستنەوەو لەناوبردنی کورد هەروەها بەشداریشی کرد لەپرۆسەی لەناو بردنی کۆمارەکەشیان وپەرشوبڵاوی کردن بەناو مۆسکۆ وکازغستان و قیرغزستان و ئۆکرانیاو جورجیاو چەند کۆمارێکی تری شورەوی سەرجەم گوندو ناوچە کورد نیشینەکان ویرانکران، ئەم ناوچانە بونە شوێنی داکۆکی و پیاهەڵپرژان و شەڕی نێوان ئازربایجان و ئەرمینیا لە دوای هەرس هێنانی یەکیەتی شورەوی. ئەم دابەشکردنە ستەمکارو ناڕەوایە بوە هۆی ئەوەی کوردستان بچێتە ژێر ڕکێفی داگیرکردنی ژێر دەسەڵاتی سوری و تورکی و عراقی و ئێرانی و ئازربایجانیەوە، بەبێ ئەوەی تەنها مەترێك لە خاکی کوردستان وازلێبهێنن لەژێر دەسەڵاتی کوردابمێنێتەوە بۆیان ئەوە خۆی لەخۆیدا ناڕەوایی و ستەمێکی ئاشکرابوو سەبارەت بە خاکی نەتەوەیەکی تر، لەوەش قێزەوەنتر ئەو دەوڵەتانەی بەشی کوردستانیان بەشێك لەنیشتمانی خۆیان دەزانی، ناوی کوردستان و گەلی کورد چوە بواری قەدەغەو حەرامکراوەوە، خودی داگیرکەری بەریتانی لەناو هندستانا ناوی هندی نەگۆڕی و زمان وشێوازی ژیانی هندیەکانی قەدەغە نەکرد وەك هندی، هەمان شێوەش لەمەسەلەی ململانێی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان کەزیاتر لەنیوسەدەی خایاندوە، ئەوململانێیە کە بە

قوربانیدانی خوێنی سەدان هەزار گیانلەبەر کۆتایی بپێدێت بەڵام هەموو ئەم شتانە نەبونە ڕێگرێك و بەربەستێك قەدەغەکراوبێت لەبەردەم گەلی هندو فەلستینەکاندا تا نەتوانن بە ئازادی ئاین و نەریتی خۆیان بەکاربهێنن یاخود ئازادی پاراستنی زمانی پێناسەی نەتەوەی خۆیان لێ قەدەغەبکرێت، جۆری داگیرکردن ئەو ئیستعمارەی بەسەر سنگی گەلی کوردو کودستانا سەپێنرا قێزەونترین و چەوسێنەرترین وترسناکترین جۆری شێواندن هونەری سەرەوژێرکردنی کاسایەتی و پێناسەیان بەسەرا تاقیکرایەوە وسەپێنرا، هەروەها سوکایەتی کردن و بەکەم سەیرکردنیان بەجۆرێکی نامۆ سەیرسەیر وێنایان دەکردن، داینانماڵی بون لە ناو ومێژو وپیناسەو ناونیشانی خۆیان و سەرجەم ئەو مافانەیان لێ زەوتکردبون، هەرچی ڕەنگو ڕوو سروشتی خۆی بوو لە دەستیدابوو. نەك هەر ئەوە بەڵکوو جۆرێك بوو مێژوو لەو شیوازەی تۆمار نەکردوە تا ئێستا. کاتێ کوردێك لەدایك دەبێت بە تاونباری لە دایك دەبێت، سەرەڕای ئەوەی هەرچی یاساوریساو شەریعەتی ئاسمانی و بابەتی هەیە هەروەك لە بڵاوکراوەی جاڕی جیهانیدا هاتوە سەبارەت بە مافی مرۆڤ پشتراست دەکەنەوە، کە سوریا خۆی ئەوبەندەی ئیمزاکردوە بەبێ ئەوەی بە قەدەر یەك تاڵە موو پێوەی پەیوەست بێت کە دەڵێت : ((هەموو مۆرۆڤەکان بە ئازادی لەدایك دەبن)).

لەوش خراپۆترو قێزەونتر ئەوەیە کە ئەوڕژێمە ئیستعماریامنە بەجۆرێك چەوساندنەوە بەسەر گەلی کوردا دەسەپێنن و پیادەدەکەن بەبێ ئەوەی ناوی کورد لەکولەکەی تەڕیشابەرن بۆنمونە دادگاکانی سوریا ناوبەناو فەرمانی زیندانی دەردەکەن بەسەر تێکۆشەرانی گەلی کوردا، بەم تاوەانانەی خوارەوە : لەژێر ناوی ((بڕینی بەشێك لە سوریاو لکاندنەوەی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە)) دەوڵەتی بێگانە مەبەست لە ((کوردستانە)) هەروەها دەڵێن گوایە ڕەگەزنامەی سوریان سەندەوە لە بێگانەکان واتا لە کوردەکان، تەنانەت ئەوکوردانەش کە ڕەگەزنامەو بەڵگەی سوریان هەیە هیچ بەڵەگەیەك و کاغەزێکیان پێ نیە بڵێت و بیسەلمێنێت کە کوردن وسەر بە کوردن لەسەرەتاوە کێیەکی تەواو وپڕاوپڕ دەخەنەسەری، ئیسرائیل ڕەگەزنامەی لە گەلی سوری ڕانەکێشایەوە لەجۆلان هەروەها لە گەلی فەلەستینیش لەناو قودس وەك ئەوەی سوریا کردی، گەلی کورد لەژێر دەسەڵات وڕکێفی ئەم ڕژێمە ڕەگەزپەرست و فاشیانەدا دووچاری قێزەونترین و دڕندەترین جۆری ئیستعمار بۆتەوە لە کاتێکدا ئێمە لەبەرەبەیان سەدەی بیست و یەکەمداین، ئەمڕۆ گەلانی ئەوروپی هەن خەریکن سنور ناهێڵن هەڵیدوەشێنەوە بەئێجگاری لەناوسنوری خۆیاندا لەبەرئەوەی هەریەك لەو گەلانە لەماف وسەربەستی خۆیان گەشتون ودابینیانکردوە کەکەس ناتوانێت تێپەڕێنێت ولەسنورەکەی خۆی لادات گەربێتوو بێنە سەرماف وسەربەستی خەڵکانی دیکە بەڵام داگیرکران وئیستعمارانی کوردستان لەجیهانێکی تەواو جیاوازدا دەژین هێشتا لە جیهانێکی دونیایی گەندەڵی سەرتاسەریا دەژین هەروەك بڵێیت خواوەندێکبن لە ئاسمانەوە بۆیان دابەزیبێت بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایەتی بکەن لەچوارچێوەی سیستەمێکی کۆماریدا، بەڵام بە شێوازێکی مەلەکی بنەچەیی لە ڕەچەڵەکەوە بۆیان مابێتەوە بە ئاسن و ئاگر لە ناوەوە فەرمانڕەوایەتی دەکەن لەدەرەوەش خەرجی ڕێکخراوە ترۆرستیە دەوڵەتیەکان دەدەن لەدەرەوەی وڵات یاخود بە شێوازێکیتر بیڵێن خۆیان دروستکەری ئەو ڕێکخراوە ترۆرستیانەن، کە پێیانوایە دەتوانن جهیانی شارستانی وپێشکەوتوو سەرقاڵبکەن بە دڕندەیی و کێویەتی خۆیان دپۆشن تاوەکوو لەبری ئەوە بێدەنیگی ئەوان بکڕن سەبارەت بەوەی لەناوەوە پیادەی دەکەن لەکوشتو بڕین ودارمانی کەرەکتەری مرۆڤایەتی، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، کە لەلایەن جەنەراڵە تورکەکانەوە دەچێت بەڕیوە، ئەوانەی کەهەرخۆیان فەرمانڕەوای ڕاستەقینەن لەدەسپێکی سەدەی ڕابوردووەوە، کەتورکیا بەدەوڵەتێکی تورکی دادەنێن سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە 20 ملیۆن کوردی تیا نیشتەجێ یە هەروەها چەند ملیۆنێکی تریش لەعەرەب و یۆنانی و لاز و ئەرمەن و هەتادێ، هەرچی فەرمانڕەوایەتی فارسیە ئیسلامی شیعە مەزهەبی ئێرانیە کە دەوڵەتی ئێران بە موڵکی فارس و مەزەهەبی شیعە دادەنێت سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە 10 ملیۆن کوردی تیایە چەندین ملیۆنیش ئازابینجانی وبلوژ عەرەب ونەتەوەی تریشی تیایە بەڵام زۆرینەی کوردو عەرەب ولە ئێراندا سەر بەمەزهەبی شیعە نین، ڕاستیەکەی فارسەکان لە ئێراندا کەمایەتین و فەرمانڕەوایەتی زۆرینەکاندەکەن، هەروەها سوریاش کە کەمایەتیەکی عەلەوی فەرمانڕەوایەتی سوریا دەکات لەژێر پەردەی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیتەوە کە خۆی بۆخۆی بەدرۆ ناوی سوریای ناوە کۆماری عەرەبی سوری بۆیە دەڵێن درۆیە لەبەرئەوەی کە سوریاش زیاتر لە 3 ملیۆن کوردی تیایە کە بەهیچ شێوەیەك ناچنەوە سەر نەتەوەی عەرەب و عەرەب نین ئەویشی بچێتە سەر کە دروزەکان وئارامیەکان سریان وجۆرەها گەل و ئاینی جیاجیای لەخۆیگرتوە کە

بەهیچ شێوەیەك نەلەنزیکەوە نەلەدوریشەوە پەیوەندیان نیە بەمەزهەبی عەلەویەوە یاخود بە بیروباوەڕی فاشیانەی پارتی بەعسەوە کە وەك داڵە کەرخۆرە بەسەر سنگی گەلانی سوریەوە نیشتونەتەوە لە نیو سەدەوە، عراقیش بەهەمان شێوە کە هیچ جیاوازنەبوو لە ڕژێمی تورکی و ئێرانی سوریەوە لە هیچ شتێکدا تاوەکوو 9 ی نیسانی 2003 ڕۆژی ڕوخاندنی ڕژێمی تکریتی لە ناو عراقدا کەبەدەستی هێزی هاوپەیمانیەتی ڕوخێنرا، گەلانی عراقی هەرهەمویان دەیانناڵاند بەدەست حوکمی صەدام وکوڕەکانی وعەشرەتەکەیەوە، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرانە بەتایبەت ئەوانەی کوردستانیان داگیرکردوە سوکایەتیان کردوە بەهەرچی بنەمای مرۆڤایەتی وئاینی نەتەوەییەوە و هەروەها ئاسیش وئەمانەتی گەلانیان پشتگوێ خستوە، بەشێوازێکی فرعەونی کەلەناوبردنی ئاسان نەبێت مەگەر بەهاریکاری زلهێزەکان نەبێت هەزارانجار پیرۆزبێت لەعەرەب وکورد لەعراقدا بۆ لەناوبردنی دێوزمەی صەدامی بەعسی لەوەش گرنگتر ئێستا عەدالەت دەچەسپێت وعەرەبیش دانی ناوە بەمافی ڕەوای گەلی کوردا کە چارەنوسی خۆیان دەست نیشانبکەن کەمافی جیابونەوەشیان هەیە وبۆیان هەیە دەوڵەتی کوردی دامەزرێنن گەر بێتوو نەتەوەی کورد خۆی بیەوێت، لەڕاستیشدا ئەوکاتە سەردەمی برایەتی کورد وعەرەب بەشێوەیەکی ڕاستەقینەیی دەردەکەوێت، ئەگینا جارێکتر دەچنیەوە ژێر چەپۆکی دیکتاتۆریەتەوە کە شەڕو بەڵاو نەهامەتی وکاولکاری کردە بەشی ناوچەکە بەگشتی دەرسوەرگرتن وتێگەشتن بۆ ئەوانەیە کە بیانەوێت تێبگەن.

## کوردستان پێگەیەکی ستراتیجی و خاکێکی بەپیتی سامانە سروشتیەکانە

لەوانەیە مانەوەی کوردستان لەژێرچەپۆکی داگیرکەری دەوڵەتیدا تائەمڕۆ هۆکارەکی بگەڕێتەوە بۆ چاوتێبڕینی لەڕوی پێگەی ستراتیجیەوە بگەڕێتەوە بۆخودی کوردستان وئەو پێگەیە کەدرێژدەبێتەوە ولە دەروازەی لەدروازەی هرمزەوە (مضیق هرمز) دەستپێدەکات لەباشورەوە تا دەگاتە قەفقاس لەباکورەوە لەدەریای قەزوێنیشەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە تادەگاتە دەریای سپی ناوەڕاست لە رۆژئاوایەوە، بێجگە لەوپێگە گرنگەش کوردستان بەیەکێك لە دەوڵەمەندترین وڵات دەناسرێت لەجیهاندا ئەویش بە زۆری نەوتی یەدەکەوە (پترۆل) و یۆرانیۆم وجۆرەها کەرستەی خاوت گرانبەهاو سەرەکی بۆ زۆرینەی جۆری پیشەسازی پێشکەوتوو بەکەڵکە، لەگەڵ جواروجۆری بەپیتی سەروەتی کشتوکاڵی وئاژەڵیش، هەروەها سروشتی شاخاوی جوان ودڵفڕێنی وکەشوهەوای مامناوەندو جێگرشی کارێکیوای کردوە گونجاوبێت ببێتە جوانترین و قەشەنگترین وڵاتی گەشتوگوزاری لە جیهاندا، هەروەها گرنگترین سەرچاوەی ئاوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەکوردستانەوە سەرچاوەی گرتوەو هەڵدەقوڵێت یاخود دەتوانین بڵێین ڕوباری دجلەو فورات ولقەکانی تری ... گەربهاتایەو کوردستان بیابابێکی ڕوتەن بوایە بە دڵنیاییەوە نەتەوەی کورد لەمێژبوو سەربەخۆیی خۆی وەرگرتبوو.

## چاکەی کورد بەسەر شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامیەوە

گرنترین خاسیەتی گەلی کورد کرانەویەتی بەرامبەر بەگەلانی دیکە لەناوگەلانی جیهاندا هەرگیز دوورەوپەرێز نەبوە، بۆیە بەردەوام شان بەشانی گەلانی دراوسێ بەشداری کردوە لە بونیات نانی شارستانیەتی هاوبەش گرنگترینیشان شارستانیەتی ئیسلامی بوە ئەو بەشداری کردنەش لەگەڵ ئەسحابەی بەناوبانگ کابان ـ جابان ی کورد ڕەسەن دەست پێدەکات، هەروەها زۆرینەی زانا بەناوبانگەکانی ئاینی ئیسلامی وەك شارەزوری، دینوری، عمادی و أبن تیمیة لەڕەسەنی کوردبون، هەروەك چۆن ڕزگارکردنی (بیت المقدس) و زۆرینەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر دەستی سەلیبیەکان لەڕێی چاکەی سوڵتان صلاح الدینی ئەیوبی کوردەوە بوولە کوردستانەوە هات لەگەڵ 500 عەشرەتی کورد دابەشیکردن بە درێژایی کەناری دەریای سوریاو لوبنانی فەلەستینی میسرا لەپێناوی پاراستنی ناوچەکە لەدەست هێرشی دەرەکی وبێگانە. هەروەها مەلیکەکانی میسر هەر لە دەسپێکی محمد علی پاشاوە تاوەکوو دەگاتە دواهەمینیان

مەلیك فاروق بوو لەڕەسەنی گەلی کوردبون. هەروەها هەزاران ئەدیب و نوسەرو زانایان تیا هەڵکوتوە. کورد خزمەتی ڕۆشنبیری زمانی عەربیان کردوە ئەوانەش وەك ـ میری شاعیرانی عەرەب أحمد شوقی بوە، دامەزرێنەری کۆڕی زانیاری عەرەبیش لە دیمشق محمد کورد علی بوو کە بۆ ماوەی 12 ساڵ سەرۆکایەت کۆڕەکەیکرد لەبەرئەوەی لەناو عەرەبدا لەو زمانزانتر نەبوو لە ڕێزمانی عەرەبیدا. هەروەك چۆن کۆڵەکەی خوێندن و فێرکردن لەناو سوریادا هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی سوریەوە لەنەوەی کوردبون بۆنمونە : وەك مامۆستا ممدوح سلیم گەورە پشکناری معارف و مامۆستا خالد قوطرش بەڕێوەبەری معارفی شاری دمیشق بوو هەروەها ئەدیبی گەورە عباس محمود العقاد و شێخ محمد عبدو لەگەڵ سەرنوسەری المرأة (محرر المرأة) قاسم أمین وچەندەهای زۆری تریش. هەروەها چاکەی کوردیش دیارە بەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی عەرەبەوە زۆر ڕونوئاشکرایە، زۆرینەی سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی سوریا لەمەڕ دەرکدن و ڕاونانی فەڕنسیەکان لە سوریادا کوردبون. وەك ـ شۆڕشگێڕی گەورە إبراهیم هنانو سەرۆکی شۆڕشی جبل الزاویە لەگەڵ شێخ حنیف یەکێك لە گەورەترین بەرچاوترین کەسایەتی شۆڕشی مریدەکان لە جبل الأکراد هاوکات لەگەڵ شۆڕشگێڕی بەناوبانگ أبو دیاب البرازی یکێك بوە لەسەرکردەکانی شۆڕشی غوطة دمشق لەگەڵ مجاهید أحمد بارافی کە فەرنسا فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەرا سەپاند، جارێکیان مجاهدی خوالێخۆشبوو أحمد بارافی پێوتم : سەخترین ساتی ژیانی ئەو چرکانەبون کە لەسەرکورسی لەسێدارەدان دانیشتبوو، بەڵام بەخت یاری بوو لەدوا چرکەکاندا فریای کەوتون بەهۆی کەسایەتیە کوردە دەسەڵاتدارەکانەوە لەسەردەمی خۆیدا، بەڵام پارێزەری تێکۆشەر أحمد الملا کە یاسای خوێندبوو لە زانکۆی ئەستەنبول و پەیوەندیەکی زۆری هەبوو لەناو سەرجەم وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستا لە کەسایەتی وەك پێشەوای گەورەی میسری سعد زغلول و کەسایەتی دیکەش لەیەکێك لە شەڕەکاندا کەوتە کەمینی فەڕەنسیەکانەوە لە دەوروبەری شاری دیمشق لەو شەڕەدا شەهید کرا لەگەڵ 12 سوارەی کورد کە پاسەوانی تایبەتی خۆیبون لە پێناوی سەربەستی سوریا گیانی خۆی کردە قوربانی ڕزگارکردنی سوریا، مێژوو نوسی گەورەی عەرەب أدهم الجندی لە ئنسکلۆپیدیاکەیدا ((شۆڕشەکانی سوریا)) دەربارەی شەهید بونی أحمد الملای پاڵەوان نوسیویەتی دەڵێت شەهید بونی لەسەرەتای کۆتایی شۆڕشەکەی سوریابوە تا ئەو ڕادەیە کورد ڕۆڵی گرنگی بینوە لەژیان وخەباتیا لەپێناوی ئەوەی گەلانی دراوسێ ڕزگاری بەدەست بهێنێت وخۆشی ڕزگاربێت لەدەست چەکوشی ئیستعماری چەوسێنەربۆ ئەوە سەرفراز ببێت. کەچی ڕەگەزپەرستانی قین لەدڵ و بوغزاوی تەنانەت توانای ئەوەی نیە گوێی لە وشەی کوردیش ببێت، دەبێتە بارێکی قورس بەسەر گوێی و سەرجەم هەستەکانی تریانەوە، هەمیشە دەڵێن گوایە مەلیکەکانی میسر تورك بون یاخود دەڵێن ئەلبانی بون هەرگیز ناتوانن زاتی ئەوەبکەن ڕاستیەکان بڵێن کە مەلیکەکان کورد بون، بۆنمەنە إبرهیم پاشای کوڕی محمد علی پاشا کە پێشەوایەتی لەشکرێکی کوردی کردو وڵاتی شامی ئازادکرد و توکەکانی کردە دەرەوە لەناو سوریا هەروەها میری کوردی بەناوبانگ بدرخان پاشا لەو شەڕەدا پستیوانیکرد بدرخان پاشا لەساڵی 1842 شۆشرشێکی کوردی ڕابەرایەتیکرد هاوکات ڕێکەوتەکەی لەگەڵ گەشتنی إبراهیم پاشا لەسەر سنوری کوردستان یەکیانگرتەوە. هەر ئەوەندەی إبراهیم پاشا لە دیمشق نیشتەجێ بوودیاری پێشکەش پێشەوای کورد کرد پێشەوا شمدین آغاکرد لەگەڕەکی حی الأکرادی شاری دیمشق. لەگەڵ ئەوەشدا إبراهیم پاشا فەرمانیکرد هۆڵێك دروست بکرێت لەناو ماڵی شمدین آغا کە نمونەیەکی جوانبوو لە بینا سازیداو ڕازانرابۆوە بە نەقشو نیگاری هونەری قەشەنگ لە وێنەی نەبوو. هۆی چیە إبراهیم پاشا بەتایبەتی ڕویکردە شمدین آغاو بەو شێوەیە ئاوڕی لێدایەوە، دوای کۆچکردنی عمر آغای کوڕی شمدین آغای خوالێخۆش بوو دەسەڵاتی سوری دەستیگرت بەسەر ئەو هۆڵەداو وەکوو خۆی لەجێی خۆیەوە گواستیانەوە بۆ هۆڵی کۆشکی کۆنگرەی سوریا. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەسەریان نەنوسی گوایە لەماڵی پێشەوا کوردکەوە براوە بۆئەوێ تا ئەوڕادە قێزەونو کیناویەوە سوکایەتی بەمێژو دەکەن دەیشێوێنن. تەنانەت هونەریش دەشێوێنن لە پێناوی ئەوەی ئارەزوەکانی خۆیان تێربکەن بۆنمونە فلیمی صلاح الدینی ئەیوبی کە بەعەرەب دەیاناساند، شاعیری فەلەستینی معین بسیسو ڕاستی وتوە کە دەڵێت :

*صلاح الدین سەرکەوتنی بەدەستهێنا بوە پاڵەوانێکی عەرەب*

*گەر صلاح الدین شکستی بهێنایە دەکرا بە کوردێکی سیخوڕ*

بەڕاستی ڕاستدەكەیت معین خوا یارمەتی تۆش و ئێمەشبدات بەدەست ڕۆڵەی نەتەوەكەتەوە. ئەوانەی هەڵدەستن بەشێواندنی مێژوو وڕاستیەكانی هەڵدەگێڕنەوە بەڕۆژی نیوەڕۆ. فلیمی زنجیرەی تەلەفزیۆنی بەناوی قاسم ئەمین وە كە لەمدواییانەدا پیشاندرا لەزۆرینەی كەناڵە ئاسمانیە عەرەبیەكانەوە بەجۆرێك أمین قاسم یان نیشاندابوو گوایە توركە كەچی لەڕاستیدا كوردێكی ڕەسەنە بەڕەچەڵەك، هەروەها گۆڕینی ناوی گوندە كوردەكان بۆسەر ناوی عەرەبی لەناوچە كورد نشینەكانی ناو سوریا شێوازێكیترە لە شێوازی ڕەگەزپەرستی سوری كەهاوشێوەیە لەگەڵ سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی توركیا ئەوڕژێمەی منداڵانی قوتابخانە سەرتاییەكان بە توركی پێیان دەخوێنێت گوایە زمانی توركی دایكی سەرجەم زمانەكانە و گەلی توركیش باوكی گەلانن بەمانای ئەوەی گوایە هەرچی زمان وگەلانی جیهان هەن لەگەلی تورك وزمانەكەیانەوە داكەوتون. بۆنمونە: كاتێك هاوڵاتیەكی تورك گەشتێك دەكات بۆ ئەوروپا لەهەر فرۆكەخانەیەكی ئەڵمانی یاخود بەریتانی بێت بەزمانی توركی لەگەڵ پۆلیسەكاندا دەدوێت لەبەرئەوەی مێشكی بەو جۆرە شۆردراوەتەوە وچونكە واشتێدەگات گوایە زمانی توركی دایكی زمانەكانە بۆیە پێیوایە دەبێت هەموو زمانەكانی جیهان وشەو ڕستەی توركی بزانن. ڕژێمە عەرەبیەكانیش بەهەمان شێوە كاردەكەن ئەگەر بەشێوازێكی جیاوازتریش بێت. لێرەوە بەندە بە ڕژێمە عەرەبیەكان دەڵێم كەڕاستیەكان بە گەلەكەی خۆیان بڵێن ئەوگەلەی بە درۆ ڕۆشنبیر دەكرێت بەهەڵەش فێردەكرێت ئەوە خۆی لەخۆیدا زیان گەیاندنە بەعەرەب وڕژێمەكانیان وگەلانیان بەهیچ شێوەیەك كاریگەری خراپی نابێت بۆ سەر صلاح الدین لە ڕوی ئەوەی كەسایەتیەكی كوردە چونكە ڕۆژ بە بێژن دا ناپۆشرێت. ئەگەربێتوو پیتەكان سەروبەندی بۆبكرێت لەم مەسەلەیەدا، دوای ئەوەی ڕووبەڕوی عەرەب وتورك وفارس دەبمەوە وچاكە خزمەتی كوردیان دەخەمە بەرچاو لەڕوی خزمەتكردنی زانستی و ئەدەبی و مەزهەبی وسیاسی وسەربازی بەنكۆڵی داگیركردنی وڵاتەكەیان كەكوردستانە وتاڵان دەكرێت ڕۆڵەكانی دەكوژرێن شاعیری عەرەب لەمڕووەوە وتەبەناوبانگەكەی خۆی دەڵێت :

گەر چاكەت لەگەڵ پیاوچاكان كرد دەبێتە موڵكی خۆت

بەڵام گەربێتوو چاكە لەگەڵ بوغزاوی بكەیت لێت هەڵدەگەڕێتەوە

كەوابوو پێویستە لەسەر كورد گەردی ڕابوردوو بتەكێنێت وئەوڵوئاخر خزمەتی خۆیان بكەن وبەرژەوندی وئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دابینبكەن و مشوری خۆیان بخۆن لەبەرئەوەی خزمەتكردنی بێگانە لەلایەن میلەتی كوردەوە ئەم وێرانكاریانەی بۆ میلەتی كوردهانی تاوایلێهات لەوڵاتی خۆیدا ببێتە بێگانەو نامۆ هەمیشە هەڕەشەی لەناوبردنی لەسەرە تەنانەت ئەوانی تریش كە توانەتەوە وچونەتە ناو كۆمەڵگاكانیترەوە هەمیشە بەچاوێكی سوكو وشكەوە سەیریاندەكەن وبەپلەی دووش دادەنرێن، ئەم بابەتە لە ئەلفەوە تا یا نكۆڵی لێكراوە وڕەتكراوەتەوە. ئاسایش وبەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی كورد هەروەها كەرامەت وئابڕۆشی ناپارێزرێت تەنها لەڕێگەی یەكگرتنەوەو ڕزگاركردنی وڵاتەكیەوە نەبێت ناكرێت كەئەویش كودستانە هەروەها كارێكی مەحاڵیشە. دانانی ستراتیجێكی كوردانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی تاكە ڕێگەچارەیە بۆئەوەی كۆتایی بهێنربێت بەیەك لەدوایەكی شۆڕشەكانی كورد كە لەڕابوردوو وئێستاشدا بریتیە لەكاردانەوەو ڕەتدانەوی فیعلی بەرامبەر بەدڕندەیی وبەربەریەتی داگیركەرانی كوردستان بەشێوەیەكی دڕندانە گەربێتوو دەستدرێژی كردنیش بوەستێت ئەوا دوابەدوای ئەوە شۆڕشی كورد لەگشت لایەكەوە گەمارۆ دەدرێت ودووریش نیە هەركپ نەكرێت میلەتیش دادەمركێننەوە، پێویستە مەسەلەی دەوڵەتی كوردی پشتگوێ نەخرێت كەتنها لەوڕێگەیەوە دەكرێت كەرامەت وئابڕۆی نەتەوەی كورد بپارێزرێت. هەوەها بەرزكردنەوەی ئاڵای كوردستانیش مەسەلەیەكی زۆر گرنگە، گەربێتوو پێشەوایەك لە سێدارەبدرێت یاخود زیندانی بكرێت ئەوا پێشەوایەكی دیكە هەڵدەستێت بە بەرزكردنەوەی ئاڵاكەو بەردەوامی دەدات بەوخەباتەی پێش ئەودەستی پێكردوە. دەبێت بۆ هەتاهەتایە ئەو بۆچونە كۆتایی پێبێت و بسڕدرێتەوە ئاڵای كورد گرێبدرێتەوە بە كاسایەتی پێشەواوە چونكە لەحاڵەتی وەستانی شۆڕش یانەمانی پێشەوا هەموو شتێك كۆتایی پێدێت بۆ ماوەی چەند ساڵێك تاوەكو پێشەوایەكی دیكە دێت ولەسفرەوە دەستپێدەكاتەوە. بۆچی نابێ بكرێت ئاڵا پێشەواو هێمابێت ؟ چونكە پێشەوا مرۆڤە دەكوژرێت ولەوانەشە ماندوو ببێت یاخود ناپاكی بكات بەڵام ئاڵا نەزیندانی دەكرێت ونەدەكوژرێت ونە ماندوشدەبێت توشی بێزاری وبێ حاڵیش نابێت تاوەكو دەوڵەتی كوردی سەربەخۆ دادەمەزرێت. كە بەبێ ئەو نەشەرەف ونە كەرامەت ونەئابڕوی نەتەوەی كورد

پارێزراودەبێت. هەروەها نەتەوەی کورد بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت خزمەتی گەلانی دیکە بکات بەبێ دەوڵەت. لەبەرئەوەی تەنها گەلی ئازاد وسەربەست دەتوانێت بەشداری بکات لەرزگارکردنی مرۆڤایەتی. هەردروشمێکی جیهانی نێونەتەوەیی ومرۆڤایەتی وابەست نەبێت بەسەربەستی ویەکسانیەوە بەدروشمێکی پوچەڵ دادەنرێت.

## بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە سوریا

سەرەرای ئەوهەموە قوربانی وخەباتە مەزنەی کەگەلی کورد بەتیشکی ڕوناکی پرلەسەروەری تۆماری کردوەو پێشکەشی کردوە بەگەلانی جیهانی، کەچی گەلی کورد لەسەرو ئەوەشەوە مەسەلەی نەتەوەیی نیشتمانیەکانی دیکەی پشتگوێ نەخستوە. هەرباس وخواسێك بێتە پێشەوە دەربارەی بزوتنەوەی ڕزگار خوازی کورد لەسوریا پێویستە سەرەتا بەباسکردنی پێشەوای گەورەی کورد ئاپۆ عوسمان صبری دەستپێبکات. ئەوکەڵە پیاوەی دووجار فەرمانی لەسێدارەدانی درا یەکەمیان لەگەڵ مامی دابوو شکری آغا کە هەر بەڕاستی لەسێدارەدرا بەڵام ئاپۆ عوسمان قازی بەهۆی تەمەن بچوکیەوە فەرمانەکەی گۆڕدرا بۆ زیندانی، دووهەمیشیان لەبەرئەوە بوو کەشۆڕشی بەرپاکرد لەدژی ڕژێمی تورکیا بەرلەوەی بەرەو سوریا دابەزێت ئەوە دووهەم فەرمانی لە سێدارەدانی بوو. لە سوریاش دەسەڵاتی فەرەنسا هەستان بەدوورخستنەوەی بۆ دورگەی مدغشقر. هەروەها ئاپۆ عوسمان 18 جار توشی زیندانی بوە 12 ساڵی لەژیانی خۆی لەزیندانی ودورخستنەوەی بەخۆیەوە دیوە بەهۆی پابەند بونیەوە بە بیروبۆچونەکانیەوە کە بانگەشە ئازادی کوردو سەربەخۆیی کوردستانی بڕیاردابوو وڕاشگەیاندبوو. لەوانەش گرنگتر ئاپۆ عوسمان صبری زوربەی ژیانی بەزیندانی ودەستبەسەری بردۆتەسەر ئازارو ئەشکەنجەدراوە وهەمیشە لەژێر چاودێریدابوە بەزۆر نیشتەجێکراوە دوورخراوەتەوە بۆشاری سویداءی خواروی باشوری سوریا لەشارانی دیکەشدا بەزۆرە ملێ نێشتەجێکراوە. ئاپۆ عوسمان صبری بەڕاستی خۆڕاگرو داکۆکی کەری ڕاستەقینەی بەئەمەکی بیروبۆچونی خۆیبوە کە لەوێنەی ئەوکەمە نەك تەنها لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا بەڵکوو لەسەرتاسەری جیهاندا هەربەڕاستیش قوتابخانەیەکی چڕوپڕ بوو لەخەباتدا، کەبەندە نوسەری ئەم چەند دێرەم شەرەفی ئەوەم پێبەخشرا لەساڵی 1961 پەیوەندی بکەم بەو قوتابخانەیەوە. ئاپۆ هەمیشە بەسەربەرزی ونەفس بەرزی تەبیعەت دەوڵەمەندی ژیا بەکەم دەژیا سەرەڕای ئەوەی لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمندی خاوەن دەسەڵات بوو کوری سەرۆك عەشرەتی مردیسیان بوو لە باکوری کوردستان. بەڵام زوربەی ژیانی لەسوریا بردەسەر بەدوور لەناوچەی دەسەڵاتی خۆیەوە کەئەویش بەهۆی خەباتی نەتەوەییەوە بوە، دەتوانین بڵێین ڕۆڵێکی بنەڕەتی وکاریگەرانەی بینوە لەوەرچەرخاندنی بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی کوردا لەتورکیا هەروەها لەسوریاش لەدوای ئیستقالەکردنی لەسەرکردایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە سوریا ساڵی 1969 بە هۆی فشارو پلانێکەوە کەدەزگای هەواڵگری سوریا نەخشەی بۆ کێشابوو توانی لەڕێی بەکرێگیراوەکانیەوە جێ بەجێبکات لەناو پارتەکەدا. ئابۆ عوسمان صبری لەژیانی شۆڕشگێری وخەباتیدا هێندە پاکە لەتیشکی ڕۆژ دەچێت کە لەکۆتایی تونێلێکی تاریکەوە دیاربێت تائێستاش قوتابیەکانی وهاورێکانی لەسەر ڕۆشنایی وڕێبازی ئەو دەڕۆن وشایەتحاڵی بەڵێن و هەڵوێستە نەتەوییەکانین، لەقۆناغی خەباتکردن لەنێو پارتی خویبون وسەرکردایەتی شۆڕشی آرارات لەکوردستانی باکور یاخود بەشێوازێکی دیکە خەباتکردن لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەناوچە کوردنشینەکان بەگوێرەی بەرنامەی ئینتدابی فەرەنسی لەسوریا کەمەبستی بوو هەروەها تێدەکۆشا چەند دەوڵەتێك دامەزرێنێت لەسوریا وەك دەوڵەتی عەلەویەکان ودەوڵەتی دروز ودەوڵەتی دیکەش لەوجۆرە یاخود لەقۆناغی خەباتی ڕۆشنبیری ودامەزراندنی یانەی کوردستان لە گەڕەکی کوردەکان لە شاری دیمشق، هەروەها بەشداریکردن لەگەڵ میر جەلادت بەدرخان لەدەرکردنی گۆڤاری ئەدەبی وڕۆشنبیری کوردیدا وەك گۆڤاری هاوار و ڕوناهی (ڕوناکی). کاتێ ئینتدابی فەرەنسی مەسەلەی دامەزراندنی چەند دەوڵەتی ڕەتکردەوە لە ناو سوریادا یاخود دەتوانین بڵێین لەسەردەمی قۆناغی خەباتی پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا کە ئاپۆ عوسمان صبری یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی لە ساڵی 1957. ئەوکاتەی پارتەکەی دامەزراند تاماوەی چەند ساڵێکیش ناوی پارتەکە، پارتی دیموکراتی کوردستانی بوو لە بەرنامەکەیدا ئاماژەی بە ئازادکردنی کوردستان وسەربەخۆیی بۆگەلی کورد کردبوو. تاوەکوو کۆتایی ساڵی 1965 یش یەکدانە پارتی کوردی

هەبوو لەناو سوریا ئەویش ئاپۆ عوسمان صبری سەرۆکی بوو. بەڵام لە ساڵی 1966 دا یەکەم جیابونەوە ولێکترازان دروستبوو لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا، لەهەمان یەکدابڕان وجیابونەوەی ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عراق وئێران وتورکیا دەچوو کەهەرهەمویان دامەزراندنیان لەڕوی کاتەوە لەیەکەوە نزیکبون ولێکدابڕانیشی هەر لەیەکەوە نزیکبون. لەساڵی 1970 دا بەهۆی کۆنگرەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریاوە، کە لەناوچە ئازادکراوەکانی باشوری کوردستان بەسترا (کوردستانی عراق) سەرکردایەتیەکی نوێ هەڵبژێردرا بەسەرکردایەتی دهام میرو، بەڵام دوای گەڕانەوەیان لەکۆنگرە پارتەکان وەك خۆیان مانەوە بەڵام ئەوەی هەبوو پارتێکێ نوێی هاتبوەسەر، کەهەمان سەرکردەی هەڵبژێردراوی ناوکۆنگرەبون ئیتر لەوکاتەوە لە ڕۆژئاوای کوردستاندا سێ پارت هەبون و دەست بەکاربون. لەدوای هەرەسی شۆڕشی کوردی لەباشوری کوردستان ودیارنەمانی خوالێخۆشبوو بارزانی لە مەیدانی خەباتیدا ساڵی 1975 ئیتر ئەوبوو دەرگا واڵابوو بۆ دروستبون پارتی نوێی کوردی لەسەرتاسەری کوردستاندا بەتایبەت ڕۆژئاوای کوردستان وای لێهاتبوو ژمارەی پارتە کوردیەکان لەسوریا گەشتبوە نزیکەی بیست پارت وڕێکخراو، هەریەکەشیان پێوابوو خۆی لەوانی دیکە باشترەو ڕاستریشە لەوانی دیکە کەهەمویانی بەچەوت دادەنا بەدڵنیاییشەوە بەزیانی بەرژەوەندی وئاسیشی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە. بەڵام ئاپۆ عوسمان صبری لەدوای ئەوەی دەستلەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا تا ئەوکاتەی کۆچیکرد لە بەرواری 11- 10 - 1993 مەشخەڵێکی ڕوناك وگەشبوو کەهەرگیز کوژانەوەی نەبوو لەئاست خزمەتکردن بەسەرجەم هاوڵاتیانی بەشەرەف ونیشتمان پەروەر کەویستبێتیان ڕوناکی لێوەرگرن وزانستی خەباتی خۆیانی پێ پتەوبکەن. بەڵام کۆچی ئاپۆ عوسمان صبری سەبارەت بەڕۆژئاوای کوردستان کەمتر نەبوو لەکۆچی ئەوانەی لەبەهەشتی نەمراندا نیشتەجێبون وەك مصطفی بەرزانی وسەرۆکی کۆماری کوردستان سەروەری شەهیدان پێشەوا قازی محمد ومەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی نەمر... گەلی کورد تائەمڕۆش نەیتوانیوەجێگەی ئەو کەڵەپیاو چاکانە پڕبکاتەوە لەدوای کۆچکردنیان خوای گەورە لێیان خۆش بێت ولەبەهەشتی پان وبەرینی خۆیدا جێیان بۆ بکاتەوە. ئەوەی لەئەمڕۆدا پێویستە لەسەرپارتە کوردیەکان کەزۆر گرنگە کاری لەسەربکەن سەرەتا یەکگرتنەوەی هێزەکانیانە لەپێناوی پوچەڵکردنەوەی پلانە ڕەگەزپەرستیەکەی سوریایە هەروەها پێویستە چالاکانە پێدابگرن لەسەر مافوخواستی گەلی کورد وبەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانیش لەپێش هەمویانەوەبێت کەئاڵا هێمایەکە نە کۆچدەکات ونەماندودەبێت ونەزیندانیش دەکرێت. ئەوئەرکە تەنها لە پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان داوا نەکراوە بەڵکوو لەسەرجەم پارت وڕێکخراوەکانی سەرتاسەری کوردستان داواکراوە. هەربۆیە نامەیەکم بەناوی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانەوە ئاراستەی سەرجەم پارت وهێزە کوردیەکانی ناو سوریا کرد. (دەقی ئەو نامەیە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا نوسراوەتەوە). ئەویش لەپێناوی بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی. هەروەها ئەو نامانە بەدەستی دراوەتەدەست نوێنەرانی سەرجەم پارت وڕێکخراوە کوردیەکانی ئەوروپا لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانەوە لەوڵاتی ئەڵمانیا، بەڵام مەخابن سەد مەخابن هیچ وڵامێکی ڕەسمیمان لەهیچ پارتێك یان ڕێکخراوێکی کوردیەوە بۆ نەهاتەوە کەقابل بونی خۆیان دەربڕن لەبەشداریکردن لەکۆنگرەکەدا جگە لەژمارەیەکی دیاریکراونەبێت کەئەوانیش تەنها سەرزارەکی ئامەدەیی خۆیانیان دەربڕیبوو. بۆیە ئێمە ناچاربوین کاری بۆبکەین تاوەکوو ببێتە هەنگاوێکی دەست پێشخەری بەرەو کۆنگرەیەکی گشتی بۆ هێزە کوردیەکانی ناوسوریا، ئەوەبووکۆنگرەی نیشتمانی کوردستان وکۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ لیژنەی باڵای ڕاپرسی گشتی کوردستان کۆڕێکی جەماوەری بەست لەشاری لەندەن بە بەرواری 12 - 10 - 2003 هەریەك لە بەشداربوان وتەی خۆیان تیا دەربڕی وەك مامۆستا إبراهیم مصطفی وپارێزەر سلیمان جزیری ومامۆستا جواد ملا لەڕۆژئاوای کورستانەوە هەروەها بەڕێزان باسیان لەگرنگی ڕاپرسیکرد (ڕیفراندۆم) لەکوردستان ئەو بەڕێزانەش دکتور جمال نەبەز بەڕێزان صابر کۆکەیی وعبدالقادر دباغی وناجی نوری ودکتور ڕێبوار فتاح ودکتور جمال عبداللّه وناجیەخان وکاك بیستون ومام کریم وعمر صالح بەگی شاعیریش. لەکۆڕەکەدا بایەخدراو تیشکخرایە سەرخەباتی هاوبەشی وهەماهەنگ کردنی نێوان ڕێکخستنە کوردیەکانی ناو سوریا، کەئەوەش خۆی لەخۆیدا تاکە ڕێگاچارەیە بۆ گەشتن بەئامانج ومەبەستەکانی چونکە گەروانەبێت ئەوادەرگا هەربەکراوەیی دەمێنێتەوە لەبەرامبەر جەماوەردا لەێناوی گەڕان بەدوای ئاڵترنەتیفێکی دیکەدا . بۆ جاری دووەمیش داوای سەرجەم هێزە کوردیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کرایەوە بەمەبەستنی کۆبونەوەیەکی گشتی لەشاری لەندەن لە بەرواری 23 - 1 - 2004. هەروەها لەکۆتایی کتێبەکەدا نمونەیەکی دەقی ئەو نامەیەشی تیایە.

**سیاسەتی ڕژێمی سوری سەبارەت بەگەلی کورد**

سیاسەتی ڕژێمی سوری دەرحەق بەمیلەتی کورد دەقاودەق بەگوێرەی ئەوپێشنیارانەیە کەمحمد طلب هلال خستویەتە بەردەستیان، ڕژێمی سوریش بەگشت وردەکاریەکیەوە جێبەجێیکردوە. ڕژێمەکانی سوریا هیچیان جیوازیان نەبوە لەیەکتری جگە لە پێکهاتەکەیان یاخود شێوازی جێبەجێکردن لەمڕوەشەوە دەکرێت ڕژێمی سوری بکەین بە دووبەشەوە ولەدوو قۆناغدا دەستنیانیان بکەین:

1- لەساڵی 1946 وە تاوەکوو ساڵی 1958: ڕژێمی سوری لەوقۆناغەدا هیچ جیاوازیەکی نەبوو لەچاو ئەوانیتردا بەڵام دوژمنێکی زیرەك بوو پلانەکانی خۆی بەشێوەیەکی نهێنی پیادەدەکرد وخۆی بەدیموکرات ویەکسان پیشاندەدا بەرامبەر بەهەموان، ئەم سیاسەتە ئەوەندەی نەمابوو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد لەناوبەرێت. سەدان ئەفسەری کورد کەلەناو لەشکری سوریابون هەندێکیشیان بەرزترین پلەی بەرزیان وەرگرتبوو، هەروەها لەناو پەرلەمانی سوریدا پەرلەمانتاری کوردی زۆری تیابوو، ئەم حاڵەتە وای لەکورد کردبوو تارادەیەك هەست بەئەمانەت بکەن بەڵام هەستی نەتەوایەتی کوردبون دووچاری شکستیەکی کەم ببوو ژمارەیەکی ئێجگارکەم نەبێت لەدەوری پێشەوای گەورەی کورد کۆببونەوە ئاپۆ عوسمان صبری تادوا ڕۆژی ژیانیشی لەگەڵیا مانەوە کە دەکاتە 11 / 10 / 1993 ئەوانەش تێکۆشەرە سەرتاییەکان بون وەك راشد جلعو وعزت فلو ومحمد رشید شێخ الشباب کە لەمامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە بون لەسوریادا دواهەمینیشیان ساڵی پار کتێبێکی دەربارەی ئاپۆ عوسمان نوسی وەك یادەوریەك بۆ نەمری ئەوکەڵە پیاوە. لەم قۆناغەدا ڕژێمی سوری بونی نەتەوەی کوردی پشتگوێ خستبوو هیچ دانی پیانەنرابوو تەنانەت بەبچوکترین مافی ڕۆشنبیری کوردیش.

2- لەساڵی 1958 تا 2003 : ئەم قۆناغە لەسەردەمی یەکیەتی سوریا ومیسرابوو لەژێر فەرمانڕەوایەتی سەرۆکی میسری کۆچکردودا جمال عبد الناصر دەستی پێکرد، بەڵام دەسەڵات لەسوریادا لێیان گەڕابوو بۆپارتی بەعس کەزاڵ ببوو بەسەر سەرجەم پلەی بەرزی فەرمانڕەوایەتیدا تەنانەت جێگری سەرۆك کۆماریش أكرم حورانی بوو یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی پارتی بەعسی. هەر لەساڵی 1958 وە ڕوی ڕاستەقینەی ڕەگەزپەرستی ڕژێم دەرکەوت هەرئەوانیش بون نەوتیانکرد بەئاگرەکەداو ئاگرەکەیان خۆشکرد یەکەم هەنگاویان ئەوەبوو هەرچی ئەفسەری کوردی ناولەشکری سوریابوو دەرکران لەنێو ئەوانەشدا لؤاء توفیق نظام الدین بوو کەسەرۆکی گشتی ئەرکانی لەشکری سوری بوو لەگەڵ چەندین کەسی دەیکەدا... دوابەدوای ئەوەش چەند یاسایەك و ڕێکخستنەوەیەك دەرچوو لەپێناوی ئەوەی کۆتایی بهێنن بەبونی کورد وناچارکردنی کورد کەدوربکەونەوە وبگوێزنەوە. هەروەك لەبۆچونی ستراتیجی بەعسیدا هاتوە دەڵێت : ((سەرجەم دانیشتوانانی وڵاتە عەرەبیەکان عەرەبن، ئەوانەش عەرەب نین یان دەبێت ببن بەعەرەب یان دبێ بڕۆن چۆڵبیکەن ولێرە نەمێنن..)) سەرەڕای ئەوەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد دروشمی برایەتی عەرب وکوردی بەرزکردبۆوە، بەڵام بیری بەعس وئەو بۆچونەی لەکتێبەکەی محمد طلب هلال دا هاتبوو زۆر بەئاشکرا ئاماژەی بە دژایەتی هەموو وتەیەککردوە کەباس لەبرایەتی نەتەوەی عەرەب ونەتەوەی کورد بکات دوپاتیشی دەکاتەوە کە بەهیچ شێوەیەك هیچ پەیوەندیەك ونزیکایەتیەك نیە لەنێوان عەرەب وکوردا. بەڵکوو بەپێچەوانەوە محمد طلب هلال لەسەرەتای کتێبەکەیەوە تاکۆتایی هەوڵیداوە شکو دوودڵی بخاتەسەر ڕەسەنایەتی وپێناسەو مێژوو وشارستانیەتی گەلی کورد هەروەهان کوڵیکردن لەبونی کورد.

پێداگرتن لەسەرکرداری ڕەگەزپەرستی وگۆڕینی دیاردە دیموگرافیەکانی کوردستان وئەوبەشەی لێکنراوە بەدەوڵەتی سوریەوە لەگەڵ پاکتاوکردنی نەژادی وتەعریب وتەبعیس لە کتێبەکەی محمد طلب هلال دا زۆر بەئاشکرا پێوەی دیارە وەك ڕوناکی ڕۆژ، سەیریش نیە بڵێین هلال ڕۆڵێکی گرنگی بینوە لەڕوشیارکردنەوەی سەرکردە سوریەکان وهەروەها خۆڵیشی کردوە بەچاوی جەماوەری عەرەبیشەوە وای لێکردون ڕاستیەکان بەچەوتی ببینن وچەوتیەکان بەڕاستی. لەو ڕوەشەوە دەمەوێت هەندێ لەو نمونانە بهێنمەوە کە کاریگەری کتێبەکەی هلالی پێوەدیارە:

سەرۆك كۆماری پێشوی سوریا حافظ الأسد لەكۆنگرەی دەوڵەتە ئیسلامیەكان كە لەتاران بەسترا لەساڵی 1998 زۆر بەشانازیەوە ئەم قسانەیكرد : گەربهاتایەو هەوڵی خۆم نەدابایە ئەوا لەباكوری عراقدا دەوڵەتێكی كوردی دروست دەبوو . هەروەها عبداللە الأحمر كەیەكێكە لەپایە گرنگەكانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سوریا دەڵێت : فیدرالیەت بۆ كوردەكانی عراق بریتیە لە پلانێكی ئەمەریكی سەهیۆنی .

لەمانگی تشرینی دووهەمی ساڵی 2003 ژمارەیەك لەسەركردەی پارتە كوردستانیەكان سەردانێكی ڕەسمیان كرد بۆچەند دەوڵەتێكی عەرەبی كەچی ئەودەوڵەتانە بەهیچ شێوەیەك داوای لێبوردنیان نەكرد بەشێوەیەكی ڕەسمی دەربارەی تاوانەكانی ڕژێمی عراقی لەوتاوانانەی بەرامبەر بەگەلی كورد كردی لەعراق. كەچی لەكاتێكدا ئەودەوڵەتانە خۆیان سەرچاوەی سەرەكی بون سەبارەت بەیارمەتدانی صدام حسینی خوێن مژ.

هەروەها لەنێوسەرجەم جەماوەری عەرەبیدا كەخۆیدەدات لە 200 ملیۆن عەرەب 200 كەسی عەرەبم نەدی نكوڵیان لەسیاسەتی كۆمەڵ كوژی وپاكتاوكردنی بەكۆمەڵ كردبێت كەدەرحەق بەگەلی كوردكرا لەباشوری كوردستان لەنێو ئەو دەست درێژیانەشدا لێدانی شاری هەڵەبجە بوو كە بەچەكی كیمیاوی هێرشی كرایەسەر لەلایەن عراقەوە.

من دڵنیام لەوە ئەشتوانم زۆر بەئاشكرابیڵێم گەربهاتایەو گەلی كورد لەسوریا چەكی هەڵبگرتایە وەك ئەوەی گەلی كورد لەباشوری كوردستان خەباتی چەكدارانەیانكرد ئەوا بەدڵنیاییەوە دەمانبینی ڕژێمی سوری تاوانی پاكتاوكردنی گەلی كوردی دەكرد بەچەكی كیماوی و لەوانەش بوو زۆر دڕندانەتر بیكردایە بەشێوەیەكی بەرفراوانتریش لەوەی لەشاری هەڵەبجەدا ڕویدا.

سیاسەتی ڕژێمی سوری بەرامبەر بەگەلی كورد هیچ جیاوازیەكی نیە لەچاو سیاسەتی سەركوتكردن وچەوساندنەوە و كاركردن لە پێناوی كۆتای هێنان وپاكتاوكردنی گەلی كورد كەلێكێنراون بەڕژێمەكانی ئێران وتوركیا وعراقەوە. ئەوسا دڕندەیی وپیسی هەریەكێكیان بەجوانی دەردەكەوت كەلەوانیتر دڕندەترو ترسناكترن هەموو بەجوانی ئەو ویستە ڕەگەزپەرستیە دڕندەییەمان دەدی ئەویش تەنها بەهۆكاری ناوچەیی وهەرێمی وكوردەوەیە، بۆنمونە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كەورد لەسوریا چەكی هەڵنەگرت وهیچ شۆڕشێكی چەكداری وبێ چەكی ڕانەگەیاندوەو هەڵنساوە بەهیچ جۆرە شۆڕشێك لەوشۆڕشانە كەچێ سەرەڕای ئەوەش ڕژێمی سوری چەندین ناپاكی وتاوانی ڕەگەزپەرستانەی دەرحەق بەگەلی كورد كرد لەسوریا كەهیچ جیاوازیەكی ئەوتۆی نیە لەچاو ئەو تاوانانەی ڕژێمەكانی تركردیان بەرامبەر بەگەلی كورد كەكوردستانیان داگیركردوە هەربۆ نمونە ڕژێمی سوری تاونبار چەندین شاڵاوی پاكتاوكردن ولەناوبردنی نەژادی وسیاسی كرد لەناو سەركردەو كەسایەتیە كوردەكان لەسەرو هەموشیانەوە میر جەلادەت بەدرخان لەساڵی 1951، لەگەڵ دكتور حمید سینو ساڵی 1981، ڕژێمی سوری هەستا بەسوتاندنی 380 منداڵی كورد لە ئاگركەوتنەوەكەی سینەمای عامودا ساڵی 1960، هەروەها ڕژێمی سوری هەستا بەسوتاندنی 72 زیندانی سیاسی كورد لە زیندانی سەرەكی حەسەكەدا ساڵی 1993، هەروەها ڕژێمی سوری هەستا بەجێبەێكردنی پشتێنەی عەرەبی لەساڵی 1967 دا و هەستا بەدروستكردنی دەیان بنكەی نیشتەجێكردنی عەرەب لەناوچە كورد نشینەكان لەجزیرەو سەندنەوەی ڕەگەزنامەی سوری لە 150 هەزار كوردو زەوتكردن بەبێ هیچ ڕەوایەتیەك لە ساڵی 1962 كە ئێستا سەرژمێریان گەشتۆتە نزیكەی نیوملیۆن هاوڵاتی كورد كەنزیكەی زیاتر لەسەدهەزار منداڵی كوردی تیایە ئێستا مافی ئەوەیان نیە بچنە زانكۆ وپەیمانگە زانیستیەكان لەپێناوی خوێندن وكارپەیداكردن تەنها لەبەرئەوەی بە بێگانە ناونوس كراون. نیوسەدە تێپەڕیكردوە بەسەر لێ سەندنەوەی ڕەگەزنامەی سوری لەوهاوڵاتیانە گوایە بێگانەن ئایا بێگانەیەك نیوسەدە لەهەروڵاتێكدا بژی مافی ئەوەی نیە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی بدرێتێ، بەڵام مەسەلەكە مەسەلەی بێگانە نیە، بەڵكوو محمد طلب هلال وڕژێمی سوری لەهەموو كەسێكی تر باشتردەزانن دەزان كەكورد خۆیان خاوەنی ڕاستەقینەی ناوچەكەن وهەر ڕەفتارێك لەوڕەفتارانەی كەپیادەی دەكەن بەرامبەر بەكورد لە چوارچێوەی ڕەفتاری شۆڤێنی ودڕندەیی بەولاوە تێپەڕناكات كەناكۆكە لەگەڵ شارستانیەت وڕەوتی مرۆڤایەتی. لە بەرواری 25 / 6 / 2003 نزیكەی 200 منداڵی كورد لەومنداڵانەی بەبێگانە ناونوسكرابون هەستان بەخۆپیشاندانێكی ئاشتیانە لە شاری دیمشق بەرامبەر بەبارەگای ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان UNISEF بۆئەوەی بتوانن لەپێشنیارێكدا بارودۆخی خۆیان

ڕونبکەنەوەو بیخەنە بەردەست (لە کۆتایی کتێبەکەدا دەقی ڕاپۆرتەکەو نامەی وڵامی یونسێفیش کە بۆمن نێردرابوو لەبەرئەوەی من بەرپرسایەتی وەرنەگرتنی نامەکم گرتبوە ئەستۆ کەڕێکخراوەکە نامەکەیان لەمنداڵانی کورد وەرنەگرتبوو بۆیە لێپرسینەوەم کردو سزامدان لەسەرئەوە) بەڵام دەزگای ئاسایشی سوری ڕێگەی لێگرتن ونەیانهێشت ڕاپۆرتەکە پێشکەش بکەن بەڵکوو لە منداڵەکانیانداو ئەنجامەکەشی ئەوەبوو پانگزە منداڵ بریندار‌بون وهەشتی دیکەشیان لێگیرا. بۆ پشتیوانی کردنی خۆپیشاندانەکەی منداڵە پاڵەوانەکانی کورد کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان هەستان بەخۆپێشاندانی دووەم لەبەردەم باڵویزخانەی سوری لە لەندەن لە 26 / 7 / 2003 ڕاپۆرتێکی ناڕەزایی ئاراستەی سەرۆك کۆماری سوریا بشار الأسد کرا تیایا داواکرابوو دەست هەڵگرێت لە فشاری ڕەگەزپەرستانەو ئەوشێوە درندەییی کەڕژێم پێی هەڵدەستێت بەرامبەر بەگەلی کورد هەروەها کۆمەڵەکە ڕاپۆرتێکی هەمان شێوەی ئاراستەی حکومەتی بەریتانی وڕێکخراوە دەوڵەتیەکانی کرد بەمەبەستی بەشداریکردن لەپێناوی پاراستنی گەلی کوردمان لەسوریا هەروەك چۆن بەشداریانکردوە لەیارمەتیدان وڕزگارکردنی گەلی کوردمان لەباشوری کوردستان. باسیش لەوە کرابوو کە ئەوچەوسانەوەی گەلی کوردمان دەچەوسێتەوە بەدەست ڕژێمی سوریاوە هەرگیز لەژمارەنایەت هەندێ لەو چەوساندنەوەو پاکتاوکردن ودەستدرێژی کردنە لەکتێبی مەسەلەی کورد لەڕۆژئاوای کوردستانا هەروەها لەبڵاوکراوەی دیکەی کۆمەڵەی رۆژئاوای کوردستان کە بەزمانی کوردی وعەرەبی و ئنگلیزی بڵاوکراونەتەوە.

### حەوت هەزار گەنجی کورد بە دەستی دەزگای هەواڵگری (مخابرات) سوریا کوژران

یەکێك لەوستەم وچەوساندنەوانەی ڕژێمی سوریا سەبارەت بەگەلی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان پێادەی کردوە کەپێشوتر پلانی بۆ داناوە دەرحەق بەگەلی کورد لەڕۆژئاوای کورستانا ودەستی هەبوە لەکوشتنی حەوت هەزار هاوڵاتی کورد لەوماوەیەی پارتی کرێکارانی کوردستان پ. ك. ك ، کە بەخۆی سەرکردایەتیەوە لەسەرخاکی سوریاو ولوبنان بون، لەکاتێکدا پ. ك. ك، سەرقاڵی شەڕی ڕەوای خۆی بوە لەدژی ڕژێمی تورکیا لەپێناوی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردستان لەماوەی ساڵانی 1985 - 1999. بەڵام ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سوریا بەگوێرەی ڕێکەتنەکانیەوە لەگەڵ ڕژێمی تورکیا پلانی دوو قۆڵیان ژێربەژێرانە ئیمزاکردوە دژی کورد. ڕژێمی سوری توانی ئەوهەلە بەشێوەیەکی زۆر قێزەون بقۆزێتەوە لەگشت ڕویەکەوە هەروەها وەك کارتێکی یاری بەکاری هێناوە بەئارەزوی خۆی بێسڵەمینەوە، یەکەم لەبەرئەوەی بتوانێت بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا بپارێزێت، دووهەم کەلەوەش گرنگترە لەپێناوی ئەوەدابوە ڕزگاری بێت لەدەست ڕۆشنبیران وخوێنداکارانی زانکۆی کوردی بەوەی پەیوەندی بکەن بەپارتی کرێکارانی کوردستانەوە گوایە لەبری ئەوە چاوپۆشیان لێدەکرێت وبانگ ناکرێن بۆخزمەتی سەربازی ئیجباری لەناو لەشکری سوریادا، کارگەشتە ئەوەی زانکۆکانی سوریا بەتەوای چۆڵبون وخوێندکاری کوردی تیانەما. لەمێژبوو ڕژێمی سوری خۆی لەهەوڵی ئەودابوو تاوەکوو بتوانێت ڕزگاری بێت لەدەست لاوانی ڕۆشنبیری کورد. بەوشێوەیە فریودران و نێردران بۆسەربازگەی مەشقی سەربازی کەدەزگای هەواڵگری سوری سەرپەرشتی دەکرد بەشێوەیەکی شاراوەو بێ ئەوەی کەس پێبزانێت ولەبارودۆخێکی شارەوەییەدا هەرهەموویان کوژران. بەڵام ڕژێم کەسوکاری کوژراوانی ئاگادارکردەوە گوایە کوڕەکانیان لەشەڕی دژ بەرژێمی تورکیا شەهیدبون کەشان بەشانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان خەباتیانکردوە، لە کاتێکدا ڕاستیەکەی ئەوەیە خۆیان سەرەونگومیان کردون و زوربەشیان لەسەربازگەی مەشقا کوژرابون هەوەها بەدەستی هەواڵگری سوریاش، ئەوانیتریشان ڕادەستی هەواڵگری تورکیا کردبۆوە کەئەوانیش بەدەوری خۆیان هەستان بە لەناو بردنیان. بۆیە داوا لەڕێکخراوە دەوڵەتیەکان وکۆمەڵگای دەوڵەتی دەکەین بە دواچون بکەن وڕژێمی سوریا وداردەستە تاوانبارەکەی بدرێن بەدادگای دەوڵەتی تاوەکوو بەسزای ڕەوای خۆیان بگەن. نەك هەربەم بۆنەیەوە بەڵکوو بەهۆی سەرجەم تاوانەکانیان وەك تاوانی ڕەفتاری ڕەگەزپەرستی کوشتوبڕی بێ دادگایی وتاڵانوتڕۆ دەستدرێژی کردن بۆسەر جەماوەری گەلی کوردمان تاوەکوو ئەمڕۆ پێداگریان کردوە لەسەر زیادڕەوی تەنانەت دوای هەرەس هێنانی ڕژێمی بەعسی عراقی هاوشێوەی لەڕوی فاشی بونیەوە کە دووقلوی یەکترین.

## پێگەی گەلی کورد لەیاساو سیاسەتی دەوڵەتیدا

لەپەیمانی لۆزانەوە 1923 تاوەکوو 11 سیپتەمبەری 2001: مێژویەکی دووردورودرێژە کەدەکاتە زیاتر لەسێ بەشی سەدەیەك چەوساندنەوەو کۆیلایەتی لەگەڵ پارچە پارچەکردن، داگیرکەری دواکەوتوو درندەو دڵپرلەقین بۆبەدبەختی گەلی کورد داگیرکەرێکی ئەوروپی پێشکەوتوو نەبوە تاوەکوو هەرنەبێت سود لەزانست ودیموکراسی بونی ئەوان وەرگرن، داگیرکەران (إستعمار) سوریاو عراق تورکیا وئێران بەشێوەیەکی ترسناك ودرندانە بەسەر دڵ وگیانی وملیۆنەها کوردەوە وەك دێوزمە نیشتۆتەوە مێژوو لەوجۆرە داگیرکەرانەی بەخۆیەوە نەدیوە. سەرەڕای ئەوەش تاوانەکانی دەرحەق بەگەلی کورد پیادەیدەکات کەچی زۆر بەداخەوە پێلوی چاوی مرۆڤێکی بۆ نەفرا لەسەرتاسەری جیهاندا کەچەند دەردەسەری وبەڵایەکی بەخۆیەوەدیوە میلەتی کورد لەبەسەرهاتی دژوار وپاکتاوکردنی بەکۆمەڵی بەخۆیەوە دیوە نێوچەوانی سەرجەم مرۆڤایەتی ئارەقی پێدەکاتەوە. بەبێ ئەوەی یەکێك بڵێت بەسە چەوساندنەوە بەرامبەر بەونەتەوە بێەوی وئاشتی خوازە تەنانەت کۆمەڵەی ئاژەڵ پارەێزەرانیش بەقەدەر مێرولەیەك نەبزوان، ئەوکپی وبێدەنگیە جیهانیە سەبارەت بەمەسەلەی گەلی کورد لەسەردەمی پەیمانی لۆزانەوە تەنها لەسەر ئاستی حکومەتان ورژێمەکان ورێکخراوە دەوڵەتیەکانا نەبوو بەڵکوو لەسەرئاستی گەلانیشیدابوو بێجگە لەچەند حالەتێکی تایبەتی نەبێت کەئەویش خۆی لەخۆیدا نە مەسەلەکەی دەبردە پێشەوەوە نە دواشیدەخست کەزوربەی هۆکارەکەی بەزەیی سۆزبوو بەزەییان بەکوردا دەهاتەوە نەوەك لەڕوی دانانەوە بوبێت کەدانیان نابێت بەسەربەستی وئازادی کوردا، ئەم هۆکارانەی خوارەوە هۆکارەکەیتی :

1 ـ ئەوەبوو ژەنەڕاڵ شریف پاشا راپۆرتێك ونەخشەی کوردستانی گەورەو ئاڵای کوردستانی خستە بەردەست کۆنگرەی ئاشتی کە ساڵی 1919 لەپاریس بەسترا، بەوپێیەش کۆنگرە داخوازیەکانی کوردی خستەبەرچاو لەبەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی بەناوبانگدا کە ناونرابوو ((پەیمانی سیڤەر)) کەبڕیاری لەسەر سەربەستی کوردستاندابوو بەگوێرەی بەندەکانی 62 ـ 63 ـ 64 ـ کەلەلایەن بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیاوە ئیمزاکرابوو لەساڵی 1920 (بگەڕێرەوە بۆسەر دەقی تەواوی بەندی 62 ـ 63 ـ 64 لەکۆتایی کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە). بەڵام هاتنی کمال ئەتاتورك بۆسەر ڕژێم لەتورکیاو هەڕەشەکردنی لەڕۆژئاوا گوایە بڕیاری داوە تورکیا بکاتە وڵاتێکی شیوعی هەربەڕاستیش چەند ڕێکەوتننامەیەکی بەست لەگەڵ یەکیەتی شورەویدا ئەوە بوە هۆکاری ئەوەی ڕۆژئاوا هەرچی داواکاریەکی هەیە بۆی جێ بەجێبکات وپڕۆژەی دەوڵەتی کوردیان سڕیەوە. هەروەها کمال ئەتاتورك سەرۆك هۆزو کەسایەتیە کوردە ساویلکەکانی کۆکردەوە ورازیکردن بەوەی گوایە دەوڵەتێکی نوێی تورکیا پێکدەهێنێت مافی گەلی کوردی تیا پارێزراودەبێت داواشی لێکردن بەڵگەنامەیەك ئیمزابکەن گوایە ژەنەڕاڵ شریف پاشا نوێنەرایەتی گەلی کورد ناکات. ئەوبوو دەوڵەتانی هاوپەیمان پەیمانی لۆزانیان بەست لەساڵی 1923 وڕێگەیان نەدا بەشریف پاشا بچێتە ناوهۆڵی کۆبونەکەوە لەبەرئەوەی نوێنەری گەلی کورد نیە، ئەنجامەکەشی ئەوەی لێکەوتەوە پەیمانی لۆزان نکوڵیکرد لەدەوڵەتی کورد و مافەکانیشیان.

2 ـ لەسەردەمی پەیمانی لۆزانەوە تا ئەمڕۆش زیاتر لەودوڵەتە دواکەوتوانەی بەدەوری ئەمەریکاو ئەوروپای ڕۆژئاوادا دەخولێنەوە لەو دەوڵەتانەی کەکوردستایان داگیرکردوە هەروەها ئەو دەوڵتانەش کەدژیانن. لەومێژوەوە تائەمڕۆ جیهان دابەشبوە بەسەر دووبەشا بەشی یەکەمیان دۆستانی ڕۆژئاوان ئەوانی تریشیان دوژمنی ڕۆژئاوابون، بە گوێرەی ئەو دابەشکردنەش داگیرکەرانی کوردستان بەسەر هەردوو جۆرەکەدا دابەشبون بۆیە گەلی کورد لەمحاڵەتەدا نەیانتوانی هیچ یارمەتیەك بەدەست بهێنن نەدۆستانی ڕۆژئاواو نە لەدوژمنانیشیان تەنها لەبەر خاتری ئەوەی داگیرکەرانی کوردستان زویرنەبن ونەڕەنجێن لێیان.

3 ـ دوای جەنگی جیهانی یەکەم وبەگوێرەی ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ، کوردستان لەڕوی جوگرافیەوە دابەشکرا بەڵام گەلی کورد توانی تارادەیەك بەیەکگرتویی وخۆڕاگری بمێنێتەوە ئەوسنورە دەستکردەی نیشتمانی کوردستانی دابەشی کردبوو کارینەکردە سەر یەکگرتوییان بەهیچ شێوەیەك، پەیوەندی وهاریکاری لەنێوانیان کۆچ کردوانی بەهەشت نشین نەپچڕا، سمکۆ آغا لەڕۆژهەڵاتی کوەردستانەوە لەگەڵ شێخی بەرزان وشێخ مەحمودی حەفید لەباشوری کوردستانەوە، هەروەها نیشتەجێنانی بەهەشت هەر لەمصطفی بەرزانی وقازی محمد وقدری جمیل پاشاو عزەت عبدالعزیز ومصطفی

خۆشناو لەگەڵ کاسایەتی بەناوگی دیکەدا ڕاپەڕین لەپێناوی پتەوکردن وهاوریکاری کۆماری کوردستان لەمهاباد، سەرەڕای ئەوەی خۆیان سەربە بەشەکانی تری کوردستان بون. ئەوەش ماناوی وایە کەدابەشکردنی جوگرافی کوردستان کاری نەکردۆتە سەریەکگرتویی گەلی کورد وبزوتنەوە ڕزگاری خوازیەکەی. کاتێك سوریا سەربەستی خۆی بەدەست هێناو توانیان سنوری خۆیان دەست نیشانبکەن لەگەڵ سنوری هەریەك لەتورکیاو عراق وئێران کەهەریەکەیان بەناحەقی زۆردارانە پارچەیەکی کوردستانیان داگیرکردبوو. بۆئەوەی ئەودەوڵەتانە بتوانن دەستبگرن بەکوردستانەوەو بەداگیرکراوی بمێنێت لەژێردەستی خۆیانا، هەستان بەلێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ سەبارەت بەگەلی کورد بەشێوەیەکی تایبەتیش دەربارەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد. بۆیان دەرکەوت کە شۆڕشەکان وسەرکردەکانی لەسەدەی نۆزدەهەمەوە تاوەکوو ناوەڕاستی سەدەی بیستیش تێدەکۆشن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان ولەشکرو دەوڵەت وحکومەتی کوردیان پێکهێنابوو مەلکی نەمریشیان شێخ محمودی حەفید بوە 1919 - 1924، هەروەها ڕاگەیاندنی حکومەتی کوردی بەسەرکردایەتی ژەنەڕاڵ إحسان نوری پاشاوە لەباکوری کوردستانا لەچیاکانی آغری (آرارات)، 1927 - 1930، هەروەها ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەڕۆژهەڵاتی کوردستانا کەمهاباد پایتەختی بوە بەسەرکردایەتی سەروەری شەهیدان قازی محمدی نەمر ساڵی 1946. هەروەها ڕاگەیاندنەکەی لینین دەربارەی ڕۆژی لەدایکبونی کۆماری کوردستانی سور ساڵی 1921 کە پایتەختەکەی لاچین بوە بەڵام بەداخەوە ستالینی دکتاتۆر کۆماری کوردستانی سوری هەڵوەشاندەوە لەساڵی 1930 ئەویش بەهۆی فشاری تورکیاوە بوو هەروەها گەلی کوردیشی ناچارکرد لەکوردستانی سور دوورکەونەوە ودابەشیکردن بەسەر کۆمارەکانی یەکیەتی شورەویدا تاوایلێهات پایتەختی لاچین ببێت بەگوندێکی بچوکی پشتگوێخراو. بەوشێوەیەش ئەودەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردبوو لەوەگەشتن کەناتوانن ڕەوڕەوی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی کورد ڕاگرن بەڵام بەهۆی فێڵوفەرجەو بەشێوازی نزموناشیرین لەهەوڵی دەسیسەیی بۆگەن وشەرمندە ڕەوتی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەویی لەداخوازی سەربەخۆیی لادەن لەڕێبازی خۆی وداواکانیان پێبگۆڕن بەداخوازی هەرێمی وناوچەیی لەناو چوارچێوەی سنوری سیاسی خۆیانا ئەویش لەپێناوی ئەوەدابوو جیاوازی دروستبکەن لەناو گەلی کوردا تابتوانن ئەو واتا بەناوبانگە سیاسیە ئیستعماریە داگیرکەریە جێ بەجێبکەن کەدەڵێت، (جیاوازی بخوڵقێنە دەپێکیت) فرق تسد لەپێناوی ئەوەی بتوانیت زاڵببیت بەسەر گەلی کوردا. هەروەها داواکاریەکانی کورد لەچوارچێوەی سنوری ئەودەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە بونە هۆکاری کەمکردنەوەی سەنگی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لەڕوی تێگەشتنی مەعرفی سەرتاسەری چڕوپڕی نەتەوەییەوە، هەروەها بەهۆی جێگیرکردن وچەسپاندنی بەرژەوەندی هەرێمیەوە بوە هۆی لەدەستدانی مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی لەبەرنامەی نەتەوەیی کورداو گۆڕینی بۆ ئاسایشی حزبی وهەرێمی (ناوچەگەری)، ئەم هۆکارانە بونە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا لەبازنەیەکی بەتاڵدا بخولێتەوە هەروەها پاڵنەریش بوو کەمیلەتی کورد بکەوێتە نێوگێژاوێکی بەردەوام کەکۆتایی نەیەت نەك هەرئەوە بەڵکوو بوەهۆی بەهەدەردانی هێزو وزەی کورد بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکیشی هەبێت، داواکاریە هەرێمیەکان (أقلیمیە) وای لەمیلەتی کورد کرد بکەوێتە ژێرچەپۆك وڕەحمەتی دەوڵەتانی داگیرکەری مەرکەزی کە سڵ لەبزوتنەوەی کورد نەکەنەوەو لێیان نەترسن لەحاڵەتێکا داواکاری ستراتیجی کورد بەشێوەیەکی گشتی وهەمەلایەنەوە پاراستنی سەروەری یەکگرتویی خاکی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیان ڕەچاوکردبێت بەتایبەتیش خۆی لەخۆیدا ئەوە ئامانجی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانە هەرئەوەش مەبەستیانە، ئیتر گەلی کورد چۆن ڕزگاری دەبێت گەربێتو ئامانجی سەرەکی وبنەڕەتی ستراتیجیان هەمان ئامانج وستراتیجی دەوڵەتانی داگیرکەربێت کەخۆی لەڕوانگەی پاراستنی سنوری سیاسی هەمان سیاسەت بێت کەکوردستانیان پارچە پارچە کردبێت. سەرەڕای ئەوەش هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکردبوو کەهاوڕێیان ودۆستانی ڕۆژئاواو دوژمنانیشیان هیچ هەوڵێکیان نەدا یارمەتی وهاریکاری کوردبکەن بەڵکوو زیاتر تێکۆشان بۆئەوەی گەلی کوردو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی بچوك بکەنەوەو بیپوکێننەوە لەبەردەم دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ئەویش لەڕێی بڵاوکردنەوەی بەرنامەی حزبایەتی کوردی ناوچەییەوە کەخۆی لەخۆیدا کرچوکاڵ وسەقەتەو هاوشیوەن لەسەرتاسەری بەشەکانی کوردستانا کە دوابەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستپێکرد تائێستاش گەلی کورد بەدەست هەردوو خاڵەکەوە دەناڵێت لەبەرئەوەی ئەوبەرنامەو پرۆگرامانە فەیلەسوف وزاناو کادری حزبی کوردی بۆ دروستبوو وهاتەکایەوە ئەم پەیڕەو وپڕۆگرامانەیان بەشەو وڕۆژ بڵاودەکردەوە لەناو جەماوەری کوردا ئەوە

زیاتر لەنیوسەدەش تێپەڕیکردوە خەریکی شتنەوەی مێشکی گەلی کوردن بەودرۆ گەورانەی گوایە کورد عراقین یان سوری یان تورکی وئێرانی بێت بەوپێیەش کەعراقیەك وئێرانیەك تورکێك یان سوریەك داگیرکەرنین بەڵکوو ئەوانە برای گەلی کوردن، سەرەڕای ئەوەی هیچکامیان ڕازی نەبون کورد برایان بێت یاخود بەبرای خۆیان دایانێن، ئەوعەرەبانەی صدام حسین هێنانی بۆ شاری کەرکوك لە چوارچێوەی بەعەرەب کردنی کوردستان، پاش ڕوخانی ڕژێمی عراقی هەمان عەرەب لەناو شاری کەرکوك دا هەستان بەخۆپیشاندانێك دروشمی ((لا إله إلا الله وکردستان عدو الله)) واتە بەکوردی.. هیچ خواوەندێك نیە بێجگە لە اللّه.. خوا. و کوردستان دوژمنی اللّه یە.. واتە کورد دوژمنی خوان. ئاخۆدەبێت چی بڵێین وچی بکەن لەدوای ئەوەی توانیان سەرلەنوێ حکومەتی عراقی دروست بکەنەوە بەخۆی ولەشکری وئەم دەزگای هەواڵگریەشیەوە ؟ دوای بەسەرچونی نیوسەدە لەدرۆکردن وداهێنانی درۆ، هەمان کەسانی کەخۆیان درۆکانیان داهێنابوو وایان لێهاتوە باوەڕیان کردبوو ولێیان ببوو بەڕاست، تەنانەت جەماوەری سادەو ساکاری گەلی کوردمان کە تینوی سەربەستی وئازادین وایان لێهاتوە باوەڕ بەهەموو شتێك بکەن کەپێیان دەوترا تەنانەت گەر خەیاڵیش بوایە، بەرلەچەند ڕۆژێك لەمەوبەر پەیوەندیەکی تەلەفونی لەگەڵ خانمێکی کورداکرا لەئەڵمانیاوە قسەیدەکرد وپەیوەندیەکەش یەکێك کەناڵە کوردیەکان تەماسیان لەگەڵیا گرتبوو دەیوت : ((إنشاء اللّه.. گەر خوا ڕازی لەسەربێت ئەوا فدرالیەت بەدەست دەهێنین)) قسەکانی جگە لەیەك مانا شتێکی تری نەدەگەیاند کەئەویش واتە لەخوای گەورە دەپاڕیتەوە کە گەلی کورد لەژێردەسەلاتی بێگانەدا بمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەوئافرەتە خوازیاری سەرفرازی وسەربەستی بوە بەڵام لەبەرئەوەی پرۆسەی مانیپۆلیرنی (غسل الدماغ) بەسەراکراوە ومێشکیان بەوجۆرە شتۆنەتەوە یاخود پاوانکردوە لەبۆچونی خۆیدا بەناچاری وای لیهاتەوە پێیوابێت کە فدرالیەت لەشێوەی ئازادی دایە لەبەرئەوەی بەیەکچاو بۆی دەڕوانێت. ئەمەخۆی لەخۆیدا چەواشەکردنی عەقڵی کەسایەتی کوردە چونکە فدرالیەت بەجۆرێك بەرجەستەکراوە کەهاوتای سەربەخۆییە. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە نیوسەدە تێپەڕبوە حزب وڕێکخراوی کوردی دروستبون بۆ نمونە وەك پارتی ژێ کاف 1943 لەگەڵ ڕێکخراوی کاژێك 1959 هەروەها پاسۆك 1976 لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان کەلەساڵی 1985 دامەزراو لەبڵاوکراوەو کتێبەکانیدا هەروەها لەڕێگەی کۆڕو سیمنارو کۆنگرەکانیەوە جەختیان کردۆتەوە سەرئەوەی کەخواستی ((دیموکراسیەت بۆ عراق)) بۆ نمونە کە پارتە کوردیە هەرێمیەکانی عراق داوایان کردوەو کەئەو دروشمە بەشێوەیەکی زەق بۆتە داخوازیان لەڕاستیدا هیچ شتێك ناگەیێنێت لەبواری مافی نەتەوەیی گەلی کوردا لە عراق دا، بۆیە هەر بەوهۆیەوە خاوەن هزرو بەرنامە سەقەتەکان شەڕڕێکی گەورەو ئاژاوەیەکی گەورەیان نایەوە لەدژی ئەو ڕێکخراوەانەی کە مەبەستیانە لەگەلی کورد بگەێنن کە دیموکراسیەت بۆعراق هیچ بەرهەمێکی نیە بۆ کورد بەڵام ئەوان تەنها لەبەر ئەوهۆیە کەوتنە تانەوتەشەرو بەکۆنەپەرست ناوزەدەیان دەکردن گوایە باوەڕیان بەدیموکراسیەت نیە. دکتۆر محمود عوسمان کەخۆی کسایەتیەك بوو لەو کاسایەتیانەی داوای دیموکراسی دەکرد بۆ عراق، ئێستاش خۆی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی گوستراوی ڕژێمی عراقیە پاش مانگێك لەدەست پێکردنی کۆبونەوەکانی هەمان ئەنجومەن کە لەبغداد دەبسدترێت دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی بۆچونی خۆی بڵێت لەڕێی کەناڵی ئاسمانی کوردیەوە کەناڵی ((کوردستان تی ڤی)) بەڕاشکاوانە دەڵێت : ((دیموکراسیەت لەعراق دا بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت وئەوەدەی لەبارانیە کەمافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد دەستەبەر بکات و بۆیان مسۆگەرکات)). دواجار دەتوانین بەدەنگی بەرز بڵێین سوپاس بۆخوا ئەوا لەکوتاییدا داننرا بەڕاستی ئەودروشمە سەقەتو پڕ لەکەموکـوڕی کە لەدرۆ ودەلەسەوە ئالاوە هەروەها دانیشیان بەودا نا کەتەنها خەونەو هیچی تر، کە کسی تینوو پێیوایە ئاوە و تونیەتی دەشکێنێت بەڵام ئەو دروشمە گەلێك پوچەڵەو هەگبەکەی هیچی تیانیە سەبارەت مافەکانی گەلی کورد زۆر بەئاسانی لەبەرئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانی عراق عەرەبن ولەنێو عەرەب وغەیرە عەرەبیش دا بەهیچ شێوەیەك کەسی تیانیە دان بەو ڕاستیەدا بنێت کەعراق بەشێك نیە لەگەلانی عەرەبی، بەپێچەوانەوە بەموڵکی عەرەبی دەزانن. هەروەك دەریشکەوتوە ڕێگە گرتنەبەری ڕێگای بغداد لەلایەن کوردەکانەوە بە دڵنیاییەوە ڕێگایەکی داخراوە بەڕوویاندا لەبەرئەوەی گوایە عراقیەکان خۆیان ڕازیبون بەفیدرالیەت، یەکەم هەنگاوی دوای ئەوە دەست نیشانکردنی جوگرافیای ناوچە کورد نیشینەکانە، من بەدڵنیاییەوە پێدادەگرم لەسەرئەوەی کە یەك کەسی عراقی نیە ڕازیبێت بەوەی کەشاری کورد نشینی مێژویی کورد کەرکوك بە ناوچەیەکی کوردی بناسێنێت سەرەڕای ئەوەی خۆیان زۆر باشدەزانن کە کەرکوك شارێکی کوردستانیە لەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە تەنات لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیەکانیشدا

کەرکەوك پایتەختی کوردستان بوە بۆ چەند سەد ساڵێك کە لەوسەردەمەدا ناونرابوو بە ولایەتی شارەزور بەرلەوەی ناوی بگۆڕدرێت بە ولایەتی موصڵ لەکۆتایی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیەکاندا، کەچی هێشتا هەرهەندێکیان هەن نکوڵی دەکات وخۆیان بەگەورە دادەنێن داوا لەگەڵی کورد دەکەن ڕاکەن بەدوای ئەوخەونەوە بەگشت هێزو تواناشیانەوە هەوڵدەدەن کوردە ئازادی خوازەکان دووربخەنەوە لەمەیدانی خەباتی سیاسی کوردا، بەڵام ئەوانە بەو خۆبەزل زانینەیان کارێکی وادەکەن هیچ جیانەکرێنەوە لەگەڵ خۆبەزل زانین ولوت بەرزی وخۆنواندنی ڕۆڵی محمد سعید الصحاف لەکوردستان دا خواش خۆی باش دەزانێت گیانلەبەرەکانی چۆن دروستکردوە، ئێمەی هاوڵاتیانی سەربەست وئازادیخواز چ لەناوەوەی وڵات بێت یاخود لەدەرەوەی وڵات بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە ڕۆڵی خۆمان ببینین لە بڵاوکردنەوەی بیری ئازادی کوردی وجیهانی دەروەش بناسێنین بەمافە ڕەواکانی گەلی کورد لەمەڕ سەربەستی وجیابونەوەی بێ لایەنی، لەشاری سلێمانی سەرباشوری کوردستان بەبەرواری 14 / 2 / 2004 جەماوەرێکی زۆری لایەنگرانی جیابونەوەی کوردستان هەروەها کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانی هەستا بەڕابەرایەتی کردنی ڕێپێوانێکی دەهەزار کەسی، داوای دەوڵەتی کوردی وجیابنونەوەیان دەکرد. هاوکات کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی بۆ پشتیوانی کردنی ئەوداخوزیە ڕێپێوانێکان سازکرد پشتیوانی وهاودەنگی خۆیانیان تازەکردەوە سەبارەت مافەڕەواکانی گەلی کورد لەمەسەلەی جیابونەوەو داخوازی دەوڵەتی کوردی کە دواهەمینیان لەبەرواری 7 / 2 / 2004 دابوو، هەروەها خۆپیشاندانی جیهانی لەلایەن جەماوەری کوردەوە لەبەرواری 21 / 2 / 2004. سەبارەت بەدەنگدان بۆ (ڕیفراندۆم)ی گەلی کورد، داخۆ دەیەوێت لەژێر فەرمانڕەوایەتی بێگانەدا بمێنێتەوەو داگیرکراوبێت یاخود جیابونەوەو دەوڵەتی کوردی دەوێت. ئەوەبوو کۆنگرەی گشتی نەتەویی هەستا بە پێکهێنانی چەندین لیژنە لەسەر تاسەری جیهاندا توانیان دوو ملیۆن ئیمزا لە کوردستاندا کۆبکەنەوەو دەیان هەزار ئیمزاش لە دەرەوەی کوردستان وئاراستەی هێزی هاوپەیمان کرا لەوڵات هەروەها ئاراستەی دەوڵەتە زلهێزەکان ونەتەوە یەکگرتوەکانکرا لەدەرەوەی وڵات بەدەستی درا بەهەردوو لایەن.

جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ئەوباسەو بەڕاشکاوی دەڵێم کەئەو بەرنامە سەقت وپڕ کەموکوڕیانەی دەڵێت گوایە گەلی کورد دەتوانێت مافە ئیداریەکانی خۆی بەدەست بهێنێت لەچوارچێوەی سنوری سیاسەتی دەوڵەتیدا ئەو دەوڵەتانەی کەکوردستانیان داگیرکردوە گوایە ئەوانە دەوڵەتی داگیرکەرنین بەڵکوو نوێنەرایەتی نیشتمانی کوردو عەرەب دەکەن یاخود نیشتمانی کوردو ئێرانی یان نیشتمانی کوردو تورك. سەرەڕای ئەوەی ئەو دەوڵەتانەی کەخۆیان کوردستانیان داگیرکردوە باوەڕیشان بەوبۆچونە نیە بەڵکوو ئەوە کوردەکان خۆیانن باوەڕ بەوەدەکەن وئەو قسەیەدەکەن وهەرخۆشیانن کە دەیانەوێت میلەتەکەیان بەوتوڕەهاتە ڕازیبکەن. بەو شێوەیە ئامانجی ستراتیجی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد بۆتە هەمان ئامانجی ستراتیجی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کەخۆی لەوەدا دەبێنێتەوە یەکیەتی سیاسەت وسەروەری خۆیان ومانەوەی دەوڵەتەکانیان دەپارێزێت لەچوارچێوەی سنوری دیاریکراوی سیاسی خۆیانداو وەك خۆشی دەیهێڵێتەوە. یاخود بەواتایەکی تر کوردستان بەداگیرکراوی بەش بەشکراوی دەهێڵێتەوە. کەوابوو داواکاری کورد لەمەڕ مەسەلەی دیموکراسی یاخود بەڕێوەبردنی ئیدارەی ناخۆیی خۆیان یان حکومی لامەرکەزی یان خودموختاری یاخود خودموختاریەکی ڕاستەقینە یان فیدرالیەت ویاخود کۆنفیدرالی تەنانەت گەر ئیمپراتۆریەتی کوردیش بێت وخاوەنی ملیۆنێك جەنگاوەربێت بەڵام لەسنوری دەسەڵاتی دەوڵەتی داگیرکەردابێت مانای ئەوەیە ئەو ئیمپراتوریە کوردیە لە خودموختاریەکی بێفەڕو بیکەڵك زیاترنیە، زۆر بەئاسانی لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتەی کوردستانی داگیرکردوە هەموو توانایەکی هەیە، لەبەرئەوەی کڕینی کەسانێك بەکاری بهێنێت بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی کارێکی زۆرئاسانە چونکە مەسەلەی دڵسۆزی بۆ دەوڵەتی مەرکەزی هەروەك لەڕابوردودا باسمانکرد فەیلەسوف وکادرو زانای خۆی هەیە لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەروەك چون ئەمڕۆ بەڕاشکاوانە دەبینین دەیان پارت وڕێکخراوی کوردی هەن لەکوردستاندا کاردەکەن وتێدەکۆشن بۆ پاراستنی یەکیەتی پانتایی زەوی دەوڵەتانی داگیرکەرانی کووردستان. هەروەها لەناوبردن وسەرکوتکردنی ئەوانەی ئەوبیرۆکەیە ڕەتدەکەنەوە کارێکی زۆر ئاسانە، لەبەرئەوەی توانای دەسەڵاتی کوشتن لەدەست خودی دەوڵەتی مەرکەزیدایە. بۆ نمونە : ئەمیر جلادت بدرخان و شەهید أدریس بەرزانی و سشەهید شێخ محمد هرسین و شەهید فتاح محمد أمین (فتاح آغا) لەگەڵ دکتۆر حمید سینو لەگەڵ چەندەها کەسایەتی دیەکش بەشێوازێکی ژیرانە وبە بەرنامە هەرهەموویانیان تیرۆرکران ولەناوبران هەروەها ڕێکخراوەکانیان قەدەغەکرد لەوەی تەنانەت بڵاوکراویەکیان لەسەردەرکەن کە نکوڵی لەوکارە قێزەونە بکات. هەروەها دەوڵەتی مەرکەزی هەمیشە

دەتوانێت مافی کورد ڕەتکاتەوەو لێی پاشگەزبێتەوە ئیتر هەرمافێك بێت گرنگ نیە ئەمە لەحاڵەتێکدا کە دەوڵەتی مەرکەزی خۆی بەتوانا ببینێت بەدڵنیاییشەوە دەوڵەتی مەرکەزی هەمیشە بەهێزە لەبەرئەوی زۆر بەئاسانی لەشکرو دەزگای هەواڵگری وخەزێنەی دەوڵەتی بۆخۆی پاوانکردوەو لەدەستیدایە. ئێستاش ئەو پرسیارەی خۆی دەهێێتە پێشەوە کەئەویش ئەوەیە، هۆی چیە کەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد، میلەتەکەمان دەخاتە بەردەم گێژاوێکی تەنگەبەری لەمجۆرە بۆ ؟ ئەو هەڵوێستەی زوربەی گەلانی جیهان ڕەتیانکردۆتەوە تەنانەت لەناو ئەوانەشەدا تەیموری ڕۆژهەلات وچیچانیش. کەوابوو بەگوێرەی بۆچونی سیاسی نەسیاسەتی دەوڵەتی ونەیاسای دەوڵەتیش لەتوانایاندایە ناکۆکیە ناوخۆییەکان چارەسەربکەن وبنەبڕیبکەن لەبەرئەوەی بۆیان نیە بەدوادا چونی کێشە ناوخۆییەکان بکەن وناتوانن دەستوەردەنە کاروباری ناوخۆی هیچ دەوڵەتێکەوە. کەوابوو پێویستە لەسەر ئازادیخوازانی کورد یەکەمشت کاربکەن بۆسەلماندنی ئەوەی کوردستان داگیرکراوەو دەبێت ئازاد بکرێت. تەنهاوتەنها ئالەوحاڵەتەدا دەتوانرێت سود لەسیاسەتی دەوڵەتی ویاسای دەوڵەتی وربگیرێت تاوکوو بتوانرێت ئازادی جیابونەوە بەدەستبێت، لەبری ئەوەی باوەڕبکەن بەودروشم وقسە پوچەڵ وسەقەتانەی کە دەڵێت داگیرکەرانی کوردستان فەرمانڕەوای گەلانی کوردو براکانیان.

4 ـ گەربهاتایەو گەلی کورد وەك محمد طلب هلال باسی لێوەدەکات کە گوایە گەلی کورد بەکرێگیراوی ڕۆژئاوایەو دەستکردی ئیستعمارە بەوشێوەیە بوایە کەئەو دەیڵێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئیستعمار دەوڵەتێکی بۆ بەدەستدەهێنان لەسەرەتای سەدەی ڕابوردوەوە لێینەدەگەراو پشتی تێنەدەکردو بێبەشی نەدەکرد لەدەوڵەت وکیانێکی نەتەوەیی بۆ بەدیدەهێنا نەك هەرئەوە بەڵکوو بێبەشکرا لەگەشەی پیشەسازی وکشتوکاڵی وئابوری وزانیاریش تەنانەت پێشکەوتنی کۆمەڵایتیش بەدرێژایی ئەوسەدانە ئاوابێبەش نەدەکرا. کەچی لەسەرو ئەم هەموو شتانەشەوە محمد طلب هلال بەدەیان جار سوربوەو پێیداگرتوە لەسەرئەوەی گوایە کورد بەکرێگیراوی ئیستعمارن، هەروەها دەیانجار پێیداگرتوە لەسەرئەوەی کورد شیوعین وبەکرێگیراوی شوڕەوین ولەهەمانکاتدا لەسەر زەکاتی ئیسلامیش دەژین، هەرتوەها دیان جاریش زانا ئاینیە کوردەکانی بەبێ باوەر ناوزەدەکردوە (ملحدون) لەگەڵ چەندین وەسفی ناشیرینی تریش کەزۆر سەیروسەمەرەیەو جێی سەرسوڕمانەو لەهەمان کاتیشدا نەگونجاوە لەگەڵ قسەکانی خۆیا یەکناگرێتەوە. خۆی زۆرباش دەزانێت کەقسەکانی دژبەخۆیەتی ولەگەڵ خۆشیا یەکناگرێتەوە بەڵام لەپشتی پەردەوە مەبەستی لەشتێترە کە گرنگترینیان شتنەوەی مێشکی کوردە بۆ ئەوەی وای لێبکات بەردەوام بترسێت وهەمیشە داکۆکی لەخۆی بکات وبەس، کە نەشیوعیەو نە بەکرێگیراوی ئیستعماریشە یاخود بێ باوڕ نیە (ملحد) یا.. یا.. ئەمەو ئەوەنیەو.. هتد. لەوجۆرە ناونەتۆرانەی کە لەژماردن نایەن هەرگیز کە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردوەو بەهیچ شێوەیەکیش نەڕاستەو نەبنەمای هەیە. مەبەستی لەوەنیە کە تەنها مەبەستی لەپێکانی گەلی کوردبێت ولەچواچێوەیەکدا گەمارۆییدات کەتەنها بەرگری لەخۆیبکات وتەنها ئەوهەڵوێستەی بەدەستەوە بمێنێتەوە تاوەکوو بەردەوام بتوانێت وڵامی ئەودرۆیانە بداتەوەو پێوەی سەرقاڵبێت بەجۆرێك کۆتایی نەیەت نەك هەرئەوە بەڵکوو مەبەستی لەوەشە ئاماژە بەڕژێمی سوریا بکات کەگوایە بەرامبەر بەگەلێکی ترسناکە بەوەی بێباوڕە لەڕوی ئاینەوە بەڵام عەمامەی ئیسلامیان لەسەر خۆیان کردوە تاعەرەبی پێ فریودەن گوایە کوردەکان بەدەستی چەپیان شێوعەت دەجوڵێنن وبەدەست ڕاستیان هاریکاری ئیستعمار دەکەن هەروەها تا چەندین قسەی پڕوپوچ و خەیاڵیتریش.

5 ـ سەرەڕای لێدانی گەلی کورد بەچەکی کیماوی لەساڵی 1988 لەباشوری کردستان وسەرەڕای ڕەوی بەملیۆنی کورد بەرەو سنورەکان لەساڵی 1991 لەترسی هێرشکردن وبەکارهێنانی چەکی کیماوی لەلایەن عراقەوە لەگەڵ چەندها خاڵی تریش کە داخووازی دروستبونی کیانی کوردی پتەودەکات لەدواڕۆژدا بەڵام سیاسەتی دەوڵەتی نەیتوانی بەقەدەر مێرولەیەك خۆی ڕاپسکێنێت هۆکارەکەشی ئەو خاڵانە بون کە لەسەرەوە باسمان کرد، بەڵام ئەوەی هەبوو توانرا جێگایەکی پارێزراو دابین بکرێت سەبارەت بەمانەوەی گەلی کورد ئەویش بەهۆی هۆکاری مرۆڕۆڤایەتیەوە بوو لەساڵی 1991. کەچی ڕوداوەکانی تەقینەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی شاری نیویۆرك کە لە 11 سبتەمبەری 2001 دا ڕویدا بە کودەتایەکی جیهانی ناسێنرا کادرە هەرێمیەکانیشی دەرکەوتن کە هەرەسی دیکتاتۆری وەك صدام حسین وتاقمەکەی کەپارچەیەکیان لەکوردستان داگیرکردبوو یاخود دەتوانین بەشێوەیەکی باشتر بڵێن هەرێمەکانی وەك ڕژێمی سوریا

بەرەو هەرەس برد، ڕژێمی تورکیاش لەوهەرسە ڕزگاری نابێت بەڵام بەهۆکاری ترەوە، ئەم کودەتایە مێژویەکی نوێی هێنایە کایەوە بۆ گەلی کورد کەشتێکی کەمتر نەبوو لە لەدایك بونی عیسای مەسیح کە خۆی لەخۆیدا وەرچەخانێکی گرنگ بوو لەتۆمارکردنی ڕوداوەکانی پێش زاینی وپاش زاینیش. هەروەها تۆمارکردنی شێوازی مێژوو وسیاسەتی دەوڵەتیش بەتەواوی گۆڕانی بەسەرادێت هەرلەپێش ڕوداوی تەقینەوەکەی نیویۆرکەوە تادوای ئەویش، لەوانەشە ناوچەکە بەرەو ڕێکەوتنێکی نوێی وەك ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ بڕواتەوە سەرلەنوێ بۆ ئەوەی ببێتە وەرچەرخانێکی ڕەوا کە بکرێت بەهۆی ئەوەوە گەلی کورد مافە ڕەواکانی دەوڵەتی بۆ بگێڕدرێتەوە کەمێژویەکی دوورودرێژە بێبەش بوە لێی ئەم کودەتایەش بەڕێکەوت هاتە پێشەوەو سوپاس بۆخواش کە لەنێو بکەرانی ئەو تەقینەوەیەدا کوردی تیا بەشدار نەبوو چونکە گەر وابوایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبوە تاوانێکی ترو محمد طلب هلال لەکتێبەکەی خۆیدا ئەوەشی تۆماردەکرد، کەبیری ئەو کتێبە خەیاڵە بەناوبانگەکانی ألف ليلة و ليلة ی وەبیرهێنامەوە دوریش نیە ئەگەر بهاتایەو کتێبەکەی بەناوی ((کتێبی ألف كذبة وكذبة)) هەزارو یەك درۆوە دەربکردایەو ناوی شەرەف مەندی خۆی لەسەر بنوسیایە ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆرزیاتر دەفرۆشراو ڕەواجی دەبوو !!

ڕۆژئاوا زۆر بەباشی ئاگادارە کەئەو تیرۆری دەوڵەتیە بە بەرنامە هاتۆتەکایەوە کەپێشتر پلانی بۆ دانراوە لەلایەن دەسەڵاتە شۆڤینی و دیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە، ئەو دەسەڵاتانەی کە پشتیوانی و هاریکاری وکارئاسانیان کرد بۆ بڵاوبونەوەی ڕێکخراوی تیرۆرو ڕێخۆشکەربون بۆ تیرۆریستەکان وڕاهێنانیان ومەشقیان پێکردن و بەچەك وبەپارەش یارمەتیاندان تەنانەت بەپاسپۆرتی ساختە، هەروەها ئەو تیرۆرستانە هەرخۆیان بون کە دکتۆر عبدالرحمن قاسملو و صادق شرفكندی و ئەمیر جلادت بدخان و فايق بوجاق وسەرکردەکانی تری کوردیان تیرۆرکرد.

### ئایا گەلی کورد دەتوانێت سود لەم کودەتاو سیاسەتە دەوڵەتیە نوێیە وەربگرێت ؟

بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت سود لەدەرفەتی ئەم کودەتا جیهانیەو سیاسەتی نوێی دەوڵەتی وەربگرێت، پێویستە لەسەر کورد بەرنامەو پرۆگرامە کۆنەکانیان فڕێدەن وهەنجن هەنجنییکەن لەبەرئەوەی ئەوبەرنامانە تەنها لەمێشکی کۆمەڵێکی دیاریکراودا ماوەتەوە لەناو کۆمەڵگای کوردواریدا، لەبەرئەوەی گەلی کورد ئێستا هەمان گەلی کوردی پەنجا ساڵ لەمەوبەرنیە، ئەمڕۆ گەلی کورد زۆر پێویستی بە بەرنامەو پرۆگرامێکی نوێ هەیە کەبگونجێت ویەکبگرێتەوە لەگەڵ سیاسەتی نوێی دەوڵەتیدا یاخود باشتربین پێویستیمان بەکودەتایەکی فیکری وکۆمەڵایەتی کوردی هەیە کەجەخت بکاتەوە لەسەر کودەتایەکی کوردواریانە بەوشێوەیەی ئێستا هەیە وبەرفراوانتریش بێت بەگشت بوارەکانیەوە، لەبەرئەوەی ئەومەسەلەیە خۆی لەخۆیدا مەسەلەیەکی چارەنوس سازە ژیان یان مردن. بەتایبەت کەلەم دواییانەدا لەشکرەکانی کورد بەشداریانکرد لەجەنگی ئەمەریکادا دژ بەتیرۆری دەوڵەتی. گەر سەرکردایەتی بەردەوام بێت لە لەبەرچاوگرتنی بۆچونە عراقیەکان ئەوا بەدڵنیاییەوە لەکۆتاییدا تەنها گۆڕی خۆیان هەڵناکەن بەدەستی خۆیان بەڵکوو گۆڕی سەرجەم گەلی کورد هەڵدەلکەنن وزیندەبەچاڵی دەکەن، لەبەئەوەی ئەوەی محمد طلب هلال ئاماژەی پێکردبوو و لەهەمانکاتدا کۆششی بۆ کردوە لەپێناوی دەرکردنی فەتوایەکی ئیسلامی دەرحەق بەکوردەکان بانگوازی حەڵال کردنی خوێنی شۆڕشگێرەکانی کوردی دەکرد لەسەرەتای شەستەکاندا لەکاتی خۆیدا دووچاری شکست بوو لەبەرئەوەی شێخ أحمدی خزنەوی غەریقی ڕەحمەتی خوابێت لەگەڵ چەندین زانای ئاینی دیکەی کوردی سوریا بەهەموو شێوەیەك ڕەتیان کردەوە هەرلەبەرئەوش بوو کەبەناشیرینی باسی شێخ أحمدی خەزنەوی کردبوو ئەوناشیرینەش لەکەسێکی سوك وڕیسوای وەك محمد طلب هلال وە نەبێت کەسێکی دیکە زاتی ئەوەناکات بەوشێوەی باس لەزانایانی ئیسلامی کورد بکات، هەروەها دەبێت ئاماژە بەنکوڵیکردنی ئیمام آيته الله محسن الحكيم بکەین هاواکات لەگەڵ نکوڵی وڕەتکردنەوەی چەندین زانای ئاینی مەزهەبی شیعە لەعراقدا دژی ئەو بڵاوکراوانە وەستانەوە وبەرپەرچیان دایەوە ومەحکومیان کرد. ئەیباشە ئێستا چوندەبێت پاش ئەوەی کورد شان بەشانی هێزەکانی ئەمەریکا جەنگا لەگەڵیاندا کەبەبۆچونی خەڵکانی سادەو ساکارو دوژمنامنی گەلی کورد ئەمەریکا بە ((کافر)) دەناسێنن، ئاخۆ دوای بەشداری کورد لەوجەنگەدا دەکرێت ئەوجۆرە فەتواو تانانە ڕابگیرێت

سەرەڕای ئەوەی کە گەلی کورد توانای ئەوەیان نەبوو لەمەڕ بەشداربونیان یاخود بەشدار نەبونیان ڕەتبکەنەوە، ئەی خەڵکانی شەقامی عەرەبی وئەوانەوی خۆیان لەناخی خۆیاندا نەخۆشن مەبەستی تایبەتی خۆشیان هەیە لەپشتی ئەوفەتوایانەوە ئاخۆ چۆن وبەچشێوەیەك بتوانرێت وڵامی ئەوانە بدرێتەوە، بەڵام دوای بەشدارکردنی کورد لەپرۆسەی وەلاوە نانی ڕژێمی عراقی ئەگەر بێتوو سەرکردایەتی کورد تێ نەکوشێت بۆ دروستکردی دەوڵەتیکی کوردی سەربەخۆ وئازاد ئەوا بدڵنیاییەوە گەلی کورد دواڕۆژێکی ڕەش وتاریك چاوەڕوانیان دەکات لەژێر فەرمانڕەوایەتی حکومی عراقدا، زۆر بەئاسانی لەبەرئەوەی گەلان وحکومەتە ئیسلامیەکان هەر لەبنگلادیشەوە تادەگاتە مراکش خۆیان ماتداوە بۆ تۆلەسەندنەوە لەگەلی کورد ئەوگەلەی بەیەکەم بەکرێگیراوی ئەمەریکای دەزانن، هەرچی ئەوانەشە کە هەڵگری ئەوبۆچونەن گوایە ڕەشنوسی دەستوری عراقی باسی لەمافی کورد کردوە ئەوەش خۆی لەخۆیدا خەیاڵ ودرۆیەکی شاخاویە مەبەستیانە بەهۆی ئەوخاڵەوە مێشکی گەلی کورد پڕکەن لەدرۆو دەلەسەو فریویان بدەن چونکە ئەوخاڵەش ڕێك وەك مەسەلەی دیموکراسیەتیەکەیانە، چونکە ئاگایان لەوەنیە کەڕژێمە یەك لەدوایەکانی عراق لەمێژە دەستورەکانی خۆیانیان فڕێداوەتە سەرتاقەکان وبەبارستایی دەستورەکانیان گەردی لێ نشتوە وئەوەش یەکەم جاریانیە بەڵکوو لە چەندین سەدەی ڕابوردوەوە هەمان ڕەفتاریان هەیە ودوبارەیان کردۆتەوە. بۆئەوەی بتوانرێت سودو دەرفەت لەسیاسەتی نوێی دەوڵەتی وەربگیرێت لەپێناوی ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردی ئەوا زۆر پێویستە لەسەر سەرکردایەتی گەلی کورد تەنانەت گەر سوریشبن لەسەر فدرالیەت پێویستە بەپەلەو بێدواکەوتن کاربکەن لەپێناوی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

1 ـ یەکخستنەوەو یەکگرتنەوەی ماڵی کورد (ئیدارەی کورد) لەهەولێر وسلێمانی وکۆماری کوردستانی فیدرالی ڕابگەێنن هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی لەشکری یەکگرتوی کودستان، کەئەوەش حەڵەتی دروستبونی چەکداریە (میلیشیات). هەروەها دەبێت یەك ئەندام ڕەوانەبکرێت بۆئەنجومەنی حوکمی عراقی تادەرفەت برەخسێنێت نوێنەرایەتی کۆماری فیدرالی کورستان بکات کە سەرتاسەری ئەمبەشەی کوردستان دەگرێتەوە هەر لەبەدرە وزرباطیەوە تادەگاتە زاخۆو بەخانەقین وکەرکوك وموصل سنجاریش بگرێتەوە. هەروەها عراقیەکانیش پێویستە لەسەریان کۆماری فیدرالی خۆیان بەجۆرێك دابمەزرێنن بەجۆرێك هاوتاو هەماهەنگ بێت لەگەڵ فیدراڵیەتی کورد، گەرهاتوو عراقیەکان بەوە ڕازیبون ئەوە سەرسەرو سەرچاو پێشوازیان لێ دەکەین، گەر ڕازیش نەبون ئەوا هەر نەتەوە لە نیشتمانی خۆیدا دەمێنێتەوەو سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەێنێت.

2 ـ دامەزراندنی بانکی مەرکەزی کوردستانی ودەستبکرێت بەپرۆسەی سەرژمێریەکی گشتی چڕوپڕ بۆ گەلی کورد لەپێناوی ئەوەی هەستن بەبونیادنانی پرۆسەیەکی تەندروستی وفێرکردن وئابوری ڕێفراندۆمێکی میلی گشتی سەربەخۆ بکرێت لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان وبەدەستهێنانی ئازادی وسەرفرازی بۆ گەلی کورد بانگواز کردنی نەتەوە یەکگروەکان سەبارەت بەپرۆسەی ڕێفراندۆم تنها مەبەست لەباشوری کوردستان نیە لەبەرئەوەی باشوری کوردستان هەربەڕاستی سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێناوە لەساڵی 1991 وە ڕاگەیاندنی جیابونەوەی تەنهاو تەنها پێویستی بەڕوخانی باری دەرونیەوە هەیە تاکی کورد باوەڕی بەخۆی هەبێت هیچی ترنا، لەشکری عرقی تاکە هێزی بەرگری وبەرپەرچدانەوەیەك بوو کەدەکرا ڕێگربێت لەبەردەم سەربەخۆیی کوردستان دا هەموانیش دەزانێن ئەو لەشکرە هەڵوەشێنرایەوە تەنانەت دەوڵەتانی ناوچەکەش زارەتەرەك بون لەترسانا بەجۆرێڵ هێندە تینیان بۆهاتوە گەشتۆتە سەرئێسقانیان واتە ترسێکی زۆریان لێ نشتوە کەوابوو بانگوازکردنی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پیادەکردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم لەگشت بەشەکانی کوردستان دا لەڕوی یاسای دەوڵەتیەوە دەکرێت وکارێکە ڕەوایەتی تیایە، بەردەوام ئەوە بۆچونی ئێمەبوە لەوبارەوە کەدەیان ساڵە دەرماسن بڕیوەو وبەئاشکراش ڕامان گەیاندوەو ڕایدەگەێنین کەئەویش مەسەلەی کێشەی گەلی کورد بەگشتی یەك کێشەیەو ناکرێت جیابکرێتەوە لەبەشەکانی دیکە، دوژمنانی گەلی کورد ئەم ڕاستیە زۆرباش دەزانن کەچی هەرهەموویان یەکدەستن لەپێناوی سەرکوت کردنی بزوتنەوەی کورد ئیتر هەر بزوتنەوەیەك بێت ولەهەر پارچەیەکدابێت، کەوابوو پێویستە لەسەرمان ئێمەش درك بەوەبکەین، چەند بتوانرێت بەزویی پرۆسەی ڕیفراندۆم جێبەچی بکرێت لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان دا و زیاتر کاری بۆبکرێت بەرەوپێشەوە بڕوات بەدڵنیاییەوە داگیرکەرانی کوردستان سەرقاڵ دەکات وبواری

باش وكاتیان بەدەستەوە ناهێڵێت تا پلان دارێژن وسەرقاڵی فێڵ وتەڵەكەو گۆبەند نانەوەبن لەبەرامبەر سەربەخۆیی باشوری كوردستان بەوەش مانای وایە توانیمان شەڕەكە بەرینە ناوماڵی ئەوانەوە. بەڕێز نێچیرڤان بەرزانی سەرۆكی حكومەتی كوردستان لەچاوپێكەوتنێكیدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەك لەڕۆژنامەكانی شرق الإوسط كەلەژمارەی بڵاوكراوەی 19 / 10 / 2003 دا كردی بەمشێوەەیە دواو بۆچونی خۆی ڕاگەیاند، بەڕێزیان زۆر بەڕاشكاوانە ئەو هێزو لایەنە جەماوەریە كوردیەی ئاشكرادەكات وپەنجە دەخاتەسەر خاڵێكی گرنگ سەبارەت بەوەرچەخانی تاكی كوردا ڕویداوە كە دەڵێت : ((ئێمە وەك پارتە كوردیەكان لەناو كۆمەڵگای میلی گەرایی كوردا بەتایبەت لەناو لاوانی كوردا تاوانباركراوین گوایە ئێمە بەئاقاریكدا دەڕۆین بەرەو عراق بونە زیاتر لەوەی بەشوێن مافەكانی گەلەكەماندا بڕۆین سەبارەت بەسەربەخۆیی، ئێستا لێرە شەپۆلێكی زۆر بەتین هەیە كەزۆر بەگوڕوتینەوە زۆرمان لێدەكەن داوای مافی چارەی خۆنسینی خۆمان بكەین ئەویش لەڕێی ڕێفراندۆمێكی دەوڵەتی وجیهانیەوە، كەوابوو پێویستە لەسەر عراقیەكان سوپاس گوزاری ئێمەبن كە توانیومانە زاڵبین بەسەرئەو شەپۆلە بەهێزەداو خوازیارین كێشەكانی خۆمان لەناوخۆی عراقدا چارەسەربكەین. هەروەها ڕاپەڕاندنی هەموو كۆمەڵگایەك بەندە بەبنەمای سەرژمێریەوە لەبەرئەوەی لەوڕێگەیەوە دەتوانرێت هێزی كرێكاران دەستنیشان بكرێت لەكۆمەڵگادا لەهەمانكاتدا هەر لەوڕێگەیەشەوە ژمارەی نێرومێی دەردەكەوێت وئاشكراشدەبێت كامیان لەخوار 16 وەن چەندیشیان گەورەن لەسەرو 60 ساڵیەوەن هەروەها ژمارەی ئەوانەی كاردەكەن وبێكارەن لەگەڵ ڕێژەی خوێندكارو هەڵگرانی بڕوانامەی بەرز تادەگاتە چەندین مەسەلەی تری سەرەكی، لەپێناوی دانانی پلانێكی ئابوری وفێركردن دەبێت سەرژمێری بكرێت بەبێ سەرژمێری كردن سەرجەمی پلانەكان دووچاری شكست دەبێت. هەروەها جورەها بەبەت هەیە بەلامانەوە زۆر گرنگن كە لەئەمڕۆدا خۆی فەرزدەكات ئەویش مەسەلەی دەست نیشانكردنی سنوری كوردستان وڕێژەی كوردو دیاركردنی ناوچەكانیشیان لەگەڵ زانینی كێ بەشداریدەكات لەدەنگدانی گشتی ڕیفراندۆمدا لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەنوسی گەلی كورد بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی گەربیەوێت لەناوچوارچێوەی عراقدا بمێنێتەوەو ببن بەشێك لەگەلانی عەرەب یاخود دوڵەتی كوردی دەوێت وحەزدەكات ببێت بەشێك لەنەتەوەی كورد. بەڵێ زۆر بەڕاشكاوی بەبێ سەرژمێری كردن كۆمەڵگا ڕاناپەڕێنرێت وبزواتی نابێت، ئێستاش سەرجەم ناوچە كوردیەكان لەژێر دەسەڵاتی سەركردە كوردكاندایە، پێویستە لەسەریان پەلە بكەن لەجێ بەجێكردنی بەرلەوەی كارلەكاربترازێت ودەرفەتەكە لەكیس بچێت. من زۆر دڵنیام لەوەی كە بەڕێز مسعود بەرزانی سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان وبەڕێز مام جلال طالبانی سكرتێری گشتی یەكیەتی نیشتمانی وبەڕێز نێجرڤان بەرزانی سەرۆكی حكومەتی كوردستان لەگەڵ ئەم بۆچونانە ناكۆك نین بەڵام مەخابن ئەوەی هەیە تەوقدراون بەكۆمەڵێك لەشوێن هەڵگری بێگانە بەردەوام هەوڵیان لەگەڵادەدەن دوریانبخەنەوە لەمەر ڕێبازی تەندروستی نەتەویی. ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێك زیاتر پێویستیمان بەوەیە كاربكەین لەپێناوی گۆڕینی ئەوناوخنەی هەیەو ولەبری ئەوەش پشت ببەسترێت بەكەسانی  نیشتمان پەروەری دڵسۆزو ئەمەكە بەڵام نەك لەو كەسایەتیانەی ناویان لەلیستی سیخوڕەكانی صدام حسین دابون كە هێزی ئەمەریكی فایەلەكانیان دەستكەوتبوو لەناو ئەرشیفی دەزگای هەواڵگری عراقیدا (المخابرات)، هەوەها كۆمەڵێك زانای سەربەست وئازادی كوردمان هەیە كەبەڕاستی كەسانێكن هەموو ژیانی خۆیان بەخشیوە لەپێناوی ئازادی كوردستان بێ ماندوبون كە باشورو باكوری سەرتاسەری جهیان گەڕاون تابتوان كۆڕو سیمناریان پێشكەش بكەن وكردوشیانە وكتێب ولێكۆڵینەوەیان نوسیوەو تەنانەت لەسەرئەركی خۆشیان بوە، من بەدڵنیاییەوە دان بەودادەنێم كە ئەوكەسایەتیانە بەڕاستی كەسانێكن شایەنی سەركردایەتی ڕاستقینەی فەرنارەوایەتی كوردستانن وشیاویشن بۆئەوسەركردایەتیە هەروەهادەبێت تواناودەسەڵات بەگشت پیكهاتەكانیەوە لەژێر دەسڵاتی ئەوانەدابێت، بەڵام مەخابن ئەو كەسایەتیە كوردە  دڵسۆزو بەئەمەكانە لەكوردو كوردستان دوورخراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیام لەوەی كە برایانی بەڕێز كاك مسعود بەرزانی و مام جلال طالبانی و نێچروان بەرزانی بەرژەوەندی نەتەوەیی لەسەرو هەموو شتێكەوە لەلایان، بۆیە من ئەمڕۆ زۆر بەگەرمی داوایان لێدەكەم وسوریشم لەسەری منێك كە وەك برایەكی دڵسۆزو بەئەمەكم بۆ ئەوان  وبۆ كورستانیش پێیان ڕادەگەێنم كاتی ئەوەهاتوە ئەو ناوخنە نەگونجاوانە وەلاوەنێن و دووریان بخەنەوە گەرچی خۆشەویستیش بن لەلایان لەبەرئەوەی خۆشەویستی گەلی كوردستان وبەژەوەندی نەتەوەیی گەلەكەمان لەسەرو گشت بەرژەوەنیەكەوەو هیچ بەرژەوەندیەك نیە لەو بەرژەوەندیە بەرزو بەڕێزتربێت بەتایبەت لەڕۆژگارێكی وەك ئەمڕۆژگارەو وساتێكی زێڕینی وەك ئەمساتە كەدەبێتە بنەبڕكەری وەك

ئەمسەردەمە مێژوییە لەمێژوی گەلی کوردمان، لەبەرئەوەی خەونی سەرجەم سەرکردە مێژوییەکانی کوردو سەرجەم شەهیدانی کاروانی سەروەری وسەرفرازیمان ئەگەری هاتنەدی هەیە لەمکاتە هەستیارەدا کە زلهێزەکان هاتون بۆلەناوبردن و ڕەوینەوەی مۆتەکەی داگیرکەری کەبارەبەسەر گەلەکەمانەوە، ئەو زلهێزانەش بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانیان هەیە ئەگەری هەیە چەندین مانگ یاخود ساڵ بمێنەوەو چاوەڕوانبکەن بەلام گەربێتوو نەتوانین بەرژەوەندیەکانیان دابین بکەین وبپارێزین ئەوا بەدڵنیاییەوە دەگەڕێن بەشوێن ئالترنەتیفێکی کەدا بێ لەئێمە، پێویستە لەسەرمان بەرژەوەندی هەماهەنگو هاوتا بدۆزینەوەو بەدەست بهێنین، وەك هاوبەش پێکەوە کاربکەین کە مافی خۆمان بۆخۆمان بیت ومافی ئەوانیش بۆخۆیان بێت واتە ئێمە مافێکمان هەیەو ئەوانیش هەروەها مافی خۆیانیان هەیە.

3 - ڕاگرتنی دیاردەو ناونیشانی تایبەت بە تاکەکەس وحزبی وبنەماڵەیی وعەشرەتگەری و تایبەتمەندی هەرێمیش هەروەها پێویستە ئەوکەسانەی ئەوجۆرە بنەماو دیاردانە بەهێزدەکەن دەبێت ناوزەدە بکرێن بەوەی دەیانەوێت وهەوڵدەدەن ئەودەرفەتە زێرینەیە هاتۆتە بەردەم بۆ بەدەستهێنانی پرۆسەی ئازادی گەلی کورد لەباربەرن، پێویستە کاربکرێت بۆ بەرزڕاگرتنی هێمای نەتەوەی وەك سرودی نیشتمانی ((ئەی ڕەقیب)) و ئالای کوردستان، لەبەرئەوەی دەوڵەتە زلهێزەکان لەساڵی 1991 وە یارمەتی گەلی کورد دەدەن بۆ جیاکردنەوەیان لەعراق لەگەڵ دەربرینی ڕەزامەندی هەندێك لەودەوڵەتە بەهێزانە سەبارەت بەڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان گەربێتوو کورد خۆی سوربێت لەسەری، سەبارەت بەوبابەتەش هاوڕێی بەڕێزم مامۆستا عادل موراد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکیدا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی ((العربیە)) وە لەبەرواری 22 / 9 / 2003 لەزمانی خۆیەوە دان بەڕاستیەکدادەنێت و دەڵێت : ((... چەند دەوڵەتێك هەیە داوایان لێکردوین سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەێنین بەلام ئێمە دەوڵەتی کوردیمان ڕەتکردەوە لەبەرئەوەی ئێمە عراقین...)) !!

هەروەها ئەمڕۆ گەلی کورد زۆر پێویستی بەوەیە بایەخبدات بەمەسەلەی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەی کوردو هێڵێکێ سووردابنێت بۆسەرکردە کوردەکان ئەویش بەقەدەغەکردنی شەڕی ناوخۆ یاخود ڕێگرتن لەپێشێلکردنی مەسەلەی دەوڵەتی کوردی کە بەداخوازی گەلی کوردمان دادەنرێت، گەربێتوو هەرکەسێك یان هەر پارتێك داواکاریەکی تری هەبێت بۆی هەیە هەرچیەکی دەوێت بیڵێت بەلام بۆی نیە شتێك بڵێت نەگونجێت لەگەڵ ویستی گەلی کوردا، هەرچی ئەوانەشە کەبەشوێن شەڕو گۆبەندی ئاژاوەنانەوەی براکوژین، ئەو براکوژیەی تا ئەمڕۆش بەردەوامە بەلام بەبێ چەك هەرلەبەر ئەوەشە کە یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە سەرناگرێت کەخۆی لەخۆیدا براکوژیەکی تەواوە بۆخۆی لەوانەشە لەوەش خراپتربێت لەبەرئەوەی شەڕبەچەك ئەگەری هەیە سەدان یاخود هەزاران کەس بکوژێت بەلام یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردی لەئەمڕۆدا مانای کوشتنی هەموو گەلی کوردەو دەرفەتێکی گەورەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دەستکەوتەی گەلی کورد، لەبەرئەوەی گەربێتوو گەلی کورد دەرفەتێکی ئاوالەدەستبدات ئەوابەدڵنیاییەوە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان یاخود دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانیش یاخود کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردستانی لەدوای کاتی خۆی هیچ سودێك بەگەلی کورد ناگەێنێت بەهیچ شێوەیەك لەبەرئەوەی لەوکاتەدا ئەگەری بەسەرچونی دەرفەتەکەی هەیە، ئالێرەدا بیری ئەوەم دەکەوێتەوە کە هاوڕێم دکتۆر عامر الزیباری پێیوتم جارێکیان وتی : ((من بەهۆی ئەزمونی تایبەتی خۆمەوە لەهەڵوێستی هەڵەی گەلی کورد دەگەم، ئەویش ئەوەیە خۆم پێشوەخت دەزانم کە ئەوکەسەی دەیەوێت وێنەیەکی بۆبگیرێت پێویستە لەسەری بەجۆرێك دەرکەوێت کەسێکی ڕۆح سوك بێت نەك مرۆمۆچ بێت لەبەر ئەوەی وێنەکە بەجوانی دەرکەوێت هەموجارێکیش کاتێك بیری دەکەوێتەوە بەداخەوە کارلەکارترازاوەو پەنجەنراوە بە دوگمەی کامیراکەو ئەمیش لەکاتی ئەوچرکەیەدا بیریدێتەوە هاوکات فلاشەکەش ڕوناکیەکەی پەخشکردۆتەوە هەرئەو چرکەساتەش بیریدێتەوە کەدەبێت کەسێکی دەم بەپێکەنین بێت بەلام تازە وێنەکە گیراوەو کاتیش بەسەرچوە)) گەلی کوردیش ئاوایە لەکۆتایی شتەکاندا هەست بەلەکیسچونی دەرفەتەکان دەکەن، شەڕی نێوان ئێران عراق دەرفەتێکی زۆر بەنرخ بوو بۆکورد بەلام سەرکردایەتی کورد بەدرێژایی ئەوهەشت ساڵی جەنگ بەردەوام لەدژی یەکتری لەشەڕابون لەناخۆیاندا کاتێك جەنگی ئێران عراق تەوابوو دامەزراندنی بەرەی کوردستانیان ڕاگەیاند بەلام بەرە لەدوای چی دوای ئەوەی دەرفەتەکان لەدەستچون نەك هەرئەوە بەڵکوو دەیان نمونەی تریش هەیە لەمێژوی نوێی گەلەکەماندا بەلام من چیبکەم لەکەسانێك کەبیرکردنەوەیان زۆر پەتەونەبێت زوو زوو شتیان بیردەچێتەوە لەبەرئەوە ناتوانن سوود لەو وانەو

ئەزمونانە وەربگرن، هەڵەیەك كە حەقەكەی بەخوێندراوە ئیتر هەر لەشەهیدانی چەكی كیمیاویەوە لەهەڵەبجەو پرۆسەی ئەنفال وتیرۆرو كوشتنی سەركردەوەو كەسایەتی بەناوبانگی كوردیشی بخەینەسەر پێویستی بەچەندەها بەرگی گەورە گەورەی كتێب دەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت ناوی قوربانیە سیاسیەكانی كوردی تیا بنوسرێت تەنها لەماوەی جەنگی ئێران عراق. هەموو ئەوانەی بەردەوام خەریكی خۆشكردنی ئاگری براكوژی بون لەڕابوردوو ولەئێستاشدا ئیتر گرنگ نیە شەڕەكە گەرم بوبێت یاسارد بچوك بوبێت یان گەورە، گرنگ ئەوەیە ئەوانە هەرخۆیانن دژایەتی سەرلهەدانی دەوڵەتی كوردین تەنانەت ڕێگریشن لەبەردەم ناونان وباسی ئاسایشی نەتەوەیی كورد كەپێویستە لەسەرو هەرموو شتێكەوە بێت لەلای كورد. ئاسایشی نەتەوەیی بەدی نایەت بەبێ دروست بونی دەوڵەتێكی كوردی، لەبەرئەوەی كەدەوڵەتی كوردی شەرەف وكەرامەت وناموسی كورد دەپارێزێت بەوپێیەی كەڕۆڵی قەڵایەكی پتەوی بۆدەبینێت تاوەكوو نەهێڵێت جارێكی تر دەستدرێژی بكرێتەسەر وەهەر ئەوەدەوڵەتەش دیپارێزێت. لینین توانی لەكۆتایی سەدەی ڕابوردا نهێنی ڕێكەوتننامەی سایكس بیكۆ ئاشكرابكات، منیش ئەمڕۆ ئەم برابەڕێزانە بەلینین دەچوێنم ڕێك وەك ئەو سەیریاندەكەم ئیتر هەر لەبەڕێز نێچروان بەرزانی وعادل مراد دكتۆر محمود عسمان، بەلینینی سەدەی بیستویەكەمیان دەزانم، لەبەرئەوەی توانیان ئەو نهێنیە قەدەغەكراوانە ئاشكرابكەن كەنابێت گەلی كورد لێی بەئاگابێت. لەبەرئەوەی پارتە كوردیەكان لەڕابورداو لەئێستاشدا خۆیان دەڵێن كەتەنها جمال نەبەز وجواد الملا داوای دەوڵەتی كوردی دەكەن بەڵام هەموو گەلی كورد داوای خودموختاری یاخود فیدراڵی دەكات !!، هەروەها دەشڵێن گۆڕینی ڕژێمەكان لەبغدادو دیمشق وتاران وئەنقەرە بەڕژێمێكی دیموكراسی ئەوە خواستی سەرەكەی وستراتیجی گەلی كوردە، لەپێناوی دیموكراسیدا گەلی كوردمان كاروانێكی ئێجگار مەزنی پێشكەش كردوە بەگیانی پاكی سەروەرانمان وشەهیدكران لەبەردەم قەسابخانەی دیموكراسیدا !!. هەروەها دەشڵێن گوایە هیچ دەوڵەتێك نیە پشتیوانی سەربەخۆیی كوردستان بكات !! كەچی لەهەمانكاتدا لەزمانی سێ سیاسەت مەداری كوردەوە بڵاوبۆوەو بیستمان ئەوئیدعایە ڕاستنیە درۆیەو هیچ پەیوەندیەكی بەڕاستیەوەنیە بەهیچ شێوەیەك. نازانم ئاخۆڕونم كردبێتەوە پێم گەیاندبێتن ! تكام وایە ڕۆڵەی گەلەكەمان لەهەركوێەك بێت باگوێی لێمان بێت، لەڕابورددا شكم هەبوو لەومەسەلەیە بەڵام ئەمڕۆ بەتەواوەتی ئەوشكەم نەماو ڕەویەوە ئەویش دوای ئەوەی قسەكانی بەڕێز نێچیروان بارزانی م خوێندەوە لە ڕۆژنامەی ((الشرق الأوسط)) هەروەها گوێم لە وتەكانی مامۆستا عادل مراد بوو لەسەر تەلەفزیۆنی ((العربیة)) وە كەچی وت هەروەها لەڕێی چاوپێكەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵ لەگەڵ دكتۆر محمود عسمان كە كەناڵی تەلەفزیۆنی ((كوردسستان تی ڤی)) چاوپێكەوتنی لەگەڵاسازكرد، ئیتر من لەوساتە وەختەوە دڵنیابوم لەوەی ئەوكودەتا جیهانیە كەم وزۆر پەیوەندیەكی بەئێمەی كوردەوە هەبوە هەروەها گەلی كوردیش خۆی خەریكە دەنگونجێت وئاوێتەی ئەو بارودۆخە نوێەی جیهان دەبێت وخۆی خۆی لەگەڵاجۆردەكات. هەموشی ئاماژەیەكی گەورەیە بەرەو ڕێگای سەربەخۆیی و سەربەستی كوردستان .

پێویستیشە لەسەرجەماوەری بەئەمەكی گەلەكەمان هیچ گفتوگۆیەك قبوڵ نەكەن كەپەیوەندی بەنیشتمانەوە هەبێت ئەونیشتمانەی ((كە لەجێی دایكە)) لەبەرئەوە قبوڵی هیچ بۆچونێكی ئەوهەڵگەڕاوانە ناكەین لەخۆیانەوە كوردستانی دایكمان بۆ دەستنیشان بكەن بەدڵنیاییشەوە عراق یان سوریا یاخود توركیاو ئێران یا ئازربایەنجان دایكی ئێمە نیەو بەدایكی خۆمانیان نازانین هەركەسێكیش وادەڵێت پێویستە ترۆبكرێت وپشتگوێ بخرێت، بەشێوەیەكی جوانتر بیڵێین ئەوەی هیچ بیركردنەوەك وپشتیوانیەكی نیە بۆسەربەخۆیی وئازادی كوردستانی دایك نیە، ئەوا پێویستە ئێمەش لەبۆچونی خۆماندا هیچ بایەخێكی پێ نەدەین وهیچی لای ئێمەنەبێت.

## ڕاپەڕینە مەزنەكەی كورد لە ڕۆژئاوای كوردستان لەبەرواری 12 / 3 / 2004 سەرجەم پێوەرەكانی گۆڕی وگەلی كوردی بەرەو قۆناغێكی نوێ برد.

ڕاپەڕینی مەزنی كورد لەسوریا بەرواری !2 / 3 / 2004 سەرەڕای ئەوەی لەئەنجامی ڕاپەڕینەكەدا ڕویداو زۆر بەداخەوە بەخوێنی گەشی پیرۆزی ڕۆڵەی كورد پیرۆزبوو ئەوخوێنەی كەڵێنێكی ئێجگارگەورەی خستە نێودڵمانەوە شەهیدانی ڕێگای ئازادی یەكەم كاروانی خۆیان بەڕێكرد گیانی پاكی ئەوپێشمەرگانەی ڕۆژئاوای كوردستان بوو

کەلێمان دوورکەوتنەوەو ماڵ ئاواییان لێکردین لەپێناوی ئەوەی بەدەنگی کوردستانی دایکی گەورەمانەوە بچن هەزارانجار خوای گەورە لێیان خۆشبێت وبەهەشتی بەرین جێگەیان بێت ولەیەزدان داواکارین سەبوری ئێمەش ودایکانیان بداتەوە هیوای خۆڕاگرییان بۆدەخوازین بەدڵنیاییەوە هەموو ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ڕۆڵەی ئەو دایکانەن کە ئەوپاڵەوانانەیان خستۆتەوە بۆ گەلەکەیان، سەرەڕای ئەنجامی دڵتەزینی ڕاپەڕینەکە بەڵام لەمیژە ئێمە چاوەڕوانی ئەوڕاپەڕینە شکۆدارەین، بەوپێیەش کەهیچ ئازادیەك بێ خوێن نابێت (داری ئازادی بەخوێن ئاونەدرێت قەت بەرناگرێت. سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێت)، ڕاپەڕینی شکۆداری گەلی کورد تەنهاو تەنها پێوەرەکانی سەرلەبەر هەڵنەگێڕاوەتەوە بەڵکوو بۆتە بەردی بناغەی ئازادی گەلی کورد وسەربەخۆییش بۆکوردستان، هەربۆیە لەبەردەمیدا ڕادوەستین و وانەی سەرکەوتن وسەرفرازیان لێوە فێردەبین لەهەر جێ یەك وهەرکاتێك بێت ولەهەر تەنگانەیەکدابین دەگەڕێنەوە بۆلایان تافێری وانەی تازەتربین لێانەوە، کەدەبێت بەوهێمایەی هەمیشە گەل پشتی پێدەبەستێت و ڕوی تێدەکات لەگشت قۆناغێکی خەباتی داهاتوماندا، گرنگی ئەو ڕاپەڕینەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانە :

1 ـ پاش ئەوەی گەلی کوردمان لەباشوری کوردستان ئازادی خۆی بەدەست هێنا ڕژێمی سوری ویستی دەستی ڕەشی زۆرداری خۆی زاڵتربکات بەسەر گەلی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، لەترسی ئەوەی نەبادا پریشکی ڕاپەڕینەکە بگاتە سوریا، بەوە ڕازی نەبوو کەتەواودەستی گرتبوو بەسەر زوربەی ڕێکخراوە کوردیەکانی سوریادا ئیتر چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یاخود ناڕاستەوخۆ، بەڵام ئەم جارەیان ڕژێمی سوری دووچاری سەرسوڕمان بوو بەوەی کەڕاپەڕین بەشێوەیەکی گشتی سەلماندی کە ڕێکخراوە کوردیەکانی ناوسوریا هیچ دەسەڵاتێکیان نیە بەسەرجەماوەری کوردی سوریادا بەتایبەت لەوکاتەدا کەجەماوەری ڕاپەڕیوی گەلی کورد هەیکەلی دروستکراوی حافظ ئەسدیان لەناوەڕاستی مەیدانی گشتی شاری قامیشلۆدا شکاند هەروەها لەشاری تریشدا وتوانیان ئاڵای سوریا کەبەسەربانی دەزگا حکومەتیەکانەوە بوو دایگرنە خوارەوە وسوتاندیان وئاڵای کوردستانیان لەجێی ئەوئاڵایە داچەقاند، ئەوە ئاماژەیەکی ئاشکرابوو لەلایەن جەماوەرەوە کە ئێرە کوردستانەو پێویستە لەسەر ڕژێمی سوری داگیرکەر لەکوردستانی نیشتمانی کورد بچێتە دەرەوە.

2 ـ جەماوەری گەلی کوردی پاڵەوان توانیان پەتی ترس بپچڕێنن لەبەرەنگاربونەوەی ڕژێمی سوریدا ئەوترسەی کە لەدێرزەمانەوە زاڵ یبوو بەسەریانا لەلایەن ڕێکخراوە بەکرێگیراوە کوردەکانی ڕژێمی سوریەوە وببوە بەربەستێك لەبەردەم هیواو ئومێدی گەلی کوردا کەئەویش ئازادی وسەربەستی خۆیان بوو، بەردەوام پاساو وبەهانەیان بۆ دەهێنایەوەو، کاتێك پاساو وبیانوو نەما بەگەلی کوردیان دەوت ئەمە کارێکی ڕاستە بەڵام هێشتا کاتی نەهاتوە.

3 ـ ڕاپەڕین کورد توانی بیسەلمێنێت کەزۆرینەی ڕێکخراوە کوردیەکان تێدەکۆشن بۆ بەدەستهێنانی سۆزی ڕژێمی بەعسی شۆڤێنی سوری ئەویش لەڕێی چاوپێکەوتنی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانەوە لەگەڵ پارێزگاری شاری جزیرە کەلەڕۆژی دوای ڕاپەڕینەکەدا بوو داوای داداگایی کردنی کوردە شۆڕش گێرەکانیان بوو بەتاوانبارەکان ناویان بردبون ئەوپاڵەوانانەی پەیکەری حافظ ئەسدیان تێشکاندبوو، بەڵی بەوجۆرە وشانە ڕێکخراوە کوردیەکان وەسفی پێشمەرگە پاڵەوناکانیان دەکردو بەتاوانبار ناویان بردبون.. !؟ هەروەها ڕێکخراوە کوردیەکان لەبەرواری 21 / 3 / 2004 دا هەستان بەخۆپیشاندانێك لەشاری قامیشلۆدا دژایەتی پاڵەوانیەتی خەلکی ڕاپەڕیویان دەکردو ئەو کارانەیان مەحکوم کردبوو.

4 ـ ڕاگەیاندن وبڵاوکراوە عەربی وجیهانیەکان دووچاری شۆك بون بەوەی بەشێکی کوردستان لەسوریادا هەیە هەروەها بەتەواوەتی ڕوداوەکانی ڕاپەڕینان شاردەوە کپیەکی تەواویان خستەسەر بەدڵنیاییەوە زۆر سەرزەنشتی هەڵوێستی ڕێکخراوە کوردیەکانم کرد نەك هەرلەسوریا بەڵکوو لەبەشەکانی تری کوردستانیش بەتایبەت کە ئاڵایان دانەواند وپرسەیان ڕاگەیاند لەباشوری کوردستاندا بەهۆی تەقینەوەیەك کەبەم دواییەدا ڕویدابوو لەناو شاری کەربەلا بەڵام بەداخەوە پرسەیان ڕانەگەیاند بۆ شەهیدانی ڕۆژئاوای کوردستان !، بەمەرجێك ڕاپەڕین توانی لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ڕۆژئاوای کوردستان بەتەواوی جیهان بناسێنێت کەبەشێکی کوردستان لەژێردەسەڵاتی دەوڵەتی فاشستی

سوریدایە بەڵام هەمان کار مێژویەکی دوورودرێژی بەسەرات تێپەڕیوە ڕێکخراوە کوردیەکان نەیان توانی چمکێکی کاری بکەرانی ڕاپەڕین بکەن.

5 - ڕاپەڕین توانی ڕۆژئاوای کوردستان بەرێتە نێونەخشەو پلانی نوێ لەجوگرافیای ناوچەیی ودەوڵەتیشدا کە گۆڕانکاری بەسەر ناوچەکەدا دەهێنێت بەگوێرەی سیاسەتی نوێی دەوڵەتیەوە.

6 - ڕاپەڕین سەرکردەی مەیدانی ڕاستەقینەی بەدستهێنا بۆ گەلی کورد کە سەرەتایەکە بۆ گەشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی.

7 - ڕاپەرین توانی تەوژمێك وهێزێکی مەزن وپاڵنەر ببەخشێت بەجالیەی کورد لەدەرەوەی وڵات کەبۆتە ئاگرێك هێزی خۆی خستۆتە گەر بەخۆپیشاندان لەڕۆژهەلاتەوە تادەگاتە ڕۆژئاوا کە لەڕابوردودا بەهیچ شێوەیەك ئەوەی بەخۆیەوە نەدیوە، تاوای لێهات لەهەندێ وڵات باڵوێزخانەی سوریان داگیرکرد لەسویسراو بەلجیکا لەگەڵ هەوڵێك لەبەریتانیاو توانرا ئاڵای سوریا داگیرێت تیایاو لەجێ ئەوئاڵایە ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد، هەروەها شوشەی ڕۆنیان هاویشتە باڵوێزخانەی سوریاوە لە لەندەن بەجۆرێك ڕەنگیان دەرکردبوو لە ئاڵای کوردستان دەچوو.

8 - سەدان وتارنوسرا ودەیان چاوپێکەوتن کرا لەگەڵ ڕۆژنامەو تەلفزیۆن لەدەسپێکی 12 / 3 وە هەرهەموشی باسیان لەکوردی سوریا دەکرد لەپێش هەموشیانەوە ئەو چاوپێکەوتنەی تەلەفزیۆنی کەناڵی ئاسمانی ((الجزيره)) لەگەڵ دکتۆر جواد الملا دا کردیان سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی کە لە 14 / 3 / 2004 دا وتی : ((کوردستان نیشتمانی منە پارچەیەکی لەلایەن سوریاوە داگیرکراوە بۆیە پێویستە لەسەر داگیرکەران لێیدەرچن)) بۆیە سەرۆك وەزیرانی سوریاو وەزیری دەرەوەی وچەندین کەسانی تری ڕەگەزپەرستی عەرەب بەهەڵداوان هاتنە سەرشاشەی تەلەفزیۆن تابتوانن بەرپەرچی قسەکانی د. جواد الملا بدەنەوە بەتوڕەیی یەکێك لەوانە لەسەرشاشەی تەلەفزیۆنی (الجزيره) وە لەبەرنامەکەی دکتۆر فيصل قاسم بەناوی الاتجاه المعاكس بەمجۆرە قسەی کردبوو : ((جواد الملای سەرۆکی کۆنگرەی عبری !! واتە سەرۆکی کۆنگرەی جولەکە.. وەرگێڕی دەقە عەرەبیەکە.. بەزمانی خۆی دەڵێت کە گوایە قامیشلی بەشێکە لەکوردستان هەرئەوەی ماوە بڵێت دمشق بەشێکە لە کوردستان)) حەزیان نەدەکرد باسی ڕاستی ودروستی مەسەلەی کوردستان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆئاگاداریتان ئەوان وڵامی ئەوانی تریان بۆنەدرایەوەو وڵامیشیان نەدایەوە، کەوابوو ئەمە وایدەگەێنێت جواد الملا بەوقسانەی توانی پەنجە بخاتەسەر جەوهەرو ناوڕۆکی ڕاستی مەسەلەی کورد هەرئەوەشەکە ناڕەحەتی کردون، فەیلەسوف وپێشەوای چین ماوتسی تونگ لەوتەیەکدا دەڵێت : گەربینیت دوژمنەکەت ناڕەحەتە لێت بەدڵنیاییەوە مانایوایە تۆ ڕیگایەکی ڕاستت گرتۆتەبەر، بەڵام گەربینیت شادومانە پێت ئەوا سەیری خۆتبکەو بەخۆتدا بچۆرەوە بزانە کەشکی تیانیە هەڵەیەکت هەرکردوە.

**کورتە**

ئەمڕۆ گەلی کورد ڕێژەی دەگاتە زیاتر لە 40 چل ملیۆن کەس بێجگەلەوەی بەملیۆنیش قوربانیداوە لەپێناوی سەربەخۆییدا، بەڵام ئەوەی هەیە سەرکەوتوو نەبوە لەبەدەستهێنای سەربەخۆیی تائێستاش کەرتکەرتەو لەلایەن سوریاو عراق وتورکیاو ئێران وئازربایجانەوە داگیرکراوە، سەرەڕای ئەوەی گەلی کورد گەلێکی ڕەسەنەو خاوەنی شارستانیەو مێژوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆهەزاران ساڵ لەمەوبەر کەمیرات هەڵگری ئیمپراتۆریەتی میدیە یەکێکە لەهەرە گرنگترین ئیمپراتوریەت لەمێژوی کۆندا. لەوەتی مرۆف وگیانلەبەر لەسەرئەم زەویدایە،، کورستان،، نیشتمانی گەلی کوردبوە، نەك هەرئەوەش بەڵکوو کوردستان بەشێوەیەکی مێژویی دووەم لانکی مرۆڤایەتیە، دوریش نیە یەکەم لانکی مرۆڤایەتی نەبوبێت، بەمەرجێك کەشتی نوحی تیاگیرساوەتەوە ئەم واتایەش سەرجەم کتێبە ئاسمانیەکان لەسەریکۆکن، کەچی ئەوپارچە پیرۆزە ئەمڕۆ دەناڵێت بەدەست داگیرکردن و کەرت کەرتبونەوە وەك داگیرکراوێکی دەوڵەتی. ئەو دیاردە سلبیانەی ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا بەدیدەکرێت دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك گرنگترینیان :

1 ـ لەگەڵ سەرهەڵدانی پەیمانی لۆزان ی 1923 کەنکوڵی لەبون وسەربەخۆیی کوردستان کرد، ئەوخاڵەش چوە نێو سیاسەتی دەوڵەتیەوە لەگەڵ ئەوبەروارەدا تا ئەوڕۆژەی مەرکەزی بازگانی جیهانی تەقێنرایەوە لەشاری نیویۆرك لە 11 / ئەیلولی 2001، ئەوەبوو لەوساتەوە ئەوسیاسەتە گۆڕانی بەسەراهات دوای ئەوەی کێشەکانی جیهان گەشتنە ناوماڵ وزێدی ئەمەریکیەکانەوە کەپێشەنگی سیاسەتی دەوڵەتیە، بەدڵنیاییشەوە زوربەی ئەوانەی هەستان بەوتەقینەوەیە عەرەب وئیسلام بون کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ پەیوەستبون بەودەوڵەتانەوە کەکوردستانیان داگیرکردوە، ئەوڕوداوە بوە مەکۆی گۆڕینی ئەرێی سەبارەت بەمەسەلەی کورد.

2 ـ دوای جەنگی جیهانی دووەم زوربەی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا یاخود سنوریان دەست نیشانکرا، لەپێناوی ئەوەیئ نتوان زەمانەتیبکەن وبیپارێزن، ئەودەوڵەتانە هەستان بەلێکۆڵینەوەی مێژوی گەلی کورد بەتایبەت سەبارەت بەبزوتنەوەو شۆڕشەکان وڕاپەڕینەکانی سەدەی نۆزدەهەم ونیوەی سەدەی بیستەم، لەئەنجامدا بۆیاندەرکەوت گسط شۆڕشەکان داخوازی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیان هەیە، دوا میرنیشینی باشوری کوردستان لە 1919 ـ 1924 مەملەکەتەی مەلیکی نەمر شێخ محمودی حفید بوو، لەگەڵ دوا کۆماری کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کەپایتەختەکەی مهاباد بوو سەروەری شەهیدان قازی محمد لەساڵی 1946 دامەزراندنی کۆمارەکەی ڕایگەیاند. بەڵی هەربەڕاستی داگیرکەران لێکۆڵینەوەی چڕوپڕیانکرد دەربارەی بزافی ڕزگاری خوازی گەلی کورد، بۆیاندەرکەوت ناتوانن بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد ڕاگرن بۆیە کەسانی خۆیانیان ناردە ناو پارتە کوردیەکانەوە لەپێناوی ئەوەی دووریان خەنەوەو لایاندەن لەئامانجە پیرۆزەکانیان یاخودهەرنەبێت بەڕەوتێکی تردابیانبەن دووربێت لەوئامانجە پیرۆزە، کەدەوڵەتی کوردیە، هاوکات لەگەڵ داڕشتن ودانانی بەرنامەیەکی تەسکی حزبیانەوە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە بۆهەر پارچەیەکی کوردستان ئەویش بەدوومەبەست یەکەم بۆئەوەی بتوانن جیاوازی تەفرقە بنێنەوە لەناویانداو وەک گەل ونەتەوەو نیشتمانیش هەروەها لەپێناوی ئەوەی بتوانن بەسەریانازاڵبن، دووەم بۆ ئەوەی بتوانن ئەرزشی ئامانجی گەلی کورد کەمکەنەوەو بۆئەوەی نەیهێڵن بەگشت شێوەیەك لەچوارچێوەی سنوری سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکەدا پەرەبسەنێت، لەپێناوی پاراستنی یەکیەتی وسنوری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان. ئەوئامانجە بوە ئامانجی ستراتیجی درێژخایەنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان کە لەهەمانکاتدا ئامانجی ستراتیجی درێژخایەنی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان یش بوو، کەوابوو ستراتیجی کوردستان هیچی لەبارانیە بۆ کورد تەنانەت گەربێتوو ملیۆنیك پێشمەرگەشی هەبێت گەرئامانجی درێژخایەنیان پاراستنی یەکیەتی عراق یان سوریا یاخود هەر دەوڵەتێکی تربێت کەکوردستانیان داگیرکردوە نرخی چیە گەربێتوو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخواز بەمشێوەیە بێت ئەوە بەرنامەی بێت هیچ مەترسیەك کەمناکاتەوە سەبارەت بەدواڕۆژی گەلی کورد لەمەڕ بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بەچەکی کیمیاوی یاخود تەقاندنەوەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەشاری هەولێر لەبەرواری 1 ی شوباتی 2004، دەتوانین ئەودیمەنە ترسناکە پڕلەتراجیدیایە بەمشێوەیە بهێنینە بەرچاوی خۆمان ولێکی بدەینەوە : یەکێکیان کۆتوبەند دەخاتە دەستوپێی گەلی کوردەوەو شەتەکیدەدات یەکێکی تریشیان خوێن وشەرف وکەرامەتی گەلی کورد دەخاتە ژێرپێوەو لەناویدەبات بەئارەزوی خۆی کاتێکیش لەباشترین حاڵەت وشیوازدا وڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە دەڵێن : ((ئێمە خەون بەدەوڵەتی کردیەوە دەبینین ومەبەستیشمانە بێتەدی بەڵام چی بکەین باوردۆخەکە لەبارنیە یاخود کاتی نەهاتوە هەمیشە ئەوە وڵامەکەیان بوە)) تاکار گەشتە ئەوەی گەلی کورد دووچاری بێ ئومێدی بێت سەبارەت بەدواڕۆژ، کەسانی تریش وزەوتوانای خۆیان بەهەدەرداوە لەو بازنە هەمیشە خولاوەدا کە گەلی کورد نەتوانێت لێدرەچێت وتەنانەت ئاسۆکەشی تروسکایەکی تیا بەدیناکرێت، لەوش زیاتر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بەردەوام هەوڵدەدات ڕاستیەکان بەشاراوەیی بهێڵێتەوە لەلای گەلی کورد کەچی ئەو نهێنیانەش پەیوەندی بەگەلی کوردەوە هەیە خۆی لەخۆیدا ئاشکرایە، ئەوەی خیانەتی لەبەڕێز عبداللە ئوچ ئالان کرد کەسێکی سوری بوو پاش پانگزەساڵ هاوڕێەتی ئەوەی لەگەڵ کرد کەچی لاینگرەکانی شەو وڕۆژ خەریکی باسکردن وڕونکردنەوەی خیانەتەکەی ئیسرائیل وئەمەریکیەکانبون بەڵام گەربیری لێ بکەینەوە تائێستا نەمانبیستوە ئەمەریکا یان ئیسرائیل دۆستی عبداللە ئوچ ئالان بوبێتن تاخیانەتی لێ بکەن، هەروەها تەقینەوەکەی 1 ی شوبات کەلەشاری هەولێر کردیان وسوریاو تورکیاو ئێران پلانیان بۆ داڕشتبوو کەبائاشکرا هەڕەشە دەکەنەسەر

هەرکێانێك کوردی بێت لەباشوری کوردستاندا، بەمەرجێك داوایان لەڕێکخراوێکی ئیسلامی کردبوو هەستن بەو تەقینەوە قێزەونە بەدوور لەهەموو عورفێکی ئینسانی وئاینیەوە تەنها بۆئەوەی پشێوی بخەنە ئاسایشی کوردستانەوە، بەڵام هیچکام لەو ڕێکخراوی ڕزگاری خوازیانەی کوردستان باسی ئەوڕاستیەیان نەکرد بەهیچ شیوەیەك.

3 ـ بەڵای سێهەم ئەوەیە کە ئەودەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە ڕژێمەکانیان سەرلەبەر دکتاتورو شۆڤێنی جوراو شمولین، باوەڕیان بەهیچ مافێکی کوردنیە بەڵکوو هەوڵیشدەدەن نکوڵی لەبونی گەلی کوردیش بکەن، تەنانەت وشەی ((کورد)) قورسە لەسەر زمانیان ونایانەوێت گوێیان لێی بێت ئیترچۆن پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوجۆرە ڕژێمانەدا دەچێتەسەر بەدڵنیاییەوە گەر ئەوە ڕویدا ئەوا کوشتن وبڕین بەرفراوانترین شێوازیان دەبێت لەچارەسەرکردنی گشت کێشەکاندا، خەڵکانی بێگوناح لەهەردوولا بۆ ماوەیەکی زۆر تیادەچن لەوانەشە سەدەیەکیشی پێبچێت ناوچەکەش ناتوانێت بەئاشتی وئارامیەوە بژی و پێشکەوتن بەخۆیەوە نانینێت ، بۆیە باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە کورد دەوڵەتی خۆیان هەبێت، بەبونی دەوڵەتی کوردیەوە لەهەردوولا ئاشتی و ئارامی وئاوەدانی وپێشکەوتن بەرقەراردەبێت بۆگشت لایەنەکان، لەبەرئەوەی ئەودەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە دەست لەکرینی چەك هەڵناگرن بۆئەوەی کوردی پێبکوژن ئەوداهاتەی خەرجەدکرێت بۆکڕینی چەك گە بۆخۆشگوزەرانی گەلەکانیاندا خەرجیدەکەن ئەوا بەدڵنیاییەوە ژیانێکی خۆش دەبەسەر. ڕێك لەدەقی وتەکانی زانای عەربی دەچێت دکتور محمد المهدی لەوتارێکی بەناوبانگیدا باسیدەکات بەناوی ((عراقیکی بچوکتر عراقیکی بەهێزتر)) لەڕۆژنامەی التیاردا بڵاوکراوەتەوە کەمامۆستا سامی فرج علی دەریدەکرد بەرلەچارەکە سەدەیەك لەشاری لەندەن. مامۆستا سامی بەیەکێك لەپێشەوا سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی عراقی شەفاف ونەزیە دادەنرێت لەدوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری عراقی مامۆستا سامی چەندین چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵما سازکرد لەڕیی بەرنامەکەیەوە النادی السیاسی لەسەر کەناڵی ئاسمانی عەرەبی ANN لەڕێگەی بەرنامەکەوە تونرا دەست بخرێتەسەر زوربەی بابەتە عراقیەکان بەشێوەیەکی گشتی هەروەها مەسەلەی کوردیش لەگەڵ مەسەلەیەکی حاشا هەڵنەگرو خۆسەپێنەری وەك مەسەلەی زەروریەتی حەتمی دروستبونی دەوڵەتی کوردی بەشێوەیەکی تایبەتی، بێشك لەشێوەی پرسیاری چڕوپڕ داڕێژرابوو کەمامۆستا سامی ئاراستەی منی دەکرد بەبێ ئەو جۆرە پرسیارانە بونەدەکرا ئاوا بەجوانی دەست نیشان نەدەکرا وبەوردی وڵامی بدەمەوە. چارەسەرەکەشی بەوەدەبێت کەگەلی کورد خۆی هەستێت بەپرۆسەیەکی چڕوپڕی گۆڕانکاری سەرتاسەری لەڕەگوو ڕیشەوە، پرۆسەی گۆڕانکەریەکەش دەبێت لەخودی کوردەوە دەستپێبکات یان جوانتروایە بڵێین بگەڕێتەوە بۆ ئامانجی ڕاستەقینەی کورد کەئەوەش دەوڵەتی کوردیە ودەبێت بەجۆرێك ماڵی کورد ڕێکبخرێتەوە لەسەربنەمایەك بێت کە هەرچی داگیرکەر بونیاتی ناوەوە ودروستیکردوە وکەڵکەبوە بەسەرمانەوە وگورزی باشی لێوەشاندوین لەماوەی ئەم سەدەانەداو لەێك کاتدا هەموی بیپوکێنتەوەو لەناوی بەرێت .

دەڵێن گوایە بەچکە گورگێك هەرئەوەندەی لەدایك بوو جیایان کردەوە لەگورگەکانی ترو لەژیانی کێوی دوریان خستەوە، پاشان هەستان بەپەروەردەکردنی بەشێوەیەکی زۆرجیاواز لەژیان وخەسڵەت وسروشتی خۆی، پاش ئەوەی بەوجۆرە جیاوازە پەروەردەیانکرد جارێکی تر بردیانەوە بۆکێوەکان تاژیانی کێوی خۆی دەستپێبکاتەوە، هەرئەوەندەی گورگە بێچوەکە گوێی لەوەڕینی گورگەکانی تربوو وهەوای کێو ودەشتوو چۆڵەوانی هەڵمژی بەیەك سات ویەك چرکە بێچوە گورگ گەڕایەوە بۆ دۆخی سروشتی خۆی بەمەرجێك لەمەوبەر ئەوجۆرە ژیانە نەژیاو ونەشیدوە، پەروەردەکردنی سۆشیالیستی وکارتێکردنی یەکیەتی شوڕەویش بۆماوەی زیاتر لە 70 ساڵ بەهەمان شێوە بوو ئەوپەروەردەیە لەتوانیدا نەبوو هەستی مرۆڤەکان بگۆڕێت لەئاست حەزی مڵکداری تاکەکەس (التملك) هەربۆیە زووبەزوو مرۆڤەکان گەڕانەوە بۆ دۆخی جارانی خۆیان ویەکیەتی شوڕەویش هەرەسی هێنا بەبێ ئەوەی کەسێك خۆی بۆ بسوتێنێت بەوەی ئاماژە بدات کە دژ بەوهەرەسە بوە، سەربەخۆییش بەهەمانشێوەیە هەرگیز ناکرێت جیابکرێتەوەو زەوتبکرێت، ئەگەربێتوو سەربەخۆیی تۆ دیاریکراو مەرجداربوو ئەوابەدڵنیاییەوە تۆسەربەست نیت بزانە.

پێویستە لەسەر گەلی کوردیش پرۆسەی شتنەوەی مێشکی کورد ڕەتکاتەوە (غسل الدماغ) کە لەچەند سەدەیەکەوە گیرۆدەی بوە وبەجارێك پوکانتدویەتی وبەجۆرێکی لێکردوە هەمیشە هەڵنوتێ وبگری وکڕنوش بەرێت لەئاست

هەموشتێکدا.. بەکوردی دەڵێن بەعەکەومەکەوە .. تەنها لەپێناوی ئەوەی ڕێچکەیەك بەدەست بهێنێت بۆمافەکانی خۆی. بەڵام ئەم ڕاپەڕینەی بەندە داوایدەکەم لەڕۆڵەی بەئەمەکی گەلی کورد، بەجۆرێکە وای لێبکات لەچرکەساتێکدا بیری ئەوەبیکەوێتەوە کە باپیرانی بەدەستیان هێناوە هەر لەئیمپراتۆریتەوە تاشارستانی بەرلەهەزاران ساڵ، هەروەها باپیرانیان تۆپیان دروستکردوە دراویان داهێناوە لەسەردەمی ئیماراتی بۆتان و ڕەواندوزەوە بەرلەسەدان ساڵ لەمەوبەر .

**نامەی سوپاس گوزاریم**

لەناخی دڵمەوە سوپاس وپێزانینی خۆم ئاراستەی سەرجەم ئەوبرایانە دەکەم کەتێبینی ونوسینی خۆیان بۆناردم، هەوڵمدا پیرۆزی بۆچونی بەشداریکردن وهاوبەشی بپارێزم وراگرم لەنوسینەوەی ئەمکتێبەدا لەبەرئەوی بابەتەکە سەرجەم گەلی کورد دەگرێتەوە، ئومێدەواریشم ئەمبابەتە لەدواڕۆژدا بایەخێکی گەورەتری پێبدرێت ولێکۆڵینەوەی بەرفراوان پوختوپاراویشی بۆبکرێت بەگوێرەی گەورەیی وپیرۆزی خۆدی بابەتەکە، هەروەها کاربکرێت تابتوانرێت بگەێنرێتە بەرزترین ئاست وبەچەندەها زمانیش بڵاوبکرێتەوە لەپێناوی ئەوەی بەجیهانی بگەێنین گەلی کورد لەڕۆژئاوای کورستان چی بەسەرادێت لەپلانی بۆگەنی ڕەگەزپەرستی بەدەستی جۆرەها شۆڤێنستەوە. ئەوەی برایانی بەڕێزکاك ئەسد ئاسۆ وشێخ عمر غريب ودکتۆر ئالان قادر نوسیویانە لەنامەو لێکۆڵینەوە وشیکردنەوە کەلەکۆتایی کتێبەکەدایە دەقاودەق وەك خۆی چۆن هاتوە ئاواش نوسرواوەتەوەو دەتوانم بڵێم تەواوکەریشە سەبارەت بەبابەتی کتێبەکە بەهۆی ئامانجی پیرۆزیەوە، سەرجەمی ئەم کارانەش خۆی لەلابردن ورزگارکردندا دەبینێتەوە لەژێر فشارو چەپۆکی زۆرداری کەبەسەر گەلی کوردەوەیە لەپێناوی یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی ودەربازبونی لەدەست جەوری لکێنراوی و داگیرکردن. هەروا ئاشکراکردنی پلانی داگیرکەرانی شۆڤێنی، هەروەك لەباڵانامەی (دکتۆرا) ی دکتور أحمد رسول دا هاتوە و ئاماژەی پێدەکات سەبارەت بەفیدرالەیەتی کورد بەجوانی بەڕوونی دەستی خستۆتە سەرکلیلی مەسەلەی کوردو یەکیەتی فیدرالی نێوان کوردو هەرێمەکانیان وئەمارەتەکانیان وئاینیان وبونیاتنانی دەوڵەتی چاوەڕوانکراوی ولایەتە یەکگرتوەکانی کوردستانی.

بۆ پێشەوە لەپێناوی گۆڕان وبونیاتنانی دەوڵەتی کوردی.

**د. جواد ملا**

**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان**

لەندەن 21 / 3 / 2004

## دەقی تەواوی کتێبی

## ((لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پارێزگاری جزیرە لەڕوی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی سیاسیەوە))

## محمد طلب هلال نوسیویەتی

بەرلەهەموو شتێك دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێم کەئەم لێکۆڵینەوەیە کەموکورتی تیایە هەرلە کەموکوڕی وردەکاریەوە هاوکات لەگەڵ کەموکورتی لەخەتە پانەکانیدا ئەگەربێتوو ڕێگەم پێبدرێت هۆکاری ئەوکەموکوڕیانە بگێرمەوە بۆپێداویستیەکانی خۆدی بابەتەکە لەبەرئەوە پێویستە بڵێم :

1 ـ نەبونی سەرچاوەی پێویست لەمەڕ لێکۆڵینەوەکە نەك هەرئەوە بەڵکوو نەبونی لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی پڕسەنگ بەگوێرەی خۆی کەبکرێت دەست بخاتەسەر خاڵەکان تائاماژەی پێبکرێت سەبارەت بەپارێزگاری جزیرەوە کەپشتگوێخراوە لەڕاستیدا پێویستی بەلێکۆڵینەوەی چڕوپڕو بابەتیانەو زانستیانە هەیە .

2 ـ تەنانەت ئەوسەرچاوە کەمانەی کەتوانیم بەدەستی بهێنم بەوکەمەیەی خۆشی ڕاپۆرت بون لەبری ئەوەی لێکۆڵینەوەبێت، ئەویش چارەسەری حاڵەتێکی ئانی دەکات یاخود باس لەڕوداوێکی کوتوپڕی دەکات بەدورە لەوبارەوە کە پەیوەندی بەباتەکەوە هەیە.

3 ـ ئەوئەزمون شارەزاییە تایبەتیەی خۆم هەمەو پێوەی ماندبوم لەگەڵ ئەوئەزمونەی لەخەڵکانەوە بەدەستم هێناو کەشارەزاییان هەیە لەناوچەکەدا کەزۆرینەی لێکۆڵینەوەکەی منی گرتوتەوە.

4 ـ ئەوماوەیەی ئەزمونی خۆمم تیا بەدەستهێنا سەبارەت بەپارێزێگای جزیرە تائێستاش شەش مانگم بەسەر نەبردوە تیایا بۆیە زۆر پێویستە لەسەرم دان بەوەدابنێم کەئەو ماوەیە زۆرکەمە بەشی ئەولێکۆڵینەوەیە ناکات بەتایبەت کەمرۆڤ ڕۆژانە سەرقاڵی چڕی کارەوباری ڕۆژانەی خۆی دەبێت ئەویش بەڕۆڵی خۆی دووریدەخاتەوە لەولێکۆڵینەوەیەی خەریکیەتی.

5 ـ دواجاریش دەڵێم ئەوەبۆچونی تایبەتیە زیاترلەوەی لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانەو چڕوپڕبێت کەبۆتە تاکە هۆکاری خێرایی لەم بوارەدا کەتێدەپەڕێت بەسەر پارێزگاری جزیرەدا لەئەمڕۆدا هاوکات لەگەڵ مەترسی قۆناغی ئێستا کەلەم ماوەیەدا ڕوودەدات لەسەروی وڵاتی عراقی خۆشەویستمانداو چکارکردێکی بەسەریەوە هەیە، هاوکات ڕوداوەکان بەچشێوەیەك کاردەکەنە سەرپارێزگاری جزیرە کەدراوسێیە لەگەڵیان.

6 ـ کەوابوو ئەم لێکۆڵینەوەیە پڕۆژەیەکە بۆلێکۆڵینەوەو هەوڵدانێشە بۆبەپڕۆژەکردنی لێکۆڵینەوەیەك زیاترلەوەی خۆی لێکۆڵینەوەبێت، بەوپێیەی کە خەتەپانەکان دادەپۆشێت وهاوکات بۆچونیشە کەهەستدەکەم وپێموایە زۆرپێویست وپیداگرە بیزانین و ئاگمان لێبێت تاوەکوو بتوانرێت بیرۆکەیەك بەدەست بهێنرێت بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئاشکرابێت وبەرپرسەکەنمان بتوانن بەرنامەیەکی بۆدانێن لەبەرئەوەی بەبۆچونی من کاتی ئەوە هاتوە بۆدانانی پلانێکی پتەو بۆئەم پارێزگارە دارێژین وپاکیکەنەوە لە کەسانی نامۆ یاخود بێگانە، تاهیچ گەردێك نەمێنی چونکە ئەوان ئیستعمار لەپشتیانەوەیەو لەم زەویە پیرۆزە بەپیت وخاوەن سامانە زۆرەدا بەگەندەڵی دەژین لەسەر بودجەی نەتەویی وبەتایبەت لەم کاتدا بۆنوبەرامەی نەوت لەکێڵگە نەوتیەکانی (رمیلان و قورە شوك) وە بەرزدەبێتەوە ئەوەش خۆی لەخۆیدا کێشەکە ئەوەندەی تر گەورەدەکات.

7 ـ دواجار بەگوێرەی کاروپیشەی خۆم لەم پارێزگارەدا بۆمدەرکەوت کەئەرکی سەرشانی خۆمە یەکەم وەك هاوڵاتیەك ئەم لێکۆڵینەوە پێشکەش بەلاوانی بەئەمەکی نەتەوەکەمان بکەم لەولاوانەی باوڕیان بەسەروەری نامەی نەتەوەکەیان هەیە هەروەها بەو گەنجانەی کەڕاستەوخۆ پەیوەستن بەم لێکۆڵینەوەیە بەتایبەت پێشکەشی دەکەم بوگەنجە دڵسۆزانە کە بەئەمەکن بۆ نەتەوەکەیان دواجار هیوادارم توانیبێتم تیشکی تەواوم خستبێتەسەر ئەوبوارەی ئاراستەمکردوە لەڕوی

زانیاری لەم کتێبەدا تاوەکوو ئەوان بتوانن هەڵوێستێکی جوامێرانەی درێژخایەن وەبگرن سەبارەت بەهەرشتێك پەیوەندی بەم پارێزگارەوە هەیە وهەروەها بتوانرێت سەبارەت بە بەرپسەکان بیخەنە پلەی یەکەمەوەو لەسەری سەرەوە بەگرنگی حسابی بۆبکەن نەك پەراوێزبکرێت لەبەرئەوەی بەڕاستی شایانی ئەوەی هەیە بگرە زۆرلەوەرش زیاترە. هەروەها دەمەوێت سوپاسی خۆم ئاراستەی ئەوکەسانەبکەم کە یارمەتیانداوم بەگوێرەی توانای خۆیان لەڕوی زانیاری وشارەزایی خۆیانەوە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەو کە ئەو دەستنوس وچاپکراوانەی پێشکەشیان کردوم لەسەرو هەموشیانەوە بەڕێز پارێزگاری حسەکە سعید السید، لەوانەشە ئەم بابەتە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی لێکۆڵینەوەی وردو چڕوپڕتر لەڕوی بابەتیەوە سەبارەت بەم خاکە بەپیتە بەخۆی وگشت سامان وبەرەکەتیەوە، هەروەها هیوادارم بخرێتە بەردەسیت تاوەکوو ببێتە هۆی مشتومڕکردن لەسەر بابەتەکە بەهۆی ئەوبیرۆکانەی کتێبەکە لەخۆیگرتوە چونکە بەگفتوگۆ ورەخنەی دروستکەری شەفافانە نەتەوەکەمان دەگاتە سەرڕێی ڕاست، سەرکەوتوییش لە اللّه وەیە.

**ملازم ئەوەل محمد طلب هلال ــ سەرۆکی بەشی شعبەی سیاسی حەسەکە**

**دەستپێك (2) :**

ئەم پارچە خاکە گرانبەهایەی نیشتمانەکەمان کەڕۆژگار چی بەسەراهێناو زەمانە چ جۆرە پلانی گڵاوی بۆئامادەکردوە کەڕۆژگار لەگەڵ خۆی دەیهێنا ودەیبرد تاوای لێهات دووچاری پشتگوێی وغەدرو دەسیسەو چی وچی بێت کەئێستا پێوەی دەناڵێنێت هەر لەئاژاوەی ڕەگەزپەرستیەوە تادەگاتە داکۆکی تایفەگەری وباروەدۆخی خێڵەکی دواکەوتوو هەروەها بۆتەشانۆیەك بۆقەومی تری لەناوچوو کەمێژوو لەبیرخۆی بردۆتەوەو هەرچی بەسەراهێناو هێناویەتی کردونی بە مەسخەرەی خۆی، هەربەڕاستی تێکەڵەیەکی سەیروسەمەرەیە کەهیچ عەیبێکی تیانیە جگەلەوەی بۆتە مەرکەزی قورسایی بەسەر بودجەی نەتەوەییەوەو بۆتە مەرکەزی قورسایی بەسەر بەرهەمی ئابوریەوە، هەروەك بڵێیت ئەوەی ڕۆژگار بەسەریانا هێناوە بۆی هەڵبەستوە لەزۆرداری شەوانێکی پڕجۆش وغەدرو بەسەر ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەوە لەلایان بەرپرسەکانیەوە یەك لەدوایەکیان بەگوێرەی ڕۆژگار لەگەڵ خەڵکانی بێگانە کەسەر بەموڵاتە نین وبۆنەتە بارو قورسایی وەك سزایەك بەسەرمانەوەن، تاوای لێهاتوە خاپورەکەیان بۆتە خوێنێك کەبوە بەهێزێك بۆ لیدانی ڕۆڵە ڕەسەنەکانی ئەم نیشتمانە، بەداخەوە هەردەڵێیت سرودی خەمباری دەڵێنەوە بەدرێژایی سەردەمەکان لەگەڵ خۆی دەیبات چیرۆکی ئەم گەلی عەرەبی باش وبەسەبرو خۆڕاگرە دەڵێتەوە کەلەمێژوی خۆیدا جگە لەهەستی مرۆڤانەو چاکە زیانی نەبوە وهەمیشە لانەو پەناگەو بەخێوکەربوە تاکارگەشتە ئەوەی هاوارو کروزانەوەی خاپور بەجۆش وخرۆشێکی زۆرەوە ئێجگار بەتوڕەییشەوە هاواردەکات وهانامان بۆدەهێنێت بەجۆرێك بیری نرکەو ناڵەی یافامان دەهێنێتەوەیاد دەڵێت (ئیماندار دووجار لەکونەکەی خۆیدا پێوەی نادرێت) یاخود وەك شاعیری عەرەبیمان دەڵێت :

وریابن وەرنەوە هۆشی خۆتان ئەی حەرەب      شمشێر زۆری هێناو چۆڕاگەیەکی دروستکردوە گەشتۆتە ئەژنۆ

اللّە گەوریە ئەم خەوە چیە      ڕەحم گازتان دەکات وخاکیش لەیادتانایە

چەن لەخۆتان دەدەن وگامییش ناکەن ئێوە      چەندیش توڕەدەبن وتوڕەییتان پێوەدیارنیە

بەڵێ : پێویستناکات من باسی مێژوی ئەم پارچە زەویەی نیشتمانەکەمان بکەم چی بەسەراهاتوە هەر لەپلانی دوژمنان وغەدرو پشتگوێخستنەوە، هەموشمان باشدەزانین تورکەکان لەڕابوردودا چۆن چاویان تێبڕیبوین وچۆن بون لەگەڵماندا هەروەها چاوتێبڕینی ئەڵمانیەکان وفەڕەنسیەکان وئینگلیزیش. نەك بۆئەوەی بیخەنەسەر وڵاتەکەی خۆیان وەك زەویەکی بەپیت ـ بێجگە لەتورکەکان ـ بەڵکوو لەپێناوی ئەوەی لەنەتەوەی عەرەب بدەن لەهەموو لایەکیەوە بەڵام جۆرە لێدانێك کە بکوژبێت، لێکۆڵەر گەلێك زۆربون لەعەرەبی ناحەزو غەیرە عەرەبیش، کەلەڕاستیدا خۆیان ئەفسەری هەوڵگرو سیخوڕبون لەگەڵ کۆمەڵێك کەلێ کۆڵینەوەو شیکردنەوەیان دەکرد بەڵام ئامانج ودروشمیان ئەوەبوو ((ڕێگربن دەوڵەتێك

دروست بێت ناوی دەوڵەتی عەرەبی بێت)) تاکارگەشتە ئاستی هەڕشەو زەنگی مەترسی خۆی لێدا هاوارو هانای هێنا بۆ ویژدانی زیندوی عەرەب تافریاییکەوێت وبەهانایەوە بچێت پاکیبکاتەوە لەخڵتەی مێژوو لەپێناوی ئەوەی لاداتەوەو بەکاریگەرانەو چالاکانە بەشدارییکات وەك دەستە خوشکی خۆی لەکورگەلی پارێزگارەکانی ئەم هەرێمەی وڵاتە عەرەبیەکەمان داوادەکات فریاییکەوێت، ئەویش بەهۆی پێگەو چێگەی جوگرافی و زۆری بەرهەمی سامانە سروشتیەکانیەوە. ئەمڕۆ تۆ خۆت بەناکۆك وجیاواز تیایا دەژیت، جاری واهەیە هەستدەکەیت لە لەوڵاتێکی ناعەرەبیدا دەژیت جاریواش هەیە هەستدەکەیت لەگەڵ کلدانی وئاشوریدا دەژیت هەردەڵێی لە (3500) ی بەرلەزاینیدا دەژین جاری واش هەیە هەستدەکەیت لەسەردەمی جاهلیەتی پێش ئیسلام دەژیت بەگشت پێکهاتەکانیەوە جاری واش هەیە دەڵێی لەناو گەڕەکێکی لاتینی پاریسدا دەژیت خواش شایەتی هەموو قسەیەکمە، هەموو ئەم ناکۆکی ونەشیاویانە لەجزیرەدا هەیە، بەڵکوو لەوەش زیاتر.

# بەشی یەکەم

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی بۆ کێشەی کورد

### 1 ـ کێشەی کورد لەیەکەم سەرهەڵدانیەوە تاوەکوو سەرەتای سەدەی بیستەم.

ڕەسەنی گەلی کورد : تائێستاش زانایانی ڕەگەزە ڕێکنەکەوتون لەسەرڕەسەنی ئەم گەلە، سەرەڕای لێکۆڵینەوەی تەواو وپێویست لەوبابەتەدا بەڵام نەگشتونەتە ئەنجامێك هێشتا بەجۆرێکە ئەم گەلە تائێستاش بەبێ پێناسەی نەتەوەیی دەژی. هەندێك لەزاناکان گێڕاویاننەتەوە بۆگەلێك پێدەڵێن (کوردۆخ) کەلە (2700) ساڵ لەمەوبەر لەوناوچەیەدا ژیاون. بۆچونەکان وابوە گوایە ئەوانە باپیرەی کوردەکان بون. هەشیانە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی ڕەتکردۆتەوە. گوایە ئەوەش لەزمانی کوردی ئیستادا هاتوە کەئەویش دەگەڕێتەوە بۆزمانی زندی کەئەمیشیان بەگوێرەی خۆی دایکی زمانی کوردی وئێرانیە. ئالەو بۆچونەوە بوە هەندێ لەزاناکان گرێیانداوەتەوە بەوەی کوردەکان لەڕەسەنی ئارین. وەك ئێرانیەکان وئەرمەن وگەلانی تریش لە ئاسیای ناوەڕاستدا، ئەم بۆچونەش بەوە پتەوکراوە کەهۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوی زۆری نەتەوەکانی دیکە کەناوچەی ئێستای کوردەکانیان داگیرکردوە لەوڵاتی فارس وئورمیەدا . لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتوە کە کوردەکانی ڕۆژهەڵات جیاوازن لەگەڵ کوردی ڕۆژئاوادا لەڕەنگو شێوەی سەریشیاندا. هەروەکچۆن ئەمدوانەش جیاوازن لەگەڵ کوردی باشوردا. هەربۆیە دەبینیت شێوەیان جیاوازە تەنانەت پێوەرە زانستیدا هیچ هۆکارێك پێکەوە کۆیان ناکاتەوەو لێکۆڵینەواکانیش ئەوڕاستیە دوپات دەکەنەوەو پشتراستی دەکەنەوە کەهیچ تایبەتمەندیەکی ڕەگەزایەتی ڕەسەنیان نیەو لەیەکناچن، بەمشێوەی کۆی دەنگەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کەکورد تێکەڵەیەکبن لەچەند خێڵێکی جیاواز لەئێران وئەرمینیاو سەرجەم گەلانی تری ناوچەکەوە هاتون. هاوکات لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی کراوە لەسەر بارودۆخیان لەم بوارەدا کە بەدڵنیاییەوە چیاوازی زۆر لەناویاندا دەردەکەوێت ئەوجیاوازیانەش دەگاتە ئاستی ڕەگەزو زمانی کوردیش دەگرێتەوە. زۆرجار دەبینیت هەندێ لەوخێڵە کوردانە ناتوانن لەگەڵ خێڵەکانی تر لەیەکتری بگەن جییاوزیەکە ئێجگار زۆرە لەنێو زمانی خێڵەکاندا. گەربێتوو ناوچەکەش لەبەرچاوبگرین دەبینین بەدرێژایی چەرخی زەمانە جێگای پێکادان و هێرشکردن بوە لەلایەن داگیرکەرو هێرشکەرانی وەك مەغۆل وتەتەر وچەندەها ڕەگەزو خێڵی جیاجیاتریش کە بەناوچەکەدا ڕەتربون داگیریان کردوە. (3)

کەوابوو دەتوانین بڵێین گەلێك نیە بەناوی گلی (کورد) ەوەبێت،هەروەها نەتەوەیەکیش بەمانای وشە پێبوترێت نەتەوەی کورد. لەوانەشە ئەوە نەبێتە ناونەتۆرە بۆ ئەو گەلە مادام خۆیان ڕەچەڵەکێکیان نەبێت بەمانای پاراوی خۆی ئەگەربیگێڕینەوە بۆسەر ڕەگەز (عرقی). بەڵام ئەگەربێتوو بیشیگێڕنەو ەسەر زمانە کونی کوردیش وەك خۆیان دەڵێن گەربێتوو ئەو واتایە ڕاستبێت ـ بۆمان دەردەکەوێت کە ئەویش هیچ بنەمایەکی زمانی نیە، ئەگەر بشگەڕێنەوە بۆ مێژوی زمانە کۆنەکان وچۆنیەتی سەرهەڵدانی و کەی بوەو کەی سەریهەڵداوە لەڕوی شارستانیەوە شارستانیەتی ڕابوردوو بەهیچ شێوەیەك زمانێك بەدی ناکەین ناوی زمانی کوردی بێت. بەڵکوو زاراوەی جۆراوجۆر هەبوە هەرخێڵکیش زاراوەی خۆی وتایبەتمەندی خۆی هەیە هەرزاراوەیەکیش لەوانە لەزاراوەکانی دیکە جیاوزن ولەیەکتری ناگەن مەگەر لەڕێی پاچڤەوە لەیەکبگەن (وەرگێڕانەوە) ئەوەش شتێکی سەیرنیە زۆری هێرشکەران وداگیرکەران بەخۆیان وجیاوزیانەوە کەیەك لەدوای یەك کاریان کردۆتەسەر ناوچەکەو هاتونەتە ناویەوە بۆتە هۆکارێك ودیاردەیەك بەسەر زمانەکەیانەوەو تایبەتمەندی خۆی جێ هێشتوە بەسەریەوەو هەرچی دیاردەی زمان هەیە لێی سەندۆتەوەو بێبەشی کردوەلێی جا ئەگەربێتوو ببینین ئەمڕۆ کەسانێك نکۆڵی لەوەدەکەن ئەوا بەدڵنیاییەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئیستعمار وبەجدی کاردەکات بۆدروستکردنی گەلێك تایبەتمەندی وبنەمای خۆی هەبێت. ئەمەو لەگەڵ هەوڵدانێك بۆڕیکخستنەوەی زمانێك بەگوێرەی ڕۆژگار کەلەڕاستیدا لەڕەچەڵەکەوە شتێك نیە جگەلەوەی زاراوەی تایبەتیە وەك زاراوەی (النور) ە وهیچی تر، هەرکەسێکیش ئیدعای شتێکی تربکات بەرەوڕوی مێژوی زمانەکانی دەکەینەوە. کەوابوو لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت نەتەوەیەك نیە بەناوی کوردەوە لەبەرئەوەی بنەماو خەسڵەتی نەتەوەی لەدەست چوە ونیەتی، بەگوێرەی

ئەم دەرئەنجامەش کەواتە کوردەکان نیشتمانێکی نەتەوەییان نیە بەڵکوو مەسەلەکە ئەوەیە خەڵکانێك هەن لەوکێوانەدا دەژین بۆیە سروشتیش سیفەتێکی تایبەتی پێ بەخشیون وەك هەموو دانیشتوانی ناوچەیەکی دایاریکراو کە دەکرێت سیفاتی تایبەتی بدات بەدانیشتوانەکەی وەك چۆن لەناو نەتەوەیەکدا بەدیدەکرێت دانیشتوانی ناوچە شاخاویەکانیان جیاوازن لەچاو دانیشتوانی دەشتەکیەکان هەروەها لەگەڵ دانیشتوانی قەراغ ئاو وشارەکانیشدا هتد.. گەلی کورد لەوەزیاترنین ولەوەش زیاتر تێپەڕناکەن سەبارەت بەم بوارە نەمێژویان هەیەو نەشارستانیەت ونەزمان وتەنانەت نەڕەگەزو نەڕەچەڵەکیش، مەگەرتەنها سیفەتی بەهێزی وکوشتوبڕی وکەلەڕەقی نەبێت شتێکی تریان نیە ئەوەش تایبەتمەندی دانیشتوانی شاخ وکێوەکانە، ئەگەرهاتوو بەگوێرەی ئەم بۆچونە بڕۆین بەڕێوە ئەوا پێویستە لەسەرمان بنەمای بەهێزکردنی نەتەوەی مێژویی دێرن وپێوەرەکانی بگۆڕین بەوی تر ئنجا ببینە چەن زۆرن ئەو نەتەوانەو چەند بەرتەسکیشە ڕەسەنایەتیان، مەنتقی عەقل وامان لێدەکات گوندی دورەوخراوە بەدیبکەین جیاوازبێت لەگوندەکانی تر ناچارریشین ناوی بێن نەتەوە ئاوا بەم شێوەیە.. بەمشێوەیە مانای وایە بەرەو دواوە گەڕاینەوە بۆ مەنتقی درۆینەی سوریە نەتەوەییەکان. ئەوەشی بخەرەسەر کەئەوانە لەڕابوردودا چەندین ئاینی جیاوز چوراوجۆریان هەبوە تائیسلام سەری هەڵداو توانینیەوە لەڕوی ئاینەوە بەتەواوی ئەوانە خەڵکانێکن لەسەر بەروبومی شارستانیەتی نەتەوەکانی تر دەژین کەهیچ بەشێکیان نیە تیایایەو نەهیچیشیان پێشکەش کردوە هیچ کاریش ناکەنەسەر ئەونەتەوەو شارستانیانە تەنانەت بەتاڵەمویەکی بچوکیش چیە کەرناکەنە سەربەرهەمەکانیان ئیتر هەرچیەك بێت.

ئەگەر ئەمڕۆش کەسێك هەبێت لوت بەرزی خۆی بنونێت وبڵێت یائیدعای ئەوەبکات بلێت ئەوە ئەمری واقیعە وکێشەیەکە تازە دروست بوە ئەوا هیچ وڵامێکمان نیە بۆی جگەلەوەی کەدەیڵێین بگەڕێرەوە بۆ ڕەشەبای سیاسی جیهانی بەکۆن ونوێیەوە کەچۆن وەك داردەست وبوکەشوشەیەك بون بەدەستیانەوە لەڕابوردودا بەگوێرەی با چۆن بیوستایە پاڵی پێوەبنێت بەئارەزوی خۆی دەیهێناو دەیبرد کەتەنها بەپلەی یەکەم بەرژەوەندی پاڵی پێوەدەنان پەلەی دووەمیش بوغزی شاراوەیان بەرامبەر بەعەرەب، تاکار گەشتە ئەوەی کێشەکە بونی هەبێت لەناوماندا، تەنانەت گەربێتوو کێشەکەش ببێت ـ خوانەکردە ـ کە ئەمەیان زۆر دورە، ئەوا دەیانبینیت خۆیان لەناو خۆیاندا بەش بەش بون بەسەریەکا، گەربێتوو لێیان گەڕێیت خۆیان کاروباری دەوڵەتێك بەڕێوەبەرن بەبێ ئەوەی داردەستی ئیستعماربن ئیتر بەهەرشێوەیەك بێت یاخود لەباوەشی هەرکامێك لەوانەدابن گرنگ نیە کامیانە.

ئەوەکێشەی کورد نیە ئێستا خەریکە خۆی ڕێکدەخات وبەرەو ئاوسین دەچێت وگەورەدەبێت وەك لویەکی پیس پێگەشتوە و دروست بوە لەناو پارچەیەکی لەشی ئەم نەتەوە عەرەبەداو هیچ چارەسەرێکیشی نیە جگە لەبڕینەوەی. (4)

### 2 ـ بیرۆکەی نیشتمانی کورد بەدرێژایی ڕۆژگار (5)

بەدرێژایی مێژوو نەدەوڵەت ونەنیشتمانێك دروست بوە بەناوی کوردەوە. لەبەرئەوەی ناوچەکەیان تەوژمێکی زۆری هێرشاوی بەسەراکراوە لەلایەن نەتەوەی جۆراوجۆری هەمەچەشنەوە هەریەکە لەوانەش کۆمەڵێکیان جێ هێشتوە تالەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بن تاکارگەشتە ئەوەی ئەوتێکەڵە سەیرەسەمەری خەلکی لێدروست بێت. کەوابوو ئەگەر بەوشێوەیە بێت ڕێگری نابێت لەبەردەم خاوەن دەسەڵاتی بچوکی ناوچەکە هەوڵبدەن سەربەستی بەدەست بهێنن بەڵام لەئاستی زۆر بەرتەسکدا کەمەبەست وتاماحی تایبەتی خۆیانی تیایە ئەویش بەهۆی لاوازی ئەو دەسەڵاتەوەیە کەفەرمانڕەوایەتی دەکات لەهەر وڵاتیکابێت، زوربەشیان سەرەتایی وهاکەزایین ونەبەرنامەیان هەیەو نەفەرمانڕەوا ونەدەستورو نەدەوڵەتیش بەڵکوو ئەوەی هەیە دەربەگایەتیە یاخود لەشێوەی دەرەبەگایەتی زۆر بچوکدایە بەڵام بەئاستێکی بەهێز. وتمان هۆکاری سەرەکیان لاوازی دەوڵەتەکەبوە یاخود پشت گوێخستنی دەوڵەت بوە یان بەشێوەیەکی تر بلێن بەرژەوەندیەکی سیاسی هەبوە لەپشتیەوە کەیەکێکە لەخاڵە لاوازەکان ئەویش لەڕوی چاوچنۆکی تایبەتی تاکە کەسیەوەیە. کەئەویش خۆی لەخۆیدا بەپەراوێزکراوی دێت نەك بەبنەڕەتی، زۆریش دووورە لەوەی ئەمڕۆ دەیبیستین وەك بیرۆکەی نیشتمان کورد بێت. هەروەها ئەم بۆچونەش ناکۆك نیەو ناشبێت گەربێتوو فەرمانڕەواکە کوردبێت بەمەرجێك لەکەتی خۆیدا بەوناوەوە

نەناسراوە چونکە گەروابوایە ئێستا ئەومیرە بچوکانە سوردەبون لەسەر داواکاریەکانیان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دەرفەتیان لەوبارودۆخە وەردەگرت ودیانقۆزتەوە لەنێوان ئاپوڕەی دەوڵەتە تێکپرژاوەکاند کەچاویان بڕیبوە ناوچەکە بەئومێدی ئەوەی بەلانیکەم بیرۆکەی (نیشتمانی کورد) بخەنە مێشك وگوێی ئەودەوڵەتانەوە. گوایە هیچ شتێك نیە قسەکەی ئێمە بسەلمێنێت کە لەڕابوردودا وتومانە مێژوو دەیسەلمێنێت هەر لەساڵی (1638) وە لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان فارس و تورك هەندێك لەوئەمارەتە بچوکە ناوخۆییانە مانەوە لەکۆتاییدا لەگەڵ هاتنی تورکەکان کۆتاییهات بەڕۆلی ئەوانیش. تورك شەڕی لەگەڵ کردن ولەناویشی بردن ئامێری لەناوبردنەکەش کورد خۆیان بون کەزۆر بەپەرۆشبون بۆ لەناوبردنی میرە کورەدەکان ئەمە ئەگەر ناولێنانەکە بەو شێوەیەبێت وبێت شیاوبێت بۆی.

بەمشێوەیە ڕوداوەکان بەردەوامبوو لەنێوان تورکەکان وئێرانیەکان لەسەرپاوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان ئیتر جارێك ئەمیان سەردەکوت جارێکی تر ئەوتریان بەوپێیەش کەناوچەی کوردەکان خاڵی سەرەکی بوو سەبارەت بەهەردووکیان کەلەسەری ناکۆکبون لەکاتی خۆیدا یاخود بەهۆی پێگەی ناوچەکەوە لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکە بۆیە کوردەکانیش بەلای لایەنی بەهیز دایان دەشکاندەوە بەهۆی خەسڵەتی چاوچنۆکی ومەبەستی تایبەتیەوە بەجۆرێك ئەوچاوچنۆکیە لەناخیاندابوە وەك خەسڵەتێك، هەروەها بیرمان نەچێت هەردوو دەوڵەتەکە بەکاریان دەهێنان دژی یەکتری لەناوخۆیاندا، بۆناچونکە ئەوان لەزمانی یەکتریش ناگەن هیچ گرێدانەوەیەکی نەتەوایەتی ونەژادی یاخود تایبەمەندی ڕەگەزیش، ئەوانەو خۆیان لەزمان وبۆچونی یەکتریش ناگەن. هەروەها بەردەوام یەك لەدوای یەك گورزی بەهێزیان دەخوارد دوای ئەوەش کەجەنگی نێوان هەردوو دەوڵەتەکەش کۆتایی هات. لەبەرئەوەی تاکە هۆی گەورەی نێوان دوو دەوڵەتە گەورەکەبون لەوسەردەمەدا بەتایبەت سەبارەت بەدانیشتوانی ئەو ناوچە شاخاویە. هەروەها خۆشیان بەدڕی وبەهێزی ناسراون لەشەرکردندا بۆیە ئەوانیش بەتوندی دژایەتیان دەکردن بۆ ئەوەی لەناویان بەرن نەبادا خواست جیابونەوە یاخود داوای سەربەخۆیی تەواوی ئەمارەتەکانیان بکەن لەوئەمارەتانەی کەبەتایبەت بۆئەوە دروستبون تاشەڕیان پێبکرێت وسود ودەرفەت لەهێزی ئەوان وەرگرن هەرئەوەندەی شەڕی نێوان دوو دەوڵەتە گەورەکە کۆتایی هات، ئیتر هەر دەوڵەتێك لەودوو دەوڵەتە قین وبوغزو بەڵای خۆی بەسەر کوردەکاندا دەاراند هەوردوو دەوڵەتیش کەمتەرخەمی ناکەن لەوەی کوردەکان سەرقاڵبکەن بەشەڕی ناوخۆی خۆیانەوە ـ براکوژیەوە. لەم بەشەدا بۆمان دەردەکەوێت کەهەرگیز نەبوە وهەستمان پێنەکردوە بەڵکوو بەمێشکی کوردەکانیشا نەهاتوە تائەو مێژوەش کە بیرۆکەیەکی لەوجۆرەهەبێت بەناوی نیشتمانی کوردەوەبێت بەمشێوەیە بەردەوام بوو تاوەکوو سەدەی نۆزدە هاتەکایەوە کە لەگەڵ خۆیدا ڕەشەبایەکی ڕەشی سیاسی لەگەڵ خۆی هێنا .

لەهەمان مێژوودا بارودۆخی دەوڵەتە زلهێزەکان گۆڕانکاری بەسەراهات ودەوڵەتی عوسمانی دووچاری لاوازی خۆی بوو ئەمەش بوە هۆکارێك نەك هەرکوردەکان بەڵکوو زۆرینەی لاینەکانی تریش کەلەژێر فەرمانڕەوایەوتی ئەواندابون بەوشێوەیە بەرخوردبکەن. ئەوگورزانەشی بچێتەسەر کەکوردەکان دەیانخوارد وای لێکردن هەوڵی سەربەخۆییان تیا دەرکەوێت ئەویش بە دەستێوەردانی ئیستعماری ڕۆژئاوایی ئەوسەردەمەو بەشێوازێکی نوێ بەڵام. ئیتر ئەمارەتە گەورە بەهێزەکان کەوتنە ئەوەی ئەمارەتە بچوکەکان بەخۆیانەوە بلکێنن ولەگڵ خۆیاندا ڕیکیانبخەن ئەویش بەهاندانی تورکەکان لەبەرئەوەی هەستیان بەوترسە بەهێزەکردبوو تەنانەت یەکێك لەمیرە هەرە ترسناکەکانیان لەساڵی (1831) کوردە یەزیدیەکانی لەناوبرد لەخۆرهەڵاتی موصل دا وئەمارەتەکەی خۆی بەرفراوان کردو دەوڵەتی عوسمانیش دانی پێدانا لەکاتی خۆیداو نازناوی پاشایەتیان پێبەخشی. دوای پێنج ساڵ لەدروستبونی ئەوەئەمارەتە جارێکی تر لەشکری عوسمانی گەڕایەوەو سەرکوتیکردن ولەناوی بردنەوە. ئیتر کەلێن وجیابونەوەو داکۆکی وکەوتە نێوان خودی میرە کوردەکان. هەروەها ئەمارەتێکیش لەجزیرەی سەرو بەسەرکردایەتی (بدرخان) دروستبوو لەساڵی (1812) بەڵام ئەم ئەمارەتە هەرزوو شکستی خواردو لەشکری عوسمانی بەهاریکاری کەسێکی نزیکی خۆی لەناویبرد. لەساڵی (1899) دا کوڕەکانی بدرخان ڕازیبون بچنە ڕیزی دەوڵەتی عسمانیەوە بەچەند ئمتیازێکی تایبەتیەوە کە پەیوەست بوو بەئەمارەتەکەیانەوە دوای ئەوەش کەمێك بیرۆکەی کورد ئاشکراتربوو ئەوەبوو عبیداللە نەقشەبەندی داوای سەربەخۆییەکی خودمختاریانەی کرد بۆسەرجەم نیشتمانی کوردەکان بەسەرکدایەتی خۆی. بەڵام عوسمانیەکان ئەمارەتەکەیان هەڵوەشاندەوە خۆشی ڕوشت بۆ حیجاز، ئیتر ئەوەبوو ڕوسیا خۆی خستە بواری شەڕەکەوەو بەوردی

دیقەتی توانای شەڕکردنی کوردەکانیان دابوو کەچەند جستوجۆ وبەهێزن وهانیاندان هەروەها هانی ڕەوتەکەشیانی دا کەبیر لەوکوردستانە بکەنەوە کەمەبەستیانە، یەکەم بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لەدەستیان لەوڵاتی خۆیانداو لەپێناوی ئەوەش کەبتوانن خەنجەرێکی نوێ بنێنە ناوجەرگەی وڵاتی ئێمە کە لەوانەیە لەدواڕۆژدا پێویستیان پێیبێت تابتوانن ڕوداوەکە بەگەرماوگەرمی گشت قەیسەرەکانی کۆنی ڕوسیا بگەێنە ئەوێ. (60)

لەمبوارەدا پێویستە لەسەرمان ئاماژە بەپێشەوایەك لەپێشەواكانی كورد بدەین كە لەوسەردەمەدابوە ئەویش محمد ئەمین زكی بوو داهێنەری كتێبی (خلاصة تأريخ الكرد) ئەم پێشەوایە دەڵێت : (كاركردو هۆكاری سەرەكی لەمەڕ نوشستی شۆڕش و بزوتنەوەكانی كورد دەگەڕێتەوە بۆنەفامی ناو تاكی كەسایەتی گەلی كورد هاوكات لەگەڵ سەرۆك خێڵەكان ودرك پێ نەكردنی سەرۆكە كوردەكانی ئەوسەردەمە كە كاروباریان دەبردن بەڕێوە ئەوانە ودیگێڕیتەوە بۆكەشی باردۆخەكە كە لەوسەردەمەدا گیرۆدەی ببون تادوێنی ڕوداوەكان بەوشێوەیەبوە تائێساش هەروابەردەوامە. ئەوەش پێویست بەباس ناكات سەبارەت بەدامەزراندنی ئیدارەیەكی سەربەخۆ بەرلەهەموو شتێك پێویستی بەزانست وپارە هەیە هەر گەلێكیش لەم دووبەهرەیە بێبەریبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە هەرگیز بۆیان نایەتەدی لەبواری ڕاپەڕین وشۆڕس وهەرئاواتێك بێت لەئاواتەكان... مەگەر بەكردەی خۆانەبیت گەربێتوو سیاسەتی گشتی دەوڵەتی یارمەتی ئەوگەلەبدات وبگەن بەمەبەستی خۆیان لەمحاڵەتەشدا ئەوگەلە هیچ سود لەوڕاپەڕینە ناكات چونكە توانای پێكانی مەبەستی خۆی نابێت لەبوارەكانیدا لەبەرئەوەی بەهەرجۆرێكبێت چاوبەرەوژێرن وژێردەستەتەی سیاسەتی گشتی دەوڵەتیدەبن وهەروەها هۆكاری سەركی دەنونێت تیایا، گەربێتوو بەوردی بگەڕێین بەدوای هۆكاری سەرەكی هەرەس ونوشستی شۆڕشەكانی كورد بۆمان دەردەكەوێت كەناوخۆیی بونو لەناخی كوردەكانەوە سەریهەڵداوە نەك لەڕوی دەرەوە وبەهۆی جیابونەوەو كەرتكەرتبون بونی ناخۆییان بوە بەغیلی وحەسادەتی نەتەوەیی كوردیشی لەسەربێت كەبوە هۆیەك بۆئەوەی دەوڵەتی عەسمانی بەسەربازو لەشكری خودی كورد ئەمارەتەكانیان بروخێنێت، كوردەكان هەرخۆیان یارمەتیدەربون بۆلەناوبردن ولەناچونی ئەمارەتەكانی خۆیان كەلە ڕەگوڕیشەوە هەڵیان كەند. بەكورتی دەتوانین بڵێین زوربەی بزوتنەوەی سەربەخۆیی خوازەكان كە پێی هەستان تاكرەوی بوەو بەپلانی دەسیسەی ناخۆیی ناپەسەند وشەرمەندیی بون هەربۆیە سەركەوتنیان بەدەست نەهێنا هۆكاری سەرەكی سەرنەگرتن ونوشستی وهەرس ودۆڕاندنی یەك لەدوای یەك بوو لەڕوانگەی سەرشۆڕی و بەغالەتی نەتەوەییانەوە بوە هیچترنا).

ئەمە وتەی پێشەوایەكە لەپێشەواكان ونوسەرێكیشە لەنوسەرەكانی كورد حەزمان كرد بیخەینە بەردەست وئاشكرابیكەین تاوەكو ڕای جیهانی بتوانێت هەڵساگندنێك بكات بۆئەو پێشەوا كوردە، كە كوردەكان خۆیان هۆكاری هەرەسن وئیستعماریش یارمەتیدەرە بوە بۆ دروستكردنی ئەو نەتەوەیە ؟ تەنانەت گەربێتوو دروستیش بێت بوارو دەرفەتی سەركەوتنی بۆنارەخسێت، لەبەرئەوەی بنەمای پتەوی نیە ئەمەش بەگوێرەی دانپیانانی ئەو پێشەوایە كوردەیە. هەربەڕاستی كابرایەكی بەئینسافەو توانیویەتی سەروبۆری پیتەكان دانێت هەروەها توانیویشیەتی بەجوانی بارودۆخەكە هەڵسەنگێنێت. هەرئەوەش بۆچونی ئێمەبوو لەبرگەی یەكەمداو لەمبرگەیەشدا لەڕوی شیكردنەوە ئەوەشی بخەرەسەر كەدیاردەو ئاسەوارو زانیاری نیشمانی كورد تەنانەت خودی كوردەكان لەسەری كۆك نین هاوكات ئەوانەش كەسورن لەسەر نەتەوەی كورد كۆك نین لەسەری لەناوخۆیاندا، تەنانەت زانایەكیش لەزاناكان یان پسپۆڕیكی مێژوی نەتەوەكان نەیتوانیوە دەستنیشان كردنێك پێشكەش بكات وبگاتە ئەنجامێك گونجاوبێت لەگەڵ بنەماو كیانێكی نەتەوەیی ونەژادی چونكە ناوچەكە خۆی خەڵكانێكی تری غەیرە كوردی زۆرتیایە لەئەرمەن وئاشوری وچی و چی تریش. هەروەها گروپی بەكرێگیراوی كوردی تریش زۆرە لەدەرەوەی ناوچەكە كەئەوەش خۆی لەخۆیدا بۆتە هۆكارێك دەستنیشان كردنی ئاسەواری نیشتمانی كورد لەسەرخرگەی زەوی سەختتربكات وكردوشیەتی، هەندێكیان زیادڕەوی دەكەون گوایە ناوچەكە نزیكەی (15) ملیۆن كەسی نیشتەجێ بوو لەخۆی دەگرێت هەندێكیشیان كەمیدەكەنەوە بۆ نزیكەی (6) ملیۆن كەس، خۆیان لەناوخۆیاندا لەكێشمەكێشدان تەنانەت كوردەكانیش ڕێك نین لەو بوارەدا. (7)

ئەوە بیرۆكەی نیشتمانی كوردە تاسەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوامیش دەبین لەگەڵ ئەم بیرۆكەیەدا بۆئەوەی بتوانین ڕۆڵی ئیستعمار ئاشكرابكەین كە چەندبوە ئەوە ڕۆڵە لەمەڕ دروستكردنی نەتەوەی كورد .

**3 ـ كێشەی كورد بەرلە جەنگی جیهانی یەكەم ولەكاتی جەنگیشدا**

تەوژمە سیاسیە جیهانیەكان وكێشەی كورد  بەرلەدەسپێكی سەدەی بیستەم.

لەگەڵ دەسپێكی سەدەی بیستەمەوە كێشەی كورد مۆركێكی نوێ بەخۆیەوە دی وبەتەواوی جیاوازی بەخۆیەوەدی لەچاو شێوەی یەكەمی، تەوژمی نەتەوایەتی جیهانی وەك تیۆرو پراكتیك جیهانی عەرەوبی وخۆرهەرلاتیشی گرتەوە بەگوێرەی خۆی، كەوابوو هەرئەوەندە پێویستە لەسەر ئیستعمار بەتایبەت لە پاوانكردنی ـ پیاوە نەخۆشەكە ـ بانگەوازی نەتەوكان بكات لەبەرامبەردا بەوپێەی بانگەوازێكی خۆییدەكات بۆنەتەوە ژێردەستەكان وئەوانەش داگیركراون وەك نەتەوەی عەرەبی ئەوسەردەمە، دەتوانین تێبینی دەستێوەردانی شورەوی وهەروەها ئیستعماریش بكەین چۆن كاریكردوە بۆ دروستكردنی ئەونەتەوەیە كەلەزمانی یەكێك لە خۆرهەلاتناسەكانیەوە هاتوە ودەڵێت (ئێمە باوڕمان بەبونی نەتەوەی كورد هەیە سەرەڕای ئەوەی كەتوركەكان وئێرانیەكان ڕەتیانكردەوە دانی پێدابنێن كە بوە هۆی داخستنی هەموو دەرگایەك لەبەردەم ئەو هەوڵ وتێكۆشانەی كرا لەپێناوی ئەو گەڵەدا كە لە كۆتایی سەردەمی دەربەگایەتیدا دەستی پێكرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بەزەروورەتی چارەسەردا بنێن سەبارەت بەگرفتی كورد هەروەها بەجەوری دەزانین دژایەتی  ویستی نەتەوەی كورد ببینەوەو بەكاری ئاژاوەگێڕی وهەڵگەڕانەوەی لەقەڵەم بدەین.

ئایٚ چەند دووربینە ئەم خۆرهەلات ناسە شوڕەویە كە بێشك خۆی لەڕوانگەی ئیدارەی فەرمانڕەوایەتی شوڕەویەوە بیردەكاتەوە بۆچونی ئەوان دەردەخات كەهەر خۆی لرجێگەیەكی تردا دانی پادەنێت گوایە ئەمارەتە كوردەكان گەرئەوە راست بێت هیچ تێروانینێكی نەتەوەییان نەبوە بیریان لێ نەكردبۆوە هەرخۆشی سەرەتای مێژوەكەی دەستنیشان دەكات كەبەقسەی خۆی دەڵێت (لەكۆتای سەردەمی دەربەگایتەوە) بوە، بەواتایەكی تر مانایوایە لەگەڵ دەسپێكی شەڕی ساردی جیهانیدا دەستی پێكردوە كەهەموو جیهانی بەرەو ئەم جەنگی جیهانیە ڕاپێچكرد چونكە ئەوزۆر وریابوە لەدەستنیشان كردنی كاتی وشیاركردنەوەی هەستی نەتەوایەتی كوردەكان، بەمەرجێك كوردەكان لەڕابوردودا هیچ هەستێك وپەیوەندی وپەیوەستیەكیان نەبوو جگە لە پەیوەندی ئاینی نەبێت هیچ ڕۆحێكیشیان نەبوە جگە لەو ڕۆح وهەستە. بەو قسەیەشی مەبەستی لەوەیە ئەو پەیوەندیە هەرگیز نالكێنرێتەوە ویەكناگرێتەوە كە لەنێوان كوردو عەربدا هەیە لەلایەكی تریشەوە لەنێوان كورد وعوسمانیەكان لەسەرێكی تریشەوە بەسەرلێشواوی وناجێگیریەوە دەیان هێڵێتەوە بەهەڵواسراوی تاخۆیان چارەسەرێك دادەهێنێنن بەڵام كاتێك چارەسەرەكەش لەگەڵ خۆی دەهێنێت چارەسەرێكی شیاو وكاتی لەگەڵ خۆی دەهێنێت بەتایبەت لەكاتێكدا دایدەهێنێت كە ئەوسەردەمە سەردەمی تۆوكردنی سەدەی نەتەوەكان بێت، ئیتر بۆچی ئەوانە نابزوێن ئاسانترین شت لەوسەردەمەدا جوڵەو بزوتنەوە بوو لەناو كوردەكاندا چونكە خۆیان بەگوێرەی سروشتی خۆیان ئامادەن بۆ ئەوجۆرە كارانە ئیتر چۆن ئامادە نابن بۆ كارێكی ئاوا یان كاری لەوجۆرەش چونكە كەمیان نەچەشتوە بەدەست توركەكان وئێرانیەكانەوە بەڵام ئەوە گوناحی ئەوانی تیانیە بەڵكوو ئەمڕۆ گوناحی عەرەب خۆیەتی ئەوەش بیری سزای سنمارمان بیردەخاتەوە (جزاء سنمار).

بەڵی بزوتنەوەی كوردەكان لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا چاڵاك بوو ئەویش بەوەی ئیستعمار ئاماژەی بۆكردن وبەگوێی بەكرێ گیراونیدا چرپاند ئیترئەوانیش دەستیانكرد بەدامەزراندنی كۆمەڵەو ڕۆژنامەوبۆ نمونە وەك ڕۆژنامەوی ((ڕۆژی كورد)) و ((كۆمەڵەی ڕۆشنبیری كورد)) لەساڵی 1908 لەگەڵ كۆمەڵەی بڵاوكردنەوەی معاریفی كوردی وكۆمەڵەی ((هیڤی)) خوێندكاران وكۆمەڵەی سەربەخۆیی كورد، كۆمەڵەی گەلی كورد، تاگەشتە كۆمەڵەی ((خۆبون)) ی بەناوبانگ و بەرفراوان كە لەوسەردەمەدا توانی زۆربەی كۆمەڵەو یانەكان بەلای خۆیدا ڕابكێشێت، داواكارانی ئەوكۆمەڵەیە نەتەوەیی بون ولەومێژوەدا دەنگی سەرەكیان هەبوو كەئاماژەی بەدیاردەو بنەمای نەتەوەی كورد دەدات، كە لەوسەردەمەدا حاڵی وەك حاڵی حزبی پارتی بوو، كەئەمیشیان بەگوێرەی خۆی دەنگی دووهەم وسەرەكیشی دەبینی لەپیشاندانی هێماو دیاردەی بنەمای ئەو نەتەوەیە. بەڵێ ئیستعماریەكان باش دەزانن هەرچیوپەرچی وچەتەكانی خۆرهەڵات كێن لەبەرئەوە بەدڵنیاییەوە مەسەلەكەیان دەكەوێتە بەردەست وئارزوی دەوڵەتە ئیستعماریەكان، هەردەوڵەتە

بەگوێرەی ویست وئارەزوی خۆی کاریکردوە لەوەدەچێت قۆناغی ئەومێژوە سەبارەت بەکوردەکان هەمان حاڵیان هەبوبێت لەلایەن هەموو دەوڵەتەکانەوە هەمیشە هانیانداون بۆ ئەوەی دڕەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن هەردەوڵەتێك لەودەوڵەتانە بەگوێرەی بۆچونی خۆی وبەمەبەستێك کەلە دەرون ونەفسی یعقوب دایە ـ لغرض فی نفس یعقوب ـ. (8)

ئیستعمار لەوسەردەمدا سەبارەت بەکێشەی کورد بەوشیوەیەبوە کەشاعیری عەرەبی باسی دەکات :

ڕۆژێکیان پەزەکان بڵاوەیان لێکرد منیش وتم خوایە گورگ و کەمتیاریان بەسەرازاڵ بکە

**4 ـ کێشەی کورد لەنێوان هەردوو جەنگی جیهاندا**

**داکۆکی کەرانی کێشەی کورد لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیەوە :**

لەدوای جەنگی جیهان یەکەم، ئەوکەسەی بۆیەکەمجار پارتی نەتەوەیی کوردی گرتە ئەستۆ کە لەئەستەنبوڵ بوو عبدالقادری کوڕی شەمدینان بوو وئەو ڕابەرایەتی دەکرد لەگەڵ کوڕەکانی بدرخان دا ئەم کێشەیەیان گرتە ئەستۆی خۆیان. تێکوشان لەپێناوی ئەوەی هاوپەیمانەکان ڕازی بکەن بەیەکخستنەوەی ناوچە کورد نشێنەکان لەپێناوی ئەوەی خودموختاریەك بەدەست بهێنن (هەروەها جەنەڕاڵ شریف پاشا سلێمان کە لەوسەردەمەدا دانیشتوی پاریس بوو ئەرکی نوێنەرایەتی کۆمەڵە سیاسیەکانی کوردی خستە ئەسۆی خۆی) لەساڵی 1919 - 1920 دوو یادشتنامەی کوردستانی ئاراستەی کۆنگرەی ئاشتی کردبوو کە تیایا ئاماژە بەداخوازی کوردەکانی تیا داواکرابوو سەبارەت بەمافی سەربەخۆییان هەروەها فیتنەیەکی زۆر ڕویدا لەناوکوردەکاندا لەنێوان ماوەی هەردوو جەنگەکەدا هەموشی سەرینەگرت ودوچاری شکست بوەوە، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەوانی جیهانی بەشێوەیەکی گشتی وەك کێشەیەکی نەتەوەیی گفتوگۆیان لەسەرکێشەی کورد دەکرد وەك هەربەڕاستی بونی هەبێت ڕۆژنامەوانی تایبەتی بەکوردیش بەهەمان شێوە، لەنێوان ماوەی هەردوو جەنگەکە لەسەرجەم بوارەکانەوە پڕوپاگەندەیان چاکتربوو لەگشت بوارەکانداو بەهەموو ئاستێکیەوە ئەویش بەگوێرەی ئاماژەی دەوڵەتە مەزنەکان. هەندێ لەوفیتنەو ئاژاوانەتان بۆ دەخەینەڕوو بۆنمونە فیتنەی شێخ سلیم و شهاب الدین و شیخ علی لە ساڵی 1913 لەولایەتی بدلیس پاشان بزوتنەوەکەی اسماعیل کەناسراوبوو بەناوی (سمکۆ) لەساڵی 1922 پاشان بزوتنەوەکەی شیخ سعید لەساڵی 1925 لەدیاربەکر. پاشان لەماوەی ساڵانی 1930 - 1933 چەند بزوتنەوەیەکی کوردی سەریهەڵدا لەلایەن لاینگرانی شیخ سعیدو شیخ فخری لەدیاربەکر هەروەها لەساڵی 1935 بزوتنەوەکەی شیخ بدیع الزمانی کورد بەرپابوو. بەدوای ئەوەشدا لەساڵی 1937 بزوتنەوەیەك بەرپابوو بەناوی بزوتنەوەی دەرسیم، ئەوەبوو بەڕوخاندی بەکۆمەڵی ماڵی دانیشتوان و سوتانی دارستانەکانی کورد کۆتایی هات لەلایەن تورکەکانەوە.

ئائەوانە زۆرترین وچالاکترین خوازیارانی بزوتنەوەی کوردبون، هەرچی چالاکیەکی جیهانی وڕوژنامەوانی وئیزاعیەك کە هەهانبوو کۆتایی پێهات و بون بەیەك ڕێکخراو بەناوی (کۆمەڵەی خۆیبون) کەسەربەخۆیی دەگەێنێت بۆبەدبەختی ئەوانەی ئیدعای ئەو بزوتنەوەیان دەکرد لەپیاوانی ڕژێمی لەناوچوی سوریا بون. هەروەها بانگەشەی ئەوبۆچونە لەتورکیاو ئێرانیشدا زۆر بڵاوبۆوە لەوسەردەمەدا بەشێوەیەکی ئێجگار بەرفراوان لەسەرئاستی جیهانیش. ئەوکۆمەڵەیە خزمەتێکی ئێجگارگەورەی بەکوردەکان گەیاند لەڕوی پڕوپاگەندەیی وچالاکی سەربازیەوە.

بەڵی نیشانەو دیاردەکانی ئەوداوایە لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم وسەرەتای جەنگی جیهانی دووهەم زۆربەباشی دەرکەوت و شێوازو مۆرکێکی نوێی بەخۆیەوەبینی کارگەشتە ئەوەی بچنە نێوەندی دەوڵەتی وکۆمەڵەکەیان کەرتی بۆدامەزرێنرا لەوڵاتە ڕۆژئاوایەکاندا بەمەرجێ لەوێ بواری چالاکی بەرفراوانترەو زیاتریش بواری پلانیان بۆمەیسەردەبێت بەهێمنی وئاسانی.

لەمێژووەوە تائەمڕۆش ئیستعمار دەیەوێت عەرەب بخاتە بەردەم ئەمری واقیعەوە ڕێك وەك ئەوحاڵەتەی بەسەریاناهات لەمەسەلەی ئیسرائیل دا، عەرەب دەڵێن لەکۆندا نەتەوەیەك نەبوە بەناوی نەتەوەی کوردەوەبێت بەڵکوو ئاینێکی ئیسلامی هەبوە کەڕۆژگار لێ بوردوە تائەو ئاینە بەقودرەتی قادر هەڵگەڕێتەوە ببێت بەئاینی شیوعی وپارتی، ئەوان تادوێنێ بوو ئیسلامی بەپەرۆش بون ئەمڕۆش شیوعی بەپەرۆشن، تائێستاش ئیستعمار ئەوەی تۆمارکردوە وناوییردوە بەناوی مافی چارەنوسی گەلان ونەتەوەکانەوە وەی بەحاڵمان دوای ئەوەش مادام ئیستعمارەکان ئەوەیان دەوێت . خوزگە بواری زیاترمان هەبوایە تابتونین زیاتر بەتایبەت شۆڕشە کۆنەکانی کورد بەدرۆبخەینەوەو ئاشکرابکەین بەڵام نەسەرچاوە لەبەردەستدایە ونەکەسانی بەئینسافیش زۆرن تاوەکوو بتوانن مۆرکی تایبەتمەندی مێژویی ڕاست وڕەوانی ئەوان دەرخات بزوتنەوەکانیان چۆن بون وبەڕاستی هەڵیسەنگێنن. (9)

**5 ـ نێوەندە دەوڵەتیەکان و کێشەی کورد**

کەوابوو کێشەی کورد لەوسەردەمەدا گەشتە نێوەندە دەوڵەتیەکان وچوە بواری پەیمانەوەو مەسەلەی کوردیان ڕەچاوکرد، ئەوەبوو دوای جەنگی جیهانی یەکەم هەردوو یادشتنامەکە خرایە بەردەست کۆنگرەی ئاشتی کەمافە نەتەوەییەکانی کورد لەگەڵ یەکیەتی سیاسەتی وڵاتەکەیانی گرتبوەخۆ، هەروەها ڕێکەوتنی ئەرمەن وکورد بەهاوبەشی لەبەیاننامەیەکدا ئاراستەی کۆنگرەی ئاشتی کرابوو، بوە هۆی ڕاکێشانی هەست وسۆزی کۆنگرەکە لەکاتی خۆیدا لەگەڵ ئەوەشدا کەبایەخیشی پێدرا، ئیتر کێشەکە بەرەو پەیمانی سیڤەری بەناوبانگ ڕۆشت کە لە 10 ی ئابی ساڵی 1920 ئیمزاکراو ئەوەبوو ئەو پەیمانە دانینا بەهەندێك مافی نەتەوەیی بۆ گەل کورد لە بڕگەکانی 62، 63، 64 بەمجۆرە هاتوە :

بڕگەی (62) لیژنەیەك کۆدەبێتەوە کەبارەگاکەی لەئەستەنبول دەبێت لەسێ ئەندام پێکدێت ئەویش هەریەکە لەحکومەتەکانی ئینگلیزو فەرنساو ئیتالی ئەندامەکان دەستنیشان دەکات پاش تێپەرکردنی شەش مانگ یاسایەك هەمواردەکرێت پاش ئەوەی کە پەیمانەکە بڕیاردەدات بچیتە باری تەنفیزەوە ئەویش بۆ پڕۆژەی ئیدارەیەکی مەرکەزی بۆ ئەوناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن کە لەخۆرهەرڵاتی فورات وباشوری سنوری ئەرمینیا باشورەوە درێژدبێتەوە پاشانیش لەسەروی سوریاش دەگرێتەوە یاخود (جزیرە) کەشان بەشانی تورکیاو نێوان دوو ڕوبارەکەیە، هەروەها لەبڕگەی 27 (2 / 3) هاتبوو ئەوبوو بەکۆی دەنگ ڕێك نەکەوتن لەسەرهیچ مەسەلەیەك دەبوایە هەرئەندامێك لەئەندامانی لیژنەکە بڕیارەکان بگێڕێنەوە بۆ حکومەتەکەی خۆیان هەروەها لەپڕۆژەکەدا هاتبوو کەدەبوایە زەمانەتی تەواوی ئاشوری وکلدان وکەمە نەتەوایەتیەکانی ترو سەرجەم ئاینەکانیش بپارێزێت لەچوارچێوەی ئەوناوچەیەدا بۆ ئەومەبەستەش لیژنەیەك ڕەوانەدەکرێت کەپێکهاتون لەنوێنەرانی ئیگلیزو ئیتالی وئێرانی وکورد ڕەوانە دەکرێن بۆناوچەی دیارکراو ئەوان بڕیاری لەسەردەدەن گەر پێویست بەچاکسازی ڕاستکردنەوەیەك بکات کەدەبوایە لەسەر سنوری تورکیادا بکرێت ئەمە ئەگەر پێویستی کرد کەبەگوێرەی ئەوبڕگانەی ڕێی پێدراوە لەپەیمانەکەدا بەوپێیەی ڕەزامەندی لەسەر دراوە لەسەر سنوری ئێران.

بڕگەی) 63) بەگوێرەی ئەم بڕگەیە حکومەتی تورکی ڕازی دەبێت لەسەرقبوڵکردن وتەنفیزکردنی بڕیاری هەردوو لیژنەی ناوبراو کە لەبڕگەی (62) هاتوە لەماوەی سێ مانگدا دوای ئەوەی حکومەتی ناوبراوی لێ ئاگادارکرایەوە.

بڕگەی (64) لەماوەی یەك ساڵدا دوای ئەوەی ئەوپەیمانە چوەبواری تەنفیزکردن، گەربێتوو گەلی کوردی نیشتەجێی ئەو خاکەی دیاریکراوە لەبڕگەی 62 ئاماژەی پێکراوە بیانەوێت داواکاری بەرزبکەنەوە بۆئەنجومەنی عصبة الأمم بەڵام بەجۆرێك کە دەربیخات زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە ئارەزوی جیابونەوە دەکەن لەتورکیا وگەر ئەنجومەن هەستیکرد وبینی ئەوگەلە توانای ئەو سەربەخۆییەی هەیە ئەوا ئەنجومەنەکە بڕیاری لەسەردەدات بدرێتەوە بەخۆیان هەروەها تورکیاش ڕازیدەبێت بە تەنفیزکردنی ئەو ئاگادارکردنەوەیەی ئەنجومەن، هەروەها پێویستیشە لەسەر تورکیا دەست هەڵگرێت لەگشت مافو ئیمتیازەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا مەرجی دەست هەڵگرتنەکەش دەبێت بابەتی ڕێکەوتنەکە لەنێوان دەوڵەتە سەرکیە هاوپەیمانەکان وتورکیابێت هەروەها سەبارەت بەدەست هەڵگرتنەکەش ئەوا دەوڵەتانی هاوپەیمانی سەرەکی ڕێگرنابن لەجێ بەجێکردنی گەربێتوو کوردەکانی نیشتەجێی تەنانەت ئەوبەشەی کوردستانیش

کەلکێنراوە بەولایەتی موصل وە دەبێت بلکێنرێت بەدەوڵەتی کوردی سەربەخۆوە بەوشێوەیەی خۆی جێگەی لێکۆڵنیەوەو مشتومڕەکەوبوە
.
بەڵام بارودۆخی دەوڵەتیش ڕێگربوو لەچەسپاندن وهەموارکردنی ئەوبڕگانە بەتایبەت تورکیای کەمالی، کارێکی کرد پەیمانی سیڤەر لەشێوەی مەرەکەبدا بمێنێتەوە لەسەرکاغەز ئەو ڕووداونەشی بچێتەسەر کەلەنێوان هاوپەیمانەکان ڕویەدا سەبارەت دابەشکردنی ناوچەکەو پاوانکردنی دەسەڵاتەوە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە لەخۆرهەڵاتی ناوڕاستدا هەروەها ئەو بڕیارەی کە پەیمانی سایکس بیکۆی نهێنی دابوی کەئەنجامەکەی گەشت بەوەی دەوڵەتەکان لەگەڵ مصطفی کمال ڕێکبکەون وپاش گەزبونەوە لەدانپیانانی دەوڵەتی کوردی. ئەو بڕیارانە بونە هۆی وروژاندن وشیارکردنەوەی کوردەکان کە سورتربن لەسەر داواکاریەکانیان وکارێکی وایکرد سەبارەت بەکورد کەمەسەلەکان بگوێزێتەوە بۆشێوەیەکی تر کەئەویش کوردەکانی ناچارکردبوو پشت بەخۆیان ببەستن زیاتر بەڵام هەمیشە کەوتبونە داوی ئیستعمارەوە سەرەڕای ئەوەی بانگەشەیان بۆ دەکرد.

**6 ـ هەڵوێستە ئیستعماریەکان سەبارەت بە کێشەی کورد**

هەروەك پێشوتر باسمان لێوەکرد ئەوبزوتنەوانە لەدروست بونیانەوە بەجۆرێك دروستبون وسەریانهەڵدا لەئەنجامی پاشماوەو تەوژمی سیاسەتی ناوچەکە دروستبون لەسەرئاستیکی دەوڵەتیش. بەوپێیەش هەروەك پێشوتر باسمان کردبوو دەتوانین پەیوندیان لەگەڵ دەوڵەتەکاندا بەجیاجیا باسبکەین لەڕوی ئەوەی خۆیان ناویاناوە نەتەوەو گەل.

**أ ـ فەڕنسیەکان :**

فەڕەنسیەکان لەماوەی سەرکوتکردنی کوردەکان هاوپەیمانیتیان بەست لەگەڵ تورکیا ئەویش لەبەرئەوەی سوکایەتی بە ئینگلیز بکەن کهبەتەواوی یارمەتیدەدان هەروەك ئەو کوشتوبڕینەی لەلوبنان کردیان کە هەرلایەنەیان لایەکی جێگیردەکرد. تاوەکوو ئێستاش ئاسەواری ماوە. هەروەها گشت جەماعەتی (خۆی بون) بەردەوامن لەتێکۆشان تەنانەت مسیو (بونو) ش و ڕێگەی خۆشکرد بۆسەرجەم ئەوکەسانەی بەنهێنی ئاوارەی کردبون ودووری خستبونەوە لەساڵی 1928 فەڕەنسیەکان پێویستیان بەهێزی هێزە کۆنەپەرستەکان بوو بۆ دژایەتی کردن وشەرکردن لەگەڵ کتلەی نیستمانی سوریا لەبەرئەوە لەگەڵ کوردەکاندا ڕێکەوتن بەمەبەستی شەرکردن لەگەڵیان بەوهۆیەوە فەڕەنسیەکان درکیان بەقیمەتی کوردەکان کرد بۆئەوەی وەك مقاشێك بەکاریان بهێنن لەکاتی پێوستدا بەوهۆیەوە زەویان پێ بەخشین لەپارێزگای جزیرە، وەك ئامادەکاریەك بۆ ئەودواڕۆژەی هیوایان پێی هەبوو نەشتێکی نامۆیەوەو نەسیریشە بەلامانەوە خیزانە کوردەکان کەهێنایانن ولەجزیرە نیشتەجێ بون لەسەر دەستی فەڕەنسیەکان.

**ب ـ کوردو ئەڵمان :**

کوردەکان خەریکی پەیوەندی بون لەگەڵ ئەڵمان لەڕێگەی کامەران وە هاوڕێی (غۆبلز) کە لەمیسر لەگەڵیا کۆبۆوەو لەگەڵی ڕێکەوت بەڵێنی دابویە پشتیوانی بزوتنەوەی کوردبکات کاتێ لیژنەی ئەڵمانیەکانیش هاتن بۆ حلب لەماوەی دواهەمین شەڕدا، کامەران یەکێك بوو لەوانەی هاریکاری (الهر ڕۆبلز) ی کرد ودامەزرێنرا بەبوێژەری ئیزاعەی خۆرهەڵاتی خواروو بۆ بەشی زمانی کوردی.

**ج ـ کوردەکان و ئینگلیز :**

کاتێك لیژنەی ئەڵمانیەکان حلب یان جێهێشت وئینگلیزەکان لەگەڵ فەڕەنسیە سەربەستەکان هاتنە ناوەوە ئەوکاتە هراج بلبازیان پێشەوای پارتی طاشناق هۆکارێك بووسەبارەت بەپەیوەندی کردنی کوردەکان بەئینگلیزەوە لەبەرئەوەی بەکریگیراوێکی کۆنیان بوو، هەروەها ئاشوریەکانیش هۆکارێك بون لەڕیزی هۆکارەکانی پەیوەندی کردن ونزیکبونەوەی ئینگلیز وکوردەکان سەرباری ئەوەی ئینگلیزەکان خۆیان ئاگاداربون سەبارەت بەپەیوەندی جلادت بدرخان لەگەڵ لۆرنس.

**د ـ كوردو ڕوس :**

بەو پێیەی ڕوسیای كۆن خۆی هەرلەكۆنەوە حەزی بەوەبوو گەرماوگەرم بگاتەوە بەهەمان حەزوئارەزوی خۆیان بەوپێ یە هەمان حەزوئارەوزوو لەلای ڕوسیای شیوعیش سەرهەڵدایەوە (شوڕەوی) بۆ نانەوەی فیتنەو كێشە لەهەمان ناوچەدا. بەو پێیەی بەناوچەی داكۆكی تەقلیدی دادەنرا لەنێوان ئیستعماریەكاندا، گوایە گورزێك لەتوركیاو دەوڵەتە عەرەبیەكان وبەرژەوەندی ئیستعماری ڕۆژئاوایی دەدات. ئەمەو بێجگە لەوەش بزوتنەوەكانیان لەئێستادا بزوتنەوەیەكی ڕوسین بەمانای وشە بەڵكوو دەتوانرین بڵێین بزوتنەوەی شیوعین. بەتاییەت دوای دروستبونی حزبی پارتی. كەلەباوەشی یەكیەتی شوڕەویدا گەشەی سەند لەسەردەستی بەرزانی مصطفی دوای ئەوەی ماوەیەوكی زۆر لەوێ نیشتەجێ بوو، ئەم حزبە توانی بەتەواوی سەرجەم چالاكیەكانی كورد تاوتوێ هەماهەنگ بكات وبەسەریا زاڵ ببوو لەڕوی بەرێوەبردنەوە هەروەك چۆن لەڕابوردودا (خۆی بون) یش دەستی بەسەر بارودۆخەركەدا گرتبوو بەڵام ئەوەی هەیە ئێستا لەسەر ئاستێكی بەرزترە بەبیرو باوەڕیشەو لەخەباتیشدا بەعەقیدەترو بەهێزترە. هەر ئەمانیشن بەردەوامن لە سەرپەرشتی كردنی كێشەكانی كوردو بەرپرسن لێی تائێستاش.

**7 ـ كێشەی كورد دوای جەنگی جیهانی دووەم :**

أ ـ بەرزانیەكان : ئەوكوردانەن كەلەناوچەی بەرزان نیشتەجێن، ئەوانە دەركەوتن ولەسەرو هەموشیانەوە مەلا مصطفی بەرزانی بوو كوری شێخی عەشرەتی بەرزانیەكان بوو كەلەبەرزان نیشتەجێ بون خۆی وبراكەی سەركردایەتی سەرجەم بزوتنەوەكانی كوردیان دەكرد لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تائەمڕۆش بەردەوامە هەروەها ئەم نزیكەی (13) ساڵ لەڕوسیادا ژیانی بردەسەرو لەوێ پلەی ژەنەڕالی لەناو لەشكری سور بەدەستهێنا ، هەروەها بەرزانیەكان مەلا مصطفی بەجوامێرترین پێشەوای خۆیانیان دەزانن وبگرە بەپێغەمبەری نەتەوەی كوردیشیان دەزانی، لەساڵی (1945) دا لەڕوسیا پارتە بەناوبانگەكەی خۆی دامەزراند كەناسراوە بە پارتی دیموكراتی كوردستانی لەبەشی پارتە سیاسیەكاندا دێینەوە سەرباسكردنی، هەروەها چەندین لاوی پارتەكەی بەنهێنی ڕەوانەكردوەوە بۆ ناوچە كوردنیشنەكان بۆ ئەوەی بانگەشەی دامەزراندنی پارتی ڕابگەێنن ولیژنەیەكیان بۆ دامەزراندن وگۆڤارێكیشیان بۆ دامەزراندن بەزمانی كوردی، كە گەڕاشەوە بۆ عراق سەركردایەتی پارتی دیموكراتی عراقی (شیوعی) كرد لەگەڵ ئەوەشدا هەولی بەهێزكردنی پارتە كوردیەكەی دەداو گۆڤاری (خوبان 12، و دەنگی كوردستانی دەركرد) ئەو ڕۆژنامەیەی زمانحاڵی چەتەكان بوو. كەوابوو دەتوانین بڵێین كوردەكان دوای كۆتایی جەنگ ودوای ئەوەی جەنگ هەموو شتێكی پاش خۆی جێهێشت سەریانهەڵدا بەشێوەیەكی توند وداوای چەسپاندنی نشتمانی كوردو ئومێدی جێ بەجێكردنیان هەبوو، لەسەرەتادا بۆیان دەركەوت كە دەرفەتەكە لەبارنیە بۆشۆڕشكردن بەتاییەت كە گەل هیچی نەدەزانی دەربارەی ڕۆشنبیری ومێژوی گەلی خۆیان لەبەرئەوە كەوتنەخۆیان لەڕوی كاری نهێنی پتەو وبەهێز وەرد ەورده بەرەو ئاقارێكی نوێ لە وشیاركردنەوەی گەل وگرێدانەوەی بەمێژوی هاوبەش و وشیاركردنەوەی هەستی نەتەوایەتی كورد لەچەندین دەوڵەتێكی جۆراوجۆردا، هەروەها دەستیانكرد بە بەكارهێنانی بەشێوازی پیتی لاتینی بۆ نوسینی زمانەكەیان بەوەش سەردەمێكی نوێ سەریهەڵدا لەڕیكخستنیاندا مێژوی كوردیان شیكردەوە بەتەواوی لەگشت ڕوویەكیەوە، ئیتر ئەدیب وشاعیركانیان كەوتنە هەڵدان بەسەر سەرۆكەكانیاندا بەدرێژایی مێژوو، خوێنەری بەرێز ئەمەش نمونەیەكە لەئەدەبی نەتەوەی كورد كە هی شاعیری بەناوباگیانە لەكتێبی لاپەڕەیەك لەئەدەبی كوردی دانەری سلیمان حسن حاجو خەلكی قبور البيض وئێستا لەشاری قامیشلو نیشتەجێ یە.

برزانی برزانی أيها الّصنديد

والجبار العنيد والمجلى بميدان العمل

باحترام ثورة انقاذ الوطن، كردستان

وواضع اسسها بافضل وامثل مكان

برزانی   برزانی

ومن لم يطرق سمعه ذالک الاسم

وقد تداول سمع الدهر انامله العشر

انه مل ء سمعه وبصره فی الشرق

والشرق الأوسط....

شیعرێکی دوورودرێژه بەم بەشەی کۆتایی پێدێنین بەهۆی درێژیەکەیەوە ئەوئاماژەو ڕموزنانە بەسن کە لەشیعرەکەدایە ئەمەو چاپەمەنیەکی زۆر بەزمانی کوردی بڵاوبوەوە وزیاتریش پەرەی دەسەند لەوسەردەمەدا، هەرئەوەندەی هەستیان بەکیانی خۆیانکرد زیاتر کاریانکرد بۆ ئەوەی لەوبوارە تەسکە بیهێننە دەرەوە بۆئەوەی بتوانن پانتاییەکی جیهانی پێببەخشن هەروەها سود وەرگرتن لەشەڕی ساردی نێوان خۆرهەڵات وخۆرئاوادا یەکەم لایەن کەدەستی یارمەتی بۆ درێژکردن ڕوسەکان بون ئەویش لەپێناوی ئەوەدابوو کە حلفی بەغدا لەناوبەرێت بۆ ئەوەی بتوانێت پشێوی دروستبکات لەناوچە نەوتیەکاندا. (10)

**ب ـ کێشەکە لەسەردەمی عبدالكريم قاسم دا :**

کێشەی کورد لەسەردەمی عبدالكريم قاسم ی خوێن مژدا گەشەی سەند زەوتکەری شۆڕشی 14 ی تموز ودزی دروشمەکانی ئیتر  وردە وردە کێشەکان لەڕەگەوە گەشەی سەند وشێوەی خەباتێکی چەکدارانەی خوێناوی بەخۆیەوەدی، وەك هەموو فەرمانڕەوایەکی تاك قاسم ی عراق هەوڵیدا کێشەکە زلبکات وبیکات بەشت پاش ئەوەی خۆی بوو بەمیراتگری لەگەڵ مهداوی وبازرگانی پێوەکرد بازگانیەکی ناشیرن کەکەسانی نیشتمان پەروەر قێزی لێدەهاتەوە، ئەوەشی تەنها لەپێناوی درێژەپێدانی فەرمانڕەوایەتی تاکڕەویدا کرد مەبەستی بوو گەلی عەرەب لەعراق سەرقاڵبکات سەبارەت بەئامانج وئاواتی ڕاستەقینەی خۆی لەڕوی یەکیەتی وسەربەستی و سۆشیالیستیەوە بەدوربانخاتەوە . بەڵێ قاسم بە مشێوەیە ڕێگەی بەکوردەکان دا ڕۆژنامەی زیاتر دەرکەن تابەڕاستی زیادیکردو ژمارەی لە (15) ڕۆژنامە تێپەڕی کردو ڕێگەیان پێدرا خوێندن وفێرکردن بەزمانی کوردی بوترێتەوە لەقوتابخانەکانیاندا هەروەها بەرنامەی تایبەتی بۆ دابینکردن بەزمانی کوردی لەئیزاعەو تەلەفزیۆن کە کوردەکان لەسەرتاسەری وڵاتدا گوێیان لێدەگرت، هەروەها لەسەرکردە دوورخراوەکانیان خۆش بوو کەگرنگترینیان بەرزانی بوو کە لەڕوسیاوە هێنایانەوە بۆ عراق بەپاپۆڕی شورەوی لەڕێگەی سویس هوە عبدالكريم قاسم وەك  پاڵەوانی نەتەوەیی پێشوازی لەبەرزانی کردو دانی بەبەرزانی دانا کە پاڵەوانێکی تێکۆشەرە دژ بە مەلەکیەت.

بەم شێوەیە ئومێدی کوردەکان پەرەیسەند دوای لێبوردن وجوامێری عەرەب لەلایەن قاسم وە ئیتر ئەوانیش گەڕانەوە بۆسەر ڕێکخستنە کۆنەکانی خۆیان بەشێوازێکی ئێجگار ترسناك لەتۆڕی نهێنیەوە دەستیان پێکرد بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتەکەیان هەرهەمویان وایان لێهات باوەڕ بەوەبکەن دەستوبرد بکەن سەبارەت بەبونیاتنانی دەوڵەتێکی کوردی حکومەتی عراقیش تائەوکاتەش دەستی یارمەتی بۆدرێژدەکردن تەنانەت سید خالدی نقشبەندی ئەندامی ئەنجومەی سەرکردایەتی ئەوسەردەمە لەدەسپێکی یەکیەتی سوریاو میسر جارێکیان ڕایگەیاند کاتی ئەوەهاتوە دەوڵەتی کوردی دروست بکرێت. لەبەرئەوەی کوردەکان قەرزێکیان بەلای عەرەبەوەیە ئەوقەرزەش دەبێت عبدالناصر بیداتەوە، مەبەستی لەوقەرزە دەرکردنی سەلیبیەکانە لەلایەن صلاح الدين الأيوبی یەوە مەبەست لەڕوداوەکانی دوێنێ وئەمڕۆیە گوایە عبدالناصر بەباشی لەهزری ئەماندایە وبەئەمەکە وخاوەنی بەڵێنی خۆیەتی سەبارەت بەوقەرزە لەڕوی هەڵوێستەوە دەرحەق بەبەرزانی  پێویسە ناصر لایەنیان بگرێت وپشتیوانی بزوتنەوەی کوردبکات وسۆزیشی هەبێت بۆی ـ بۆ نا ـ ئەگەر عەرەب بەڵێنیدا بەئەمەکە بۆ بەڵێنەکەی چونکە خۆی پڕاوپڕە لەخەسڵەتی جوامێری عەربیەوە نەك هەرئەوە بەڵکوو لەڕوی میللیشەوە میللیە سەبارەت بەکوردەکانی ئەمڕۆ دەرحەق بەو ڕوداوانەی سەروی عراق بەڵام گەلی

عەرەبیش ڕێبازی عەرەبی نەتەوەیی خۆی هەیە نەتەوەش ڕێبازی خۆی هەیە فەرزیدەکات بەسەریەوە بەئەمەك بێت لەئاست هەوڵە نەتەوەییەکان وفرسەت تەڵەب و تاك ڕەوەکاندا.

بارودۆخەکە لەعراق دا بەوشێوەیە مایەوە تاشۆڕشی شواف سەریهەڵدا بۆئەوەی هێزی کوردەکان ئەوەندەی تر زیادبکات قاسم یش پشتی بەوانیش وشیوعیەکانیش بەست شەرکەرو پیاوی خۆیانیان خستە بەردەست بەمەبەستی سەرکوتکتردنی ئەوشۆڕشە هەروەها خیانەت وبەکرێگیراوی عبدالناصریش لەومێژوەوە دەرکەوت لەگەڵ قاسم بەشداربوو، کار گەشتە ئەوەی جۆگەلەی خوێن برژێت لەناو شاری موصل هەروەها بەرزانیش دەرفەتەکەی قۆزتەوە بۆلەناوبردنی نەیارو ڕکابەرە کوردەکان ئەوەبوو هەزاران کەسی دەربەدەرو کردو سوکایەتی پێکردن ئەویش بەهۆی ئەوەی حکومەت نەی پاراستن بەڵکوو بێدەنگی لێکرد دواجار ئامانجەکانی تاکڕەوی لەفەرمارەوایەتیدا لەلایەن عبدالناصرەوە یەکیگرتەوە لەگەڵ حوکمی تاك ڕەوی قاسم لەعراق لەوسەردەمەدا لەپلان ودەسیسەنانەوە لەدژی مەسەلەی نەتەوەی عەرەب.

بەمشێوەیە کێشەکە ئەوەندەی تر پەرەی سەندو بوو بەیاخیبونی چەکداری لەلایەن بەرزانی یەوە هاوڕێی کۆنی قاسم لەدژی دەوڵەت هەڵگەڕایەوە ئیتر بازرگانی سیاسی ڕۆڵێکی گەورەی بینی. تەنانەت لەکاتی هەڵگەڕانەوەی ئەم دواییەی کوردەکان چاوپێکەتنیان لەگەڵاکردم لەکاتی چاوپێکەوتنێکدا لە جزیرە ابن عمر لەگەڵ قایمقامی جزیرەی تورکی ڕاست و رەوان پێیوتم : ئایا ئێوە بەڕاستی سورن لەسەر لەناوبردنی بزوتنەوەکەی بەرزانی ئەگەرنا ئێوەش وەك عبدالکریم قاسم دەبن، کاتێ من لەپرسیارەکەی سەرسام بوم دەستیکرد بەڕونکردنەوە بۆم وتی : قاسم بەڕاستی نەبوو لەمەسەلەی لەناوبردنی بەرزانی وچەتەکانی چونکە خۆی ئەوسەردەمە هاوچەرخی بزوتنەوەکەی بەرزانی بوو لەڕۆژگارەکانی قاسم دا دەتوانین لەمێژوودا وەك شایەتێك ئاماژەی پێبدەین سەبارەت بەڕوداوەکانی سەرسنور... بەڵام هیواداربوو ئێمەش وەك ئەوان بەڕاستمان بێت (مەبەست لە تورکە) بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەکەی بەرزانی. ئەوتا دوای ئەوەی لەئێستادا خۆی قایم وپتەوکردوە لەسەردەمی قاسم وابەردەوامن لەیاخی بونیان بەمەبەستی جیابونەوە لەگەڵ گشت لاینگرانی بازرگانە میلگەرایی سیاسەتی عەرەب تادەگاتە بازرگانانی ئاینی میلی لەوانیشەو بۆئیسعماربەگشت لایەنەکانیەوە. بەڵام کاشکا چارەسەری ئەمڕۆ وەك دوێنێ بوایە چونکە (تازە پشتێن بەستراوە چۆڕاگەی خوێنیش ڕژاوە) سەرقاڵی نوسینی ئەم دێڕانەم وگوێم لەیەکگرتنەوەی لەشکری عەربە لەسوریاو عراق لەڕادیۆوە پاش گوێبستنی ئەوهەواڵەش گوێم لەخۆبەدەستەوەدانی احمد بەرزانی وچەتەکانیەتی داوای لێبوردن دەکات لەبەرئەوەی بۆیاندەرکەوت جگەلەوە چارەیەکی تریان نیە. دوێنێ وەك ئەمڕۆ نیە و بازرگانیش وەك بیروباوەڕنیە وخیانەتی نەتەوەییش دەرحەق بەعەرەب جیاوزە لە لەبەئەمەکی. بەمشێوەیە ئەوکێشەیە گەورەیە بەرو کەمبونەوە چوو کە ئیستعمار خۆراکی دابوێی لەگشت قوناغەکانیا هەروەك چۆن میلیگەراکانیش لەناوەوە خۆراکیان دەدا لەگشت قوناغێکیدا، هەرچی کوردەکانی جزیرەشە کە لەبەشی داهاتودا باسی لێوەدەکەین، ئەوانەش بەشێوەیەکی ئۆرگانی پەیوەستن بەکوردی عراق وتورکیا وئێرانەوە یانی کێشەکە یەکێکەو ئامانجەکەش هەر یەکێکە، لەلای ئێمەش خوازیارانیان هەیە لەناو جزیرە دا کەئەم نمونانەم :

جگەرخوێن : شاعیری بەناوبانگی کورد بەپێشەنگی بزوتنەوەی کورد دادەنرێت

عسمان صبری : بەرەچەڵەك خەڵکی عامودایە شاعیرێکی کوردەوەو وەك جگەرخوێنە

آل قدری پاشا : خەڵکی درباسیەیە وهەرهەمویان بەپەرۆشن بۆکوردو نەتەوەی کوردیان

صالح الشویش : خەڵکی عامودایە، بەیارمەتیدەر وممەولی بزوتنەوەی کورد دادەنرێت لەگشت بوارێکەوە

جلال قرطوش : نیشتەجێی عامودایەو بەکارامەیی کاردەکات بۆ نەتەوەی کورد

ملاحسن عوسمان : خەلکی عامەدایەو باناوبانگە بەبڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان بەسەر هاوڕیانی کوردا

عبدالکریم ملا الصادق : خەلکی مالکیەو عین الدوار.

آل حاجو : خەڵكی قبور البيض وقامیشلی یە زۆربەكارامەیی وچالاكانە كاردەكەن بۆ مەسەلەی كورد

عصمت شاهین : خەڵكی عین العرب ەو پارێزەرێكی ناوادارە لەوێ

نذیر آغا، احمد حسنات، سلیمان حاجو، عبدی خلو، عارف عباس، احمد نافذ، عبدی عبدالقادر، صالح شیخ موسی، زۆری كەش كەبەهۆی زۆریانەوە ناكرێت ناویان بەرین. ئەوانە هەستی كوردیان وروژاندوەو هەروەها پیاوانی ئاینیش كاركردی خۆیانیان هەبوە.

ئەوە شێوەی گەشەكردنی كێشەی كوردە بەختەتی پانیەوە لەدەسپێكی لەدایكبونیەوە تا ئەمڕۆ. ئەمڕۆش وای لێهاتوە هەڕەشە دەكاتە سەركیانی عەرەبی ولەگشت لایەكەوە چەكداركراون بەبۆچونی دژایەتی كردنی نەتەوەی عەرەب بەكۆن ونوێیەوە لەناوەوەو دەروەش. پێویستە پیتەكان سەروبۆر بكرێن وئیجرائاتی تەواو وەربگرێت تابەتەواوەتی زەمانەتی لەناوبردنیان بگرێتە ئەستۆ بۆكۆتایی پێهێنانی لەڕەگوڕیشەوە بۆئەوەی نەبێتە هۆیەكی سەرەكی كەعەرەب پێوەی سەرقاڵبێت لەبەرئەوەی بتوانن لایەك لەمەسەلەی نەتەوەیی خۆیان بكەنەوە نەتەوەی عەرەب. بۆیە پێویستە لەڕەگوڕیشەوە لەناوببرێت وپلانێكی تۆكمەو زەرور دارژێنرێت لەنێوان هەردوو دەوڵەتی برادا سوریاو عراق دەبێت چارەسەرەكەش یەكێك بێت وپلانەكەش هەریەك پلان. ڕاوبۆچونەكان وپێشنیارەكانی تریش لەبەشی داهاتودا باسی لێوەدەكەین، كە ئەویش كێشەی كوردە لەئێستادا بەشێوەیەكی تایبەتی لەناو جزیرەدا، كەچارەسەری ئەوەش گرێدەدەینەوە بەو ڕاوبۆچونانەی پێشكەشی دەكەین ودەیخەینە بەردەست وەك پڕۆژەیەك لەپێناوی ئەوەی ببێت بەچارەسەرێكی سەركەوتوو لەگەڵ پڕۆژەكانی تردا كەپێشەكەش دەكرێت سەبارەت بەكێشەی كورد. لەئەنجامدا دەتوانین بگەڕێنەوە بۆسەر بارودۆخەكە تاوەكوو بتوانین پلانێك بۆمەسەلەكە دابنێن، چونكە بەهەموو شێوەیەك لەشێوەكان ترسی ئەوەڵ وئاخر لەجزیرە وسەروی عراق تەنها ئەوەیە، هەرمەترسیەكی تر هەبێت ئاسانە تەنها ئەم مەترسیە نەبێت چونكە ڕەوتێكی گرتوتەبەر دەقاودەق لەهەمان ڕەوتی جولەكە دەچێت كەلەناو فەلەستین دا هەیە بەوپییەش كەبەردەوام وبەلێشاو ڕەوێكی زۆر هەیە بەرەو جزیرە بەناوی جیاواز جیاوازو شكڵی سەیرسەیرەوە هاتون. تاوای لێهاتوە لەناو جزیرەدا ئاماریان لە (160) هەزار كورد تێپەڕی كردوە هەرهەمویان بەگوێرەی پلانێكی نەخشەڕێژراو هاتون. ئەویش نیشتەجێ كردنی زۆرترین بڕی كوردە تابكرێت بەهەر شێوەیەك بێت ژمارەی كورد زۆرتربێت لەونیشتمانەی مەبەستیانە بۆئەوەی بتوانن بەگوێرەی پێویست بۆشاییەكان پڕبكەنەوە، زۆریان سەرقاڵن بەئاوەدان كردنەوەی ماڵ وزۆڕیشیانكردوە. تەنانەت گەشتونەتە شاری حەسەكەو گەڕەكێكیان تیا دروستكردوە (ئەویش گەڕەكی عزیزیە) یە سەرجەم دانیشتوانی كوردە كۆچكردوەكانن تەنانەت دەسەڵاتی ناوخۆش ئێستا دركی بەومەترسیە كردوە لەناو خۆی شاری حەسەكەدا ئەوەبوو خانوو دروستكردنم قەدەغەكردو ئاماژەم بەلایەنی پەیوەست كرد لەدەزگاكانی دەوڵەت هەرخانویەكی تازە دروستكرابێت لەلایەن كوردەكانەوە دەبێت بیڕوخێنرێت. هەروەها هەر پشتگوێخستنێك ودواخستنێك ڕوودات سەبارەت بەپلانەكەو بەردەوامبون لەپێشكەش كردنی چارەسەر دەبێتە هۆی دواخستن ومەترسیەكە زیاتردەكات وبەردەوامیش چڕترو گەورەتربێت. تەنانەت كوردەكانی جزیرە لەڕۆژانی بزوتنەوەكەی بەرزانی دا دروشمێكیان بەرزكردبۆوە لەسەردەمی حەكمی قاسم دا لەوكاتەی لەشكری سوری ویستی دەست تێورەدان بكات لەناو عراقدا. ئەمە دروشمی كوردەكانی جزیرەیە :

(پشتێنەی سنور پشتێنەیەكی مەترسیدارە)

مانای وایە كەئامادەن ڕێگری لەشكری سوریا ئەوكاتەبكەن ونەهێڵن دەستێوەردان بكات بە بەرژەوەندی عەرەب. تەنانەت گەر بەچەكیش بێت. لەبەرئەوەی مەترسی هەیە بۆسەرلەشكری عەرەبی سوریا گەربێتوو بەشداریبكات لەوهێرشەدا، بەڵام ئەمڕۆ لەجزیرە ترس ولەرز كەوتۆتە گیانیانەوە، بەتایبەت دوای ڕاگەیاندنی یەكیەتی سەربازی نێوان عراق وسوریا... (11)

## بەشی دووەم

## ((کێشەی کورد لەپارێزگاری جزیرە))

### 1 ـ ماڵباتی گردبونەوەی کوردەکان :

کوردەکان لەسەر خەتی سەروی هاوتەریبی سنوری تورکیا گردبونەتەوە لەپارێزگاری جزیرە کە بەشانی تورکیاوەیە لەناو شاری جزیرەدا بەرەوقولایی باشور کەنزیکەی 15 ـ 35 کیلۆمەترە هەروەها لەڕۆژئاواوە لەناوچەی رأس العين تادەگاتە بەشی خۆرهەلات کەسنوری ناوچەی مالکیەیە ئەم گردبونەوە چرە لەناوچە بەپیتەکاندایە لەهەندێ جێگەدا زۆر بەزەحمەت دەتوانیت کۆمەڵێکی بچوکی عەرەبت بەرچاوبکەوێت بەتایبەت لەناوچەکانی مالکیەو قبور البيض وقامیشلی وعامودا بەپیترین ناوچەیان داگیرکردوە لەجزیرەدا هەروەها زۆرترین ڕێژەی بارانیشی لێدەبارێت ڕێژەی بارانەکە لەدەوروبەری ناوچەی مالکیەو قامیشلی لەنێوان (400 ـ 500) ملییمتری بارانە بەگوێرەی نەخشەی باران بارین.

کەوابوو ئەمە ئەوە دەگەێنێت کەئەوان (کوردەکان) بەپیترین پارچە زەوییان داگیرکردوە کەتوانای بژێوی ڕوەك وبەروبومی دانەوێڵەی هەبێت وناوچەیەکی هەمیشە زیندوە کەچی عەرەبەکان بەزۆری لەناوچەی باشور دەژین زوربەیان کەزۆرینەیان خەڵکی شارن، کە ڕێژەی باران تیایا لە (200) ملیمتیر زیاتر تێپەڕناکات لەوانەشە ئەوهۆکارە بگەڕێتەوە بۆنزیکبونەوەی ژیانی تاکی عەرەب لەشارستانیەتی وسەردەمی شارستانیەتی ، بەجۆرێکن لەبارودۆخێکی گواستراوەدان وئاگایان لەخۆیان نیە چی ڕوودەدات لەدەوروبەریان ڕودەدات وچیان بەسەراهاتوە وچ جۆرە پلان ودەسیسەیەکان بۆشاردونەتەوە. تاکارگەشتە ئەوەی ئەمبارودۆخەی ئێستاهەیە ئەم شێوەیەی ئێسای لێدەرچێت. هەروەها بەرامبەر بەخەتی سەروە خەتێکی تری بەرامبەرە لەتورکیا ئەوانیش دانیشتوانەکەی کوردو تورکن، ئەوانە خزمی یەکترین بربرەپشتی یەکترین ولەخوێنەوە تێکەڵن. دەبینین خێڵە کوردەکان دابەشبون بەسەر سوریاو تورکیادا بەهەمان شێوەی ئەوانیش لەعراقیشدا هەن، ئەوانە براو ئامۆزای یەکرتین بەسەر ئەو ناوچەیەدا دابەشبون چاوەڕوانی خەون وئومێدە زێرینەیەکەی خۆیانن کەئەویش نیشتمانی کوردەکانە (کوردستان) بەردەوامیش لە جوڵەو پەیوەندیدان لەناویەکا هەم لەناوەوەی سنورەکەو دەرەوەی سنوریش ئەوپەیوەندی وجوڵەیە یارمەتیان دادت وکارئاسانیان بۆ دەکات هەم بۆخۆیان هەم بۆبارودۆخەکەش بۆیە هەست بەیەکیەتی خۆیان دەکەن، ئەم دراوسێیەتیە یاخود باشتروایە بڵێین ئەم پێکەوە لکان وپێکەوە ژیانە یارمەتیاندەدات لەپشتی سنورەوە ئەویارمەتیە بەهێزوپتەوە کاریگەرە لەدواجاردا دەبێتە هۆکاری سەختبونی چاودێریکردنیان لەبەرئەوەی زۆر بەدەگمەن دەبینیت کوردێك یارمەتیت بدات، کوردیش نەبیت هیچیان لێ تێناگەیت هەرناشزانی چی ڕوودەدات لەناویاندا. لەبەردەم بەڕێزتدا وەستاون کەچی بەکوردی دەدوێن بێ ئەوەی تۆش شتێکیان لێ تێبگەیت. دوای ئەوەش گەربێتوو داوا لەزمانزانێك بکەیت کەزمانەکەیان بزانێت وغەیرە کوردبێت لەوعەرەبانەی کەبون بەکورد بەگوێرەی ژیان وتێکەڵاوییان یاخود بەواتایەکی تر ـ گەر واتاکە ڕاست بێت ـ ئەو کوردانەی بون بەعەرب ئەوانەش جێی باوەڕنین، هەر بەشێوەیەکی سروشتی خۆیان دوورەپەرێزن وبەوریاییەوە ڕەفتاردەکەن، ڕێکخستنی پارتیشی بخەرەسە ئەوڕێکخستنە زانستیە تەندروستەی پارتی بارزانی کەبۆتە هۆکارێك وبەربەست لەوەی ئاگاداری پرۆژەکانیان وپلانەکانیان بیت. ئەمانەو هەرچی باسمان لێوەکرد هۆکاری یارمەتیدەرن بۆ بەرژەوەندیەکانیان، دەیانخاتە بارێکی بەهێزوپتەو لەبەرامبەر درکاندنی هەر زانیاریەك بێت گەربتەوێت بەدستی بهێنیت لێیان، لەگەڵ ئەوشدا ئەوان هەربەسروشتی دروبەهێزن دڵسۆزی وبەئەمەکی خۆیانت بۆ دەردەبڕن بەڵام لەژێرەوە بەفێڵوفەرەجەی خۆیان چاڵت بۆ هەڵدەکەن. (12)

## 2 ـ خێڵەکانی کورد :

خێڵە کوردەکانی جزیرە بەگشت ناکۆکیانەوەو گشت هەستونەستێك کەهەیە لەناویاندا لەدوژمنایەتی وتۆڵە سەندنەوەیەکیش وایان لێهاتوە یەك ڕێکخەر کۆیانبکاتەوە ئەویش ((کوردبون خۆیانە)) یەك هیواش وزەیان پێ دەبەخشێت بەرەوپێشەوە پاڵیان پێوەدەنێت ئەویش ئەوئاسۆیەیە کەبۆی دەڕوانن کە بریتیە لەنیشتمانێکی نەتەوەیی، کەئەمڕۆ بیرۆکەکەی ئاشکرابوە زۆر بەڕونی لەمێشک و هزری هەموو کوردێکدا بەهۆی ڕێژەی ئەو وشیاری وزانیاری ورۆشنبیریەی پێمان بەخشین... ولەڕوی بیرو باوەڕەوە بیرۆکەیەکی هەڵەبوو پێمان بەخشین وکردمانن بەعەرەب وبەجیهانمان ناساندن، هەرئەوەندەی فێربون ئیتر ئەوانیش پێچەوانەی ئەوەیان پێبەخشینەوە کەچاوەڕوانمان دەکرلێیان، بەهەرحاڵ پێویستە لەسەرمان هەندێ خێڵ وکەسایەتیە کوردەکان بناسینین لەجزیرە بەگوێرەی گرنگی خۆی ڕیزبەندی بۆ دەکەین بەپشت بەستن بە بیرۆکەی نیشتمانی کورد.

### 1 ـ عەشرەتی هەڤیرکانی کورد

ئەم عەشیرەتە بەدرێژایی مێژوی خۆی قاڵبوی چەتەگەری وشەڕوئاژاوەن، ئەم عەشیرەتە خۆیان لەسەرسنوری تورکیابون بەشداریان کرد لەگەڵ چەتەکانی شیخ سعید لەدیاربەکر پاشان سەرۆکەکەیان حاجو آغا هەڵهات بۆعراق چونکە لەلایەن تورکیاوە داواکرابوو حکومەتی عراقی ئەوسەردەمە وەریان نەگرت، بەدزیەوە گەڕایەوە بۆتورکیاو دەستگیرکرا بەڵام توانی لەزیندان دەربازبێت بەڵام هەڵهاتنەکەی زۆر سەرسوڕمێنەربوو لەکۆتاییدا هاوڕێەتیەکی بەست لەگەڵ ئەفسەرێکی هەواڵگری تورکیا ئەفسەرەکە دەرفتی وەرگرت وبەکاری هێنا بۆخراپەکاری لەدژی خەڵکی بێوەی سوریا لەوناوچەیەدا لەپڕێکا ئەفسەرێکی فەڕەنسی کوشت لەسوریاو کەلەی سەری لێکردەوەو دایەدەست والی ماردین لەپێناوی ئەوەی بەلای خۆیا ڕایکێشێت ورەزامەندی بەدەست بهێنێت. بەڵام حکومەتی تورکی وشیارترو دووربینتربوو لەچاو ئەوانیتر، هەرچی زانیاریەك وتوانایەکی هەبوو لێیان وەرگرت وهەڵماڵی، سەرلەنوێ حکومەتی تورکی دەستیکردەوە بەڕاونانی ناچاربوو خۆی وعەشرەتەکەشی هەڵبێت بەرەو سوریا، سوریای بەئەمەك باوشی گەرمی خۆی بۆ واڵاکرد ئیتر خۆی وعوشرەتەکەی هاتنە بەری سوریاو بەخۆی وتەواوی بنەماڵەکەیەوە لەناوچەی قبور البیض نیشتەجێ بوو سەرەڕای سوربونی تورکەکان بۆ ئەوەی دووربخرێتەوە بۆ ناوەوەی تورکیا، عەشرەتەکەی ئێستا لەقبور البیض و قامیشلی و بەشێکیش لەکورەکانی لە حەسەکە نیشتەجێن.

ئەمڕۆ ئەوعەشرەتە پێگەی خۆی هەیە لەناوکوردەکاندا لەتورکیاو سوریاو تەنانەت عراقیش جێگەی ڕێزوحورمەتێکی زۆرن لەناو کوردەکاندا، بەسەروەری ڕێکخستنی پارتی دادەنرێن تەنانەت هی شیوعیەکانیش چونکە ئەوانە لەسەر ئاینی شەیتان ومەزهەبی ئیبلیس کاردەکەن تێکۆشان وخەباتیان لەپێناوی دامەزراندنی نیشتمانی کوردایە کە(کوردستانە) خێزانەکانی ئەم عەشرەتە بەزیاتر لەهەزار خێزان مەزنە دەکرێت هەرمەموشیان ئامادەی قوربانیدانن لەهەموو کاتێکدا بەئاماژەیەکی بچوکی وەچە زیندوەکانی حاجو. ئێستا ڕێژەی چەکدارەکانیان کەتەواو پڕچەکراون دەگاتە نزیکەی پێنج سەد چەکدار. ئەمە بێجگە لەپێگەو دەسەڵاتی ڕابوردوی خۆیان لەناوعەشرەتە کوردەکانی تردا، لەڕابوردووشدا بەرپرسە بەسەرچوەکان بایەخ وپەرەیان پێدەدان هەروەها لەڕوی ئاینیشەوە لەبەرئەوەی ئیسلام بون، تێکەڵاوبونیان لەبواری ئاینیەوە بۆ بواری نەتەوەیی لەڕابوردودا سائیتر بەئەنقست بوبێت یان بێقەست لەلایەن بەرپرسەکانەوە وای لێکردبون کارئاسانیان بۆبکەن ولایەنی سەرنج ڕاکێش بگرنەبەر لەئاستیانا ئەویش لەڕێگەی ئەوبایەخدانەوە کەپێیاندرابوو، بەڵام ئەمڕۆ نەئاین ونەهیچ هۆکارێکی تر توانای نیە ئەوپەتەوییەی لەناخیاندا دروستبوە ولەمێشکیاندا چەسپیوە لەبیروبۆچونی پارتی بونیان کەم بکاتەوەو لەناونابات وناشسڕێتەوە، هەروەك وتمان ئەوبڕە وشیاری وزانیاریەی ئێمە پێمان بەخشین ویارمەتیمان دان بەشدارمانکردن لەگەڵ خۆماندا بەمەبەستی بەعەرەب کردنیان بۆنمونە دەتوانم ڕوداوێکی بچوك بگێڕمەوە کە ڕویداوە : مامۆستایەکی مێینەی عەرەب لەگوندێکی کوردەکاندا لەیەکێك لەوماڵانەدا نیشتەجێ بوو مامۆستاکە دراوسێیەکی ئافرەتی دەبێت ئەوئافرەتە بێشك نەخوێندەواریشە، منداڵێکی ئافرەتەکە لەلای ئەومامۆستایە قوتابیە، ئافرەتەکە ڕۆژێك دەربارەی کوڕەکەی پرسیاری لێ کردبوو ئاخۆ زیرەکە یان تەمبەڵە لەقوتابخانە، مامۆستاکە وڵامیدابۆوە خراپ نیە ئەگەرچی کەمێك لاوازە لەوانەی ئاینیدا بەتایبەت خوێندنەوەی قورئان.

وڵامی دراوسێکەی ئەوەبوە ئێمە چیمان لەقورئان داوە ئێمەی کورد دەتوانین دەست لەقورئان هەڵبگرین چونکە پێویستمان پێی نیە. لەکاتی گفتوگۆکەدا ئافرەتە کوردەکە ڕاستی ودروستی ناخی خۆی دەربڕیبوو کەپڕاوپڕبوە لەڕەگەزپەرستی وکەلەڕەقی خۆی دەرحەق بەنەتەوەی کوردیان ئەم ڕوداو وبەسەرهاتە گەرشتێك بگەێنێت لەوەزیاتر ناگەێنێت کەئاین هیچ ئەرزشی نیە لای کورد ئێمەش لەڕابوردودا پێمان وابوو ئاین ئەوپەیوەستەیە کەپێکەوە گریمان دەداتەوە.

کەوابوو بەهیچ شێوەیەك بوارنیە بۆهەوڵدان وسڕینەوەی ئەوژەنگە وڕەفتارکردنی مرۆڤانە هەربۆیە ئێمەش ئەوڕێگایەمان گرتەبەر ـ کاریش لەکارترازاوە هەموو هەوڵدانێك بۆ ڕێککەوتن وچارسەرکردن فەشەلی هێنا بەدڵنیاییەوە جگە لەمامەڵەیەك کەئەویش لەناوبردنی ڕیشەییە لەوەبەولاوە ڕێگا چارەیەکی ترمان لەبەردەمدا نەماوە.

بەم هۆکارانە دەتوانین مەترسی بنەماڵەی آل حاجوی پێشەوای خێڵی هەفیرکان وئەوانەش بەدوایدادێن بەڕونی ئاشکرابکەین بۆمان دەردەکەوێت ئەوانیش وخێڵە بچوکەکانی تریش کەلەناو بازنەی خۆیاندا دەخولێنەوە، لەسەرچی سورن وپانتایی پەیوەندی ئێستایان چەندە وچۆنن لەگەڵ بەرزانی وچەند پتەوە وپشت ئەستورە بەوبەڵگەو نامانەی لەنێوخۆیاندا ئاڵوگۆڕکراوە ودەرکەوتوە . کەوابوو سەبارەت بەم خێڵە یاخود ئەم بنەماڵەیە، پێویستە جێگەکەی بگۆڕدرێت بەجۆرێك کەبەلانی کەم بگونجێت لەگەڵ دووربینی تورکەکان کەخۆیان لەڕابوردودا داوایان لێکردین دووریان خەینەوە هەرنەبێت (150) کیلۆمەتر بەرەو سنوری تورکیاوە ـ گریمان ئێمە پێشنیاردەکەین داوای داگرتنی سەرجەم ئەوخێزانانەمان کردوە لەجێی خۆیانەوە بۆناوەوەی تورکیا. هەنەربێت بۆ ئەوەی بەلانی کەم گونجاوبێت لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی لەئێستادا لەوڵاتی عراقی براماندا پیادەدەکرێت بگونجێت لەگەڵ ـ داگرتنی گوندەکانی سەرسنوری کوردستانی بەشی عراق، وەك ئەوەی لەعراق ڕوودەدات هەرنەبێت لەپێناوی پاراستنی ئاسایشی جزیرە بەتایبەت کەئێستا لاوانی عراقمان لەباروددۆخی بەرەنگاریەکی تەواودان ئێمەش لەگەڵ واتای ئەو شاعیرەین کە وتی :

نەکەی کلکی مارەکە بقرتێنیت وبەرەڵایکەیت          ئەگەر جوامێریت شوێن کەلەی سەری کەوە بەڵایە

**2 ـ عەشیرەتی دەقوریە :**

ئەم عەشیرەتە گەورەیەی کورد کەلەڕۆژئاوای شاری قامیشلی جێگیربون وگەورەترین خاکی عامودایان پاوانکردوە کە بەشێوەیەك باسی ناوچەکەی خۆیان دەکەن بەشانازیەوە ناویان ناوە (مۆسکۆی دووەم) بەهۆی هێزوتوانای ئەوعەشیرەتەوەویە کەدەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات وپێگەی خۆیان لەناوچەکەدا ژمارەی خێزانەکانیان بەنزیکەی چوارهەزار خێزان مەزەنە دەکرێت. بەپیترین پارچە زەوییان داگیرکردوە لەناوجزیرە بەکاری کشتوکاڵییەوە خەریکن پانتایی زەویەکەی زۆر بەرفراوانە بە (120) گوند مەزەنە دەکرێت گرنگی ئەوعەشیرەتە لەوەدایە کەسەرۆکەکانیان پێگەو ڕێزێکی زۆریان هەیە لەناو کوردەکاندا لەسوریاو تورکیاشدا هەروەها بەشێکی گەورەی هەمان عەشیرەت لەناوچەی تورکیان لەپشتی سنور، بەردەوام پێکەوە پەیوەندیان هەیەو هەمیشە پێکەوە لکاون لەکارکردندا هاوتایان نیە لەدویوی سنور، بۆیە بەهیچ شێوەیەك نازانن سنورچیە لەبەرپتەوی وبەردەوامی پەیوەندیان هەمیشە لەجوڵەدان لەناوەوەی سنور ودەرەوەی سنوریش. ئەم عەشیرەتە دابەش بوە بەسەر چەند بنەماڵەیکدا گرنگترینیان.

أ ـ کابارە : لەنزیکەی سی گوندا دەژین وسەر بەعامودایە، هەروەها لەهەمان شێوەی ئەم گوندە لەخاکی تورکیاش داهەیە کە بەرامبەریانە.

ب ـ کاباکا : ئەم بنەماڵەیە لەنزیکەی بیست گوندا نیشتەجێن سەربەعامودایە ولەوبەرێشیانەوە لەپشت سنوری تورکیا هەمان شێوەی گوند هەیە .

ج ـ سیدان : بنەماڵەی سیدان لەنزیکەی سی گوندا نیشتەجێن وسەربەعامودایە، دوای ئەم بنەماڵانە بنەماڵەی تریش هەیە کە لەگرنگیدا هیچیان لەمان کەمترنیە. وەك (خواننە) و (زیارات) سیاسەتی ئەوعەشیرتە بەشێوەیەکی گشتی کارکردنە

لەپێناوی نیشتمانی کورد بەهەموو شێوەیەك، حاڵی حاڵی عەشیرەتی هەفیرکانە. بەسەرجەم پەلوباڵەکانیەوە ئەمرۆش لەهەموو کاتێکی ڕابوردوو بەهێزترو پتەوترو سورتیشن لەسەرکارکردن بۆ نیشتمانی کورد، لەوانەشە ڕوداوەکەی عامودا کەلەسەردەمی ڕۆژە ڕەشەکانی جیابونەوەدا ڕویدا ئەکرێت شایەت حاڵی قسەکان وروداوەکەبێت، لاوانی کورد هاواریان دەکرد بروخێت نەتەوەی عەرەب لەسەر زێدی نەتەوەی کورد نەمێنێت شەقامەکانیش پڕکران بەدروشمی نوسراو لەکاتی خۆئامادە کردندا ئاژاوەیەك لەعامودا ڕویدا بوە هۆکاری داخستنی قوتابخانە بەهۆی ئەوئاژاوەیەیەوە کەڕویدا لەکاتی خۆیدا، ئاڵای کوردیان بەرزکردەوەو هاواری بروخێ عەرەب یاندەکردو بەگیانی بەرزانی هوتافیان دەکیشا، ئەوەبوو لەوکاتەدا میسر کردی بەهەراو زوڕنای بۆ لێدان وکردی بەپڕوپاگەندە بۆیان بوو بەپاساو تاخۆیان خەریکبکەن وڕێنەی ئەوەبکەن گوایە بۆیە قوتابخانە داخراوە لەبەرئەوەی هانایان بۆنەتەوەی عەرەب هێناوە. ئائەوە حاڵ وباردۆخەکەیە ئەوەشی لێکەوتەوە ئیتر ئێمەکام دەرگاو کام دەروازەمان هەیە لێوەی دەرچین، وای لێهاتوە هەرچی بەسەر عەشیرەتی هەفیرکان دا دەسەپا دەقاودەق بەسەر ئەم عەشیرەتەشدا دەچەسپێت ئەوان چەند دڵسۆزن بۆ کورد ئەمانیش زیاتر. ئەوان چیتر باوەڕیان بەئاین نەماوە وەك ڕکخەرو گەێنەر لەنێوان ئێمەو ئەواندا کەئەمڕۆ بۆتە شتێکی زۆر خەیاڵی لەبەرئەوەی ئاین بۆتە پەردەیەك بۆیان. بەهەرحاڵ سەبارەت بەئاین لەناو جزیرەدا لەبەشێکی تایبەتی خۆیدا باسی دەکەین. ئەوانە شیوعین وپارتین هیچ نێوەندێکیان بۆنیە لەنێوان شیوعی بون وپارتی بوندا هەروەك بڵێیت پێکەوە لکاون. ڕێکخستنی پارتی وشیوعی هەردوو حزبی مەعرفی چۆن گەشتە ناو ئەم عەشیرتەوە ئاواش گەشتۆتە عەشیرەتەکانی تری کورد، ئەو ڕێکخستنەش هاندەرێك ویارمەتیدەرێکی ئێجگار کاریگەربوو لەڕوی فیرکردنی منداڵەکانیان شێخە ئاینیەکانیان زۆرباش ئەوەدەزانن کە لاوان و وەچەکانیان کوڵەکەو بەربەستەن لەبەرپەرچدانەوەی دوژمن لەکیشەکانیاندا تەنانەت پلانیش دادەنێن لەگەڵ لاوانیان ئەمە ئەگەر نەڵێین دانیشتن وکۆبونەوە ئاینیەکانیان لەو دووحزبەوە وەرگرتوە لەڕوی ڕۆشنبیریەوە هەم پارتین وهەم شێوعیشن بۆ نمونە وەك (شێخ احمدی خەزنەوەی) کە بەڕواڵەت زنجیرە کۆڕی زیکروفیکری هەیە لەهەمان کاتدا کاردەکات بۆ نەتەوەی کورد وشیوعیەت بەشێوەیەکی نهێنی لەگەڵ وەچەکانی هاوخوێنی خۆی بەگشتی پشتی بەستوە بەچینی لاوان.

### 3 - عەشیرەتی کاکی (کاکیەکان) :

ئەم بنەماڵانەیە بەنزیکەی سێ هەزار خێزان مەزەنە دەکردێت هەرهەمویان لەناوچەی دەرباسیە جێگیربون بەسەرنزیکەی سەدوپەنجا گوندا دابەشبون ئەم عەشرەتە لەتورکیاوە کۆچیانکردوە بەرەو سوریای سنگفراوان وبەخزمەتی نیشتمانی خۆشەویستمان هێندە باوەشی خۆی بۆکردنەوە لەم وڵاتە خۆشەویستەی ئێمەدا ئەوەندە زۆرن جێ نایانگرێت، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت هەرلەکۆنەوە ئەم وڵاتە بەرنامەی چۆن بوە لەگشت بوارێکدا، سەیرکەن چیمانکرد بەخۆمان چەتەو شەڕفرۆش وڕێگرو تاوانبارانمان هاوردەکردو لایەنەکانی ترمان سەرفرازکرد لەودەردی سەریە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بەڕۆحی مرۆڤانەو دۆستانە لەگەڵیان دەدوێن وڕەفتاردەکەین ئێمەی عەرەب ئاوا ڕەفتار لەگەڵ کوردەکان دەکەین بەردەوام بانگەوازی تەبایی وبرایەتی نێوان کوردو عەرەبمان دەکرد چەند یادی پاڵەوانیەتی صلاح الدینی ئەیوبی ڕۆڵە جوامێرەکەی کوردمان کرد بەجوانی ناومان دەهێنا دەمانوت ڕۆڵەی ئەوانە نەك، ڕۆڵەی ڕۆشنبیری عەرەب یاخود نەتەوەی عەرب، بەبۆچونی من صلاح الدین بێ بەریە لەوان لەبەرئەوەی عەرەب ئەوکەسەیە کەلەخاکی عەرەبدا ژیاوە وکاریکردوە بۆنەتەوەی عەرەبیش ولەڕوانگەی ئەوانیشەوە ڕواندویەتیە ژیان، کەچی ئەوان بەپێچەوانەوەن هاتنیان بەپلانێکی داڕێژرابوە، ئەواتا دەیانبینین بەئاشکرا مەبەستی خۆیان دەدەبڕن هەردەڵێیت کاتی خۆیان هاتوە دەست بەکاربن. پەلوباڵی ئەم عەشیرەتە بریتین لە : صاروخان وکوسکان واوماران، هیسکان و اسماعیلان . بەڵێ ئەم عەشرەتەش ڕێك وەك عەشرەتەکانی تری کوردن، گەربێتوو سۆزو ڕێزی خۆیان دەربڕن بۆعەرەب تەنها ڕێزێکی سەرزارەکیە هەمیشە بەجۆرێك دەمێننەوە وپەیوەست دەبن بەعەشرەتەکانی تری کوردەوە زیاتر لەوەی عەرەب. بەڵام ئەمانە چالاکیان کەمترە لەعەشرەتەکانی تر لەوانەیە هۆکاری ڕاستەقینە ئەوەبێت کەخوێندن وزانست بەباشی بڵاو نەبۆتەوە لەناویانداو هەروەها نەبونی لاوی خوێندەواریش لەناویاندا هۆکارێکە لەبەرئەوەیە دەبینین کە پەیوستن بەوعەشرەتانەی ترەوە کە پارتی وشیوعی دیانبات بەڕێوە.

**4 - عەشیرەتی المرسینیه :**

دەڵێن گوایە ئەم عەشیرەتە عەرەبن بەڵام ڕاستیەکان وشایەتەکان کە لەبەردەستدایە ئاماژە بەوناکات بەهیچ شێوەیەك بەڵکوو ئەوانە کوردن وەك ئەوانیترو لەتورکیاوە هاتون ولەقامیشلوو نیشتەجێ بون. چونکە داب ونەرێتیان وتەنانەت جلوبەرگیشیان ئاماژە بەوە دەکات کەکوردن پێویستیشمان بەوەنیە لەسەرچاوەی سەرەکیەوە بەڵگەو پاساو بهێنینەوە تا ڕونی بکەینەوە، کورد زۆرن کەخۆیان بەڕەسەن بەعەرەب لەقەڵەمدەدەن لەوانەیە ئەوەپلانێك بێت لەپلانەکان یاخود بەشێك بێت لەوپلانە گشتیەی لەلایەئیستعمارەوە داڕێژراوە.

ژمارەی ئەم خێزانانەی سەربەم عەشیرەتەن بەزایاتر لەهەزار خێزان مەزەنە دەکرێت خەریکی کشتوکاڵ وئاژەڵدارین، پەیوەندی ئەم عەشیرەتە لەگەڵ عەشیترەتەکانی دیکەی کورد زۆرباشە بەتایبەت لەگەڵ عەشیرەتی هەفیرکان وگەورەی عەشیرەتەکەش کەبنەماڵەی آل حاجویە، ڕابوردوی ئەم عەشیرەتە ئێجگار پیسە زوربەیان خەریکی ڕاووڕوت وچەتەبیین لەتورکیاو سوریادا هەتا ئەمڕۆش ئێمە دەناڵێنین بەدەستیانەوە، بەتایبەت ئەوان خزمی نزیکیان هەیە لەتورکیا کەزۆر نزیکن لێنانەوە، بەجۆرێکە کە بەبۆچونی خۆیان سنوری نێوان سوریاو تورکیا بەهیچ نازانن جگە لەوەی سنورێکی خەیاڵی بێت شتێکی ترنیە لەڕوانەگەی خۆیانەوە سەبارەت بەنیشتمانی کوردستانی خۆشەویستیان وای بۆدەچن سنوریان بۆنیە، بەجۆرێك لەسەرئەو خاکە دەژین پێیانوایە کوردستانی خۆشەویستیانە لەهیچیان کەمنیە جگە شتێکی ئێجگارکەم نەبێت ئەویش ڕاگەیاندنی سیاسی دەرحەق بەونیشتمانەو وپێکهێنانی حکومەتێك بۆی، بەڵام عەرەب کەلەڕەقی دەنوێنن، چونکە ناتوانن بیهێنە بەرچاوی خۆیان دوای ئەوە چی ڕوودەدات. ئای لە ئیستعمار چۆن پلان دادەڕێژێت وچۆنیش دروستی دەکات ؟

**5 - عەشیرەتی الملیه :**

عەشیرەتی ملیە کەپێیان دەڵێن لەڕەسەنی ڕەچەڵەکی عەرەب هەرلەخۆیانەوە قسەیان بۆ دروستکراوە بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی مێژویی وزانستیانەی بۆبکەن. ئەم عەشیرەتە پێکهاتوە لەچەند پەلوباڵێك کەکوردن، گرنگترینیان :

خضرکان، کومنشان، نجریان، دودکان، شێخان، دیدان، ماندان و، زبلان هتد..

ئەم عەشیرەتە لەناوچەی رأس العین نیشتەجێن، هەڵوێستی خۆیانیان هەیە لەمێژودا لەناوچەکەو لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکان، بەجۆرێك بون هەرلەکۆنەوە بەردەوام شەڕوشۆر هەبوە لەنێویاندا وەك عەشیرەتی شمەرو عەنزەوعەشیرەتی تری عەرەب. ئەم عەشیرەتە جلوبەرگی عەرەبی لەبەردەکەن، لەوانەیە ئەو دیاردەیە بگەڕێتەوە بۆکۆنی نیشتەجێ بونیان لەناوچەکەدا، بەجۆرێك کە جلوبەرگیان لەوان وەرگرتوەو لەبری ئەوەش زمانی خۆیانداوە بەعەرەب لەوناوچەیە خۆیانی تیادەژین.

هەروەها دەڵێن گوایە ڕەسەنیان دەگەڕێتەوە بۆسەر ابراهیم پاشای الملی بەناوبانگ ئێستاش پێگەیەکی زۆرباشیان هەیە لەناو عەرەب وکوردا هەروەها پەیوەندیەکی خۆش وباشیشیان لەگەڵ کوردەکانی درباسیەدا هەیە پەیوەندی باشێش لەگەڵ عەشرەتە عەرەبەکانیش بارودۆخیان تاوتاوە لەهەردولا بەهۆی تێکەڵاوی ژن و ژنخوازیانەوە لەگەڵ عەرەب ئەوانی دیکە عەشیرەتە عەرەبە بەناوبانگەکان ژنیان لێخواستون (المهید) ژنیشیان داونەتێ.

هەندێکیان توانیویانە بگەنە ئەنجومەنی نوێنەرایەتی ڕابوردوو تائێستاش پێگەیەکی باشیان هەیە لەناو جزیرەدا سەرقاڵی کشتوکاڵین لەناوچەی رأس العین بەڵام عەشرەتی - اصفرو نجار - زەویەکی زۆری لێ زەوت کردون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پانتاییەکی زۆریان بەدەستەوە ماوە بەشێوازی نوێ کشتوکاڵی خۆیاندەکەن.

عەشیرەتەکەیان دەگاتە نزیکەی هەزارو پێنجسەد خێزان هەرهەموی لەناوچەی رأس العین نیشتەجێن، دەڵێن ئەم عەشرەتە بون بەعەرەب ولەناو ماڵی خۆشیاندا تەنها بەزمانی عەرەبی دەدوێن منداڵەکانیان زمانی کوردیان بیرچۆتەوە . دەڵێن گوایە لەسەدا هەشتای 80 % ئەم عەشیترەتە تائێستاش لەتورکیا دەژین لەناوەندی قەزاکانی دیرك و دویران شهر

وسویرك، ژمارەی خێزانەكانیان نزیكەی دەهەزار خێزانە بەڵام پەیوەندیان پچڕاوە لەناویەكا بەبۆچونی من لەبەرئەوەیە كە ئەم عەشیرەتە كەمتر بەپەرۆشە بۆكوردو نیشتمانی كورد لەچاو ئەوانی تردا بەڵام پەلی حنین و وجود گەورەترین بەشیانە لەتوركیا لەوانەیە ئەوە هۆكارەكەبێت، ئەمانیش تاواون تاوێك واو تاوێكیتر بەجۆرێكی دیكەن بەگشتی پێدەچێت ئەمان دوربینتربن لەچاو ئەوانی تریان سەبارەت بە بەدەستهێنانی ئومێدەكانیان ئەو خەونەی كەخەونی پێوەدەبینن بۆیە وایان لێ هاتوە دیارە خۆیان متكردوە.

**6 ـ عەشیرەتەكانی تری كورد :**

لەم دەرفەتە كەمەدا بواری ئەومان نیە شیكردنەوەو سەرژمێری عەشیرەتەكانی تری كورد بكەین بەڵام هەندێ لەوعەشیرەتانە باسدەكەین :

1 ـ البرازیە : لەناوچەی عین العرب نێشتەجێن وبەشێكیشیان لەناوچەی رأس العین نیشتەجێن.

2 ـ الكیتكان : ناسراون بە بەئەمەكیان بۆ فەڕەنسیەكان وهاوشێوەكانیان.

3 ـ الشێخان.

4 ـ المحلمیە : لەناوچەی خۆرهەڵاتی شاری قامیشلوو نیشتەجێن.

5 ـ الدوركان.

6 ـ الجابیە. و حسناو هاونا. لەگەڵ میران و كوجر ئەمانە هەمویان لەخۆرهەڵات شاری قامیشلوو نیشتەجێن.

هەروەها عەشرەتی (بینارعلی) یش ناسراون بە بەئەمەكی بەوەفاییان لەپەیوەندیاندا بۆبنەماڵەی آل حاجو لەڕابودو وئێستاشدا. هەموو ئەم عەشیرەتانە یەك ڕێكیان دەخات ویەك خاڵ پێكەوە دەیان بزوێنێت كەئەویش بەزەقی پێانەوە دیارە نیشمانی كوردە كەخۆیان ئیدعای دەكەن بەڵام هەندێكیان لەگەڵ هەندێكیاندا شەڕانگێزن جیاوزیەكە یەك پلەیە لەوڕوەوە ئێمە تائێستاش نەمان بیستوە یەكێكیان هاواربكات بڵێت دامەزراندنی نیشتمانی كوردی خەیاڵیم ناوێت. (13)

**3 ـ تێروانینی كۆنمان سەبارەت بە كورد :**

بەبۆچونی كۆنی دەماودەمی وساویلكانەی خۆمان سەبارەت بەكورد كەگوایە كەمایەتین بەڵام كەمایەتیەكی بێوەی هەم لەڕوی نەتەوەیی وهەم لەڕوی ئاینیشەوە وگوایە خوازیاری سەروەری یاساو ئاسایشن، لەوەش زیاتر داواكارنین بەڵام ڕۆژگار ئەو بۆچونەی بەدرۆخستەوە بەهۆی ڕوداوەكانی سەروی عراقی برای خۆشەویستمان، ئەو بۆچونە هەڵەیە كەلەڕوانگەی نانەتەوایەتیەوە هاتوە، لەبەرئەوەی ئاینیان لەگەڵ نەتەوایەتی تێكەڵكردوە، ئەوانە ئیسلامن بەبۆچونی سەركردەكانی ڕابوردوی عەرەب كە مەبەستیان لەوبوە گوایە (لایانداوەو بون بەعەرەب كەوابوو دەتوانین بەوانە بلێین ئەوان لەئێمەوە نزیكترن لەچاو كەمایەتیەكی تردا، ئەگەربەم پێیەبێت ئەوان زایتر شایەنی ستایشن لەچاو ئەوانی دیكەدا. ئەوە بۆچونە كۆنە بوو كەبوو كەڕۆژگار درۆو دەلەسەكانیانی بەدرۆخستەوە سەرەڕای سوربون وبەقیناچونی كەڵەكبازان وخیانەتكاران، ئیستا هەموو شتێك لەجێی خۆیەتی. هەڵەی ئەوبۆچونەمان بۆدەركەوت كەجاران دەیانوت وبەردەوام لەسەرزاری خەڵكی بوو گەر بیانویستایە ستایشی كەسێك بكەن دەیانوت (ئەوە كوردە) مەبەست لەوەبوو گوایە پەیوەستە بەیاساوە ودڵسۆزی دەوڵەتەو بۆی بەپەرۆشەو پارێزەریەتی. ئیستعماریش یارمەتیدەر بوە سەبارەت بڵاوبونەوەی ئەوبۆچونە كەخۆی پلانی بۆداناوە تابتوانێت بەشداربیكات لەهەڵخەڵەتاندنی گەلی عەرەب لەڕوانگەی سەرەكی خۆیەوە بۆئەوەی خەنجەرێكی تازە لەپشتی نەتەوەی عەرەب بدات بەڵام بەبۆچونی عەرەب، لەسەرو

خەنجەرەکەی ئیسرائیل یشەوە ئێستاش کاتی ئەوەهاتوە ئەو بۆچونە درۆیە بگۆڕینەوە وهەڵگێڕینەوە بۆ بۆچونێکی زانستیانەو ڕەسەنی باوەڕپێکراوی بهێنینە جێ، هەروەها کاتی ئەوەش هاتوە ئاین لەبواری نەتەوە جیابکەینەوە لەمبوارەدا ئەگینا بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین بەرەو شعوبەیەتێکی ترسناك دادەخزێین. ئاین خۆی هەنگاوێکە لەهەنگاوەکانی هزری عەرەب لەقوناغی کرانەوەیداو بەرهەمی مرۆڤایەتی عەرەبە لەسەردەمی سەروەریدا ڕوداوە، پێویست ناکات بوەستین وسەرسامی خۆمان بەوقۆناغە بنوێنین ونەبزوێین. بەڵکوو پێویستە لەسەرمان پەیامی عەرەب تازەکەینەوە بەجۆرێك بگونجێت لەگەل چوارچێوەی مێژوییدا. پێویستە لەسەرمان لەقاڵبی جادوگەریدا نەژین وڕیڕەوە ڕەسەنەکەی خۆمان بەهێزبکەین ودەست هەڵگرین لە بۆچونی کۆن بەڵکوو ببینەوە بەبزوێنەری هەمیشەیی هزری مرۆایەتی عەرەب کە هزرێکی هەمیشە ڕەسەنە. یاخود پێویستە لەسەرمان نەبزوێین ورۆژگاریش تێپەڕدەکات بۆئەوەی بێگانە دەستدرێژی بکاتە سەرخۆمان وبیرو بۆچونمان وپلانمان بۆ داڕێژێت. (14)

**4 ـ تێڕوانینی نوێ سەبارەت بەکوردەکان**

هەرتێڕوانینێك سەبارەت بەباروذۆخەکان لەسەرچاوەی سەرەکی ورەسەنی خۆیەوە هەڵنەقوڵێت بەدڵنیاییەوە دەبێت تێروانینێکی ڕاستودروستی هاوتەریبی بەرامبەری بێت ئەگینا پێکەنیناوی ولەرزۆك دەردەچێت بەڵکوو سەقتیش (تێروانینێکی نەخۆشە). مادام هەستمان بەونەخۆشیە نهێنیەکردوە کەپەیوەستە بەتێڕوانینی کۆنمان دەرحەق بەکوردەکان، کەوابوو پێویستە لەسەرمان بگەڕینەوە بۆ چاوگەی ڕەسەنی خۆمان وهەست بەتێڕوانینی خۆمان بکەین و پیابچینەوە ئەوتێروانینەی کەدەبێت هەمانبێت دەرحەق بەکوردەکانی جزیرە. لەکاتێکدا ئێمە سەرقاڵی ئەو تێروانینە تازەیەین هیچ پاڵنەرێکی سەلبیمان نیە (نەرێنیمان نیە) بەوشێوەیەی بەمەسەلەکەوە پەیوەست بێت بەڕەگەزپەرستی ودەرمارگژی یاخود نەژادی یاخود هەرڕەنگدانەوەیەك ئەنجامەکەی بەدەربێت لە دەرونی عەرەبەوە. لەکاتێکدا ئێمە سەرقاڵی ئەوکارەین بۆیە دوای لێکۆڵینەوەی چڕوپڕمانکرد پێویستە گرنگی بەچوارچێوەی مێژویی بدەین لەمەر ئەوجەماعەتە هەروەها چوارچێوە دەرونیەکانیش پاشان لەسەر ڕۆشنایی ئەوچارەسەرانەی لەڕابوردودا بەدەستمان هێناوە دەگەینە دەستپێشخەری یاخود خوێندنەوەی نوێ ڕەسەن بەدەست دێنین.

1 ـ ئەوەی شکی تیانیە کوردەکان وەك ڕەگەز بەتەواوی جیاوزن لەڕەگەزی عەرەب هەروەها هیچ نزیکیەك ولەیەکچونێکی دەرونیشیان نیە تەنانەت لەڕوی فسیۆلۆجی یاخود ئەنترۆبۆلۆجی شەوە، کاتێ ئێمە گفتوگۆ لەسەرڕەگەز دەکەین مەبەستمان لەڕونی تەواونیە بەمانای وشە لەبەرئەوەی ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە هیچ ڕەگەزێك یاخود نەژادێك ڕون و بێ کەموکوڕی نیە. بەڵام بەگوێرەی پۆلێنی زانستی کۆمەڵایەتی ـ دیاریکردنی زانستی ـ هیچ نزیکایەتیەك نیە لەنێوان عەرەب وکوردا نیە.

2 ـ ئاین : کەبۆتە کراسەکەی عوسمان یاخود ئەوپەردەپۆشە پۆلاینەی هەرکەس پلانی بۆدارشت یاخود ناپاکی کرد بەتایبەت لەجزیرەدا، تەنانەت ئاینیش ناتوانین بەمانای وشە ناوبینێن ئاین بەڵکوو لەنو کوردەکاندا بەشێوەیەکی تایبەتی. بەزۆری زۆرینە ڕێبازی صۆفیەتە، ئەو ێبازی صۆفی گەریە بڵاوە وچەند جۆرێکیشی هەیە لەڕێبازی نەقشبەندی وشاذلی وقادری. هتد.. هەرڕێبازەو زانای خۆی وپەیامنێری خۆی هەیە وەك قوتابخانەیەکی سەربەخۆیە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. ئێمەش ئەوەی دەیزانین دەربارەی شعوبیەت زۆرە کەخۆی لەخۆیدا دروستکەری ئەوڕێبازە پەناهندەییەبوو کەبوو بەبار بەسەر ئیسلامەوە یاخود لەپشتیەوە خۆی پێ پەردەپۆش کردبوو بۆ ئەوەی لە نەتەوەی عەرەب بدات . زانایانی ئاینی کوردەکانیشی بچێتەسەر. زۆرینەی زانا ئاینیەکان لەجزیرەدا کوردن. تەنانەت ناشتوانن بەزمانی عەرەبی پاراویش بدوێن. هەموو ئەم شتانە ئەو قسەیەمان بیردەخاتەوە کە یەکێك لە والیەکانی ئومەویەکان وتبوی.

ارى خلل الرماد وميض نار ويوشك ان يكون لها ضراما

ئەو واتایە بیری هەموو ئارەزوە ئاینیەکانمان دێنێتەوە کە لەقۆناغێکدا زاڵببوو بەسەر عەرەبدا بەناوی ئیسلامەوە کە ئەوە ویشومەی وێرانکاری وماڵوێرانی ڕۆژگارە لاوازەکانی عەرەب بوو، ئەمڕۆ ئێمە بەجۆرێك ژیان بەسەردەبەین بەڵام دەڵێیت لەسەردەمی داخزان وهەرەسدا دەژین لەم گوشە نیگایەوە.

**5 - حزبی پارتی :**

لەبەندی پێنجی بەرنامەو پڕۆگرامی پارتیدا هاتوە دەڵێت :

(هەوڵدان لەپێناوی پتەوکردنی پەیوەندی برایانەو دۆستانە لەنێوان هەموو نەتەوە براکانی گەلانی عراق. وەك عەرەب وکورد. تورکمان وئاشوری وئەرمەن وسەرجەم کەمە نەتەوایەتیەکانی دیکەی ناوعراق... زۆر بەئاشکرا مەبەستی ئەوبرگەیە ئاشکرایە مەبەستی لەچیە. ئەوئارەزوە میلگەرایی وشیوعیوتیەی حزبی پارتی دەردەکەوێت کەئەم پارتە سەرەڕای ئەوەی لەسەرێکەوە کاردەکات بۆگەیشتن بەئامانجی نەتەوەی کورد کەچی لەسەرێکی تریشەوە دەبینین بەئاشکرا کاردەکات بۆ ڕوخاندنی نەتەوەی عەرەب. کەگەرەکیەتی نەتەوەی نوێ زیندوبکاتەوە بەڵام بەهەمان بۆچونی شیوعیەت تەنها ئەوەندەمان بەسە ئاماژەی پێبکەین کەئەو پارتە عەقائیدیە خاوەن ڕێکخستنێکی پتەو وبەهێزە کە لەمێژە کاری بۆدەکات. ئەمڕۆ ئەو پارتە بۆتە تاکە ڕێکخەری هەموو کوردەکان سائیتر سەربەڕێکخراوبن یانەبن، لەبەرئەوەی ئێمە بەڕاستی گفتوگۆ لەسەر ئەوبابەتە دەکەین لە بەشی پارتە سیاسیە مەترسیدارو ڕوخێنەرەکان . مەبەستمان لەوەیە بگەینە دەرئەنجامی تێڕوانینی نوێی کوردەکان لەم ناوچەیەدا، لەئەنجامدا هەرچیەمان باسکردوە لەمەوبەر ئەوە دەگەینێت کەکوردەکان هەرهەموویان کرێکارو غەیرە کرێکار داوای نیشتمانی کورد دەکەن. تەنانەت ئاینیش لەلای زانیانی ئاینیەوە ئەفسانەیەکە لەئەفسانە کۆنەکان. بەبونی لاوی کوردی ڕۆشنبیر کەلەناویاندان وهەرئەوانیش بەڕاستی چالاکیەکان دەبەن بەڕێوە هیچ باوڕێکیان بەئاین نیە مەگەر بۆپاوانکردنی مەبەستی خۆیان نەبێت - خوانەکردە - ئاواتەکەیان بێتەدی ئەوا یەکسەر ڕوی ڕاستەقینەی خۆیان پیشاندەدەن ودەبنە دەوڵەتێکی شیوعی سەربە یەکیەتی شوڕەوی لەدواڕۆژا. کەوابوو لێرەوە دەبێت بەوشێوەیە سەیری پەیوەندی ئاین لەلایەن کوردەکانەوە نەکەین هەروەها تێڕوانینیشمان جیاوازبێت لەهەمانکاتدا سەبارەت بەتورکەکانیش دەبێت بەوشێوەیە بۆیان نەڕوانین. کەابوو بەگوێرەی ئەو بۆچونە پێویستە بەجۆرێك بڕوانینە کوردەکان کەئەوان قەومێکن بەهەموو توانەیەکینانەوەو هەرچیەکیان لەدەست دێت هەوڵدەدەن نیشتمانە خەیاڵیەکەی خۆیان دامەزرێنن، چونکە بەگوێرەی ئەم بۆچونە بەدوژمن دادەنرێن هیچ جیاوزیەکیش نیە لەنێوان ئەوان وئیسرائیل ئەمە سەرەڕای پەیوەندیە ئاینیەکە چونکە ((یەهودستان)) و ((کوردستان)) یەك ڕون، ئەمە ئەگەر پێکانەی قسەکەمان ڕاستبێت. ئینجا هەرچی ئیعتبارێکی ئیستعماریش هەیە بچێتە سەری هاوتا لەگەڵ کاری جدی و ورد لەلایەن ئیستعماری دژی نەتەوەی عەربی کەچۆن پلانیان بۆداڕشتوین، ئەوەیە تێڕوانی ڕاستەقینە کە هەرلەو تێڕوانینەشەوە دەتوانین نەخشەیەکی داڕێژراو وپتەو جێ بەجێ بکەین بۆبەرنگاری کردنی مەترسیە ڕوخێنەرەکان. نەك بچین بەخۆڕایی وبەشێوەیەکی لاوەکی بارودۆخەکان چارەسەربکەین. (15)

**6 - نەوەی نوێی کورد :**

لێرەدا پێویستە لەسەرمان وتەیەك بەویژدانەوە بڵێین، کوردەکان لەڕوی تەمەنەوە دابەش بون بەسەر دوو بەشدا.

**1 - نەوەی کۆن :**

پیرەکانن، کەزۆرینەیان بەڕاستی نەوەیەکن گرێدراون بەئاینەوە یاخود باشتروایە بڵێین کاتی خۆی وابەستبون بەئاینەوە ئەمڕۆ لەناو جزیرەدا بون بەکەمایەتی گرنگیەکیان نیە هیچیان لەدەستنایەت نەك هەرئەوە بەڵکوو وایان لێهاتوە بەلای منداڵەکانیانا دایدەشکێنەوە. چەندەها جاریش زۆر لەوپیرانە هاتونەتە بەردەستم لەکاتی لێپرسینەوەدا کە لەگەڵیانا دەکرا لەدەزگای هەواڵگری دانیان بەڕاستیەکاندا دەنا تەنانەت یەکێکیان هەرچی نهێنی کوڕە پارتیەکەی هەبوو ئاشکرای کرد بۆم تەنها لەبەرئەوەی ئابڕوی خۆی بپارێزێت. بەهۆی کەمیانەوە ئەستەمە لەوجۆرە کەسانەت دەستکەوێت تەنانەت ناشگەیتە هیچ ئەنجامێك لەگەڵیان تاوەکوو هەڕەشەی ئابڕوبردنی لێ نەکەیت دەبێت کەرامەتی پیرەمێرد بڕوشێنیت ئنجا دەگەیتە شتێك.

**2 ـ نەوەی نوێ :**

ئەوانە کوڕو کوڕەزاو برای بچوکن ئەمە ئەگەر بەلای پیرەکانەوە یاخود نەوەی کۆنەوە ڕاست بێت. ئەم نەوە خویندەوارە بۆتە کەسایەتیەکی مەترسیدار نەك هەرئەوە بەڵکوو هەرئەویشە کەڕێکخستنی پارتی وچالاکیەکانی دەبات بەڕێوە. پەیمانگەو قوتابخانەکانی ئەم وڵاتە عەرەبیەمان لەم ناوچە کوردەواریەدا بۆتە کارخانەیەکی پێگەیاندنی پارتیەکان وشیوعیەکان، ڕوداوەکانی عامودای ئەم دواییە شایەتێکی تەواوە بۆقسەکانمان. لەکۆندا دەیانوت بەزانست بیانکەن بەعەرەب ئەوەتا ئەوە ئەنجامەکەیەتی ئەو زانستەی بەوانمان بەخشی بۆتە یەکەم چەکێکی بیروباوەڕ بەدەستیانەوە بێجگە لەچەکە گڕدارەکانیان. ئەگەربێتوو بەناو شاری جزیرەدا پیاسەیەك بکەیت یەکسەر باشترین ونوێ ترین شێوەی قوتابخانە دەبینیت بەگشت جۆرەکانیەوە لەناوچە کوردنشینەکان لەکاتێکدا ناوچە عەرەبیەکان پشتگوێی خراوە ئیتر سائەوە بەنیەتی تەعریبەوە بوبێت یاخود بەنیەتێکی هەڵەبوبێت ئەوە ڕاستیەکەیەو حاڵەکەش ئاوایە، ئەوان بەری ڕەنجیان پێگەشتوەو خەریکی چنینەوەین ئێمەش بەدەستی خۆمان دوژمنی باوکوشتە دڕو سەرسەختمان بۆ خۆمان دروستکرد ئیتر لەنێوان دڕندەیی وعەقیدەو بیانودان بەڵکوو لەبواری ڕاگەیاندن وئاشکراکردنی بۆچونەکانیان. لەململانێ عەقائیدیش بەهێزترو سەخترنیە چونکە هەموو ململانێیەکی تر لەئاست ئەوململانیەدا ئاسانە. بەڵێ. نەوەی نوێ نەوەیەکی بەباوەڕو عەقائیدی وملحیدیشە (کافریشە) باوەڕی بەپارتەکەی وپارتی بونی خۆی هەیەو ئیمانی بەحزبی بونی لەباوەر بەخۆکردنەوە سەرچاوەی گرتوە. لەوانەیە گێڕانەوەی ڕوداوێکی بچوك ئاست وبەرفراوانی ئەوباوەڕو پەیوەستبونە باشتردەرخات. نامەیەکی دڵداری کەوتە بەردەستمان بەهۆی لێکۆڵینەوەی هەواڵگریەوە کە لەلاوێکی کوردەوە نێردرابو بۆ کیژۆڵەیەکی کورد کەخۆشی ویستوە ئەوکیژۆڵەیە خوێندەوار بوە، بێشك کوڕە ویستویەتی هەستونەست وخۆشەویستی خۆی بۆکچەکە دەردەخات سوێندی بۆدەخوات تاماوە خۆشی بوێت. بەم پیرۆزیانە سوێندی بۆدەخوات بەمەزنی یەزدان من خۆشم دەوێیت ئەگەر باوەڕیش ناکەیت سوێندت بۆدەخۆم بەشەرەفم ئەگەر بەوەش باوەڕناکەیت سوێندت بۆدەخۆم بەگیانی بەرزانی ئەگەر هەر باوەڕناکەیت ئەوا سوێندت بۆدەخۆم بەنیشتمانی خۆشەویستمان کوردستان کەهەموو ژیانی خۆمانمان بۆکردوە بەقوربانی. کەوابوو لەوحاڵەتەدا کیژە کوردەکە دەبێت باوەڕی پێبکات مادام سوێندی بەنیشتمانی خۆشەویست خواردوە کە کوردستانە. ئەوەش بەهێزترین ئیمانە (باوەڕ) ئەوە نمونەو وێنەیەکە کەزۆری لەوجۆرە هەیە ئاماژە بەم نەوەی نوێە دەکات کەنەوەیەکی بەباوەڕن وئیمانیان بەباوەڕەکەی خۆیان ونیشتمانەکەیان هەیە ئامادەشە هەرچی هەیە بەسەروگیان وسەروەت بیکات بەقوربانی لەم بوارەدا. کەوابوو بەگوێرەی ئەوەی پێشوتر باسمانکرد پێشنیاری سیاسەتی نەفامیان دەکەین (تجهیل ـ جاهل) لەبەرئەوەی پێویستمان بەدروستکردنی ونوێ بونەوە نیە بە بەردەوامی، لێرە بەدواوە پێویست ناکات لەڕێگەی قوتابخانەو پەیمانگاکانی دەوڵەتی خۆمانەوە بێت وخزمەتی ئەوانی پێبکەین بەتایبەت کەئەزمونەکان پێچەوانەی وتراوی سەلماند کە لەڕابوردوودا دەیانوت (فێریانبکەن دەبن بەعەرەب).

ئەم تێڕوانینە پوچەڵەو سەرزارەکیشە ئەگەرنەڵێین پلانێکە یان بەشداریکردنی پلانە بۆنانەوەی ئاژاوەو تێکدان وسەرقاڵکردنی عەرەب بەکاروباری لاوکیەوە تادوور بخرێنەوە لەوەی ئاگایان لەجەماوەری خۆیان نەمێنێت بۆئەوەش کە لەخشتەیان بەرن لەوحاڵەتەدا ناتوانن بەردەوام خۆیان نوێکەنەوەو بەوشێوەیە دوادەکەون. بەڵی نەوەی نوێی کورد بەگشت پاشکۆیەکیەوەو هەموو پەیوەندیەکی کۆن ونوێیەوە دەرحەق بەپەیوەندی نێوان عەرەب وکوردەوە خۆی ئامادەکردوە تا لەکۆتاییدا ئەم شێوەی لێدەرچوو، سەرجەم پەیوەندی وتێکەڵاوی خۆی پسان لەگەڵ عەرەب تەنانەت ژن وژنخوازیش تاوەکوو کارگەشتە ئەوەی مار کاژەکەی خۆی فڕیداو لێمان گیف بوەوە... ئەمە نەوەی نوێی کوردەو ئەوەش ئامانج وبیروباوەڕیەتی ئەوش حاڵیەتی لەجزیرەدا، ئەگەر ئەمڕۆ دووچاری کێشە ببێت بەدڵنیاییەوە بەوشێوەیە دەمێنێتەوە ناچاریشە تەگەرەکانی دواڕۆژی بەردەم خۆی ولاوەنێت لەپێناوی بیروبۆچون عەقیدەی خۆیدا چونکە سەرکردەکانیان ئەمڕۆ لەلایەن هەندێ پیرو شێخی کەلەڕەقیانەوە دووچاری تەنگوچەڵەمە بون ئەوانەش خۆیان لەخۆیاندا کەمن هەروەها لەڕوی ئەقڵ وزانستەوە کەم وکوڕییان هەیە کەوابوو ئەگەر بارودۆخەکە وەك ڕەوتی ڕابوردوی خۆی ڕۆشت بەڕێوە سەبارەت بەهۆکاری یارمەتی، یارمەتی زانست وهەروەها بواری لەناوچونی ئەوبەشە کەمەی کەماونەتەوە لەکۆنەکانیان بۆیە هەوڵی لەناوبردن جێگرتنەوەی دەدات. ئەم هەموو شتانە هەیە ولەناوماندا ڕودەدات

کەچی ئێمەش خەریکی خۆخڵافاندنین تائێستاش پێمان وایە کێشەکە زۆر ئاسانە یاخود بەڕادەیەکی گەورەنیە تامەترسی هەبێت بۆسەرمان. کەوابوو پێویستە لەسەرمان بەرەنگاری ڕاستیەکان ببینەوە ئەگەرچی تاڵیش بێت پێویستیشە پلانی بۆدانێن پلانێکی زانستی وهێمنانە پێویستە لەم ساتەشەوە دەست پێ بکەین هەرئەو چارەسەرەش کەفیلی کۆتایی هێنەری ئەوکێشەیە یە کەلەئارادایە ئەگینا ئێمە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین وخۆمان دادەڕوخێنین، لەدواڕۆژێکی نزیکدا ئەوململانێ توکمەو بەبیروباوەڕە دەگاتە سەرزێدی ئێمەی عەرەب کەخۆی بەخێوکەرو بژیودەرو جێکەرەوەیان بوە لەکاتێکدا خۆیان نەبەخێوکەرو نەبژیودەرو نەجێگایان هەبوە دڵنیاتان دەکەمەوە کەبەزووترین کات دەگاتە ئەوپەڕی ئاستی پتەوی خۆی ئەوسا قوڕ بەسەرمان چکارێك دەکەین. (16)

**7 ـ پلانی ئستعمار بۆ کوردەکان :**

هەردوو بارەگای جیهانی لەمێژویاندا لەسەرهیچ بنەمایەك ڕێنەکەوتون لەمل ملانێکانیاندا بەڵام تاکە ڕێکەوتنیان لەسەردوو شانۆ بوەو ئەویش لەسەر خاکی عەرەب بوو کەشانۆگەری فەلەستین وشانۆگەری کوردستانە، بەتایبەتی کوردستانی بەشی عەرەب. بارەگای سەرمایەداری توانی هەرلەکۆنەوە مەسەلەی کورد بەدەست بهێنێت هەروەها بەشێوەیەکی گشتی کاری بۆکردوە تائێستاش بەردەوام کاری بۆدەکات بۆهیچ نا تەنها بۆئەوەی عەرەب سەرقاڵبکات ودووریانبخاتەوە لەمەسەلەی یکگرتنەوەی پەیامی خۆیان. یەکەم لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان ودووەمیش لەپێناوی کۆمپانیاکانیان ئەوان باوەڕیان بەهیچ نیە جگە لەدووبەرەکی بەردەوام بەڵام شێوازەکان جیاوزن وبەرگی گونجاوی بەبەرادەکەن کەبگونجێت لەگەڵ بارودۆخ وسەردەم جارێك بەناوی نەتەوایەتی وجارێکی دی بەناوی ئاین وجارێکیش بەناوی چەوساندنەوەی مرۆڤایەتیەوە، تاکێشەی کوردیان گەیاندە ئەم ئاستە جیهانیە کارێکی وایانکرد وەك ڕێکخراوێکی زانستیانە بێت وسەربەنەتەوە یەرکگرتوەکان بێت، تەنانەت دیاردەوهاوشێوەی لەوجۆرە لەبڵاوکراوەو ڕۆژنامە ئیزاعە ڕەسمیەکانیانەوە دەرکەوێت وببێتە دیاردەیەك، کارگەشتە ئەوەی ئۆفیسیان بۆدامەزرێنن لەسویسرا ودەوڵەتانی تری ئەورووپیش بەجۆرێکیش لەڕۆژئاوایان گەیاندوە وخستویانەتە مێشکیانەوە کە هاوتاو هاوسەنگە لەگەڵ مەسەلەی بەرلین وهەمان گرنگی سەرتاسەری ئەڵمانیاشی هەیە ئەوتا بارەگای خۆرهەڵاتی بەوەوە نەوستاوەتەوە چی بەسەرفەلستین هێناوە کەچی ئەبینین بەبەرچاوی خۆمانەوە سەرلەنوێ لەگەڵ دژەبارەگای خۆیا بارەگای ڕۆژئاوا یەکدەگرێتەوە گەرەکیەتی کارەساتێکی تری تازە لەسەر خاکی عەرەب بهێنێتەکایەوە، ئەوتا دەبینین بەئیزاعەو ڕۆژنامەکانیەوە پشتیوانی بزوتنەوەکەی کوردو بەرزانی دەکات بەئاشکراو بەشاراوەییش بەناوی مرۆڤایەتیەوە جاڕدەدات هەروەها باس لەمافی چارەی خۆنوسین دەکات ئەمانە هەرهەموی کارەساتی فەلەستین مان دەخاتەوەبیر ئیترعەرەب ئەوەندەی لەسەرە جارێکی تر چاوڕوانی ماران گازبێتەوە وەك چۆن دایان بەفەلستینەوە. لەبەرئەوەی بڵاوبونەوەی حزبی شیوعی لەناوکوردەکاندا بەشێوەیەکی بەربڵاو وبەهێز بۆئەوەیە کەپردێکی تر بەدەست بهێنن لەسەر دەروازەی خۆرهەڵات ودەوڵەتێکی شیوعی دامەزرێنن بەفەرمانی مۆسکۆ بڕوات بەڕێوە. بۆنا ڕۆژئاوا دەوڵەتی ئیسرائیلی دامەزراند ئەمانیش هاریکاریان لەگەڵاکردن کەوابوو ئەمیش داواکەی بەجێ یە لەمەڕ دامەزراندنی کوردستان کەوابوو یەك بەیەك ئەمیان ئیسرائیلی دروستکرد ئەویان کوردستان دروستدەکات. (17)

کەوابوو قۆناغی یەکەم کۆتایی پێهات کەبریتی بوو لەنیشتەجێکردن وڕاگوێزان بەردەوامە بۆناجەرگەی ناوچە عەربیەکان ئەگەر بەم شێوەیەبێت قۆناغی دووەم دەست پێدەکات کەبەرزانی دەستی پێکرد لەسەرئاستی نەتەوەیی وبەڵکوو لەسەرئاستی جیهانیش لەوناوچانەی بەپیگەیکی یەدەکی نەوت دادەنرێت هەروەها پێگەی سەرەکی نەوت وستراتیجی بونیشی ئەوەندەی دیکە یەکیەتی شوڕەوی هاندەدات سوربێت لەسەر دامەزراندنی کوردستان. بەڕاستی ڕاستیان وتوە هیچ غەلوغەشی تیانیە ئەوەنەبێت پێویستە لەسەر عەرەب تێبگات لەوەی بۆی دەخوڵقێنن و چ پلانێك دادەڕێژن بۆ نەتەوەی عەرەب زۆر پێویستە بەردەوام ئاگادارو وریابین هەرزۆر نەك هەرئەوە بەڵکوو بەخراپیش لێیان تێبگەین لەبەرئەوەی (نیەت پاکی بەڵایەو تەڵەشە) بەگوێرەی قسەی فەرمانڕەوا کۆنەکانی عەرەب. کەوابۆ بەهۆی کۆی ئەو ڕوداوانەوە پێویستە زۆر بەسوربین بەردەوامیش دەنوکمان لەسەرنەتەوەی عەرەب بێت کەعەرەب پێویستە لەسەریان لەقۆناغی مێژویی خۆیان تێبگەن هەروەها ئاگاداریشبن لەوەی بۆیان داڕێژراوەو چ کێشەیەکی جیهانی

چاوەڕوانیان دەکات لەسەرتاسەری جیهاندا، بەڵام ئەوەی هەیە نەتەوەی عەرەب بەڕەسەنی وتەنیایی ناسراوە لەم بوارەدا کەوابوو زۆر پێویستە لەسەر عەرەب پشت ببەستێت بەلاوان وپێشەنگە شۆڕشگێرەکانی خۆیان تەنها پشت بەخۆیان ببەستن تەنانەت بێ هیچ شەریکێك لەبواری پلان ونەخشەداڕشتن وکاری سەرکەوتودا. ڕەفتاری فەرمانڕەوایانی قاهیرە گەلێك ناخۆش وئەستەنگە وئازارێکی ئێجگار تاڵوتیژە بەشێوەیە هەستی خۆیان دەردەبڕن سەبارەت بەکێشەی کورد مەبەستمان لەگەلی میسرنیە. بەبۆچونی فەرمان ڕەوایانی میسر گوایە کوردەکان موسڵمانن برای ئاینن بەمەرجێك ئێمە لەڕابوردودا ئەوبۆچونەمان بەدرۆخستۆتەوە وقسەمان لەسەرکردوە. بەبۆچونی فەرمانڕەواکان گوایە کوردەکان هاولاتین وئێمە دەستدرێژیمان کردۆتەسەریان وبوختانمان بۆ هەڵبەستبن. ئەوان باوەڕیان بەچارەسەری ئاشتیانەیە لەنێوان عەرەب وکوردا ئای ئەم بۆچونە چەنێك نزیکە لەبۆچونی بەئەنقستی عبدالکریم قاسم ی نەیارەوە. کەزورنای لێدەداو بەگاڵتەجارییەوە هاواری دەکرد، بژی برایەتی کوردو عەرەب بەبێ هیچ پێویستیەك جگە لەمەبەستی فرەیودەرو نەتەوەپەرستانەی ناقۆلاو مەبەستدارەوە. لەوەدەچێت فەرمان ڕەوایانی قاهرە بیریان چوبێتەوە خۆیان چیان بەسەر ئیخوان موسلمینی عەرەبداهێنا چونکە بەڕای ئەوان ئیخوان خیانەتکارن بەلێ ئێمەش ڕامان لەگەڵ ڕای ئەوانە سەرەڕای ئەوەش ئەوان عەرەبیشن ئەی ئەوان بۆچی لایەنی ئێمە ناگرن سەبارەت بەکوردەکان بەمەرجێك عەرەبیش نین. تێڕوانین دەربارەی ئەوکێشەیە لەلایەن فەرمان ڕەوایان قاهیرەوە تێڕوانینێکی زۆر نەتەوەپەرستانەی ئاساییە کەچی خۆیان زۆر دورن لەئاسایی بونەوە بەدڵنیاییەوە ئەوقسەیە شتێکی لەپشتە دژانەیە ئێمە زۆر نارەحەت دەبین بەو مەبەستە دژوو غەدرئامێزە ئەوان بەشدارن لەگەڵ ئیستعماری خۆرهەلات ورۆژئاوا لەپێناوی دەستکەوتی تایبەتی تاکەکەسی خۆیان بۆ بەستهێنانی ئیمپراتوریەت لەسەردەمێکدا کەسەردەمی تاکڕەوی خۆیان نەبوە لەمێژویەکدا کەمێژوی خۆیان نیە. ئای لەوخەیاڵە پێکەنیناویە کە لەسەرحسابی نەتەوەی عەرەبە ئێمەش هیچمان بەدەستەوەنیە جگە لەکاری میلی وڕێکخراو تابتوانین گەلی عەرب لەمیسر ڕزگاربکەین لەدەست ستەمکارانی وپێکەوە لەڕوی بیروبۆچون وتێڕوانین وشێوازو باوەڕەوە یەکبگرینەوەو لەکاری نیشتمان پەروەریدا. (18)

**8 - پێشنیار دەربارەی کێشەی کورد**

دەرحەق بەوەی تائێستا باسکراوە پێویستە لەسەرمان چری ڕوداوەکان بەشێوەیەکی جوان وژیرانە بەجۆشێکی پڕ لەباوەڕەوە چارەسەربکەین بەجۆرێك بەدووربێت لەڕەنگدانەوە کاری ڕۆژانە یاخود کاری لاوەکی. وریایانە کاربکەین نەوەك پرۆسەکە ڕەتدانەوەیەکی هەبێت بۆئەوەی نەکەوینە داوی پلان وگێرەشێوینیەوە کەبێگانە وناحەز نەخشەیان بۆداناوە. بەرلەهەموو شتێك پێویستە لەسەرمان خۆمان بپارێزین لەهۆکاری داخزان بۆئەوەی بتوانین بنەمای خۆمان بەزانست و لێکۆڵینەوەی چڕوپڕو هەمەلایەنە بچەسپێنین لەم قۆناغە مێژویەماندا کە بەسەرماندا تێدەپەڕێت، بەتایبەت ئێستا ئاشکرایە لامان زۆر بەڕونی کە ئێمە سەرقاڵی ئەوشەڕەین لەسەروی عراقی ولاتی خۆشەویستمان شەڕێکی بەباوەڕو چەکدارانەش دەبەین بەڕێوە. پێویستە زوو وبەپەلە خۆمان بگوجێنین لەگەڵ نەخشەو پلانەکەمان لەو پرۆسەیەدا بەشداربین کە لەسەروی عراقی خۆمان دەستی پێکردوە بەتایبەت لەم قۆناغەی ئێستاماندا، سودی چیە ئەگەرلەوێ کۆتایی پێبێت بەڵام لێرە لای ئێمە بمێنێتەوە بەهەرهۆکارێك بێت لەهۆکارەکان ئیتر هەر هۆکاری بەڵگەیی بێت کەلەئارادایە یاخود هۆکاری بەڵگەیەك بەناوی هاولاتی بونەوەبێت. لەکاتێکدا هەموو شتێك ئاشکرابوە وهەرچی بەڵگەو نامەیەکی کوردهەیە بۆمان ڕونبۆتەوە لێرەولەوێش هەروەها لەتورکیاو ئێرانیش. بۆیە پێشنیاردەکەین نەخشەیەکی پڕاوپڕو شمولی دابنریت سەبارەت بەجزیرە دبێت بنەچەییش بێت لەڕەگوڕیشەوە بۆ ئەوەی جارێکی دی سەرهەڵنەداتەوە لەداهاتودا ئیتر هەر داهاتویەك بیت. چونکە ناوچەکە هەرهەموی پێکەوە لکاوە بەوشێوەیەی بۆماندەرکەوتوە وەکوو بۆشمان دەرکەوتوە لەتورکیا وعراق وسوریاش بەوشێوەیە بەڵکوو بەئێرانیشەوە لکاون بەیەکەوە بەدرێژایی خەتی سنور پێویستیشە لەسەرمان دەرفەت لەهەڵوێستی تورکیا وەرگرین لەئێستادا چونکە لەوانەیە بەهۆی ویستی سیاسی ئیستعماریانەوە ئەوانیش لەدواڕۆژدا بگۆڕێن وگۆڕانیان بەسەرابێت. چونکە ئەوان خەریکن ودەستبەکارن کەسە مەترسیدارەکان دەگوازنەوە بۆناوەوەی ولات. بۆیە ئێمە پێشنیاردەکەین .

1 ـ دەوڵەت دەستبکات بەپرۆسەی ڕاگوێزان وقەڵاچۆکردن ودابەشکردنیان بۆ ناوەوە لەگەڵ چاودێریٚ کردنی یەك بەیەکی کەسە مەترسیدارەکان. ئاساییشە ئەگەر نەخشەو پرۆسەکە بەدوو یان سێ قۆناغ بڕوات بەڕێوە. چەسپاندنی یاساکە پێویستە لەکەسە مەترسیدارەکانەوە دەست پێبکات تابەوانی دیکەدەگات کەکەمتر مترسیان هەیە کۆتایی پێ بێت بەوشێوەیە تاکۆتایی...

2 ـ سیاسەتی نەفامکردن : یان دروست نەکردنی قوتابخانەو پەیمانگەی زانستی لەناوچەکەدا لەبەرئەوەی پێچەوانەی خواست و ویستی ئێمەی دەرخست بەشێوەیەکی ئاشکراو بەتۆمەییش...

3 ـ زۆرینەی دانیشتوانی جزیرە هەڵگری ڕەگەزنامەی تورکین. دەبێت بەسجلی مەدنیدا بچینەوە کەخۆی ئەم خاڵەیان لەئێستادا دەستی پێکردوە بەڵام داوادەکەین هەرکەسێك دەرکەوێت ڕەگەزنامەکەی تەواونەبێت یەکسەر بدرێتەوە دەست ئەودەوڵەتەی سەر بەوانە. هەروەها دەبێت لێ پرسینەوە بکرێت بۆ ڕەگەزنامەکانیان ولکۆڵینەوەی لەسەربکرێت بەشێوەیەك کە گونجاوبێت پێویستە عەقڵ ببیرێت چۆن وبەچ ڕێگایەك ڕەگەزنامەکەی وەرگرتوە لەبەرئەوەی ڕەگەزنامە بە بەیانێکی ڕێگەپێدراوی کۆماری دەردەچێت. هەروەها گرنگی بدرێت بەوەی بزانرێت ڕەگەزنامەکەی بەچ شێوەیەك وەرگرتوە لەبەرئەوەی ڕەگەزنامە تەنها بە بەیانێکی کۆماری وەردەگیرێت ئەوەی بەوشێوەیە وەرینەگرتوە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە کەمینەیەو مەترسی کەمترە ئەوانی دیکەش ڕەگەزنامەیان لێ دەسەنرێتەوە کەهەرەمەکی وەریگرتوە وبگێردرێتەوە بۆ وڵاتی خۆی. هەروەها کێبرکێش هەیە لەناویاندا لەسەر ڕەگەزنامە کەسی وادەبینیت لەیەکاتدا دوو بەڵکوو تۆبڵی سێ ڕەگەزنامەی هەڵگرتوە. لەم حاڵەتدا پێویستە بگەڕێندرێتەوە بۆ ڕەگەزی یەکەمی خۆی بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەیە سەرژمێری پیاچونەوە بۆ ئەوکارانە بکرێت، پویستە بەپەلەو بێ دواکەوتن دەستبکەین بەپرۆسەی قەڵاچۆکردن.

4 ـ داخستنی دەرگای کار بەڕویاندا : پێویستە لەسەرمان هاریکاری بکەین لەپلانی داخستنی دەرگای کار بەڕوی کوردەکاندا بۆئەوەی چۆکیان پێ بدەین وناچاریان بکەین بکەونە بارێکەوە نەتوانن ببزوێن بەتەواوی شەتەك بدرێن دووەم بیاخەینە بەردەم بارێکی ناگیربونەوە لەڕوی هەڵهاتن ورۆشتنەوە بۆئەوەی دەربازبونیان نەبت بەهیچ شێوەیەك ئیتر لەهەرساتێکدابێت ئەو ڕاکردنەیان، هەروەها پێویستە چاکسازی کشتوکاڵیان لێ بسەندرێتەوەو بەوپەیرەوەبێت یەکەمجار پێویستە لەناو جزیرەدا نە موڵك بەکرێ بدرێت بەکەسە کوردەکان ونەبۆشی هەبێت لەسەر خۆی موڵك تاپۆبکات لەسایەی ستایشی اللـــــــــەوە کەسایەتی عەرەب زۆرن.

5 ـ پڕوپاگەندەیەکی زۆر بەرفراوان وبەشاڵاو بخرێتەکار لەناوکەسایەتی عەرەبدا چڕبکرێتەوە بۆسەرکوردەکان ئەویش بەئامدەکردنی کەسایەتی عەرەب یەکەم لەسەرحسابی نانەوەی ئاژاوە بۆتێکدانی بارودۆخی کورد. دووەم بەجۆرێك بێت وا لەبارودۆخەکەیان بکات تەم ومژاوی وناجێگیربێت بۆئەوەی بەردەوام لەدڵەڕاوکێدابن.

6 ـ پلەوپایەی ئاینی لەشێخ وریشسپیانی کورد بسەندرێتەوە وشێخ وریشسپی عەرەبی نەژادی ڕەسەن لەجێی ئەوان دانرێت بەنەخشەیەکی دارێژراو. یاخود بگوێزرێنەوە بۆناوەوە لەبری کەسانی دیکە. لەبەرئەوەی مەجلیسی ئەوان هەرگیز مەجلیسی ئاینی نیە بەڵکوو بەمانای وشە مەجلیسی کوردەواریە. چونکە ئەوان کاتی بانگەوازماندەکەن نامەو بروسکە لەدژی بەرزانی نانێرن بەڵکوو بەپێچەوانەوە نامیەك دەنێرن دژی ڕشتنی خوێنی موسڵمانانە. ئەم قسەیە چ قسەیەکەو لەکوێوە سەریگرتوە.

7 ـ بەیەکادانی کوردەکان ئەوەش کارێکی ئاسانە لەوانەشە زۆربەساناى بێتەدەست ئەویش بەوروژاندنی ئەوانەی خۆیان بەعەرەب دەزانن لەڕەچەڵەکەوە بەڵام کەسە درندەکانیان بوروژێنرێت لەوانەی مەترسیان لەسەرە. هەروەها ئەم کارە ڕاستی و دروستی ئەو قسەیەمان بۆدەردەخات کەعەرەبن یان نەء.

8 ـ نیشتەجێ کردنی هاوڵاتی عەرەبی نەتەوەیی لەناوچە کوردنیشنەکانی سەرسنور ئەوانە قەڵای داورۆژن لەهەمانکاتیشا ڕەقیبن بەسەر کوردەکانەوە لەکاتی گواستنەوەیاندا. پێشنیاردەکەین ئەوهاوڵاتیانە لەقەویلەی شمر بن

لەبەرئەوەی بەپلەی یەکەم ئەوان دەستکورترین قەویلەی سەرزەوین دووەم بەهۆی ئەوەی لەسەداسەد زامنکراون لەرووی نەتەوایەتیەوە.

9- خەتی بەشی سەروی جزیرە بکرێت بەناوچەیەکی سەربازی قەدەغەکراو وەك ناوچەی بەرەی جەنگ بەجۆرێك یەکەی سەربازی تیادانرێت ئەرکی سەرەکی ئەوەبێت عەرەبەکان نیشتەجێ بکەن وکوردەکان دورخەنەوە بەگوێرەی ئەونەخشەیەی دەولەت دایدەنێت.

10 - دروستکردنی کێڵگەی بەکۆمەڵ بۆ ئەوعەرەبانەی دەوڵەت نیشتەجێیان دەکات لەسەرخەتی سەروی جزیرە پێویستیشە ئەوانەی لەوکێڵگانەدا کاردەکەن راهێنانیان پێبکرێت لەسەرچەك وچەکداربکرێن وەك سەربازی تەواو بەجۆرێك لەداگیرکراوەکانی جولەکەکانی سەرسنور بچێت.

11 - رێگەگرتن لەوانەی بەزمانی عەرەبی نائاخافتن لەوەی تەنانەت بەشداربیکەن لەپرۆسەی هەڵبژاردن وخۆکاندید کردنیش لەوناوچانەی باسمان لێوەکردن.

12 - قەدەغەکردنی بەخشینی رەگەزنامەی سوری بەهەموو شێوەیەك بۆئەوانەی دەیانەوێت لەوناوچەیە نیشتەجێبن بەبێ گوێدان بەوەی لەکام رەگەزە بوە لەرەسەنەوە (بێجگە لەرەگەزی عەرەب... هتد..)

لەگەڵ ئەوەشدا کەئەم پێشنیارانە بەس نیە بەڵام ئێمە ویستمان بەم کارەمان بەگوێرەی شارەزایی خۆمان بەرپرسەکان بورژێنین تاوەکوو رۆشنایی پرۆژەی نەخشەیەکی ریشەیی بۆ ئەوکێشەیە لەبەرچاوبگیرێت. (19)

## بەشی سێیەم

## هەندێك لەبەڵگەنامەو نامەی کوردەکان کە لەناوخۆیاندا ئاڵوگۆڕیان پێکردوە

## لەسەرجەم ناوچەکانیاندا (20)

**بەڵگەی یەکەم :**

کۆماری سوریا دمشق لە 7 / 2 / 1952

سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتی نهێنی بەتایبەتی دەکرێتەوە

شعبەی دوو

ژمارە / 755 / 2 – 4

بۆ سەرۆکی بەشی سەرەکی لەقامیشلوو

پەیوەندیمان پێوەکراوە کەپەیوەندی لەنێوان انصار السلم ی ئیسرائیل و حسن حاجو آغادا هەیە بەمەبەستی ئەوەی لەگەڵی ڕێك بکەون لەقبور البیض.

سەبارەت بەم لایەنە گرنگیەکی زۆری هەیە ئاگادارمان بکەرەوە لەئەنجامەکەی.

سەرۆکی ئەرکانی گشتی

عقید ادیب الشیشکلی

**بەڵگەی دووەم :**

لەعراقەوە تاجزیرە دەکەینە گوڕستانی داگیرکەری عەرەب ی سوك وڕیسوا ئەمڕۆ کوردی عراق خەباتدەکات لەدژی عەرەبی تاوانبارو خوێن ڕێژ، لەسەردەستی گەلی کوردی پاڵەوانمان کۆتاییان پێدێت وبەسەر ئەو ڕیسوایەنەدا سەردەکەوین.

ئەم گەلەی هێزوتوانای خۆی دەپارێزێت بەردەوام خەباتدەکات لەپێناوی گەشتن بەم ئامانجانە. لەکاتێکدا سوریاو عراق توشی زەرەروزیان دەبێت بەدڵنیاییەوە بەرپرسیاریەتی لەسەرشانی ئێمە نیە ئێمە تەنها داوای مافەڕەواکانی خۆمان دەکەین لەسەربەستی وژیاندا هەروەها داواماندەکرد ئازادانەو بوێرانە لەوڵاتی خۆماندا بژین هەرئەوەندە. بەڵام ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی عەرەبی تاوانبارو داگیرکەر، تاوانبار بەبەرامبەر بەمرۆڤایەتی وسەربەستی ئەی عەرەبی سوك وڕیسوا ئێمە بەرەنگاری ئەم کارەساتە بوینەوە بەهەموو هێزوتوانایەکمانەوە باش دەزانین ئێوە چ سیاسەتێکتان بەدەستەوەیەو دەتانەوێت بەئارەزوی خۆتان بماندەن بەداروبەردا چۆنتان دەوێت ئاوا فەرماڕەوایەتی بکەن بەسەر خۆمان و خاکێشماندا.

ئەی کوردەکان تێبکۆشن وخەباتبکەن وبجەنگن هەرگیز خۆتان نەدەن بەدەستەوە ئەوە دەبینن کوردی ئازادو دلێری گەلی کوردمان لەعراق بەردەوام بوە لەخاباتکردن وتێدەکۆشێت لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکان. کەبریتیە لەسەربەخۆیی وسەربەستی هەروەها پێویستە ئێمەش لەسەرهەمان ڕێبازو خەتی پێشەوامان مصطفی بەرزانی بڕۆین بەڕێوە خۆشتان

دەزانن باووباپیرانی ئێمە خۆیان کرد بەقوربانی هەمان ئامانج. ئیستا داگیرکەری عەرەب چاوی تێمانبڕیوەو بەویستی خۆیانمان لەگەڵ دەکەن ئایا خۆماندا بەدەستەوە ؟ ئێمە خۆمان نادەین بەدەستەوەو ئەمڕۆ لەسەرهەمان ڕێباز بەردەوامین هەمان شەڕیش دەکەین ئەی گەلی ئازادو دلێر ئێمە مردن هەڵدەبژێرین لەپێناوی سەربەستی وسەربەخۆیی وکەرامەتی خۆماندا بەردەوام دەجەنگین بەڵام هەرگیز خۆمان نادەین بەدەستەوە، بەڵکوو بریارەو داومانە دەجەنگین وخەبات دەکەین خەباتێکی سەختیش لەپێناوی ئامانجی گەلەکەماندا. ئەی کوردی دلێر هەندێك لەئیزاعەی دوژمنانی تاوانبار دەڵێن گوایە مصطفی بەرزانی کۆچی کردوە باوەڕ بەقسەی ئەو ڕۆژنامە بەکرێگیراوانە مەکەن.

ئەی برایانی ئازادو دلێری کورد ئاشتی ئەوەیە ئێمە بەسەربەستی وئازادانە بژین وبتوانین چێژلە خاك وسەربەستی خۆمان ببینین، خاکی جزیرە ئومێدو هیوای نەتەوەی دلێری کوردمانە، لەعراق فەرمانڕەوایەتی خۆمان بۆخۆمانە تاکە هەڵوێستمانە لەوەتەی شۆڕشی کوردی نەبەردان لەعراق بەرپابوە لەپێناوی ئەوەی ڕزگاری بێت لەدەست ئیستعماری عەرەبی ولەپێناوی بونیاتنانی هێزو پتەوکردنی پێگەی گەلی کوردمان، ئەوەیە ئامانجی هەرەسەرکی ومەزنی وپیرۆزمان، ئایا ئێمە دەبێت لێگەڕێن ئیستعماری عەرەبی بەردەوام دژی مافە ڕەواکانمان بێت ئیستعماری عەرەبی ناپاکەو بەردەوام چاوی بڕیوەتە وڵاتەکەمان داواشمان لێدەکات ببین بەکلکیان.

ئەی عەرەبی تاوانبار پێتان ڕادەگەێنین ئێمە هەمیشە سەربەستانە دەژین ودەجەنگین تێدەکۆشین وخەباتدەکەین لەپێناوی سەربەستی خۆمان.

هەربژی پێشەوای سەروەرمان مصطفی بەرزانی.

بژی هەموو کوردێك کەباوەڕی بەمافی ڕەوای نتەوەی کوردی پاڵەوان هەیە هەربژی ئامانجە پیرۆزەکانمان.

بڕوخێت هەموو عەربێك هەموو سەرۆکێکی عەرەبیش.

بڕوخێت سوریا ئەگەر داوا ڕەواکانمان جێ بەجێ نەکات....

نامەیەك بەپانی 50 سم ودرێژی 62 سم ((وێنەیەك لەدەقی ئەسڵەکەی))

**بەڵگەی سیهەم :**

ئەی برایانی سەربەرزو ئازاد وپاڵەوان ئایا دەتانەوێت دەست لەسەربەستی ئازادی خۆمان هەڵگرین دەست لەکەرامەت و ئابڕوی خۆمان هەڵگرین، نەخیر هەرگیز دەستی لێ هەڵناگرین.

برایانی دەلالی کوردی پاڵەوان. بەرپرسە عەرەبە خوێریە ئیستعمارەکان بەحەق خۆیان بازرگانی جەنگن وبەحەقیش تاوانبارن دەرحەق نیشمان وگەلی تێکۆشەرمان کەخەباتدەکات لەپێناوی کەرامت وسەربەخۆییماندا ئەی کوردی دلێرو پاڵەوان هەوڵبدەن شەرفمان بپارێزن شان بەشانی پێشەوامان مصطفی بەرزانی خۆی وبرا پێشمەرگەکانی وهاوڵاتیانش.

ئەی برایانی کوردی دلێر خەباتکەن لەپێناوی سەربەخۆیی خۆتان بەخوێن وسەروماڵی خۆتان کوردستان بپارێزن.

هەربژی نەتەوەی کـورد.

بژی پارتی دیموکراتی کوردستان.

هۆزانڤانێن کورد، عەرەب لەهەرشوێنێك بن تەختیان بکەن لەناویان بەرن.

وێنەیەك بەپانی 32 سم ودرێژی 48 سم ((دەقی وێنەکە))

**بەڵگەی چوارەم :**

ئەم نامەیە لەبەڕێز تامر علی یونس وە لەشاری بغدادەوە ئاراستەی سلیمان حاجوی دانیشتوی قامیشلو کراوە لەبەرواری 21 / 7 / 1961 بەم شێوەیە بۆتان دەخەینەڕوو :

بەڕێز کاك سلیمان حاجو.

سڵاوێکی کوردانەت ئاراستەبێت،

جێی داخە وێنەکەت لەگۆڤارێکی عەربیدا ببینین هاوکات ناوت بەعەرەب لەقەڵەم دراوە بەدرۆ وبوختان. بەڕێزم نازانم ئەو کارە کاری خۆتە یاخود کاری سەرپەرشتیکاری گۆڤارەکەیە ؟ بەڵام کێ وێنەی تۆی داوەتێ ؟ ئەی ئەو وێنانەی گۆڤارەکە بڵاوی کردۆتەوە لەکوێوە دەستیان کەوتوە وچۆن بەدستیان هێناوە ؟ ئایا ڕێی تێدەچێت هاوسەرەکانتان جلوبەرگی کوردی لەبەردایە وئێوەش بانگەوازی عەرەب بونتان دەکەن ؟

ئایا ڕێی تێدەچێت ئێوەمانان جلەوبەرگی شەلوشەبك لەبەرکەن ئەوبەرگەی باوباپیرانمان لەبەریکردوە لەکۆنترین مێژوی خۆماندا هەرلەدێر زەمانەوە تائێستاش هەرلەبەریانایە. لەڕۆژگارێکەوە کە سلاح الدینی پاڵەوانی کورد زاڵ بوو بەسەرگشت بەشەکانی خۆرهەڵاتی ناوڕاستدا، زۆر لەوەش کۆنتر باپیرانمان ئەو بەرگەیان لەبەرکردوە لەسەردەمی عیساش لەبەریانابوە.

زۆر جێی داخە لاوی کوردی خاوەن پلەوپایەی ڕۆشنبیریەوە دەبینن وچونەتە ناو ڕێکخراوێك یاخود کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی کەزۆر بەدورە لەپەروەردەی نەتەوەی خۆیانەوە. هەروەها زۆریش جێی داخە کوردێك خۆی بەعەرەب دانێت، کەچی دوای ئەوەش لەبیر خۆی دەباتەوە کێ هێناویەتە ژیان وکارێکی بۆکردوە لەنازونیعمەتدا بژی نەك نازونیعمەت بەڵکوو لەبەهەشتێکە لەبەهەشتەکانی کوردستان. هەموو ئەوکەسانەی هەستاون بەوناپاکیە لەپێناوی پارەی پیسدا بەهەمان شێوەی ناپاکانی بەرلەئێوە پیی هەستاون لەوانەی ناپاکیان لەگەڵ کوردستانی نیشتمانی دابەشکراوی خۆیانکردوە سوێندت ئەدەم بەیەزدان ئەی سلیمان هەڵوێستت چۆنە لەکاتێکدا وێنەی خوشکە کوردەکەت لەسەر بەرگی گۆڤارێکی عەرەبی دەبینیت وئیدعای عەرەب بونی خۆیدەکات بەڵام جلوبەرگی کوردی لەبەردایە... ؟

لەگەڵ ڕێزمدا تکام وایە لەگەڵماندا گوێ لەم کۆپڵە هۆنراوە کوردیە بگریت کە کەڵە شاعیری شۆڕشگێری نەمری گەلەکەمان حاجی قادری کۆیی وتویەتی.

هەرکەسێك زمانی دایکی خۆی نەزانێت      موحقەق دایکی حیزە بابیزانێت

ئابەم شێوەیە شاعیری بەناوبانگی گەلەکەمان گازندەی ناپاکان وخیانەتکارانی کردوە لەو کوردە ناپاکانەی نکوڵیان لەنەتەوەی خۆیان کردوە ولەپاڵ لایەنێکدا خۆیان حەشارداوە هیچ پەیوەندیەکی نیە بەنەتەوەی خۆیانەوە، لایەن وڕووپۆشی تورك وفارس وعەرەب، ئەی ئێستا هەستت چۆنە، ئایا، شەرم ناکەیت، توخوا پێم بڵێ سلیمان هەست بەشەرم ناکەیت دوای ئەوەی بەملیۆن کوردی کوردستانی عراق ناوەرۆکی گۆڤاری ((أخر ساعة)) یان خوێندەوە لەژمارەی 1390 دا - لە 14 یونیوی 1961 دا ؟ لەژێر ناونیشانی جوانیەکی سروشتی لەدەڤەری ((قبور البيض)).. ببورە.. ببورە سلیمان ئێمە وەك کوردێك لەگەڵ تۆ دەدوێین.. تۆ بوراویت، تۆ عەرەبیت !! بەڵام ئەوەی بەئەمەك نەبێت بۆ نەتەوەی خۆی چۆن دەتوانێت بەئەمەك بێت بۆ نەتەوەیەکی دیکە ؟... ئێمە خەڵکانێکین ڕێبازی دیموکراسیمان هەڵبژارد لەژێر سایەی ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستانی کاتێ ئەو ڕێبازەمان گرتەبەر گوێمان نەدا بەهیچ گیروگرفتێك کەدێتەسەر ڕێگامان ودەشمان زانی دووچاری نەهامەتی وڕاونان دەبین کەچی تۆش وەك ئێمە ئاگادارین نەتەوەی خۆتت بیرچۆتەوەو بەپەرۆشیت بۆنەتەوەیەکی دیکە !! بەخوا ئەمە گاڵتەجاڕیە... گاڵتەجاڕیەکە مێژوو باسی لێوەدەکات ودەیگێڕێتەوە ئەوڕۆژەی جۆرە سیمایەك ڕوو ڕەشدەبێت وسیمایەکی دیکە ڕوو سورودەبێت، ئەو ڕۆژەی سیمای دوژمنان وناپاکان ڕەش هەڵدەگەڕێت وسیمای پیاوچاکان وخێرمەندانی دڵسۆز ڕووسوردەبێت، ئەو ڕۆژەی

ڕۆڵەیٚ گەلەکەت دەکەونە قسە.. ئا، ببورە تۆ کوردنیت.. تۆ بەکرێگیراویت لەپێناوی پارەدا سلیمان.. بەڵام تاوانی خوشکەکانت چیە لەبەردەم وێنەگرێ گۆڤاری ((آخر ساعة)) دا بوەستن تەنها لەپێناوی ئەوەی تۆ بەئەندامی بمێنیتەوە لەناو یەکیەتی نەتەوەییدا گەر بەجوانتر بیلێین بۆ ئەوەی بە بەکرێگیراوی بێ وافابیت تەنانەت لەئاست ئەوانەش خۆت بە بەئەمەك دادەنێت لەلایان ؟ !! هەروەك گۆڤاری ((آخر ساعة الأستعماریە)) ئاماژەی پێکردوە دەڵێت گوایە ئەوانە شاجوانان بەڵام تاجە گوڵینەیان لەسەر نەنراوە. پێت دەڵێین ئیستعماریە چونکە دەتوانین بۆت بسەلمێنین.. هەر قەومێك دەستدرێژی بکاتەسەر قەومێکی دراوسێی خۆی دڵنیابە مێژوو لێی بێدەنگ نابێت، ئەوە یەکەم پێشەوای هندو مرۆڤایەتی (جواهر لال نەهرو) بزانە چی دەڵێت لەکتێبی ـ لمحات من تأریخ العالم ـ بەکورتی دەڵێت ((تورك چۆن دەتوانن گەلێك لەناوبەرن بەمەرجێك ئامادەن نرخەکەی بەگیان وخوێنی ڕۆڵە جوامێرەکانی خۆیان دەکەن بەقوربانی بۆی، مەبەستی لەکوردە ؟ ئەم گەلە چۆن ئازاد نابێت لەکاتێکدا ئامادەیی تیایە نرخەکەی پێشەکی بدات)) ئەوە بلەوبارزانە وئەوەش سلێمانی خۆڕاگرەو ئەوشیان مهابادی برینداره... لەنزیك خۆشتەوە دیاربەکری خوێناوی جزیرەو بۆتان لێ یە ـ ئەگەر تۆخۆت بتەوێت ناوی بنێت جزیرة ابن عمر ـ ئەوە مانای وایە ئێمە بەئەمەکین بۆ گەل ونەتەوەی کوردو مێژوش لەگەڵ ئێمەیە مرۆڤایەتیش هەروەها لەگەڵمانە هەمومان پێدەڵێن وبەناوی جزیرەی بۆتان ەوە بانگی دەکەین بەشێکە لەکوردستانی مەزن... بەڵێ بەڕێز ئێمە ئەوەین.. تائەو ڕادەیەی خۆت شارەزاییت لەمێژوو هەیەو دەیزانیت کەمێك بیری لێبکەرەوەو خۆت فەرمان بەسەر خۆتدابدە بەرلەوەی ڕۆڵەی گەلەکەت فەرمانت بەسەرابدەن ـ ڕۆڵەکانی قازی محمدی نەمرو براکانی عزەت وقودسی و خۆشناو وشێخ سەعیدی پیران باوکی شەهیدان ودکتۆر فؤاد..

بەڵام ئەو شۆڕە شاژنانە تاجە گوڵینەیان لەسەرە.. ئایا ئەوانە عەرەبن ؟ تو یەزدان پێمان بڵێ ولەڕۆژنامەی آخر ساعة دا بۆمان بنوسە ئەوانەش وەك تۆ عەرەبن یاخود هەربەڕاستی کوردن.

هیوادارین نامەکەت پێبگات وتکامان وایە بەڕێزتان وڵاممان بدەنەوە لەگۆڤاری آخر ساعة سوپاسیشتان دەکەیەن بۆ ئەو ڕاستگۆییەت.

دلسۆزان

| | |
|---|---|
| لاوێکی کوردی دڵ شکاو | لەگەڵ لاوێکی تردا |
| ص. م. ع. | ع. م. م. |

**بەڵگەی پێنجەم :**

ئەم بەڵگەنامەیە لەڕۆژنامەی ((صوت كوردستان)) بڵاوكرابۆوە كەلەكاتی خۆیدا چەتەكان دەریان دەكرد لەسەردەمی عبدالكريم قاسم، ژمارە سێ بەرواری تشرینی دووەمی 1962 بەم ناونیشانە.

ڕای گشتی جیهانی بەبایەخەوە دەڕوانێتە گەشەکردنی شۆڕشی ڕەوای گەلەکەمان.

سەرەڕای هەوڵوتەقەلای فەرمانڕەوایانی عراق لەسەرو هەموشیانەوە لؤاء عبدالكريم قاسم ی دیکتاتۆر ترس ولەرزو زۆرداری دەستییێکردبوو بەقینێکی شێتانەوە هێرشی کردۆتە سەر شۆڕشە پۆلایینەکەمان، هەروەها سەرەڕای هەوڵە پوچەڵەکان کەحکومەتی عراقی هەوڵی بۆدابوو لەڕوی تزویرکردن وهەڵگێڕانەوەی ڕاستیەکان وسەرەڕای دەسیسە گڵاوەکانی بۆ چەواشەکردن و شێواندنی چونەدەرەوەی دەنگوباسەکان، هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنە ئاشکراکانی لەدەرەوە، سەرەڕای ئەوش ئێمە دەڵێن وڕایدەگەێنین کەئەوە تەنها شۆڕشە سەرکەوتوەکەی ئێمە نیە کەبۆتە کێشەی سەرەکی سەبارەت بە گەلانی عیراق، بەڵکوو لەئێستادا بۆتە بابەتێکی بایەخ پێدراوی ئیزاعەو ڕۆژنامە عەربی وجیهانیەکان لەنێو ئەوانەشدا بۆنمونە ئیزاعەی کۆماری میسری عەرەبی یەکگرتوە کە لەڕۆژنامە نەتەوییە

بەناوبانگەکەیاندا بڵاویانکردۆتەوە لەسەرتاسەر نێوەندی جیهانی عەرەبی سەربەستدا بەناوبانگە وەك ((ڕۆژنامەی کۆماری قاهیرە ـ والأهرام ـ والأخبار)).

ڕۆژنامەی الجمهوریە القاهریە چەندینجار باسی لەشۆڕشی گەلەکەمان کردوە بەخەتی پان ولەلاپەڕەی یەکەمدا یەکێك لەو ناونیشانانەی کەنوسیویەتی (بەرزانیەکان دەستیان گرتوە بەسەر سەروی عراقدا) وبەرزانی ئینزاری قاسمی کردۆتەوە چاڵە نەوتەکان ئاگرتێبەردات) هەروەها بەرزانی قاسم بەدرۆدەخاتەوە کەشۆڕشەکەیان کۆتایی پێ نەهاتوە) هاوکات (بەرزانی هەزار سەربازی حکومەت لەکوردە لاینەگرەکانی لەناوبردوە) و (بەرزانی بەکرێگیراوی کەس نیەو مەبەستیەتی گەلەکەی ڕزگاربکات). هەروەها ڕۆژنامەی ئەهرامی قاهیرەش لەچەندین بۆنەدا ئاماژەی پێکردبوو گرنگترین لایەنیان داوهەمینیانە وتارەکەی سەرنوسەری ناودار مامۆستای گەورە حسنین هیکل لەژێر ناونیشانی ((بانگەوازی 11 یانزە پێشەوای عراقی بۆکۆتایی هێنان بەشۆڕشی کوردەکان بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە)) هەروەها ڕۆژنامەی الأخبار القاهریە لەدوا بڵاوکراوەیدا کەلەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکرابۆوە ئەوەبوە ((کە حکومەتی عراقی بەکرێگیراوی بەکارهێناوە بۆ کوشت وبڕین (جاش کریم) بەموچەیەکی ئێجگار زۆر لەپێناوی ئەوەی پشێوی بخەنە ناوچەی سەروی عراقەوە وئەوچەتە بەکرێگیراوانە هەستاون بەکاری چەتەگەری وکوشتوبڕی لەناو خەڵکی بێ تاوانی گوند نیشینە کوردستان)).

بەهۆی کەمی دەرفەتەوە داوای لێبوردن دەکەین ناتوانین هەرچی بڵاوکراوەتەوە بۆتان بنوسینەوە بەوردی هەرچی ڕۆژنامە جیهانیەکانیشە ئاماژەیان بەشۆڕشی ڕەوای گەلەکەمان کردوە لەزۆرینەی وڵاتەکانی جیهاندا بەشێوەیەکی بەربڵاویش، کەبەهەمان هۆکارەوە ((کەمی بوار)) کۆپڵەیەکی بەنمونە دێنینەوە.

ڕۆژنامەی (سیتسمان) ی هندی کە لەنیودەلهی دەردەچێت لە 18 آبی 1962 داوتارێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (کوردەکان پشتڕاستیان کردۆتەوە کەدەستیان گرتوە بەسەر سەروی عراقدا) لەڕۆژنامەکەدا هاتوە دەڵێت ـ کوردە شۆڕشگێرەکان ئەوانەی بەتفەنگی کۆنی شوڕەوی دەجەنگن لەپێناوی خودموختاریدا (ئۆتۆنۆمی) ئەوچەکانەیان لەهێزەکانی حکومەت زەوت کردوە بەشەر بەدستیان هێناوە هەمان حکومەت کەخۆی هێرشیکردوەتە سەریان، کوردەکان ڕایانگەیاندەوە بەتەواوەتی دەستیانگرتوە بەسەر تەواوی سەروی عراقدا بەپشتبەستن بەوتەی قسەکەری ئیزاعەی سویسری ((مستەر اندریك)) کە خۆی دووحەفتەی بەسەربردبوو لەبارەگای سەرەکی پێشەوای شۆڕش ـ مصطفی بەرزانی.

دوێنێ ئێوارەکەی قسەکەرە سویسریەکە ئەم ڕاپۆرتەی پێشکەشکرد ـ پێشەوای شۆڕش مەلا مصطفی بەرزانی تەمەن ((59)) ساڵ کە ((13)) ساڵی لەیەکیەیەتی شوڕەیدا بردۆتەسەر وەك پەناهندەیەکی سیاسی لەدوای بەرەنگاربونەوەی وشۆڕشکردنی لەدژی حکومەتی مەلەکی عراقی بەسەرچوو. دوای شۆڕشی تەموزی 1958 گەڕایەوە بۆ عراق ودواجار ناچاربوو داکۆکی لەمافی خوراوی گەلەکەی خۆی بکات ـ زیانی هێزەکانی حکومەت بەهەزارسەرباز مەزەنەدەکرا لەبەرامبەر بە ((72)) شۆڕشگێری هێزەکانی کورد، هەروەها قسەکەری ناوبراو دووپاتی کردەوەو ئەوقسەیەی بەدرۆخستەوە کەگوایە یارمەتی دەستکەوتوە لەلایەن یەکیەتی شوڕەویەوە یاخود هەر بەرەیەکی تری بیگانەبێت، هەروەها قسەرکەر ژمارە جەنگاوەرانی چەك هەڵگری ڕێکخراوەکەی بەچوارهەزار چەکدار مەزەنەکرد دوو ئەوەندەش لەهێزی بەرگریان هەیەو لەسەرتاسەری کوردستان سەر بەدەسەڵاتی سیاسی ئەو شۆڕشەن کەجەماوەرر پشتیوانی لێ دەکات لەڕۆڵەکانی ئەوگەلە، ئێستا لەبارودۆخێکی باشدان بواری ئەوەیان پێدەدات گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عراقی بکەن لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی خودموختاری بۆگەلی کورد، هەروەها قسەکەرەکە لەوتارەکەیدا ئاماژەی بەوەکردوە کەدوو لیوای لەشکری عراقی گەمارۆدراون لەسەروی عراقدا باسی لەوەش کردوە بەچاوی خۆی ئەو دیلانەی بینیوە کەکەوتبونە بەردەست شۆڕشگێڕانی کورد، هەروەها لەڕاپۆرتەکەیدا باسی لەوگەمارۆدانەی بەر لەدوو مانگ کردبوو کەشۆڕشگێران توانیبویان گەمارۆی دوو لیوا بدەن لەدۆڵێکی پڕئاودا بۆماوەی) 29) ڕۆژ برسیان کردبون وبەدیلیان گرتبون هەرچی کەرەستەو چەك وتفاقێکیان پێبوە دەستیانگرتوە بەسەراو بەڕێزەوە ئازادیان کردون، هەروەها ڕۆژنامەکە باسی لەوەکردبوو کەدوا هەواڵ دوپاتی دەکاتەوە دوو لیوای دیکە لەدەوروبەری (ڕەواندوز)

گەمارۆدراون. بەڵام ئەگەربێتوو شۆڕشگێرەكان بتوانن دەستبگرن بەسەر ئەوچەكە قورسانەدا ماناى وايە دەرتوان هێرشى سەربازى بەرفراوانتر بكەنە سەر ڕژێم وبەشێوەيەكى زۆر بەفراوانتريش.

هەروەها ڕۆژنامەى صندى تلگرافى لەندەنى دەربارەى هەمان بابەت لەوتارێكيدا لەبەروارى 12 ى ئاب نوسيويەتى بەناونيشانى (هەوڵدانێك بۆ ڕاگرتنى شۆڕشى كوردەكان) ئەوهەوڵە بوە هۆى شێواندنى گفتوگۆى نهێنى نێوان شۆڕشگێڕان ودەسەڵاتدارانى عراقى بۆئەوەى سنورێك دانێت بۆ ئەوشۆڕشەى لەئاراداية. سەرەڕاى هاوردنى ژمارەيكى ئێجگار زۆر لە لەشكرى عراقى. بەڵام كوردەكان هەر زاڵن لەسەروى عراقدا هەروەها قسەكانى عبدالكريم قاسم كەبەردەوام دووپاتى دەكاتەوە گوايە ئەوشۆڕشەى كپ كردۆتەوە كەلەساڵى ڕابوردودا بەرپابوو. بۆيە ڕوبەڕوى ڕەخنە ببۆوە لەلايەن ئەفسەرە پلەدارەكانى لەشكرى عراقى وسەربازەكانيەوە. چەندين يەكەى سەربازى عراقيش پەيوەنديانكرد بەشۆڕشگێرانەوەو بەغداد لەوە دەترسن پانتاى شۆڕشەكە لەلەناوچە نەوتيەكانەوە نزيك بكەوێتەوە لەكەركوك وموصل.

ڕۆژنامەى ((ليمۆندى)) فەڕەنسى لەسەرهەمان بابەت دواوە لەوتارێكدا بەناونيشانى (عبدالكريم قاسم لەنێوان دووئاگردا) بەم شێوەيە نوسيبويان : شۆڕشى ئەم دوايەى كوردەكان كە لەسەروى عراقدا هەڵگيرساوە بەرەو فراونبون دەچێت هەروەها پێشەواى بزوتنەوەكە مصطفى بەرزانى دواى ئەوەى هێزى سەرانى عەشيرەتەكانى لەناوبرد ئەوانەى سەربەحكومەتى عراقى بون ودژى شۆڕشى كوردبون وەك شێخ ڕەشيدى لۆلان وكەسانى ديكەش، وتوانى بەتەواوەتى جڵەوى سەركردايەتى هێزە نەتەوەييەكانى كورد بگرێت بەدەستەوە. هەروەها هێزەكانى قاسم بڵاوبونەتەوە بەسەر ئەم ناوچانەدا ـ سلێمانى وهەولێر وموصل وكەركوك. لەكاتێكدا شۆڕشگێڕە كوردەكان زاڵبون بەسەر پێگە ستراتيج وگرنگەكانى ناوچەكانى كوردستان. خرابونى بارودۆخەكە بۆتە هۆى پەشۆكى لەناو سەركردەكانى لەشكرى عراقيدا هەمان سەركردايەتى پێيان وايە گۆڕانێكى توندوتيژ بێتەكايەوە لەناو بغداد، بۆيە لؤاء قاسم شپرزەبوە نازانێت چى بكات زاتى ئەوەش ناكات لەشكرى زياتر ڕەوانەبكات چونكە ئەگەرى هەيە گەر يەكەكانى دەوروبەرى خۆى چۆڵبكات لەناو بغداد دووچارى كێشەى زياتربێت لەلايەكى تريشەوە هەوڵدانەكەى لەمەڕ ڕێكەوتن لەگەڵ شۆڕشگێڕەكانى كورد شكستى هێنا كهبەناوبژيوانى شێخ احمد بەرزانى دەستى پێكردبوو لەبەروارى 13 ى تەموزى ڕابوردوو ئەمە لەكاتێكدايە هێزى شۆڕشگێڕان بەرەو زيادبون وبەرفراوانى دەڕوات لەسەرگشت بوارەكاندا كەلەلايەن گەلى كوردەوە پشتيوانى لێدەكرێت لەسەرتاسەرى ناوچەكەو تێكۆشانى كوردە نەتەوەييەكانيشى لەسەربێت كە لەسەرئاستى جيهانى كاردەكەن لەسەرو هەموشيانەوە پرۆفيسۆرى ناسراوى كورد (بدرخان).

بەڵام پەيامنێرى ڕاديۆى (لۆزان) ريشاراندرى كە شەش ڕۆژى بەسەربردبوو لەناو كوردەكاندا، دەڵێت ئەو شۆڕشەى كورد كە ئێستا لەئاراديە سەرەڕاى ئەوەى ڕۆژنامەكانى عراقى لەسەرى دەنوسن وئێزاعەى بغداد بە بەردەوامى باسيدەكات وبەردەواميشە لەباسكردنى هەموو ڕۆژێك گوايە بەقسەى عراق شۆڕشەكە سەركوتكراوەو دەرەتانيان نەماوە، بەڵام ئەوە قسەى پڕوپوچ ودرۆيە وهەموانيش ئەوە باشدەزانن، شۆڕشگێڕە كوردەكان بەردەوام دەستدەگرن بەسەر چەكەكانى لەشكرى عراقدا بەشێوازێكى ڕێكخراو وتوكمە دابەشكراون بەسەر شاخەكانى كوردستانا. پەيامنێر بەردەوامدەبێت ودەڵێت : لەوەدەچێت قاسم بيەوێت پێمان بڵێت گوايە (كوردەكانى بەرزانى) مەسەلەيە گرنگى نيە ـ وتەنها كێشەى ئەمڕۆيە ـ هەرهەمويان لەگشت لايەكەوە لەناوبراون بەهيزى لەشكرەكانمان ـ ئەوانە داگيركەران يارمەتيان داون وپشتيوانيانكردون، بەڵام سەبارەت بەهەردوو لايان كۆتاييان پێهاتوە، لەعراقدا جێگەى ئەوانە نيە كەداواى خودموختارى دەكەن (ئۆتۆنۆمى) خودى قاسم خۆى زۆرباش دەزانێت بەدڵنياييشەوە سەرەڕاى ئەوئيدعايەى دەيكات لەڕاگەياندنى قسەكانيدا كەئەو قسانەى خۆى بەگونجاو توندوتيژى دەزانێت كەلە بەهێزيەوە سەريگرتوە موباش دەزانێت قسەكانى خۆى دوورە لەڕاستيەوە، كوردەكان بەدرۆى دەخەنەوە كەتوابێتنەوە وسەركوت كرابێتن.

ڕۆژنامەى التايمس ى لەندەنى لە 14 ى ئابى 1962 وتارێكى نوسيوە بەناونيشانى (عراق وكوردەكان ـ لەجەگێكدا پێويستيان پێى نيە) بەم شێوەى ئاماژەى پێكردوە ـ لەمانگى ڕابوردوداو بەرلەچوار ساڵ فەرمانڕەوايەتى هاشمى لەعراقدا كۆتايى پێهێنرا وكۆمەڵێك لەسەركردە سەربازيەكان دەستيانگرت بەسەر دەسەڵاتدا بەسەرۆكايەتى لؤاء

عبدالكريم قاسم ـ لەدەستوری کاتیشدا ڕاپانگەیاندا ـ کوردەکان شەریك وهاوبەش وهاوتان لەمافەکاندا لەگەڵ عەرەب، ئەوبریارەش بەدرێژەپێدانی هەندێك لەمافی مرۆڤە کەخودی عصبة الأمم دانی پیاناو سەبارەت بەکوردەکان لەساڵی 1932 دا لەبەرئەوەی کێشەیەکە پەیوەستە بەکاروبارو ئەرکی دەوڵەتیەوە.

کوردەکان بەردەوام گلەیی وگازندەیان هەبوە لەخۆدوورخستنەوەو پشتگوێخستنی یەك لەدوای یەکی حکومەتەکانی عراق لەوەی پەیوەستبن بەبڕیارەکانەوەو جێ بەجێی بکەن دەرحەق بەمافی کورد ئەگەری ئەوەشی هەیە کەعبدالکریم قاسم لەکاتی هاتنی بۆسەر دەسەڵات لەسەرەتادا کەویستبێتی بەوسیاسەتەی ڕای زۆرینەی لیبرالیەکان بەدەست بهێنێت کەبەشێکی گرنگن بەگوێرەی دانیشتوانی عراق.

ئەوبوو مەلامصطفی ی لەیەکیەتی شورەویەوە گێرایەوە وەك کەسایەتیەکی بەناوبانگو پلە یەکی سەرتاسەری عراق ـ هەروەها بەپاڵەوانی دژ بەداگیرکەران وبەکرێگیراوانیان ناسراویش بەیەکەم قسەکەری زمان حاڵی گەلی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان دانرا (کەخۆی سەرۆکایەتی دەکات).

هەموو چینەکان بەبێ دوودڵی پێیان وابوە کەسیاسەتی یەکسانی نوێ، وادەردەکەوێت کەگۆڕانکاریەکی ئیداری سەرهەڵدەدات وزیاتر ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەگەشەکردنی بواری پرۆژەکان وخزمەتگوزاریەکانی ناوکۆمەڵگادا بەتایبەت لەبواری فێرکردن لەسەرو ئەوەشەوە سەبارەت بەزمانی کوردی پلەیەکی باشتر بەخۆیەوە دەبینێت کەشیاوترە، کەچی هیچکام لەم ئومێدانە گۆڕانیان بەسەرانەهات وباروذۆخەکە لەپایزی 1960 دا بەرو خراپبون گۆڕا، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کەلواء قاسم بڕیاریدا سەرەتا چالاکیەکانی شیوعیەکان سەرکوتبکات پاشان ناشەرعیەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند چەند سەرکردەیەکی گرتن پاشان ڕۆژنامەکان شاڵاویان کردەسەر کۆی مافەکانی گەلی کورد ـ بەردەوام دەبێت ودەڵێت ـ لەباشترین بواردا کوردەکان حەزیان نەدەکرد ئەگەری خراپەکاری ودەست درێژی سەرهەڵبدات کەفەرمانبەرە ئیداریەکان پیادەیان کردبوو لەناوچەکانیانداو هەرگیز کوردەکان ڕۆژێك لەرۆژان مەبەستیان نەبوە تێوەگلێن لەدوژمنایەتیەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا واتە دوژمنایەیەتیەکی تەواو. بەڵام عبدالکریم قاسم فەرمانی بەسوپاکەی کردبوو کە دەستیان کردبوو بەشەڕ هەروەها لەدەرەوی عراق هیچ نەبیسترابوو دەربارەی ئەو ڕوداوانەی ڕویاندابوو تا لەناوەڕاستی ئەیلول دا عبدالکریم سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردەکانی ڕاگەیاند. ئەوەبوو هێزی پیادەی ڕووبەڕوی هێرشێکی بەرپەرچدانەوە بوو لەچەند قوڵێکەوە هەرلەشاخەکانی زاخۆوە تاوەکوو دەربەندیخان، ئیتر قاسم هەڵگەڕایەوە وسیاسەتی تۆقینەری سوتاندنی بەکارهێنا چەندین هێرشیکرد بەبۆمباباران کردن بەساروخ و ناپاڵمی سوتێنەر کەچی لەسەرو ئەوەشەوە شەڕهەر بەردەوامبوو ئێستاش هەر بەردەوامەو بەشێوەیەکی توندوتریش گوایە (بەردەوامبونی هەڵگەڕانەوەکە) مرۆڤ دووچاری نارەزایی وبێزاریدەکات سەبارەت بەوهەستە پیرۆزانە کەچاوەڕواندەکرا بەمەرجێك هیچ بەڵگەیەکیش نیە کە ئاماژەی بەشورەوی یاخود لایەنێکی دیکە بکات.

هێرشە ئاسمانیە توندوتیژە بێبەزییە چڕوپڕەکانی حکومەت بوەهۆکاری یەکگرتنەوەی هەموو هێزە کوردیەکان بۆیە بوە دەستکەوتێکی مەزن وشێوەی ڕاپەڕین نەتەوەیی لەخۆیگرت. هەروەها بەڵگە زۆرە ئاماژە بەنارەزایی وبێزاری ڕای گشتی دەدات لەناو عراقدا بەرامبەر بەهەڵوێستی حکومەت. بەتایبەت لەناو خەڵکی شاری موصل دا سەبارەت بەوخوێن ڕشتنەی ڕویدا لەشارەکەدا، تەنانەت خودی مەلامصطفی پێشەوای شۆڕش لەبەیانێك دا دوپاتیکردەوە کە لەبەرواری 30 ی نیسانی ساڵی 1962 دا ڕایگەیاند کەداخوازیەکانی تەنهاو تەنها (دابینکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردە لەچوارچێوەی عراقێکی دەستوریدا) هەروەها بەیانەکەی ئاراستەی لیژنەی نەتەوەی یەکگرتوەکان وخاچی سوری دەوڵەیتی ورۆژنامەوانی سەرتاسەری جیهانیش داوای لێکردبون نوێنەری خۆیان ڕەوانەبکەن. یاخود خۆیان بێن بەچاوی خۆیان ببینن بەچ شێوەیەك خوێن ڕژێنراوە هەرکامەیان بەگوێرەی ڕشتەی خۆی تاوەکوو بوار بڕەخسێت ئەم هێرشە ئاسمانیانەی کەبەناپاڵم دەکرێتە سەرگەلی کوردمان ڕاگیرێت وکەمێك ئازارو میحنەتی میللەتە چەوساوەکەمان کەم بکرێتەوە، چارەسەری کێشەی کوردبکەن لەکوردستانی عراقدا ئەم کێشەیەش نەکەم دەکرێتەوە نە ئەوەشە بڵێن چارەسەری نیە بنەماکان لەئێستادا خۆی هەیە لەبەیانی حکومەتی عراقیدا کە لەساڵی 1932 دا ئاماژەی پێکراوە هاوکات لەگەڵ دەستوری لواء قاسم یش کە لەساڵی 1958 دا ئاماژەی پێکردوەو ڕایگەیاندوە بەڵام وردەکاری چەسپاندنی

بەندەکانی ئەمجارەیان دەبێت ڕاستگۆیانەبێت وپەیوەست بێت بەسەنگی تەواو بەرامبەر بەکێشەکەو پێویستیشە چارەسەرکەی لەگەڵ نوێنەرانی پێشەوای شۆڕشی کورد بکرێت ئەوانەی زانراوە بەڕاستگۆیی وشارەزاییەکی تەواو هەڵسەنگێندرێت سەبارەت بەڕاستی بارودۆخەکان.

هەروەها گۆڤاری السلم والأشتراكيه لەدوا ژمارەیدا نوسیویەتی : نزیکەی ساڵێکە لەشکری حکومەتی عراقی هێرشی چەکدارانە دەکاتەسەر کوردەکان. فڕۆکە جەنگیەکان هێرش دەکەنەسەر گوندە کورد نیشینە بێ دەسەڵاتەکان کەبۆتە هۆکاری کوشتنی سەدان هاوڵاتی. بەمەرجێك ئەم جەنگە هێشتا بەردەوامە سەرەڕائی داواکاری هێزە دیموکرات خوازەکانی ناو عراق کە کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەربکرێت.

بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی لەسەرتاسەری ناوچەی کوردستان کەئێستا لەئارادایە لەبنەڕەتەوە خۆی بزوتنەوەیەکی دیموکراسیە کەئاوەژوی ویستی گەلی کوردی کەرتکراو دەخاتەڕوو بۆئەوەی ڕزگاری بێت لەدەست کۆیلایەتی ولەتەنیایی هەروەها ئاراستەیە لەدژی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی ودژی داگیرکەران و بەکرێگیراوانیەتی.

ڕووداوە بەردەوامەکانی ئەم داوییە دەریانخست داننانی حکومەتی عراقی بەمافەکانی گەلی کوردا جگە لەوەی دەستی بەدەستی بێت شتێکی ترنیە، لەناوەڕاستی ئازاری ساڵی 1959 دا حکومەتی عراقی ئاماژەیکرد بەسیاسەتی چەساندنەوەی نەتەوەیی بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەتر زۆر زیاتر لەوەی لەسەردەمی مەلەکیدا هەبوو بۆرژوازیەتی عەرەب تەنانەت ناوی (کوردستانیان) قەدەغەکرد کەپێی دەڵێن سەروی عراق هەروەها گەلی کوردیش بێبەشکرا لەخوێندن بەزمانی دایکی خۆی لەگەڵ ئەوەشدا بێبەشێکران لەکاندید کردنی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان لەناو لیژنەکانی کۆماردا هەروەها لەدامەزراندنی لیژنەیەکی تەنفیزی وتەشریعی تایبەت بەخۆیان بێت، بەمەرجێك کۆمەڵگای کوردەواری نوقمی برسیەتی ونەبونی داگیرکراوی ونەخوێندەواری ونەخۆشی بوە. سیاسەتی حوکومەتی عراقی لەمەر جەماوەری کورد شێوازی تەحەیزی لەخۆی گرتوە بەتایبەت لەمەڕ دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی ودامەزراندنی دەزگای ڕۆشنبیری وتەندروستی لەگەڵ وەرنەگرتنی لاوانی کورد لەزانکۆ وپەیمانگاکاندا لەگەڵ خوێندنی باڵاو ڕەوانەکردنیان بۆدەرەوەی عراق. ئەم ژمارانەش بیرۆکەیەك دەدات بەدەستەوە دەربارەی ڕێژەی ئاستی وشیاری دانیشتوانی، لەکوردستاندا هەر 3500 قوتابی یەك قوتابخانەیان بەردەکەوێت یەك قوتابخانەی ناوەندیش بۆ 57000 هەزارکەس لەسەرجەم کتێبخانە گشتیەکانی کوردستاندا بێجگە لە 685 کتێبی کوردی زیاتری تیانیە.

لەبەهاری 1961 وە سیاسەتی حکومەتی عراقی زۆر دڕندانەیە بەتایبەت ژمارەیەك لەسەرۆك عەشرەتە کۆنەپەرستەکانی بەکارهێناوە بۆ ئاژاوەنانەوە هەستاون بەبەرنگارتی چەکدارانە وەك بیانویەك بەکاریان هێناون بۆ چڕکردنەوە وناردنی هێزەکانیان تاوەکوو لەوڕێیەوە گوەرزی کوشندە لەبەرزانیەکان بوەشێنن ئەم کردەوانەی حوکومەیت بوەهۆی نارەزایی گەلی کورد بۆیە ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیان بەتایبەت توێژ گەلی لاوان ناچاربون لەناو شارەکاندا خۆیان حەشاردەن وگروپی چەکداری پێکبهێنن تایبەت بەخۆیان بێت.

هەروەها حوکومەتی عراقی دوپاتکردنەوەی قسەکانی مصطفی بەرزانی پشتگوێخست ولەمەڕ دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ حوکومەتدا لەپێناوی بەدەستهێنانی خودموختاری بۆ کوردەکانی عراق.

وێنەیەك لەدەقە ئەسڵیەکەی.

**بەڵگەی شەشەم :**

ئەم بەڵگەنامەیە لەحزبی پارتی سوریاوە ئاراستەکراوە بۆ کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتی قوتابیانی کورد لەئەوروپا. بەوپێیەی نامەکە زۆر دوورودرێژە بەچەند برگەیەك کۆتایی پێدێنین.

... لەکورستانی نیشتماندا دەستی ئیستعمار گەلێك بەهێزبوو، بێجگە لەداگیرکردنی کوردستانیان خستنەژێردەستی بێگانەشەوە. ئیستعمار توانی یاریەکی ئێجگار قێزەون بکات لەپێناوی ئەوەی بتوانێت دەستبگرێت بە بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە بۆماوەیەکی دووورودرێژ. هەستان بەدابەشکردنی وڵاتە بچوکەکەمان وەهەر پارچەیان دابە حوکومەتێکی کۆنەپەرستی سەربەخۆی. گەلەکەمان ئازارو چەوساندنەوەی زۆر چەشتوەو هێشتا هەربەردەوام ئازار دەچێژێت جۆرەها تیرۆری بەسەراکراوە کووستنوبرین وکپیەکی تەواوکراوە سەبارەت بە ئەنجامی ئەو دابەشکردنە ئیستعماریەدا، ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە دان بەبونی گەلی کوردانانێن تەنانەت بە نیشتمانە کەشیان کەکوردستانە، بەڵکوو دەیانچەوسێنێتەوە چەوسانەوەیەکی نەتەوەی ئێجگار سەخت ودژوار، لەبەر هێچ شتێك نا بەڵکوو لەبەرئەوەی کە (کوردن)، بەردەوامە لەسەر سیاسەتی سەرکوتکردن و توانەوەی نەتەوەییان کەبۆتە شەریعەتی ئەو فەرمانڕەوا زاڵمانە کەبەئاگرو ئاسن گەلەکەمان دەچەوسێننەوە ودەکوژن. پیچوکترین مافی مرۆڤایەتی وبیرو بۆچونی دادپەروەریان پێشێلکردوە، سەرەڕای ئەوەی ئەوسیاسەتەی فەرمانڕەوا فاشیەکان گرتویانەتەبەر لەتواندەوەو سەرکوتکردنی گەلی کورد هیچ سودێکی نیە بۆیان، هەروەها ئەو شێوازە لەڕوانگەی مێژویی وجیهانیشەوە لەهیچ جێگایەك سەرینەگرتوە. ئەوانە ڕۆڵی چەتەگەری ڕێگری دەبینن لەدزین وپاوانکردنی سامانی گەلی کورد کەبەیەکێك لەوڵاتە دەوڵەمەندەکان دادەنرێت بەهۆی پێگەی سامانی سروشتی و مرۆڤایەتیەوە.... بەڵام لەکوردستانی سوریا گەلەکەمان ولەپێشیانەوە ((پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا)) داوای جێ بەجێکردنی هەندێ مافی نەتەوەی گەلی کوردی کردوە کەبەکەمترین ماف دادەنرێت بۆهەرگەلێك بێت، کەبریتیە لەڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی وئابوری وجەسپاندن وبەهێزکردنی برایەتی گەلان، بەڵام ڕەتدانەوەی وڵامی ڕەسمی لەلایەن حوکومەتەوە سەبارەت بەمافەڕەواکان شاڵاوێکی بەهێزیان کردەسەر پێشەوایەتی بەئەمەکی ((پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریابوو))، بارودۆخێکی ناهەمواری تۆقینەرو پڕ لەئیرهاب لەناوچە کورد نشینەکانی سوریا دروستکردوەو دەسەڵات زیاتر لە (150) تێکۆشەریان دەستگیرکردو (32) کەسیانی ڕاپێچکردە بەردادگاکان وتۆمەتی خستە پاڵیان کە گەلێك دوورە لەئامانجی پارتەکەمانەوە گوایە ویستویانە دەوڵەتێکی کوردی لەسوریا دامەزرێنن.... لەگەڵ چەندین تاوانی تر کەلەبەردەم دادگای ئاسایشی باڵای سەربازی لەدمیشق بەدرۆخرایەوە.

بۆیە پێویستە لەسەر برا عەرەبەکانمان زۆرباش لەوەبگەن کە مەسەلەی گەلان بەتۆقاندن وزیندانیکردن چارەسەرناکرێت هەروەك ئەزمونەکانی خۆیان ئەوەی سەلماندوە لەگەڵ ئیستعماردا، مەسەلەی کوردیش بەوشێوەیە چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو دەکرێت لەڕێ دیالۆگی برایانەی لەیەك گەشتن چارەسەر دەکرێت، لەبەرئەوەی سیاسەتی توانەوەو تۆقاندن ولکاندن جگە لەوەی هەرلەسەرتاوە ئاشکرایە سەرکەوتوونیە سەبارەت بەسڕینەوەی دیاردەو ئاسەواری نەتەوەیی گەلی کوردمان، هەروەها جگە لەوەی خزمەت بەداگیرکەراندەکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یاخود ناڕاستەوخۆبێت بەدڵنیاییەوە لەبەرژەوەندی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەم گەلانەش نیە، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەرگیز ئاشتی وئاسایش بەخۆیەوە نانینێت تا گەلی کورد سەربەستی وسەربەخۆیی خۆی بەدەست نەهێنێت، ئەوی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەیڵێن وپێیانوایە سەبارەت بەڕەسەنی گەلی کورد، ئەو بۆچونانە تەنها گریمان ودرۆ وچەواشەکردنی ڕاستیەکانە، لەبەرئەوەی ئێمە بەچاوی خۆمان سەدان ڕۆڵەی گەلی کوردمان دەبینین دەدرێن بەدادگا لەهەموو بەشەکانی کوردستانا، لەبەرئەوەی گریمانەکانیان سەبارەت بەهەڵتەکاندنی ڕاستیە مێژوییەکان کەبونی گەلی کوردمان دەیسەلمێنێت وەك گەل وکیان وداب ونەریتی تایبەتی خۆی هەیە لەدێرزەمانەوە.

ئەو سیاسەتە جۆراوجۆرانەی کە لەڕوی دیدارەوە گونجاوە لەگەڵ ئەو ناوەرۆکەی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی داگیرکەری کوردستان گرتویەتیەبەر، کە مەبەستیانە گەلی کورد بتوێننەوەو لەگەڵ گەلانی خۆیان تێیهەڵکێشیان بکەن وبەگوێرەی ویستی ئیستعمارەکان کە بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان جەخت دەکاتەوە لەسەرمانەوەی کەرتکەرتبونی کوردستان بەکەرتکراوی بمێنێتەوە، ئەم سیاسەتانە بەردەوام لەیەکدەدەن لەئاست ویست وئارەزوی گەلی کوردمان ئەو ویستە ڕەوایەی تەنها دەیەوێت لەوڵاتی خۆیدا بەئازادانەو سەربەست وبێ لایەن بژی ویەکیەتیەکی سروشتی بۆ نیشتمانەکەی

بگێڕێتەوە، لەپێناوی ئەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بتوانن سود لەسامان وبەرهەمی وڵاتەکەیان بکەن بۆیە گەلی کوردمان ئەو ویستەیان بەشێوازی ڕاپەڕین و شۆڕش وخوێن بەردەوام دەردەبڕی مەبەستی بوو لەوڕییەوە داگیرکەران لەخاکی وڵات دەرکات بەڵام، حوکومەتە کۆنە پەرستەکان ئیستعماری جیهانی پشتیوانیان دەکات یەك لەدوایەکی شۆڕشەکان سەرکوتکران بەشێوەیەکی ئێجگار دڕندانە...

سەرەڕای ئەوبارە شازو تایبەتیەی گەلەکەمان پێادا تێدەپەڕێت هەر لەدابەشکردن ودوورخستنەوەیان لەیەکتری وکەرتکردنی نیشتمانی کوردستان وسەرەڕای هەرەس وسەرکوتکردنی گشت ئەو شۆڕشانەی هەڵیانگیرسان کەسەدان هەزار ڕۆڵەی کوردی بۆ کرابەقوربانی لەڕۆڵە قارەمانەکانی گەلە پاڵەوانەکەمان، هەروەها هاریکاری حوکومەتە کۆنەپەرستە داگیرکەرەکانیش لەگەڵ ئیسعماری جیهانی بۆ دژایەتیکردنی مەسەلەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ئەم هەموو ناحەقی وناپاکیە کەچی نەیانتوانی یەك زەرە بێ ئومێدی بخەنە دڵی ڕۆڵەی قارەمانی گەلە لەخۆبوردوەکەمانەوە. بەڵکوو بەپێچەوانەوە درێژەیاندا بەخەباتی خۆیان تائێستاش بەوپەڕی تواناو بەردەوامە لەسەرخەباتکردن بۆڕزگارکردن ویەکخستنەوەی کوردستان لەژێر ئاڵای پارتە کوردستانیە شۆڕشگێڕەکان، شایەتحاڵی شکۆمەندی ئەو خەباتەمان زیندانەکانی ئێران وتورکیاو عراق وسوریایە، لەئێستادا سەدان دەست بەسەرو زیندانی ڕۆڵەی گەلە قارەمانەکەمان خزێنراونەتە زیندانەکانەوە سەدانی تریش ئاوارەبون بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە سزای قورس وڕەفتاری نامرۆڤانە کە لەلایەن داداگا فشیەکانیانەوە دەردەچێت وبەوشێوەیەش ڕەفتار لەگەڵ زیندانیەکانی ناو زیندان دەکەن بۆ ئەوەی چۆك بەم گەلە قارەمانە بدەن وپڕیشکی ئاگری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەمان کپکەن...

پارتەکەمان چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵەکەی ئێوەی لەبەرچاوگرتوە وپێزانینی خۆشی بۆدەردەبڕێت کەتوانیوتانە کولتورو ئەدەب وهونەری میلی نەتەوەکەمان ونمایشی گۆرانی وشیعرو هەڵپەڕکێکانی نەتەوەکەمان پێشکەش بکەن کەخۆی لەخۆیدا وابەستەیی گەلەکەمان پیشاندەدات بەکولتورو نەریتی خۆیەوە وهەرگیز لەبیرخۆی نەبردۆتەوە سەرەڕای سیاسەتی داپڵۆسێنەرو چەساندنەوەی نەتەوییش کە داگیرکەرانی کوردستان گرتویانەتەبەر، ئەو چالاکیانەی کۆمەڵەکەتان پێی هەڵدەستێت لەپێناوی کوردو کوردستاندا وهەروەها لەپێناوی دەرخستنی ڕوی ڕاستەقینەی مەسەلە نەتەوەییمان وخەباتی خەباتی دلێرانەی گەلەکەشمان، کارە شاکارەکانی کۆمەڵەکەتان کە پێی هەڵدەستێت بۆ ئەوەی ئابڕوی کرداره بەربەری نامرۆڤانەکانی فەرمانڕەوایانی دەوڵەتانی داگیرکەری هەموو بەشەکانی کوردستان کەدەبێتە هۆی ئاگاداربونی نێوەندەکانی ڕایگشتی جیهانی لەوکارەساتانەی ڕویداوە وڕودەدات لەوڵاتەکەماندا دڵنیابن کارەکانی ئێوە کارکردێکی زۆر باشی هەیە لەدەرونی ڕۆڵەی گەلەکەمان.

بۆئەوەی کارەکانتان زیاتر بەسودو کاریگەرتربێت پارتیمان وای بەباش دەزانێت کەپێویستە کۆمەڵەکەتان هەستێت پەیوەندی کردنی بەردەوام لەگەڵ پارتە کوردستانیەکان تابتوانن لەو ڕێگەیەوە زانیاری وڕاربۆچونی خۆتان ئاڵگۆڕپێبکەن هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵێکی گرنگتربببینن لەیەکگرتنەوەی هەماهەنگی نەخشەو پلانەکانتاندا تابتوانن زیاترو کاریگەرانەتر هەستی وشیاری نەتەوەیی لەناو جەماوەری گەلەکەماندا زیاترو زیاتر بڵاوبکەنەوە.

بۆیە پارتی ئێمە (پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا) ئامادەیی تەواوی خۆی ڕادەگەێنێت کەهەڵسێت بەهەر کارێك خزمەت بەکۆمەڵەکەتان بکات وبەهێزی بکات لەپێناوی سەرکەوتنیدا هەروەها هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەش وسەرجەمی نەتەوەو گەلەکەمان دەخوازێت. باهەمومان پێکەوە هاواری سەربەستی وسەربەخۆیی کوردستان بکەین، هەربژی کۆنگرەکەتان بۆ خزمەتی نەتەوەی کوردمان.

لەمەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی ـ سوریاوە

**بەڵگەی حەوتەم :**

ئەمە کۆپڵەیەکە لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانی کە (عصمت شریف وانلی) تیایا دوابوو سەرۆکی بزوتنەوەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لەئەوروپا دەربیڕیبوو بۆ ڕۆژنامەکانی یۆنانی (فانجلیس سکاتوس) کەبریتیە لە 14 پرسیاری ئاراستەکراوە بەنوسین وبەزمانی فەڕەنسی بەهەمان زمانیش وڵامی دراوەتەوە لەماوەی مانگی نیسانی (1959) یەکەمجار کەئەم گفتوگۆیە وەرگێردرا وەرگێردرایە سەر زمانی یۆنانی وبڵاوکرایە وەك نامیلکەیەك لەئەسینا لە (32) لاپەڕە پێکهاتبوو لەمانگی حوزەیرانی ساڵی (1959). بابەتی ئەو گفتوگۆیە بریتی بوو لە : ((کوردستان ومەسەلەی کورد)).

پرسیاری حەوتەم :

هەڵوێستی حوکومەت لەهەرپێنج وڵاتدا چۆنە دەربارەی کوردەکان ؟ باردۆخی حوکومەتی هەرپێنج وڵاتەکە چۆنە سەبارەت بەکوردەکان.

وڵامی حەوتەم :

لەئێران حوکومەت سیاسەتێکی گرتوتەبەر دەرحەق بەکوردەکان کەمتر دڕندەیی ودژایەتی پێوەدیارە لەچاو حکومەتی ئەنقەرەدا بەڵام شێوازی زۆر هەیە، تاران دان بەبونی کورد دەنێت تەنانەت یەکێك لەهەرێمەکانی ناو نراوە کوردستان، بەڵام خۆی لەخۆیدا ئەو هەرێمە ئیداریە بەشێکە لەجوگرافیای کوردستان لەئێراندا بەڵام حوکومەت یەکەی سەربازی دروستکردوە لەکوردستاندا لەگەڵ زۆرکردنی بەشەئیداریەکانی لەوێ بەڵام هەمان حاڵیش لەتورکیادا هەیە، کوردەکانی ئێران هیچ جۆرە مافێکی نەتەوەییان نیە زمانەکەشیان باوەڕی پێناکرێت مەگەر پێداویستیەکی پڕوپاگەندەیی هەبێت هیچ قوتابخانەیەکیش نیە بۆ خوێندنی زمانی کوردی. دوای ڕوخانی کۆمارە کوردی دیموکراسی لەمهاباد لەشکری ئێرانی هەستا بەدزینی چاپخانە کوردیەکە وهەستا بەسوتاندنی هەموو کتێبەکانی لەناوەڕاستی شەقامە گشتیەکەدا لەو پایتەختە بچوکەدا، ئەو کتێبە کوردیانەی چاپخانەی کۆمار چاپی کردبوو بۆ خوێندنی قوتابخانەکان تاوەکوو ڕۆڵەی گەلی کورد بیخوێننەوە، ڕادیۆی ئێزاعەی ئێرانی کە لەهەندێ شاری وەك کرماشان وسنەدا هەیە ڕۆژانە چەند کاتژمێرێکی بۆ ئێزاعەی کوردی تەرخانکردوە بەڵام مەخابن ئەو ئێزاعانە تەنها بۆ پڕوپاگەندەیە لەدژی کۆماری عراق وبەمەبەستی ئەوەی بتوانێت پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد دەرخات کوردستانی ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە بەڵام زۆرینەی گەلەکەی بەچەرمەسەری ژیان دەباتەسەر لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی تەموزی عراق لەساڵی 1958 وە حکومەتی ئێران بەشێوەیەکی ئاشکراو وناڕاستەوخۆ پەیمانی بریقەدارو جوان دەدات بەگەلی کورد بەتایبەت لەبواری ڕۆژنامەوانی وبەکارهێنانی زمانی کوردی لەقوتابخانەکاندا ئەمە تەنها بەدەمو پەیمانەو هیچی تر. بەڵام ڕاستیەکان زۆر جیاوازن لەوەوە کوردستان بەچڕی لەژێرگوشاری چاودێری لەشکردایە ژیانیش لەگەڵیا زۆر قورسبوە گرانی وناخۆشی زەحمەت وبێکاری بەهیچ شێوەیەك ئازادی دەربڕینی بیروڕانیە تەنانەت نوێنەرەکانی ناوچە کورد نشێنەکانیش بەزۆر سەپێنراون لەلایەن ژەنەڕالەکانی لەشکرو فەرنمانبەرو جەندرمەو (درەك) وە ئەوانە خۆیان گەندەڵترین کەسایەتین لەخۆرهەڵاتدا لەوانەشە دڕندەترین کەس بن دەرحەق بەهاوڵاتیانی سیڤیل، حوکوتی بەریتانی وعراقی بەڵێنیاندا بەکوردەکانی عراق سەربەخۆییەکی خودموختاری نەتەوەییان بدەنێ دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەڵام هەرگیز بەڵێنەکەیان نەهێنایەدی بۆیە بەو بۆنەیەوە چەند شۆڕش بەرپاکرا لەڕابوردودا باسمان لەسەرکردوە، بەگوێرەی پەیماندانی عراق لەبەردەم عصبة الأممدا کە وابەستبێت بەوەی زمانی کوردی بەزمانێکی ڕەسمی بناسێنێت بەتایبەت لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن دەبێت خوێندن بەکوردی بێت، حوکومەتە مەلەکیەکانی عراق یەك لەدوای یەك ئەو بڕیارە دەوڵەتیانەیان جێ بەجێنەکرد مەگەر بەشێوەیەکی کەموکورت لەوحاڵەتەشدا هەرجێ بەجێیان نەدەکرد. کەوابوئەگەر بەوشێوەیە بێت سەربەخۆیی لەناوخۆدا هەرگیز بەدی ناکرێت، فەرمانبەری عەرب وکورد بەبێ جیاکردنەوەی باشی وخراپیان ئاخۆشیاون بۆ ئەوکارە یان نەء سەبارەت بەهەڕەمەکی دادەمەزرێنران سەرەڕای بارقورسی زامانیش. لەبواری فێرکردندا کە تەنها لەیەك ناوچەدا هەیە وقوتابخانەی تیایە ئەویش ناوچەی سلێمانیە بەڵام ئەو قوتابخانانەش تەنها

سەرەتایین ونیوەی وانەکانیان بەزمانی عەرەبیە، لەڕوی ڕۆژنامەوانیشەوە تەنها سێ یان چوار گۆڤاری ئەدەبی کوردی هەیە هەروەها لەلایەن حوکومەتی مەلەکی عراقیەوە ڕێگە نەنادرێت بەگۆڤارێکی ڕۆژانەی سیاسی کوردی بڵاوبکرێتەوە چەنکە حوکومەتی مەلەکی عراقیش بەهەمان شێوەی حوکومەتانی تورکیاو ئێران وەك دوژمنی گەلی کوردو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد خۆیان دەردەخەن.

لەسوریاش بەوپێەی کوردەکان ژمارەیان کەمتریشە بەڵام هەندێ ئازادیان هەیە بۆنمونە دەتوانن کتێب بەکوردی دەرکەن تەنانەت بەپیتی لاتینیش ئەگەر خۆیان بیانەوێت هەرگیز نابینیت دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕەسمی دانبنێت بەهیچ مافێکدا مەگەر تەنها لەبوارێکی وەك ڕۆشنبیریا نەبێت، بەڵام لەئەرمینیاو جۆرجیاو ئازربایئجانی شورەویدا هەربەڕاستی لەوەدەچێت کوردەکان باشتربژین ئەگەرچی ژماریان کەمتریشە تەواوی مافی نەتەوەیی خۆیان هەیە، لەماوەی سی ساڵدا هەزاروپێنج سەد کتێب بڵاوکراوەتەوە بەزمانی کوردی لەکۆمارەکانی یەکیەتی شورەویدا، ڕێکخراوی أکوز لەئەرمینیای شورەوی (هەرێمێکی نەتەوەیی کوردە) سەرەتا کتێب وڕۆژنامە کوردیەکان بەپیتی لاتینی چاپکران لەکۆمارەکانی یەکیەتی شورەویدا دوای گۆڕیان بۆ پیتی سەلافی کە کوردەکانی دەوروبەری یەکیەتی شورەوی لێی تێنەدەگەیشتن، دەرحەق بەو مەرجە سیاسیە سەختانە نەیانتوانی بگەنە ئەو ئەنجامە یاخود گەلی کورد نەیتوانیوە تائێستاش شێوازی نوسینی خۆیان یەکبخەن. لەسوریا گەلی کورد پیتی لاتینی بەکاردەهێنن لەیەکیەتی شورەویشدا پیتی سەلافی بەکاردەهێنن لەئێران وعراقیش پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێت بەڵام لەتورکیا کەخۆی لەخۆیدا ئەوە بەدبەختیەکە بۆخۆی لەبەرئەوەی هەموو جۆرە بڵاوکراوەیەکی کوردی قەدەغەیە ئەوەش یەکێکەوە لەوحاڵەتە سەختانەی بەبێ چارەسەر ماوەتەوە. شۆڕشی تەموزی عراق بوەهۆی سەرهەڵدانی گۆڕانکاریەکی گرنگ سەبارەت بەهەڵوێستی کوردەکان نەك هەر لەعراق بەڵکوو لەسوریاش بەڵام نەك بەهەمان مانا بەڵام لەکاتی وڵامدانەوەی پرسیاری یانزهەم قسەی لەسەردەکەین.

پرسیاری هەشتەم :

ئایا کوردەکان زەرەری گیانیان زۆر لێکەوت لەکاتی شۆڕشەکەیاندا.

وڵامی هەشتەم.

کوردەکانی ئێران لەکاتی شۆڕشیاندا زەرەری گیانیان زۆر لێنەکەوت بەڵام لەتورکیا زۆر بەداخەوە کوردەکان زەرەری گیانیان زۆر لێکەوت هۆکارەکەشی بەرفراوانی شۆڕشەکانیان بوو بەشێوەیەکی گشتیش پەیوەندی بەشێوازی سەرکوتکردنیانەوە بوو کەبەردەوام لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشدا بەدڕندانە هێرشیان دەکرایەسەر ئیتر هەرلەڕاونان ودوورخستنەوەیانەوە بەتوندترین شێوەی لێیان دەدرا هەروەها حوکومەتی تورکی هەڵدەستا بەچالاك کردنی ئەوهێرشانە بەو پێیەی کەهەندێ ناوچەی کوردنشین گرنگی خۆی هەبوو ناویان نابوو (ناوچەی قەدەغەکراو) کەئەوە مەترسیدارترە سەبارەت بەچۆڵکردن گواستنەوەی دانیشتوانی بەهۆکاری تەندروستی وکۆمەڵایەتی وئابوریشەوە بەگوێرەی فەرمانێکی گشتی (یاسای گشتی ساڵی 1935) بەڵام ئەوەبوو گەلی کورد دەستیدایە چەك دژی ئەوفەرمانانە بەڵام لەهەندێ جێگە حوکومەتی تورکی هەربەڕاستی توانی سەرکەوێت لەوکارانەدا لەمەر مەسەلەی چۆڵکردن وقەڵاچۆکردنی دانیشتوانی ناوچەی دارستانی کێوی ساسون. کوردەکانی تورکیا لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا زیانێکی ئێجگار زۆریان لێکەوت ئەویش بەگوێرەی (پلانێکی داڕێژراوبوو) لەلایەن ئەفسەرانی تورانیەوە جێ بەجێکرا کەزۆر زەحمەتە مەزنەی زیانی کوردەکان دەستنیشان بکرێت ئەوزیانەی لەساڵی 1925 و ساڵی 1939 لەکوردکەوت لەکوژراو بریندارو قەڵاچۆکراو ئەگەر بڵێین ژمارەین دەگاتە نیو ملیۆن بەدڵنیاییەوە زیاڕەویمان نەکردوە لەبۆچونماندا بەڵام ئەم مەزنەیەی ئێمە ڕاستیە چونکە حوکومەتی تورکی سەبارەت بەو ڕوداوانە بەتەواو خۆی لێ بێدەنگ کردبوو.

بۆیە ئاساییە گەرببینین لەدوای ئەو ڕۆژەوە واتە پاش تێپەڕکردنی بیست ساڵ بەسەر داوا شۆڕشی کوردا لەناو وڵاتی کوردانا کە زیانێکی گیانی زۆریان لێکەوتبێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی گەلی کوردمان زیادیکردوە زۆر لەهەموو کاتێکی تر چونکە گەلی زۆر بەخێرایی ڕێژەیان زیاد دەکات لەلایەکی تریشەوە ژمارەیەکی زۆر لەئاوارەکان گەڕاونەتەوە، سوڵتانەکانی تورکیا هەمان ڕەفتاریان نواند دەرحەق بەگەلی ئەرمەنی بەدبەخت، تورکیای کۆماریش

هەروەها هەمان تاوانی دوپاتکردەوە دەرحەق بەگەلی کورد بەڵام هەرزوو خۆی پاشگەزبوەوە لەبەرئەوەی بۆیدەرکەوت کە ئەرکێکی قورسە بەهۆی چەندین هۆکاری گرنگەوە هەروەها بەرەنگاری کردنی لەشکریش لەلایەکیترەوە پاشان جەنگی جیهانی دووەم ڕاگەێنرا گۆڕانکاریە نویکانیش لەلایەکی ترەوە سەریانهەڵدا بەڵام مەخابن سەد مەخابن تورکیا توانی بەتەواوەتی سەرکەوێت ڕۆشنبیری کوردی دوابخات لەسنوری خۆیدا بارودۆخی کوردەکانی تورکیاو کوردەکانی عراقیش لەئێستادا دەبینین دەیان ڕۆژنامەو گۆڤاری سیاسی وڕۆشنبیریان هەیە هەروەها کۆمەڵەو ڕێکخراوی نەتەوییش کە زۆر ناسراون لەناو خەڵکاو حزبی سیاسی باوڕپێکراویان هەیە سەرباری ئەوەش هەزاران لاوی ڕۆشنبیرو سەدان خوێندکاری زانکۆییان هەیە. هەرچیەك هەیە لەناو گەلی کورد لەناوتورکیادا بەشێوەیەکی گشتی لەلای تورکەکان بەمەترسیدار دادەنرێت، تاکە شت کەتورکیا نەیتوانیەوە زۆر زەفەری پێبەرێت کاری تیبکات خۆشەویستی هاولاتی کوردە سەبارەت بەدواڕۆژی کوردستانە شیرینەکەی خۆی ومەسەلەی وڵاتەکەیان کەنیشتمانی کوردانە وپاراستنی کەرامەتی تاکی کوردە وەك تایبەتمەندی کورد.

پرسیاری نۆ :

بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد ئامانجی چیە وئەوانە کێن بەهاوپەیمانیان دادەنرێن.

وڵامی نۆ

بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد خەباتدەکات لەپێناوی ڕزگاری گەل ونەتەوەی کوردا یەکەم پێویستە لەسەر گەلی کورد لەگەڵ بزوتنەوە دیموکراس خوازەکان ڕێکبکەوێت لەگەڵ گەلانی دیکە بەتایبەت گەلانی دراوسێ هەروەها پێویستە بڕیار لەسەر گشت مەرجە سیاسی وکۆمەڵەیاتی وئابوریەکان بدرێت بۆئەوەی گەلی کوردیش بتوانێت هەموو مافەکانی خۆی دەستەبەربکات بەڕاستی وڕای خۆی بۆ دەربڕێت بەجۆرێك پەیوەست نەبێت بەتێپەڕکردنی کاتەوە هەروەها مافی چارەی خۆنوسین یشی لەگەڵ بێت وخۆی بڕیاردەری بێت. گەلی کورد هەرگیز دەست هەڵناگرێت لەومافەی خۆی کەمافێکی ڕەوای خۆیەتی وبەجۆرێك ڕەفتاری لەگەڵ بکات کەهی خۆیەتی بۆخۆیەتی وباشیش دەزانێت کەی بەکاری دەهێنێت واتە ئەوکاتەی کەشتەکان گەڵاڵەبون هەر بەڕاستیش چاوڕوان وئومێدەواری ئەومەبەستەیە. بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد هەربەڕاستی پێی وایە ئەم سنورە سیاسەی ئێستا هەیە وکیانی نەتەوەی کورد پارچەپارچە دەکات ودەستکردە ودەسەڵاتە ئیستعماریەکان سەوپاندویانە (ئیستعماری جیهانی ونۆکەری کەئیستعماری بچوکی خۆرهەڵاتە). هەزاران بۆرژوای تورك وعراقی داواکراوە بڕۆن ولەناوبچن بۆهەتاهەتایە، وەلبن لەم ژیانە.

هاوپەیمانان وهاوڕێانی گەلی کورد لەخەباتیدا لەپێناوی ڕزگاری نەتەوەیی ودیموکراسی بێشك سەرجەم ئەو مرۆڤ وگەلە تێکۆشەرانە دەگرێتەوە کەخەباتدەکەن لەپێناوی هەمان ئامانج، لەبەرئەوەی هەموو ئەو مرۆڤ وگەلانەی بێ بەشن لەسەربەستی دیموکراسی وئاشتی بڕیاریانداوە دوژمنی هاوبەش تێکبشکێنن کەئەویش ئیستعمارەو ئێمەش دڵنیاین کە گەلی یۆنانی هاوڕێی گەورەمانن.

پرسیاری دەیەم :

لەوکۆنگرەیەدا کە لەدژی ئیستعمار بەسترا لەدەریای سپی ناوەڕاست لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ولە مانگی تشرینی دووەمی 1955 نوێنەری کورد هێرشی کردەسەر دژایەتی کردنی نوێنەری عەرەب - هۆی چی بوو ؟

وڵامی دەیەم

لەڕاستیدا زۆر بەداخەوە هەندێك لەنێردراوانی عەرەب بەهۆی هاندانی نوێنەری سوریاوە هەڵوێستێکی دوژمنانەیان وەرگرت لەئاست نوێنەرانی کورد ئەوهەڵوێستەش جێی داخە جگەلەوەی بۆچونێکی پوچەڵ بێت شتێکی ترنیە لەبۆچونی دیموکراسیشەوە ناتەواوە. لەدیموکراسی ڕاستەقینەدا ناتوانێت بۆچونی بەرامبەرەکەت ڕەتبکەیتەوە کەئەو دەیەوێت

ومەبەستیەتی. ئەوەی باشە ودڵخۆشکەرە لەنێو عەرەبدا کەسانی دیموکراس زۆرن ئیتر چ لەسوریا بێت یاخود لەوڵاتانی نزیکیەوەبێت لەوانەی ناویان لەخۆیان ناوە دیموکراس کهلەڕاستیدا خۆیان لەوانە نین لەبەرئەوە دەبێت جیاوزی بکرێت لەنێوان گەلان ونوێنەرکانیاندا لەوانەی کەبەردەوام قابیلی ئەوەنین نوێنەرایەتی بکەن کەوابوو بەم بۆنەیەوە دەبێت ئەوشی بخەینەسەر کەهەندێك لەگەلانی عەربی دوورەدەست بۆنمونە وەك جەزائیر مەسەلەی کورد نازانن وشارەزاییان نیە تیایا لەبەرئەوە زۆر ئاساییە بکەونە باری هەڵەو.

پرسیاری یانزە :

پەیوەندی نێوان نەتەوەی عەرەب وبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لەکام ئاست وپلەدایە ؟ ئایا بەردوام دەبن لەوەی یکسانبن یاخود لەیەك دەدەن وناکۆکیان لەنێوانداهەیە.

وڵامی یانزە.

بەرژەوەندیەکانی هەموو گەلان وەك یەك یەك دەڕوات بەڕێوە ولەیەك ئاستدایە هەرگیز ناشگۆڕدرێت بەتایبەت ئەوگەلانە خۆیان مافێکیان بەلای دوژمنەوە هەیە کەئەویش ئیستعمارە کوردو عەرەب یەك دوژمنی هاوبەشیان هەیە کە ئیستعمارە بێجگەلەوەش هەردوکیان دووگەل ونەتەوەی دراوسێن لەگەڵ یەکدا کەوابوو ئەگەر بەو پێیەبێت بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە بەڵام جیهانی عەرەبی جیهانێکی بەربڵاو وجۆراوجۆرە کێشەکاینشیان لەهەموو جێگەیەکدا یەك کێشەو یەك جۆرنیە بەگوێرەی ناوچەکانە یاخود بەگوێرەی ڕێزبەندی ناو کۆمەڵگاکەیان بەوشێوەیە لەنێو نێوەندی عەرەبیدا هەندێکیان لە یەکگرتنی ڕاستەقینە تێناگەن دەرحەق بەبەرژەوەندیەکانی ننێوانیان هەروەها لەدۆستایەتی کورد وعەرەب ناگەن ناشیانەوێت لێ تێبگەن بەڵام هەندێ لەو نێوەندانە زۆر باش لێی تێدەگەن یەکەمنیشیان ئەوانەن کەنوێنەرایەتی نەتەوەی عەربن بەشێوەیەکی دەمارگیرو تەسەوفانە ئەوحاڵەتە کەمێك نەتەوەیی تورکمان وەبیردێنێتەوە، بەڵام ئەوانی دیکە هەمویان نوێنەری نەتەوەی عەرەبی دیموکراس خوازن بەڕاستی، زۆر ژیرترو واقیع بین ترن لەچاو ئەوانی دیکەدا هەروەها حەساسیەتیشیان کەمترە، شێوازی یەکەمی نەتەوەی عەرەب دەکرێت ناویان بنێن بە بەعسیەت سەبارەت بە پارتی نەتەوەیی عەرەبی سۆشیالیستی کە وابەستن بە بەعسەوە، لەساڵی 1959 وە ئەم نەتەوییە توندوتیژە تەسوفیانە زۆر بەداخەوە بەجۆرێك خۆیان دەردەخەن کەدوژمنی سەرسەختی بزوتنەوەی ڕزگاری زخوازی گەلی کوردبن لەسەروی سوریا. بەڵام عەرەبی عراقی بەڕاستی نوێنەرایەتی دیموکراسی بونی نەتەوەی عەرەب دەکەن بەشانازیشەوە شوێن پێی جەنەڕال قاسم وپارتە سیاسیەکەی کەوتون کە لەوڵاتەکەدا بونی هەیە. ئەو وڵاتەی پێکهاتەیەکی تێکەڵە لە کوردو عەرەب وکەوتۆتە ئەوشوێنەی ئیستعمار دەستی تیا واڵایە. ئەوەی ئاشکرایە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد بەشێوەیەکی یەکسان وهاوتا دەچێتە پێشەوە بەپراوپڕیش ڕێکدەکەوێت لەگەڵ هێزە دیموکرات خوازە نەتەوەییەکانی عەرەبی عراقی. بەڵگەی ئەوقسەیەشمان ئەودۆستایەتیەیە کەکۆماری نوێی تیا بونیاتنراوە بەهەوڵی هەردوولا. هەرئەو دۆستایەتیەشە کەڕووناکی دەخاتەسەر دەستوری کاتی عیراق کەعەرەب وکورد بەنمونەی (هاوبەش) دادەنێن لەم وڵاتەدا بەهەموو مافە نەتەوایەتیەکانیانەوە بەشێوەیەکی یەکسانی بەڵام لەڕاستیدا هەموو شتێك بەتەواوی جێ بەجێ نەکراوە وماوەیتی هێشتا کارێکی زۆری پێویستە تا لەسەر پێداویستیەکان کورد ڕێکبکەون و ڕازیبن پێی سەبارەت بەوساڵە ڕەشانەی بەسەر کوردا تێپەڕیکرد لەسەردەمی مەلەکیەتی عراقی بەڵام دەبێت ئەوەمان بیربێت کە شۆڕشی کۆماری میللی عراق هێشتا مێژویەکی نوێی هەیە چەند مانگێکی بەسەرا تێپەڕکردوە کاتی تەواومان نەبوە بۆ ئەوەی هەستین بەگشت ئەرکەکان. ئەو ئەنجامەی بەدەستیان هێناوە لەپلانی عراقی بەشێوەیەکی گشتی وپلانی کورد بەتایبەتی بەڕاستی شیاوی ڕێزو یادکردنن دۆستایەتی کوردو عەرەب ۆستایەتیەکی دیموکراسایانەیە لەبەرئەوە ئەنجامەکان دڵخۆشکەردەبن نەك تەنها بۆکوردەکان بەڵکوو بۆ عەرەبی ئەم وڵاتەو سەرجەمی عەرەب وسەرجەم کوردیش هەروەها بۆ سەرجەم گالانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ودیموکراس خوازانیش. ئەوەی لەسوریا ڕوودەدات مەبەست لە پەیوەندی کوردو عەرەبە زۆر بەداخەوە بەپێچەوانەی ئەوەی عراقە، بەم زوانە هەرچی ئەفسەری کورد هەبون لەناو لەشکری سوریای سەر بەکۆماری عەرەبی یەکگرتوو بون هەمویان خانەنشین کران یاکارەکانیان گۆڕین وژمارەیەکی ئێجگار زۆریش مامۆستایانی زانکۆ لەوانەی کوردبون خانەنشین کران وقوتابخانە عەرەبیەکانیش لەناوچە کوردنیشینەکاندا داخران.

زیندانەکانیشیان پڕکرد لەو مێردمنداڵانەی تەمەنیان لەدەساڵ کەمترنیە. ئەوەش نەلەبەژەوەندی کوردەو لەنەبەرژەوەندی عەرەبیشە، تەنها ئیستعمارو خزمەتکارانیان سود لەومەسەلەیە وەدەگرێت بەداخەوە بارودۆخەکە ئاوایە، ئێمە تەواو دڵنیاین کەپەیوەندی کوردو عەرەبی عراق بەباشی دەمێنێتەوە هەروەها ئومێدەوارین لەسوریاش هەمان ڕەوت بگرنەبەر هەرئەوەش لەبەرژەوەندی کوردو عەرەبە بۆ ئەوەی بەوشێوەیە هاوبەشبن تاوەکوو بەتەواوی ڕزگاری نەتەوەیی هەدوو لا بەدەستبێت.

پرسیاری دوانزدە :

ڕۆژنامە یۆنانیەکان نوسیویانە ئەو وڵاتانەی کوردی تیانیشتەجێ یە هەمیشە حەزیان بەوەیەو هەوڵدەدەن خەباتیان هاوبەش بکەن وبەردەوام لەپێناوی سەرگرتنی ئەو بارودۆخە تێدەکوشن هەروەها چالاکیەکانیشیان بەهەمان شێوە بۆ ئەوەی خۆیان بەدووربگرن لەوەی کورد شۆڕشێکی سەرتاسەر بەرپابکەن. ئاستی ڕاستی ئەو بۆچونە تاچەندێك ڕاستە؟

وڵامی دوانزدە

لەهەموو حاڵەتێکدا ئەوەڕاستە بەڵام دەبێت ڕونبکرێتەوە. لەنێوەندە ڕەسمیەکانی ئەنقەرەو تاراندا زۆر بەکەمی باسی لێدەکرێت بەهیچ شێوەیەکیش بەئاشکرا باسی مەسەلەی کورد ناکرێت لەبەرئەوەش قسەی لەسەرناکەن بۆئەوەی لەگرنگی ئەوبابەتە کەمبکەنەوە ئەوەی لەوێ ڕوودەدات نکوڵی کردنە لەبونی کورد لەهەردوو وڵاتدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەم مەسەلەیە بێدەنگیەکی تەواوی لێدەکەن وپەردەپۆشی دەکەن بەشێوەیەکی زۆر وبەنهێنیەکی بیزارکەر.

بورژوازیەتی سەربازی لەوڵاتانەی کوردستانی تیا دابەشکراوە پروپاگەندە دەخەنەکار بەتایبەت لەوناوچانەی گەلی کوردی تیانیشتەجێ یە. هەرچی درۆدەلەسەی ناشیرین ولەڕاستیەوە دوورە دەیکەن ـ لەبەرئەوەی ئەو نێوەندە فەرمانڕەوایە لەگەلی کورد دەترسن. ئەو باسکردنەی کە لەنێوەندەکانیاندا باس لەمەسەلەی گەلی کورد دەکەن بەئاشکرا بەڵام زۆر بەکەمی ودەگەمەنیش ئەوە بەشێوەیەکی بەردەوامی مەترسی هەرە گەورەیانە ئەویش ئەو مەترسیەیە کە حوکومەتە جۆراوجۆرەکانەهەیانە لە (ئاژەڵی ڕەش) کە هاریکاری سیاسی دەکەن لەناوخۆیاندا. بەوهۆیەوە ئاساییە گەرببینین لەو وڵاتانەدا مەبەست لەتورکیاو ئێران وعراقە، تاوەکوو تەموزی ساڵی 1958 هەموو هەوڵێکیاندا بەهاوبەشی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد بتوێننەوە ولەڕەگوڕیشەوە لەناوی بەرن.

لەم ماوە کەمەدا بواری ئەوەمان نیە زۆر نمونەی پێویست وشیاو بهێنینەوە دەربارەی گفتوگۆی جیاوازی (زۆر نهێنی) کە لەنێوان ئەم حوکومەتانەی خاوەنی مەسەلەکەن وپێکەوە پەیوەندی نهێنیان هەیە. بابلێن بۆیەکەمجار ڕێکەوتنێك لەساڵی 1930 ڕویدا لەنێوان تورکیاو عراق لەپێناوی ئەوەی بتوانن شۆڕشی کورد سەرکوت بکەن دواییش لەساڵی 1937 لەنێوان ئێران وعراق تورکیا پاشان ڕێکەوتنی (سەعەد ئاباد) کەزۆر بەئاشکرا لەدژی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد بوو.

پرسیاری سیانزدە :

دەتوانیت پێمان بڵێیت ئومێدو ئارەزوی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کۆمەڵایەتی سیاسی چیە ئەگەربێتوو سەرکەوتنی بەدەستهێنا ؟

وڵامی سیانزدە :

مەبەست لەئومێدو ئارەزوی سیاسی لەحاڵەتی سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی یاخود ڕزگارکردنی تاکی کورد. کاردانەوەیەکی دەبێت ئەویش ئەوەیە گەلی کورد بواری بۆدەڕەخسێت مافەکانی خۆی بەرجەستەبکات دەرحەق بە مافی چارەی خۆنوسین ئەو مافەش لەئەمڕۆدا هەیەو بەردەوامیش دەبێ ببێت وبەهیچ شێوەیەکی تێپەڕبونی کات بەسەرایا ناچەسپێت باشتریش دەبوو ئەگەر بمانتوانیایە بڵێین لەو ناچانەشدا هەمان قسە دەکرێت. بەڵام گەلی کورد

لەئێستادا ناتوانێت ئەو مافەی دەستەبەر بکات بەهۆی باردۆخی ئێستاوە لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە بەرەنگاری ئەو مافە دەکەن، سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد لەهەمانکاتدا سەرکەوتنی بزوتنەوەی دیموکراسیە ئەم بزوتنەوەیەش خۆی دژی ئیستعمارە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بۆیە بەم هۆکارەوە دەتوانین دووپاتی بکەینەوە گەلی کورد مافی خۆیەتی چارەنوسی سیاسی خۆی دەستنیشان بکات. بەڵام لەئەنجامدا چی لێدەردەچێت. ئەوە ئێمە ناتوانین پێشبینی بکەین بەڵام ئەوسنورە سیاسیەی هەیەو بەناحەق کەرت دەکرێت هەروەك پێشتر پێمان وتبون کە کورد ئەو سنورە لەناودەبات وکوردستانێکی سەربەخۆ ویەکگرتوو پێکدێنن ئیتر یان لەشێوەی دەوڵەتێکی یەرکگرتوو یاخود فیدرالی کەوابوو ئەم دەوڵەتە لەدواڕۆژدا خۆی یەکبخاتەوە ولەگەڵ دەوڵاتانی دیکەی دراوسێی کە ئەوانیش بەگوێرەی خۆیان وەك ئێمە کەرتکراون وەك نمونەی وڵاتی کوردستانی کەرت کەرتکراو بەڵام بێشك ئەوەش بەشێوازێکی هاوتایی ویەکسانی ئەمەش بەردڵنیاییەوە ئەگەر بەرژەوەندیە ئابوری وسیاسی کۆمەڵایەتیە هاوبەشەکان ڕێگەی بەوشێوەیەدا کە خۆی لەخۆیدا دەگرێتەوە بۆگەلانی خاوەن مەبەست وبیانەوێت ڕێگەی پێبدەن لەوش دەچێت لەدوای سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاتی خوازی نەتەوەیی کورد پێشوەخت دەوڵەتکی فیدرالی دامەزرێت لەعراق وئێران دا، هەروەها لەتوکیاو سوریاشدا بەجۆرێك ئەو دەوڵەتانە یەکدەگرن بەشێوەی فیدرالی بەجیاجیا، پاشان بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لەگەڵ گەلانی ئەو دەوڵەتانە یەکدەگرنەوە. بۆنمونە گۆڕینی عراق بۆ دەوڵەتێکی فیدرالی لەدوو حوکومەت پێکبێت یەکێکیان کوردی بێت وئەوتریشیان عەرەبی بێت ئنجا حوکومەتێکی مەرکەزی بەهەمان شێوەی حوکومەتە فیدرالّیەکان.

سەبارەت بەوەش کە ئەو دەوڵەتانە ناکۆکی وبێزاری تیابەدی دەکرێت کەدەتوانین بڵێین بێزاریەکی ئێجگار زۆری تیادەردەبڕدرێت بۆنمونە وەك دەوڵەتی عراق، ئێران، تورکیاو سوریاش هەروەها باشترین شێوازو چارەسەر کەگونجاوبێت فیدرالیەتە. ئاشکرایە ئەگەربێتوو دەرفەتی ئەوە بڕەخسێت لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا ئەوبۆچونە سەربگرێت ولەوڵاتانی خۆیاندا لەناوخۆیاندا یەکبگرن ئەوە کارێکی باشە، بەدڵنیاییەوە لەو حاڵەتەدا دیموکراسە وڕاستەقینەکانی گەلانی دراوسێ ناتوانن داوای گەلی کورد ڕەتبکەنەوە کە یەکیەتی فیدرالیەتی ویستوەو دەیەوێت لەعراق لەگەڵ عەرەب ولەئێران لەگەڵ ئێرانیەکان ولەتورکیاش لەگەڵ تورکەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بچینە ناو ئەو وردەکاریانەوە بەبێ ئەوەی بکەوینە باری هەڵە وداخزانیشەوە. خاڵێك هەیە زۆر گرنگە ڕاستیشە بێ پێچوپەنایە کە ئەویش هەرگیز دوپاتیشی ناکەینەوە کۆتایی پێهاتوە. وڵاتی کوردو کوردستان یەك وڵاتە ئەو سنوەرە سیاسەش کەبۆی دانراوە وکەرتیانکردوە سنورێکی دەستکردە. کە ئیستعمار دایهێناو سەپاندی ئیستعماری جیهانی وخۆرهەڵاتی، لەبەرئەوە گەلی کورد زۆر باش دەزانێت چۆن مافی چارەنوسی خۆی بەرجەستە دەکات ئەگەر کاتی خۆی هاتە پێشەوە هەرئەوەشە کەدەڵێین کورد بەرژەوەندی لەدیموکراسیەت وئاشتیدایەو بەشێوەیەکی تایبەتیش لەگەڵ گەلانی دراوسێی خۆی چونکە پێداویستیە ئابوری کۆمەڵایتیەکان لەکوردستاندا ئێجگار زۆرەو لەباریشە چونکە هەموو دەزانین وڵاتێکی دەوڵەمەندە لەسامانی نەوتی کانزاکانی تریشدا هەروەها لەڕوی دارستان وسەرچاوە ئاوییکانیشەوە هەروەها توانای وەزەی کارەباییشی گەلێك بەتوانایە بەڵام بەداخەوە لەئێستادا جگە پڕۆژەی نەوت شتێکی ترنیە بەڵام لەبەرژەوەندی کۆمپانیا بیگانەکانە نەك لەبەرژەوەندی گەلی کورد. لەعراقدا کەئێستا حوکومەتێکی کۆماری نوێیە ئێمە دڵنیاین لەوەی گەلی کورد زیاتر سودی لێ دەبینێت زۆر لەڕابوردوو زیاتر بەتایبەت لە داهاتی نەوت کەبەشێکی زۆری لەناوچەکورد نشێنەکاندا هەڵدەقوڵێت وپڕە لەچاڵە نەوت.

لەگەڵ سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەییدا بواردەڕەخسێت بۆ بەکارهێنانی دارایی وداهات کانزایی وکشتوکاڵی لەکوردستاندا هەروەها دەرهێنانی سەروەرت وسامانی وڵاتیش هەموو ئەم شتانە لەپێناوی خۆشگوزەرانی گەلی کوردو گەلانی دراوسێیەتی.

ڕزگارکردنی تەواوی گەلی کورد لەسەرتاسەری کوردستاندا کەخۆی مەرجی یەکەمە بۆدەستەبەر کردنی دیموکراسی ولەپێناوی ڕوخاندنی ئیستعمار لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستا لەبەرئەوەی بەبی پڕۆسەی دیموکراسی هەرگیز ڕزگاری نەتەوەی بۆ گەلی کورد بەدەست نایەت. بەڵام خۆی پێچەوانەکەی ڕاستیە، مادام مەسەلەی کورد چارەسەر نەکراوە

هێشتا هەروەها کوردستانیش  نەئازادەو نەیکگرتوە، کەوابوو ئیستعمار وەك خۆی دەمێنێتەوە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستا مانای وایە لەم وڵاتەدا دیموکراسی بەدەست نەیەت. تێڕوانینی دووهەمیان سەبارەت بەمەسەلەکە زۆرینەی دیموکرات خوازانی غەیرە کورد لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستا هێشتا بەباشی لێی تێنەگەشتون. بەڵام دیموکاتەکانی کورد ڕازین وقەناعەتی تەواویان هەیە بەدۆستە دیموکراتەکانی خۆیان کەسەر بەگەلی کوردنین واتە دێموکراتە غەیرە کوردەکانی ناو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە کە هێشتا ئەوان لێیان نەگەشتون، بەهیچ شێوەیەکیش دواناکەون لەگەڵ ڕەوڕەوەی گەشەکردنی قسەکردن لەسەر ڕوداوی نوێ کەدێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە لەگرنگی وڕەوایەتی مەسەلەی کورد بگەن لەگش بوارێکیەوە ئەویش تەنیا لەپێناوی چەسپاندنی دیموکراسیەت لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستا کە ئەمڕۆ خۆیان وڵاتی کوردستانیان لەناوخۆیاندا دابەشکردوە.

هەردوو تیۆرەکە سەربەخۆیە، بزوتنەوەی کورد زۆرپشتی بەستوە بەدۆستە دیموکراسیەکانی یۆنان ولەپێناوی پتەوکردنی پەیوەندی گرێدراوی مێژویی نێوان هەردوو گەلی دۆست ودێرینی یۆنان وکورد تێدەکۆشن.

## (بەشی چوارەم)

## ((پارتە سیاسیەکانی ناو پارێزگاری جزیرە)) - 21 -

چەند زۆرن ئەوناحەزانەی سەر بەنەتەوەکەی خۆم نین، چەند بوغزوکینە لەدڵیشن لەئاست نەتەوەکەمان، کاتێ ئەوانە لەپرۆژە گەورەو دزێو وغەدرئامێزو پڕتاوان بێ ئومێدەبن و، کاتێك خراپەکاریەکانیان بەئاشکرا دەردەکەوێت لەرۆژی روناکدا، خۆیان دەهاونە دەم تاریکیەوە بۆئەوەی خۆیان لەچاوی ئیماندارە بەهۆشەکان بشارنەوە، وەك سەگی گازگری هار لەگشت لایەکی ئەم وڵاتەدا خۆیان حەشار دەدەن دەکەونە حەپەحەپ. ئەم دەڤەری وڵاتە خۆشەویستە گەورەیەمان هێشتا لەژێر کارکردی کەڵبەی غەدرو تاوانی ئەواندایە. بۆیە نیشتمانەکەمان هاواری هێناوە بۆباوەڕدارانی وپڕبەدەنگی خۆی هانایان بۆدەبات دەڵێت ((کاتی ئەوە هاتوە سەگە هارەکان بتوپێن)).

لەسەردەمێك لەسەردەمەکانی ڕۆژگارێکداو، بە بەرچاوی ڕۆڵەی بەئەمەکی ئەم نەتەوەیەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ بەلێشاو خەڵکانێك دەهاتن بۆئەم ناوچەیە جاری واهەیە ئیستعمار پشتیوانیان دەکات. جاریواش هەیە چاوچنۆکی پاڵی پێوەناون بەدزیەوە بێنە ناو ئەم دەڤەرە خۆشەویستەمان بەشێوەیەکی سەرسوڕمێنەر بەبیانوی عەرەب بونەوە دەرفەتیان وەرگرتوە. تاکار گەشتە ئەم تێکەڵە سەیرو سەرمەرە جۆرەها خەڵکەی لێکەوتەوە. کەشوهەوایەکی گونجاو ((سەوزایەکی بەپیت)) بۆ پارتە میلی گەراییەکانی دژ بەنەتەوەی عەرەب دروستبوە. کەوابوو لەگژوگیایەکی لەوشێوەیەدا ترسناکترین میکرۆبی بکوژ لەناو جەستەی ئەم نەتەوەیەدا بڵاوبۆتەوە. بەدوور لەچاوی خەڵك لەپشتی پەردەوە خۆیان حەشارداوە، بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا ڕووی ڕاستەقینەی زەردی عاراوی پڕ لەکینەی خۆی دەرخات وخۆی مەڵاسداوە چاوەڕوانی ڕۆژو کاتی خۆیدەکات. بەڵی ئەگەر بێتو ئێمە حساب بۆ ئەوپارتە سیاسیانەی ئەم ناوچەیە بکەین، کە دژایەتی نەتەوەی عەرەب دەکەن. کەوابوو پێویستە لەسەرمان تێڕوانینێکی گشتیمان هەبێت دەربارەی ئەوپارتانە. لەیەکەم دیقەتدانەوە دوو جۆر پارتمان بۆ دەردەکەوێت، یەکەمیان ئەوانەی کاری بۆدەکەن وخۆیان تیایا دەژین خەبات وکاریشی بۆدەکەن بەتوندی. کە دەتوانین بیانگێڕینەوە بۆئەوەی ناومان لێ نابون پارتە تەقلیدە کۆنەکان. پاشان جۆری چوارەمیش هەیە ناومان ناون دڵسۆزانی پارتە تازە چڵکاوخۆرو چەتەگەریەکانن. بەڵام سەبارەت بەمارتە میللی گەراییەکان کە دژی نەتەوەی عەرەبن ئەوانەش دوو جۆرن : 1 - پارتی بەبیرو باوەرو کافرن 2 - پارتی ئاینی میللی گەرایی. با بەپارتە لەمیللیەکان دەست پێبکەین بەجۆرەکانیشیەوە.

### 1 - پارتە میلی گەرایەکانی دژەبە نەتەوەی عەرەب :

وتمان ئەم جۆرە پارتانە دابەش دەکرێن بەسەر دوو جۆردا. یەکەمیان پارتە بەبیروباوەڕە کافرو بێ ئیمانەکان ودووەمیشیان پارتی ئاینی. با لە یەکەم پارتەوە دەست پێبکەین.

### 1 - پارتە بەبیروباوەڕە کاررفەکان (ملحدة)

لەژێرسایەی ئەم دوو پارتەدادوو پارتی گەورەی لەخۆیگرتوە بۆ ڕێکخستن کە پێکەوە کۆڵەکەی بڕبڕەپشتی هاندەری میللی گەرایی ڕوخێنەرە ئەو دوو پارتەش، پارتی دیموکراتی کوردیە (البارتی) لەگەڵ حزبی شیوعی ناسراو وبەناوبانگ. پێویستە لەسەرمان لەم بوارەیان وردەکاری دەستنیشان بکەین سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردی، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ سەبارەت بەکوردەکان زیاتر بڵاوە ومەترسیدارتریشە ئەگەر نەشتوانین جیایان بکەینەوە کە ئەم دوو پارتە لەناوخۆیاندا بەئاشتیانە دەژین بەڵکوو دەتوانین بڵێین هاوکاری یەکتریش دەکەن ئەگەر بۆچونەکەمان ڕاست بێت. هەرۆشناییەکیش بخرێتەسەر حزبی پارتی بەدڵنیاییەوە ڕۆشناییش دەخاتەسەر حزبی شیوعیش بەجۆرێکە دەبینین تەوا پێکەوە لکاون لەڕووی جێگەو پێگەی کەسایەتیەوە کە لەهەموو شوێنێك پڕە لە دوو پارتە.

أ - پارتی دیموکراتی کوردی (البارتی)

ئەوە ناوی ڕەسمی پارتەکەیە بەگوێرەی ئەوەی لەبڕگەی یەکەمی پەیڕەو پرۆگرامی حزبەکەدا هاتوە دەڵێت ((پارتەکە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی یە)) لەبڕگەی دووی پرۆگرامەکەدا بۆ پێ ناسەکردنی پارتەکە بەجوانی دەڵێت : ((پارتەکەمان پارتێکی دیموکراسی پێشەنگی یە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکان کرێکاران وجوتیاران وکاسبکارو ڕۆشنبیرانی کوردە لەعراقدا، پێویستە لەسەرمان بەرلەوەی بچینە ناوهەناوی ئەم پارتەوە لەشیکردنەوەیدا جارێدەبێ بەخێرایی تیشك بخەینە سەرگەشەکردنی ئەم بزوتنەوە کوردیە.

ئاشکرایە لەلامان کە لەساڵی 1923 کۆمەڵەیەکی کوردی دامەزرا بەناوی (خۆبون) وە کەمانای ئەوەدەگرێتەوە ((خۆی خۆی دروستدەکات)) واتە سەربەخۆیی. بارەگای سەرەکی کۆمەڵەکە لەبیروت بوو پاشان دیمشق. کامیران وجلادت سەرۆکایەتی دەکەن، هەردوو کوڕەکەی بدرخان پاشا کە یەکێکیان، ڕۆشن خانی کرد بەهاوسەری خۆی کە نیشتەجێی گەڕەکی حی الأکراد بوو لەدیمشق. کە دەنگێکی زۆری هەیەو بۆماوەیەکی دوورو درێژ کاریکردوە لەم کۆمەڵەیەدا لەساڵی 1932، کۆمەڵەکە گۆڤارێکی دەرکرد بەناویت ((هاوار)) وە بەزمانی کوردی ماناکەی ـ هاوارە . لەبەیروت دەرچوو بەڵام بەسەر گشت ناوچە کورد نشێنەکانی سوریاو عراق بڵاودەکرایەوە. هەروەها لەساڵی 1937 دەزگای هەواڵگری فەڕەنسی ئیزاعەیەکی بەشی کوردی بۆکردنەوە لەبەیروت بانگەوازو سرودی ورژێنەری بڵاودەکردەوەو ئیزاعەکە تاوەکوو کۆتایی ساڵی 1941 بەردەوام بوو گەورەترین بوێژو پێشکەش کاریان کامیران وجلادت بون لەگەڵ چەند لاوێکی تری کورد، هەروەها لەساڵی 1938 ـ 1939 یانەیەکیان بۆ دامەزرێنرا لەعاموداو لەجزیرە. ئەو یانەیە حەشارگەو پەناگەیەك بوو بۆ لاوانی کورد لەجزیرە سەرۆکی یانەکە محمد علي شێخموس خلف الشوێش بوو، ئەندامە بەناوبانگەکانی یانەکە، عزیز داري، صالح حسو، مەلا شێخموس ناسراو بە (جگەر خوێن) زۆری دیکەش لەوانە، ئەو یانەیە بوە دەست پێشخەرێکی نوێ بۆ نەتەوەی کورد کە لەوێوە هەنگاوبنێن، پاشان چەندەها یانەی دیکەی بەدواداهات تا گەشتە ئەورادەیەی هەموو کوردەکان بگرێتەوە ئەرکیان زیندوکردنەوەی کولتوری کوردی وشیعرو زمان ونەتەوەی لەئەستۆی خۆگرتبوو هەروەك بلێیت دەست پێشخەریەك بێت بۆ چەسپاندنی بیرۆکەی نەتەوەی کورد لەو سەردەمەدا تا ساڵی 1946 بەمشێوەیە بوو پاشان ئەوەبوو بەشێوەیەکی تایبەتی لەیەکیەتی شوڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستانی دروستبوو بەسەرۆکایەتی مەلا مصطفی بەرزانی ئەویش لەئەنجامی پەناهندەیی لەناو یەکیەتی شوڕەویدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەوێ مایەوە وبەیارمەتی وئاگاداری حزبی شیوعی شوڕەوی بوو. پاشان گەڕایەوە بۆ عراق دوای ئەوەی خۆی چەکدارکردبوو بیروباوەڕو ئامانجی ڕێکخستنێکی زانستیانەی پارتەکەی لەسەرهەمان شێوازی ڕێکخستنی شیوعی ودەستیکرد بەئیدعای پروپاگەندەیی بۆ ئەوپارتەی خۆی لەناو کوردەکانی عراق وسوریاو تورکیاو ئێرانیشدا بە بەڵگەوە پەیوەندی کوردەکانی سوریا دەرکەوت لەگەڵ ئەم پارتەدا ئەوبوو کەرت وڕێکخراوی بۆ دروستکرا لەنێو کوردەکانی جزیرەدا. ئیتر هەموو بزوتنەوەی کورد لەنێو شانەو ڕێکخراوی ئەم پارتەدا توانەوە ئیتر لەومێژوەوە دەستیانکرد بەڕێکخستنی ورد وژیرانە بۆ ئەوپارتە ودەستیان کرد دەرکردنی گۆڤارو چاپەمەنی بەیانامەو بڵاوکراوەو کاری دیکەش. بەشێوەیەکی گشتی ئەم پارتە پشتی بەسبوو بە لاوانی ڕۆشنبیری کورد.

**چەند کۆپلەیەك لەبەرنامەو پرۆگرامی ناوخۆی پارتی :**

لەبڕگەی پێنجی پەیڕەوی ئەم پارتەدا هاتوە دەڵێت :

هەوڵدان بۆپتەوکردنی پەیوەندی برایەتی نێوان گشت نەتەوە دۆستەکان کە گەلی عراقی لێ پێکهاتوە وەك عەرەب وکورد وتورکمان وئاشوری وئەرمەن وسەرجەم کەمە نەتەوایتیەکا نی دیکەی ناو عراق.. هتد..

بڕگەی یانگزە دەڵێت : بەوپێیەی هاوڵاتیانی کوردو ئەوانی دیکەش زەوی تەواویان دەستنەکەوتوە بۆ کشتوکاڵی لەناوچەکانی خۆیاندا پێویستە هەوڵ بدرێت یاسای چاکسازی کشتوکالی نوێ بێتەکایەوە.. هتد...

بەشی ب لە بڕگەی 19 دەڵێت : هەوڵدان بۆ زیندوو کردنەوەی ئەدەب وهونەرو مێژوی کوردی بەشێوەیەکی چڕوپڕ.. هتد.. هەمان بەشی ئەوە بڕگەیە دەڵێت : ڕێکخستنی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی بۆ ئەوەی بکرێت بەزمانی کوردی بەشێوەیەکی پڕاوپڕ بخوێنرێت وگەشەی پێبدرێت بۆ ئەوەی بکرێت بەدەزگایەکی چڕوپڕیتری لێ

بەدەست بێت تاباشتر سودی لێوەربگیرێت وئەرکی ڕۆشنبیری کورد بخاتە ئەستۆی خۆی لەسەرتاسەری عراق. بەشی هەمان بڕگەش دەڵێت 1 ـ دابینکردنی کورسیەك لەزانکۆی بغداد بۆ خوێندنی زمان ومێژوی کورد و هەڵبدرێت زمانی کوردی بخوێندرێت لەسەرجەم شارەکانی عراقدا لەگەڵ دامەزراندنی یەکیەکی پراوپڕ بۆ زمانەوانی کوردی هەروەها هەوڵبدرێت زیاتر بوار برەخسێت بۆ ئیزگەی کوردی.. هتد.

بڕگەی 20 دەڵێت : هەوڵبدرێت برگەی 19 دەستوری کاتی لەدەستوری هەمیشەییدا بچەسپێنرێت سەبارە بەمافی پەناهندە سیاسیە کوردەکان. هتد...

بڕگەی 21 دەڵێت : هەوڵدان بۆپشتیوانیکردنی برا کوردەکانمان لەهەر شوێنێك خەباتبکەن لەپێناوی تەواکردن وبەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی وسەربەستی خۆیان.. هتد..

بڕگەی سێی پەیرەوی ناوخۆی حزب دەڵێت : هەرکەسێك ئەم مەرجانە تیابێت بۆی هەیە ببێت بەئەندام :

1 ـ بەرنامەو پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆی حزب بخوێنێتەوە کاری پێبکات بەگوێرەی بەندەکانی.

2 ـ لەیەکێك لەشانەکانی حزبدا کاربکات.

3 ـ لەسەریەتی ئابونە بدات بەمەرجێك کەمترنەبێت لەڕێژانەی خوارەوە.

هەر ئەندامێك یاخود پاڵێوراوێك مانگانەی بگاتە 10 دینار دەبێت 1 % بدات.

هەر ئەندامێك یاخود پاڵێوراوێك مانگانەکەی بگاتە 10 ـ 25 دینار دەبێت 3 % بدات.

هەر ئەندامێك یاخود پاڵێوراوێك مانگانەکەی بگاتە 25 ـ 40 دینار دەبێت 4 % بدات.

هەر ئەندامێك یاخود پاڵێوراوێك مانگانەکەی بگاتە 40 ـ 100 دینار دەبێت 5 % بدات.

هەر ئەندامێك یاخود پاڵێوراوێك مانگانەکەی بگاتە 60 ـ 100 دینار دەبێت 6 % بدات.

ئەگەربێتوو مانگانەکەی زیاتربێت لە سەد دێنار بڕی 1 سەدا یەك دەچێتەسەر ئەو بڕەپارەیەی دیاریکراوە بۆ هەر 25 دینارێك.

بڕگەی نۆی بەشی سێ هەمی پەیرەوی ناوخۆی حزب دەڵێت : هەرەمی حزب لەسەر بنەمای خوارەوە بۆ سەرەوە پێکدێت لە ئەندام شانەوە ((لیژنە)) ڕێکخراو، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی ناوچە لیژنەی مەرکەزی کۆنفرانس، کونگرە واتە (کۆنگرەو کۆنگرەی گشتی) بەڵام لقی حزب تەنها یەك لقە لەهەر پارێزگارێکدا، بڕگەی دووی بەشی ب لەبڕگەی 14 سەبارەت بە پەیرەوی ناوخۆ دەڵێت ((هەڵبژاردنی بەرپرسێك و دوو یاریدەدەر دەستنیشان دەکرێت ئەرکیان ئەوەیە ڕێکخستن و سەرکردایەتی لیژنەی ناوخۆ دەبەن بەڕێوە، پێویستە بەلانی کەم یەکێك لەو ئەندامانە شارەزابێت لەکاری حزبیدا بڕگەی 10 ی بەندی 17 دەڵێت بڵاوکردنەوەی وشیاری لەنێو کرێکاران و جوتیارانی جەماوەری کوردا بەشێوەیەکی گشتی بەگوێرەی بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی حزب)). بڕگەی نۆی هەمان بەند دەڵێت ((ئامادەکردن وپێگەیاندنی کادری حزبی وبەرزکردنەوە ئاستی وشیاریان، هەروەها باشکردنی باری هەستپێکردن بەرزکردنەوەی ئاستی تیۆوری سیاسی وڕاهێنانی ئەندامان وجەماوەریش بۆ ئەوەی بتوانن خەباتی شۆڕشگێڕانە بکەن بەوپێیەی ئەرکی سەرشانی سەرەکی خۆیانە)).

بەشێوەیەکی پەلە کۆپڵەیەکمان لە بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی حزبی پارتیمان خستەڕوو هیچ مەبەستێکمان نیە جگەلەوەی بزانن وبەجوانی ئاشکرابێت لاتان ئاستی میللی گەرایی چەند بەرفراوانە لەمەرحزبی پارتی لەئاست نەتەوەی عەرەب وچەند لەحزبی شیوعیەوە نزیکە بەجۆرێکە بهلقێکی حزبی شیوع جیهانی دادەنرێت کەدوا ڕۆژی بەگوێرەی

خەونی دامەزرێنەرانی وئەو دەوڵەتانەی باوەشیان بۆکردونەتەوە گەرەکیانە لەدوارۆژدا ببێت بەحزبی شیوعی ناوخۆیی دەوڵەتی کوردستان...

هەروەك خستمانە ڕوو زۆر ئاشکرایە کە حزبێکی ڕێکخراوە بەشێوەیەکی زانستیانەو بەوردی حسابی بۆکراوە گەلێك باشتریش لەڕێکخستنی ئەوپارتە نوێیانەی هەیە. ئاشکراشە کەحزبە کافرانەیە (إلحادي) ـ ملحد ـ، بەهیچ شێوەیەك نە لەنزیکەوە ونەلەدوورەوەش ئاماژە بەبواری ئاین نادات کەگوایە کوردەکان ئیسلامن ئالێرەوە ئەفسانەیی ئاینمان بۆدەردەکەوێت کە خۆی لەخۆیدا حەلقەی گەیاندنە لەنێوان عەرەب وکورد وئێستا ڕووە درۆینەکەی دەرکەوتوەو ئاشکرابوە، کارگەشتۆتە ئەوەی پیاوانی ئاینی کورد خۆیان لەپشتی ئاینەوە حەشاردەدەن بەڵام لەڕاستیدا خۆیان جگەلەوەی کە پارتی وشیوعی کوردستانی بن شتێکی ترنین کۆڕی شەوانەی ئاینیان لەئیسلامیەوە گۆڕدراوەتەوە بۆ شانەو ڕێکخستنی حزبی. ئاشکرایە بارەگای حزب کەرتی عراقی نیشتمانمانە لەوێشەوە دابەش ئەبێت بەسەر کەرتەکانی دیکەی نیشتمان ودەوڵەتانی دراوسێوە. هەروەها دەستنیشان کردنی کەرتی عراق کە بەتایبەتی ببێتە بارەگای حزب ولیژنەی مەرکەزی سەرەڕای ئەوەی کوردەکان خۆیان لەعراقدا ڕێژەیان کەمترە لەچاو ئێران وتورکیا. ئەوەش خۆی دەسیسەیەك وپلانێکی ئاشکرای ترە بۆ دژایەتیکردن ولێدانی نەتەوەی عەرەب کەوابوو چ پێویست دەکات مەسەلەکان بەوە شێوەیە بێت ئەی بۆچی ئێران یان تورکیایان هەڵنەبژارد ؟ ئایا ئەوە پلانێکی ئاشکرای تیانیە کەنەخشەی بۆسازێندرابێت کە لەلایەن ئاغاکانیانەوە دەبرێت بەڕێوە بەگشت جیاوازیەکی بۆچونیشیانەوە. ئەم هەموو دیاردانەی سەریان هەڵداوە ئەگەر مانایەك بگەیێنێت جگە لەوەی ڕێکەوتن نامەیەك بێت لەدژی عەرەب هیچی دیکە ناگەیێنێت، بۆ ئەوەی هەمیشە سەرقاڵیان بکەن وبۆئەوەی دووریانبخەنەوە لەمەسەلە سەرکی وبنەماییەکانی خۆیان لایاندەن ئەوخاڵەش تەنها بەندەبە بەدەوڵەتانی ئیستعمارە بەڵکوو ئەو دەوڵەتانەش دەگرێتەوە کەلەدەوری ئەواندا دەخولێنەوە لەدەوڵەتانی دراوسێ وەك ئێران وتورکیا بەجۆرێك هەرچی ڕەوێکی بەلێشاو هەیە بەرەو سوریاو عراق بەزۆری لەتورکیاو ئێرانەوەیە وپلانێکی داڕێژراوە لەلایەن ئەوانەوە بەپلەی یەکەم لەبەرئەوەی بتوانن کۆتاییان پێبهێنن لەوڵاتی خۆیانداو ڕزگارابنبێت لەدەستیان، دووەم بۆئەوەی عەرەب سەرقاڵبکەن چونکە ئەوە کارێکی ئاسانەو سەرڕەحەتی لەدوایە بۆدەوڵەتانی دراوسێ. ئەمەو لەئەمڕۆدا حزبی پارتی لەجزیرەدا بۆتە ڕێکخەری یەوڵ وئاخری گشت کوردەکان بەشێوەیەکی سەرتاسەر وبۆکوردەکانی جزیرە بەشێوەیەکی تایبەتی. بەوپێ یەی حزبی نەتەوەیی کوردە، لەوەتی سەریهەڵداوە وگەشەیکردوە تائێستاش تاکە حزبی کاریگەرو چالاکە لەجزیرەو لەناو کوردەکاندا وایان لێهاتوە هەرچی پەیوەندیەکی ناوخۆییان هەیە دەستیان لێ هەڵگرتوەو لەناوهەناوی ئەو حزبەدا خۆیان توانۆتەوە بەجارێك، بەڕادەێك تواونەتەوە هەستدەکەیت کەخێزانێکی بچوکی کوردەکان لەناوماڵ وخێزاندا بونەتە شانەو حەڵقەو ڕێکخراوی پارتی. تائێستاش هەربەردەوامە بەرەوپێشەوە دەڕوات پیشەوایەتیان دەکات بەگوێرەی ئەوتوانا مادی ومەعنەوەیەی لەبەردستیاندایە. تەنانەت ڕێژەی کادری سەربەخۆ کەخۆی ترخانکردوە بۆ ئەوکارە بەگوێرەی ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردوە لەوجۆرە کادرانە لەسەر ئاستی شانەدایە کە شانە خۆی بچوکترین کتلەیانە. بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی وشیاری نەتەوەییە کوردە بەهەموو شێوازێك، جاری واهەیە خەریکی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنین جاریواش هەیە خەریکی بڵاوکردنەوە دستنوسن، ئەگەربێتوو ئەمڕۆ کادرو چالاکیان وەستابێت مانای ئەوەنیە لەناوچوبێتن وخاوبوبێتنەوە هەرگیزنا ئەوان لەم ماوانەدا بەنەخشەیەك وتاکتیکێکی تایبەتی ڕەفتاردەکەن لەپێناوی ئەوەی بتوانن سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردین وهەستی وشیاریکورد بەرز دەکەنەوە بەبێ ئەوەی هیچ چالاکیەکی سیاسی دەرکەوێت پلانەکانی لەم ماوانەدا کەناوبەناو دەردەکەوێت جگە لەوەی ماوەیەك بێت بۆ ڕێکخستن وئامادە کردنی کادری حزبی بێت وخۆئامادەکردن بێت بۆحاڵەتی پێویست هیچ خاوبونەوە سربونی تیانیە. ئەوە خۆی ئەرکی حزبە عەقائیدیەکانە بەوشێوەیە ڕەفتاردەکەن لەبەرئەوەی خەریکی کاری نهێنین. هێزە مادیەکەی کە لەسەرتاوە ئیسعمار خۆی دروستیکردوە بەپارە یارمەتی دەدات کەبۆتە هێزێك بۆی پشتی پێ ببەستێت پاشان ئاستی ئەو قوربانیەی مادیەی کەدەیبەخشن لەنێو ڕیزەکانی خۆیانداو لەناو لاینگران ودۆستانیانەوە ئەمە نەك تەنها لەعراق وسوریا بەڵکوو لەتورکیاو ئێرانیش ئەو یارمەتیە مادیەشی بچێتەسەر کە حزبی تودەی شیوعی چۆن هاریکاریان دەکات لەئێراندا.

پاشان سەرچاوەی مادی زەکاتیش هەیە کەکوردەکان دەیدەن بۆئەوەی لەبەردەم ئەو حزبەدابێت. زەکاتی ئیسلامی کەدەبێتە هۆی درێژبونی تەمەنی ئەوحزبە حزبەکە، خۆشی چی کۆدەکاتەوە لەزەکات لەناو جزیرەو کوردەکاندا کە بۆتە سەرچاوەیەکی رزق بۆیان بەدەوامیشیان.

زیارەویش ناکەین گەربڵێین شێخ ومشایەخەکانیان ئەو زەکاتە زۆر بەرێزو حورمەت وسنگ فراوانیەوە پێشکەشی بەرپرسە حزبیە گەورەکانیاندەکەن وبەبۆچونی خۆیان بەئەرکێکی پیرۆزی دەزانن بەوپییەی ئەو حزبە حزبی دەوڵەتی کوردستانیە کەخۆیان وای بۆدەچن کەوابوو سنوقی ماڵی ئەو حزبە سنوقی دەوڵەتەکەیانە. ئیتر تۆ بەئارەزوی خۆت چۆنی تەفسیردەکەی بیکە.

بەوپێیەی ئاماژەمان بۆکرد کە بارودۆخ وتوانای مادی کوردەکانی جزیرە زۆرباشە بۆیە هەموو ئامادەییەکیان تیایە دەستی یارمەتی درێژبکەن بۆ حزبەکەیان کە ئومێدو هێوایانەو پشتیوانیانە بۆ بەدی هێنانی خەونی ئاڵتونیان.

بەڵی ئەم حزبە بەگوێرەی کۆنی خۆی ورێکخستنەکانیەوە وکەسایەتی وئەندامە ڕۆشنبیرو وشیارو چالاکەکانیەوە زۆر ئەستەمە بتوانرێت بەتەواوەتی لەناوببرێن مەگەر تەنها بەقەلاچۆکردن وگواستنەوەیان بەشێوەیەکی بەردەوام وبەزۆرەملێ نیشتەجێ بکرێن بەلام لەم ناوچەیەدا نا لەناوچەیکی دیکە نیشتەجێ بکرێن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەمە ئەوحزبە پارتیە عەقائیدیەیە کە کاردەکات بۆمەسەلەی کورد. ئەوانیش وحزبی شیوعی یەك جۆرن لەڕوانگەی پشتبەستن بەنەوەی نوێی ڕۆشنبیر، بەخۆی ورێکخستنی وکادری حزبیەوە، هەروەها بەبیروباوەڕی لەبن نەهاتوشیەوە، کەبۆتە بەربەستێك لەئاست شالای پیرۆزی عەرەبدا ئەگەرچی لەشەڕی عەقایدی سەخترنیە، ئێمە پێمانوایە زۆر زەحمەتە بەتەواوی لەناوبچێت مەگەر هەرچی کورد لەم ناوچەیەدا هەیە لەناوبچن بەگشتی ئیتر بەهەرشێوەیەك بێت. بەجۆرێ ئەو حزبە چۆتە خوێنیانەوەو بۆتە ژیانیان ڕۆژگاریش لەگەڵ ئەوانە ولەبەرژەوندی ئەوان هەڵدەسوڕێت پێشکەوتنیش هەروەها خزمەتیان دەکات لەڕوی عەقڵیەت وبارودۆخیشەوە ئەگەربێتوو ئەم کۆمەڵە کوردانە بمێننەوە لە لەسەروی جزیرەو عراقدا.

**ب ـ حزبی شیوعی**

حزبی شیوعی هەروەك ناسراوە کۆنترین حزبی عەقائیدیە میللی گەراییە لەم ناوچەیەدا، هەروەك شارەزایمان هەیەو دەیزانین دەربارەی ئەم حزبە باشدەزانێت جێگەو کەشی تایبەتی گونجاو بۆخۆی هەڵبژێرێت تابیروبۆچونەکانی خۆی تیابلاوبکاتەوە. ناوچەی سەروی جزیرە ناوچەیەکە تێکەڵەیە لەڕوی دانیشتانەوەو جیاوازن لەڕەوتی عەرەبەوە. لەبەرئەوە حزبی شیوعی توانی کەشێکی گونجاو بدۆزێتەوە هەروەها خاڵی لاوازیشی دەستنیشانکرد لەناوچە عەرەبیەکاندا سەبارەت بەنەتەوەی عەرەب. مێژوی ئەم حزبە دەگەڕێتەوە بۆئەو سەردەمەی حزبەکیان لەناو سوریای میللی گەرایی گەورەیان دامەزراند ((خالد بکداش)) ی کورد. کەپشتی بەستبوو بەچەند کەسایەتیەکی کورد بۆ بلاوکردنەوەی بیروبۆچونی حزبی شیوعی لەسەروی جزیرەدا ئەو کەسانەش لەلای خەڵکی ناسراون.

ئەم حزبە هەستا بەکارکردن تایتەشەنەیکرد بەجارێ لەناوکوردەکاندا بەشێوەیەکی گشتی ولەناو تایفەی سریانی ئەرثۆدکسی کۆن وئەرمەن وتایەفەکانی تریشدا بەلام بەرێژەیەکی کەمتر، ئەم حزبە لەناو جزیرەدا لەساڵی 1954 ـ 1956 گەشتە ئەوپەڕی ئاستی خۆی پاشان وردەوردە بەرەو پوکانەوە ڕۆشت بەلام تائێستا نەمردوە، وای لێهات مەسەلەکە تێکەلاوبوو لەنێوان حزبی شیوعی وحزبی پارتی دا. ئەو ڕەفتارەیان زۆر بەزەقی دیاربوو لەلایەن حزبی شیوعیەوە ئێساش وبەرلەئێستاش لەوەتی حزبی پارتی لەسەرپێی خۆی ڕاوەستاوە لەجزیرەو عراقیشدا هەروەها سەرهەڵدان ودروستبونی حزبی پارتی خۆی لەباوەشی مۆسکۆدا دروست بوو لەساڵی 1946 هەروەها داڕشتنی بەرنامەو پەیڕەو پرۆگرامیشی بەویستی مۆسکۆبوە. حزبی شیوعی بەم هۆکارانەوە هەرچی چالاکیەکی خۆی هەیە ئاراستەی پارتی کرد :

بیرۆكەی دامەزراندنی نیشمانێك بۆكورد لەڕوانگەی بیربۆچونی شیوعیەتەوە زۆر گونجاوە لەسەربنەمای فرە نەتەوەیی بەجۆرێك ئەگەر بهاتایەو لەتوانایانا بوایە ئەوە بەدڵنیاییەوە بۆهەر عەشرەتێك قەومێكی تایبەتیان بۆدروستدەكرد ئەوەش ڕێبازێكی ئاسانە بۆ لەناوبردنی نەتەوایەتی لەدواڕۆژدا لەگەڵ تێبینی كردنی گەشەو بواری مێژوویی ئەو نەتەوەیە لەكات وشوێنی شیاودا. بەوپێیەی حزبێكی شعوبیەو بەتێڕوانین لەبیروبۆچونی نەتەوەیی خۆیەوە نزیكە بۆیە لایەنیگری دامەزراندنی نیشتمانێكی نەتەوەی كوردن دروستبێت ولەپاڵ ئەوەشدا نەتەوەی كورد دەژێنێتەوە هەروەك پێشتر لایەنگری دروستبونی نیشتمانی ئسرائیل بوو لەفەستینی عەرەبیدا هیچ سڵیش ناكاتەوە ئەگەربێتوو هەر نەتەوەیەكی دیكە دروست بێت یاخود پاشماوەی نەتەوەیەكی جیاجیا دروستبێتەوە. ئەوشێوازەش لەڕوی تەكتیكیەوە دوو سودی هەیە یەكەم : لەبەرئەوەی ئاسانترین ڕێگایە بۆ لەناوبردنی نەتەوایەتی لەڕوی گەشەكردنەوە كەشێوازی فرەیی دەگرێتەبەر بۆئەوەی فەساد بنێتەوە. دووەم : دژایەتی كردنی نەتەوەی عەرەب بەشێوەیەكی تایبەتی بەهەرشێوەیەك بتوانێت هاریكاری بكات لەتێكداندا، ئیتر لەهەرلایەك لەلاكانیدا بێت. سیهەمیش ئەو شێوازە سودی هەیە بۆ حزبی شیوعی ولەگەڵ ئەوەشدا كەشی گونجاوی پێدەبەخشێت بۆئەوەی بەباشی كاربكات. چوارەم : لەڕوی ستراتیجیشەوە ناوچەی ناودار كەمەبەستە نیشتمانێكی كوردی تیا دروستبێت چونكە ناوچەكە ناوچەیەكی ستراتیجیە سەبارەت بەڕۆژهەڵاتی عەرەبی بەڵكوو دەتوانین بڵێین دەروازەی ڕۆژهەلاتە ئەگەر بۆچونەكەی ئێمە ڕاستبێت، سیاسەتی شوڕەوی داوای داخوازیەكانی قەیسرە كۆنەكانی خۆیان دەكردەوە لەبەرئەوەی دەروازەیەك دەكاتەوە بۆگەیشتن بەئاوی گەرم. لەئێستاشدا مەبەست لەشكاندنی بازنەی ئیستعماری ڕۆژئاواییە لەڕۆژهەڵاتدا. پێنجەم : دەوڵەمەندی ناوچەكە لەنەوتدا كەبەگەورەترین یەدەكی نەوتی جیهانی دادەنرێت ئەوەش شتێكی كەم نیە بەڵكوو هەموو دەوڵەتێكی ئیستعماری دەمی ئاودەكات بۆی، پێویستیش بەوردەكاری ناكات لەوڕووەوە. شەش : دەكرێت چالاكی شیوعی بگوێزرێتەوە بۆ چالاكی پارتی یان بەشێوەیەكی تر باوەشكردنەوە بۆ حزبی پارتی وزیندوكردنەوەی یاخود هەرچی چالاكیەكی شیوعیەكان هەیە چڕبكرێتەوە لەناو حزبی پارتیدا بەم هۆكارانەی خوارەوە :

1 - بیرۆكەی شیوعیەت لەڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا نەرەواجی هەبوو نەپێشوازیشی لێكرا كەوابوو هیچ زەرەرێكی نیە ئەگەر ناوەكان بگۆڕن مردنیش هەرمردنێكەو نابێ بەدوو. سەبارەت بەشیوعیەت وەك جل گۆڕینە. بۆئەوەی لەڕوی ڕەواجەو پیشكەوتنەوە ئاسانتربێت.

2 - زەمانەتكردنی حزبی پارتی بەشیوەیەكی شێوعیانە لەبەرئەوەی لەڕوسیادا دروست بوە چونكە ئەویش هەر بەنیشتمانی دایكی دادەنێن سەبارەت بەو حزبە. لەبەرئەوەی بیروبۆچونیان شیوعیەتیەكی تەواوە. بۆیە دەبینیت هاوڵاتی كورد هیچ جیاوازیەك ناكات لەنێوان حزبی شیوعی وحزبی پارتیدا بەوپێیەی شیوعیەت نەتەوەكان دەپارێزێت بەپلەی یەكەم وباس لەكرێكارو جوتیار دەكات بەپلەی دووەم.

پێموایە پێویست بەوەناكات زۆر لەسەر حزبی شیوعی وحزبی پارتی بڕۆین چونكە ناسراوە لەگەڵ سید علی السعدي كەدەربارەی ئەوە وتویەتی ((تەكسی كرێ یە)) لەنیشتمانی عەرەبیدا، ئەمەو سەرباری ئەوەی باسكراوە. بەكورتی سەبارەت بەحزبی شیوعی لەجزیرەدا هەم قورسایی وهەم چالاكیەكانی خۆی زیاتر لەناو حزبی پارتیدا چڕكردۆتەوە لەبەرئەوەی دەزانن حزبی پارتی دەبێت بەشیوعی ئەگەربێتوو نیشتمانی كوردی دروستبێت. كوردستانیش دەبێت بەدەوڵەتێكی شیوعی لەبازنەی یەكیەتی شوڕەویدا دەسوڕێتەوە. وای لێهاتوە هەرگیز نەتوانیت جیاوازی ببینیت لەنێوان پارتیەك وشیوعیەكدا لەناو جزیرەدا وای لێهاتوە هەردوو وشەكان یەك مانایان هەبێت كەئەویش شعوبیەتی بەرفراوانی ڕێكخراوی بەبیروباوەر. بەڵگەش بۆئەوە شیوعیە غەیرە كوردەكان لەتایەفەكانی دیكەی جزیرە بونەتە كەمایەتی وخاوبونتەوەو چالاكیان نەماوە وەك باسدەكرێت چونكە چالاكیەكان گوستراوەتەوە بۆ ناوكوردەكان.

**ج - حزبی نیشتمانی سوری :**

وەك هەموو حزبێكی میللی گەرایی دیكە دەگەڕێت بەشوێن پێگەیەكدا تیایابژی بەدوور لەڕەسەنایەتی عەرەب كە خۆی بەشێوەیەكی سەلبی میللگەرایی هەرێمیە یاخود بەواتایەكی دیكە لەسەرەتای دروست بونەیەوە خەسلەتێكی

جیاخوازیانەی هەیە بهگوێرەی پێشبینکردنی دامەزرێنەرە کینە لەدڵەکەیەوە. بەهۆی دواکەوتویی ئەم ناوچەیەوە بەوپیەی نەفامی ونەبونی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی هەروەها کەمبونی ڕۆشنبیری مێژویی بەشێوەیەکی تایبەتی. ئەم حزبە توانی ماوەیەك لەجزیرەدا درێژەی هەبێت کەبڵاوببۆوە بەناو کەمایەتیە تایفیەکانەوە بەتایبەت تایەفەی کاسۆلیك بەگوێرەی ئەوسۆزە تەقلیدیە کۆنەی باوبوو لەناو ئەم تایەفەدا بەرامبەر بەفەڕەنسا کەسەرچاوەی کاسۆلیکە بۆگەلان هەروەها ئەوان هەرلەکۆنەوە ئیدعای داکۆکیان لێدەکەن لەبەرئەوەی ئەم تایەفەیە لەڕوی دڵسۆزیەوە قەرزارباری فەڕەنسان.

وەك زانراوە لەلای نیشتمانی سوریا ئەم حزبە لەسەرەتای گەشتنیەوە بۆئێرە بەهەموو شێوەیەك نکوڵی لەڕەسەنایەتی ئەم گەلە وعەرەب بونیشی کردوە سەردەمێك لەناو جزیرە باوبوەو درێژەی کیشاوە وچۆتە نێو کیانە کەمایەتیەکانەوە وتوانیویەتی جێی خۆی بکاتەوە بەوپێیەی توانیویەتی فریویان بدات گوایە یەکیەتی ئەوتایفەو کەمایەتیە مەسیحیانە دەپارێزێت بەشێوەیەکی گشتی ومەزهەبی کاسۆلکیش بەشێوەیەکی تایبەتی دەپارێزێت. سەرەڕای ئەوەی مەبدەئی حزبیش ئاینی نیە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەڵام لەناخەوە بەشێوەیەکی گشتی پشتی بەستوە بەگرژیەکانی تایفەگەری ورەگەزایەتی ئەمانە هۆکاری کارکردی ئەوحزبەو دەرکەوتنی نیازخراپی لەگەڵ کوشتنی شەهید عدنان المالکی چونکە بەرلەکوشتنی عدنان المالکی گەشتبوە ئەوپەڕی ئاستی بەتوانایی خۆی لەناو جزیرەدا لەکارکردن وچالاکیدا بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەرشەرمندەو جێ گاڵتەجاڕی بوو. بەجۆرێك لەدوای المالکی هەڵگەڕانەوە بون بەتاقمی چەتەگەری خوێنڕێژی لادەر هەرچی بارودخێك بهاتایەتە پێشەوە دەیان قۆزتەوە بۆ ئاژاوەگێری هەرچی بیروبۆچونی چەوت ولادەری زەعیم انطوان سعادە بوو لەپێیان کردبوو. چۆن حزب وەسف کرابوو لەناو جزیرەدا لەناو خۆشیدا بەهەمان شێوە بوو کۆمەڵێك خەڵکی لادەر بەخۆیان ڕەوشتی بەدیانەوە کە ڕەوشتیان ڕێگەی پێدەدان شەوان لەبارەکاندا بەسەربەرن بەخواردنەوەو خراپەکاری دیانبردەسەر گونجاوترین نمونە لەگەڵ ئەواندا بگونجێت (کاوبۆی) یە یاخود دزوجەردەکانی تەکساس. لەدوای شەهیدکردنی عدنان المالکی ئەوحزبە هچ شتێکیان نەماوە باس بکرێت بەڵام ئەوانە بەدورن لەهەستی نەتەوەیی وکینەیان هەیە بەرامبەر بەنەتەوەی عەرەب. شێوعیەکان بەئارەزوی خۆیان یاریان پێدەکەن بەنەخشەو پلانە فێڵاویەکانیان. هەروەها هەموو هەستێکی تری میللی گەرایی یاری بەعەقڵیان دەکات بەڵام ئێستا ئەوان لەپوکانەوەدان ودەتوانین بڵێین کە حزبێکی لەوجۆرە نەماوە لەجزیرەدا جگەلەو کۆمەڵەی باسمان کردن کەسەر بەمیللی گەراییین کەبەشێوەیەکی خۆرسکی داردەستن ئیتر چ لەزانینیانەوە بێت یاخود نەزانین هەروەها دەرونیشیان دووچاری ڕاڕای بوە بەهۆی درێژخایەنی خراپەکاری حزبەکەیانەوە کە لەگەڵ ئیستعماری ڕۆژئاوایی تێکەوتون وتێهەڵچون. لەبەرئەو دەبینیت هەرچی وزەو توانای خۆیان هەیە لەپێگەیەکی میللی گەراییدا بەکاردەهێنن بۆیە دەیانبینیت لەگەڵ ئەوکوردانەن کەئەم حزبە ناناسن تەنانەت باوەڕیشیان پێناکەن کاتێ لەنێو براو کەسوکاریاندا لەگەڵیان کۆدەبنەوە. بۆیە ئەم حزبە وای لێهاتوە نەبایەخی هەیەو نەگرنگیش.

**2 ـ حزبە ئاینیەکان :**

بڕیارماندا ئەم حزبە لەگەڵ خانەی حزبە میللی گەرایەکانی دیکەدا دانێن لەبەرئەوە هەربەڕاستی خاوەن خەسڵەتێکی ترسناکە لەئاست نەتەوەی عەرەبدا بەگوێرەی ئەو ڕابوردوەی هەیەتی لەدڵەواتی ئێمەدا بەشێوەیەکی گشتی لەناوجزیرە بەشێوەیەکی تایبەتی بەهۆی زۆری کەمایەتی لەوێ. حاڵی ئەم حزبە ڕێك وەك حاڵی حزبی شیوعی وحزبی پارتیە بەڵکوو دەتوانم بڵێم لەڕوی بەراوردکردنەوە حزبی پارتی داخوازی نەتەوەیی هەیە بەڵام ئەم حزبە لەهەرچی داخوازی نەتەوەیی هەیە بەدوورە وبەپلەی یەکەم حزبێکی کۆنەپەرستەو دووەمیش هەمیشە بەپلانە لەبەرامبەر بەنەتەوەی عەرەب سێیەمیش هەربەبیرو باوەڕ میللی گەراییە. گرنگترین حزب لەمجۆرە :

**أ ـ حزبی ئیخوان المسلمین :**

مێژویەکی ناسراوی هەیە لەناوەوە ودژ بەهەستی نەتەوەیە بەناوی ئاینەوە هەروەها ئەم حزبە حزبێکی بەبیروباوەڕە لەڕوی میللی گەراییەوە بۆسەردەمانێك لەناو ئەم حزبە باشەدا خۆی پێگەیاند بەناوی ئاینەوە ئەم حزبە لەناو جزیرەدا ئاینی ناشیرین کرد بەوشێوازە فیڵاویانەی هەیبوو ئەوانە خۆیان برای تورکەکانی سەرسنوری سەروی جزیرەن

هەروەها برای بڕبڕەیی کوردن لەداخوازیە نەتەوەییکانیان ومافە ئیسلامیەکانیشدا، ئەگەر بۆچونی ئێمە ڕاستبێت دەرحەق بەوان، سۆزو بەزەییان هەیە بۆ بەرزانی بەناوی ئیسلامەوەو سۆزو بەزەییشیان هەیە بەرامبەر بە تورکەکان هەر بەناوی ئیسلامەوە کەسایەتیە عەرەبە پاکەکانی جزیرەیان پشتگوێ خستوە کەئەمان خۆیان پێویستیان بەو چاوڕاست نیە بەهیچ شێوەیەك بەوجۆرە بەناوی ئاینەوە، ئەم حزبە ماوەیەك ئاگری دەمارگرژی مەزهەبی تایفەیی نایەوە بەبزوتنەوەیەکی بەردەوامدا لەدژی مەسیحیەکان لەناوچەیەدا. چەنێك ئیمانیان بهێنایە ئەوەندەش دەستدرێژی ئاینیان دەکرد بەناوی ئاینەوە کیانە مەزهەبی وتایەفەییەکانیان خۆشدەویست تاکار گەشتە ئەوەی ئەم حزبە ببێتە بەرپرسی ئەوڵ وئاخری هەموو بزوتنەوەیەکی تایەفی وکەمایەتی لەجورەها مەزهەبەوە چونکە کەمایەتیەکان بەشێوەیەکی سروشتی خۆیان ئامادەییان تیایە ئەوهەست وڕۆحەیان تیازیندو بکرێتەوە وبزوێنرێت ئەوسەقەتانە چەند زیرەک وفێڵبازن تانانەت لەئاینیشا وبەناوی ئاینیشەوە.

بڕێك لەو ئاژاوانە، بەتایبەت کەخوا ڕزقی ئەوحزبەی دابوو ببو بەکەرستەیەکی بەپیت کە ئەویش دیریەکان بون (الديريين) کە لەجزیرە نیشتەجێبون توانیان گرژی وئاڵۆزیە کۆنەکان بورژێن لەناو ئیسلامەکان ومەسیحیەکاندا زۆر پشتیان بەکەسە نەخوێدەوارو نەفامەکان بەستبوو بە بەردەوامی لەڕۆڵەی ئەوناوچەیە چینە ڕۆشنبیرە وشیارەکانیان قسەیان بۆدەکردن. هەروەها ئەوانە فێڵ ومەکری زۆریان هەبوو باش دەیانزانی بەرە لەکوێوە دەدرێت بەتایبەت ئەوانە تەنها دەچونە ژێرباڵی کەسانی ساویلکەوە کە بەخۆرسکی خۆیان بەئاین بون وئاینەکەیان ڕەسنانەبوو بەدورن لەڕیاییەوە کەوابوو ئەوانە خۆیان گرژیان تیایە لەڕوی ئاین ومەزهەبەوە توندوتیژن، ئەم حزبە لەسەردەمی جیابونەوەدا گەشتبونە ئەوپەڕی توانای چالاکی خۆیان ئەوەبوو پێشەوایانی ئیخوان موسلمین بەشداریانکرد لەفەرمان ڕەوایەتیداو لەسەردەمی جیابونەوەی ڕەشدا کە ئیخوان موسلمین توانیان لەوماوەیەدا پیس ترین و ناشریترین کاری خۆیان بکەن. لەبەرئەوەی ئەوان بەوشێوەیەن ناتوانن ببژین مەگەر لەبارودۆخێکی ئاوادا نەبێت کەسەر بەکەشێکی میللی گەرایی پیسە. لەسەردەمی جیابونەوەدا چونە نێو وزارەتی پەروەردەوە وخۆیانکرد بەمامۆستای سەرەتایی وئامادەیی لەکاتی خۆیدا گیرمان خواردبوو بەدەست پاشماوەکانیان لەناو جزیرەدا لەخراپەکاری وئاژەوە گێڕیانەوە لەسەردەمی جیابونەوەیەدا. دوای شۆڕشی هەشتی ئازاریش بەخۆیان وئاژاوەو ژاوەژاویانەوە دوورکەوتنەوە بەتێکەڵە ڕەگەزایەتیەکانیانەوە خۆیان دوورخستبۆوە ولەسەرەتای شۆڕشدا بەناوی ناصریەکانەوە قسەیان دەکرد، تەنانەت یەکێك لەڕۆشنبیرە هەرە گەورەکانیان لەکاتی هەڵگەڕانەوەی بەرزانیدا لەگفتوگۆیەکدا ڕێك وەك ئاغاکەی خۆی عبدالناصر دەیوت پێویست ناکات خوێنی موسڵمانان بەخۆڕایی برژێت هەروەك بلێیت بەرزانی وداروەستەکەی ئیسلام بن یاخود باوەڕبەئیسلام بکەن ئەوە ڕای ڕۆشنبیرێکی گەورەیانە بەمەرجێك سەرپەرشتیارو بەخێوکەری نەویەکە لەناو جزیرەدا. چونکە ئەوانە بەحوکومی ئەوەی لەگەڵ پارتیەکان یەکانگیرن بەناوی نەفام وئاینەوە قسەدەکەن وپارتیەکان لەوسەردەمەدا زۆر لەوان زیرەك تربون زۆر باش دەیانزانی کەبەرزانی ئیسلام نیە بەڵام ئیسلامیان قبوڵە تەنها لەناخی خۆیانا ولەپیسی بەرنامەیان، ئەوان لەناو جەزیرەدا حاڵیان وەك حاڵی نەتەوەییە سوریەکانە ویەك خامەن داردەستی هەموو خەسلەتێکی میللی گەرایی وجیاخوازیان دەوێت ودەیانەوێت نەتەوەی عەرەب لەناوبەرن ئەمە بێجگە لەو پەیوەندیەی هەیانە لەگەڵ کۆنەپەرستە کەمایەتیەکانی ناوجزیرە کەبەردەوام دەرفەت وەردەگرێت وپەیوەندیان هەیە لەگەڵ دەزاگای هەواڵگری بیگانەدا. ئەوان ئێستا لەوبارەی خۆیاندا کەمێك بەهێزترن لەسوریە نەتەوەییەکان بەڵام بەردەوام لەکاتە تایبەتمەندەکاندا دەیانبینین هەمیشە لەڕیزی پێشەوەن کەهاواری ڕوخاندنی نەتەوەی عەرەب دەکەن. لەئێستادا چالاکیان نیە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەڵام لەپشتی پەردەی ئاینەوە خەریکی زیکروفیکرن لەشێوەی بازنەیی لەمزگەوتەکان وماڵە تایبەتیەکاندا خەریکی مەولودن سرودە ئاینیەکان دەڵێنەوە، ئەگەر بچیتە نێو مەجلیسەکانیانەوە گەورەیی پارتیەکان هەست پێدەکەیت کەتێکەڵەیەکی نەژادین چینێکن بەدورن لەخەڵکەوە وکۆسپیشن لەهەمانکاتدا وبەدورن لەبیروباوەڕو ئامانجەکانیشیان دوورە لەئاینەوە بەقەدەر دووری ئاین لەوانەوە. قسە لەسەر ڕۆح وئاین دەکەن لەڕاستیدا خۆیان زۆر بەدوورن لەئاین. لەبەرئەوە ئێمە پێشنیاردەکەین لەمرۆبەدواوە لەم جۆرە خەڵکانە نەهێننە ناوجزیرەوە لەبەرئەوەی ئەوانەش شتێکی ئەوتۆیان کەمترنیە لە بەرزانی وبکداش وانطوان سعادە چونکە ئاینیان پاوانکردوە ئەوەی شایەنی باسە یەك کورد چیە نابینیت سەر بەحزبی ئیخوان موسلمین بێت تەنانەت لەناو پیاوانی ئاینی کوردیشدا بەڵام هەمیشە ئامادەن پاوانیان بکەن

وسوديان لێوەربگرن بۆ بەرژەوەندی حزبی پارتی وشیوعی ئەگەر بتوانن چەنیدیش توانیان هەیە ئەوجەماعەتە چەتەو تاونبارانە كۆسپ دەخەنەبەر ئامانجەكانی نەتەوەی عەرەب كە ژمارەیان كەمە لەجزیرەدا، ئاگادارتان دەكەینەوە زۆر وریابن ڕوودەدات كە لەناوەوە خەڵكانێك دەنێرنە ناو مامۆستایانەوە. هیچ چالاكیەكی ئاشكرایان نیە لەئێستادا لەناو جزیرەدا جگە لەگێڕانی خوێندنەوەی مەقولودی پێغەمبەری پیرۆزو زیكروفیكری ئاینی.

**ب ـ حزبی ڕزگاری ئیسلامی :**

لەناوجزیرەدا ئەم حزبە ناسراو نەبوو تائەم دواییە، لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێكی ئیسلام وتوركا نیردران بۆئێرەو توانیان ڕەگوڕیشەی خۆیان داكوتن لەناوكۆمەڵی لاوی نیمچە ڕۆشنبیری هەرزەدا لەجزیرە ئەم حزبەش لەڕوانگەی لادانی خەتی نەتەوەی عەرەبدا وەك ئیخوان موسلمین وان بەڵام ئەوەی هەیە بەرگێكی تری لەخۆی ئاڵاندبوو جیازبوو لەئیخوان موسلمین واتە بەشێوەی ڕاستەقینەی خۆی نا لەڕاستدا ئەوانە خوازیارو داواكاری میللی گەرایین ئیمانیان بەنەتەوەی عەرەب نیە. شوێن كەوتوانی ئەم حزبە زۆر كەمن سوپاس بۆ خوا بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن وقورساییەكی ئەوتۆشیان نیە. دەركەوتوە كەكەسەكانی ئەم حزبە پەیوەندیەكی ترسناكیان هەیە لەگەڵ پارتیەكان ئەوەش شتێكی كوتوپڕو سەیرنیە چونكە بیربۆچونیان میللی گەراییەو بەكرێگیراو دژو كینە لەسكن تائێستاش ناكرێت وەك وەهابیەكان دایانێن تائێستا بزوتنەوەیەكی سیاسین بەڵام مەترسیان لەزۆربون تەشەنبوندایە ئەگەربێتوو تیكەڵبن بەخەڵكانی دیكە نەخشەو پلان دانێن وگرنگی بەناوەوە بدەن مەترسیان هەیەو ئەمانیش وەك ئەوانی تریان میللی گەرایین. پێویستە ئاگاداریانبن وكاربكرێت بۆ ئەوەی لەم جۆرە كەسە تازانە ڕەوانە نەكرێت بۆجزیرە لەبەرئەوەی جزیرە پێویستی پێان نیە.

**ج ـ وەهابیەكان :**

دەكرا هەرباسی ئەم توێژە نەكەین چونكە لەپەنجەی دەستێك تێپەڕناكەن هەرناشزانین كەی هاوردەكراوەو چۆن، ئەوەندە تازەیە وەك تازەیی گروپی ڕزگاری ئیسلامی بەڵام ژمارەیان زۆر لەوان كەمترە هیچ گرنگیەكی ئەوتۆیان نیە لەڕوی سیاسی وئاینیەوە. بەڵام ئەوەی لەوان تێبینیكراوە سۆزیان بەلای مەلیك سعودو بنەماڵەكەیەتی لەوەدەچێت بەكرێگیراوی ئەوبن لەجزیرەدا بۆ ئەوەی ئەوەندەیتر قورەكە خەست بێتەوە. جزیرە پێویستی بەوجۆرە بەكرێگراوانە نیە بەتایبەت ئەم ژمارە كەمەی بەكرێگیراون لەناو ڕیزی خوێندەوارانداا كە كوور ومنداڵی عەشرەتە كۆنەپەرستەكانن مەلیكەكان دەپەرستن تەنانەت حسینی كوڕی طەلالیش ـ حسین بن طلال سەرای دژایەتی كردنی مەلیك حسین بۆ وەهابیەكان.

مەترسی لەوژمارەكەمە دەكرێت كە بەكرێگیراوی كۆنە پەرستانی عەرەبی ناودارو ڕەسەنن لەڕێگەی كەسوكارو عەشرەتەكانیانەوە بەكارهاتبن ولەدواڕۆژدا بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەكاربێنن كاتێ دەسەڵاتی عەشرەتاكنیان گرتەدەست لەو گەنجانەی كە كوڕە شێخ وخاوەن هەڵوێستی وەهابی ئیستعمارین وەك خۆمان دەیزانین دەربارەی ئیستعمارو بەكرێگیراوانی چیدەكەن وچیان لەدەست دێت بەخۆیان پلانی درێژخاینیانەوە كەمەبەستی نیە بەرهەمە تازە پێگەشتوەكان بچنێتەوە بەڵكوو ئەوەی دەوێت كەحازرەو لەبەردەستدایە. ئەم جۆرە حزبایەتیە سەرەڕای ئەوەی بەرگی ئاینیان لەبەری خۆیانكردوە بێشك بەكریگیراون بەئاشكرا یاخود هەر لەسەرەتاوە بەڕێوەن بەرەو بەكرێگیراوی. هیچ مەترسیەكیان نیە تەنها لەم ڕووەوە نەبێت. بەڵام ئێستا وەك باسمانكرد هیچ گرنگیەكی ئەوتۆیان نیە شایەنی باس بێت.

**د ـ شهود یهوه :**

وشەی یهوە عبریە واتە خوا یان یەزدانی ئیسرائیل. هەرلەسەرەتاوە دەتوانین بەباشی هەست بەم حزبە بكەین كە حزبێكە بۆنی سەهیۆنی لێدێت، دەڵێن ئەم كۆمەڵە كۆنە بەقەدەر پەیامی مەسیحیەت كۆنە مێژوو نوسە ئاینیەكان مێژوی دامەزراندنی ئەم كۆمەڵەیە دەگێڕێتەوە بۆ(70) ساڵ دوای دوای زاینی بەواتایەكی دیكە (70) ساڵ دوای كۆچی حەزرەتی مەسیح دەگرێتەوە هەروەها ئەوانە دژی بانگەوازن بەناوی مەسیحەوە. سەر بەنوسەرە فەڕەنسیە ڕۆشنبیرەكانی ئەوسەردەمەن، بەم شێوەیە مێژوەكەی درێژەی كێشا بۆماوەیەكی زۆر دوورو درێژ بەجۆرێك بۆهەر

بارودۆخێك پێشهاتەیەك بەرگێكی تازەیان دەپۆشی. لەناخی خۆیا بزوتنەوەیەكی ئاینی ملحیدنیە باوەڕی بەئاین نیە بەڵام بەئاشكرا بانەگەوازی ئاین دەكات دەڵێن گوایە ماسۆنیەكان لەوانەوە داهاتون لەگەڵ بزوتنەوەی میللی گەرایی دیكەی لێوەداهاتوە بەناوە مرۆڤایەتیەوە، وەك بزوتنەوەی بۆی سكۆتی وەرزشی هەروەها دەڵێن ئەوەی توانیویەتی ژیان بكاتەوە بە بەر ئەوكۆمەڵەیەدا لەم چەرخەدا (روسل - ورزرفورد) بون كە هەردووكیان جولەكە بون ئامانجیان خزمەتكردنی سەهیۆنیزمی جیهانی بوە. ئەم بزوتنەوەیە لەلایەن ئاینە چەسپاوە باوەڕپێكراوەكانەوە قێزەونە وبەردەوام دەبوغزێنرێت وشەڕی لەگەڵا دەكرێت. دەڵێن یەكێك لەبەشەكانی ئەم كۆمەڵەیە ناوی سەبتیەكانە (السبتیین) لە لوبنان گەشەی كردوەو سەری هەڵداوە پەیوەندیان لەگەڵ جولكەدا هەیە لەئنجیل دا ناونراون بەوەچەی مار لەبەرئەوەی بەرواڵەت بانگەوازی مرۆڤایەتی دەكەن ولەناخیشەوە تێكدەرو گێرەشێونن نەك بەرامبەر بەنەتەوایەتی بەڵكوو بەرامبەر بەگشت مرۆڤایەتی. لەم دوایانەدا ئەم كۆمەڵەیە لەهەندێ شاردا چالاك دەكرێتەوە بەتایبەت لەلوبنان لەناو هەندێ كۆمەڵگای تایبەتی دا لقی هەیە وەك كۆمەڵەی ئەومەسیحیانەی زۆر پەیوەست نین بەئاینی خۆیانەوە هچ چالاكیەكمان تێبینی نەكردوە لەم حزبە ئاینیە مللی گەرایی كافرانە لەناو جزیرەدا بەڵام شكی ئەوە هەیە ڕەگوڕیشەی خۆی لەناوقامیشلی داهەبێت لەناو تایەفە جولەكەكان هەوڵدەدەن پەلوباڵی خۆیان درێژكەنەوە بۆ تایەفەكانی دیكە بەڵام ئەو تایەفانە لێیان بەئاگان وبەربەرەكانیان دەكەن، ئاشكرا كردنی ئاسانە ئەگەربێتوو چالاكی بنوێنێت لەبەرئەوەی زۆرینەی توێژەكان دژایەتی ئەم كۆمەڵەیە دەكەن. بەڵام ئەوەش هەیە ئەم كۆمەڵەیە نهێنیە شكی تیانیە بەرگی خۆی دەگۆڕێت وەك چۆن قوڕیلە بەرگی خۆی دەیگۆڕێت. لەئێستادا لەناوچەی قامیشلو هیچ مەترسیەكی نیە نەڕەگ ونەدەنگ وبەگشتیش قورسایی سیاسی نیە لەوجزیرەش لەچوارچێوەی چەند كەسانێكی بێڕەوشت تێپەڕناكەن. لەوانەیەو دووریش نیە كەخوازیارانی ئو كۆمەڵەیە بەنهێنی لەپاشماوەی ماسۆنیە كۆنەكان بن، بەهیچ شێوەیەك نەكەوتۆتە ئەوەی بێتە مەیدانی كارەوە یاخود قورسایی هەبێت، بەوپێیەی كە زۆر بەنهێنی كاردەكەن ولەگروپی بڵاوكەرەوەی بێ ڕەوشتی ومیللی گەرایی وئاژەوەگێڕن. شكی تیانیەو دووریش نیە لەڕووی پارەوە لەلایەن سەهۆنیەكانەوە كۆمەكیان پێ نەكرێت. دەركەوتوە كەگرنگرتین كارو چالاكیان دەربازكردنی جولەكەبێت بەقاچاخ لەجزیرەوە بۆ توركیا.

**حزبە تەقلیدیە ناوخۆییەكان :**

كاتێك دەڵێین حزبە تەقلیدیە ناوخۆییەكان مەبەستمان لەپاشماوە حزبە كۆنەكانی سوریایە لەجزیرەدا وەك كوتلەی نیشتمانی وحزبی گەل وبزوتنەوەی ڕزگاری شیشكلیە (الشیشكلیة) وبەسەرچوو لەبەرئەوەی بزوتنەوەكە لەگەڵ شیشكلی سەری هەڵداو هەندێ ڕەگی لەدوای خۆی جێهێشت لەناو جزیرەدا. پێویست ناكات بەجیاجیا باسی هەریەكە لەم حزبانە بكەین لەبەرئەوەی ڕۆژگار خۆی بەرگی دڕیون بەڵكوو بەشێوەیەكی گشتی باس لەهەمویان دەكەین چونكە هۆكاری هاوبەشی نێوانیان كە لەیەك دەچێت لەناو ئەم حزبانەدا تەنها بەرژەوەندیە نەك بیروباوەڕ (عەقیدە).

ئاشكرایە كەدروستبونی ئەم حزبە بەرلە سەربەخۆیی وپاش سەربەخۆیی بوو لەوكاتەدا كە سیاسیەكانی سوریا ئیدیعای نەتەوایەتی عەرەبیان دەكرد تەنها بەحزبە ناوخۆییەكان ڕازی بون وپشتیانكردبوە نەتەوەی عەرەب وتەنها بەزمان بازرگانیان پێوەدەكرد.

پێگەو جێگەی دروستبونی ئەم حزبە تەندروست ولەجێی خۆیدانەبوو هەربۆیە لەگەڵ خۆیدا گۆڕهەلكەنی خۆشی هانیبوو. هەڵگری بۆچونێكی جیاخوازی ناوخۆیی هەرێمی بون تەنانەت وای لێهاتبوو ئەو حزبە كۆمەڵێك خەڵكی دەوڵەمەندو سیاسەت مەداری چەوت ولادەری تیا جێ دەبۆوە لەم وڵاتەدا. شێوەی ئەم حزبە لەجزیرەدا جیاوازە لەچاو ناوەوەی وڵات، بەهۆی زۆری پێكهاتەی تێكەڵەییەوە بەجۆرێك بوو ژمارەیەكی زۆر لەكوردی خاوەن پێگە چونە ناو ئەو حزبانە بەڵام حزبی نیشتمانی لەجزیرە بەشێوەیەكی تایبەتی لەوجۆرە كەسایەتیانە چوبونە ناویەوە هەر بەدەستی ئەنقەستیش، لەبەر دوو هۆكاری گرنگ یەكەم بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندی تاكە كەسی خۆیان وچینە دەوڵەمەندەكەیان دووەم كە زۆر گرنگە لەپێناوی كاركردن بۆ كێشەی كورد لەناوە هەوڵی بۆبدەن بەدڵنیاییەوە لەناو دەسەڵاتیشەوە هەربۆیە فەرمانڕەواكانی حزبەكانی ئەوسەردەمە بەسەرچوەدا ملكەچی تەواوی كوردەكانی جزیرەبون هەربڕیارێكیان بدایە سەبارەت بەجیاكردنەوەی جزیرە لەگەڵ ناوەوە تاوەكوو لەڕوی تەندروستی وزانستی وڕۆشنبیەوە پشتگوێ بخرێت

بۆئەوەی لەبوارێکدابێت هەمیشە وەك حاڵەتی سەرتایی بێت ودواکەوتووبێت تاوەکوو بتوانن پلانەکەی خۆیان بەجێ بهێنن پلانی کورد بۆ هاوردەکردنی کوردەکان ونیشتەجێ کردنیان لەجزیرە کە لەتورکیاو شوێنەکانی ترەوە کەسە کوردەکانیان دەهێنا. چۆن نا ئێمە زۆرباش دەزانین کە علی بوظو چەند خزمەتێکی مەزنی بەکوردەکانی جزیرە گەیاند کە لەڕابوردودا خۆی لەحزبی نیشمانی دابوو هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی ((خۆبون)) ی کوردی بوو کەزۆر بەئەمەك وئامادەیی تیابوو هەموو شتێك بکات بەقوربانی لەپێناویدا. ئەی چۆن نا لەکاتێکدا خۆمان باش دەزانین محسن البرازی چی نەکرد لەپێناوی خزمەتکردنی کوردەکان لەجزیرەدا دەزانین چەند ئاسانکاری کردوە بۆ هاوردەکردنی کوردەکان بۆ ناو جزیرە بەپاساوی فشاری زۆری تورکەکان بۆسەر کورد، کەتورك لێیان بێزارببون بەڵام دەبوایە ئێمە سنگمان فراوانبوایە لەئاستیاندا.. (22)

پلانێکی ئێجگار ترسناکیان هەبوە ئەو حزبە تەقلیدیە کۆنانە لەخزمەتکردنی مەسەلەی کوردە لەجزیرەدا ئیتر ئێمە بیزانین یاخود نەیزانین بەڵام خوا دەیزنێت وئاگای لێیە کە ئەم نەتەوەیە چیان لەدەست دێت لەبەڵاو خراپەکاری.

ئەم حزبانە ئێستا هیچ چاڵاکیەکیان نەماوە لەجزیرەدا کۆتاییان پێهاتوە بەهیچ شێوەیەك گەڕانەوەیان نیە ئەولاترچن. بەڵام هەندی پەیوەندی ناپیرۆزو تاکەکەسی ماوە لە پاشماوە ئەو حزبەدا لەناوەوە . ئیتر ئەوەی دەستەکەی ئاشکرابوو ئەوا ئاشکرابوە لەوانەی خۆیازن خزانبۆوە ناو ئەو حزبانەوە ڕووی میللی گەراییان دەرکەوت ئاشکراکرد لەجزیرەدا. لەجزیرە لەو جۆرە حزبانە نەماوە لەوانەیە تیاچوبێتن لەدوای ئەوەی لەناو جزیرە گورگانەخۆرکران بەشداریەکی ئێجگار کاریگەرو چالاکانەیان کردوە لەخزمەتکردنی مەسەلەی کوردا بەشێوەیەکی گشتی کوردەکانی جزیرەش بەشێوەیەکی تایبەتی.

**حزبە بەکرێگیراوە تازەکان :**

ئەم حزبانە لەدوای جیابونەوە سەریانهەڵدا ئەوەبوو حوکومرانی جیاخواز کۆمەکی دەکردن وفێریشی دەکردن هەم نەرێنیو هەم بەشێوەیەکی ئەرێنیش. عبدالناصر لەم وڵاتە چوە دەرەوەو لەدوای خۆی پاشماوەیەکی زۆری لە بەکرێگیراو وسیخوڕی جێهێشت وپەروەردەیکردن خستنیە سەرپێ بەهۆی تاکڕەوی خۆیەوە. هەروەها یەکگرتنەوە زیانێکی گەورەی لەگەڵی عەرەبداو توشی نەکسەی کردنەوەی پەیوەندیەکی بۆ دروستکردن لەگەڵ ئەو جەماوەرە بەدەرفەت وەرگرتن لە سۆزو هەست خەسڵەتی یەکگرتنەوە ئەویش بەشێوازی فێڵبازی عبدالناصر خۆی سمعەیەکی باشی نەبوو لەناو کۆی گەلدا هەروەها نەشی دەزانی بۆچونی جیابونەوە چۆن لەناویان دەبات بەدەستی دەستی وقسەی ناشیرین وجینودان وسوکایەتی لەسەرهەمان شێوازی عبدالناصر. ئێستا جەماوەری عبدالناصر ئەوەندەی تر دووچاری بەڵاوبەزم فێڵوفەرجەبون نەك بەهۆی خۆشەویستیانەوە بەیەکرگتنەوە لەلایەن هەموو گەلەوە، هەروەها لەخۆشەویستیان بۆ عبدالناصر ئەم هۆکارانە نەبون کە ئەو بەکرێگیراو وسیخوڕانەی بەشێوەی پاڵەوان دەرخست وهێنانیە پێشەوە لەسەردەمی جیابونەوەدا.

دەتوانین بڵێین ئەو حزبە تازانە لەگەڵ جیابونەوەدا سەریانهەڵداو دروستبون بەردەوامیش بون تا شۆڕشی (8) ی ئازار ئەوەبوو لەماوەی ساڵ ونێوێکدا جێگیربون. ڕەگوڕیشەی ئەوانە لەزۆرینەی ناوچەکاندا هەن لەجزیرەش لەوانە هەرهەیە. لەکاتێکدا ئێمە سەرقاڵی ئەوانەین لەناو جزیرەدا حزب بەحزب دەستمان پێکردون. ئەگەر قسەکەی ئێمە ڕاست بێت وبگونجێنت لەگەڵیاندا هەرهەمویان یەك وشە کۆیاندەکاتەوە کەئەویش وشەی نهێنیە لەنێویاندا کە وشەی (ناصر) ە ئەوانە هەرهەمویان ناصرین. بەکورتی وبەوردی بەپلەی یەك بەکرێگیراون وبەپلەی دوو هەلپەرستن سێەمیش میللی گەراییین لەلای ئەوان حەرەس قەومی بونی هەرنیە هیچ جیاوازیەکیش نیە لەنێوان ئەوان وحزبە میللی گەرییەکانی پێش خۆیان نیە تەنها یەك جیاوازی نەبێت ئەویش جیاوازی جدی بون ونەبونی هیچ عەقیدەیەك لەناویاندا.

**1 ـ عەرەبە نەتەوەییەکان :**

بزوتنەوەیەکە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆدوای نەکسەکەی فەلەستین لەباوەشی کۆمەڵگای ئەمەریکا گەشەیان کردەوەو دروستبون، ئیستعمار ویستویەتی ببن بەتاکە دەروازەو ڕێگەچارەی ناتەندروست قایل بوو بەشیکردنەوەی نەکسەکە. چونکە ئەوحزبە خۆی بەشێوەیەکی سروشتی باری سەرهەڵدان ودروستبونی دەرزیەکی بێهۆشکەرە بۆهەستی عەرەبی هەڵچوی دژبەئیستعمار. پێویستیشمان بەوەنیە مێژوی ئەم بزوتنەوە بەڵایەو کە خۆی لەخۆیدا پلاندانەرو تاوانبارو دەست درێژیکەرانەیە.

بەڵام ئەم حزبە تا ئەوکاتەی گەلی عەرەب ئاشکرایکردو خراپەکاریەکانی داماڵی هێشتا چالاکیان نەبوو، تاوەکوو سەردەمی جیابونەوە دەستی پێکردو میللی گەراییان لەوانەوە وەرگرت لەگەڵ پلانی قێزەون ودەسیسە خۆیان خزاندە نێو توێژگەلی خوێندکارانەوەو چالاکیان دەکردن ئەوەبوو کۆمەڵێك لەلاوی هەرزە عەقڵ وناوشیار بەناوی نەتەوایەتی عەرەبییەوە گوایە خواستی عەرەبی بەدواوەیە بەم هۆیانە کەوتنە داوەکەوە بەڵام دەسکەوتی ئێجگار زۆریان هەبوو لەسەردەمی جیابونەوەدا دەسکەوتێك کە نەخۆشی هەڵگربێت. ئەوەبوو سەرکردەکانیان بەخەیاڵ پڵاوی خۆیان پێیان وابوو ڕەگوڕیشەی خۆیان داکوتاوە بەهۆی ئەو دەسکەوتانەوە ((قوربەسەر ئەوەی چەوری دوومەڵاوی وپڕنەخوشی بەچەوریەکی ڕاست بزانێت)) تەنانەت وای لێهاتبوو وك ڕزگارکەر دەرکەوێت لەدوای شۆڕشی (8) ی ئازاری نەتەوەی عەرەبی یەکگرتوو.

بەڵام بزوتنەوە ڕەسەنەکە لەبەرئەوەی خۆی ڕەسەن بوو تەنها بەهەستی خۆی درکی بەوتوێژە پلان ئامیزە کرد کەبەناوی نەتەوەی عەرەبەوە پلان سازدەکات. بەڵێ وتمان ئەوبزوتنەوەیە لەناو چینی قوتابیان بڵاوببۆوە لەجزیرەشدا لەهەمان جێگەدا ئەوبزوتنەوەیە تەشەنەیکرد ولاوانی ناوشیارو بێ ئاگا لەوەی کەچیان لێشاردراوەتەوە ولەناوەخنی ئەو بارودۆخەدا ڕوودەدات ونیازیان چیە کەچوبونە ناوبزوتنەوەکە. ئەوەبوو کۆمەڵێك لەقوتابیانی شاری حەسەکە بونە شوێنکەوتوی ئەوبزوتنەوە غەدارە نەفام وناوشیارەوە بەبێ ئەوەی ئاگایان لەخۆیان بێت، بۆئەوەی وایان لێبکەن بەناوی نەتەوەی عەرەبەوە هاوارنەکەن وداوای تۆڵەسەندنەوە نەکەن بۆ فەلەستین کەخۆی لەخۆیدا ئەوە ئامانجی سەرەکیان بوە ؟ ئەوەش خۆی وەك بەڵگەیەکی کیفایەتە بۆ ڕەسەنایەتی ئەو بزوتنەوە لەلای ئەو لاوە پێگەشتوانە ؟!...

تەنها خۆیان ژمارەیان کەمە بەڵام تێکەڵبونیان لەگەڵ چینەکانی دیکە دەستنیشانکردن وناسینەوەیان سەختتردەکات لەبەرئەوەی بەناوی ناصریەکانەوە قسەدەکەن وئیدعاو هاواری یەکگرتنەوە دەکەن. چالاکی ئەوچینە لەجزیرەدا توشی شکست بوو لەدوای ئەوەی سەرکردەکانیان لەکیس چوو یەکەم لەبەرئەوەی زوربەیان مامۆستاو فێرکەربون بەڵام دوای پلانگێڕی (18) ی تەموز هەندێ لاوانی بێ ئاگاو گەمژەو نەفام سەرلەنوێ پاشگەزبونەوەو هەڵگەڕانەوە. ئێستا هیچ چالەکیەکیان نیە. بەڵام لەناوخۆیاندا یەکانگیرو دوورە پەرێزبون هەندێکیان هەستیان بەشەرمەزاریەکی زۆردەکرد لەئاست ڕەفتارەکانی عبدالناصر بەرامبەر بە بەرزانی، کەزۆرینەی ئەوانە لەلاوانی عەرەب بون. هیچ کوردێك نەچوە ناو ئەم بزوتنەوەیە هەروەها لەتایەفەکانی دیکەش نەچونە ناویەوە.

ئێستا هیچ گرنگیەکیان نیە، ئەوانەی هەڵخەڵەتێنران لەحزبەکە چونە دەرەوە تەنها بەکرێگیراوەکان نەبێت کەحەزیان بەپارەکانی عبدالناصر.

**2 ـ سۆشیالیستە یەکگرتوەکان :**

وادەردەکەوێت ئەوانە لەجزیرەدا ژمارەیان زیاتربێت لەچاو ئەوانی تردا هەروەها ڕێکخستنی تایبەتی خۆیانیان هەیەو چەندین بڵاوکراوەی تایبەتی حزبەکەی خۆیانیان بڵاوکردەوە، کورتەی بیروبۆچونیان لەجزیرەدا سۆشیالستیەو باوەڕی پێدەکەن ومشتومڕی لەسەردەکەن بەبێ ئەوەی لایەنگرانیانی لەدەربڕینی بۆچونی خۆیان ئازادبن. هەروەها زۆرینەی لایەنگرانیان لەڕیزی قوتابیان وچینی زەحمەتکێشن کەسۆزیان بەرامبەر بەعبدالناصر هەیەو پێیان وایە ڕزگاری لەدەستی ئەودایە. ئەم حزبەش هەروەك حزبەکانی ترن تەنها ناوی عبدالناصر یەکیان دەخاتەوە بەڵام ئەوەی هەیە کەمێك

وشیارو بەبیروباوەڕن. حزبێکی تازەپیگەشتون ومەترسیان لەوەدایە کەئەوانە زوربەیان لەڕابوردوودا لەڕێکخستنی حزبی بەعس کاریان کردبوو لەبەرئەوە شێوازی کاری ڕێکخستن دەزانن بەڵام لەلایەن هەندێ لەتوێژگەلی بوغز لەسکی دژ بەحزبی بەعسی عەرەبیەوە پاوانکراون وبەکاردەهێنرێن. لە میللی گەراییەکان بەڵام نەك لەنەفامی خۆیانەوە بەڵکوو لەبوغزوکینەیانەوە بوو. وادەردەکەوێت کۆمەکی پارەیان لەناو خۆ وغەیرە ناوخۆشەوە پێدەگات. دوای هەڵگەڕانەوەی (18) ی تەموز دووچاری شکست بون لەبارودۆخێکی تەجمیدکراودان بەڵام نەك لەناوچون.

پێموایە ئەوانە ماوەیەکی زیاتربردەکەن ودەژین لەچاو حزبە بەکرێگیراوەکانی دیکەدا ئەویش بەهۆی وردکاری ڕێکخستن وخەیاڵی بیروباوەڕی هەڵەیانەوەیە. لەنێو ئەو لاوانەدا کەسانی تیایە نیمچە ڕۆشنبیرین وفریودراون سەرەڕای ئەوەی ئێمە ئاگادارین کەسودیان لەبواری بەکرێگیراوی وەرنەگرتوە وئەوانە بەشی هەرەزۆری بەجۆشن بۆ بیروباوەرەکانیان وهەرئەوانیشن بۆی تێدەکۆشن، ئومێدەوارین کەڕۆژگار ئەو جۆرانەیان بهێنێتەوە هۆشخۆیان بەهۆی هەڵەی ڕۆژگارە تاوەکوو بگەڕێنەوە بۆسەر ڕێگەی ڕاستەقینە.

**3 - بەرەی یەکگرتوو :**

ئەم توێژەیان سەدەمێکی ئاڵتونیان بەسەربرد لەجزیرەدا بەڵام هەرزوو بەتەواوەتی دامرکانەوە ولەناوچون زۆرینەی سەرکردە بەپەرۆشەکانیان لەحزبەکە دوورکەوتنەوەو لەبیرخۆیان بردەوە ئەوانە کۆمەڵێکی ئینتهازی وخاوەن بەرژەوەندی تایبەتی وقاڵبوی سیاسەتی نوێ بون لەناو جزیرەدا بۆیە دەستیان هەڵگرت لەبەرئەوەی ئومێدەواربون هەڵەکانی خۆیان ڕاستبکەنەوەو پێگەی کۆمەڵایەتی وتایەفەگەری خۆیان باشتربکەن عبدالناصریان خۆشدەویست، هەروەها هەموو ئامادەکاریەکیان تیابوو دەست پانبکەنەوە پارە وەربگرن، ئەوانە لەجۆرەن کە مەسەلەیەك هەیە دەڵێت ((چەند بانزین بکەیتە ئۆتۆمبیلەوە ئەوەدە زیاتر بەردەوام دەبێت لەڕۆشتن)). لەڕوی جەماوەریەوە دابڕاون ئەم بەرەیە لەنێو توێژگەلی لاواندا نیە مەگەر ئەوانە نەبێت کەبەشێوەیەکی خۆڕسکی خۆیان لەوکەسانەبن هەر دەست پاندەکەنەوە بۆ ئەوەی پارە وەربگرن. چونکە ئەوانە بەگوێرەی ئەو بڕەپارەیە چالاکی دەنوێنن کەوەریدەگرن، لەلای جەماوەر ئەو توێژە بەوشێوەیە دەرکەوتبون بۆنمونە : چونکە ئەگەربێتوو چالاکیەکیان بەدی بکرێت لەلای دانیشتوانی ئەو شارە بەو شێوەیە شیدەکرێتەوە وەك دەڵێن ((بڕێك پارەی شەڕەکەی وەرگرتوە یان بۆهاتوە)) بەرلەسەردەمی (18) ی تەموز توانیان زۆر لەخەڵکی چینە هەژارەکان بکڕن تەنانەت وای لێهاتبوو ڕێکدەکەوتن لەسەری بۆنمونە ئەگەر یەکێك لەبۆنەیەکدا هاوری بکردایە (ناصر) بڕێك درهەمی دیاریکراوی وەردەگرت. بەڵام ئەو جۆرە خەڵکە دوای (18) ی تەموز هێزیان تیانەما وزۆر بەخرایی گەڕانەوە بۆسەرکاروباری خۆیان زۆر بەخێراییش شێوازو بۆچونی خۆیان گۆڕی. پشتیان بەپێگە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بەستبوو، هەیانە سەرۆك خێڵ وپارێزەرو پزیشکن. پێشتروتمان ڕەگوڕیشەیان نیە، زوو سەریان هەڵداو زووش توانەوە، مەگەرتەنها حزبە تەقلیدیەکان لەڕوی ئایدیۆلۆجیاو بیروبۆچونەوە لەوانبچن کەپیشوتر باسمانکردبون کەزۆرینەیان لەڕابوردودا خۆیان لەوانەبون بەڵام ئەوەی هەیە بەرلە (18) تەموز توندوتیژتربون سەبارەت بەو ئومێدەی دڵخۆشکەرەی هەیانبوو لەسەردەمی نوێی عبدالناصردا دەستخەڕۆی زرینگەی ئاڵتون بون.

ژیرترینیان ئەویە جەربەزەییەکی کردوە لەبەرخاتری خاترداران، مانایوایە حەقی خۆی وەردەگرێت ئنجا هاواردەکات. تاگیرفانی پڕنەکات هاواری بۆناکات.

**4 - ڕێبازی سۆسیالیستی :**

ئەم حزبەش لەجۆری حزبەکانی ڕابوردوون بەڵام خۆشبەختانە لەناو جزیرەدا کەمن، چالاکیان تیادەرنەکوتوە مەگەر لەلایەن چەند کەسێکی کەمەوەنەبێت هیچ حزبێك لەم حزبە ناچێت مەگەر وەهابیەکان نەبێت لەبەرئەوەی تەنها بەکریگیراون جگە لەناو شتێکی تریان نیە (ناوی زل ودێی وێران) - وەرگێر - بەشێوەیەکی پراکتیك خۆیان بەکرێگیراون ئەگەربهاتایەو ناوی حزبەکەیان بگۆڕیایە بۆ بەکرێگیراوان زۆر باشتردەبوو، چونکە ناوەکەیان هاوتایە لەگەڵ بەکرێگیراوی بۆ عبدالناصر. ترسنۆکن وهیچ گرنگیەکیان نیە، لەئێستادا هیچ چالاکیەکیان نیە جگە لەوەی ناصریەکان لەسەری ڕێکدەکەون.

ئەوانەن حزبە بەکرێگیراوە تازەکانی جزیرەن تا (18) تەموز درێژەیان کێشا پاشان دامرکانەوەو هەرچیەکیان هەبوو بەسەر خاوەنەکانیانا شکایەوە ئێستاش ئەوانە حاڵیان حاڵی جەماعەتی ئەشکەوتەکەن ـ أهل الکهف ـ خەوێك خەوتون هەرگیز خەبەریان نابێتەوە مەگەر بەزاقوزیقی میللی گەرایی نەبێت کەمێك باوێشك دەدەن وبیر لەهیچ ناکەنەوە تەنها بەرژەوەندی وبەکرێگیراوی خۆیان نەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بەو هەڵوێستە ناشیرین وسەرشۆڕانەی خۆیانەوە بچنە نێو ڕیزی زۆرینەوە وکاری نهێنی زۆربڵێی وخۆشکردنی ئاگری فیتنە ئیتر هەرجۆرێکی ڕەگەزپەرستی یان تەیەفەیی یا هەرفیتنەیەکی تربێت.

احمد سعید لە صوت العرب وە بواریان بۆدەکاتەوەو بێنەوبەرەدەکەن لەکۆتاییدا بەجۆرێك کۆتایی پێدێنن گوایە گوییستی شتێك بون لەخزمەتی عبدالناصرابێت ئەوەش کەمترین ئیمانە. بەمەرجێك ئەمڕۆ لەوبوارە تێپەڕناکەن لەڕوی کاری حزبیەوە کەبەپارەی شەڕو ئاژاوەیە خۆزگە ئەمڕۆش عبدالناصر بەوشێوەیە بوایە کەتەنها پشتی بەخۆی بەستبوو لەبەرئەوەی خەباتی بۆ نەتەوەی عەرەب دەکرد بۆیە بەبیانوی نەتەوەی عەرەبەوە قسەی ناشیرین وجنێودان حاڵی بوو لەوەش ئاسانتر نەبوو لەلای ئەو.

ئێستا ئەویش وەك ئەوانی لێهاتوە هەمان ڕەفتاری ئەوان دەکات بەبێ ئەوەی زیان بەخۆی بگەێنێت ڕەوانەی بکات بۆ لایەنێکی دیکە لەدوای ئەوەی مایەپوت بوو بەدست ئەو جۆرە کەس وبەکرێگیراوانەوە. ئەوانە جادووگەری گەلانن کە ئەفسانە ئاینیەکان باسیان دەکردن ئەوانەش شوێنکەوتوە دووڕەوەکانن کەتەنها زڕەی ئاڵتونی زەرد ڕزگاریان دەکات و فریایان دەکەوێت بۆیە ئەبینین ئەمڕۆ لەجزیرەدا تەنها بەهاتوو هاوارو دەستەو دایەرەی شێتانەیان ڕازین، کە لەکینەو بوغزو ناحەزیەوە ئاڵاوە بەرامبەر بەنەتەوەی عەرەب، بەجۆرێك کەنیردراوێکی بەرز ئەرکی ئەوەی پێ سپێردراوە کەبتوانێت بزوتنەوە ڕەسەنەکە دووچاری شکست وهەرەس هێنان بکات لەناو نیشتمانی عەرەبیدا ئەویش تەنها بزوتنەوەی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستیە. کەڕۆژگار تواناو لێهاتویی دەرخستون کە پێشەوایەتی ئەم نەتەوەیە بکەن ولەتوانایندایە نەتەوە بەرەو ئاشتی ڕەوتی بەرن ئەم نەتەوەیە هیچ ڕوناکیەکی نیە جگە لەڕوناکی ئەم بەعسە.

## بەشی پێنجەم

## بارودۆخی عەشرەت گەری عەرەب

1 ـ جێگەی گردبونەوەی عەشرەتە عەرەبەکان :

لەڕابوردوودا بڕیارماندا کەختی سەروی جزیرە کوردەکانی تیانیشتەجێن بەگوێرەی پلانێکی کۆنی ئیستعماری. بەوپێیەی دەردەکەوێت کەزێدیعەشرەتە عەرەبەکان کەوتۆتە ناوچەی باشوری جزیرەوە، زۆرینەی عەشرەتە عەرەبەکان بەخۆیان وسەرجەم ختە پانەکانیانەوە بۆنمونە ـ شمر کەوتۆتە خۆرهەڵاتەوە، جبور لەناوەڕاستن، بکارە لەڕۆژئاوا بەسەر تەختایی شاخی عبدالعزیزەوەن ، عەشرەتەکانی دیکەش لەناو ئەوعەشرەتانەدان کەناومان بردن وەك، طي،شرابین وحرب لەگەڵ عەشرەتی دیکەی بچوکی عەرەب. بەڵێ ئەوعەشرەتە عەرەبانە بەگوێرەی نەخشەی بارانی سوریا دابەش بون بەسەر ناوچەکانی باوشوردا کەڕێژەی باران تیایا لەنێوان 100 ـ 250 مم بارانە. ناوچەی عەشرەتە عەرەبەکان زەویەکانیان بەپیت نیە ئەوانەی خاپور نەبێت کەئاودەدرێت ئەویش زۆر کەمە هەروەها بێجگە لەگوندەکانی دهام الهادي وهەندی گوندی طي کەمێك زەویەکانیان بەپیتە وخراپ نیە.

هەروەها بارودۆخی مادی ئەم عەشرەتانە بەشێوەیەکی گشتی باش نیە مەگەر شێخەکانیان نەبێت هەروەها ڕێژەی فیربون لەناویاندا بەشێوەیەکی گشتی لە 3% تێپەڕناکات زوربەشیان هێشتا لەسەر زەویەکان جێگیرنەبون تەنها عەشرەتی جبور نەبێت پێی ڕاهاتون وشارەزاییان زیاترە لەچاو عەشرەتەکانی دیکەدا لەبواری کشتوکاڵ بەتایبەت ئەوانەی زەویەکانیان بەراوە لەناوچەی خاپوردا ئەوانەش ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابین کەگرنگیەکی هەبێت. بەڵام عەشرەتەکانی دیکە لەنێوان بەدوو وشارستانەیەتدان واتە لەقۆناغی ناوەڕاستدان ناکرێت پێیان بڵێین شاراستانی تەواون وبەتەواوی جێگیربون هەروەك چۆن ناشتوانین پێیان بڵێین کۆچەری. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هێشتا هەندێکیان لەقۆناغی گوستنەوەدان لەنێوان بەدوو وکۆچەریدان لەعەشرەتی شمەر هەندێك لەبکارەش بەهۆی بەردەوامی کاروپیشەیانەوە کەسەرقاڵی شوانی وگواستنەوەی مەڕومالاتن. بەشێوەیەکی کورت ئەوە حاڵ وجێگەو ڕێگەو ئاستی ڕۆشنبیری عەشرەتە عەرەبەکانە لەناو جزیرەدا. بەشێوەیەکی گشتی سەرجەمی ئەو عەشرەتانە دەگەڕێنەوە بۆ ڕەچەڵەکی ڕەسەنی عەرەبی بەناوبانگ ڕەسانەیەتیەکانیان لەوەدایە تائێستاش بەهەمان کولتور نەریتی خۆیان دەژین هەرهەموشێیان لەناوچەکانیاندا بەشێوەیەکی عەرەبیانە ژیان دەبەنەسەر هەروەها لەڕوی کاریشەوە بەڵام بەشێوە ساکارەکەی خۆیان دەژین ساویلکەو سادەن وپێویستیان بەزانستیەکی زۆر هەیە لەگەڵ چاککردنی بارودۆخیان لەڕوی مادیەوە.

ئەوتا ئێمە خەریکی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی هەموو عەشرەتێکین بەوردی وگشت ختە پانەکانیانەوە.

2 ـ ژمارەی عەشرەتە عەرەبەکانی جزیر :

**عەشرەتی شمەر**

ئەم عەشرەتە لەحجازەوە هاتون ـ ناوچەی نجد ـ کەبەناوبانگە بەهۆی کێوی شمەرەوە بەرلە 300 سال هاتون ولەوناوچەیەدا نیشتەجێ بون کە لەبغدادەوە درێژدەبێتەوە بەرەو الرقة ئەم عەشرەتە دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا کەئەویش (شمر الخرصة) و (شمر الزور).

1 ـ شمر الخرصة : ئەم بەشەی عەشرەتەکە لەناوچەی (تل کوچك) نیشتەجێبون تاڕادەیەك توانیویانە سەرکەون ولەبواری کشتوکالێدا گەشەیان سەند. لەحاڵەتێکدان خەریکن دەستبەرداری ژیانی بەدەوی دەبن بەڕێوەن بەرەو جێگیربون هەنگاودەنێن. ئەم بەشەی عەشرەتەکە سەر بائاینی ئیسلامن.

لەرابوردودا ئیمتیازی خۆیانیان هەبوو کە بەگوێرەی بریاری ژمارە 132 لەلایەن یاریدەدەری بەڕێوەبەری عەشرەتەکانەوە دەرۆی بەڕێوە، دادوەریش بەگوێرەی داب ونەریت بوە لەلایەن شێخەکانیانەوە بەڕێوەدەبرا ئەوئیمتیازانە تاسالآنیکی نزیکی لەمەوبەر هەرمابۆوە پاشان بەتەوای ڕەتکرایەوە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی یاسای عەشرەتەکان چونکە هەموو عەشرەتەکان بەشارستانی دانران.

ئەم عیشرەتە دەنگۆیەکی ئێجگار زۆریان هەیە لەبواری کارکردن لەپێناوی نەتەوەی عەرەبدا ئەوانە ببونە پشت وپەناو قەڵغان هەروەها هەمیشە کەرستەش بون بۆ هەر مەسەلەیەکی عەرەبی. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو بەشی عەشرەتەکە خزمایەتی وخزمی نزیکیان هەیە لەعراق وناچەکانی دراوسێی خۆیاندا کەبۆتە هۆکارێك گرنگی خۆی هەبێت لەنێو عەشرەتە عەرەبەکانی جزیرەدا. زۆر پێویستیان بەزانست هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی (هەستی نەتەوایەتی) لەناویاندا هەروەها بۆ ئەوەش بتوانرێت ڕزگاریان بێت لەدەست پاشماوەی عەقڵیەتی عەشرەت گەری لەناو خۆیاندا هەروەها زۆر پێویستیان بەبایەخدان هەیە لەلایەن دەوڵەت وبەرپرسانەوە لەبەرئەوەی ئەوانە خۆیان بەپلەی یەك پێشنەن ودەستپێشخەرن لەمەسەلەی نەتەوایەتیدا بەهۆی پێگەی خۆیانەوە، لەبەرئەوەی دراوسێی کوردەکانن لەسەروەوە ئیتر چ لەسوریابێت یاخود لەعراق. شێخی لقی ئەم عەشرەتە دهام هادی یە شێخێکی پیرو ژیرە بەڵام ئەوەی هەیە بەرژەوەندی تایبەتی جۆرێك لەپاوانکردن بەسەرادەسەپێت وپێوەی لکاوە کەبەرژەوەندیەکان بەلای خۆیدا دەشکێنێتەوە بەتایبەتی ئازاو نەبەزەو تائێستاش هەر ئەو زاڵە بەسەر دەسەڵاتی عەشرەتەکەیدا تەنانەت وای لێهاتوە دەسەڵاتی خەریکە دەگاتە عراقیش، لەرابوردوودا هەڵوێستی خۆی هەبوە لەدژی ئیستعمار. لەرووی نەتەوەییەوە پاکە ومەترسی نیە لەئێستادا هەست بەدوودڵی ڕاڕای دەکات وەك بڵێین دووچاری بێ ئومێدی بوە سەبارەت بەبریاری یاسای چاکسازی کشتوکاڵی، هەروەك خۆی دەڵێت هیچی ناوێت جگە لەوی بەپۆشتەیی بژی سەرشۆڕی کەس نەبێت لەبەرئەوەی ناسراوە چونکە لەوانەیە شتی زۆر لەدەستبدات بەهۆی نەبونیەوە تەنانەت جارێکیان لەدانیشتنێکی تایبەتیدا وتی کە پێی خۆشە منداڵەکانی خۆی بکوژێت باشترە لەوە بیانبینێت بچنە بەردەرگای ماڵان ودەست لەخەڵکی پانکەنەوە. عیزەت وشکۆیی زۆرە، لەناو جزیرەدا بەناوبانگە بەدەستگیری واتە کەم مەسرەفەو دەستی پێوەدەگرێت. مەشروب ناخواتەوە بەڵام جگەرەکێشە، ژیانی تەبیەتمەندی خۆی ئاسایی وسروشتیە نیشتەجێی گوندی تل علو ە بەتایبەت لەبۆنەکاندا زۆرینەی ڕۆژەکانی لەوێ دەباتەسەر.

2 ـ شمر الزور : لقی دووەمی عەشرەتی شمرە، ئەم لقەیان لەناوچەی تل هدلول نیشتجێ بون پانتایی ناوچەکەیان دەگاتە (47000) دۆنم دەڵێن گوایە بەڕێز شکری القوتلی ئەوزەویانەی داونەتێ. ئەم لقەی عەشرەتەکە بەهەژار لەقەڵەم دەدرێت لەڕووی مادیەوە چونکە ئەوزەویانەی ئەندامانی عەشرەتەکە لەسەریدەژین بەبێ پیت وبەزۆنگاو دادەنرێت وباش نیە. بەجۆرێك عەشرەتەکە هیچی لێ دەستنەکەوتوە دوای ئەوەی کاری کشتوکاڵیان تیاکردوە بەرهەمی نەبوە تەنانەت بەکەڵکی لەوەریش نایەت. هەستی عەشرەتی شمەری ئێجگار زۆر بەرزە لەڕووی نەتەوەییەوە لەڕووی شەرکردنیشەوە عەشرەتەکەیان بەپلەی یەك دادەنرێن. ئەمانیش سەر بەئاینی ئیسلامن.

هەروەها شمر الزور ناکۆکی کۆنیان هەیە لەگەڵ شمر الخرصە بەڵام ئەمڕۆ یەکیەتیەکی تەوایان هەیە سەبارەت بەمەترسی نەتەوەیی لەجیزرەدا دوژمنایەتی وناکۆکی کۆن وتازە هیچ مانایەکی نەماوە لەناویاندا چونکە شێخی عەشرەتی الزور عجیل عبدالکریم ە گەنجیکی پێگەشتوەو وشیاریشە لەهەمانکاتدا ڕۆشنبیریەکەی ڕۆشنبیریەکەی خراپ نیە هەوڵدەدات بەرەوتی پێشکەوتوانەی باو بروات بەڕێوە هەرچی (شێخ دهام هادی) یە لەوڕووەوە پێچەوانەی ئەو هەڵسوکەوت دەکات. هەروەها کێشەی پێشەوایەتی عەشرەتگەریشی بچێتەسەر بەشێوەیەکی گشتی. کەوابوو کرۆکی کێشەکان لەنێوان هەردوو لقەکەدا ململانێی بەردەوامی دوو عەقڵیەتە عەقڵیەتی پێشکەوتوو خوازو عەقڵیەتی دواکەوتوو خواز وکۆن. هەروەها عەشرەتی الزوریش هەڵوێستی نیشتمانی ونتەوەیی خۆیانیان هەیە ئەمانیش بەهۆی دراوسێەتیان لەگەڵ کورد دەیان بوغزێنن وشەڕیان لەگەڵ دەکەن، بەهاوڵاتی خاکی عەرەبیان نازانن.

هەژاری ونەداری شمر الزور بۆ پارەو زەوی وایان لێدەکات بەردەوام هەرچی توانایەکیان هەیە ئاساییە چەند بەهێزبن چونکە توانای کارکردنیان نیە بەتایبەت کەهەست بەزوڵم دەکەن بۆ خۆیان سەبارەت بەعەشرەتەکانی دیکە حەزدەکەین

دەوڵەت لەم ڕووەوە ئاگاداربێت. وبایەخیان پێبدرێت بەتایبەت کەخودی عجیل عبدالکریم بەزمانی خۆی ڕایگەیاند بۆخۆی وعەشرەتەکەی کەخوازیارن ببنە خاوەنی موڵکوماڵ لەجزیرە یاخود عراقدا. ئێمەش پێشنیار دەکەین یارمەتی ئەم عەشرەتە بدرێت بۆ ئەوەی جێگیربێت لەناو خاکی عەرەبدا لەبەرئەوەی قەڵغانێکی پتەون لەدژی هاتنی کوردەکان بەتایبەت لەسەروی جزیرەدا.

لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایەو وای بەباش دەزنین کەمافی خۆشیانەو بۆئەوانیش باشە کەئەندامانی ئەوعەشرەتە زەوی بەپێتیان دەستکەوێت لەسەروی جزیرەدا لەبەشی چاکسازی کشتوکاڵیداهەربەو هۆیەشەوە دەتوانین سنوری سەرو دابین بکەین لەوەی کوردەکان دزەبکەن وبێنە ئەمدیوەوە.

هێچ ڕێگریەکیشمان نیە گەربێتوو لەوەی زەوی لەسەروی عراقیشان بدرێتێ لەوزەویانەی دابەش دەکرێت بۆچاکسازی کشتوکاڵی بۆ ئەوەی بتوانین بەتوانایان بکەین وببنە خاوەنی خاکی عەرەب کەخۆی خاك ونیشتمانی خۆیانە ئەگینا ئێمە بەوکارە ئیرەیی وبێزاری لەنێوهەستیاندا تۆو دەکەین بەڵام هەڵوێستی نەتوەیی ونێستمان پەروەریان وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**عەشرەتی طي :**

بنەچەی ئەم عەشرەتە لەیەمەنەوەهاتوە. بەچەند جارێك ڕەویانکرد بەرەو نجد لەحیجاز لەدەوروبەری (500) ساڵێك لەمەوبەرەوە بەمەزەنە کە نزیکەی سەدەو نیوێك لەوێ نیشتەچی بون، ئەوەبوو نجدیان جێهێشت لەدوای ئەوەی ناویان لێنابوو (شەڕی هۆزەکان) وبەرەو عراق بەڕێکەوتن ونزیکەی پەنجا ساڵ لەوێ نێستەجێ بون، ئەوبوو شەڕوپێکادان لەنێوان ئەوان وهەندێ لەو هۆزانە دروستبوو ماوەی دە ساڵی خایاند شەڕەکان ناونران بە شەڕی بازنەیی (واتە شەڕی بەردەوام کە تائێستاش هەرپاشماوەی ماوەتەوە). لەکۆتاییدا طي سەرکەوت وتیایا جێگیربون وعەشیرەتەکە بون بەدوو بەشەوە بەشیکیان لەعراق نیشتەجێ بون وتائێستاش لقیان لەبغداد ماوەتەوە بەشەکەی دیکەشیان لەجزیرە نیشتەجێ بون لەنزیکی نصیبین هوە، هەندێ لەوعەشرەتانەی دەوروبەر هەوڵیاندا دووریان بخەنەوە لەناوچەکە بەهۆی بەپیتی وباشی زەوی وئاو هەوایەوە بەڵام توانیان بۆماوەی (350) ساڵ بەرگری بکەن لەدژی هەموو ئەوتوێژانەی چاویان لەسەر ئەوزەویانەبوو، جۆرەها بەسەرهاتیان هەیە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا هەروەها عەسمانیەکان زیاتر لەسەرۆك هۆزێکی لێ لەسێدارەدان لەسەرۆك هۆزەکانیان. هەروەها ڕوداو وبەسەرهاتیان لەگەڵ فەڕەنسیەکانیشدا هەیە لەدوای تورکەکان، بەردەوام ڕووبەڕوی گرتن ودوورخستنەوەو زیندانی دەبون بەدرێژایی ماوەی مانەوەی فەڕەنسیەکان لەسوریادا. تاسەردەمی سەربەخۆیی هاتەکایەوە کەمێك ئەوعەشرەتانە پشویاندا. یەکێك لەشێخەکانیان بەرنگاری یاسای عەشیرەکان بووە لەسەردەمی فەڕەنسیەکاندا سەڕای ئەو سودی لەویاسایەش دەبینی لەبەرئەوەی یاساکە دەیگرتەوە. ئەو عەشرەتانە بەشێوەی نیمچە شارستانی ژیان تاوەکوو یاسای هەڵگرتن ولابردنی یاسای عەشرەتەکان هاتەکایەوە. بەڵام لەڕوی خوێندەواریەوە حاڵی ئەم عەشیرەتە باشترنیە لەحاڵی عەشیرەتەکانی دیکە خوێندەواریان ئێجگار کەمە لە5% تێپەڕناکات ئەم عەشیرەتە لەناوچەی قامیشلی نیشتەجێن سنوریان سنوری تورکیایە لەسەروی بەشی خۆرهەڵاتەوە بەشێکیشیان سەربەناوچەی المالکیەن. هەروەها بەشێکی ناوچەی حەسەکە باشوری سنجار  ڕۆژئاواشیان عەشرەتی جبورە عەشرەتی بینار علي الکردیە بەناوبانگترین باڵی ئەم عەشرەتەیە (العساف) کە باڵی شێخانیانە، الحریث، الجوالي، حرب، راشد، بني سبعة، الیسار، زبید، البوعاصي، الغنامة، المعامرة، البکارة، پەیوەندی ئەم عەشیرەتە بەگشت باڵەکانیەوە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ عەشرەتە عەرەبەکان ئێستا باشە وپەیوەندێیان لەگەڵ کوردەکاندا بەشێوەیەکی تایبەتی باشە.

ژمارەی ئەم عەشرەتە نەزانراوە چەندە بەڵام بەسەرجەم باڵەکانیەوە بەزیاتر لەدەهەزارکەس مەزەنەدەکرێت ڕێژەیەکی زۆرگەورەیان ئیسلامن. ئاینیان ئاینی ئیسلامە. ئەمە شێوەی دابەشبونی ئەم عەشرەتەیە لەشوێنی جیاوازدا وایان لێهاتوە گرنگیان کەمتربێت لەچاو عەشرەتی الشمر، ئەگەرچی لەوان کەمترنین لەڕوی عەرەب بون ونیشتمان پەروەریەوە. هەروەها کەسایەتیە بەناوبانگەکانی ئەم عەشرەتە، عبدالرزاق النایف، وعبالرزاق الحسو کەئەمیان ژیریەکی ئێجگار زۆری هەیە بەڵام ئەوەی هەیە سود لەژیریەکەی وەرناگیرێت لەبەرئەوە بارودۆخی لەناو عەشرەتەکەیدا جێگیرنیە

بەتەواوی بۆنمونە حاڵی وەك حاڵی دهام الهادي یە. ئەمیان زۆرینەی کاتەکانی ساڵ لەدیمشق دەباتەسەر زۆر بەکەمی لەقامیشلو نیشتەجێ دەبێت بەکابرایەکی بەخوان ومیوانخواز ناسراوە دەکرێت ناوی بنرێت بەمرۆڤێکی هاوچەرخ پڕبەپێستی وشە.

**عەشیرەتی الشرابیین**

دەڵێن گوایە ئەم عەشرەتە کۆنترین عەشرەتن کە لەجزیرەدا نیشتجێ بوبێتن، ئەگەر بێتوو پێکەوە بژین لەجیزرەدا زۆرترین ژمارەیان دەبێت بەڵام بەجیاجیا ژیاون لەنێوان دیرك وقامیشلی وحەسەکەو رأس العين دا.

ئەم عەشیرەتە جێ پێی خۆی قایم نەکرد لەجزیرەدا بۆئەوەی کیانێك بۆخۆی دروستبکات زەوی وزار داگیربکات. بەڵکوو زۆر لەوەش خراپتر ڕەفتاریکرد بەوەی هەستان بەفرۆشتنی زەوی وزارەکانیان بەکوردەکان وئەوا نی تریش بەبێ ئەوەی لەدوارۆژ بروانن کەچی بۆئامادەکردون وچیان بەسەردێنێت تاکارگەشتە ئەوەی بەتەواوی بڵاوببنەوەو بەبێ ئەوەی هۆکارێکیان هەبێت بۆ سەرپەرشتی وگرێدانەوەیان زۆرینەیان بەکرێگرتەیی کاردەکەن ئێستا.

تەنانەت بەبڵاوبونەوەو دوورکەتنەوە وازیان نەهێنا لەجێی خۆیان تاوایان لێهات ئەوانەی لەجێەکدا نیشتەجێن ڕاوبۆچونیان جیاوازە هەروەك بڵێیت هەریەك لەوانە یاخود هەر لقێکیان مەرجبێت لەسەری خۆی بلکێنێت بەعەشرەتە عەرەبەکانی ترەوە.

ئەم عەشرەتە نیمچە شارستانیەو ئەندامەکانی بەکاری پەروەردەکردنی ئاژەڵ وجوتیاریەوە خەریکن ئەویش بەکرێ، بەشێوەیەکی تایبەتی گرنگی دەدەن بەپەروەردەکردنی ئێسترو مانگاوە. بەردەوام هاواری هەژاریان لێدێت هەربەڕاستیش هەژارن شێخەکانیان وەك شێخی شمر بایەخیان پێ نادەن. بەشێکی زۆر گەورەیان خەریکی دزین ئەوەش باوە لەناویاندا خەریکیشە ئەو دیاردەیە دەبێتە شتێکی ئاشکرا پێیانەوە لەلایەن عەشرەتە عەرەبەکانی دیکە بەزۆری بەناوچەی باشوری الردو الهول دا دەگەڕێن لەو زەویانەی کەوتۆتە نێوان خاپورو سنوری خۆرهەڵاتی ناوچەی الهول هوە. ئەم عەشرەتە ئارەزویەکی دیاریکراوی سیاسیان نیە. تەنانەت بەجۆرێك پێانەوە دیارە کەلەوەبچێت ئامانجی نەتەوەکەیان نەبێت وەك عەشرەتە عەرەبەکانی دیکە لەوانەیە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی باری خراپی مادییان.

لەڕوی چەکداریەوە ئەم عەشرەتە خراپنین، ژمارەیەك چەکی زۆریان لەبەردەستایە لەجۆرەها چەك ئەوەش لەگەڵ کاری دزیان دەگونجێت. عەشرەتە عەرەبەکانی دیکە بەکاریان دەهێنن لەکێشە تایبەتیەکانی خۆیاندا کە بەکەمترین برەپارە بەکاریان دەهێنن هەرشایەنی نەبێت. پێویستە ئەم عەشرەتە گرنگی پێبدرێت لەڕوی بواری مادی وبڵاوکردنەوەی زانست ورۆشنبیری لەبەرئەوەی هیچ زانست ورۆشنبیریان نیە بەهیچ شێوەیەك ئەوانە لەهەموو عەشرەتەکانی دیکە زیاتر پێویستیان بەڕێ پیشاندان هەیەو پێویستە ئیعتباریان بۆبگێردرێتەوە. ئەگەربێتوو دەوڵەت کەمێك بایەخ بەم عەشرەتە بدات سودیان زۆر لێوەردەگرێت ودوریشیان دەخاتەوە لەوبارودۆخەی تیایان ولەوانەشە بگەڕێنەوە بۆسەر ڕێگەی ڕاست، بەتایبەتی کەڕۆح وهەستی خێڵەکی کەمتریان تیایە بەبۆچونی ئێمە دوای هۆشدارکردنەوە وخستنەسەر ڕێگای ڕاست وبایەخدان ئەگەری هەیە ببنە کەسایەتی چالاك لەجزیرەدا. وەك بەشێکی عەرەب پێویستە گرنگیان پێبدرێت. شێخەکانی ئەم عەشرەتە دەسەڵاتیان کەمە تەنانەت بەسەر عەشرەتی خۆشیانا بەهیچ شێوەیەك نەسیاسەت دەزانن نەحزبەکانیش دەناسن. سەرقاڵی جۆرە کارێکن هیچ ویژدانێك قبوڵی ناکات کەوتونەتە ژێر کارکردی شێخی عەشرەتەکانی ترەوە. هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان ئەندامانی ئەم عەشرەتەدا، ئەگەرچی سۆزوحەزیان بەلای بەدەستهێنانی کیان وچەقی دەسەڵاتە بەڵام ئەوەی هەیە بێ ئومێدانە ڕەفتار دەکەن.

**عەشرەتی جبور :**

دەڵێن ئەم عەشرەتە لەیەمەنەوە هاتون ولەڕێگایاندا بەشاخی عەربدا ڕەتبون لەحۆران لەوێشەوە بۆ حەلەب وپاشان بۆجزیرە ئیتر لەسەر ڕۆخی خاپور نیشتەجێ بون کەنزیکەی (20) کم لەباشوری شاری حەسەکەوە دوورە. بەشێکیشیان

لەعراق نیشتەجێ بون. ئەم عەشرەتە پەیوەندیان لەگەڵ عوسمانیەکاندا باش بوە. تەنانەت یکێك لەسوڵتانەکان نازناوی پاشای بەخشی بەشێخێکیان. بەڵام لەسەردەمی فەرەنسیەکاندا زوربەیکات پەیەوەندیان باش نەبوە مەگەر ناوبەناونەبێت ئەویش لەکاتی گۆڕینی سەرۆك عەشرەتێك دوای مردنی شێخی ڕابوردوو. گرنگترین باڵی ئەم عەشرەتە ئەمانە بون، الملحم، السلطان، الهزیم، المحاسن، المحمد، االحوي، الربت، البومهنا، الجحیش، البقة، العلي، البومانع، العامر، البري، البوعمرة، القضاة، الحلیون، البوریاشی، البوسلامة.

نیشتەجێبونی ئەم باڵانە گەشتۆتە سەرو وڕۆژئاوای حەسەکە لەگەڵ زیاکردنی نیشتەجێ بونی شەدادیەکان لەباشوری حەسەکە بارەگای کۆنی خۆی لەگە جێگەی (طابان) کە نزیکەی (20) کم لەحەسەکەوە دوورە. ئەندامانی ئەم عەشرەتە سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی پەروەردەکردنی ئاژەڵن بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی مادی ئەم عەشرەتە زۆر باشترە لەچاو عەشرەتەکانی تری جزیرە ئەوناوچانەش کەبەدەستیانەوەیە بەپیترەو دەوڵەمەندتریشە، ئەوەشی بچێتەسەر کەبەشێکی بەراوە لەسەر ڕۆخی خاپوردان. تەنانەت ئەم عەشرەتە ناوبانگی دوورو درێژی هەیە لەژیانی شارستانیەتدا ولەبواری جێگیربونیشدا تەنانەت وامان لێهاتوە بڵێین تاکە عەشرەتن لەناو عەشرەتەکانی دیکەی عەرەبدا لەجزیرە نیشتەجێ بون تەنانەت خۆیان بەخۆیان دەڵێن شارستانی (الحضریین). لەبەرامبەر بەوەی بەشمر دەڵێن کۆچەری وناجێگیربوو. ڕێژەی خوێندن وفێربون لەم عەشرەتەدا وەك عەشرەتەکانی دیکە کەمە ئەگەرچی حاڵیان باشترە لەچاو عەشرەتە عەرەبەکانی دیکەدا لەم ڕوەوە. ڕێژەی خوێندن لە لەسەدا 10 % تێپەڕناکات بەڵام لەوانیدیکە سورترن بۆ فێربون زۆر سورن لەسەرداواکاری کردنەوەی قوتابخانە بەگشت جۆرەکانیەوە لەناوچەکانی خۆیاندا. چونکە هەستیان بەسودی زانست کردوە. پێشەوای تەقلیدی ئێستای ئەم عەشرەتە عبدالعزیز المسلط ە، پیرمێردێکە بەردەوام بەشوێن بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیەوەیە. زۆر قسە لەسەر نەتەوەی عەرەب دەکات وکەمیش کاردەکات بەپێچەوانەی دهام الهادي یەوە شیخی شمر. هەوڵدەدات قەرەبوی ڕابوردوی خۆی بکاتەوە لەوەدەچێت ڕای ئەوانی دیکە بزانێت بەرامبەر بەخۆی بەردەوام لەپاساو هێنانەوەدایە. ئەوندە بەئاگادارە ئەو ئاگاداربونەی وای لێکردوە شك لەخەڵکی بکات. پێگەی لەناو عەشرەتەکەدا زۆر کاریگەرنیە لەبەرئەوەی لەناوعەشرەتەکەدا گەنجی واپێگەشتون لەئاستێکیی پێشکەوتودان وپێشکەوتوو خوازن دەرحەق بەرەوتی تەندروستی نەتەوەی عەرەب زۆرینەی عەشرەتەکە بەلای ئەواندا دایدەشکێنەوە ومەیلیان بەلای ئەو گەنجانەیە وخەریکن پشت دەکەنە عبدالعزیز المسلط. لەوانە حماد العلي الاسعد زیرەکەو ڕێبازێکی تەندروستی پێشکەوتوو خوازانە براکەشی سلیمان العلي الاسعد نەرمونیانەو دەزانێت ڕەفتاربکات زیرەکەو وەك براکەی خۆشەویستە لەناو عەشرەتەکەدا. هەروەها رشاد العلي الاسعدیش هەیە خۆی وبنەماڵەکەی سەر بەعبدالعزیز المسلط ن، ئەویش گەنجەو ئاستی وشیاری بەرزە هەروەها محمد سلطان الوبح یش هەیە، لەگەڵ مەسەلەی ئێستای عەرەب بەتایبەت لەجزیرەدا زۆر ئاشکرایەو بەرگوێی ئەوگەنجانە کەوتوەو بەردەوامیش لەکارکردندان.

لەبەرئەوە بارودۆخی عەشرەتەکە زۆر قابیلی ئەوەیە دەست هەڵگرێت لە عەقڵیەتی تەقلیدی خێڵەکی کەخۆی لەعبدالعزیز المسلط وبنەماڵەی تایبەتی خۆیدا دەبینێتەوە، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت لەدوای مردنی عبدالعزیز المسلط کە هەموو عەشرەتەکە بەتەواوی لەدەوری ئەو گەنجانە کۆببنەوە کەبە پەرۆشن بەرەو ڕێبازی ڕزگاری خوازانەی تەندروستی هەیەو گرتوتەبەر.

لەڕابوردودا ئەم عەشرەتە کێشەو ناکۆکی کۆنیان هەبوە لەگەڵ لەگەڵ هەندێك لەعەشرەتە عەرەبەکانی وەك شمر الزور بەشێوەیەکی تایبەتی بەڵام ئەمڕۆ بەشێوەیەکی گشتی وازیان لەوناکۆکیانە هێناوە مەگەر ئەوکێشانە نەبێت کەسەرچاوەکەی زەوی وشتی لەوجۆرەبێت. خۆیان بەمەترسیەکانی کوردەوە خەریککردوە کەبەجارێك جێ پێی داکوتاوە لەسەروی جزیرەدا. لەگەڵ دەستە خوشکی عەشرەتە عەرەبەکانی دیکە بونەتە کۆڵەکەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی لەجزیرەدا بۆیە ئەگەربێتوو دەوڵەت لەگەڵ عەشرەتی دیکەدا باشبێت ولەگەڵ ئەوانیشدا باشبێت و بەیەخیان پێبدات باشە.

پێویستیان بەزانستی زۆرە وەك عەشرەتەکانی دیەکەی عەرەب هەروەها پێویستیشیان بەوەیە بایەخیان پێبدرێت بەخۆیان وهەژارەکانیشیان بەشێەوەیەکی تایبەتی بەداراو نەداریانەوە. ژمارەیان خراپ نیە لەچاو عەشرەتە عەرەبەکانی دیکە،

ژمارەی چەکداریان کەمە، ئاینیان ئاینی ئیسلامە، سەبارەت بەگەنجە هەڵکەوتوەکانیان چاوەڕوانی باشەیان لێدەکرێت لەمەڕ مەسەلەی عەرەب.

**عەشرەتی البکارة**

ئەم عەشرەتە لەعەشرەتی بکارة الزورەوە داکەوتوە کەچونەتە سەرقەراخی چەمی فورات لەناوچەی دیر الزور، کە لەسەر تەختایی جبل عبدالعزیزی سەروی جزیرە جێگیربون کە ماوەیەکی کەم نەبوو، دەستیانکرد بەجوتیاری وکێڵانی زەویوزارەکانی جزیرە، ئەوەبوو گوندیان لەدەوروبەری جبل عبدالعزیز ئاوەدان کردەوەو ئارەزوی شارستانیەت وگەشەکردنیان هەبوووەك عەشرەتە عەرەبەکانی دیکە. بەڵام بەشێکیان خەریکی کاری پەروەدەکردنی ئاژەڵن تاوەکوو ئێستاش هەرخەریکی هاتوچۆن بەدەوری جبل عبدالعزیزدا بەمەبەستی لەوەڕی ئاژەڵەکانیان.

ئەم عەشرەتە کێشەو ناکۆکی خۆی هەیە لەگەڵ هەندێك عەشرەتە کۆنەکانی عەرەب وەك شمر کە تائێستاش شوێنەواری ئەو کێشانە ماوەتەوە لەنێوانیاندا بەڵام لەگەڵ عەشرەتەکانی دیکە پەیوەندیان باشە بەتایبەت لەگەڵ جبور، سەرۆك خێڵی ئەم عەشرەتە گەنجەو تاڕادەیەك زانیاری ورۆشنبیری هەیەو کوڕی مامی سەرۆك خێڵی پێشوترە لەبیرکردنەوەیدا پێشکەوتوخوازە تاڕادەیەك کەسێکی عصامیەو کەم وزۆر کیانێکی دروستکردوە بۆ عەشرەتەکەی خۆی بەڕێزو سەنگینەو ئاگای ڕوداوەکانی نەتەوەکەی خۆیەتی.

ئەم عەشرەتەش وەك عەشرەتەکانی دیەکە ئاینیان ئیسلامە زۆر پێویستیان بەفێربون وزانستیە ئارەزویەکی زۆریان هەیە بۆ زیاتر بەدەستهێنانی جێگیربون وکارکردن لەزەویدا هەروەها خوازیاری زانستیشن. لەڕوی نەتەوەییەوە گەرەنتین وهەندێ کێشەی تایبەتی خۆیانیان هەیە لەگەڵ ئاشوریەکان لەسەر خاپوردا لەتمر زوربەی کێشەکانیشیان لەسەر زەویوزارە. ئەم عەشرەتەش وەك عەشرەتەکانی دیکەی ڕابوردوو لەکێشەو بەڵای میللی گەرایی بەدوورنین..

ئەوانە گرنگترین عەشەرەتەکانی عەرەبی جزیرە بون کە لێکۆنەوەو شیکردنەوەمان لەسەرکردن بەگشت خەتە پانەکانیانەوە ونەش چوینە نێو وردەکاریەوە لەبەرئەوەی بنەڕەتی لکۆڵینەوەکەمان بەمەبەستی لەلایەنی نەتەوەیی وڕێبازی سیاسی بوە بەپلەی یەکەم. لەبەرئەوە خۆمان بەدوورگرت لەوەی بچینە نێو وردەکاری هەر عەشرەتێکەوە جیابەجیا مادام ئێمە خەتی گشتیمان بەلاوە گرنگ بوە. دەبێت ئەوەبزانین جزیرە عەشرەتی تری تیایە بێجگە لەم عەشرەتانەی کەناومان بردون. وەك عەشرەتی (حرب) وعەشرەتی تری بچوك بچوك بەڵام بەزۆری ئەم جۆرە عەشرەتانە سەر بەعەشرەتی دیکەی گەورەترن یاخود بەوانەوە لکاون ولەکەشی ئەواندا هەڵدسوڕێن عەشرەتی گەورە چی بوێت ئەوانیش ئەوە جێ بەجێ دەکەن. هەرلەبەر ئەوەبوو خۆمان بەدوورگرت لەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم جۆرە عەشرەتانە بکەین چونکە مەبەست وجەوهەری سەرەکی لەعەشرەتی دایکا خۆی وێنادەکات. کە لەڕوی جێگەو پێگەی سیاسی ونەتەوەیی شتی دیکەوە بەوەوە لکێنراوەو پەیوەستە بەوانەوە.

**3 ـ پەیوەندی عەشرەتە عەرەبەکان لەناو خۆیاندا**

ئەگەربێتوو تێڕوانینێکی مێژوویی بکەین لەسەر پەیوەندی ئەوعەشرەتانە لەناوخۆیاندا بۆمان دەردەکەوێت کەبەزۆری پەیوەندیەکی شەڕەنگێزئامێزو دژانەیان هەبوە پێکەوە. بەشێوەیەکی خۆڕسکی شاڵاوی قەویلەیی بۆسەر یەکتری ولەناو خۆیاندا ماوەیەکی زۆر دوورنیە کە کۆتایی بەو شێوازە هاتوە.

سەرچاوەی خراپی پەیوەندیەکانی نێوان عەشرەتە عەرەبەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار گرنگترین ومەزنترین هۆکار ئەگەر نەڵێین ئەوهۆکارانە خۆی لەخۆیدا بڕبڕەپشت وچەقی سەرەکی بوە بۆ ئەوناکۆکیانە کەئەویش کێشەی زەوی وزارو ناوچەکەیە لەوڕەوە بوە یاخود ناوچەی دەسەڵات وسەرکردایەتی بوە کەبەردەوام تۆڵەی بەدوای خۆیدا هێناوە بۆ تۆڵە سەندنەوە، کەجێگەی ئەو هۆکارانەی دەگرتەوە. هتد... هەروەك پێشوتر باسمانکرد بەپلانێکی داڕێژراوبوە کەئیستعمار بەهەموو شێوەیەکیەوە بەدرێژایی مێژوو بەسەر جزیرەدا ڕویداوە وبەردەوام خەریکی گەورەکردن

پتەوکردنی ئەوناکۆکیانەدەدا بۆئەوەی ببێتە هۆی سەرەکی بۆ سەرقاڵکردنیان وبەردەوام پێوەی خەریکبن نەهێڵێت بیان پەرژێت بیر لەمەسەی سەرەکی نەتەوەیی بکەنەوە ئیستعمار هەمیشە شێخێکی لەخۆی نزیکدەکردەوە بۆئەوەی لەشێخێکی ترو شتیکی تری پێ بپێکێت یاخود لەعەشرەتێکی تربدات ئیستعماریش بەگوێرەی خۆی گەر ئەوشێخە زیارۆییکردو لایدا ئەوا بەدڵنیاییەوە شێخێکی تر دروستدەکات ولەکاتی خۆیدا ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی لەو شێخەی پێبداتەوە کە تادوێنێ بوو پشتیوانی دەکردو بەهێزی دەکرد ئیتر چ لەڕابوردویەکی دوورابوبێت یاخود نزیك.

بەڵام ئەمڕۆ وماوەیەکی کەمیش لەمەوبەر خۆشبەختانە ئیستعمار ئەڵقەلەگوێی دەست ناکەوێت وەك جاران ڕێگەی خۆی پێخۆشدەکرد زۆرینەی شێخە عەرەبەکان خۆیان لێ کەنارگیرگرتوە سودیان لەتاقیکردنەوە کۆنەکان وەرگرتوەو درکیان پێکردوە بەژیری وبیرکردنەوەی خۆیان لەوە گەشتون ئیستعمار مەبەستی چی بوە، ئەگەر هەرکەسیشی دەستکەوێت ئەوا زۆر کەمن ئەو کەسانە هەر شایەنی باس نین.

ئەمڕۆ پەیوەندیەکانی نێوان عەشرەتە عەرەبەکان بەجۆرێك باش بوە هەستی پێدەکرێت بەتایبەت لەدژی مەسەلە هاوبەشەکان کە ئەویش مەترسی کوردە بۆیە کێشە کۆنەکانی خۆیانیان خستۆتە ژێر گڵەوە هەرنەبێت بۆ ماوەیەکی کاتی. زۆرینەی ناکۆکیەکانی ئەمڕۆ لەسەر زەوی وزارو کێڵانی زەویە ئەوجۆرە کێشانەش لەڕێگەی یاساوە چارەسەردەکرێت بەهۆی دەزگاکانی دەوڵەتەوە. بەڵام هەست وڕۆحیەتی عەشرەتگەری هەرگیز نەمردوە لەناخیاندا جێگیربوە ومەنگی خواردۆتەوە هیچ شتێکیش ئەم کێشەیە چارەسەرناکات جگە لەکات وزانست وڕۆشنبیرکردنەوە نەبێت. لەگەڵ هوشیارکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەنێو ناخی ئەو عەشرەتانەدا. پێویستیان بەپەیوەندی بەردەوام هەیە لەناو خۆیاندا ئەوێش بەکۆششی دەسەڵات وبە بڵاوکردنەوەی وشیاری تەنانەت ئاگاداری ڕوداوی ڕۆژانەبن بۆیان ڕونبکرێتەوەوبەجوانی شیبکرێتەوە.

### 4 - زانست و ڕۆشنبیری لەناو عەشرەتە عەرەبەکان

سیاسەتی نەفامکردن بۆ کەسایەتی عەرەب بەشێکە لەپلانی ئیستعمار بەهەموو شێوەیەکیەوەو بەگشتی لەگەڵ پلانگێڕانیش بۆ سەر مەسەلەی عەرەب لەلایەن بەرپرسەکانی سەردەمە بەسەرچوەکان کەدوای ئیستعمار ڕۆڵی ئیستعماریان بینی. لەبەرئەوە ناکرێت پشتگوێی بخەین وبەسەریا بازبدەین تەنها لەپارێزگاری جزیرە باس ناکەین. بەتایبەت لەسەردەمی حوکومڕانی چەرخەکانی ڕابوردوو کە کەسانێك لەسەر حوکوم بون ناسراوبون بە میللی گەرایی ونیازخراپی سەبارەت بەکەسایەتی عەرەب کە بە چشێوەیەك سودی قوتابخانە نوێیەکانیان باس دەکرد بەگشت جۆرێکیەوەو لەسەرجەم ئاستەکاندا بونی هەبێت باشە لەگوندە کورد نشینەکاندا بەشێوەیەکی گشتی ئەوە ڕایان بووبەرامبەر بەکورد کەچی بەهیچ شێوەیەك لەوجۆرە قوتابخانانە بەدی ناکەین لەو ناوچانەی ئەم عەشرەتە عەرەبانەی تیادەژین نەك هەرئەوە بەڵکوو لەهەزاریشا بەدی ناکرێت.

چەند زۆرە گەندەڵی وبازگانی لەسەرێکی تریشەوە چەند کارکردن کەمە. ئەمڕۆ عەشرەتە عەرەبەکان هۆش خۆیان هاتۆتەوە لەو سڕبونە خەبەریان بۆتەوەو هەستیانکردوە چیان بەسەراهێناون. ئێستا ئەوان سورن وداوادەکەن زانست لەدەڤەرەکانیاندا بڵاوبکرێتەوە.

ڕێژەی خوێندن ونوسین بەشێوەیەکی گشتی لەنێو عەشرەتە عەرەبەکان لە 5% تێپەڕناکات بەزۆریش ئەو بەختەوەرانەی فێری خوێندنەوەو نوسین بون لەوەچەو کوڕو کوڕەزای سەرۆك عەشرەتەکانن. ئەوەشی بچێتەسەر کەبارودۆخی ئەندامانی عەشرەتە جۆراوجۆرەکان لەڕووی هۆشدارکردنەوەدا لەحاڵێکابون شایەنی ستایش نیە، هێشتا هەستی خێڵەکی ناجورو نەگونجاوە لەناو ڕیزەکانیاندا. کەچی ڕێژەی بەرزی زانست وهەستی وشیاری نەتەوەی کورد وزانست لەلای کوردەکان بۆتە تێشویەك بۆ دواڕۆژی خەباتیان بەگوێرەی بیرکردنەوەو تێگەشتنی خۆیان.

بەو هۆکارەوە ئێمە سەبارەت بەزانست وشیارکردنەوەو ڕۆشنبیری بۆ ئەوعەشرەتان ئەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو :

1 ـ دامەزراندن وهێنانەکایەی هەرچی لەتوانادابێت لەوقوتابخانانە بەهەموو جۆرەکانیەوە ولەگشت پلەکانیشیەوە بۆ ناو عەشرەتە عەرەبەکان بکرێتەوەو لەوناوچانەشدابێت کەخۆیانی تیادەژین، هەروەها هەرچی پێویستیەکی قوتابخانەکان هەیە دابینبکرێت بۆیان لەسەرتازەترین شێوازی قوتابخانەی نوێ.

2 ـ یەکەی هۆشدارکردنەوەو ئاراستەکردنی میللی لەگەڵابێت لەقوتابخانەکاندا تاوەکوو بتوانێت یارمەتیدەربێت زیاتر لەبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری وزانستدا.

3 ـ ڕەوانەکردنی بڕێکی زۆر لەگەنجانی عەرەب بەتایبەت لەچینە هەژارەکان بەشێوەیەکی تایبەتی وبێ ئەوەی وابەستەبن بە مەرجی دیاریکراو کە ڕەوانە بکرێن بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن بەدەستهێنانی زانستی ڕشتەیی بەگوێرەی پلانێکی داڕێژراو ژمارەیەکی زۆریش وبە بەردەوامی تەنانەت من پێشنیاردەکەم هەرکەسێك بەڵگەنامەی ئامادەیی هەبێت لەهاوڵاتیە عەرەبەکانی جەزیرە کەڕەوانە بکرێن بۆ دەرەوەی وڵات بەوشێوەیە وڵاتەکەمان دەوڵەمەند دەکەین یەکەم بەگشت ڕشتەیەك دووەمیش بەمەبەستی زانست سێیەمیش وشیاری. بەڵام بەمەرجێك ئەو نێردراوانە تەنها بۆ هەژاران بگرێتەوە هەرچی ئەوانەی بارودۆخیان باشە زیانی نیە ئەگەربێتوو یارمەتین بدرێت وهانبدرێن خوێندن تەواوبکەن لەدەرەوەی وڵات. بەم شێوەیە دەتوانین بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەست وڕۆحیەتی خێڵەکی نەهێڵین بۆ ئەوەی لەجێ ئەو بۆچونە مەنتقی زانستی وتەندروستی بهێنینە جێی وڕزگاریشمان دەبێت لەدەست دابوو نەریتی سەپێنراو وکۆن.

4 ـ کردنەوەی پەیمانگەی ئاست بەرز لەجزیرەدا بۆ ڕۆڵەی عەرەب گشت کەرەستەیەکی نوێی بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتی دەر بۆ گەشەکردن بەرەو پێشەوە چونی ڕاپەڕین کشتوکاڵی وپەرەپێدانی بەرەوباشتر.

5 ـ بارودۆخی مادی لەناو ئەندامانی ئەوعەشرەتانەدا : تێبینی زەق وئاشکرا دەکرێت لەم بوارەدا کەماناوەندی تیانیە لەڕووی مادیەوە لەنێو گشت عەشرەتەکاندا بەڵکوو ئەوەی بەدی دەکرێت چینی شێخە دەست ڕۆشتوو ودەوڵەمەند هەیە بەڵکوو دەتوانین بڵێین چینێکی بوە وتێر، بەشێوەیەکی گشتیش هەژاری بەتەواوی زاڵ بوە بەسەرکۆی ئەندامانی عەشرەتەکاندا بەگشتی سەرەڕای ئەو نەفامی ونەخوێندەواریەی لەنێو ڕیزەکانیاندا هەیە کەبۆتە هۆی نەکردنەوەی دەرونی عەرەبی وڕێگریشە لەبەرەوپێشەوە چونی تواناکانیاندا لەکاتێکدا ئێمە خۆمان لەسەردەمی سۆشیالیستداین زۆرمان پێویست بەچاکسازی بارودۆخی ئەوهاوڵاتیانە هەیە بەهەرشێوەیەك بێت. چونکە ئەگەرهاتوو بارودۆخی مادی تاکەکەسی عەرەب باشتربوو پەیوەندیەکانی خۆی دەپچڕێنێت کە هەیبوە بەعەقڵیەتی خێڵکی کۆنەوە وڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەونەمان دەچێت. بەوشێوەیە تێروانین وبیرکردنەوەی گۆڕانی بەسەرادێت، لەبوارێکی کۆنی خێڵەکیەوە دەگۆڕێت بۆ بواری نەتەوەییەکی چالاك.

هەرکەسێك حاڵی بێچارەیی ونەداری ئەو کەسایەتیە عەرەبیانە ببینێت کە جێی داخە دڵی بۆیان دادەخورپێی وهەناوی دێتەدەرەوە بۆیان بەداخ وکەسەرەوە بەزەیی پییانادێتەوە تەنانەت زۆر جار ئەو سۆزە دەبێتە کینە هەروەك چۆن شاعیری عەرەبیمان دەڵێت :

وەك عیسی لەبیابانا تونیەتی دەیکوژێت ئاویش لەسەر پشتی دانراوە

بەخوا ئەوانە لەبرساناو لەتونیانا مردون خاکیش خاکی خۆیانە ونیشتمانیش نیشتمانی خۆانە، ئایا حەقی خۆیان نیە ئەوانە حاڵیان باشتربێت لەکاتێکا ئەوان پاکترین خامەن بەسۆزترین هەست وڕۆحیان هەیە لەچاو ئەوژیانەی میللی گەراییەکان وشێخ ومشایخەکان بەتێروتەسەلی تیادەژین !...

بۆیە ئێمە سەبارەت بەوعەشرەتانە لەڕوی باری مادیەوە ئەم پێشنیارە دەکەین :

1 ـ دابەشکردنی زەویە زیادەکانی جزیرە لەوزەویانەی یاسای چاکسازی کشتوکاڵ گرتویەتیەوە بەسەر ئەوکەسایەتیانە بەڵام بەمەرجێك هەرگیز بیگانەکان نەگرێتەوە. بەجۆرێك کەمەرجبێت لەسەرچاکسازی کشتوکاڵی بەهیچ شێوەیەك قەواڵەی موڵکایەتی (تاپۆ) لەجزیرەدا نەدرێت تەنها بە بەوکەسایەتیانە نەبێت تەنانەت بەکرێدانیش بەوانە نەبێت بەخەڵکانی دیکە نەدرێت لەبەرئەوەی ئەوانە پشتوپەناو قەڵغانن ئەگەربێتوو بارودۆخیان باشبێت چونکە ئەوان ئومێدی دوارۆژن لەرووی زانست و وشیاری نەتەوەییەوە لەجزیرەدا.

2 ـ پێشکەش کردنی یارمەتی کاریگەرو بەسود لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەوانە لەدەسپێك وکۆتاییشدا وبەپەلەش.

3 ـ دامەزراندنی کۆمەڵەی کشتوکاڵی و کێڵگەی کشتوکاڵی بەکۆمەڵ تەنها بۆ ئەو کەسە عەرەبانە.

دامەزراندنی گوندی نمونەیی بەمەرجێك دەوڵەت سەرپەرشتی بکات، بەڵام بەزۆری دابەش بکرێت بەسەرناوچە عەرەب نشێنەکان بۆئەوەی هەست بەوجیاوازیە گەورەو زەقە بکرێت گەر بەراوردی بکەن بەژیانی ڕابوردوویان وداهاتوویان وهانیان بدرێت بۆ ئەوەی زۆر بەجدی کاربکەن لەدوارۆژا.

5 ـ هەمیشە ئاگاداربکرێنەوە کە یارمەتی مادی وەردەگرن لەلایەن دەسەڵاتی ناوخۆوە کە لەڕابوردودا تەنها پێشوازیان لەشێخە بەتواناکان دەکرد، بۆئەوەی هەست بەوجیاوازیە بکەن وهەستیش بکەن کەدەوڵەت دەوڵەتی خۆیانە خۆشیان پارێزەرو داکۆکیکەری دەوڵەتی خۆیانن. چونکە ئەو بۆچونە ورەیان بەرزدەکاتەوە.

6 ـ کردنەوەی دەرگای بانکی کشتوکاڵی تەنها بەڕوی کەم دەرامەتەکان وداخستنی بەڕوی میللی گەراییەکان ودەوڵەمەندو بەتوانای عەرەبیش.

7 ـ دانانی پلانێکی گشتی بۆ ئەوکەسایەتیە عەرەبانە بۆئەوەی ڕزگاریانبێت لەو بارودۆخەی تیایان کە دەچێتە هەڵسەنگاندنێکی تایبەتیەوە تاژیانیان بەڵانس بکرێت.

**6 ـ سەرۆك عەشرەتە عەرەبەکان**

ئەو سەرۆك عەشرەتانە وایان لێهاتوە چینێکی تایبەتمەندو دەوڵەمەندو دابڕاویان دروستکردوە وجیابونەتەوە لەجەماوەر تەنانەت لەژیانی تایبەتی وگشتی خۆشیانا. ئەم چینە سەرەڕای کەمی ئەندامەکانیشی دیاردەو خەسڵەتی تایبەتی خۆیانیان هەیە بەجۆرێك کە هەر سەرۆك عەشرەتێك خۆی بەپێشەوای حزبێك بزانێت هەربەڕاستی ئەوە ئەو ڕاستیەکەو بونی هەیە، هەموو عەشرەتێك بۆتە حزبێکی بەبیروباوەڕە بۆخۆی بەجۆرێکە کەبتوانین بڵێین حزبی شمر وحزبی طي، بێجگەلەوەش هەر لەکۆنەوە خۆیان بکوژو ببڕن، سیاسەتی کۆنیش ئاشکرایە لەبەرچاوماندا کە پشتیوانی ئەوانەیدەکرد زۆر بەتوندی بەمەبەستێك لەناخی یەعقوب دایە. هاوتا لەگەڵ گشت پلان وپرۆژەیەکی تری میللی گەرایی کە ژێربەژێر دەسیسەو ویشومەی لەناخابوو بەرامبەر بەعەرەب، ئایا پشتیوان کردنی شێخەکانی جزیرە لەڕابوردوودا بەشێك نەبوە لەنەخشەو پلانی نەفامکردن بۆ ئەوەی بارودۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە ؟.... ئایا لەکۆتاییدا نابێتە هۆی یارمەتیدانی جوڵنەکردن ونەکرانەوەی تواناکانی هەر تاکێك لەوتاکانە لەم سەدەیەی ئێستاماندا، سەدەی تواناو دەرفەتی بەتوانا لەگشت بوارێکا.

ئێمە دژی شێخەکان نین بەوسیفەتەی هاوڵاتین بەڵکوو بەوەش کە لەڕابوردودا بەخشیبویان لەخۆپارێزی وپاراستندا تەنانەت ئەگەر تاڕادەیەکیش بێت دەرحەق بەعەرەب بونی ئەوناوچەیە، نەخیر بەڵکوو ئێمە دژی عەقڵیەتی عەشرەت گەرین تەقلیدین هەروەهادژی ئەو چاوچنۆکیەین کە لەهەندێ لەو شێخانەی جزیرەدا ڕەنگی دابۆوە تەنانەت ئەوان چ ئاگایان لەخۆیان بوبێت یان لەبێ ئاگایی خۆیان ئەوەیان کردبێت لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دەبینرا شێخەکە لەڕوی نەتەوەییەوە لایدەداو هەڵدەگەڕایەوە لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا لەبەرئەوەی هەرئەوەیان پێخۆشە لەو

باروذۆخەی ئێستایاندا بمێننەوە چونکە ئەوە باشترە بۆ دەستەبەر کردنی تواناکانیان وپێگەشیان لەکۆتاییشدا زاڵ دەبن بەسەر کۆی ئەندامانی عەشرەتەکەیاندا.

کاتی ئەوە هاتوە ئەودیاردەو دەستەواژانە دەستنیشان بکەین لەگەڵ ئەوەش کەپەیوەندی پێوەیەوتی، بەو ڕونکردنەوەیەی کە نوێنەرایەتی عەقڵیەتێکی دیاریکراودەکات کەلەمێژە ڕۆڵ وکاریگەری نەماوە، زیاڕویشم نەکردوە کەلەسەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وتوومە مرۆڤ جاری واهەیە لەم ناوچەیەدا هەربەڕاستی لەسەردەمی جاهیلیەتدا دەژی بەهەموو وردەکاریەکیەوە هەردەڵێیت ئاگای لەئیسلام نەبوە ولەو سەردەمەدا نەژیاوە ئیسلامی پیاتیپەڕبوبێت هەرئاگاشی لێ نیە، ئاین وهەر مەسەلەیەکی گشتی دیکە ئەگەربێتوو لەنزیکەوە یاخود لەدورەوە لەخزمەتی بەرژەوەندی تایبەتی سەرۆك عەشرەتا نەبێت ئەوا پێشێلی دەکات بەدڵنیاییەوە.

بەڵام ئەم باروذۆخەی ئێستا لەئاراداپە ئەمرۆ بەهۆی هۆکاری ڕۆژگارەوە خەریکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەرچی هێشتا بەتەواوی کۆتایی پێ نەهاتوە. هەروەها پێویستیشی بەکات بۆ ئەوەی کۆتایی پێبێت. لەبەرئەوەی لەناوبردنی عەقڵیەتێکی دیاریکراو سەختە ئەگەربیتوو ڕۆژگار هۆکارێك نەبێت لەگەڵیا وهەروەها دانانی پلانێکیش کە زامنی خیراکردنی بکات.

ئێمە پێویستە لەسەرمان دانوستان لەگەڵ ئەوچینە نەکەین وبێنەوبەرشیان لەگەڵ نەکەین بەهیچ شێوەیەك بەڵام لەبەرامبەرا پێویستە لەسەرمان هەستی نەتەوایەتی وبرایەتیان بورژێنین ئەگەرهاتوو ڕازی بون بەڕێکردنی باروذۆخەکە وکاربکرێت بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی عەرەب ئەگەرچی من پێموایە ئەوان ئەمرۆ لەباروذۆخێکی سلبیدان بەهۆی سەرهەڵدانی عەقڵیەتی تازەگەریەوە کەلاناو خۆیاندا دروستبوە لەگەنجی پێگەشتو ورۆشنبیر، یەکەم بەباروذۆخی دەوڵەتی بەتواناوە کەسورە لەسەر جێ بەجێکردنی، دووەم ئەگەربیتوو کەسێکیان لەگەڵ ڕەوتەکەدا بڕوات ڕازیبێت بەوەی هەیە ئەگەرچی ئەم بارە قورس وتاڵیشە بۆ خۆی بۆ کیانەکەشی. چونکە ئێمە ناتوانین کۆتاییان پێبهێنین تەنها مەگەر لەڕێی باشکردنی گوزەرانی ئەندامانی عەشرەتەکانیانەوە نەبێت هەروەك لەڕابوردوودا پێشنیاری پلانێکی داڕێژراومان کرد کە لێکۆڵینەوەی لەسەرکرابێت و سوریشبین لەسەری.

### 7 - عەقڵیەتی خێڵەکی

بەڵی ئەوە خۆی لەخۆیدا بەڵایەیە سەبارەت بەعەشرەتەکانی جزیرە، هەرکەسێك لەوانەبیبنیت ئیتر بچوك بێت یان گەورە دەوڵەمەندبێت یان هەژار خۆی دەوڵەمەندو بەهێزکردوە بەسەروەری عەشرەتەکەی وکەسوکاریەوە. کاتێك بەسەر شەقامەکاندا دەڕوات هەرگیز شك لەوەناکات کەخۆی سەربەو عەشرتە بەناوبانگ وخاوەن مێژوەی ڕەونەقداری ڕابوردوی خۆیەتی لەبەرئەوە بەخۆیەوە دەنازێت، تەنانەت کە یەکێکیان لەگەڵتا بدوێت بەبێ جیاوازی پلەوپایەی ناوعەشرەتەکەی پێیوایە کەخۆی نیە لەگەڵتادەدوێت بەڵکوو عەشرەتەکەیەتی ولەبەرئەوەش کەخۆی زمان حاڵیەتی بەناوی عەشرەتەوە قسەدەکات. دەیانبینین کە بەجۆرێك مێژوی عەشرەتەکەی وبنەماڵەکەی لەبەرە هەستی پێدەکەیت چرکە بەچرکە دەیزانێت ولەبەریەتی زۆر زیاتر لەوەی قورئانی لەبەربێت لەڕۆژگاری پێغەمبەرەوە. ئەوەش لەڕوی بیروباوەڕەوە شتێکی باشە بەڵام گەربێتوو مۆرك ولایەنە نەخۆشەکەی وئایدیۆجیەکەی وەربگرین ئەگەر دەربڕینەکە پڕاوپڕ لەگەڵیا بشێت بەو شێوەیەش ناوی دەنێن لادەر. ئای چەند دڵی مرۆڤی عەرەب خوێنی لێدەچۆڕێت کاتێ برایەکی عەرەبی خۆی دەبینێت ئەوە حاڵیەتی بەوەش کەسور دەزانێت چەند بەتوانایە بەڵام هیچی لەدەست نایەت ئەگەربێتوو ئەو توانایەی لەبواری خزمەتی نەتەوەییدا بخاتەگەڕ.

تواناکان زۆر بەرزو جوانن ورەکانیش بەرزن نەفسیش سەروەرانەیە ڕۆحیشان بەهێزو دڵ قایمن بەڵام هەموو ئەو توانایانە ڕۆچونەتە نێو چوارچێوەی عەشرەتەوەو بەس. لەوەدەچێت بەو عەقڵیەتە بەرزتربێت لەبیروباوەڕی ئاینی. بەڵکوو خودی ئاین گرێدراوی ئەو عەقڵیەتەیە. ئەستەمیشە تەنانەت لەئاینیش بگەن ئەگەر تەنها لەڕێی عەقڵیەتی خێڵەکیانەوەنەبێت لێی تێناگەن. ئەم دیاردەیەش زۆر بەتوندو تیژی لەنێو بچوکەکان وهەژارەکاندا دەیبینین زۆر زیاتر لەوەی لەناو شێخەکانیان بیبینین ئەگەرچی ئەوانە خۆیان هانیان دەدەن لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا.

هیچ بوارێکیش نیە بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لەوعەقڵیەتە مەگەر تەنها لەڕێی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندیە مادی وپێگەییەی ناو ئەو عەشرەتە. بەوەی لەروی نیشتەجێ بونەوەی جبوری و شمری و طیی تێکەڵاوبکەیت لەیەك یەكەی نیشتەجێ بوندا. ئەوەش مەحاڵە وئەگەری نیە بەوشێوەیە ژیان ناچێتەسەر، هەرئەوەندەش لەسەر دەوڵەتە ئاگاداری ئەولایەنەبێت وبایەخی زۆر بدات بە لەناوبردنی عەقڵیەتی خێڵەکی وەك عەقڵیەت. لەگەڵ خەرجکردنی بەهای باش لەخەرجیەکانی لایەنی نەتەوەیی ومرۆڤایەتی. ئەوش لەشەو ورۆژێکدا ناکرێت بەڵکوو تەنها بەپلانێکی داڕێژراوی شیکراوەی چڕوپڕو سەرتاسەری نەبێت بۆ گشت لایەنەکان لەنێو ئەوانەشدا لایەنی ئابوری وزانستی وکۆمەڵایەتیش.. هتد...

بەمەرجێك هەموو هۆکارێکی کاریگەرو یاریدەدەر بەکاربهێنرێت بۆ لەناوبردنی ئەوعەقڵیەتە لەگەڵ ڕۆژگاردا. لەپێناوی ئەوەی ئامادەیان بکات بۆ دواڕۆژێکی پرشنگدارترو لەبارتر بۆ نەتەوەی عەرەب بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا بگاتە جێی خۆی بۆ ئەوەی پەیوەندیە بابەتیەکان جێگەی پەیوەندی سۆز بگرێتەوە کە بەدرێژایی ڕۆژگار ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو بوو.

لەوانەشە هەست بەوعەقڵیەتانە بکەین تەنانەت لەناو خوێندەوارە کانیشیاندا تەنانەت لەناو ئەوانەش کەچونەتە ڕیزی حزبە سیاسیەکانەوە، حزب لەلای ئەوانە لەساتێك لەساتەکاندا دەبێتە گرێدراو بەعەشرەت وکیانەکەیەوە لەبەرئەوەی زۆر بەهێزتر چەسپیوە لەناخیاندا.

**٨- پەیوەندیان لەگەڵ کوردەکاندا**

ئیستعماری عوسمانی ودوای ئەویش ئیستعماری رۆژئاوایی هەوڵیاندا بیرۆکەی ئاین بسەپێنن سەبارەت بەپەیەوندی لەگەڵ کوردەکاندا، هەربەڕاستیش تاموەیەکی ڕابودوو عەرەب وکورد پەیوەندیەکی باشیان هەبوو پێکەوە بەهۆی وابەستی ئاینەوە کەهیچ پەیوەستیەکی دیکە نیە جگە لەوپەیوندیە لەنێوانیاندا. ئەم لایەنەش دیزە بەدرخونەکرا لەڕوی ئاراستەکردنەوە کارێکی وایانکرد کەسایەتی عەرەب غافڵگیربکەن بەو پلان ونەخشە ترسناکە کەبەناوی ئاینەوە بوو بەڕادەی چاونوقاندن ولێبوردنیکی زۆرەوە لەمەڕ ڕازیبون بەوشاڵاوە لەڕادەبەدەرەی ڕەوی بەلێشاو بەرەو جزیرە کەلەلایەن کوردەکانەوە کرا تەنانەت هەندێ لەعەرەبەکان دەیانپاراستن ورزگاریان دەکردن لەمەترسی تورك کەڕاویدەنان هەندێ عەشرەت داڵدەی دەدان وپۆشتەو پەرداخی دەکردن وخۆراکی دەخستەبەردەمیان کەخۆیان نەجگێگەو نەبەخێوکەرو نەخۆراکیان هەبوو بەمەرجێ ئەوشتانە هەموی بەناوی ئاینەوە ڕوویدەدا تەنها ئاین. عەرەبەکان ئیسلام بون لەسەردەمێکا کەباوبوو بەپێچەوانەکەشیەوە ڕاستیەکەی بوو لەهەمان کاتدا. ڕوداوەکان وڕەوتەکان بەشێوەیە بەڕێوەچوو ئەگەرچی بەرلە ماوەیەکی کەمیش نیە ئەوەی ڕویدا تاکوردەکان وایان لێهات لەجزیرەدا ببنە خاوەن موڵکوو ئیتر هەرچیەکیان قۆزتەوە لەڕوی موڵکایەتی چنیانەوە چەندیان توانی زەویان داگیرکرد بەداگیرکردن زۆرجاریش ئەو داگیرکردن وزەوتکردنە بەهاریکاری عەشرەتە عەرەبەکان سەری دەگرت تاوایان لێهات بگەنە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ تیایادەژین تاوایان لێهات زۆرینەی عەرەب هەست بەوەبکەن ئەم بابەتە جۆرێ کەیەو فێڵێکی تایبەتی تیایە لەلایەن کوردەکانە لەدوای ئەوەی زۆرینەی زەوی وزاری بەپیت ئەوشوینانەی بەباشی دەغلودانی تیادەڕوێت داگیریانکردو بونە خاوەنی. مایەی گاڵتەجاڕیە زەویەك بدرێت بە شمر الزور لەئەنجامدا ببێتە بەڵا بەسەریانەوە چونکە هەروا لێیان گەڕاون جوتیاری بکەن بەڵام زەویەکە زەویەکی بێ پیت هیچی لێ وەبەرنایەت لەبەروبوم کەچی بەروبوم هێندە زۆرە لەوزەویانە خێڵە کوردەکانی لێیە لەسەرو جزیرەوە ئەو زەوی وزارانە لەشێوەی نیە توانایەکی سەیری هەیە بەروبوم وهەمیشە بەخشندەیە لەڕوی بەرهەمەوە.

ئەمرۆ دوای ئەوەی دیاردەو مەبەستی مەسەلەی کورد ئاشکرابوو لەلای عەشرەتە عەرەبەکان هەرلەسەرۆك عەشەرەتەوە تادەگاتە تاکەکان بۆچون وتێڕوانینیان گۆڕاوەو هەستیان بەمەترسی مەسەلەکە کردوە هەرهەموشیان لەئێستادا ئامادەن هەموو شتێك ببەخشن وبیکەن بەقوربانی لەپێناوی پاراستنی خاکی عەرەب بەتایبەت لەئەندامانی عەشیرەتەکان سەرەڕای باری نەبونی وبێدەرتانیش.

ئای خوایە دەرونی عەرەب چەند ڕاستوڕەوان وبەخشندەو چاکەخوازە ناتوانێت بەخشندە نەبێت لەبەروبومی خۆی بەردەوام عەرەب بەخشندەن. گەربێتوو وەك تەماشاکەرێك بوستیت لەبارودۆخێکدا بەتایبەت لەناو ئەندامانی عەشرەتەکە کە لەگەڵیانا بەویژدان نەبویت بەڵام کەدەزانێت پێویستیت پێیەتی یەکسەر دەبینیت هەرچی ناڕەوایەتیەکی لەگەڵاکراوە لەبیریان دەچێتەوەو بەهاناتەوە دێن لەبواری نەتەوەییدا هەروەك بڵێیت کەمتەرخەمی ڕوینەداوەو ناحەقی نەدیوە. بۆیە پەیوەندیەکان پچڕاوە لەنێوانیاندا یان نیمچە پچڕاوە بەتایبەت ئەوبەدبەختیەی بەرزانی دەستی پێکردوە لەسەروی عراق لەنێوان سەرجەم تاکی عەرەبدا لەسەرئەوەشەوە پەیوەندی کوردەکانی جزیرە کەهەیانە لەگەڵ کوردە پارتیەکان. ڕۆڵەکانی ئێمە ئێستا لەبارودۆخێکدان ئامادەیی تەواویان تیایە هەڵکوتنە سەرکوردەکان بەئاماژەیەکی بەرپرسان سەبارەت بەکرداریش هێندە ورەیان بەرزە بەدڵنیاییەوە سەرمان بەرز دەکەنەوە. (23)

**9 ـ پێشنیار دەربارەی عەشرەتە عەرەبەکان**

ئەوەیە باردۆخی عەشرەتە عەرەبەکان لەناوجزیرەدا بەگشت خەتە پانەکانیەوە هەروەك پێشوتر خستمانە ڕوو لەبەشەکانی پێشودا کە پێویستە لەسەرمان بەڵکوو وەك بناغەی بتەوی لێهاتوە کەپێویستە پلانی شۆڕشگێڕی بۆ بونیات بنێن لەئێستا بەدواوە. ئەو بناغانەش بەم شێوەیە یە :

1 ـ هەموو تاکێکی عەرەب بەسەرۆك خێڵ وکەسە ئاسییەکانیشیانەوە لەبارودۆخێکی ناهەمواری پرئازاری میللی گەراییدا دەژین لەجزیرەدا بەتایبەت گەر کێشەرکە پەیوەندی بەکوردەوەبێت. سەرەڕای تێکەڵی لەیەك گەشتنیان تاوەکوو ئێستا بەمەرجێك هەندێکیان هەروائاسان نین ڕەگەزپەرستی تایەفەگەری وئاین بەسەریەکا تێکەڵدەکەن تائێستاش.

2 ـ دابەش بونی عەشرەتە عەرەبەکان بەسەر دوو چینی ئاشکرادا لەڕوی دەوڵەمەندی پارەوە بریتین لەمانە، چینی سەرۆکەکان، دەوڵەندە تێروتەسەلەکان، لەگەڵ چینی کرێکارو جوتیاری هەژار کەوایان لێهاتوە تەواو جیابونەتەوە بەڵکوو نیمچە دابڕاویشن لەیەکتری لەڕوی بیرکردنەوەیان وئاستی پانتایی بیرکردنەوەکەش.

3 ـ یەکبونی دەنگی کۆی سەرۆك عەشرەتەکان لەئەمڕۆدا بەشێوەیەکی باو ونیمچە باو سەرەڕای هەرچی ناکۆکیەکی عەشرەتی کەهەیانە لەناوخۆیاندا ئەوکەسانە هەرگیز بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیانیان لەبیرناچێتەوە کەبەردەوام لەمێشکیاندایە بەژیرانەو وردبینانە هەوڵدەدەن کێشەکان بلکێنن بەمەسەلە گشتیەکانەوە کە لەوانەیە مرۆڤ لەسەرەتاوە درکی پێنەکات.

4 ـ خۆدەرنەخستنی ئاشکرا لەلایەن بەشی یەکەمەوە لەلای ئەندامانی عەشرەتەکە خۆیان بەجۆرێك پیشان نادەن کەچینێکن ئیرەییان هەیە بەرامبەر بەوچینە ئائەوەیە خاڵی گرنگی مەترسیدار کەخۆی حەشارداوە لەبەرئەوەی هەرئەندامێکی لایەنێك لەولایەنانە پەیوەست نابن تەنها بەسرۆکەکانیانەوە نەبێت. کەوابوو بەگوێرەی ئەم خاڵانە دەتوانین پلانێك دارێژین وکار بۆ چاکسازی بارودۆخەکان بکەین پێشوتریش ئێمە لەکۆتایی هەربەشێکدا هەندێ لەداواکاریمان خستەڕوو لێرەشدا بەکورتی دەیخەینەڕوو. بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەك ودەسپێکێك بۆ دانانی پلانێکی چڕوپڕی سەرتاسەری نەتەوەیی گونجاوبێت لەگەڵ ئامانجی ئەم نەتەوەیە. گرنگترینیشیان :

1 ـ چەسپاندنی ئەو کەسانەی لەسەر زەوی وزار هێشتا نەچەسپاون ئامادەکردنیشی زۆر بەخێراییی.

2 ـ دابەشکردنی موڵکی دەوڵەت دابەشکردنێکی تەندروست بەسەر کەسە عەرەبەکاندا.

3 ـ دابەشکردنی زەوی وزاری چاکسازی کشتوکاڵی لەوزەویانەی داگیرکراوە دابەش بکرێت بەسەر کەسە عەرەبەکاندا.

4 ـ هاوردنی کەسایەتی عەرەبی دیکە لەناوەوەو نیشتەجێ کردنی لەجزیرەدا بەگوێرەی مەرجی گونجاو.

5 ـ بڵاوکردنەوەو کردنەوەی زانست وقوتابخانە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەڕوی تاکی عەرەبدا.

6 ـ ڕەاونەکردنی خوێندکاری زانستی ـ بعثات علميه ـ لەهاوڵاتیانی جزیره بەبێ هیچ مەرجێك تەنها یەك مەرج نەبێت کە بەڵگەنامەیە وجێ بەجێکردنی ئەو نێردراوە بۆ ڕۆڵەی چینە هەژارەکان لەهاوڵاتیانی عەرەب.

7 ـ دامەزراندنی کێڵگەی کۆمەڵی هەرەوزی نمونەیی وپەیمانگەی بەرز لەجزیرەدا لەناوچە عەرەب نشینەکان بەبڕێکی زۆر دابەشکرابێت لەناویاندا بۆئەوەی خۆشەویستی کار بەدەست بهێنین و تووی بکەین لەناو بیرو بۆچونی ئەو هاوڵاتیانەداو یارمەتیان بدەین.

8 ـ دامەزراندنی قوتابخانەی کشتوکاڵی وپەیمانگەی بەرز لەناوجزیرەدا لەهەمان شێوە . ئەوە داواکاریە پەلەکانە لەئێستادا دەیخەینە بەردەستان بۆئەوەی ببێتە بناغەیەك یاخود بنەمایەك بێت بۆ بناغەی پلانێکی سەرتاسەری لەپێناوی ڕزگارکردنی کەسایەتی عەرەب لەجزیرەدا.

**((کەمە نەژادەکانی دیکەی ناو جزیرە))**

**1 ـ ئاشوریەکان :**

ئەم قەومانە لەساڵی ـ 1933 وە هاتنە دەڤەری سوریا بەفەرمانی نەتەوە یەکگرتوەکان، خۆیان دانیشتوی دەوروبەری موصل ی عراق بون لەکۆنەوە. مێژوی ئەوقەومە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ئاشوریەکانی کۆن کە لەکاتی بخۆیدا شارستانیەتێکیان دروستکرد لەوشارستانیانەی لەنێوان دوو ئاوەکەدا دروستبون لەنزیکەی (3500) ساڵ بەرلەزاینی ئەوانە پاشماوەی ئەو قەومە بەسەرچوەن.

ئەوقەومە پەیەوەندیەکی خراپیان هەبوو لەگەڵ عراقیەکاندا بەوەی لەشکری ئینگلیز پشتی پێ بەستبون وچەکداری کردبون وەك سەربازلەیەکەکانی خۆیاندا بەناوی (یەکەکانی نینوی) بەوپێیەی دەگونجێت لەگەڵ چاندنی تووی دووبەرەکی نێو هاوڵاتیان، دەستێکی ئێجگار گەورەو درێژیان هەبوو لەیارمەتیدانی ئینگلیز بۆ لێدانی عراقی عەرەبی. تائەوکاتەی لەکۆتاییدا ئینگلیز ناچاربوو بەوەی ئەویەکانە هەڵوەشێنێتەوە بەهۆی ویستی عراقیەکانەوە. ئیتر ئیستعماری ئینگلیزی دوای ئەوە بەوە کفایەتی هێنا بەدەسیسەو پلان ئاژاوە بنێتەوە لەناو عەرەبی عراقی و ئاشوریەکاندا تاکارگەشتە ئەوەی هەڵگەڕێنەوە بەرامبەر بەحوکومەتی عراقی کە شاڵاوێکی سەربازی کردە سەریان وناچاریکردن خاکی عراق جێبهێڵن. ئەوەبوو ئیستعماری ئینگلیزی ونەتەوە یەکگرتوەکانی ئەوە سەردەمە هیچ جێگەیەکیان بۆ نەدۆزرایەوە جگە لەسوریا بۆئەوەی ببێتە پەناگەیەك بۆیان، لەسەرەتادا لەناوچەی فیش خاپور وقەزای المالکیەی سەرسنور نیشتەجێ بون تائەو کاتە مار شمعون بۆیان تێکەوت وسەردانی لیژنەی نەتەوەیی کرد لەکاتی خۆیدا کە لەجنێف بوو ئەوەبوو دەزگای هەواڵگری خۆیانیان ئاگادرکردەوە وپێیان ڕاگەیاندن کەلەوکاتەدا نیشتەجێی دیر الزور بون کەناونرابوو (لاریست) داوای کۆمەڵەی نەتەوەکانیان پێ ڕاگەیاندن لەسوریا وەربگیرێن بەومەرجەی لەناوچەی خاپور نیشتەجێبن گوایە زەوی وزاریان دەدەنی بۆ نیشتەجێ بون وبەرهەم هێنان هەروەها کۆمڵەی نەتەوەکان هەرچی خەرجیەکی پێویستیان هەیە لەم بوارەدا بۆیان دابین دەکات ودەیگرێتە ئەستۆی خۆی. دوابەدوای ئەوەش نێردراوێك لەخودی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە هات وسەرپەرشتی کردن وناوچەیەکیان دابە ئاشوریەکان لەسەرکەناری خاپور نێوان حەسەکەو رأس العين وقەواڵەی سوریان پێیەخشین وخانوبەرەیان بۆ دروستکردن وهەرجی پێویستیەکی کشتوکاڵی کەرستەی دیکەش کەدەبوایە هەیانبوایە بۆیان جێ بەجێکردن لەسەر ئەرکی لیژنەی نەتەوەکان لەکۆتاییشدا لەسجلی نفوس ناونوسیان کردن.

پاشان لەساڵی - 1940 - نێردراوێك لەئەفسەرانی ئینگلیز هاتن وداوایان لەوئاشوریانە کرد کەکاتی خۆی سەربازبون لە لەشکری ئینگلیزیدا پەیوەندی بکەن بەلەشکرەوە هەندێکیان ئامادییان تیابوو ئیتر دوای جەنگ ئاشوریەکان گەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان لەخاپور.

بەپێشەواکەیان دەوترێت مەلیك. پێشەواکەیان ئێستا مەلیك یاقو کوڕی مەلیك اسماعیل، لەگوندی تل تمر نیشتەجێ یە لەمەرکەزی ناحیەکەو نزیکەی (500) خێزانی لەگەڵە بەکشتوکاڵیەوە خەریکن. کشتوکاڵی درخەت وباخ وڕەز، هەروەها گوندیان هەیە پێکەوەن لەناحەیەکەدا بەناوبانگترینیان تل نصري یە نزیکەی (300) خێزانن تل جمعەش نزیکەی (750) خێزانن لەگەڵ گوندی ام کیف نزیکەی (100) خێزانن، گوندی تل لیفجی نزیکەی (100) خێزانن هەرهەمویام خەریکی کاری کشتوکاڵی وڕەزو باخ وپەروەردەکردنی ئاژەڵن. هەروەها گوندی دیکە زۆرن وەك تل هرمز وام غرقان وتل عربوش، وتل مخاضە، وتل طال، لەگەڵ تل سکرة، وتل تل شمران وتل وردیات، لەم گوندانە نزیکەی (2000) خێزانی تیادەژی، هەروەها گوندی دیکەش هەیە خێزانەکانیان بەنزیکەی (800) خێزان مەزەنە دەکرێت.

ئەم توێژە بارودۆخێکی تایبەتی خۆیانیان هەیە خۆی دەبوایە عەرەب بن بەڵام تائێستاش شێوازی کیانی ئێستای خۆیانیان پارستوە ئەویش بەهۆی پیکەوە ژیانی بەکۆمەڵیانەوە هەیە هەروەها کەسانی تریشیان هەیە لەشاری حەسەکە دەژین. ئاینیان ئاینی مەسیحی کۆنە. بطریرکی عراقیان مطران قریاقس جێگری ئەودەکات قەشەی تایفەی سریانی کۆنی جزیرە، لەگەڵ الجاجان ی دراوسێیان پەیوەندیەکی خراپیان هەبوە بەڵام ئەمڕۆ پەیوەندیان باشترە، لەئەمرۆدا ئەم توێژە بێجگە لەسەروەری یاساو یاسایش شتێکی دیکە داواناکەن. زمان ونوسینی تایبەتی خۆیانیان هەیە هەروەها ئنجیلەکەشیان بەهەمان زمانە. پیتی نوسینی زمانەکەیان بەشێوەیەك کەمێك لەعبری دەچیت بەڵام لێوەی دوورە.

بەخەیاڵی خۆیان خەونی ئاشوری کۆن ختولکەیان دەدات بەڵام لەڕوی کردارەوە هیچ سەنگێکی سیاسیان نیە بەوپییەی کەمن دەکرێت بەتەعریب کردنیان لەنێو کیانی عەرەبدا بتوێنەوە. ئەگەربهاتایەو کۆ نەبونایە وەك ئەوەی هەیە دەمێك بوو لەناو کۆڕی عەرەبدا تواوبونەوە لەبەرئەوەی ئەوەش کاری ئیستعمارە. سەبارەت بەوان هیچ پێشنیارێکمان نیە بۆیان مادام ئەوان هیچ کارکردێکیان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان لەئێستاشدا هیچ هەوڵێکی لەوجۆرەیان نیە.

**2 - ئەرمەنیەکان**

مەسەلەی ئەرمەنیەکان لەڕوی مێژوییەوە زانراوە، بەدەوروبەری نیشتمانی ئەرمەندا جێگیربون ((هابازادان)) کە لەکۆنەوە بابەتی مشتومڕی نێوان ڕوسیاو عوسمانیەکان بوە، هەر لەوسەروبەندەدا بەکوشتوبڕی ئەرمەنیەکان کۆتایی پێهات لەلایەن تورکیاوە ئیتر بەشێکی زۆریان ڕەوی بەکۆمەڵیان کرد بەرەو وڵاتە عەرەبیەکان ولەشارە گەورەکاندا نیشتەجێ بون، حلب، بەیروت، بغداد، قایهرە، بەشێوەیەك مانەوە توانیان نەژادی خۆیان بپارێزن بەوەی قوتابخانەی نوێنی تایبەت بەخۆیان دامەزراند وڕۆژنامەو گۆڤاریان دەرکرد بەزمانی خۆیان کەداخوازی کیانی نەتەوەی ئەرمەنیان هەبوو، تا لەکۆتاییدا گەشتنە قۆناغی حزبی سیاسی ئەوەبوو حزبی ((الطاشناق)) هاتەکایەوە کە ناسراوبوو بە حزبی خۆبەختکەری نیشتمانیان ودژایەتیکردنی تورکەکانیان ڕاگەیاند تا وایان لێهات پشتیوانی مەسەلەی کورد بکەن لەدوای سەرهەڵدانی بزوتنەوەکەی شێخ سعید لەساڵی 1924 لەشاری دیاربەکرد. بەچەك وپارە یارمەتی کوردەکانیاندا نەك لەبەر خۆشەویستی کورد بەڵکوو لەقینی تورکیا. حزبی دوەمیشیان حزبی ((الهاشناق)) ە، کەئامانجی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نەتەوەی ئەرمەنە ئیتر لەسەردەستی هەردەوڵەتێك بیت ئەم حزبە مەیلی شیوعیەتی هەیە. حزبێکی دیکەش کەمۆرکی بێلایەنی لەخۆی گرتبوو بەشێوەیەکی ڕێژەیی لاوازن ئەویش حزبی ((خیزوك ە)) هەروەها حزبێکێش لە ((الطاشناق)) جیابۆوە پێدەڵێن (الدارونیة) دەگەڕیتەوە بۆ ناوچەی دارون کە کەوتۆتە نێو کێوی ساسون کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەرمەنن وکەوتۆتە خاکی تورکیاوە.

ئەرمەنیەکان لەجزیرەدا دابەشبون بەسەرشارە گەورەکاندا. قامیشلی، حەسەکەو شاری دیکە گەلێکی چالاك وئیشکەرن زۆرینەشیان خەریکی کاری میکانیکین. ئەم توێژە نەژادیەی جزیرە هێدی هێدی دەگۆڕێن بۆ توێژێکی ئاینی تایەفەیی.

هیچ مەترسیەکیان نیە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی لەجزیرەدا بەهۆی دابەشبونیان بەسەر ناوچەی جیاجیاداو بەهۆی کەمی ژمارەشیانەوە. تائێستاش قوتابخانەی تایبەتی خۆیانیان هەیە بەزمانی پاراوی خۆیان. ئەستەمیشە بتوانرێت لەناوببرێن لەبەرئەوەی پەیوەستن بەئەرمەنی ناوخۆی وڵاتەوە. لەژیانی ئابوریاندا دوورەوپەرێزن وگیریشن. لەجزیرەدا خوازیاری هێمنی وئاسایش وئارامین لەوەزیاترنا، وتمان ئاینیان مەسیحیە هەیانە ئەرمەنی ارثۆذکسن هەشیانە ئەرمەنی کاثۆلیکن هەروەها کڵێسای تایبەت بەخۆیانیان هەیەو مطرانەکانیان زیاتر پەیوەستن بە لوبنانەوە بەتایبەت انطلیاس.

**3 - کلدانەکان :**

توێژێکی زۆر کەمن هیچ گرنگیەکیان نیە لەچاو پاشماوەی کلدانەکان زۆرینەیان لەعراقن ئاینیان ئاینی مەسیحیە لەسەر مەزهەبی کۆن ونوێیانن بەوپێیەی کەمایەتیەکی نەژادین هیچ گرنگیەکیان نیە بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە لەسەرێکەوە لەسەرێکت دیکەشەوە بەهۆی پەیوەندی ئاینیانەوە دەتوانین بڵێین کە نەژادێکن تواونەتەوە لەناوکیانە ئاینیەکان ڕەگەزایەتیەکی ئەوتۆیان نەماوە.

**4 - الجاجان :**

ڕەچەڵەکیان چەرکەسین (الشرکسة) لەگەڵ هۆزە کوردەکان باسمانکردون بۆیە بەتایبەت لەپاڵ ئەواندا ناومان هێناون لەبەرئەوەی لەمێژوی خۆیاندا بەوەناسراون هەمیشە لایەنی کوردەکانیان گرتوە، چونکە بەجارێك بون بەکورد لەڕوی زمان وداب ونەریتیشەوە بەهۆی ئەوکەشەی لەکوردەوە ئاڵابون هیچ سەنگیان نیە لەڕوی سیاسی ونەتەوەییشەوە بەڵام ئەوەی هەیە لایەنی کوردەکان دەگرن لەداواکاریەکانیاندا. بەوپێیەی ئەمڕۆ لاوازن لەئێستادا لەچاو ڕابوردوو هیچ داواکاریەکیان نیە جگە لەسەروەری یاساو ئاسایش ئاینیان ئیسلامە. ژمارەیان کەمە زوربەیان لەناوکوردەکاندا دەژین.

**5 - جولەکەکان :**

بەڕەچەڵەك ئەوانە خەڵکی موصل وزاخۆ وجزیرەی ابن عمر. لەدەوروبەری (500) ساڵ لەمەوبەر بەمەبەستی کاری بازرگانی چون بۆنصیبین، لەسەردەمی ئەواندا بازرگانی لەنصیبین گەشەی سەندبوو. لەنصیبین ەوە بەرەو قامیشلی داخزاون لەوێ خانوبەرەی نیشتەجێ بونیان ئاوەدانکردبۆوە بۆخۆیان لەنزیکی چەمی جغجغ بازاڕی بازرگانیان کردەوەو ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لەبواری بازرگانیدا ژمارەیان بە (300) خێزان مەزنە دەکرێت بەشێکی زۆریان هەڵهاتن بۆ ئیسرائیل بەهاریکاری چەند ناپاکێك ئێستا ئەوان لەگشت ڕوویەکەوە هەموو شتێك دەیانگرێتەوە لەوێ. سەروەت وموڵکیان دەستی بەسەراگیراوەو لیژنەیەك سەرپەرشتی دەکات ودەبیات بەڕێوە. هیچ شتێکی ئەوتۆیان نیە شایەنی باس بێت.

## بەشی شەشەم

## دۆخی تایەفەیی وكاركردی بۆسەر لایەنە سیاسیەكانی لەپارێزگاری جزیرە

### تێروانینێكی گشتی :

ئەوەی بەشوێن مێژوی تایەفە ئاینیەكانی نێو جزیرەدا گەڕاوە بۆی دەردەكەوێت ئەو تایەفانە زوربەیان لەتوركیاوە هاتون ئەویش بەهۆی چەوساندنەوەیان لەلایەن توركیاوە لەڕوی چەوساندنەوەی ئاینیەوەو بەناوی ئاینیشەوە زوربەیان خەڵكی ناوچەی (ماردین) و (دیاربەكرن) بەشێكی زۆر كەمیشیان لەسەروی عراقەوە هاتون. بێجگە لەئیسلامە مەزهەب سونیەكان ئەوانە خۆیان دانیشتوانی ڕەسەنی پارێزگارەكەن.

ئەو تایەفانە لەشارەكانی جزیرەدا نیستەجێ بون كەپرە لەداینشتوان، وەك قامیشلی وحەسەكەو عامواداو درباسیە ورأس العین وهەندێ لەگوندە گەورەكانیش. ئەوانە دووچاری گرفتاربونی كەمی بون هەست بەكەمی خۆیان دەكەن لەڕوی چەوساندنەوەیانەوە لەلایەن توركە چەوسێنەرەكانەوە بەپلەی یەكەم تا ئیستعماری ڕۆژئاوایی هات وئەویش بەگوێرەی حوكمی خۆی لەسەر دووبەرەكی بەندە، هەندی ئیمتیازی تایبەتی پێ بەخشین نەك هەر لەجزیرەدا بەڵكوو لەسەرتاسەری سوریا وكەمێك بوژاندنیەوە لەسەر بنەمای پۆلین كردنیان دەرفەت وەرگرتن بۆ بەكارهێنان بەسودی خۆیان وئەوانیش سودیان لێكرد بەشێوەیەك لەناو تایەفە مەسیحیەكاندا زیاتر دەردەكەوێت زیاتر لەوەی بەلوبنانەوە دیارە هەروەك زانراوە ئیستعماری فەرەنسی بیرۆكەی نیشتمانی مەسیحیەكانی لەنێو لوبناندا وروژاندوە لەجزیرەشدا ئەوتایەفانە وەك ئەوانی دیكە بەخت وبەشێكی باشیان بەركەوت وچالاك بوو قوتابخانەو پەیمانگەو باخچەی ساوایانی تایبەتیش بەمەبەستی بڵاوكردنەوەو گەیاندنی هەر تایەفەیەك بۆ مەزهەبی خۆی تا سەردەمی سەربەخۆیی هاتە كایەوە، ئەوەبوو ئەوتایەفانە هەستیانكرد ئیمتیازەكانی خۆیانیان لەكیسچوە وچیتر فەڕەنسا بەسەرچاوەی هەناردەكردنی كاثۆلیكی نیە هەروەك ((تالیران)) وتی. بۆیە لەناوخۆیدا پوكایەوە ولەگەڵ وشیاربونەوەی ڕەوتی نەتەوەیی عەرەب هەستی نەتەوایەتی عەرەب لەنێو ژمارەیەكی زۆری ئەو تایەفانەدا ژیایەوە وهۆش خۆی هاتەوە ئیتر هەرپاشماوەیەكی كەڵكەبوو ودووبەرەكی كەرت كەرتبون هەیە بەجێیان هێشت ولەبیرخۆیانیان بردەوە ئەوەش لەنێو ڕیزی گەنجانا بوو بەڵام ڕەوتی كۆنی تەقلیدی وەك خۆپارێزی مایەوە وبەرەبەرە گۆڕانی بەسەرا دەهات بەڵام ئەوەبوو كارەساتی سەردەمی یەككرتنەوەی یەكەم و ڕەوشتی بێنەوبەرەی عبدالناصر وشێوازی گفتوگۆی لەمەڕ ئەوتایەفانە كەهۆكاری سەرەكی بوو بۆگەڕانەوەو بەگوێدانی ئەو مقۆمقۆی تایەفەگەری وگرژیەكانی سەرلەنوێ زیندوكردەوە بۆنمونە وەك ئەوەی لەگوێی كەمایەتیەكاندابوو سەبارەت بەئیستعماری توركی وچەوساندنەوەێ ئاینی كوشتوبڕی ساڵی 1868 ی لوبنان. بەباشی دەبینران هەڵهەڵەیان دەكێشاو پیرۆزبایی جیابونەوەیان كردو هەستی دوژمنانەی خۆیانیان دەربڕی بەرامبەر بەعبدالناصر هەستیان دەكرد ڕزگاریان بوە لەدەست دواڕۆژێكی تاریك وڕەش. دەڵێن بۆ یەكەمجار بوو لەجزیرە دەركەوتن وهەستوسۆزی خۆیان بەئاشكرا دەردەبڕی لەوەی پەیمانی داونەتی دوای (8) ی ئازار بەشێوەیەكی گشتی بەیەكاچونەوە پوكانەوە ئیتر دلخۆشی خۆیان دەرنەدەبڕی چونكە پێیان وابوە كە ئەتاتوركی دووەم هاتوە ولەناویان دەبات جارێكی دیكە تاباردۆخەكە وای لێهات كەلەئێستادا ڕازیبن بەشێوەیەك لەشێوەكان دەرحەق بە باردۆخی ئێستا لەدۆخێكی باشەوە بەرەو خۆخێكی باشتردەچن.

### مەزهەبە ئیسلامیەكان

#### 1 ـ سونیەكان :

زۆرینەی ئیسلامە نیشتەجێبوە ئیسلامیەكانی جزیرە سەربەمەزهەبی سونین سەرەڕای جیاوازی نەژادیان. عەشرەتە جۆراوجۆرەكانیش هەرهەمویان بەخۆیان وباڵەكانیانەوە سونین هەروەها ئەوانەش لەناوەوە هاتون كە خۆیان كەمایەتین لەدیر الزور وحلب وپارێزگارەكانی دەوروبەری نزیكەوە هاتون ئەوانەش سونین. لەبەرئەوە ئەوانە هەمویان خاوەنی

مەزهەبی باو وبەربڵاون. بەڵام ئەندامانی ئەم مەزهەبە لێکدابڕاون وبڵاوەن جیابونەتەوە نەفامی وهەژاری ونەداری وسیستەمی خێڵەکی زاڵ بوو بەسەر هەرمەزهەبێك وئاینێك کەهەیانە سەرەڕای دەستتێوەردان و وروژاندنی ئیخوان المسلمینیش هانیاندەدات بۆمیللی گەرایی ودووبەرەکی وبانگەوازی برایەتی نێوان ئەوان وکوردەکان دەکات بەبیانوی ئەوەی یەك ئاین ویەك مەزهەب کۆیان دەکاتەوە.. ئەم مەزهەبە هیچ ئاسەوارێکی ڕەوتی سیاسی باو ودیاری نیە لەناو جزیرەدا مەگەر ئەوگرژیانەی دیریە ـ الدیرین ـ کۆنە نەفامەکانی نیشتەجێی جزیرە نەبێت، هەڵوێستی کۆنیان هەیە لەگەڵ تایەفەکانی دیکەدا لەوانەی ئاینیان ئیسلام نیە زۆر ڕقیان لەمەسیحیەکان دەبێتەوە بەشێوەیەکی گشتی، پێیانوایە گوایە مەسیحیەکان ڕقیان لەعبدالناصرە لەبەرئەوەی ئیسلامە هەربۆیە وڵامی ئەوان بەشێوەیەکی هەڵە دەدەنەوە سەبارەت بەوبۆچونەی خۆیان. ئەودیریانە خۆیان مۆڵگای بڵاوبونەوەی ناکۆکی تایەفەیین چونکە نەفامی ونەخوێندەواری ڕۆڵێکی یارمەتیدەرە سەبارەت بەوداکۆکیەوە ڕوداوەکانی پێشوتریش لەسەردەمی جیابونەوەی جزیرە بۆ ئەوەی دەوڵەتێك پێکبهێنێت (24) لەڕابوردودا لیژنەیەك سەرپەرشتی دەکرد سەر بەفەڕەنسیەکان بون سەرانی ئەولیژنەیەش عبدالاحد قریو والیاس مرشو وعبدالعزیز المسلط وحاجو أغا کەلەوسەردەمەدا دەسەڵاتی بکوژو ببڕیان هەبوو سائیتر ئەوانە بەهۆکاری تۆڵەسەندنەوەی ڕابوردوو بوبێت وبەهۆکاری ئاینیشەوە هۆکاری سێهەمیش مەبەستی شاراوەی نەتەوەیی بووە، چونکە لەلای دیریەکانی نیشتەجێی جزیرە ئاین تێکەڵ دەبێت بەنەتەوایەتی وبەعەشرەت گەریشەوە لەبەرئەوەی ئەوانە بریتین لەکۆکتێلێك بنەماکەی بەندە بەدژایەتی کردنی تایەفەکانی دیکەی ناوجزیرە ئیتر بەهەرشێوەیەك بێت لەشێوەکان چونکە ئەودەستەواژەیە دەبێتە هۆکاری پەیوەندیەکی خراپ وناتەندروست بەدەست میللی گەراییەکانەوە بەڵام ئەمڕۆ کەمتربۆتەوە لەچاو ڕابوردودا چونکە بەشێکی زۆری گەنجە دیریەکان خوێندەوارن و وشیارترن ئەم هەڵوێستە بەهۆی کەم بایەخیەوە لەمەڕ ڕەوتە سیاسیەکان وێنەیەکی جوان پیشان نادات. هەروەها یارمەتیدەریشە بۆ لادان لەڕەوتی ڕەسەن.

توانیمان چارەسەری دیاردەی ئەم لایەنانە بکەین ئەویش بەئاراستەکردن وئاماژەکردن وکۆڕو سیمنیار کەیارمەتی ئەوجۆرە کەسانەی نێوهەمان توێژماندا لەگەنجانی وشیار کە لەسەرڕێگان بەرەو لەناوچون وکەمبونەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، چونکە ڕۆژگارو زانست وڕۆشنبیری وئاراستەکردن هۆکاری یارمەتیدەرن دەربارەی ڕونکردنەوەی ڕێبازی ڕەسەنی عەرەبی هەرچی پۆلین کاریەك هەیە لەڕوی دەرفەت وەرگرتن لە چاکی وساویلکەیی ئەوتوێژەوە ڕەتدەکاتەوە وبەرچی دەداتەوە چیتر ناتوانن سۆزو ساویلکەییان بەکاربهێنن لەلایەن مەیلە میللی گەراییەکانەوە. لەڕابوردودا هەرگیز نەتدەبینی لایەنێك بەسەر کوردەکاندا زاڵبێت وسەرکەوێت بەسەریانا بەهۆی ئاینەوە لەلایەن تایەفەکانی دیکەوە بەڵام ئەمڕۆ بەهیچ شێوەیەك ئەوبیروبۆچەنەت بەرچاوناکەوێت چونکە درکیان بەمەترسی هەڕەشەی کورد کردوە کەبە یەکەم مەترسی سەرەکی دادەنرێت ئەوەی لەتایەفەکان ماوەتەوە وخوازیارن بۆی تەنها سەروەری یاساو دەوڵەت وئاسایشە زیاترنا.

**یەزیدیەکان :**

یەزیدیەکان لەڕوی سیاسیەوە سەربەکوردو پارتین ئیتر بەهەرشێوەیەك بێت بەڵام ڕێژەی نەفامی ونەخوێندەواری وهەژاریەوە کە بەڕێژەیەکی زۆر بەربڵاوە لەناویاندا مۆرکی تاییفەیی بەسەراسەپاندون زیاتر لەمۆرکی کوردایەتی لەبەرئەوە سەبارەت بەوان پێگەو مۆڵگایەکی سەربەخۆیی سیاسین بەقەدەر یەك دانەمێرولە لانادەن لەخواستی سیاسی کوردەکان ئەم دەستەواژەیەش ناچارمان دەکات وەك تایەفەیەکی ئاینی لێکۆڵینەوەیان لەسەربکەین کە پەوەستن بەئیسلامەوە لەدواییدا لەئیسلام لایاندا بەوشێوەیە تاوەکوو بەوشێوەیە ببنە دەستەواژەیەکی شازی تەواو یاخود لەسەر ئاینی ئیسلام بون وبەوشێوەیە دەرکەوێت کەلەگەڵ ڕۆژگاردا بوبێتە ئاینێکی تایبەت بەخۆیان. (25)

ئەوانە لەدەوری کێوەکانی سنجارەوە جێگیربون بەشی هەرەگەورەشیان لەعراقن لەکاتێکدا بەشەکەی دیکەیان لەسوریان لەوناوچەیەدان کەتەواوکەری کێوەکانی سنجارە لەسوریا هەروەها هەندێ لەکەمایەتیەکانیان لەدەوروبەری خۆرهەلاتی

شاری حەسەکە بڵاوبونەتەوە ولەسەروی سەروی ڕۆژئاوای پارێزگاری حەسەکەوەن کەبەردەوام دوژمنایەتیان هەیە لەگەڵ هاولاتیە عەرەبەکان وەك الشرابیین وئەوانی تریان.

دەڵێن گوایە ئەوانە شەیتان پەرستن کەخۆیان بەزمانی کوردی ناویان ناوە (مەلیك طاووس) واتە مەلائیکە طاووس (ابلیس ی بەلەحنەت) پەرستگایەکیان هەیە لەکێوی سنجار ساڵانە بۆ مەرامی حەج ڕووی تێدەکەن پەرستگاکە ناونراوە پەرسگای شێخ (ادی) مەرجەعەکانیان لەبواری فەتوای ئاینەوەیە وەچەکانی شێخ رشیدن لەکێوی سنجار نیشتەجێن. ئەم خێزانە پیرۆزە بەسەر هەموو یەزیدیەکاندا دەگەڕێن کەبڵاوبونەتەوە بەدەوروبەری جزیرەدا هەموو ساڵێك گەشت دەکەن بەمەبەستی کۆکردنەوەی پیتاك بۆ تایەفەکە لەبۆنە ئاینیەکانیان بەشێوەیەکی نهێنی دەچێت بەڕێوە لەناوماڵەکانیاندا شێخی تایبەتمەند پەیکەرێکی مەلیکە طاووس دەگرێت بەدەستیەوە وئاراستەیان دەکات بریتیە لەپەیکەرێك لەشێوەی طاووس لەبرۆنز یاخود مس دروستکراوە بەپارچە کوتاڵێکی سەوز داپۆشراوە لەوساتەوە بۆنە ئاینیەکە دەستپێدەکات بەماچ کردنی پەیکەرەکە ئیتر هەریەکەیان بەگوێرەی توانای خۆی بڕێك پارەدات. شوێنکەوتوانی ئەم بیرۆکەیە زۆرینەیان پێك نەهێناوە لەجزیرەدا زۆر یەکانگیرن مرۆڤ چەند دۆستایەتی لەگەڵیاندا پتەوبێت ناتوانێت پەیبەرێت بەناخی ئەویەزیدیە هەرئەوەشە وای لێکردون لەناخی خۆیاندا لەڕووێ ئاین وبیرکردنەوەدا دوودڵ وڕاڕابن، هەروەها چەند هەوڵبدەیت ناتوانیت هیچ ڕەوتێکی سیاسیان تێبگەیت.

خۆیان بەتەنیا مەترسی دروست ناکەن بەڵام لەگەڵ کوردەکان مەترسی گەروە دروستدەکەن کە ئەویش مەترسی نەتەوایەتی کوردە، ئەم توێژە لەڕووی ئاینەوە بەرەونەمان دەچن لەجزیرەدا بەهۆی کەمی ژمارەو کەمی بڵاوبونەوەی زانست لەناویاندا. بۆیە ئەم مەزهەبە ئاسەواری بەرچاوی نیە، بەوەی لەئەمڕۆدا ڕێبازێکی دوژمنانەیان وەرگرتوە سەبارەت بەنەتەوەی عەرەبەوە لەگەڵ پارتیەکان کاردەکەن. پێشم وانیە کەخواش سودیان لێ بکات چونکە ئەوانە ئەوڵ وئاخر کوردن تەنانەت ئەگەربێتوو زانستیش لەناویانا بڵاوبێتەوە ئەوسا گەنجەکانیان دەبن بەکوردێکی بەبیروباوەڕ لەڕوانگەی بەپارتی بونیان وخۆشەویستیان بۆ نەتەوەی کورد چونکە لەڕوی چارەنوسەوە پەیوەستن بەکوردەکانەوە بەهۆی گرێدراوی زمان وڕەسەنەوە تەنانەت ئەگەر نکوڵیشی لێ بکەن.

**3 ـ خەزنەوەیەکان :**

دەگەڕێنەوە سەرڕەچەڵەکی وەچەی شێخ أحمدی خەزنەوی کورد یەکێکە لەشێخەکانی ڕێبازی نەقشبەندی بۆیە بەتایبەت ناومان نان خەزنەوی بەوپێیەی ئێمە دەیزانین ئەوە مەزهەبێکی ئیسلام نیە بەڵام هۆکاری ناونانەکەیان ئەومەترسیەیە کەلەنێو جزیرەدا هەیانە بۆیە ناچارکراین زیاڕەوی بکەین وبەوشێوەیە ناویان لێ بنێن، دانی پیادەنیم ئەو ناو لێ نانە تایبەتیە نەك گشتی.

مەترسی خەزنەوەی بەناوجزیرەدا بڵاوبۆتەوەو ڕێبازی نەقشبەندی بڵاودەکاتەوە لەناوخەڵکدا تەنانەت مریدو لایەنگری بەجۆرێك زیادیکردوە کوڕەکەی علاء الدین کوڕی شێخ احمدی خەزنەوی لەسەرتەختی پانوبەرین دانیشتوە لەعەرشی خۆیدایە کە پێیدەڵێن ((خەزنە)) لەناوچەی قامیشلی ئەو لەسەرتەختی ڕێبازەکە دانیشتوە لەگەڵ براکەی شێخ عزالدینی خەزنەوی ئێمە لەسەرتاوە باوەڕی تەواومان هەیە کەئەو ڕێبازە ئاینیە لەڕووی مەبدەئەوە ئیتر بەگشت شێوازەکانیەوە پەنابەرە بەسەر ئاینی ئیسلامەوە کەسانی میللی گەرای تێخزێنراوە لەمیللی گەراییە توندوتیژەکان کەکین وبوغزیان هەیە بەرامبەر بەعەرەب وئیسلام وعەرەب وەك نەتەوەی ئیسلامیش وەك ئاین بۆسەیان ناوەتەوە بونەتە نەخۆشیەکی بکوژ لەپاڵ ئاینی ئیسلامەوە کاردەکەن لەدوای ئەوەی سەریهەڵداوە وعەباسیەکان دوا خەلیفەکانیان بەخێویانکردن وپشتیوانیانکردن، ئەمە تەنها لەلایەنێکیەوەیە لەلایەنی دووەمیەوە ئەوانە خاوەنی ڕێبازنین وەك خۆیان بانگەوازی بۆدەکەن ئەگەرچی بەڕواڵەتیش شارەزایین بەڵام لەناخ ودەرونەوە شتێکی تریان شاردۆتەوە پێچەوانەی ڕاستیەکان دەردەخەن، مەجلیسی خەزنەوەی لەجزیرەدا بۆتە مەجلیسی پارتی توندڕەو. ئەوان لەمەسەلەی ئایندا هیچ نین ونیشیانە دەتوانم ئێستا شایەتیش بهێنمەوە بۆ ئەومەبەستە لەکاتی هەڵگەڕانەوەی بارزانی دا بانگی پیاوانی ئاینی کوردمان کرد تانکوڵی وناڕەزایی خۆیان دەرببڕن سەبارەت بەکردارەکانی بەرزانی بەوپێیەی پارتیەکی شیوعیە نەك ئیسلام کەچی

خەزنەوی ئەوەی ڕەتکردەوە داوای سەلماندنیکرد کە ئەوئیسلام نیە داوای ئەوەیکرد کە گوایە شەڕی نێوان ئیسلام بەوپێیەی خۆی دەیزانێت لەبەرژەوەندی ئیسلام نیە ئەگەربیتوو بابەتەکە بەدەست ئەوبێت بروسکەیەك ڕەوانەدەكات داوادەكات خوێنی مەسلمانان نەرژێت ونەشمان توانی ڕازی بکەین لەکاتێکدا ئەو توانی زۆرینەی شێخەکان بەپاساو گفتوگۆ ڕازی بکات.

ئەم زاتە لەمەجلیسی خۆیا دادەنیشیت، وئەوەی دێت ودەیەوێت ڕێبازەکە وەربگرێت پێویستە لەسەری بەرلەوەی بەچەند هەنگاوێك بیگاتێ لەسەر ئەژنۆچۆکدادات پاشان بەخشکە لەسەرپێ ودستەکانی بڕوات بەتەواوی وەك سەگ بەلاشیەوە گرنگ نیە ئەوەی هاتوە ئەگەر بشوەرێت، ئایا ئەوئەوەی ناوێت کەرێباز ناساندی یەزدانی ئاشکرابکات ئەوە کەمترین شتێکە کەدەیەوێت یاخود ویستبێتی بڕوانێتە دەرکەوتنی نوری یەزدانەکەی.

بەڵی من وتم خەزنەوی بەخۆی ونوێنەرانی وجێگرەکانیەوە کە لەجزیرەن وبەسەر کوردەکاندا بڵاوبونەتەوە بۆتە کۆڵەکەی بەهێزو پتەوی دووەم بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پارتیەتی شیوعی کەئەویش ڕۆڵی هەموو شتێك ئاشکرادەکات لەپاش هەموو ئاشکرا کردنێکی دیکە. کۆڵەکەی دووەمیش ناسراوە کە ئەویش : بارزانی ودارودەستەکەیەتی.

ئەوە کەسایەتیەکی ئێجگار پیسە پێویستە لەجزیرە هەڵکەندرێت بەزوترین کات ودووربخرێتەوە لەجێگەی خۆی کەخەریکی چالاکیە بەتایبەت لەم ڕۆژانەدا چونکە مەترسیەکانی بەجارێك هەڵئاوساون زۆر لەڕادەبەدەر مەترسیەکە گەورە بوە، ناشتوانین هیچی بەسەرا بسەلمێنین لەبەرئەوەی بانگەوازی ئاین وڕێبازەدەکات، تەنانەت ئەو زەکاتەش کە کۆدەکرێتەوە لەڕێی جێگرەکانیەوە جگە لەوەی زەکاتی پارتی بێت وبەنهێنی ڕەوانە دەکرێت بۆ چەتەکانی بارزانی هیچ شتێکی دیکە نیە دەتوانم بەسوربونەوە بڵێم ئەو بەرزانی دووەمەو خۆی لەژێر ناوی ئیسلامدا پەرەدپۆشکردوە لەجزیرەدا پێشنیاردەکەین لەجزیرە بگوێزرێتەوە وبخرێتە ژێر چاودێری نیشتەجێ بونی زۆرە ملێیەوە بۆ ناوچەیەکی دوورەدەستی چۆڵەوانی تاوەکوو لەناو دەچێت. (26)

## ئاینی مەسیحی :

دەتوانین ئەم ئاینە بکەین بەدوو بەشی گەورەوە لەجزیرەدا بەگوێرەی مەزهەبی ئەینیانەوە کەئەوانەش : یەکەم مەزهەبە خۆرهەڵاتیەکانن ئەم مەزهەبانەشی لێدەبێتەوە کەسەربەون کە ئەمانەن : 1 - سریان ارثۆذکس، 2 - روم ارثۆذکس، 3 - ارمنی ارثۆذکس، 4 - نسطوریین، دووەمیش : مەزهەبە ڕۆژئاواییەکان کە ئەم مەزهەبانەی لێدەبێتەوە کە ئەمانەن : 1 - سریان کاثۆلیك، 2 - روم کاثۆلیك، 3 - ارمنی کاثۆلیك، 4 - کلدان، 5 - پڕۆتستانت.

با هەرمەزهەبەو بەجیا دست پێبکەین یەکەم لەمەزهەبی خۆهەڵاتیەوە دەست پێدەکەین :

### 1 - سریانی ارثۆذکس

ئەم مەزهەبیان لەناوجزیرەدا زیاتری مەزهەبەکە بڵاوبۆتەوە شوێنکەوتوانی ئەم مەزهەبە 60 % پێکدێنن لەکۆی مەزهەبەکانی دیکە هەروەها شوێنکەوتوانی ئەم مەزهەبە لەتورکیاوە هاتون زۆرینەشیان لەماردین ودیاربەکرەوە هاتوە لەتورکیاوە دابەزیون لەدوای ئەوەی کمال ئەتاتورك سیاسەتی بەتورك کردنی پیادەکردو ئەوەی بەزمانی عەرەبی قسەی بکردایە یاخود پەیوست بوایە بەعەرەبەوە دەریدەکردن ناکۆکی ئاینیشی بچێتەسەر. بەتایبەت دوای ئەوەی کۆنگرەی لۆزان بڕیاریدا حەوت قەزاکە بلکنرێت بەکۆماری تورکیەوە سەرڕای ئەوکوشتوبڕیەی لاساڵی 1917 - 1918 لەتورکیا

بەرپاکرا کە لەکوشتوبڕیەکانی ساڵی 1868 ی لوبنان دەچوو. ئەم تایەفەیە لەڕوی هەست ونەستەوە لەگەڵ سیاسەتی خۆرهەڵات زیاتریەکدەگرنەوە نەك لەبەرخۆشەویستی شیوعیەت بەڵکوو لەترسی زاڵبونی ڕۆژئاوابوو بەوپێیەی سەرکەوتنەکان بۆفاتیکان دەبێت ئەگەر تایەفە ڕۆژئاواییەکان سەرکەون بەڵگەش بۆ ئەوەحزبی شیوعی زیاتر بڵاوە لەناو گەنجانی ئەوتایەفەدا لەچاو تایەفەکانی دیکەدا لەوانەیە ئەو ڕەفتارە لەبێ هەستیەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بەدڵنیاییەوە ئەوە داخزانێکی مەیترسیدارە سەبارەت بەوتایەفەیە چونکە بوغوزکینە کوێریاندەکات وڕێگردەبێت لەوەی ڕاستیەکان بەدیبکەن. بەڵام لەئەمڕۆدا کەماوەیەکی کەمی بەسەراتێپەڕیوە خەریکن لەڕاستی نەتەوەیی خۆیان دەگەن وخەریکە تەوژمێکی نەتەوەیی لەنێو ڕیزەکانیان دادەپۆشێت بەتایبەت لەنێو گەنجاندا کەهاندەدرێن لەلایەن سەرۆك تایەفە ڕۆحانیەکانیانەوە لەبەرئەوەی هەست و ویژدانی نەتەوەیی لەناخیاندا لەبزواندندایە لەماوەیەکی کەمەوە ئەوانە ئێستا لەقۆناغی هەستکردن و وشیاربونەوەدان، ئەوەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی زانست لەناویانا هەروەها ڕوشنبیریش لەزیادبوندایە زۆرینەشیان لەتایەفەکەدا حاڵیان باشە بەدەگمەن هەژارێکیان تیابەدی دەکەیت.

ئەوانە هەمویان لەشارە سەرەکیەکانی جزیرەدا جێگیربون وەك حەسەکەو قامیشلی وعامۆداو درباسیە ورأس العین وگوندی دیکە گەورە پێگەی کۆمەلایەتی خۆیانیان هەیە لەناوجزیرەدا. ئیستا مطران قریاقس پێشەوایەتیان دەکات کەجەمسەری مطرانیەکەی لەشاری حەسەکەیە هەروەها لەشارەکانی دیکەشدا کلێسایاو کادری ئاینی گەورەو قەشەو واعیزی ئاینیان هەیە زۆر پەیوەستن بەمەزهەبی خۆیانەوە، مطران قریاقس بەباوکی ڕۆحی وئاینیان دادەنرێت. بەڵام لەپێگەی باوکایەتیەوە وەك باوکی تایەفەکە بەگوێرەی حەدیسی شەریف هەڵسوکەت دەکات کەدەفەرمێت (بەجۆرێك کار بۆئەم دونیایەت بکە وابزانە بەردەوام دەژیت بەجۆرێکیش کار بۆ ڕۆژی زیندوبونەوت بکە وابزانە سبەینێ دەمریت). ئەو کار بەپەیرەوی ئاین دەکات سەبارەت بەتایەفەکەی وبۆ چەسپاندنی کیانەکەشی هەروەك پێیوابێت هەمیشەدەمێنێت ونەمرە لەهەمانکاتدا کار بۆ دوا ڕۆژی زیندوبونەوەش دەکات.

ئەم تایەفەیە قوتابخانەی تایبەتی خۆیانیان هەیە بەسەر شارەکانی جزیرەدا دابەش بوە دەکرێت دەوڵەت دست یارمەتی درێژبکات بۆ ئەو قوتابخانانە وکەسانی پسپۆرو مامۆستاو چاودێری نەتەوەییان بۆ دابین بکات بۆ ئەوە هەرچی پاشماوەی چەرخە کۆنەکان هەیە لەناوی بەرێت لەسەرخۆ ئەگەربێتو دەوڵەت بتوانێت بەچاکی ڕەفتاربکات لەگەڵ ئەوتایەفەیە ئەوا بەدڵنیاییەوە دەگاتە مەبەستی خۆی کەهەوڵی بۆ دەدات. (27)

### 2 - رومی أرثۆذکس

ئەوانە لەناوەوەی وڵاتەوە هاتون بۆ جزیرە کۆمەڵێکی کەمیشن بۆیە وایان لێهاتوە لکاون بەسریانی أرثۆذکسەوە بەهۆی لەیەکچونی مەزهەب وبۆنەی ئاینیەکانەوە. بەڵام ئەوەی هەیە بیرۆکەی نەتەوەیی ئەوانە زۆر ئاشکراو بەرچاوە لەچاو سریانەکانی دیکەدا ڕۆشنبیرەکانیان دەتوان بەرۆڵی خۆیان کاربکەنە گشت ئەندامانی کۆی ئەوتایەفەیە. بەگوێرەی ڕونی بیرۆکەی نەتەوەییان لەڕووی مەزهەربەوە هیچ گرنگیەکیان نیە ئەگەر هەرخۆیانبن بەڵام کیانی مەزهەبی خۆیان گرێدا بەکیانی سریانیە کۆنەکانەوە. بەڵام لەڕوی سیاسیەوە زۆرینەیان بەناوی نەتەوەی عەرەبەوە دەدوێن وەك سریانیەکۆنەکان لەزوربەی ناوچەکاندا دابەشبون. ژمارەیان ئێجگار کەمەو خۆزگە هاتنیان زیادی بکردایە لەناوەوە بۆ ئێرە ئەویش بەئاراستەکردن وئاماژەکردنەوە چونکە سودیان زیاتردەبێت.

### 3 - أرمنی أرثۆذکس

ئەم تایەفەیە لەڕوی جەوهەری مەزهەبی ئاینیەوە جیاوازنین لەسریان و روم تەنها لەزاراوەی بۆنە ئاینیەکانا نەبێت بۆنەکانی خۆیان بەزاراوەی ئەرمەنی دەخوێننەوە وك کەسایەتیش نەتەوەیین تیایانایە وەك مەزهەبی ئاینین چونکە مەزهەبی ئاینی خەریکە بەرەوکەمبونەوە دەڕوات لەئاست ڕەگەزی ئەرمەنیدا لێکۆڵینەوەکەمان سەبارەت بەم توێژە وەك خاڵێکی ڕەگەزی غەیرە عەرەب شیمان کردۆتەوە، هەروەها خەتی سیاسی ئەوکاتی ئەوانیشمان ڕوونکردۆتەوە.

**4 - نەسطوریەکان**

بەئاشوری ناودەبرێن ئاینیان مەزهەبی نسطوریە زۆرجاریش پێیان دەڵێن النساطرە سەرچاوەی سەرهەڵدانی مەزهەبی ئاینیان دیارە لەوەدا دەگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەی الرهای ئاینی پیپانوایە کە مەزهەبی خۆیان کۆنترین مەزهەبی مەسیحیە ژمارەیان خۆی دەدات لە دەوروبەری دەهەزار تا دوانگزەهەزار بەشێوەی تاك لێکۆڵینەوەمان لەسەرکردون لەبەرئەوەی دان نانێن بەعەرەبایەتیدا پێکهاتەیەکی تایبەتی خۆیانیان هەیە. لایەنی سیاسی ومەیلی ئەوانمان ئاشکراکرد لەکاتی خۆیدا لەڕووی مەزهەبەوە شوێن کەوتوی مطران یوسف ن لەعراق نیشتەجێیە لەشاری بغداد کەشووێن کەوتوی ئەم بطریرکە دورخاوەی ئەمەریکان لەدوای بزوتنەوەکەیان لەعراق کە لەساڵی 1933 دابوو، لەڕابوردوودا دەسەڵاتی ڕیگربوو لەوەی بچێتە ناوجزیرەوە جێگری مطرانەکەیان لەجزیرە مطران قریاقس ە لەکاروباری ئاینیاندا.

**5 - کلدنیەکان**

لێکۆڵینەوەی ئەم توێژە وەك ڕەگەزشیمان شیکردونەتەوە بەڵام وەك مەزهەب بەدابوڕەسمی ئاینی خۆیان شوێن کەوتوی مطران ستیفانوس بللو، ن، کە دانیشتوی شاری حلبە وسەرپەرشتیاری ئەم تایەفەیە لەسەرجەم ناوچەی سەروی سوریا تایەفەکە لەزوربەی ناوچەکانی جزیرەدا نیشتەجێن هەروەها لەسەرکەناری خاپوریش کەمێکیشیان لەناوچەی تل عربوش وگوندی دیکەدا دەژین ڕێژەیەکی زۆر کەمن لەناو مەزهەبەکانی دیکەی مەسیحیدا. دەرکەوتەوە کە ئەمانە سەر بەسریانی کاثۆلیکن.

**6- سریانە کاثۆلیکەکان :**

ئەوانە بەشی گرنگ وسەرەکی لەناو تایەفە ڕۆژئاواییەکاندا ڕێژەیەکی زۆر بەرزیش پێکدەهێنن لەناومەسیحیەکانی جزیرەدا لەدوای سریانی أرثۆذکسەوە شوێ نکەوتوی پاپای ڕۆمان ئەم توێژەش لەتورکیاو ناوچەعەرەب نشێنەکانی تورکیا هاتون عەرەبن ولەگەڵ مەسیحیەکانی دیکە هاتون سەرپەرشتیاری ئەم تەیەفەیە مطران ((حنا کروم)) ە مەرکەزی نیشتەجێ بونی شاری حەسەکەیە، جیاوازی ئەم تایەفەیە لەبەربڵاوی زانست وڕۆشنبیریدایە بەشێوەیەکی زۆر لەچاو تایەفەی سریانی أرثۆذکس هەروەها بەزۆری کادری بەتواناو زۆری قەشەیە کڵێساو قوتابخانەی تایبەتی خۆیانیان هەیە تەنانەت باخچەی ساوایانیش وەك تایەفە دەوڵەمەندترن لەڕوی مادیەوە لەچاو سریانی کۆن ڕێکخستنێکی وردو کارامەیان هەیەزۆر سەرقاڵن بەزانستەوە قەشەکانیان زۆر ڕۆشنبیتریشن ڕۆشنبیریەکی بەرز بەجۆرێکە خاوەن ڕشتەی زانستی زۆریان تیابەدی دەکرێت. زۆر پەیوەستن بە ئاین یان مەزهەبەوە هەرچی ئاسایشی خۆیان هەیە تەنانەت ژیانیشیان دەبەخشن لەپێناویا تواناى تێگەشتن وگەشەکردندا خێرایان تیایەکراوەو ئازادن، ڕقیان لە تورك وعبدالناصرو کوردیشە. لەئەمڕۆدا هێچ مەترسیەکیان لەسەرنیە لایەنگری بارودۆخی ئێستادەکەن هەروەها ڕقیان لەشیوعیەتەو بەرەنگاری دەبنەوە بەرەنگاربونەوەیەکی ئێجگار توند لەبەرئەوەی هەڕەشەدەکاتە سەربنەما ئاینیەکانیان هەربۆیە زۆر بەدەگمەن شیوعیەك بەدیدەکەین لەناو گەنجانیانا لەچاو ئەوەی بێشك یەکێکت هەردەستدەکەوێت سەر بەپاشماوەی حزبی نەتەوەیی سوریا بێت لەناو تایەفەکەدا. وەك ئەوانی دیکە داواکاری هیچ نین جگە لەسەروەری یاساو ئاسایش ئەمە لەدوای داواکاریەکانی خۆیانەوە دێت کە بریتیە لەجێگیربون لەکاروباری تایبەتی خۆیاناو ئازادی لەبۆنە ئاینیەکانیان.

**7 - ڕومی کاثۆلیك**

لەناوەوەی وڵات هاتون وئەوانیش وەك رومی أرثۆذکس گرێدراون بەسریانی کاثۆلیکەوە بەهۆی لەیەکچونی بۆنە ئاینیەکانیانەوە بەوپێیەی ئەوان کەمتر بیری نەتەوەییان پێوە دیارە لەچاو ئەوانەی دیکە لەناوەوەو هاتون لە رومە أرثۆذکسەکان ئەوەی ئاشکراشە کە دەرکەتنی هەستی نەتەوەیی لەلای سریانی کاثۆلیکی نیشتەجێی جزیرە بەدەگمەنی خۆشیەوە زۆر ئاشکراترە لەچاو ئەوانەی لەناوەوە هاتون. ئەوەش دیاردەیەکی پێچەوانەیە لەچاو دیاردەی یەکەم.

**8 ـ ئەرمەنی کاثۆلیك :**

تایەفەیەکی سەربەخۆن شوێنکەوتوی مطران حنا جناجي ن کەنیشتەجێی قامیشلویە ئێستا. لەبۆنە ئاینیەکانیاندا لەگەڵ سریانی کاثۆلێك ڕێکدەکەون بەجیاوازی زاراوەی بونەکانیان ئەوانیش شوێنکەوتوی پاپان تایەفەیەکی ڕۆژئاوایین. وەك پێکهاتەی ڕەگەزیش ئەرمەنن. ئەمانیش ولەگەڵ مەزهەبی دیکەدا لکۆڵینەوەمان لەسەرکردون لەبەشی ڕەگەزە کەمایەتیەکانن.

**ئنجیلیەکان**

کۆمەڵی پرۆتستانتن کۆمەڵەی زۆرو جیاوازیان هەیە ماوەیەکە هاونەتە خۆرهەڵاتی عەرەبیەوە، ئەوانە بەئنجیلی مەسیح نەبێت باوەڕ بەهیچی دیکە ناکەن لەڕووی مەزهەبیەوە کەمێك لەوەهابیەکانی ئیسلام دەچن بۆیە ناویان ناون ڕووپۆشەکان کە وشەیەکە وەرگێراوی پرۆتستانتە. خاوەنی ئەم مەزهەبە قەشەی ئەڵمانی بەناوبانگە (لوثر). وڵاتە یەکگرتوەکان ئەم مەزهەبەیان چەسپاندو وەك ئاین باوەڕیان پێهێناو نێردراوی خۆیان نارده خۆرهەڵاتی عەرەبی ئەوەبوو پەیمانگەو زانکۆ وشێوازی دیکەی ئاین ومەزهەبییان کردەوە. بەڵام ئەم مەزهەبە لەناوجزیرەدا ژمارەیان کەمە گرنگیەکی ئەوتۆیان نیە لەسیاسەتدا. سەرپەرشتیاری ئەم تایەفەیە لەسەرتاسەری جزیرەدا قەشە جمیل طنوس ە بەخوێن هەست ونەست وئاراستەیەوە عەرەبە بەڕەسەن خەڵکی حورانە.

لەڕووی پارەوە ئەو تایەفەیە لەئەمەریکاوە یارمەتیدەدرا ئەمڕۆ سەربەخۆن نێردراوی ئەمەریکیان نیە، کڵێسای نیشتمانی ئنجیلیان دروستکردوە زۆرینەی ڕۆشنکەرەوەکانیان وقەشەکانیان عەرەبن بەهەموو شێوەیەك پەیوەندیان بڕیوە لەگەڵ ڕۆژئاوییەکان. بەڵام ئیستا بارودۆخیان خراپ بوە وایان لێهاتوە هەر کڵێسایەو پشتی بەستوە بەسەرپەرشتیکاری خۆیەوە.

ئەم تایەفەیە لەجزیرەدا بەکەمی خۆشیانەوە سیاسەت ناکەن بەڵام لایەنگری ڕەوتی ئێستان بەتایبەت گەربێتوو دێوزمەی شێوعیەت وناصریەکانیان لێ دوربکەوێتەوە لەڕوانگەیەوەکە زۆر قینیان لەشیوعیەت دەبیتەوە لەسریانە کاثۆلیکەکان دەچن وهاوڕان کڵێساو قوتابخانەی خۆیانیان لەشاری قامیشلی وحەسەکەدا هەیە. لەڕووی دابەشبونەوە بەسەر گوندەکاندا لاوازە ئەوەندە نیەو ژمارەیان زۆر کەمە 5% پێکناهێنن لەناوتایەفە مەسیحیەکان تردا. بۆنەکانیان بەزمانی عەرەبی دەڵێنەوەو لەقوتابخانەکانیشیاندا بەزمانی عەرەبی فێردەبن.

**ئاینی جولەکە**

دەربارەی جولەکەکان وەك ڕەگەز باسمان کردون ئەستەمە جیوازی بکرێت لەناو ئەوانەدا لەنێو ڕەگەزو ئاینیان هەروەها وتیشمان کە کەمایەتیەکی ئێجگار زۆرکەمن وتەنها لەشاری قامیشلی هەن بەتەواوی سڕن وهەوڵدەدەن هەڵبێن بەرەو ئیسرائیل. پێدەچێت حزبی شهود یهوا لەنێو ئەم ئاینەدا بڵاوبێت باری مادیان لەخراپ خراپترە. ڕێبازی سیاسیان بەکینەن شکی تیانیە بەهیچ شێوەیەك بەڵام لەڕووی زانستیەوە هەرگیز گرنگیان نیە.

**بارودۆخی کۆمەڵایەتی باو لەپارێزگاری جزیرەدا**

لێکۆڵینەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەدوای هەموو ئەوبەشانەی لەمەوبەر ڕەتبوو خەتەپانەکانی پەیوەندی باوی کۆمەڵایەتیمان بۆ دەردەخات. لەدەسپێکی لێکۆڵینەوەکەماندا ئاماژەمان بەوەکرد کەکۆمەڵگای جزیرە کۆمەڵگایەکی بەیەکا هەڵپرژاوە لەڕووی ڕەگەزو تایەفەیی وخێڵەکیشەوە هەروەها لەڕووی زمانیشەوە، بەجۆرێکە هەر ڕەگەزێك لەوڕەگەزانە نەریتی تایبەتی ومۆرکی تایبەتی خۆی هەیە، کوردەکان بەجیاواز دەژین بەخۆیان وداب ونەریت وزمانی

تایبەتی خۆیان هەروەها ئەرمەنیەکانیش وەك ئەوانن ئاشوری وکلدان وسریان وعەرەب ورەگەزی دیکەش. دانیشتوانانی جزیرە بەجیاوازیانەوە دۆستایەتی لاوازە لەناویاندا بەشێوەیەك کۆمەڵگاکە کتلەی تایبەتی دروستکردوە بەسەرخۆشیا سەرکەوتوە خودی ڕەگەزی عەرەب بەهەموو مەزنەیەکی تایبەتی خۆیەوە بۆمەسەلەی دۆستایەتی تەنانەت لەئاستی بەرزو دەوڵەمەندیشدا خەریکە لەمانای دۆستایەتی لادەدات هیچ پەیوەندیەك نیە کە مەبەستێك یان ئامانجێك یاخود سودێکی مادی بەدواوە نەبێت ئەوانیش لەپەیوەندیەکانیاندا ملکەچی یەك هۆکارن ئەویش پەیوەدی ئابوریە وەك کشتوکاڵی وبازرگانی یاخود هەر هۆکارێکی دیکەی مادی بێت.

هەربۆیە دەبینیت خاڵی پێکەوەیی وخۆشەویستی لەناویاندا زۆرکزە ئەمە ئەگەربێتوو هەرنەسڕابێتەوە لەبنەچەوە تەنانەت ئەگەر هەشبێت لەسەرەتاوە هەستی پێبکەیت ئەوەتەنها ڕیاییەو ڕووی دەرەوەیەتی ئای چەند چاڵ هەڵکەندن هەیە کەچاڵ بۆیەکتری هەڵدەکەنن لەناو خۆیاندا هەم وەك ڕەگەزو هەم وەك خێزان وپەیوەندی دیکەش. کەم باوەڕیان بەیەکتری هەیە لەناوخۆیاندا، زۆر لەیەکتری دەخوێنن ئەم شێوازە لەناوشارەکاندا زۆر بەباشتر خۆی دەردەخات بۆ نمونە، وەك قامیشلی کەهیچ پێشەنگێکی نیە جگە لە لیژنەی نەتەوەکان نەبێت لەکاتێکدا لیژنەی نەتەوەکان پەیوەندیەکی تایبەتمەندی هەیە بەڵام ئەمەیان بەبێ پەیوەندیە مەگەر خوا بۆخۆی بەرژەوندیەك ڕێکبخات وسەربگرێت یاخود شتێکی لەوجۆرە بەمەبەستێکی مادی لەوشارەش کەمتر شاری حەسەکەیە خەسڵەتی عەرەب بونی خۆی پێوە دیارە کێشەشی کەمترە، بەڵام عاموداو درباسیەو شاری تری وەك مالکیە کەناوچەی کوردەکانە بەهەموو شێوەیەك کاردەکەن وتێدەکۆشن بۆبەرنگاریکردن وشەڕکردن لەگەڵ عەرەب.

بەهیچ شێوەیەك ناتوانیت پاکیەکی سروشتی ببینیت مەگەر لەگوندە عەرەب نشینەکانا نەبێت بەڵام بەدوور لەشێخ ومشایخ هاوشێوەی ئەوانە ! ئەوانە کەرەستەی خاو وچاکەو بەخشندەیین تائەوپەڕی ئاستی پاکی بەهەموو ڕەفتارێکیانەوە پاك وبێگەردو ساویلکەن عەرەبی ڕەسەنن بەڵام بەڵاو نەهامەتی ئەوانە هەژاری وزاڵبونی شێخە عەرەبەکانە بەسەریانا بۆیە سەوبارەت بەوانە پێشنیاری بایەخدانیان بۆدەکەین چونکە ئەوڵ وئاخر تەنها ئەوانە چاوەڕێی چاکەیان لێدەکرێت ئەمە ئەگەربێتوو دەوڵەت باشبێت لەگەڵیاناو ڕزگاریانبکات لەدەست شێخەکانیان وجێگیریان بکات لەسەرخاکی عەرەب وفێربکرێن. چونکە شێخیش وەك هەموو مرۆڤێکی دیکەیە ئەو تواناو دەسەڵاتەی نیە. ئەوەش نایەتەدی تاوەکوو زانست و ڕۆشنبیری لەناویانا بڵاونەبێتەوە لەپێناوی ئەوەی لەدوارۆژا ببنە زەخیرەی دواڕۆژی درەوشاوەی عەرەب.

**دەزگای دەوڵەت لەجزیرە**

دەزگای دەوڵەت لەپارێزگاری جزیرەدا جێرۆکێکی دوورو درێژە بۆخۆی بەش بەحاڵی خۆم ڕێگەبەخۆم نادەم بچمە نێو وردەکاریەکانیەوە تەنها بەدەرخستنی خەتەپانەکانی دەزگا کۆتایی پێ دەهێنم. هەرلەپێشەوە دەیڵێم کەگوناحەکەی لەسەر ئەستۆی ئەو دەزگایە نیە ئەوەندەی دەکەوێتە سەر شانی دەوڵەت خۆی.

بەگوێرەی زانیاری حوکومەتەکانی ڕابوردوو بەناوچەیەکی بێ پیت لەقەڵەم دراوە،بۆیە پێویست ناکات بایەخی پێ بدرێت وپێوەی خەریکبین لەوەدەچێت زمان حاڵەکەیان بیەوێت بڵێت، هەروەك چۆن خەلیفەیەکی عەباسی لەدواهەمین دەوڵتیانا وتی (من بغدادم بەسە) ئەوانیش دەڵێن دمشق یان بەسە بەزۆری نازانن بۆخۆیان چونکە خۆیان چینێکی تایبەمەندن سەردەمێك فەرمانڕەوایەتیان کردوە بۆچی مەگەر بەرژەوەندی خۆیان وچینەکەیان دابین نەکراوە بۆیان ئیتر چ پێوستدەکات لوتی خۆیان لەپارێزگارێکی بێ پیتەوە وەردەن وخۆیان ماندوبکەن کەهیچ دەستکەوتێکی لێ وەبەرنایەت. ئەمەقسەی بەشە چاکەکانیانە ئەمەئەگەر چاکیان تیابوبێت هەرچی بەشە گڵاوەکەشە ئەوا لەگەڵ بەشی یەکمیان ڕێکدەکەوێت بەڵام بەپلانێکی داڕێژراو بۆئەوەی بتوانن ئەم پارێزگارەی ئەم وڵاتە پشتگوێبخەن تاکەوتە سەر لێواری قڵێشکی داتەپیو. بەڵێ : لەم ساتەدا کەخەریکی نوسینەوەی ئەم دێرانەم هیچم لەدەست نایەت جگە لەوەی هەناسە هەڵکێشم بۆ خەڵکی ئەم پارێزگارە کەچی بەسەراهاتوە لەدەردو بەڵاو نەخۆشی پشگوێخستنی بەئەنقەست یاخود بێ

قەستیش لەلایەن هەموو حوکومەتەکانی ڕابوردوەوە هەتا شۆڕشی 8 ی ئازار داهێنەری شۆڕشی سەربەستی سۆشیالیستی ویەکیەتی عەرەبیش، پارێزگارەکە هیچی پێ نەگەشتوە جگە ڕەشێنە نەبێت هیچشی بۆ نەکراوە هێشتا. زۆرینەی کارمەندانی دەزگای دەوڵەت ڕۆڵەی ئەم شارەن کەداهاتیان براوە تەنانەت لەسەریان نوسراوە ماوەی دوورخستنەوەیان بەرنەسەر کە بەپیاسای ئەو دەستورەی کە لەدەسەڵاتەوە دەردەچێت یاخود لەوانەبون کەبەخت یاریان بوە لەکەسانی ئینتهازی کەفەرمانبەربون لەناوەوە وکەسێکی دیکە نەخۆشیە تایبەتیەکانیانی (گەندەڵی) ئاشکراکردوە هەرلەبەرتیل وپشتگوێخستن وخاوەخاوکردن لەکارەکانیان یاخود بەهۆی ڕێکنەکەوتنی باری دەرونی سەرۆك وکارمەندبوبێت ئیتر ئەوڕۆژە ڕۆژی بەختی ئەوکەسە بوە کەڕزگاری بوەو بۆماوەیەك و ڕۆژگار بەدەمیەوە پێکەنیوە وسەرۆك بەدەستوخەتی خۆی بۆی نوسیوە (بگوێزرێتەوە بۆ پارێزگاری جزیرە) تاشارەکە وای لێهات ببێتە مۆڵگای جۆرەها شێوازی دەرونی وتێکەڵ وپێکەڵی ناجوارجۆری تیا کۆبۆتەوە هەمویان لەڕووی دەرونیەوە نەخۆشن بەڵام بەپێچەوانەی خۆیان ئیدعادەکەن هەروەك پاڵەوانانی (دون کیشۆت) ی جزیرە بن بەئارەزوی خۆیان دەخۆن ودەدزن نەکەس لێیان دەپرسێتەوە ونەچاودێریش دەکرێن کەچی زمان حاڵەکانیشیان دەڵێن بۆ جێگەیەکی دیکە هەیە لەناو دەوڵەتا لەم جێیە خراپتربێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم جێگە زۆر خراپە چەند خێرو دەستکەوتی باشی تیایە لەخیروخێرات ودەستی پڕ لەدیاری لەئۆتۆمبیلی گران بەهاو دیاری وەك ئیرکوندەیشنی ناوماڵ سەلاجەو پانکەو ئەم هەموو شتانە بێجگە لەپارەو کشتوکاڵی وپڕۆژەی تایبەتی بۆ ئەو فەرمانبەرە لەخۆباییەی کەهەرچی سیستەمی کارو ویژدان هەیە تێکیداوە بەسەریەکا ئەو فەرمانبەرە بەجۆرێك ڕەفتاردەکات تەنها خەمی ئەوەی هەیە چەنێك بتوانێت پارەکۆبکاتەوە یاخود بیدزێت بۆپاشە ڕۆژی پیری خۆی چونکە ناوچاکە کسی نیە لێی بەرپرسبێت.

لەوانەیە بڵێن ئەم قسانە چەند زیارەوی تیایە بەڵام خاوەنی ئەم قسانە لەهەموو ساتێکدا دەتوانێت بیسەلمێنێت چی وتوەو چی ڕویداوە بە بەڵگە ودۆکمینتەوە کەسەلمێنەربێت ڕاستی قەکانیش دەردەخات.

بەڵێ فەرمانبەری جزیرە بەشێوەیەکی گشتی ئەوە بەدەرفەتێکی ئاڵتونی دەزانێت فریودانیش زۆرە سەبارەت بەو بۆچونە دەڵێن حەقی خۆیەتی دوای ماندبونی کار وڕۆتینی وەزیفە بتوانێت پشوبکات وبەلای کاری خۆیەوە بڕوات تابتوانێت هەرچی ئارەزویەکی خۆی هەیە جێ بەجێی بکات.

نەجزیرە خۆی توانای هەیە نەوەیەك پێك بهێنێت تاوەکوو بتوانن خزمەتی شارەکەبکەن ونە ئەوانەش ڕوویان تێکردوە حەزیان لەوەیە خزمەتی بکەن هەروەك بڵێیت پارچەیەك نەبێت لەخاکی ئەم نیشتمانە شیرینەمان. کەسانێك شایەتی ئەم قسانە دەدەن لەوکەسە باشانە بون کەماوەیەك لەجزیرەدا ژیاون بەهۆی دوورخستنەوەیان لەوەزیفەو خزمەتی ئەم دەڤەرەیان کردوە. چاویان لەسزادانەکەی خۆیان نوقاندوە کەتێوەی گلابون تائێستاش هەندی لەوکارانەی کردویانە لەدەوروبەری جزیرەدا کارەکان شایەتیان بۆ دەدەن.

بەڵێ : ئەستەمە زۆریش ئەستەمە کەبڵێین دەزگای دەوڵەتی لەجزیرە خوازیارو هاندەری داخوازیەکانی نەتەوەی عەرەب بێت، چۆن بەوشێوەیە دەبێت ئەرگەربێتو ئەوە حاڵیان بێت. بێجگە لەوەش دەزگا بەسەروبەریەوە کەوتۆتە داوێکەوە لەڕاستیا هیچ دەربازبونی نیە چونکە کەوتونەتە داوی دەربەگو میللی گەراییەوە بەدڵنیاییشەوە خۆیان ڕازین بەوداوە ئاڵتونیە، کەوابوو ئەوانە خۆیان خزمەتکارو داردەستی ئەوتوێژە قین لەدڵ ونەفامەن وبەرردەوام دەرگای ئۆفیسەکان کراوەیە بەڕوی ئەو چینە دەوڵەمەندە کەچی بەردەوام داخراوە بەڕووی ئەوانەی پێیان دەڵێن سپڵەکانی گەل لەڕاستیدا ئەوانە پیرۆزترو وەمەردترن لەتوێژی یەکەم. ئەمە حاڵەکەیەو تائێستاش پاشماوەی ئەوبارودۆخە وەك خۆی ماوەتەوە لەزوربەی دەزگاکانی دەوڵەتدا. بەوپێیەی ڕەسەنەکانی گەل ئەوانەی سەرکردەی شۆڕش وپارێزەریشیەتی هێشتا دوورە لەدەسەڵاتەوە تابتوانێت جڵەوی دەسەڵاتەکە بگرێتەدەست هیچ ڕۆژێکیش وەك ئەمڕۆ نابێتەوە وگونجاویش نیە بۆئەوەی ئەوچینەی گەل هەستبکات شۆڕش شۆڕشی خۆیەتی وحوکومرانی حوکمی خۆیەتی لەدوای ئەوەی دوژمنانی دەوڵەت دەرکەوتن کێن وکێ نین، ئەوەش نایەتەدی تەنها بەم خاڵانەی خوارەوە نەبێت : (28)

1 ـ هەڵبژاردن وبژاركردنی سەرجەم دەزگاكانی دەوڵەت لەجزیرەدا هەڵبژاردنێكی تایبەت پشت ببەستێت بەگەنجانی بەبیروباوەڕ لەوانەی باوەڕیان بەپەیامی ئەم گەلە هەیەو بۆ لەناوبردنی هەموو دەزگا كۆنەكە.

2 ـ پەروەردەكردنی هەموو گەنجانی جزیرە وبایەخیان پێبدرێت وڕەوانە بكرێن بۆ دەرەوە بەمەبەستی زانست بەدەستهێنان بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن هەڵسن بەڕۆڵی خۆیان وپەیامی خۆیان بڵاوبكەنەوە وهەرچیەكیان هەیە بیبەخشن بەوڵات لەدوا ڕۆژا.

3 ـ بایەخدان بەدەزگای ئاسایش بەشێوەیەكی تایبەتی لەگشت ئاستێكا بەتایبەت ئاستە نزمەكان بایەخی تایبەتیان پێبدرێت چونكە ئەوانە ڕووی دەوڵەتن ولەبەرئەوەش كەدەزگای ئێستا هەرگیز گونجاونیەو ئەگەرنەڵێین زەرەرمەندو بارە بەسەردەوڵەت وپارێزگارەكەوە.

4 ـ بایەخدان بەدەزگای چاكسازی كشتوكاڵی بەشێوەیەكی تایبەتی ولەگشت ئاستێكیەوە لەبەرئەوەی ئەو بوارە خاوەنی گەێنەری ڕاستەقینەیە لەگەڵ جوتیارە بچوكەكان.

5 ـ بایەخدان بەدەزگای بانكی كشتوكاڵی وبانكەكانی دیكە بەشێوەیەكی تایبەتی ولەگشت ئاستێكاو كردنەوەی بەڕووی جوتیارە بچوكەكان وداخستنی بەڕووی چینی دەوڵەمەند لەبەرئەوەی ڕۆڵیان كۆتایی پێهات وبینیشمان چەند خزمەتی ئەم وڵاتەیان كرد لەڕابوردوودا چونكە ئەوانە خۆیان بەبێ یارمەتی بانكەكان توانیان هەیە كاربكەن. بێجگەلەوەش دەزگای ئێستا توانای هێچ جوڵەیەكی نیە لەوبانكانەدا لەبەرئەوەی خۆیان بەكرێگیراو ودەلاڵی ئەو چینە دەوڵەمەندەن ئێستا.

6 ـ بایەخدان بەدەزگای بەرژەوەندی كشتوكاڵی بەشێوەیەكی تایبەتی لەبەرئەوەی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ لەپەیوەندیایە لەگەڵ جوتیاران وگۆڕێنی چەند بكرێت لەفەرمانبەرانی.

بەڵێ دەرگای پێشنیار زۆر گەورەو بەرفراوانە لەم بوارەدا بەكورتی دەربارەی دەوڵەت لەناو جزیرەدا دەڵێم بارن بەسەردەوڵەتەوە ئەمەئەگەر لەڕەفتاریانا دژی نەبن بەشێوەیەكی گشتی بەكورتی ئەمە بارودۆخەكەیە هەروەها دڵسۆزانی دەزگای دەوڵەتیش زۆركەمن هەروەها كەسانی وشیاریریش كەمن. یەكەم ئەگەر دەوڵەت بیەوێت نەكەوێتە بەلاو نەهامەتی كۆستی نەتەوەییەوە، دووەم ئەگەر ئەم دەڤەرە بێ بەش نەكرێت لەوخزمەتگوزاریانە كەپێیان ڕەوایە : بابەزەیی بێتەوە بەم دەڤەرەداو دەستهەڵگرێت لەڕەوانەكردنی ئەوجۆرە فەرمانبەرانەی ڕابوردوو بەشێوەیەكی بنەبڕ، پێویستیشە بەشێوەیەكی تایبەتی بەدانوسقەیی هەڵبژێردرێن، واتە دەبێت ئایەتەكان سەرلەبەر هەڵگێردرێتەوە ویەكسەر دەوڵەت دەستبكات بەدانانی نەخشەیەكی ڕوون وئاشكراو حاڵەتە دابڕاوەكان پێكەوە بلكێنێتەوە سەبارەت بەوخاڵە ڕەشانەی نێوان گەل ودەسەڵاتدارانی دەوڵەت بۆئەوەی گەل لێرە لەجزیرەدا لەوەبگات كەدەسەڵات لەخزمەتی ئەواندایە نەك باربێت بەسەریەوە هەروەها پێویستە لەسەری تێبینی جیاوازی نێوان دەسەڵاتی ڕابوردوو وئێستا بكات.

ئێمە خوازیارو داواكارین لەدەوڵەت بەلانی كەم ڕۆژێك لەحەفتەدا تەرخان بكات وناوی بنێن ڕۆژی جزیرە كەگفتوگۆ بكرێت لەسەركاروباری جزیرە بەشێوەیەكی گشتی پلانیشی بۆدابنرێت بۆئەوەی یەكسەر جێ بەجێبكرێت هەروەها خوازیارین پەیوەستی بكاتەوە بەناوەوە بەخێرایی تۆڕی ڕێگاوبانی جیاواز وزیاكردنی بایەخدان لەڕووی تەندروستیەوە لەبەرئەوەی زۆركەمە ولەبەرچاونیە یاخود هەرنیە لەم پارێزگارەدا.

حەسەكە لە 12 / 11 / 1963

كۆتایی

**ناوەرۆك**

پێشەکی : چونەژوورەوە :

**بەشی یەکەم : تێڕوانینێکی مێژویی سەبارەت بەکێشەی کورد**

کێشەی کورد هەرلەسەرتایەوە تا دەسپێکی سەدەی بیستەم بەدرێژایی ڕۆژگار بیرۆکەی نیشتمانی کوردستانیان هەبوە ـ کێشەی بەر لەجەنگ ولەکاتی جەنگی جگیانی یەکەمدا ـ کێشەی کورد لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانی ـ ناوەندە دەوڵەتیەکان وکێشەی کورد ـ وهەڵوێستە ئیستعماریەکان سەبارەت بەکێشەی کورد دوای جەنگی جیهانی دووەم ـ بەرزانیەکان ـ کێشەکە لەسەردەمی عبدالکريم قاسم.

**بەشی دووەم : کێشەی کورد لەپارێزگاری جزیرە**

شوێنی گردبونەوەی کوردەکان ـ عەشیرەتە کوردەکان ـ عشیرەتی هەفیرکانی کورد ـ عشیرەتی الدقوريە ـ الکابارە ـ الکاباکا ـ سیدان ـ عەشیرەتی کاکەیی ـ عەشیرەتی المرسیە ـ عەشیرەتی الملیە ـ عەشیرەتە کوردەکانی دیکە تێڕوانینی کۆنمان سەبارەت بەکوردەکان ـ تێڕوانینی نوێ سەبارەت بەکوردەکان ـ حزبی پارتی ـ نەوەی نوێی کورد ـ پلانی ئیستعماری سەبارەت بەکوردەکان ـ پێشنارەکان دەربارەی کورد.

**بەشی سێەم : هەندێ لەبەڵگەنامەو نامەی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان کوردەکان لەسەرجەم ناوچەکانیان**

بەڵگەی یەکەم، بەڵگەی دووەم ـ بەڵگەت سێەم، بەڵگەی چوارەم، بەڵگەی پێنجەم، بەڵگەی شەشەم، بەڵگەی حەوتەم.

**بەشی چوارەم : حزبە سیاسیەکانی ناو پارێزگاری جزیرە**

حزبە مللی گارییەکانی دژ بەنەتەوەی عەرەب، حزبە بەبیروباوەڕە کافرەکان (الملحدة)، حزبی کوردی پارتی دیموکراتی (الپارتي). کۆپڵەیەك لەبەرنامەو پرۆگرامی بەرنامەی ناوخۆی حزبی پارتی، حزبی شیوعی، حزبی نەتەوەیی سوری، حزبە ئاینیەکان. حزبی ئیخوانی موسلمین، ڕزگاری ئیسلانی، وەهابیەکان، شهود یەهوا، حزبە تەقلیدیەکانی ناوخۆ، حزبە بەکرێگیراوە نوێەکان، عەرەبە نەتەوەییەکان، سۆشیالیستە یەکیەتی خوازەکان، بەرەی یەکگرتوو، یەکیەتی سۆشیالیستی.

**بەشی پێنجەم : بارودۆخی عەشرەتە عەڕەبەکان**

شوێنی گردبونەوەی عەشرەتە عەرەبەکان، ڕێژەی عەشرەتە عەرەبەکان لەجزیرە، عیشرەتی شمر، عەشرەتی طي، عەشرەتی الشرابيين، عەشرەتی جبور، عەشرەتی البکارة، پەیوەندی عەشرەتە عەرەبەکان لەناوخۆیانا، زانست وڕۆشنبیری لەنێو عەشرەتە عەرەبەکان، بارودۆخی مادی ئەندامانی ئەو عەشرەتانە، سەرۆك خێڵەکانی عەشرەتە عەرەبەکان، عەقڵیەتی خێڵەکی، پەیوەندیان بەکوردەکانەوە پێشنیارەکان سەبارەت بەعەشرەتە عەرەبەکان. کەمایەتیە نەژادیەکانی تری جزیرە، ئاشوریەکان، ئەرمەن، کلدان، جاجان، جولەکە.

**بەشی شەشەم :**

بارودۆخی تایفەیی وکارکردی بۆسەرلایەنە سیاسیەکانی پارێزگاری جزیرە. تێڕوانینێکی گشتی، مەزهەبە ئیسلامیەکان، یەزیدیەکان، خەزنەوەیەکان، سریانی ئەرثۆذکس، ڕومی ئەرثۆذکس، ئەرمەنی ئەرثۆذکس، نەسطوریەکان، کلدانەکان، سریانی کاثۆلیك، ڕومی کاثۆلیکك، ئەرمەنی کاثۆلیك، ئیجیلیەکان، ئاینی جولەکە.

بارودۆخی کۆمەڵایەتی باوی پارێزگاری جزیرە ـ دەزگای دەوڵەت لەجزیرە.

**پەراویزەکان وتەعلیق وشیکردنەوە**

(1) ئەوەی محمد طلب هلال وتویوتی لەپێشەکی کتێبەکەیدا گوایە مەبەستی تەنها لەپێشنیارە بەڵام ئەوە هەنگاوی یەکەمە بۆ دانانی پلاێکی کەپڕاوپڕبێت بۆلەناوبردنی بونی کورد لەڕۆژئاوای کوردستانا (ئەو کوردستانەی لەلایەن دەوڵەتی سوریاوە داگیرکراوە)، محمد طلب هلال تەنها بەداگیرکراوی کوردستان ڕازی نیە بەڵکوو هەوڵدەدات بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی بونی کورد وەك کورد، کاردەکات لەپێناوی ئاگادارکردنەوەی ڕژێمی سوریا بەخۆی وداروودەستە قین لەدڵەکەیەوە ئەوانەی وەك ئەم بەلەسەبون نەبادا لەناکاو بارودۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە هەڵگەڕێتەوە وگەلی کورد خاکی زەوتکراوی ولاتەکەی خۆی دەستبکەوێتەوە. هەرگیز شکی تیانیە ئەوڕۆژە دێت بێ چەنوچون ئیتر گرنگ نیە محمد طلب چۆن پلان دارژێت هەرچیەك بکەن وچەند پرۆژەی ڕەگەزپەستانەیان بەدەستەوەبێت ئەو ڕۆژە هاتوە هاتوە، هەربەڕاستیش تەرازەوکان گۆڕاون وبارودۆخەکە هەڵگەڕاوەتەوە لەوەتی مەرکەزی بازرگانی جیهانی لەنیویۆرك تەقیوەتەوە لە سبتەمبەری 2001.

(2) ئەوەی محمد طلب هلال مەبەستیەتی لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکەیدا گوایە کوردو نەتەوەکانی دیکە لەڕۆژئاوای کوردستان کۆبونەتەوە (ناوچەی جزیرە) بەهۆی زۆری ودەوڵەمەندی وبەرهەمی ئابوریەوەیە نەك لەبەرئەوەی نیشمانی کوردە، ئاماژەش بە شاعرێکی عەرەب دەکات کەعەرەب هاندەدات هۆش خۆیان بێنەوە وناوچەی جزیرە ڕزگاربکەن لە ((داگیرکەرانی کورد)) !!، ئای لەوعەقلیەتە سەیرو هەڵەوگێراوە کەکەس باوەڕی پێناکات لەبەرئەوەی گەورە وبچوك، ژیر ونەفام، خوێندەوار نەخوێندەوار باش دەزانن کەئەوە سوریایە کوردستانی داگیرکردوە نەك بەپێچەوانەوە، هلال خۆی دان بەوەدادەنێت کاتێ لەجزیرەدا ژیاوە ((بەجۆرێك هەستی بەخۆیکردوە لەنیشتمانی عەرەبی خۆیدانیە نە لەڕووی مێژوویی وخاك ونەلەڕوی گەلیشەوە)) ئەوەش هەستێکی ڕاست ودروستە لەبەرئەوەی لەنیشتمان کوردابوە کە لەلایەن دەوڵەتی سوریای داگیرکراوە زەوتکراوە.

(3) هلال لێرەدا هەوڵدەدات ڕەسەنی کورد گوماناوی بکات لەڕووی مێژوویی وبونی کوردستانەوە ولەڕووی جوگرافیشەوە هەروەها زۆر بێ شەرمانەو بێ ڕوو دەڵێت گوایە زمای کوردی نیە ! سەرەڕای ئەوەی بونی زۆری زاراوەی کوردی خۆی لەخۆیدا مانای ڕەسەنی زمانی کوردی دەگەیەنێت بەدووپاتکردنەوەی پەیوەستی زمانی کوردیە بەشارستانیەت وڕۆشنبیریەوە هەروەها زمانیش دەوڵەمەند دەکات بەڵکوو بۆتە هێزێکی پتەو بۆزمانی کوردی، ئەوانە زاراوەی کوردین نەك زمانی کوردی بێت وەك ئەوەی هلال دەهۆڵی بۆ لێدەدات، زاراوە لەسەرجەم زمانەکانی جیهانداهەیە نەك تەنها لەزمانی کوردیدا هەبێت، زۆری زاراوە لەزمانی عەرەبیشدا بەجۆرێك ڕۆڵی خۆی بینەوە کەمیسریەك لەعراقیەك تێ نەگات ومەغربیەك لەسوریەك وحجازیەك نەگات.. هتد، بەڵام سەبارەت بەومێژوەی وەك زانیاری لەبۆچونی هلالدا هاتوە دەربارەی گەلی کورد بێجگە لەوە مێژوی کورد هەیە هەربوە وەك ئەوەی لەکتێبی میر شەرەف خانی بدلیسی تۆماریکردوە لە ((شەرفنامە)) دا کە بەر لە400 ساڵ نوسراوە لەگەڵ سەرچاوەی دیکەی زۆرهەن، بەڵام ئێمە دانی پیادەنێن کەبەشێکی گەورەو زۆری مێژوی کورد وشارستانیەتی کورد لەوەی ئاشکرایە تائێستا دەستکاریکراوە وبەئەنقەست شێوێنراوە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ـ ئیستعماری داگیرکەری کوردستان ـ هەروەها بەوشێوەیە مایەوە وتائێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی پشکنەری بۆنەکراوە بۆ پشتڕاستکردنەوەو بەدرۆخستنەوەی درۆی زەق وباڵداری داگیرکەران، دوای 200 ساڵ لەلێکۆڵینەوەو پشکنینی ئەورووپی سەبارەت بەمێژوی فیرعەونیەکانی میسر بەگوێرەی دان پیانانی پسپۆڕەکان دەرکەوتوە کەتائێستاش لە75% ی ئەومێژوە ونەو نەزانراوە، ئیتردەبێت مێژوی کورد چەندێك کەمکرابێتەوە شێوێندرابێت بەمەرجێك کەس نیە کاربکات لەپێناوی دەرخستنی مێژوەکەی بەپێچەوانەوە کەسانی زۆرهەن کاردەکەن لەپێناوی شاردنەوەو ونکردنی دیاردەکان وڕاستیەکان کەئەوانیش ڕژێمە شۆڤێنیەکانی داگیرکەری کوردستانن.

(4) جارێکی دیکەش هلال زانیاریە ژەهراوەیە ڤیناویەکانی خۆی دەڕژێنتە سەرگەلی کوردو نکوڵی لەبونی کیانی دەکات وخۆی لێ دەربازدەکات وسەرەڕای ئەوەش زمانی کوردی دەچوێنێت بەزمان (النور)، دەقاودەق وەك هۆلاکۆ

وجنگیزخان چیان بەسەر گەلان و وڵاتەکانیان هێنا تاڵان وتڕۆیانکردو داگیریشیان کرد، کورد مێژو وشارستانیەتی خۆیانیان هەیە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر لەکاتێکا مەغۆل وتەتەرو عەرەب وتورك نوقمی دەریای نەفامی وسەنیەت وکڕنوشی بون، بەڵام کورد ئاینی زەردەشتی خۆیانیان هەبوە وبانەگەاوزی یەك خواییان کردوە بەرلەئیسلام بەهەزاران ساڵ، لەسەرو ئەوەشەوە ئیمراتۆری میدیەکانی کورد فەرمانڕەوایەتی سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوڕاستیان کردوە لەوڵاتی هندو سندەوەو تاوەکوو میسر بەرلەزاینی بەحەوت سەدە، هەرلەو سەردەمەوە کورد کۆشك وقەڵای ئاوادانکردۆتەوە وتیاژیاوە کەچی ئەوانی دیکە ئێستاشی لەسەربێت لەچادرا ژیان دەبەنەسەر، بێجگە لەوەش زمانی عەرەبی پڕە لەهەزاران وشەو دەربڕینی کوردی وفارسی وعبری وئارامی وهندی چەندەها زمانی دیکەش، کەچی هلال داوای دابڕانی گەلی کورد دەکات لەناوچەکەدا بەوپێیە مەبەستی لەبڕینی شارستانیەتی ناوچەکەبێت ڕێك وەك تەتەرەکان ومەغۆل چیان کردو چۆن شارستانیەت ئەو وڵاتانەی بنەبڕکرد کەداگیری کردبون، من هیچ شتێکم نیە بە محمد طلب هلالی بڵێم جگە لەوەی : ئەگەر شورەیی ناکەیت چیت لەدەست دێت بیکە.

(5) محمد طلب هلال سورە لەسەرئەوەی کەکورد بەدرێژایی مێژوو نەدەوڵەت ونەنشتمانی هەبوە، لەبڕگەی دووەمدا خۆی خۆی بەدرۆدەخاتەوەو دژی بۆچونەکەی خۆی دەوستێتەوەو دەڵێت ((... بەوپێیەی ئەوناوچەیەی کوردەکانی تیا نیشتەجێن ئەوناوچەیە کە لەسەری ناکۆکبون، یاخود بەهۆی گرنگی پێگەی ناوچەکە لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا بۆتە هۆی ناکۆکی...)) واتە مانای وایە دان دەنێت بەوەدا کەکورد ناوچەو نێشتمانی خۆیان هەیە، مێژوش خۆی ئاماژەو شایەت حاڵی دروستبونی چەندین دەوڵەتی کوردی بوە تەنها بۆ نمونە نەك بۆ پێناسەکردن : یەکەم : حوکومەتە کوردیەکانی بەرلەزاینی کە هەڵگری ناوی گەلانی ناوچەکەبوە کە باپیرانی گەلی کوردی ئێستان : وەك حوکومەتی لولو 2800 پێش زاینی وحوکومەتی گۆتی 2649 وحوکومەتی کۆشو 1746 - 1771 پێش زاینی. لەگەڵ حوکومەتی خالدی - اورارتو ساڵی 840 ی پێش زاینی. وحوکومەتی سوباری لەسەدەی سی بەرلە زاینی لەگەڵ حوکومەتی ئیمپراتۆری میدیەکان لەسەدەی حەوتی بەرلە زاینیەوە.

هەروەها چەندین حوکومەتی کوردی دیکە بون لەسەردەمانی جیاجیادا لەکاتی خۆیدا حوکومەتەکانیان بەناوی سەرۆکەکانیانەوە یاخود ئەوعەشیرەتەی دەوڵەتەکەی دەبرد بەڕێوە ناودەنا، هەروەك حوکومەتە عەرەبی وئێرانیەکان وئەوانیدیکەش، ناوی هەندێکیان دێنمەوە بۆتان :

پێشەوای کوردی گەورە ئەبو موسلم ی خوراسانی بە کودەتا بەناوبانگەکەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئەمەویەکانی لەناوبرد هەربەجارێك نەیهێشت ئەویش بەدامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی.

هەروەها کوردەکان لەموصل شۆڕشێکی بەهێزیان بەرپاکرد بەسەرکردایەتی (جعفری کوری میر حسن) لەساڵی 840 ی زاینی (بگەڕێرەوە بۆ الکامل 1 - 6 - لاپەڕە 208).

لەساڵی 846 زاینی شۆڕشێکی کوردی مەزن بەرپابوو لەهەرێمەکانی ئەسفەهان وچیاکانی فارس دا، هەروەها کوردەکان لەشاری موصل بەشداریان کرد لەشۆڕشێکدا لەدژی عەباسیەکان ساڵی 866 زاینی بەسەرۆکایەتی (مساوری کوڕی عبدالحمید)، (الطبري بەرگی 11، لاپەڕە 200 - 256).

هەروەها لە906 ی زاینی (محمدی کوڕی هلاڵ) پێشەوای عەشیرەتی الهذبانیەی کورد ڕاپەڕی وئەوەندەی نەمابوو هێزەکەی شاری موصل داگیربکات، (بگەڕێرەوە بۆ سەرچاوەی الکامل بەرگی 2 لاپەڕەی 213). لەهەمان ساڵێشدا (دیسیم کوڕی ابراهیم) بەردی بناغەی حوکومەتی الهذبانیەی کوردی دانا.

هەروەها لەساڵی 951 یەکەم حوکومەتی کوردی دامەزرێنرا لەسەروی ئازربایجان وباشوری ڕۆژئاوای قەوقاس کە ئەویش حوکومەتی شەدادیەکان بوو تا ساڵی 1164 زاینی بەردەوام بوو.

لەساڵی 959 ی زاینیشیدا حوکومەتی دووەمی کوردی دروستبوو کەئەویش حوکومەتی (برزیکانی - حسنوی) لەکوردستان لەنێوانی هەمەدان شارەزور تا ساڵی 1015 ی زاینی فەرمانڕەوایەتی بەردەوام بوو. ئەوبوو لەساڵی 980 ی زاینیدا عضد الدولەی عەباسی لەشکرێکی ناردە سەرکوردە ڕاپەڕیوەکان ولەهەکاری چواردەوری گرتن بەتوندی گەمارۆکەی لەسەریان توندکردبوو بەڵام هەرنەیتوانی لەناویان بەرێت وبەسەریانا زاڵبێت، ئەوەبوو بەڵگەو بەڵێنی دانێ ولەپاش ئەوەی خۆیاندا بەدەستەوە بەگوێرەی مەرجەکان ناپاکی لەگەڵا کردن وکوشتنی (الکامل بەرگی 8، لاپەڕەی 257).

هەروەها لەهەمان ساڵی 980 سەرۆکی عەشیرەتی الحمیدیەی کورد ڕەسەن (باز ئەبو شجاع) بناغەی حوکومەتەکەی خۆی دامەزراند کە کوردستانی ناوەڕاستی گرتەوە وماوەی سەدو دە ساڵی خایاند.

لەساڵی 990 یش ی زاینیش دا حوکومەتێکی بەناوبانگی کوردی دامەزرا بەناوی حوکومەتی (بني عناز) لەچیرۆکەکانی ئیبن الأثیر وشەرفنامەدا هاتوە کە فەرمانەوایەتیەکەی ماوەی حەفتا ساڵی خایاندوە.

هەروەها لەنێوان ساڵانی 1029 - 1035 ی زاینی حوکومەتی الروادیەی کوردی فەرمانڕەوایەتی کردوە وتەورێزی کردوە بە پایتەختی خۆی.

هەروەها حوکومەتی شوانکارەی کوردی دروستبوە لەهەرێمی فارس لەنێوان ساڵانی 1035 - 1355 زاینی. لەو سەردەمەدا یەکەم دەوڵەتی ئەیوبیەی کوردی دامەزرێنرا. لەدوای نەمانی حوکومەتی الزنگیە لە (بۆتان - جزیرة ابن عمر) حوکومەتی (عزیزان - العزیزیة) ی کوردی دامەزرا وفەرمانڕەوایەتیەکەی تاوەکوو سەردەمی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن داگیرکەری عوسمانیەوە بەردەوام بوو.

هەروەها لەساڵی 1185 زاینیدا لەکاتی خەلافەتی الناصر لدین اللّه دا، ناکۆکیەك سەری هەڵدا لەنێوان کوردو تورکا بوە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی نیشتمانی سەرجەمی هەرێمەکانی سوریاو کوردستانی ئازبایانجانی گرتەوە دوو ساڵی خایاند، پاشان ئاشتی بەسترا لەنێویاندا بەڵام ئەوەی هەبوو زۆری نەخایاند جارێکی دیکە بەیەکا هەڵپرژانەوە وپێکادان دروست بوەوە ئەنجامەکەی بوە هۆی کوردەکان قەڵاچۆبکەن وڵاتەکایان جێ بهێڵن لەهەندی وڵاتی سوریاو کیلیکیا وئەدەنە (ابن الأثیر لەبەرگی 11، لاپەڕەی 334) ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە ئەم ڕاپەڕینانە درێژبوبۆوە تا موصل وجزیرەش، با محمد طلب هلال بگەڕێتەوە بۆ مێژوی ابن الأثیر ئەوانی دیکەش بۆ ئەوەی بزانێت کەجزیرە وڵاتی کوردانە بەهەزاران ساڵ بەرلەوەی دەوڵەتی سوریای دەستکرد ودروستکراو دروست بێت لەلایەن فەرەنسیەکانەوە.

سەردەمی صەفەویەکانی ئێرانی لەگەڵ گەلی کوردا سەردەمێکی چەوسێنەرانەو دوژمنانەبوە تاسەردەمی فەرمانڕەوایەتی شاە اسماعیلی سەفەوی دەستی پێکرد ئەوەندەی دیکە زوڵم وزۆر لەسەر کورد زیایکرد، کاتێ چوە بۆ شاری (خوي) لەخۆرهەڵاتی کوردستان دە میری کورد بەرەوپیری چون ڕێزوحورمەتیان بۆ دەربڕی، بەڵام ئەو لەوە زیاتری لێ نەوشایەوە کە هەرهەمویانی دەستگیر کرد - بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانیان دەکرد لێی بوەشێتەوە - خزاندنیە زیندانەوەو لەبری ئەوان والی فارسی سەفەوی لەجێ دانان لەنێو ئەومیرانەش مەلیك خلیل حاکمی (حصنکیف) لەگەڵیان بوو کەمێردی خوشکی خودی شاە اسماعیل بوە، بۆ ماوەی سێ ساڵی تەواوی بردەسەرو ئەویش لەزیندانا خزێنرا لەگەڵ میرەکانی دیکە، لەپاش ڕوخانی شاە اسماعیل لەبەردەم سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەشەڕی چاڵدێرانی بەناوبانگ ڕزگاریان بوو، ئەوە بەسەرهاتی میرە کوردەکانە چیان بەسەراهاتوە لەسەرو هەموشیانەوە شێخ ادریسی بدریسی بوو کە ناچاربون بەوهۆیەوە پشتگیری لەعوسمانیەکان بکەن لەوشەڕە کۆتایی هێنەرەدا لەساڵی 1514، کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لەڕوخاندنی سەفەویە فارسەکان بەوشێوەیە لەئەنجامدا کوردستان وەك پارویەکی چەور پێشکەش بەتورکی عوسمانی کرا، سەرەڕای ئەوەی کوردەکان شان بەشانی تورکە عوسمانیەکان شەڕیان نەکردبوو تاوەکوو شێخ ادریسی بدلیسی پەیمان وبەڵگەی گرێدا بەناوی میرە کوردەکانەوە لەگەڵ سوڵتان کە بریتی بون لەم خاڵانە :

1 مانەوەی سەربەخۆیی وسەربەستی ئەمارەتە کوردیەکان (ژمارەیان 46 بوە)

2 ـ کورد یارمەتی تورك دەدات لەگەشت جەنگێکیانا.

3 ـ تورك یارمەتی کورد دەدات لەدژی دەستدرێژی کردنی هێرشی دەرکی.

4 ـ کورد زەکات وباجی شەرعی خۆی دەدات بەبەیت المال کە لەژێر ڕکێفی خەلیفەدایە.

ئەم بەڵگانەی ئەم ڕێکەوتنە کەلەگەڵ سوڵتان بەسترابوو لەنێوان سوڵتان وئەمارات وحوکومەتە کوردیەکانی ژێر ڕکێفی خۆی لەکوردستان لەساڵی 1514 ی زاینی بەسترایەوە.

بەڵام حوکومەتی عوسمانی لەدوای تێپەڕبونی پانزە ساڵ بەسەر واژوو کردنی ڕێکەوتنەکە مەرجی ئەوپەیمانەی هەڵوەشاندەوە وسەرپێچی ڕێکەوتنەکەی کرد وسیاسەتی پاکتاوکردن ولەناوبردنی ئەمارەتە کوردیەکانی وردە وردە دەستپێکرد تاوەکوو لەساڵی 1850 ی زاینی دوا ئەمارەتی کوردی لەناوبرد (چاوبگێرە بە خلاصة تأريخ الكرد وكردستان هی نوسەری بەناوبانگو زانای کورد محمد امی زكي بەرگی 1، لاپەڕەی 171). کە هەمان سەرچاوەیە کە لەبەردەست محمد طلب هلال دابوە بەڵام هلال بەدەستی ئەنقەست ئەم لایەن وبوارە لەبیرخۆی دەباتەوە باس لەدەوڵەت وحوکومەتە کوردیەکان ناکات کە باسکراوە بەڵام ئاماژە بەبەشێکی دیکەی کتێبی مێژوی کوردو کورستان دەکات لەدەروازیەکی دیکەوە. سەرەڕای ئەوەی کوردستان هەرگیز وبەهیچ شێوەیەك لەشێوەکان چۆکی دانەداوە بەتەواوی بۆهیچ داگیرکەرێك هیچ داگیرکەرێکیش دەستکەوتی نەبوە لێی وەك ئەوەی عوسمانیەکان بەدەستیان هێنا لەسەر دەستی شێخ ادریسی بدلیسی کە وای لیکردن گەلی کورد بەدەست بهێنن وبەگەریخەن بۆخۆیان لەئەنجامیشدا کەرت کەرتکردنی نیشتمانەکەی خۆی لێ کەوتەوە کە کوردستانە کرا بەزۆرترین ژمارەی ئیدارەیی بۆ لەناوبردنی ئەمارەتە کوردیە ڕەسەنەکان تاوەکوو بەتەواوی دەستی بەسەرا بگیرێت.

تەنها ولایەتی (وان) سیوحەوت سەنجەق وچوار حوکومەتی کوردی لەخۆگرتبوو لەژێر ڕکێفی ڕاستەوخۆی سوڵتانابوو کە ئەمانەن :

1 ـ حوکومەتی هەکاری : هەمیشە هێزی سەربازی لەدەهەزار جەنگاوەر پێکهاتبوو لەحاڵەتی جەنگیشدا دەگەشتە پەنجا هەزار جەنگاوەر.

2 ـ حوکومەتی بدلیس : هێزی سەربازی هەروەك هێزی حوکومەتی هەکاری بوە.

3 ـ حوکومەتی المحمودی ـ مەحمودی ـ : لەخۆرهەڵاتی (وان) نزیکەی سەدو بیست عەشرەتی کوردی تیا دەژیا هێزی سەربازی تیادروس کرابوو کە ژمارەیان شەش هەزار جەنگاوەر بوە.

4 ـ حوکومەتی پنیانش : بەتەنشت حوکومەتی مەحمەدیەوە بوو هێزی سەربازی وەك ئەو بوو. هەروەها (اولیاچلبی باسیدەکات لەبەرگی 4 لاپەڕەی 178) دەڵێت لەسەرو ئەوانەشەوە پێنج حوکومەتی کوردی دیکە هەبوە سەربەحوکومەتی ئێرانی بوە کەبریتین لە قطور ـ پیرە دوزی ـ جولانی ـ دمدمی ـ دنبکی).

هەروەها لەدوای ڕوخانی سەفەویە ئێرانیەکان لەبەرامبەر بەعوسمانیە تورکەکان وکوردیش لەشەڕی چاڵدیرانی ساڵی (1514) ی زاینی، ولەدوای ئیمزاکردنی پەیمانی زەهاو لەلایەن هەردولاوە لەساڵی 1639 ی زاینی کە بەپێی ئەو پەیمانە ڕێککەوتن لەسەر دەستنیشان کردنی سنوری سیاسی خۆیان ودابەشکردنی کوردستان لەنێوخۆیاندا، تاوەکوو خۆرهەڵاتی کوردستان کەوتە ژێر ڕکێفی داگیرکەری ئێرانیەوە وزۆرینەی بەشەکانی دیکەی کوردستان بوو

بەداگیرکراوەی تورکی، ئەورووداوەش وەك دابەشکردنی یەکەمی کوردستانی لێهات. بەڵام ئەم دابەشکردنە ڕێگرنەبوو لەوەی لەناوخۆیانا شەڕنەکەن تاوەکوو کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، لەبەرئەوەی هەریەك لەودەوڵەتانە چاوی بڕیبوە ئەوەی خاکی کوردستان بلکێنێت بەوڵاتی خۆیەوە. تاوەکوو ئەوسنورەش دەستنیشانکرا چەندین شەڕو پێکاهەڵپڕژان ڕویدا لەنێوانی سەفەویەکان وعوسمانیەکانا کەشەڕەکانی لەسەرخاکی کورستان ڕویدا، لەهەمان کاتیشا گەلی کورد هەمیشە لەحاڵەتی ئامادەباشی وڕاپەڕین وشۆڕشابوو لەدژی دابەشکردنی وداگیرکردنی وڵاتەکەیەوە لەلایەن بێگانەوە، چەندین شەڕی دەستەویەخەی مەردانەی کوردی لێکەوتەوە لەقوربانیدان لەپیناوی بەدەستهێنانەوەی سەروەری نیشتمانەکەی خۆیان.

لەسەدەی بیستەمیشدا شێخ محمودی حفید خۆی ڕاگەیاند وەك مەلیکی مەلەکەتەی خۆی لەباشوری کوردستانا 1919 - 1924 بە یەکەم دەوڵەتی نەتەوەیی ناسرا لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

هەروەها ژەنەڕال احسان نوری پاشا حوکومەتی شۆڕشگێڕی کوردی ڕاگەیاند لەشاخەکانی ئاگری داغ 1927 - 1930. هەروەها لەساڵی 1946 شەهید قازی محمد سەرهەڵدانی یەکەم کۆماری کوردی ڕاگەیاند لەخۆرهەڵاتی کوردستان وپایەختەکەی شاری مەهاباد بوو. بەڵام مەخابن پلانی دەوڵەتی وهەرێمیش لەدژی خواست وئومێدەکانی گەل کورد زۆربوو بۆیە حوکومەتەکە ڕوخا، بەلام سەبارەت بەتاوانکردنی کورد لەلایەن محمد طلب هلال وە گوایە کورد لایانداو بەلای لەیەنێکا لەدژی لایەێکی دیکە، وڵامی ڕاست وڕەوان بۆئەو دەبەنگە، ئایا عەرەب بەسەرۆکایەتی شەریفی مەکە کەخۆی پێشەوایەکی ئاینی ئیسلامی بوو لەسەدەی ڕابوردودا لای نەدا بەلای هاوپەیمانە مەسیحیەکان وپێکەوە شەڕیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرد ؟ ئەبێ هۆی چی بێت ئەو لادانە بۆ عەرەب حەڵاڵ بێت بەڵام بۆ کورد حەرام بۆ بانێکەو دوو هەوا. سەرەڕای ئەوەش ئێمە دەوڵەت وحوکومەتی خۆمانمان هەبوە بەدرێژایی وپانتایی مێژودا، سەرەڕای ئەوەی لەسەرتاسەری جیهانا دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەبوە بەڵکوو دەوڵەتەکان میرنشینی هەرێمی یاخود ئیمپراتۆری بوە وچەندین نەتەوەی لەخۆی گرتبوو، کام هۆکارەیە ڕی بەمحمد طلب هلال وکەسانی دیکەی شۆڤێنی عەرەب دەدات ببنە جێگرەوە بەسەرکوردو کوردستانەوە وئیدعای دەکەن ئەمە گونجاوە وئەوە نەگونجاو، مەسەلەو بابەتی جێگرەوەو بەرپرسایەتی شتێکە بەهەموو شێوەیەکیەوە لەئەلفیەوەو تایای ڕەتکراوەتەوە لەبەرئەوەی ئەوەخەسلەت وشێوازی ئیستعماریانەیە.

(6) محمد طلب هلال هەوڵدەدات مێژوو بگۆڕێت وساختەیی تیا بکات، گوایە کورد لەڕوسیاوە هاتون !! بەڵام ئەوە جگە لەدرۆ وکەڵەك بازی وگاڵتەجاڕی زیاترنیە لەبەرئەوەی زانیاریەکانی هیچ پەیوەندیەکیان بەڕاستیەوە نیە بەهیچ شێوەیەك بەوقسانەی گاڵتەجاڕی بەخوێنەرانی خۆی دەکات چونکە خۆی خۆیدەکات بەگاڵتەجاڕو ڕەشوسپی پێکەوە تێکەڵ دەکات بەسەریەکا، هەروەها ئەومیرنشینانەی باسیان لێدەکات بەسەدان ساڵ بەرلەسەدەی نۆزدەوە هەبون کاتێ شەڕی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمان وئێرانی سەفەوی دەستی پێکرد لەسەدەی شانزهەم لەشکری 46 میرنشینی کورد چونە پاڵ عوسمانیەکانەوە لەدژی ئێرانیەکان، ئەوەی لەسەدەی نۆزەهەما ڕویدا ئەوەبوو عوسمانیەکان میرنشینە کوردەکانیان لەناوبرد هێشتا میرنشینە کوردیەکان دروست نەکرابون بەگوێرەی ئیدعای هلال ساختەکاری مێژوو وسەروبن کردنیشی... هەروەها کاتێك ئەدیب وڕۆناکبیری گەورەی کورد احمد خانی شاکارە بەناوبانگەکەی خۆی نوسی بەناوی بەم وزینەوە بەر لە 300 ساڵ زیاتر باسی جیرۆکی میری بۆتانی کوردی کردوە کەخۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی ئاشکراو ڕاست وڕەوانە سەبارەت بەبونی ئەمارەتی بۆتانی کوردی بێشك ئەو چیرۆکە زۆر بەر لەسەردەمی احمدی خانی ڕویداوە واتە بەر لەسەدەی نۆزدە بەسەدان ساڵ.

(7) ئەوەی زانای بەناوبانگی کورد محمد امین زیکی بەگ باسی کردوە وئاماژەی پێداوە کەنەخوێندەواری بەرێژەیەکی زۆر لەنێو ئەندامانی گەل وکەسایەتیەکانی نێو عەشرتە کوردەکانا بڵابوە لەسەرەتای سەدەی ڕابوردودا بەڵام ئەوحاڵەتە تەنها بەسەر گەلی کوردا ناسەلمێنریت بەڵکوو ئەوە حاڵی زۆرینەی گەلانی ئاسیاو ئەفریقاو بوە لەپێش هەموشیانەوە عەرەب بوە ئەمە بەگوێرەی قسەی محمد طلب هلالیش وابوە لەلێکۆڵنیەوە دوژمنانە شۆڤینەکەیدا کەئاماژە دەکات گوایە

ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێو عەشرەتە عەرەبەکانا لەنێوەی دووەمی سەدەی ڕابوردوو دەڵێت ئێجگار زۆربوە ولەڕادەبەدرە نەخوێندەواری هەبوە لەناویانا جارێکی دیکەش محمد طلن هلال دێتەوەو بۆ ئەوەی مێژوو بگۆڕێت وساختەی تیابکات لەسەر زمانی زانای بەناوبانگ محمد ئەمین زەکی دەڵێت گوایە کورد هۆکاریماڵویرانی ودارمانبون وئەوە ئیستعماریشە کەهەوڵدەدات ئەونەتەوەیە دروستبکات ؟ کەهیچ بەڵگەیەکی پشتڕاست کردنەوەشی بەدەستەوە نیە بتوانێت قسەی خۆی بسەلمێنێت، تەنانەت هیچ زانانایەك لەزاناکان نەیتوانیوە ئەنجامێك بدەن بەدەستەوە سەبارەت بەدەست نیشانکردنی نیشمانی کورد... لەگەڵ چەندین خەسڵەت وسیفاتی دیکەی ناشیرین وناونەتورە کە لەمێشکێکی بۆگەنی کەسێکی شۆڤێنی وەك محمد طلب هلال دانەبێت لەمێشکی کەسی دیکەداجێ نابێتەوە کەخۆی گێل دەکات ودەڵێت گوایە گەلی کوردو نەتەوەی کورد هۆکاری هەرەس هێنان بون بەڵام گەلی کورد توانیویەتی شارستانیەك دروست بکات هیچی کەمترنەبێت لەشارستانیەتی چین وفرعەونیەکان لەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە گەمژەیی محمد طلب لەوەدایە کەنازانێت گەلی کورد بەر لەئیستعمار لەسەر ئەم خاکەبون، کەوابوو چۆن دەکرێت ئیستعمار یارمەتیدەری دروستکردنی نەتەوەی کورد بوبێت کەئیستعمار خۆی هێشتا بونی نەبوبێت هەرچی سەبارەت بەمەسەلەی دەست نیشانکردنی سنوری کوردستانەوەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە زوربەی سەرکردەو ڕێکخراوە کوردیەکان سنوری کوردستانیان دەست نیشانکردوەو خستویانەتە بەردەم دەوڵەتە گەورەکان وکۆنگرەی دەوڵەتی (بەر لەدامەزراندنی دەوڵەتە عەرەبیەکان ودوای جەنگی جیهانی یەکەمیش) یەکێکیان پێشکەش بەکۆنگرەی ئاشتی کرابوو لەپاریس ساڵی 1919 لەلایەن ژەنەڕاڵ شریف پاشاوە لەگەڵ نەخشەیەی کوردستانی گەورە لەگەڵ ئاڵای کوردستان هاوکات یاداشتێکیشی لەگەڵابوو کەداوایان لەدەوڵەتانی هاوپەیمان کردبوو دان بنێن بەسەربەخۆیی کوردستانا بەوپێیەش وڵاتانی هاوپەیمان پەیمانامەی سیڤەریان واژوو لەدوای ساڵێك دوای ئەوە بڕیارە کەبڕیاری لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دابوو (دیقەتی بڕگەکانی 62، 63، 64 ی پەیمانی سیڤەربدە لەکۆتایی کتێبەکەدا هاتوە)، هەروەها مێژوو نوسی گەورەی کورد شەرەفخانی بدلیسی سنوری کوردستانی دەست نیشانکردوە لەکتێبەکەیدا ((شەرەفنامە)) بەر لە400 ساڵ دەفەرمێت : سنوری کوردستان لەدەروازی هرمزەوەو دەست پێدەکات لەباشورەوە قەفقاس لەسەرەوە لەڕۆژئاواشەوە تاوەکوو دەریای سپی ناوەڕاست، بەڵام بەوپێیەی گالانی دیکەی لەناوچەکەدا دەژین وەك ئەرمەن وئاشوری... ئەوە نەهیچ پێش دەخات نەودواشی دەخات سەبارەت بەمەسەلەی بونی گەلی کوردو نشتمانەکەیان، ئایا لەهندستان زیاتر لەسێسەد زمانی نەتەوەیی تیانیە، ئایا لەناو وڵاتی عەرەبدا گەلانی ناعەرەبی تیانیە ئەگەربێتوو لەعەرەب جیایان بکەینەوە ئەوا عەرەب دەبنە کەمایەتی تەنانەت عەرەبە ڕەسەنەکانیش ئەوانەی لەنیمچە دورگەی عەربیدان ئیستا ئەوان تێکەڵەیەکن لەتایلاندی وپاکستانی وهندو ئێرانی ئەوروپی جۆری دیکەش... وڵاتەکانی دیکەی عەرەبیش عەرەبی تەعریبکراوی تیایە لەوانەش فرعەونیەکانی میسر وکەنعانی فەلەستین وفینیقی لوبنان وگەلی نوبة ش لە وادی النیل وگەلی باشوری سودان وبەربەریش لەسەروی ئەفریقاو ئارامیەکان وسریانی وعەلەوی ودورزی لەسوریاو لوبنان لەگەڵ گەلی دەشتەکی لەمۆریتانیا ومەغریب ودیکەو دیکەش، سەبارەت بەڕێژەی کوردیش لەوانەی لەوڵاتە عەرەبیەکاندان بێجگە لەوکوردانەی لەکوردستانن کەلکێنراوە بەهەردوو دەوڵەتی سوریاو عراقەوە زیاترن لە 15 ملیۆن کورد کەبڵاوبونەتەوە بەسەر سەروی ئەفریقاو دەگاتە میسرو سودان ولەوڵاتانی دیکەی کەنداوا ڕێژەیان لە لوبنان وئوردن وفەلەستینە، بۆنمونە (لە70 % ی دانیشتوانی شاری خلیل لە الضفة الغربیە لەڕەچەڵەکی کوردن ولەوڵاتانی عەرەبیدا سێ جۆر کوردهەن یەکەم : گەلی کورد کەلکێنراوە بەهەردوو دەوڵەتی عراق سوریاوە کە لەهەزاران ساڵەوە لەسەرخاکی باوانی خۆیان دەژین. دووەم : ئەو کوردانەی لەسەردەمی سوڵتان صلاح الدینی ئەیوبیەوە هاتن وشەڕکردن لەدژی سەلیبیە ئەوروپیەکان وبەگشت وڵاتانی عەرەبیدا بڵاوبونەوە. جۆری سێیەمیش : لەسەردەمانی جیاجیاو بەهۆکاری جیاجیاشەوە هاتون لەسەرو هەمویانەوە چەوساندنەوەی نەتەوەیی بوە، بۆنمونە لەسوریا بنەماڵە ڕەسەنەکانی دیمەشق وەك بنەماڵەی بوظو والعابد وزەعیم والعظمة وقوتلي وبنەماڵەی دیکەش هەمویان کوردن هەروەها لەعراق یش لە 50 % ی دانیشتوانی شارە عراقیەکانی باشوری عراق کوردن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕەسەنی کۆنی عەلەویەکان ودروزەکان کوردی زەردەشتی ڕەسەنن لەسەرئاینی خۆیان مانەوە بەڵام ناوی خۆیان گۆڕیبوو لەماوەی شەپۆلی هێرشی ئیسلامیەوە لەترسی ژیانی خۆیان نەبادا پاکتاوی بەکۆمەڵ بکرێن، ئەم بابەتەش پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیە.

(8) لێرەدا محمد طلب هلال پشتی بەخۆرهەڵات ناسێکی شورەوی بەستوە سەبارەت بەقسەکانی خۆی بەڵام ناوی ئەو خۆرهەڵات ناسەی نەهێناوە تاوەکوو ئێمەش بگەڕێنەوە لای بۆ ئەوەی ڕاستی ودروستی قسەکەیمان بۆدەرکەوێت یان ئەوەش درۆیەکی تازەیە وەك گشت درۆکانی دیکەی هلال، بەڵام بەهەرحاڵ زۆرینەی نوسینی خۆرهەڵاتناسە شورەویەکان دەربارەی کوردوگەلانی دیکەی جیهان بەگوێرەی ئاماژەی ڕەسمی دەولەتی شۆڕەوی بوە کە بەبۆچونی خۆی دەڵێت مەسەلەی نەتەوایەتی وەك قۆناغێکی گەشەکردنی چینایەتی هاتۆتەکایەوە بۆ نەتەوەکان لەدوای دەرکەوتنی سەرمایەداریەوە، بەوپێیەی گوایە گەلی کورد بەبۆچونی ئەوان هێشتا لەقۆناغی دەرەبەگایەتی دایە ولەهەندێ جێگەی دیکەش هێشتا لەقۆناغی ڕاو وشوانکاری ئاژەڵداریایە، ئەوەش هەرچی شاعیرو نوسەرو مێژوو نوس وفەیلەسوفی کورد هەیە لەسەرجەم قۆناغەکانی مێژوودا نکولێیان لێکردوەو بەرپەرچیان داونەتەوە، هەربۆنمونە ئەوەی مێژوو نوسی کورد نوسیویەتی میر بەدرخانی بدلیسی وفەیلەسوفی کورد احمدی خانی وچەند زاتێکیی دیکەش نوسیویانە بەرلەسەدان ساڵ بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگر وبێ هیچ چەنوچونێك ئاماژەیەکەو ئەوە دەگەێنێت کە نەك تەنها لەسەرئاستی نەتەوەی بکورد لەڕوی جیهانی وبەس بەڵکوو لەسەربەرزترین بەرنامەی ئێجگار زۆری پارتە کوردیەکانی هاوچەرخەکانیش، احمدی خانی لەشاکاری مەم وزینا دەفەرمێت : هەرگیز ناتوانین وناکرێت دەوڵەتێکی کوردی ببینین بێتە کایەوەو دروست بێت بەبێ سیاسەت وشەڕی مەردانە :

وەرگێر ببورن خوێنەرانی ئازیز پیتی لاتینم نیە وەك شیعرەکە خۆی بەلاتینی نوسراوە بەڵام ئەو مەبەستەکەیەتی :

بەجەنگ وجیدال وتەوەر

کوردستان نایەتە تەسویر

لەجێیەکی دیکەشدا هلال وڕێنەدەکات ودەڵێت گوایە ئیستعمار لەسەرەتای سەدەی ڕابوردودا چرپاندویەتی بەگوێی بزوتنەوەی کوردا، ئەوەش ڕاست نیە، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئیستعمار چرپاندویەتی بەگوێێ باپیرانی هلالا لەبەرئەوەی ئەگەر بەڕاستی ئیستعمار بیچرپاندایە بەگوێێ بزوتنەوەی کوردا ئەوا کوردیش دەوڵەت وکیانی سیاسی سەربەخۆی خۆی دەبوو هەروەك چۆن بەسەر عەرەبداهات.

(9) هلال بەجۆرێك وەسفی شۆڕشە ڕزگاری خوازەکانی کورد دەکات گوایە ئاژاوەچی وفتنەیی بون، چەند دانەیەکیشیان بەنمونە دێنێتەوە، بەڵام باس لەشۆڕشە گرنگەکان ناکات کەبوە داهێنەری کولتورێکی نەتەوەیی نەمر وەك شۆڕشەکانی شێخ محمودی حفید کەخۆی بەمەلیکی باشوری کوردستان ڕاگەیاند 1919 - 1924، وشۆڕشی پارتی خۆبون بەسەرکردایەتی ژەنەڕاڵ احسان نوری پاشا هەڵیگیرسان لەشاخەکانی ئاغری (ئارارات) 1927 - 1930، هەروەها ڕاگەیاندنی دلێرانەی کۆماری کوردستان بەسەرکردایەتی سەروەری شەهیدان قازی محمد لەخۆرهەڵاتی کوردستان 1946 کەتێکۆشابوو لەپێناوی سەرجەم بەشەکانی کوردستان وحوکومەتی کوردیان پێکهێناو ئاڵای کوردستانیشیان بەرزکردەوە، بێ شك ئەوەکەسانی شۆڤێنی وەك هلال خۆشنود ناکات بەدڵنیاییەوە، هلال بەدەستی ئەنقەست ئەوشۆڕشە مەزنانەی پشتگوێ خستوە هلال درۆدەکات ودەڵێت سەرچاوەی کوردی لەبەردەستا نەبوە ونیە کەچی خۆی ئاماژە بەوتەکانی زانای مەزن محمد امین زەکی دەدات، کەباس لەوشۆڕشە مەزنانەو وردەکاریەکانی دەکات لەکتێبەکەیدا بەناوی مێژووی کوردو کوردستان بەڵام هلال بەئەنقەست ولەپیسی خۆیا لەبیرخۆی دەباتەوە.

(10) لێرەشدا محمد طلب هلال لەخەیاڵی خۆیدا مەلەدەکات وجڵەو شلدەکات بۆ خەیاڵی نەخۆشی پڕ لەدرۆی ئاشکرای تاسەر ئێسقان، ئایا ڕێی تێدەچێت گەلی کورد بەکرێگیراو دۆستی ئەوهەموە دەوڵەتە گەورانەی ڕۆژئاواو خۆرئاواییەبێت وخۆشی خاوەنی دەوڵەتێك یا میرنشینێك یان کیانێك نەبێت ؟ ئەگەر بهاتایەو گەلی کورد بەکریگیراوی تەنها یەك دەوڵەت بوایە لەودەوڵەتانەی هلال ژماردونی ئێستا بارودۆخی گەلی کورد بەوشێوەیە نەدەبوو کەدەیبینن دەناڵێنێت بەدەست دووبەرەکی وکەرت کەرتکردن وبەداگیرکراوی نەدەمایەوە، وئابڕوومەندی وشەرەف وناموسی هەمیشە هەڕەشەی لێ نەدەکرا لەلایەن مرۆڤی هیچ وپوچ و گەجەرو گوجەرەوە، هەروەها هلال پێ وایە دەوڵەتە گەورەکان دەستیان هەیە

لەدروستکردنی گەلی کورد، لەڕوی زانستیەوە لەوەگەشتوین کە ڕێی تێدەچێت بیرو بۆچونێك یاخود ڕێبازێکی سیاسی ومەزهەبی ونەتەوەیی دروستبکرێت، بەڵام مەسەلەی دروست کردنی گەلێك ئەوا بەدڵنیاییەوە مێژوو دروستکردنی گەلانی بەخۆیەوە نەدیوە وەك ئەوەی هلال دیویەتی، بۆ نمونە بەر لەسەدەیەك لەڕۆژگاری ڕابوردوو کۆمەڵێك زانایانی زمانەوانی جیهانی ((اسپرانتو)) پێشنیاریان کردبوو جیهان یەك زمانی یەکگرتوی هەبێت، بەڵام ئەوەی هەبوو کۆمەڵەی ((اسپرانتو)) نەیانتوانی گوندێکی بچوك دروستبکەن بەزمانی اسپرانتوئاخافتن بکات وبپەیڤێت، سەرەڕای ئەمەوئەوەش پێدەچێت هلال ڕاهاتبێت لەسەر درۆکردن بەکۆ لەپێناوی ئەوەدا یەك خاڵ دروست بکات تابتوانێت تانەو تەشەر لەسەر بونی گەلی کورد بدات وڕاستی داوکاریەکانیان بشێوێنێت بۆیە خۆی کردوە بەگاڵتەجاڕ، بەمەرجێك ئەو درۆ باڵدارانە لەخوێنەران شاراوە نیە هەوڵدەدەم وڵامی هەندێکی بدەمەوە ئەوانی دیکەشیان بۆ ژیری وتێفکری خوێنەر جێ دەهێڵم بۆ ئەوەی ئاشکرای بکات کەگەلێ زۆرن، بۆنمونە هلال بەجۆرێك وەسفی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد بە بزوتنەوەیەکی شیوعی لەقەڵەم دەدات وگوایە خوالێخۆش بوو مصطفی بەرزانی پلەی ژەنەڕاڵی لەیەکیەتی شوڕەوی بەدەست هێناوە، بەڵام ڕاستیەکەی بەوشێوەیە نیە، ئەگەربهاتایەو پارتی بزوتنەوەیەکی شیوعی بوایە لەنێو حزبی شیوعدا دەتوایەوەو یەکیدەگرتەوە، بەڵام خوالێخۆش بوو مصطفی بەرزانی پلەی ژەنەڕاڵی لەکۆماری کوردستان وەرگرت لەساڵی 1946 بەو پێیەی سەرۆکی گشتی لەشکری کۆماری کوردستان بوو هەروەها بەرزانی ئەو پلەیەی بەرلەڕۆشتنی بۆیەکیەتی شوڕەوی وەرگتبوو ئەوڕاستیەش ڕوناك بیری گەورەی کورد دکتۆر جمال نەبەز پشتڕاستی کردۆتەوە بەپشت بەستن بەوسەرچاوەو بەڵگە فارسیانەی حوکومەتی دژ بەگەلی کورد (دیقەتی ئەولکۆڵینەوە زانستیەی دکتور جمال نەبەز نوسیویەتی لە گۆڤاری نیشتمان)، لەگەڵ ئەوەشدا بەرزانی مارکسی نەبوو تاوەکوو ببێتە سەرۆکی شیوعیەکان. هلال باس لەگەشەکردنی زمانی کوردی وقینەڕەشەکانی خۆی دەکات گوایە ((نوسینەکانیان بەپیتی ئەلف وبێی لاتینیە)) سەرەڕای ئەوەی مافێکی ئاسایی وسروشتیە هەرگەلێك بیەوێت زمانی خۆی گەشەپێبدات وبەپیتی لاتینی یاخود هەرپیتێکی دیکەبنوسێت کەدەگونجێت لەگەڵ ئەوزمانەدا تەنانەت هلال ئەوەش نازانێت کە ئەلف وبێی عەرەبی لەبنەچەوە لەئەلف وبێی ئارامی کۆنەوە وەرگیراوە واتە زمانی کۆنی جولەکەیە، بەڵام سەبارەت بەلکۆڵینەوەی مێژوو وئەدەبی کوردیەوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم هلال ئیدعا دەکات گوایە ڕەوتی ئاراستەکان لەهەوڵدان بۆڕۆشنبیرکردنی گەل وسەروبەندی گرێیدەنەوە بەمێژووی هاوبەش و وشیاری نەتەوەی کوردیەوە گرێبداتەوە بەدەوڵەتانی جیاوازەوە، ئەوقسانە هەرهەموی ڕاست نیە بەهیچ شێوەیەك، لەبەرئەوەی کورد لەدوای جەنگی جیهانی دووەم دووچاری نشوستی نەتەوەیی بوو بەهۆی سەرهەڵدانی حزبە دیموکراسیەکانەوە لەدەوڵەتانی جۆراوجۆرەوە واتە لەهەرچواربەشەکەی کوردستان کەبانگەوازی بیری هەرێمچیەتی بەرتەسکی بڵاودەکردەوە وبەشەکانی دیکەی کوردستانی لەبیر خۆی بردەوە ڕێك وەك هەرێمی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتی وپیی دەوترا ئەڵمانیای دیموکراسی، کەچی هەربەڕاستی پێگەیەك بوو بۆدکتاتۆری لەئەوروپادا واتە بەپێچەوانەی ناونانەکەی خۆی کە بەخۆیەوە لکاندبوو، کوردستانیش وەك ئەودیموکراتیە هەرێمچیەتیەو گلاو دوورکەوتەوە لەبیری نەتەوەیی ئەنجامەکەی بوە هۆی شەڕی سەخت ودژوار لەنێوهێزە کوردیەکانا لەناو خۆیانا، لەچڵ ساڵ لەمەوبەرەوە شەڕی حزبایەتی لەباشوری کوردستانا هەبوە تائێستاش بەردەوامە هەروەها شەڕی هەرێمیش هەیە لەنێوان هیزەکانی کوردی لەباشوری کوردستان لەگەڵ هێزەکانی کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان هێزی دیکەش لەگەڵ هێزەکانی کوردی باکوری کوردستان وڕۆژئاوای کوردستانیش، خوالێخوش بوو مصطفی بەرزانی سەرکردەی 150 هەزار پێشمەرگەی جەنگاوەر بوە، خوالێخۆش بوو عبدالرحمن قاسملو سەرکردەی نزیکەی سەدهەزار پێشمەرگەی جەنگاوەری کوردبوە هەروەها عبدالله ئوچ ئالانی زینداني یش سەرکردەی هەمان ژمارەی پێشمەرگوبوو... ئەگەربهاتەیەو ئەوسێ هێزە کوردە یەك هێزی کوردی بوایە ئەوامێژوو وجوگرافیای ناوچەکە دەیان ساڵ بوو گۆڕانی بەسەراهاتبوو مەخابن ئەوهێزە کوردانە لەبەری ئەوەی یەکبگرن شەڕیان لەدژی یەکتریکردو نزیکەی 60 هەزار پێشمەرگەی پاڵەوانی جەنگاوەر شەهیدبون وبون بەقوربانی بەمەرجێك هەموو شەهیدەکان لەوپێشمەرگە چالاك وبەجەربەزەکان بون کەلەکادرانی سەربازی وسیاسیبون، ساسەتی حزبە نەکەسییە هەرێمیەکان بەخۆیان وبیرکردنەوەیانەوە دوورکەوتنەوە لەبیری نەتەوایەتی ومەسەلە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بونی نەما ولەمێشکی خۆیانیان دەکردبوو بەرنامەکانیشیان بوو بە بەڵا بەسەر گەلەوە وچەندین ڕوداوی جەرگبڕی بەدواوە بوو، هەروەها یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی وهەولێر یەکێکە

لەهۆكاری ڕەنگدانەوە وشەڕی براكوژی ئەویش لەبەرئەوەی گەلی كورد سودی لەودەرفەتە دەوڵەتیە وەرنەگرت كەهاتۆتە پێشەوە كە بەخەونی سەدان ساڵەی گەلی كورد دادەنرێت، سەركردەكانی كورد ناچاربون پەیوەندی بەدەوڵەتە گەورەكانەوە بكەن لەپێناوی ئەوەی گەلی كورد ڕزگاربكەن لەپەرتوبڵاوی داگیركردن، یەكێك لەونامانەی بەهەشتی شێخ محمودی حفید بوو مەلیكی كوردستان كە ئاراستەی لینینی كردبوو یەكەم سەرۆكی یەكیەتی شوڕەوی، بەڵام مەخابن كەس وڵامی داوای سەركردەكانی كوردی نەدایەوە لەوسەردەمەدا، كاتێ زلهێزەكانیش هاتن بۆكوردستان لەساڵی 2003 لەپێناوی بەرژەوەندیەكانی خۆیانا كە بۆ یەكەم جاربوو هەماهەنگبوو لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی كوردو بەڕێكەوتیش، بەڵام سەركردەی پارتە كوردیەكان لەم سەردەمەدا كەپەیمانیان دابوو بەگەلی كورد بیانگەیێننە ئاستی گونجاو ڕزگاریان بكەن كەچی لەم دەرفەتە مەزنەشدا بەرنامەو بیركردنەوەی خۆیان نەگۆڕی، ئەو عەقڵیەتە باوەی سەردەمی شەڕی سارد، لەوانەیە بۆماوەیەكی زۆر دووچاری سڕبون بوبێت لەبەرئەوە بەشێوەیەكی زۆر قوڵ كوتبونە ژێركاركردی سیاسەتی سەردەمی شەڕی ساردەوە، ئەوسیاسەتەی هەرگیزاوهەرگیز ناگونجێت وڕێكناكەوێت لەگەڵ نوێ خوازی ونوێكاری سیاسەتی جیهانی ودەوڵەتی هاوچەرخ.

بەڵام لێكۆڵینەوەی ئەدەب ومێژووی كورد ئەوەی محمد طلب هلال باسی دەكات بەدڵنیاییەوە ئەوەی بەرلە جەنگی جیهانیدا هەبوو بەڵكوو بەسەدان ساڵیش بەرلەوە ئاستی بەشێوە بەرزی دروستی بابەتیەوە بەخۆیەوە نەدیوە مێژوو، بەردوارد بەوەی دوای جەنگی جیهانی دووەم دەركەوتوە، بۆ نمونە سەبارەت بەمێژووی كورد تائێستاش هەمان سەرچاوەن سەبارەت بەمێژووی كورد كەزانای بەناوبانگی كورد محمد امین زەكی نوسیویەتی ((مێژووی كوردو كوردستان)) بەرلەجەنگی جیهانی دووەم، ئەوەش كە میری كورد نوسیبوی شرف خانی بدلیسی بەر لە 400 ساڵ لەكتێبەكەیدا ((شەرفنامە)). هلال یش وڕێنەدەكات ودەڵێت ڕوسەكان یارمەتی كوردیانداوە ئەوە چ جۆرە یارمەتیەكە، جگە لەچەند ڕێگەپێدانی خوێندن نەبێت سەرەڕای ئەوەی بۆ تایبەت مەندیەتی نەتەوەی كورد نەبوە بەڵكوو لەوڕوە بوو كەگەلی كورد سەر بەگەلانی جیهانی سێهەمن ئەوبەشەی گەلی كورد بەریكەوت لەچاو ئەو كورسی خوێندنانەی گەلانی دیكە بەریانكەوت زۆر كەمبوو، هەرچی پەیوەندی یارمەتی ڕاستەقینەنەوەیە لەلایەن ڕوسەكانەوە ئەوە بۆعەرەب بوو ئەی هلال نەك بۆ كورد، زوربەی دەوڵەتە عەرەبیەكان چەكی ڕوسیان دەستكەوت لەتفەنگی كلاشینكۆفەوە تادەگاتە فڕۆكەی میك وسیخۆ وهەموو جۆرە ساڕوخێكیش وتەنانەت كارخانانەی چەكی نەوەوی وكیمیاویش لەهەندێ دەوڵەتیان دروستكرا، هەروەها هەندیكی دیكەشیان گەورەترین بەربەستیان بۆدروستكراوە لەسەر دەریاكانیان وبێجگە لەدروستكردنی جۆرەها كارخانە ولەزۆربەی بوارەكانا یارمەتیاندان وپسپۆرو شارەزای پزیشكی وپێشەیی تەنانەت پسپۆری تەكنۆلجیاش هەرهەموشی بێ بەرامبەر یاخود بەقەرزی درێژخایەن لەگەڵ جۆرەها یارمەتی دیكەش كەگەلی هیچشتێكی لەوانە پینەگەشتوەو یارمەتیشی نەدراوە، بەندە هێرشم نەكردۆتە سەرهلال كە پێی دەڵێم ئەو ((ئەبو موسەیلەمەی درۆزنی سەدەی بیستەمە))، ئەم كتێبەشی نەشایەنی ئەوپەڕە كاغەزانەی هەیە كەلەسەری چاپكراوەو نەنرخی ئەوەش دەهێنێت بەهۆی بێكەڵكی فیتنەو درۆكانیەوە كە نەسەری هەیەو نەبنیش هەرهەموی گاڵتەجاڕیەو لەپێناوی یەك شتدایە ئەویش ئەوەیە دەڵێت گوایە كورد بەكرێگیراو دومەڵێكی پیسن ودەبێت لەبنا بیانبرینەوە بەوشێوەیەی هلال ئیدعای بۆ دەكات لەزوربەی بەشەكانی كتێبەكەیا بەڵام بەندە بەباشم زانی ئەم كتێبە چاپ بكەم بۆئەوەی خوێنەر بزانێت محمد طلب هلال بەخۆی سەگەلەكەیەوە دومەڵی پیسن وپێویستە لەڕەگوڕیشەوە هەڵكەنرێن لەنێو جەستەی گەلانی عەرەبدا پاش ئەوەی پێشینەكانیان لەعراق لەڕەگوڕیشەوە بڕانەوە كاتی ئەوانیش هاتوە، خوای گەورە دوای دەخات تاڕادەیەك بەڵام هەرگیز پشتگوێی ناخات.

((11)) لێرەدا دەبینین محمد طلب هلال تەنها دژایەتی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی كوردو سەركردەكانی ناكات بەڵكوو گەشتۆتە ئەوەی دژایەتی وبەربەرەكانی ئەو سەركردە عەرەبانەش بكات كەلەمافی گەلی كورد تێدەگەن وڕایان لەگەڵیایە، سەركردەكانی عەرەب كەسانی وەك عبدالكریم قاسم كە هاوپەیمانیەتی بغدادی ڕوخان وڕژێمی كۆماری لەعراقدا هێنایە كایەوە، ئەوكەسەبوو كە بۆیەكەمجار ڕایگەیان عەرەب وكورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، بەڵام ئەوەی هلال وتی دەربارەی ئەوەی گوایە قاسم ڕێگەیداوە خوێندنی كوردی لەقوتابخانەكاندا بخوێندرێت  وڕۆژنامەی كوردی هەبێت ئەوە درۆیەكی شاخاوی تەواوە، لەڕاستیدا قاسم ڕێی پێنەدابوو بەڵكوو پێش ئەوهەر هەبوو تەنانەت پێش

دامەزراندنی دەوڵەتی عراقیش لەساڵی 1921 خۆی هەبوە. هەروەها سەرۆك جمال عبدالناصر تاوانباردەكات بە بەكرێگیراو تۆمەتی دیكەشی دەخاتە پاڵ بەهیچ شێوەیەك زەعیمێكی وەك عبدالناصر شایەنی ئەوەی نیە چونكە بەدرێژایی ژیانی خەباتیكردوە بۆعەرەب وعەربچیەتی، كەجی هەلپەرستێكی هیچوپوچی وەك محمد طلب هلال دێت بۆئەوەی زمان درێژی بكاتەسەر سەرانی گەورەی خۆی بەوشێوە قێزەونەش باسیان دەكات، ئەوەش لەبەرئەوەی هلال مەسەلەی پاكتاوكردن ولەناوبردنی گەلی كورد بەئەرك ومافێكی سروشتی شۆڤێنیەی عەرەب دەزانێت، هەروەها هلال لەخۆشیانا شاگەشكە دەبێت بەیەكگرتنەوەی هەردوو لەشكری سوری وعراقی زۆرباش ئەو ڕووداوانەم بیرە لەگەڵ بەشداركردنی لیوای یەرموكی سوری لەگەڵ لەشكری عراقی لەوجەنگە بێ ئابڕوانەی دژ بەگەلی كورد بەرپایانكرد لەبری ئەوەی لەگەڵ دوژمنانی ڕاستەقینەی گەلانی عەرەبدا شەربكەن، بەڵام لیوای یەرموكی سوری بەسەركردایەتی لیوا ڕوكن فهد الشاعر بەسەرشۆڕی گەڕانەوە بۆ سوریا وەك یەكەكانی دیكەی عراق، دوای ئەوەی نیوەی سەربازو چەكوتفاقی ئالیاتەكانیان لەكیس چووبوو، هلال دان بەشكستی خۆیان دێنێت ودەڵێت بەهۆی یەكگرتنەوەی هەردوو لەشكرەكە شێخ احمدی بەرزانی خۆی دابەدەستەوە، لەڕاستیدا ئەوە خۆبەدەستەوەدان نەبوو بەڵكوو دابەشكردنی ڕۆڵەكان بوو لەگەڵ براكەی خۆیا خوالیخۆش بوو مەلا مصطفی بەرزانی، ئەوتا هلال ناوی شێخ احمد بە ((احمد بەرزانی دەبات)) تەنانەت دوژمنەكانی شێخ احمدی بەرزانی بەناوی ئاسایی خۆیەوە بانگیان نەكردوە وناویان نەبردوە بەبێ ئەوەی بەشێخ دەستپێبكەن لەبەرئەوەی هەربەڕاستی شێخێكی گەورەی كوردبوە ذشێص احمد كەسایەتیەك بوە لەوانەی كە قەشە ویگرام بەر لەسەدساڵ لە لێكۆڵینەوەكەیدا باسیكردوە كەشێخانی بەرزان بەكەسایەتی ئاسایی وسادەیی ناسراون بەڵام لەهەمویان زیاتر سامیان هەیەو بەتواناتریشن، هلالی ئەفسەری دەزگای هەواڵگری دێت وزماندرێژی دەكات بەرامبەر بەپیاوانی مەزنی وەك شێخ احمدی بارزانی وسەرۆكی كۆچكردوی میسر جمال عبدالناصر كە لە گاڵتەجریەك لەگاڵتەجاڕیەكانی ڕێكەوت بەوەلاوە بەشتێكی دیكە وەسف ناكرێت. بیركردنەوەی گەندەڵ ونەخۆشی هلال بەجۆرێك تێكچوە وای لێهاتوە وڕێنەدەكات ودەڵێت بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی كورد گەروەترین نەخۆشیە لەهەرلایەكەوە بیگریت، بۆ پشتڕاست كردنەوەی مەبەستەكەی هلال كورد بەجولكەی فەلەستین دەچوێنێت، هەربۆیە هلال بەڕۆژی ڕوناك هاواردەكات ماڵی كوردەكان بڕوخێنرێت وتێكبدرێت بەسەریانا لەناوچەی جزیرە، ڕێكەوتنی سایكس ـ بیكۆ كوردستانی بەش بەشكردو بەشێكیشی درا بەسوریا وڵاتەكەی محمد طلب هلال وپاش ئەوەی پارچەیەكی كوردستانی بەركەوت لەبری ئەوەی ڕێگەبدەن بەكورد زمان ودەستور وداب ونەریتی كولتوری خۆیان بەئازادانە بەكاربهێنن تاوەكوو كەمێك لەئازاری نارەوایەتی وغەدر كەمكاتەوە لەسەریان كەچی زۆر بەپێچەوانەوە وزۆر بێئابڕوانە داوای ماڵویراكردن وڕوخانی ماڵی كوردو كورد كوشتن وئاوارە بونیان دەكات لەڕاستیدا كوردستان ئیسرائیلی دووەم نیە بەوشێوەیەی هلال پێخۆشە وچەند جارێكیش دووپاتیكردۆتەوە بەڵكوو كوردستان فەلەستینی دووەمە لەنێو دەستی عەرەبە شۆڤێنیەكاندایە. هەزارو یەكجار ئەم درۆ وبوهوتانەیكردوە گوایە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی كوردو سەرانی لەجزیرەدا ئیستعمار دروستیكردون، بەندەش بەهلال ودەستەوە دایرەكەی دەڵێم ئەوزاتانە ناوی بردوون دەستكردی ئیستعمارنین بەڵكوو ئەوانە سەركردەی مێژوویی گەلی كوردن ولەنێو ڕیزەكانی گەلی كوردا پێگەشتون وئیستعماریش بەردەوام هەوڵیداوە چالاكیەكانیان ڕاگرێت بەڵام نەیانتوانی، بۆ نمونە : ئەبو عوسمان صبری كە هێزەكانی ئینتدابی فەڕەنسی (هێزی چاودێریكەری فەڕەنسی) چەند جارێك دەستگیریانكرد لەسوریا تەنانەت جاریكیان فەڕەنسیەكان دووریانخستەوە بۆ دوورگەی مەدغەشقەر لەئەفریقا بۆ ماوەی دووساڵ دوورخایەوە، ئەگەر بێتوو كەڵە پیاوانی بزوتنەوەی كورد دەستكردی ئیستعمار بونایە هۆی چیە ئیستعمار دەسگیریان دەكات ودووریان دەخاتەوە ئەی هلال ؟ هەرچی بەڕێز جلال قوطرش ە كە لەكاتی خۆیدا سەرۆكی گومرگی ناوچەی عامودا بوو لەشەستەكانا وكوردی سوریا بوو، كوڕەكەی شەهیدكرا لەڕوداوی سوتاندنی سینەمای عامودا كەبەدەسیسەی دەزگای هەواڵگری سوریاو هلال ودەستە چەپەلەكەی بوە كە بوە هۆی كوشتنی 380 منداڵی كورد كوڕەكەی جلال قوطرش لەنێو ئەو شەهیدەكانا بوو بەڵام جلال قوطرش تائەوكاتەی سەری نایەوەو بەدەستی دەزگای هەواڵگری سوریا شەهیدكرا لەكۆتاییدا كەسێكیان بۆنارد بۆ ئەوەی لەماڵی خۆیا تیرۆری بكەن لەدیمەشق. هەرچی سەبارەت بەو ناوانەی دیكەیە كە لەلیستەكەی هلال دا هاتوە لەبنەماڵە ڕەسەنەكانی كوردن جێگەو پێگەی خۆیانیان هەیە لەناوكۆمەڵگای كوردا ولەكەسایەتیە مەزنەكانی نەتەوەی كورد هەرگیز ناكرێت ئاستیان دابەزێتە ئەوئاستە نزمە تا ببنە سیخور وبەكرێگیراو وەك ئەوەی ناكەس

بەچەیەکی وەك محمد طلب هلال دەیڵێت. خوالێخۆش بوو بوظان بەگ سەرۆکی عەشیرەتی البرازیەی شاری کوبانی کە باوکی عصمت شاهین ە زیاتر لەدەهەزار سوارەی کورد بەخۆیان وچەکیانەوە شوێنکەوتوی ئەوبون تابەرەبەیانی سەربەخۆیی سوریا لەساڵی 1946.

(12) لێرەدا محمد طلب هلال بەجۆرێك کورد وێنادەکات گوایە هاتونەتە ناوچەی جزیرەو داگیریانکردوە، نەك هەرئەوە بەڵکوو ناوچە بەپیتەکانیشیان داگیرکردوەو ناوچە بێ پیتەکانیشیان بۆعەرەبەکان جێهێشتوە، هەرخۆشی کاتێ باس لەعەشرەتە عەرەبەکان دەکات دەڵێت لەدوورگەی عەرەبی ویەمەنەوە هاتون واتە عەرەب خۆی پانابەرە بەسەر ناوچەی جزیرە وبۆی هاتون لەدوورەوە، هەروەها پشکنینی ئاسەواری ناوچەی جزیرە ئاسەوارو ودراوی ئاشکراکردوە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی میدیەکان کورد مانای وایە کورد هەزاران ساڵە نیشتەجێی ناوچەی جزیرەن، ناوچەی جزیرە بەشێکە لەکوردستان بەبێ هیچ دوودڵیەك. محمد طلب هلال تەنها مەبەستی لەوەنەبوە کەتۆمەتە سیاسیەکان دابەشبکات بەسەرگەلی کوردو بزوتنەوە ڕزگاری خوازیەکەشی بەڵکوو کارگەشتۆتە ئەوەی تۆمەت ودرۆ دروستبکات پەیوەستە بەکەسایەتی کوردەوە، بۆ نمونە دەڵێت کوردەکان بەکوردی دەپەیڤن وکەسیش لێیان تێناگات چی دەڵێن، لەڕاستیدا زۆر بەپێچەوانەی قسەکەی ئەوە ئەگەربێتوو سەدکەسی کورد لەمەجلسێکابن بەزمانی کوردی بپەیڤن تەنها یەك کەس نەزانێت بەکوردی بپەیڤێت هەرهەموویان بەعەرەبی ئاخافتن دەکەن چونکە ڕێز بۆ ئەوتاکە کەسە دەدەبڕن، هەروەها کورد تاوانباردەکات بەدڕندەیی، زۆر ڕاستدەکات ئایا ئەوانە کوردبون منداڵانی عەرەبیان سوتاند لەسینەمای عامودا یاخود ئەوان بون بەچەکی کیماوی لەعەرەبیان دا لەشاری هەڵەبجەدا وچەندین کارەساتی دیکەی لەوجۆرەش ؟ !! هەر بەڕاستی بیرکردنەوەی هلال لەبازنەیەکی بەتاڵدا دەسورێتەوە وهیچی تر جگەلەوەی تۆمەت دروست بکات بۆکوردو ڕاستیەکان بگۆڕێت بۆ درۆ درۆکانیش بکات بەڕاستی، لەڕاستیدا دەرحەق بەدڕندەیی عەرەب لەسینەمای عامو داو شاری هەڵەبجە، کورد وڵامی ئەوانی نەدایەوە بەوەی لەبغدادو دمشق بدات بەچەکی کیماوی وەك ئەوان لەکوردیان دا سوتانیان لەشاری هەڵەبجەو عامودا. هەروەها هلال کورد تاوانباردەکات بەمەکرو فێڵ، لەڕاستیا پێچەوانەی ئەوقسەیە ڕاستە چونکە ئەوە ڕژێمە عەرەبیەکانن کوشتوبڕی عەرەبیان کرد لەشاری دجیلەی عراق وشاری حماە یان تۆپبارانیان کردن لەسوریاو هەزاران کەسیان لەعەرەب وکورد کوشت، ئەگەر بهاتایەو بەڕاستی کورد مەکرو فێڵیان هەبوایە لەسیفەتانەی باسیدەکات ئێستا دەوڵەت وکیانی خۆیانیان دەبوو وەك عەرەب وتورك فارس، گرنگترین دیاردەو خەسڵەتی کورد دڵپاکی وچاکی وئەوپەڕی بێگەردیە بەجۆرێکە سنوری نیە هەرئەو هۆکارەشە وای لێکردون خزمەتی نەتەوەکانی دیکەی عەرەب وتورك وفارس بکەن زۆر زیاتر لەوەی عەرەب وتورك وفارس خزمەتی خۆیانبکەن، هەروەك پێشوتر باسی سوریام کردبوو وناوی سەرکردەی شۆڕشەکانی سوریام بردبوو کە بەرپایان کردبوو لەدژی ئینتدابی فەڕەنسی لەسوریا هەمویان کوردبون هەروەها کورد ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی دیوە لەسەرکردایەتی کردنی زوربەی لایەنە سیاسیەکانی سوریا لەدوای سەربەخۆیی : وەك سەرۆکی حزبی شیوعی کوردی سوریا خالد بەگداش، هەروەها موفتی کۆماری سوریا شێخ احمد کفتاوری کورد، هەروەها سەرکردەی حزبە نیشتمانیەکانی سوریاش کوردبون وەك رشدی الکیخیا وعلی بوظو وکەسانی دیکەش تەنات کوردەکان ڕۆڵی خۆیان هەبوە لە سەرکردایەتی کردنی حزبی بەعسیشدا وەك سەرۆك وەزیرانی پێشوی سوریا محمود ئەیوبی وکەسانی دیکەش، کورد هەمان ڕۆڵیشی هەبوە لەتورکیاو عراق وئێران دا، کورد کاتێك عراق دەمەزرێنرا لەساڵی 1921 یارمەتیدەربون لەپێکهێنانی لەشکرەکەیدا، کەچی بەپێچەوانەوە دوای دروستبونی ئەو لەشکرە بەرەو کوردستان کشان وسیاسەتی سوتان وکاولکردنیان پیادەکرد مرۆڤ وئاژەڵیان بێ جیاوازی تیاکوشت وەچە بریان کردو دەغڵ ودانیشان سوتاند، لەساڵی 2003 یشدا کاتێك عراق ئازادکرا لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە کەدەوڵەتی عراقیان لەڕووی دەستوری وحوکومەت ولەشکریشەوە هەڵوەشاندوە بەجۆرێك شتێك نەما ئاماژە بەعراق بدات بەڵکوو عراقێکی داڕوخاو، کەچی لەبری ئەوەی کورد دەوڵەتی خۆیان ڕابگەێنن کەخۆیان لەوپەڕی توانایانابون خاکێکی ئازادو گەلێك لەسەرئەو خاکە دەژیاو حوکومەتی کوردی وکەناڵی ئاسمانی وپەرلەمان ولەشکری کوردی وچەندەها دەزگای دیکەی لەوجۆرەشی هەبوە، کەچی کوردەکان بەرەو بغداد بەڕێکەوتن لەپێناوی ئەوەی حوکومەت ولەشکرو دەزگای هەواڵگری عراق دروستبکەنەوە دووریش نیە هەمان لەشکری عراق ڕۆژێك لەڕۆژان بەرەو کوردستان نەکشێتەوە تا هەرکسێك لەگەڵی

کورد بەزیندویی ماوە بیکوژێت نەك هەرئەوە لەوەزیاتریش ڕۆشتون کوردەکان ئێستا خەریکی جێ بەجێکردنی پلانی سیاسەتی دەرەوەی عراقین وسەرقاڵی نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستوری عراقن سەرەڕای ئەوەی حوکومەتی کوردستان لەساڵی 1991 وە لەسەر پێی خۆی وەستاوە لەکاتێکدا کورد تائێستاش دەستوری خۆیانیان نەنوسیوە، ئایا ئەوە چاکەیی نیە هیچ مرۆڤێك لەسەرئەم زەویەدانیە باوەڕی هەبێت کە مرۆڤی لەمجۆرە هەبێت لەسەر زەوی، بێشك دەکرێت ئەم دیاردەیە بەهەشتەمین شتە سەیرەکانی ئەم دونیایە دانرێت، کەچی لەسەرو ئەم هەموو شتانەوە محمد طلب هلال کورد بەمەکراوی فێڵاوی دادەنێت !!... تەنانەت سینەمای میسریش گاڵتە بەپاکی وچاکی کورد دەکات کەخۆی لەخۆیدا سنوری چاکەییش تێدەپەڕێنێت ئەوان ئەوچاکە لەڕادەبەدەرە بەگەمژەیی ونەزان تەفسیردەکەن، بۆنمونە ئەگەربێتوو کەسێك بیەوێت کەسێکی دیکە فریوبدات وڵامیدەداتەوە دەڵێت هۆی چیە (بەکوردم دادەنێیت) ـ لماذا تستکردني ـ لەڕاستیدا کورد پیویستە لەسەریان مەکرو ژیری بەکاربهێنن لەگەڵ دوژمنانی سەربەخۆیی وسەربەستی کوردستان وگەلی کورد هەروەها پێویستیشە سیاسەتێکی ژیرانە بخەنەگەڕ لەگەڵ زلهێزەکاندا بەڵام نەك وەك ئەومەکرو ژیریەی هەندێ لەحزبە کوردیەکان گرتویانەتەبەر تەنها لەگەڵ گەلی کوردا.

(13) لێرەدا محمد طلب هلال باسی عەشیرەتە کوردەکان دەکات وتیۆرێکی ڕەگەپەرستانەی تازە دەهێنێتە کایەوە، بۆنمونە دەڵێت بیرۆکەی کۆن سەبارەت بەکورد کەدەڵێت کورد فێربکەن واتە خوێندەواریانبکەن دەبن بەعەرەب، بەڵام دەرکوتوە ئەو بۆچونە هەڵەیە، لەبەرئەوەی بەفێربونیان زیاتر بەهێزبون وسورن لەسەر داواکاری مافە نەتەوایەتیەکانیان بۆیە پێویستە لەسەرحوکومەت کورد پشتگوێ بخات بۆئەوەی نەفامبن. هەروەها ئەوعەشرەتە کوردانەی بەشداریانکرد لەشۆڕشی گەورەی کورد لەساڵی 1925 بەسەرکردایەتی شێخ سعیدی پیران گوایە هەم شێخ سعیدو هەم کارەکانیان بەکاری سەرەڕۆیی وچەتەگەری داناوە !! بەڵێ هلال بەبیرکردنەوەی ڕەگەزپەرستانەی خۆی بەجاری شوڵی لێبڕاوە تەنها هێرشی ناشیرین نەکاتەسەر پیاوماقوڵانی نەتەوە وبەچەتە دایانێت لەکاتێکا خۆی وئەو دەوڵتانەی کوردستانیان زەوتکردوە بەخاك ونەتەوەو بەروبومیەوە وبەبەرچاوی هەموو شەرەفمندانەوە بەناپاك دانانێت، بەوبۆچونەی هەرچی پیاوچاکانە لەوانەی داوای مافە زەوتکراوەکانی خۆیاندەکەن هەڵیگێڕاونەتەوەو کردونی بەچەتە، ئەوچەتەو جەردانەش کەگەلی کوردو نەتەوەکەشیان دزی هەڵیگێڕاونەتەوە کردونی بەپیاوچاك، هەربۆیە داوا لەدەسەڵاتی سوری دەکات کوردەکان لەناوچەی خۆیانەوە بگوێزنەوە بۆناوچەی دووری دیکە دووربێت لەکوردستانەوە، کاتێ باس لەعەشرەتی الدقوریەو عەشرەتەکانی دیکە دەکات کەگوایە نیوەیان لەسوریان ونیەوەکەی دیش لەودیوو سنورەوەن لەتورکیا، ئەوەی بەسەرگەلی کوردا رووویدا لەڕاستیدا ئەوسنورەی ڕێکەوتنی سایکس ـ بیکۆ نەخشەی کێشاو دیاریکرد هەرە ئەوەش بوو گەلی کوردو کوردستانی جیایکردەوە بۆ ئەوەی هەربەشێکیان بچێتەژێر ڕکێفی فەرمانی سوریاوەو نیوەکەی دیکەش بکەوێتە ژێر فەرمانی تورکیاوە وەك داگیراوەیەکی دەوڵەتی. کاتی باس لەعەشیرەتی سیدان دەکات هلال تۆوی دووبەرەکی ودوژمنەیاتی دەچێنێت لەنێو هەروو گەلی عەرەب وکوردا وگوایە کورد هاواری بڕۆخێ عەرەبیان کردوە لەشاری عامودا سەرەڕای ئەوەی بەندە بەپیشەی خۆمەوە لەبواری نیشتمانی کوردا بۆ زیاتر لەچل ساڵ هەرگیز نەم بیستومەو نەشمدیوە تەنها یەك کورد وتبێتی بڕۆخێت عەرەب لەبەرئەوەی کێشەو ناکۆکی کورد لەگەڵ عەرەب نیە هەرگیز نا نەبوەو ناشبێت مەگەر تەنها لەمێشکی هلال نەخۆشی هلال وئەوانەی وەك هلالن، لەبەرئەوەی دوژمنایەتی ڕاستەقینەی نێوان هەردوو گەلی عەرەب وکوردا لەسەرێکەوە پەیوەستە بەڕژێمە عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانەوەو لەسەرێکی دیکەوە فەیلەسوفەکانیان کە لەپشتیانەوە خەریکی چنینی پلانن لەدژی گەلی کوردو عەرەب. لەجێ یگەیەکی کشدا هلال کەڵبەکانی خۆی بەئاشکرا جیڕدەکاتەوە سەبارەت بەگواستنەوەی کورد لەوکوردستانەی داگیرکراوە لەلایەن سوریاوە گوایە دەگونجێت لەگەڵ هەمان پڕۆسەی گواستنەوەی کورد لەعراق هەروەها بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردیش بەسەرۆکایەتی خوالێخۆش بوو بەرزانی دەچوێنێت بەسەری مارەکە کەپێویستە بپەڕێنرێت، ڕژێمی سوری ڕەگەزپەرستیش هەڵدەستێت بەجێ بەجێکردنی پێشنیارەکەی هلال لەشکری سوری ڕەوانە دەکات بۆعراق تایارمەتی لەشکری عراقی بدات لەوجەنگە ڕەگەزپەستانەیدا لەدژی گەلی کورد، بزواتی مێژویی بەدڵنیاییەوە نە لەشکری عراقی دەتوانێت ڕایگرێت نەلەشکری سوریش وهیچ لەشکرێکی دیکەش، هلال لەسەرەتای ئەم کتێبەیەوە تاکۆتاییەکەی هەوڵدەدات تاوان داتاشێت دژ بەگەلی کورد ئیتر بەهۆکارەوەبێت یاخود بێ

هۆکار زۆرجاریش ناکۆکیەکانی تاوانەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە ولەیەکیاندەدات ئیتر بەهەرشێوەیەك بێت، وەك ئەوەی دەڵێت شێخانی کورد کافرن ! یاخود بزوتنەوەی کورد بەکرێگیراوی شیوعیەت وئیستعمارە لەهەمانکاتدا ! لەگەڵ چەندین بۆچونی ناکۆکی دیکەدا کەبۆچونێکی ڕوون وئاشکرا دەبەخشێت بە خوێنەر کەهلال لەسیاسەتدا منداڵە یاخود سیاسیەکی ڕەگەزپەرستە، کەسانی ڕەگەپەرستیش هەر خۆیان کینە لەدڵن وکوێرن شتەکان بەسەریەکا دەشێوێنن وتێکەڵ دەکەن بەبێ ئەوەی بتوانن جیاوازی نێوان ڕەنگی ڕەش وسپی هەس پێبکەن، لەوجیاوزی وناکۆکیانەی بۆنمونە دیانهێنێتەوە وەك قسەی ئافرەتێکی کورد بەنمونە دەهێنێت ودەڵێت لەوانەشە سەروبەری ئەوحکایەتە خۆی دروستیکردبێت لەهەمانکاتدا ناکرێت ڕای یەك ئافرەت ڕای هەموو گەلی کورد بێت بەڵام ئێمە بڵێین چی هلال بەبێ هێچ بۆنەیەك فەرمانی خۆی دەردەکات تەنانەت ئەگەر ئەوئافرەتە ڕای نەبوبێت، بەڵام ئەوە زەرەری چیە ئەگەر ئافرەتێك قورئان نەخوێنێتەوە لەبەرئەوەی کوردەو زمانی عەرەبی نازانێت. یەکسەر هلال وچەتەکانی بەکافر تاوانباریدەکەن هەروەك بڵێیت ئەوانە خۆیان ئەولیای خوابن، کاتێ کورد بیانەوێت خۆیان ڕزگاربکەن لەدەستی ئەوان ولەژێر ڕکێفیانا نەمێنن هلال وچەتەکانی یەکسەر بەپەنادەبەن بۆ بەکارهێنانی چەکی ئاین گوایە ئێمە هەمومان ئیسلامین، واتە ئەوان لەهەردوو حاڵەتدا ئیسلام دەشێوێنن وخراپی دەکەن، لەبەرئەوەی کورد کافرنین کەچی لەهەمانکاتدا ئەگەر بیانەوێت جیاکردنەوەی کوردستان لەدەوڵەتی خۆیان بەجیاکردنەوەو دابڕانی برایەتی ئیسلام دەزانن ئەوەش تەنهاو تەنها سیاسەتێکی ئیستعماریانەیە ئامانجی درێژکردنەوەی تەمەنی ئیستعمارکردنی کوردستانە لەوەزیاترنیە، لەبەرئەوەی ئەوئەوان ڕاستیان بکردایە ئەی بۆچی نکوڵی ناکەن لەبونی 22 دەوڵەتی عەرەبی ودەوڵەتانی پاکستان وئەفغانستان وبنگلادیش وتورکیاو ئێران ئەندۆنیسیاو ئەلبانیاو دەوڵەتانی دیکەش وەك خۆیان دەڵێن لەپێناوی پاراستنی یەکیەتی جیهانی ئیسلام، مانای وایە ئەون ڕازین بە 22 دەوڵەتی عەرەبی ودەیان دەوڵەتی ئیسلانی دیکەش بەڵام ڕازی نین بەیەك دەوڵەتی کوردی ؟! ئایا ئەوە ستەم وناڕەوایەتی ودوو ڕووی نیە کە لەپێوەری هیچ ڕژێمێکی یەکسان وڕەوادا نیە. هلال لەوەش زیاتر دەڕوات وپێدەادەگرێت کاتێ باسی عەشیرەتی المسينية دەکات جارێکی دیکە دووپاتی دەکاتەوە کە کوردەکان لەژێر چاودێری ئیستعماردان تەنانەت ئەگەر دەست لەکورد بونی خۆشی هەڵگرێت ئەوا کورد بەچاوی هلال هەر بەتاوانبراوی دەمێنێتەوە وپێویستە لەسێدارە بدرێت ئەگەر بشبێت بەعەرەب. هەروەها سەرسامی خۆشی دەردەبڕێت بەوەی تائێستا یەك کوردی نەدیوە دژی دروستبونی دەوڵەتی کوردی بێت، هلالی جەردەو جادوگەر سەرسامبونی بۆچیە، هەموو گەلێك پێویستە دەوڵەت وکیانی خۆی هەبێت هیچ حزبێك وکەسێك وڕژێمێك یان گەلێك بۆی نیە سەروەربێت بەسەر گەلێکی دیکەوە، چونکە سەروەربون بەسەر گەلێکی دیکەوە بیرۆکەیەکی ئیستعماریانەیە ئیتر هەرڕەنگێك وهەرشێوازێکی هەبێت.

(14) لەدەروازەی ((تێڕوانینی کۆنمان دەرارەی کوردەکان)) هلال دەڵێت تێڕوانینی کۆنمان دەربارەی کوردەکان دەبێت بگۆڕدرێت لەدوای ئەوڕوداوانەی کە لەعراق ڕوودەدات لەبەرئەوەی کورد جگەلەوەی خەنجەرێکبن بۆپشتی نەتەوەی عەرەب شتێکی دیکەنین، لەدوای ((خەنجەری ئیسرائیل)) ئەودوژمنایەتیەی هلال ئاشکرایە دژ بەگەلی کورد کەدەریدەبڕێت خۆڵکردنێکی ئاشکرایە بەچاوی جەماوەری عەرەبدا کەتوشبون بەدەست کەسانی وەك هلال وسەرانیەوە، هەروەها ڕژێمە عەرەبیە ڕەگەزپەرستەکان ئەوانەی لەڕەشەبای دیموکراسیەت دەترسن بیرو بۆچونەکانی محمد طلب هلال لەئەلفەوە تا یای بەوردی جێ بەجێدەکەن، لەئەنجامدا عەرەب چاکەی پیاوانی ئاینی کوردی لەبیرچوو، لەگەڵ پەیمانگا ئیسلامیەکانی کوردستان ولەپێش هەموشیانەوە زانکۆی حران کەزانای ناودار ابن تيمية دەرچوی ئەوزانکۆیەیە هەروەها وفارابی وسەدانی دیکەش هەروەها چاکەی پێشەوای کورد صلاح الدينى ئەیوبیش لەڕزگارکردنی قودسی شەریف کە 500 عەشیرەتی کوردی لەکوردستانەوە هانی وشوێن خۆی خستن بۆڕزگارکردنی قودس وبەرەنگاری کردن لەعەرەبیش، لەسەدەی ڕابوردوشدا کورد بەشداریانکرد لەگەڵ لەشکرە دەوڵەتە عەربیەکان ئیتر بەکۆبێت یان بەتاك لەڕێکخراوە فەلەستینیەکاندا لەپێناوی ڕزگارکردنی فەلەستیندا، هەروەها کورد بەشداریکردوە لەزوربەی دەوڵەتە عەرەبیەکاندا لەپێناوی سەربەخۆیی نیشتمانی عەرەب تاڕزگاری بێت لەدەست ژێردەستەیی لەدەست داگیرکەری ئەوروپی. بەڵام سیاسەتی هلالی وڕژێمە عەرەبیە ڕەگەزپەرست ودیکتاتۆرەکان، ڕۆڵێکی سلبییان بینی لەئاراستەکردنی ڕای گشتی عەرەبی بەدژو پێچەوانەی بەرژەوەندی گەلانی عەرەبەوە، لەبەرئەوەی تاقیکردنەوە

ڕودواەکانی مێژوو سەلماندویەتی کەدراوسێکانی عەرەب لەخۆرهەڵات وخۆرئاواو باشورو باکورەوە، چاویان بریوەتە عەرەب وڵاتەعەرەبیەکان بەڵام سیاسەتی وڵاتە عەرەبیەکان کاردەکەن بۆ ڕازیکردنی ئەودراوسیانە ئیتر گرنگ نیە ئەگەر لەسەرحسابی بەرژەوەندی گەلانی عەرەب بێت ئنجا گەلی کورد، سەرەرای ئەوەی گەلی کورد هەمیشەوابوە هەرواش دەمێنێتەوە کەهێزی ڕاستەقینەی پشتیوانیکەری نەتەوەی عەرەب بوە بەبێ ئەوەی هیچ وەرچەرخانێکی ئیجابیشی هەبێت لەمەر ئەو ڕژێمە عەرەبیانەی بەتەواوی زاڵ بون بەسەرگەلانی خۆیانا، ئەوگەلانەی دەبینین ودەبیستن بەڵام هەرچی دەسەڵاتێك هەیە لێیان زەوتکراوە لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی پۆلیسی ڕژێمە عەرەبیەکانەوە، لەمەرامبەر بەوە ڕژێمە عەرەبیەکان چییانکردوە بۆ گەلانی خۆیان وگەلی کوردیش، چەند نمونەیەك دەهێنینەوە :

1 - شۆڕشی کورد لەباشوری کوردستان لەساڵی 1961 بەرپابوو لەپێناوی بەدەستهێنانی خودموختاری بۆگەلی کورد لەعراق، هەموو جارێك لەشکری عراقی هێرشی بکردایەتەسەر کورد بەشکاوی دەگەڕایەوە، ڕژێمی عراقی بەردەوام خەریکی پلان ودەسیسەی سیاسی هەرێمی ودەوڵەتی بوە لەدژی کورد، تەنانەت ڕێکەوتنی 11 ی ئازاریش تاکتیکێك بوو بۆبەدەستهێنانی کات وهیچی دیکە، هەرلەساڵی یەکەمی ڕێکەوتنەکەوە حوکومەتی عراقی هەستا بەتیرۆرکردنی چەندها کەسایەتی کورد هەروەها دووجار هەوڵیاندا بۆ تیرۆکردنی پێشەوای شۆڕش خوالێخۆش بوو مصطفی بەرزانی وادریسی کوڕی، لەگەڵ ئەوەشدا حوکومەت چەند کەسێکی لەناو شۆڕشدا کڕی وەك حزبی شیوعی وحزبی دیکەش، لەڕووی دەوڵەتیشەوە حوکومەتی عراقی شۆڕش دوورخاتەوە بەهۆی ڕکەوتنێکی دۆستانە لەگەڵ یەکیەتی شورەویدا بۆماوەی 15 ساڵ لەساڵی 1972 ڕێکەوتنەکە ئیمزاکرا، هەرئەوەندەی ساڵی 1974 دەستییێکرد ئیتر ڕژێمی عراقی خۆی پرچەك کردبوو لەوجۆرە چەکانەی خۆی دەیویست بۆ تازەکردنەوەی شەڕ، ئەو جەنگە ساڵێکی ڕێکی خایاند بەڵام دەرکەوت سەرەڕای ئەوەی حوکومەتی عراقی هەموو ئامادەکاریەکی لەڕوی ناوخۆیی وهەرێمی ودەوڵەتیشە کردبوو بەڵام بەئاشکرا دەرکەوتبوو کە شۆڕش بەهێزتر وبەدەسڵاتربوە لەڕووی هەڵوێستی سەربازیەوە بەلانی کەم، ئەوەبوو لەمانگی ئازاری ساڵی 1975 دا صدام لەکۆنگرەی ئۆپك چاویکەوت بەشای ئێران، بەهۆی بومدین وسادات وئەمەریکاوە ڕێکەوتنی جەزائیری دوژمنکار ئیمزاکرا لەنێوان صەدام وشاە دا، بەوپێیەش عراق دەستی هەڵگرت لەهەرسێ دوورگەکەی کەنداو طنب الصغری وطنب الکبری وأبوموسی کە هی ئمارات بوو بەڵام عراق کارتی سەوزی دابەئێران داگیری بکات هەروەها دەستیشی هەڵگرت لەنیوەی شط العرب وبەرزاییەکان وپێگە ستراتیجیەکان کەکەوتونەتە سەرسنور لەگەڵ چەدین شوێنی دیکە دەستی لێ هەڵگرت بۆ ئێران، هەروەها صدام حسین ئەندامان وسەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاری عەرەبستانی دایەدەست حوکومەتی ئێرانی ئەوانەی لەدژی ئیستعماری ئێرانی دەجەنگان کە لەبغداد بون، هێرشی پروپاگەندەییشی ڕاگرت لەدژی ئێران... ئەودەست هەڵگرتنە لەپێناوی ئەوەدابوو ئێران سنوری خۆی دابخات بەڕووی کوردستانا، بۆئەوەی بتوانێت دەست بنێتە بینی شۆڕشی کورد تابتوانێت کپیان بکات، سەرەڕای ئەوەی داواکاریەکانی خودموختاری زۆر کەمتربوو لەوەی عراق دەستی لێهەڵگرت بۆیەکیەتی شورەوی لەساڵی 1972 وشای ئێرانیش لەساڵی 1975 (ئەم دەست لێ هەڵگرتنانەی عراق بەردەوام دووپات دەبێتەوە وڕێك لەوەدەست لێ هەڵگرتنانە دەچێت کەسوریا دەیکرد لەگەڵ تورکیا لەڕێکەوتنی ئەدەنە لەساڵی 1999)، لەکاتی خۆیدا خوالێخۆشبو بەرزانی خۆی وگەلەکەی هێجیان بەدەستەوە نەمایەوە لەبەرامبەر بەوپلانەی کەهەرعراق داینەڕشتبوو بەڵکوو کەوتبوە بەرپلانێکی دەوڵەتیەوە کەڕۆژئاواو خۆرهەڵات بەشداریان تیاکردبوو ئیتر خوالێخوشبو بەرزانی ناچاربوو ڕاگرتنی شۆڕش ڕابگەێنێت، لێرەدا ئیتر بەجوانی بۆمان دەردەکەوێت کەهلال ڕژێمە عەرەبیەکانی بەکرێگیراوی ئیستعمارو شیوعیەتن نەك گەلی کوردو شۆڕشە ڕزگاری خوازیەکەی بونە قوربانی، لەساڵی 1979 دوای ڕوخانی ڕژێمی شاە وصدام حسین داوای گەڕانەوەی ئەوشوێنانەی کردەوە کەدەستی لێ هەڵگرتبوو بۆ ئێران بەڵام ئێران ڕەتیکردەوە وجەنگی ئێران عراق لەساڵی 1980 هەڵگیرساو ڕۆڵەیەکی زۆری بەئەمەکی عراق بونە قوربانی لەئاگری ئەو شەڕەدا، کاتێ جەنگ کۆتایی پێهات لەساڵی 1988 عراق تاوانی گەورەو زۆری دەرحەق بەگەلی کورد کرد لەکوشتنی هاوڵاتیانی کورد کە سەدان هەزار لەهاوڵاتی سیڤیل تیاشەهیدکران وپێش هەموشیانەوە هێرشی ئاسمانی بەچەکی کیماوی بۆسەرشاری هەڵەبجە. عراق لەو سەردەمەدا خاوەنی جبەخانەی سەربازی ئێجگار زۆری لەبەردەستابوو، ئەو لەشکرە ئامادەبوو بۆ کودەتایەکی سەربازی بەسەر خودی صدام دا ئەگەر جەنگ بوەستایە صدامیش ئەولەشکرەی خستەگەڕو جەربەزەییەکی نوێ پێکردن ئەویش جەنگی کوێت لەساڵی 1990 هەڵگیرسا، هەموش ئاگادارن ئەنجامی جەنگی کوێت بوە هۆکاری ڕەوی بەملیۆنی کورد هەرئەو ڕەوەش مەسەلەی کوردی لەمەسەلەیەکی عراقی ناوخۆییەوە گۆڕی بۆ مەسەلەیەکی دەوڵەتی ودەوڵەتە زلهێزەکانی ناچارکرد دەستێوەردان بکەن وعراقیان دابەشکردو ناوچەی پاراێزراویان بۆناوچە کوردنشینەکان سەپاند هەروەهابۆ ناوچە شیعە نشێنەکانیش لەباشوری عراق سەرەڕای ئەو هەموو تاوانانەی ڕژێمی عراق دەرحەق بەکورد کردی کەچی سەرکردەکانی کورد لەساڵی 1991 بەپێی

خۆیان چونە بغداد صدامیان ماچکرد ومەسەلەو کێشەی کوردیان جارێکی دیکە گێرایەوە بۆ مەسەلەیەکی ناوخۆیی عراق بەوهیوایەی لاپەڕەیەکی نوێ بێتەکایەوە، پاش چی پاش ئەوە صدام نیو ملیۆن کوردی کوشت وبەشێکی ئەو کوژراوانەش کەسوکاری برای سەرکردەکان بون، بەڵام صدام قایل نەبوو بەهیچ مافێکی کورد سەرکردەکانی کوردیش گەڕانەوە بۆ کوردستان وئەنجامەکەی شەڕی 2003 ی لێکەوتەوە کەعراق سەروەری وحوکومەت لەشکرەکەشی لەدەستداو کەرامەتی شکاو کەوتە ژێر پیوە، لەپیناوی چیابوو ؟ وڵامەکەشی ڕەگەزپەرستی نەویستی دەرون نەخۆشەکانە کەحزبی بەعس وعەرەبی شۆڤێنی شانازی پێوەدەکەن هەمیشە ئامادەییان تیایە سەردانەوێنن بۆ ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا بەڵام توانای ئەوەیان نیە نەتەوەی کورد ببین شان بەشانی نەتەوەی عەرەب بێت وهاوتایان بێت لەعراق وسوریا وخۆیان لوتبەرزدەکەن وەك لوتبەرزی علوج ی ((الجعنوكي)) محمد سعيد الصحاف تا دواسات.

2 ـ لەساڵی 1957 سوریاو لوبنان دووچاری فشاری دەوڵەتی وهەرێمی ببون ولەهەمان کاتدا فڕۆکە ئەمریکیەکان لەڕێی فڕۆکەخانەکانی تورکیاوە هێرشیاندەکردە سەرلوبنان حوکومەتی سوری پەنایبرد بۆچارەسەرکردنی کێشەی هێرشی تورکیا لەسنوری سەروی سوریاوە لەدوای ڕێکەوتنی یەکیەتی لەگەڵ میسر بەسەرکردایەتی سەرۆکی ئەوکاتی میسر خوالێخۆش بوو جمال عبدالناصر، لەکاتی خۆیدا سەرۆکی تورکیای ئەوسەردەمە ڕایگەیاند : ((ئێمە دوێنی خەوتین لەسەر سنوری ئێمە دەوڵەتێکی لێبوو ژمارەیان 6 ملیۆن کەسبون کەچی لەبەرەبەیانی ئەمڕۆدا کاتێ خەبەرمان بوەوە سەیدەکەین لەسنوری باشورمانەوە دەوڵەتێکی لێیە ڕێژەیان 36 ملیۆنە، بەڵام لەساڵی 1999 دا کاتێك سوریا دووچاری هێرشێکی نوێ بوو لەلایەن ڕژێمی تورکیەوە، لەبری ئەوەی کێشەکە لەسەرهەمان شێوەی سەرۆکی خوالیخۆش بوی میسر جمال عبدالناصر چارەسەربکات چەندوچۆنیان لەسەر مەسەلەی کورد کرد لەباکوری کوردستانەوە کەلەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە داگیرکراوە، ئەوەبوو ڕژێمی سوری پارتی کرێکارانی کوردستانی دەرکرد لەسوریاو لوبنان کەسەرۆکەکەی عبداللە ئوچ ئالان ە، لەئەنجامدا فڕێندراو درایەدەست ڕژێمی تورکی تائێستاش زیندانیە لەدورگەیەکی دوورەدەستی تورکیا، بەڵام دەرکردنی ئوچ ئالان کێشەی سوریای چارەسەرنەکرد ئەوتا بەزۆری زۆردار فەرزکراوە بەسەریا سەرکردەی ڕێکخراوە فەلستینیەکان وسەرکردەکانی حزبو اللەش بدات بەدەستەوە ئاو بێنەو دەست بشۆ ئیتر.
دەگەڕێمەوە دەڵێم ئەوهەموو ماستاو ودەستهەڵگرتنەی بۆچیە لەئاست دەوڵەتانی دراوسێدا بەبێ هیچ ڕەوایەتیەك، لەگەڵ ئەوەشدا کورد مافیان هەیە کەچی مافەکانیان نادەنێ، ئەگەر ئەوەهەر ڕونکردنەوەیەکی هەبێت یابواری ڕونکردنەوەی هەبێت بەدەرنابێت لەپیادەکردنی سیاسەتە ڕەگەزپەستیەکەی محمد طلب هلال کەتائێستاش زاڵە بەسەرشەقامی عەرەبیدا، هەرلەم ڕوانەگەیەشەوە کاتێ شاری هەڵەبجە بەچەکی عراقی کیماباران کرا لەنێو 200 ملیۆن عەرەبدا 200 کەس نکوڵیان لێ نەکردو ڕەتیان نەکردەوە، بەڵام کاتێ هەواڵی کوشتنتی عدی وقصی بڵاوبوەوە هەندێ ڕژێمی عەرەبی پرسەیان بۆ دانان وفاتیحەیان بۆگیانیان دەخوێند کەچی نەماندی هیچ کام لەوڕژێمانە پرسە دانێن بۆگیانی پاکی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عراقی وکوردیش کەصدام وکوڕەکانی عدی وقصی کوشتیانن کەڕۆژانە ملیۆنەها کەس لەکەناڵە عەرەبی وجیهانیەکانەوە چاویان پێدەکەوێت... کەچی سەرەڕای ئەوەش گەلی کورد هەستان بەبەخشینی خەڵات بۆشاعیری عەرەبی محمد مهدي الجواهري ومەهرەجانێکیان بۆساکردو لەهەردوو شاری هەولێرو سلێمانی وپەیکەرێکیان بۆدانا وەك ڕێزنان لەباشوری کوردستان بەڵام تائێستا هیچ ڕژێمێکی عەرەبی مەهرەجانی سازنەکردوە لەوشێوەیە بۆهیچ شاعیرێکی کورد لەهیچ وڵاتێکی عەرەبیدا، هەروەها لەسەدا پەنجای کەناڵە کوردیە ئاسمانیەکان تەرخانکراوە بۆ گۆرانی عەرەبی، بەڵام هێشتا نەماندیوە کەهیچ تەلەفزیۆنێکی عەرەبی یەك گۆرانی کوردی بڵاوبکاتەوە، ئەوەش خۆی قینێکی لەڕادەبەدەرە لەلایەن سیاسەتی ڕژێمە عەرەبیەکانەوە بەرامبەر بەمەسەلەی ڕەوای گەلی کورد بەڵام بەبێ هیچ ڕەوایەتیەك دەست لەمافی خۆیان هەڵدەگرن بۆ وڵاتانی دراوسێ.

(15) محمد طلب هلال سەبارەت بەبڕگەی پێنجی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان باسدەکات ودەڵێت کەئەو بڕگەیە دەڵێت : (هەوڵدان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی برایەتی نێوان سەرجەمی نەتەوەکان...)، گوایە پەیوەندی دۆستایەتی وبرایەتی بەبۆچونی هلال خەسڵەتێکی نەویستەو نامانەوێت ڕاستە وایە لەبەرئەوەی هەموو شۆڤێنیە ڕەگەزپەرستەکان باوەڕیان بەبرایەتی ودۆستسایەتی گەلان نیە، بیرمە لەساڵی 1972 قوتابیان هاواریاندەکرد ((بژی برایەتی عەرەب وکورد)) لەشەقامەکانی شاری قامیشلودا کەچی دەزگای هەواڵگری سوریا پێنجی لەوقوتابیانە گرت ودادگای ئاسایشی دەوڵەت فەرمانی دوو ساڵی تەواوی دابەسەریاندا سەپاند. هەرئەو بیرکردنەوە ڕەگەزپەرستانەیە کەکارێکی وایکردوە پەلەبکرێت لەسەربەخۆیی کوردستان تاجیابنەوە لەودەوڵەتە دڕندە فاشیە، لەبەرئەوەی هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بەرگەی سیاسەتیان بگرێت. کەچی لەسەرو ئەوەوە هلال کوردستان بە یەهـــــودســـــتان دەچوێنێت، لەبیر خۆیدەباتەوە کەکورد لەڕوسیاو ئەوروپاو ئەمریکاوە نەهاتون بەڵکو دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەن لەهەزاران ساڵەوە وبەرلەوەی کەعەرەب وتورك بێنە ئەم ناوچەیەوە، تورك لەناوەڕاستی ئاسیاوە هاتون بەر لە 800 ساڵ عەرەبیش بەر لە 1400

لەدورگەی عەرەبیەوە هاتونەتە ناوچەکەوە بەهۆی هاتنی ئیسلامەوە، بەڵام گەلی کورد بەرلەسێ هەزارساڵ ئیمپراتوریەت ودەوڵەتی دامەزراوی خۆی هەبوە لەوەتی گیانلەبەر لەناوچەکەدایە ئەوان بە بەردەوامی هەرلێرەبون، واتە گەلی کورد هەرگیز کوردستانی جێ نەهێشتوە، تائێستاش گەلی کورد زۆرینە پێکدەهێنن لەکوردستان سەرەڕای بەعەرەب کردن وبەتورك کردن وبەفارس کردنیان لەشارە گەورەکانی وەك موصل وحلب واسكندرون ورمێ تەوریزیش.

(16) جارێکی دیکە محمد طلب هلال دەگەڕێتەوە سەرباسەکەو پێدادەگرێت لەسەر نەخوێندەوارکردنی گەلی کورد ودانانی پلانی هێمنانە بۆکۆتایی هێنان بەبونی گەلی کورد، هەروا زۆر بەئاسانی داوای پاکتاوکردنی گەلی کورد دەکات، بەردەوامدەبێت لەوڕێنەکردن گوایە عەرەب خوراک وبژێوی کوردی داوە وجێی کردونەتەوە ، ئەوە خۆی بۆخۆی درۆیەکی شاخاوی وفتنەو فەساداویە چونکە ئێمە هیچمان نەدیوە لەرژێمە عەرەبیەکان جگە کوشتوبڕی وپاکتاوکردنی بەکۆمەڵ نەبێت لەوکوردستانەی لەژێر دەسەڵاتی عراقدابوە بەداگیرکراوی، ڕژێمی عراقی بەتەنیا خۆی زیاتر لە 4000 گوندی وێرانکرد ئیتر کامەیە ئەو جێگەو (بژێوە) کە ئەوڕژێمانە دەستەبەریانکردوە بۆگەلی کورد، بەدڵنیاییەوە هلال مەبەستی لەوخۆراکەیە کەلەڕێیگەی فرۆکەو تانکەوە دەرخواردیان دەدەن بەچەکی کیماوی وچەکی هێشویی قەدەغەکراو.

(17) هەروەها لەژێر ناونیشانی (پلانی ئیستعماریانە بۆکوردەکان) هلال باسدەکات گوایە هەردوو بارەگاکەی بلۆکی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات بڕیاریانداوە کۆمەکی کوردبکەن، وڵامی ئەوئیدعایانەمانداوەتەوە پێشوتر بەڵام خاڵ بەخاڵیش بەدەستنیشان کردنەوە پێدەڵێین کەئەوە ڕۆژئاوابوو کوردستانیان دابەشکرد لەساڵی 1923 دا بەگوێرەی پەیمانی لۆزان وکردیان بەداگیرکراوی دەوڵەتی، هەر ڕۆژئاواش بوو پەیمانی بغدادی داهێنا لەودەوڵەتانەی کوردستان داگیردەکەن لەبەرئەوەی کوردستان بەوشێوە داگیرکراویە بمێنێتەوە بەدابەشکراوی، هەر ڕۆژئاواشبوو کەرێکەوتنی جەزائیری تاونکاریان واژووکرد لەسەر دەستی نوێنەرو بەکرێگیراویان شاە وصدام لەساڵی 1975 دا. هەر ڕۆژئاواش بوو چەکی کیماوی فرۆشت عراق بۆئەوەی لەکوردستانی پێبدات، هەر ڕۆژئاواش بوو نوێترین تەکنەلۆجیای دابەداگیرکەرانی کورستان لەپێناوی ئەوەی ماوەی ئیستعماریەکە درێژکەنەوە... بەڵکوو ئەوە ڕۆژئاوابوو کەدەوڵەتە عەرەبیەکانی دامەزراندو حوکومەتی بۆپێکهێنان لەژێر چاودێری خۆیان بۆئەوەی ڕاهێنانیان پێبکەن لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایەتی وهاریکاری کردنی بەگشت یارمەتیەکی پێویستەوە هەرتاوەکوو ئەمڕۆش لیستەکەش زۆر دوورو درێژە گەربمانەوێت باسی بکەین. هەرچی شوڕەویەکانیشن کۆماری کوردستانیان فرۆشت بەئێران لەبەرامبەر بەئیمتیازی هەڵهێنجانی نەوت لەئێران دا لەساڵی 1946، هەروەها ئاماژەیا بەحزبی شیوعی عراقی کرد ڕیزەکانی شۆڕشی کورد جێ بهێڵن وهاریکاری لەشکری عراقی بکەن لەجەنگی ساڵی 1974 دا. هەرچی پەیوەندی بەوەوە هەیە کەشوڕەوی چی بەخشیوە بەعەرەب بەتایبەت سوریاو عراق بەدڵنیاییەوە پێویست بەهیچ لیستەیەك ناکات ئاشکرای بکەین چونکە ئەوەچەندین بەرگی دەوێت تادیاری بکرێت چیان وەرگرتوە، بەبێ شئیکردنەوەو وردەکاری خوێنەر خۆی درۆودەلەسەو بوختانە بێ سنورەکانی محمد طلب هلالی بۆ دەردەکەوێت واتە پێچەوانەی قسەکانی ئەو ڕاستیەکانە کە پلانی ئیستعماری وشوڕەوی بۆ عەرەب بوە نەك بۆ کورد.

(18) لێرەدا محمد طلب هلال جارێکی دیکە هەوڵدەدات تۆیی دووبەرەکی بەشێوەی دەسیسەیی لنێو گەلی عەرەب وکوردا بچێنێت وپاساودەهێنێتەوە بۆسەرجەم ڕەفتارەکانی ڕژێمە عەرەبیەکان وەك لەپلانی ڕەگەپەرستانە دەرحەق بەگەلی کورد لەقەڵاچۆکردن وڕاگواستن و تەعریب ونیشتەجێ کردنی زۆرەملێی، بەبیانوی ئەوەی گوایە شوڕەوی مەبەستیەتی مستعمەرەیەکی سەربەخۆیان بۆ دروستبکات، مەبەست لەکوردستانە، لەبەرامبەر بەمستعمەرەی ڕۆژئاوایی، کەئیسرائیلە ئەویش بەهۆی ڕاگرتنی سەنگی دەوڵەتی لەناوچەکەدا !!، ئەگەرئەوە خەیاڵ پڵاونەبێت کەوابوو بەلانیکەم پێچوانەکەی ڕاستە، چونکە ئەوە ڕژێمە عەرەبیەکانن عەرەب ئاوردەدەکەن ونیشتەجێیان دەکەن لەناوچە کوردنشینەکاندا بۆئەوەی بتوانن تەعریبیان بکەن، جار لەدوای جار بەدرۆی نوێوە دێتەوە، شوێن قسەو بۆچونی وزیری ڕاگەیاندنی نازیەکان دەکەوێت کەدەڵێت درۆبکە ودرۆبکە درۆبکە تاوەکوو خەڵکی باوەڕت پێدەکەن، هلال هەڵگری ئەوشێوازەیە لەگەڵ گشت نەیارەکانی سیاسەتی ڕەگەپەرستانەی تەنانەت ئەگەر عەرەبیش بن یاخود سەرکردەی عەرەب بن وەك عبدالکریم قاسم و جمال عبدالناصر، هەروەها بەراوردی مەسەلەی ئیخوان الموسلمین ئەوانەی هەوڵیاندا ڕژێمەکەی عبدالناصر هەڵگێڕنەوە بەمەسەلەی کورد دەچونێت ئەوگەلەی داوای مافە ڕەواکانی خۆیدەکات وەك گەل و وەك مرۆڤ، دواجار کورد نەهاتون بۆقاهیرە یاخود دمشق یان بغدا بۆئەوەی سەرۆکەکەی بکوژن ودەستبگرن بەسەر دەسەڵاتەکەیدا وەك ئەوەی ئیخوان الموسلمین وئەوانی دیکە کردیان، بەڵکوو پێجەوانەکەی ڕاستیەکانە ئەوەی ڕودەدات

لەراستیدا ئەوانە لەشکری رژێمە عەرەبیەکان ودەزگای هەواڵگریانە کەشەو ورۆژ بەپەرۆشەوە کاردەکات لەپێناوی کوشتنی هەرکوردێك بێت گرنگ نیە کێیە ئیتر ئەوکوردەبێت داوای دەوڵەتێکی کوردی دەکات بۆکوردستانی داگیرکراو لەلایەن سوریاو عراقەوە، تەنانەت ئەگەر تەنها بشڵێت من کوردم وهیچی دیکەنا، ئەورژێمە رەگەزپەرستانەی دوای ئەوەی وڵاتی کوردیان داگیرکردو سەروەت وسامنایان تالانکرد بەدڵنیاییەوە رازینابن بەوەی گەلی کوردیش بونی هەبێت. لەرووی دۆران وبەغیلیشەوە محمد طلب هلال شاڵاودەکاتە سەروڵاتی میسری مەزن کەبێجگە لەمیسری عبدالناصر ومیسری سادات لایەنێکی دیکە نەبوو هەرئەوانە لەنێو گشت عەرەبدا یەکەمبون لەجەنگاو لەئاشتیشدا، هەرچی سوریای بەعسە بەهۆی فەیلسوفێکی وەك محمد طلب هلا ومنذر الموصل یانەوە، هەم دواهەمین بون لەجەنگ و هەم لەئاشیتشدا.

(19) محمد طلب هلال هەرلەسەرەتای کتێبەکەیەوە پێیوایە گەشتۆتە ئەوخاڵەی کەخوێنەری رازیکردبێت سەبارەت بە مەترسیەکانی کورد بۆیە پێدەخاتە بەشی ((پێشنیارەکانەوە)) لەپێناوی ئەوەی رزگاریبێت لەگەلی کورد زۆر بەئاشکراو بەشێوەیەکی زۆر قێزەونانە 12 برگە دادەرێژێت بۆئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆپلانێکی پراوپر تاوەکوو تاوانێکی گەورەی رەگەزپەرستانەی دارێژراوی پێ جێ بەجێبکات دەرحەق بەگەلی کورد بەم شێوەیە کورتکراوەتەوە : بەپێشەکیەك دەستپێدەکات دەستی خستۆتە سەر کاکڵ وبنەمای سەرەکی مەسەلەی کورد بەیەکە بابەتی پێکەوەلکاوی لەقەڵەمداوە لەهەرەیەك لەسوریاو تورکیاو عراق وئێران، بەپێویستی دەزانێت پلانێکی سەرتاسەری دابرێژرێت بۆراگوێزان وپشگوێخستن ونەخوێندەوارکردنیان، وسەندنەوەی رەگزنامەی سوری لێیان، داخستنی دەرگای کار بەرویاندا، شاڵاوێکی چروپری پروپاگەندەیی لەدژی کورد، داماڵین ولێسەندنەوە سیفەت وپایەی ئاینی لەشێخە کوردەکان، کوردەکان بەگژی یەکتری بکرێنەوە، نیشتەجێ کردنی عەرەب لەجێی ئەوان، ناوچە کوردنشێنەکان بکرێت بەناوچەی سەربازی، دروستکردنی ئوردگای عەرەبی، بێ بەشکردنی کورد لەدەنگدان وخۆکاندیدکردن وبون بەهاوڵاتی وەك ئەوەی رەگەزنامە وەرنەگرن... هلال ئەم هەموو پێشنیارانە بەکیفایەت نازانێت بەڵکوو ئەوە بنەمایەك پێکدێنێت بۆپلانێکی ریشەیی. ئەمرۆش دوای تێپەرکردنی نزیکەی نیوسەدە بەسەر ئەوپرۆژە رەگەزپەرستانەیە، دەتوانین بڵێن پرۆژەکە بەتەواوی جێ بەجێکراوە، باهەر برگەی ژمارە 7 بهێنینەوە بۆ نمونە، کەهلال تیایدا دەڵێت : ((بەگژاکردنی کورد لەناوخۆیاندا ئەوەش کارێکی ئاسانەو لەوانەشە بەسانایی بێتە پێشەوە...)) پرۆژەکەی هلال نەك سەرنەگرت بەوەی کوردی سوریا لەکوردی تورکیابدەن یان کوردی تورکیا لەکوردی عراق بدەن یاخود کوردی عراق لەکوردی ئێران بدەن بەڵکوو بنکەیەکی پشێوی دروستکردوە لەهەرناوچەیەکدا بەجیا بۆخۆی، بیرمە لەساڵ 1964 کاتێ بەندە ئەندام بوم لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان لەسوریا لەوسەردەمەدا لەنێو سوریا یەك پارتی کوردی تیابوو،، بەڵام ئێستا ژمارەیان لەبیست پارت ورێکخراو زیاترە، هەرپارتەش بەوەی هەیەتی دڵخۆشە، واتە هەرپارتە خۆی بەراستتردەزانی وئەوانی دیکەشی بەهەڵە دادەنێن بەبێ هیچ زیارۆییەك دەتوانم بڵێم لە 90 % ی  توانای هێزە کوردیەکان بەفیرۆدەروات بۆبەرەنگاری بونەوەی پارتەکان لەناوخۆیاندا، ئەوەش هەروا بەرێکەوت نەبوەونابێت بەڵکوو بەگوێرەی بەرنامەی دارێژراوبوە لەپایەتختەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە، دمشق وئەنقەرە وتاران وبغداد، ئەگەربێتوو دیقەتی بەرنامەی پارتە کوردیەکان بدەن دەبینین هەرهەمووی هاویەکن ولەیەکدەچن بەتایبەت لەوبوارانەی پەیوەندی هەیە بەستراتیجەوە ئەوستراتیجە خۆی لەپاراستنی یەکیەتی وڵاتی سوریاو تورکیاو ئێران وعراق دا دەبینێتەوە، ئەوستراتیجە خۆی ستراتیجی وڵاتانی داگیرکەرو زەوتکەر وئیستعماری کوردستانن لەهەمانکاتدا. بەگوێرەی سیاسەتی دەوڵەتی هاوچەرخەوە کەبەهۆی تەقینەوەکەی 11 ی سبتەمبەری 2001 ی نیویۆرکەوە سەریهەڵدا کودەتایەکی نوێی جیهانی هێنایە کایەوە، گەلی کوردیش بانگەوازکراوە بەشداری بکات لەوسیاسەتەداو بەشێوەیەکی ئیجابی وپێویست بەشداری تیابکات لەدەروازە مەزنەکانیەوە بۆبیچێت ولەدایکبونی کودەتای کوردیش رابگەێنێت بەگوێرەی ئەو تێگەشتنەی پەیوەستبوو بەسەردەمی جەنگی ساردەوە لەنێو ئەوانەش عەشرەتگەری وحزبایەتی وهەرێمچیەتی ودانانی بنەمایەکی ژێرخانی بەگوێرەی مەفهومی نەتەوەیی ولەسەرو هەموویانەوە ئاسایشی نەتەوەی کورد  بکرێت بەئالترنەتیفێکی شۆرگێرانە بۆ ئەم قۆناغە نوێیە، ئەگەر وانەکەن بەدڵنیاییەوە کاروانەکەی گەلی کورد جێدێڵێت وبەسەردەچێت، لەبەرئەوەی زلهێزەکان هەرساڵێك دووساڵ سەبردەگرن ودەرفەت دەدەن سەبارەت بەخۆگونجاندن لەگەڵ زلهێزەکاندا ئیتر جێدەهێڵرێن وپشتگوێ دەخرێن بۆهەتاهەتایە بۆئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان زەوتکردوە کەخۆی لەخۆیدا ناونوسکراون لەلیستی ئەودەوڵەتانەی یارمەتی ئیرهابی دەوڵەتی دەدەن بەڵام دەوڵەتە گەورەکان زلهێزەکان ماوەیەکی زۆر ناتوانن دان بەخۆیاندا بگرن چونکە ئەوانە زلهێزن و بەرژەوەندی خۆیانیان هەیە ئەگەربێتوو گەلی کورد لەسەرئاستی داواکراو وخوازراودا نەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە رووددەکەونە لای خەڵکانێکی دیکە لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیانا...

(20) لەبەشی ((هەندێك لەبەڵگەكانی كورد)) محمد طلب هلال بەردەوام دەبێت لەزنجیرەی درۆكانیاو كۆمەڵێك لەبەڵگە لەمێشكی خۆیدا دروستدەكات وردەكاریەكانی هەڵدەگێڕێتەوەو دەستكاریاندەكات بەویستی بخۆی بۆئەوەی بتوانێت دەرونی خۆی تێربكات لەونەخۆشیەی هەیەتی بەرامبەر بەكورد بەمەبەستی سارێژكردنی برینە غەریزییەكانی خۆی، ئاماژەی بەهەندێ زانیاری كردوە ئەگەر بەڕاستی شتی لەوجۆرە هەبوایە ئەوائێستا حاڵی گەلی كورد بەوشێوەیە نەدەبوو : وەك پەیوەندی كورد بەئیسرائیلەوە داخوازی كورد سەبارەت بەسەربەخۆیی كوردستان وئەوەدەوڵەتانە كوردستانیان داگیركردوە دەوڵەتی ئیستعمارین...)) هتد، ئەگەر ئەوقسەیە ڕاستبوایە ئەوابەدڵنیاییەوە دەمتوانی بڵێم لەدوای نیوسەدە خەباتی بەردەوام ونەپچڕاو دەبوایە ئێستا سەربەخۆیی كوردستان لەئارادابوایە، بەدڵنیاییشەوە لەبەرئەوهۆیەی كە هەرنەبێت گەلی كورد دووچاری پاكتاوكردنی زیاترو پاكتاو كوشتوبڕی بەكۆمەڵ نەدەبۆوە بەچەكی كیمایش لێنەدەدرا وچەندین پرۆسەی ئەنفالی بەسەرانەدەكرا كەزیاتر لە 182000 مرۆڤی كوردی بۆ نەدەكرا بەقوربانی كەرژێمی عراقی زیندەبەچاڵی كردن لەبیدەشتەكانی عراقدا، ئەوەش هەمووی لەپێناوی ئەوەدابوو كەكورد هاواری برایەتی كوردو عەرەبی كردبوو نەك لەبەرئەوەی كورد داوای لەناوبردنی ئیستعماری عەرەبیان كردبێت لەكوردستانا. لەبەڵگەی حەوتەمیشدا كۆپلەیەك لەچاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ دكتۆر عصمت شریف وانلی لەساڵی 1959 دا، كەدوو خاڵی گرنگی تیاباسكراوە : یەكەمیان لەوەڵامی ژمارە 9 دایە كەدەڵێت ((هەزاران لەفەرمانڕەوایانی بۆژوازی تورك وعراقی لەڕیزدان بۆ لەناچون ولابردن ودەبێت لەناوبچن)) پاش نیوسەدە پێشهاتەكانی دكتۆر عصمت شریف وانلی سەریهەڵداو هاتەكایەوە بەڕاستی نەك هەربەڕۆشتنی فەرمانڕەوای عراق صدام حسین بەڵكوو هەموو عراق لەناوچوو وحوكومەتەكەی ولەشكرو دەزگای هەواڵگری ودامودەزگاكانیشی سەرلەبنی هەڵوەشانەوە كەبەجۆرێك دەركەوتبوو عراق سەروەری خۆی هەبێت وكەوتبێتە ژێر فشاری داگیركراویەوە، دەبا عراقیەكان كەمێك لەوەفێربن وهەست بەئیستعماربكەن لەوانەیە كەمێك هەست بەوكارەسات وناخۆشی ودەردەسەریانەبكەن كەبەسەر گەلی كورداهات كەلەژێر باری قورسی هەردووبوارەكەدا ئەم گەلە چەوسایەوەو ئازاری پێوەچەشت بەدەست ڕژێمەكانی عراقیەوە بۆماوەی زیاتر لەهەشتا ساڵ، هەروەها فەرمانڕەویانی دیكەش بەرێوەن بەرەو لەناوچون بڕۆن ونەمێنن وەك فەرمانەوایانی توركیاو سوریاو ئێران. خاڵی دووەمیش كەلەوەڵامی ژمارە یانگزەی دكتۆر عصمت شریف والی دا هاتوە بریتیە لەچەوساندنەوەی كورد لەلایەن ڕژێمە عەرەبیەكانەوە ((نە لەبەرژەوەندی گەلی كوردایەو نەهی عەرەبیش، تەنها ئیستعمارو بەكرێگیراوەكانیان سودی لێدەكەن...)) ئەوەش لەسەداسەد ڕاستە چونكە سیاسەتی ڕژێمە عەرەبیە سەركوتكەرەكان دەرحەق بەعەرب بەشێوەیەكی گشتی ودەرحەق بەكوردیش بەشێوەیەكی تایبەتی كەشێكی تایبەتی هێنایە كایەوە تاوەكوو دەوڵەتە زلهێزەكان بەهێزی چەكداریانەوە بگەڕێنەوە ناوچەكە جارێكی دیكە وەك ئەوەی لەعراق ڕوویدا، نۆرەی فەرمانڕەوا دیكتاتۆرەكانی سوریاو ئێران وتوركیاش بەدڵنیاییەوە بەرێوەیە. سەرەڕای ئەوەی دكتۆر عصمت شریف وانلی بەجوانی ناویهێنان وداوای لێكردن لەناوخۆیاندا ڕێك بكەون كوردو عەرەب بەڵام ڕژێمە عەرەبیەكان هەڵەولیان نەدا لەبونی گەلی كورد ومافە نەتەوایەتیەكانیان تێبگەن وخۆیانی لەگەڵا جۆركەن، تائێستاش نوقمی كەلەڕەقی ونەفامی خۆیانبون گەورەیی دەنوێنن بەڵام گەورەیی ولوتبەرزی مەڕوبزن دەنوێنن كە بەرەو قەسابخانە دەبرێن.

(21) لەبەشی (حزبە سیاسیەكانی ناوجزیرە) محمد طلب هلال باس لەزیاتر لە 15 حزبی عەرەبی دەكات لەپارێزگاری جزیرەدا لەوانەشە لەسەرئەرزی واقیع زۆرینەیان هەربونیان نەبێت، بەوەش هلال هەوڵی جۆرە درۆی تردەدات ئەوەش خۆی لەخۆیدا چەواشەكردنە، واتە هەوڵدەدات خوێنەران چەواشەبكات بەوەی گوایە قەوارەی مەسەلەی كورد لەیەكا لە15 تێپەڕناكات لەچاو ئەوهێزانەی دیكە كەلەجزیرەداهەن، زۆرباشم لەبیرە لەوسەردەمەدا لایەنە كوردیەكان بەلێشاو هەبون، گەورەو بچوك چوبونە نێو ڕێكخراوەكانی پارتیەوە، ژن وپیاو گەورەو بچوك دەوڵەمەندو هەژار هەروەها لەوسەردەمەدا پارتی تاكە حزبی كوردی بوو، بەهۆی نەبونی ئەوحزبە عەرەبیانە كەتەنها لەمێشكی محمد طلب هلال دابوو لەبەرئەوە ڕژێمی سوری هەوڵیدا ئەوبیرۆكەیە جێ بەجێبكات زیاتر لە 15 حزبی كورد دابهێنێت بەڵام ئەوەش مەبەستەكان دەپێكێت ئەگەربێتو ئەوحزبانە لەناوخۆیاندا بەردەوام لەشەڕكردنابن، دەزگای هەواڵگری سوریا بەڕاستی توانی بیپێكێت. بێجگە لەوچەواشە كردنانە هلال توانی شێواندن ودرۆ بئاخنێتە نێو هەربابەتێك پەیوەندی بەگەلی كوردەوە هەبێت تەنانەت لەمێژوەكانیشدا، هەروەها بەئەنقەست وبەمەبەستی چەواشەكردنی حزبە كوردیەكانیش باس لەسوریادەكات وبەندو بڕگەكانی پەیرەو وپڕۆگرامی ناوخۆی پارتی دیموكراتی عراق بەنمونە دەهێنێتەوە لەگەڵ چەندەها جیاوزی وچەواشەكردنی دیكە كەئەسەری هەیەو نەبن ئەوەندە زۆرن درۆكانی، هەروەها ئەوە شتێكی شاراوەنیە بۆخوێنەر ئەگەرر بێتوو بمانەوێت هەوڵبدەین وشە وشەر وەڵامی هلال بدەینەوە بەدڵنیاییەوە پێوستیمان بەچەند پەڕتوكێك دەبێت، هیوادارم سەركردەی حزبە كوردیەكان لەسوریا بچنەدەرەوەو سەركردایەتی حزبەكانیان لەدەرەوەی وڵاتەوە بەرن بەرێوە ئیتر لەوحاڵەتەدا دەتوانین بەباشی وەڵامی پڕاوپڕی هلال ومنذر الموصلی وكەسانی دیكە بدینەوە

لەزۆرنا لێدەرانی ڕژێمی سوری ڕەگەزپەرست، لەبەرئەوەی تاوەکوو ئەوان لەناوسوریابن ناتوانین هیچ شتێکی لەوجۆرەبکەین، کاتێکیش کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی بانگەوازیکردن بۆبەستنی کۆنگرەیەکی گشتی بۆسەرجەم هێزە کوردیەکان لەرۆژئاوای کوردستاندا کۆنگرە هیچ وڵامێکی وەرنەگرتەوە لەهیچ حزبێك، ئێستاش بۆ جاری دووەم کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی بانگەوازێك ئاماژەی جەماوەری کورد دەکات لەپێناوی دۆزینەوەی ئاڵترنەتیفێك، لەبەرئەوەی بارودۆخی دەوڵەتی نوێ بەرگەی دواخستن ناگرێت وگەلی کوردیش ئەمڕۆ پێویستی بەهێزێکی ڕێکخراو هەیە لەسەرئاستی ڕووداوەکان بێت بۆئەوەی بتوانێت داوای مافی سەربەخۆیی وجیابونەوەبکات لەدەوڵەتی سوری کەرۆژئاوای کوردستانی داگیرکردوە، هەروەها لەبەرئەوەش کە ئەوسەردەمە کۆتایی پێهاتوە سواری سەری گەلی کوردبن وبچن بۆ دمشق وبغداد وئەنقەرەو تاران، چونکە حزبە کوردیەکان بەبۆچونی خۆیان سەبارەت بەگەلی کورد گوایە دەڵێن کاردەکەن وتێدەکۆشن لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستانا بەڵام لەراستیدا بەکردار کاردەکەن وپێشبڕکێش دەکەن تەنها لەپێناوی بەرژەوەندی ئەورژێمانەی کوردستانیان داگیرکردوە، لایەنە عەقایدی وبەبیروباوەڕەکانی دیکەش جەماوەر بەکاردەهێنن بۆئەوەی بگەن بەمەبەستی خۆیان، هەرچی پەیوەندی بەسەربەستی جەماوەرری کوردەو سەربەخۆیی کوردستانەوە هەیە هیچ بونێکی نیە لەبەرنامەکانیاندا تەنانەت ئەو ڕژێمانەش کە کوردستانیان داگیرکردوە هەوڵدەدەن جەماوەری کورد بەکاربهێنن بە بەرژەوەندی خۆیان، ئەمڕۆ پێویستە هێزێکی ڕێکخراوی کوردی بهێنرێتەکایەوە لەجەماوەری کورد لەپێناوی سەربەستی جەماوەرو سەربەخۆیی کوردستاندا، چونکە سەرکردەی بەعسی سوری عبالله الأحمر زۆر بەئاشکرا پێماندەڵێت ورایدەگەێنێت ((گوایە فیدرالیەت لەعراقدا پلانێکی ئەمریکی وسەهیۆنیە)) سەرکردەیەکی دیکەی بەعسی سوریش کەناوی فاروق الشرع وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سوریە دەڵێت ((ڕوخانی صدام حسین سودی کەسی تیانیە بێجگە لەئەمەریکاو کوردو ئیسرائیل نەبێت)) کەچی لەهەمانکاتدا ئەوانە بونەتە جێی مەدح وسەنا لەلایەن گشت حزبە کوردیەکانی ناوسوریاو دەرەوەشی !! بۆیە پێویستە سنورێك بۆ ئەوگاڵتەجارِیە دابنرێت.

(22) لێرەدا محمد طلب هلال وای بۆدەچێت کەگوایە پشتگوێ خستنی ناوچەی جزیرە لەرووی تەندروستی ورۆشنبیری و خزمەتگوزاریەوە کاری ئەنقەستە لەلایەن کوردەکانەوە !! کەچی لەراستیدا پێچەوانەکەی ڕاستەیەکەیە، واتە حوکومەتی سوری خۆی ناوچەی جزیرەی بەئەنقەست وبەپلانیش پشتگوێ خستوە.

(23) لێرەدا هلال خەریکی داڕشتنی بەرنامەیەکە بۆ وروژاندنی عەشرەتە عەرەبیە کۆچەریەکانی جزیرەیە، نەك بەهۆی چاوی کاڵی ئەوانەوە یاخود بەهۆی خۆشەویستیانەوە بێت بەڵکوو لەپێناوی ئەوەی بەکاریان بهێنێت وەك مقاشێك بۆ جێ بەجێکردنی پلانە ڕەگەزپەستانەکەی ڕژێمی سوری لەدژی گەلی کورد. ونیشتەجێان بکات لەناوچە کورد نشینەکاندا، هەروەها هانی عەشرەتە عەرەبیەکان دەدات بەئاشکراو بەرۆژی نێوەڕۆ کەکوردەکان بکوژن، هلال وئەوانەی دی کەوەك ئەون لەگرگنەکانی ڕژێمی بەعسی سوری تاوانبار، ئەوانە وێنەکانیان لەسەرشاشەی تەلەفزیۆنەکان وەك تاوانباری داواکرا بۆدادگایی کردن دەردەکەون لەسەر کارتی یاری وێنەکانیان دەبینین هەروەك چۆن گرگنەکانی صەدام ودارودەستەکەی دەرکەوتن.

(24) لێرەدا محمد طلب هلال ئاماژە بۆرووداوێکی مێژویی دەکات کەئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیە لەجزیرەدا لەسەردەمی ئینتدابی فەرەنسیدا (چاودێری فەرەنسی)، کەدەڵێت : ((ئەو ڕووداوانەی لەرابوردودا ڕویاندابوو سەبارەت بەجیاکردنەوەی جزیرە بۆئەوەی بکرێت بەدەوڵەتێك...)) پرۆژە فەرەنسیەکە مەبەست لە دابەشکردنی سوریایە بۆچەند دەوڵەتێك وەك دەوڵەتی کوردی لەسەروی سوریاوە درێژدەبێتەوە تائەوپەری خۆرهەلاتی جزیرەوە تاوەکوو دەگاتە ئەوپەری رۆژئاوای حلب وجبل الکورد. هەروەها دەوڵەتی دروز لەباشور ودەوڵەتی عەلەویەکان لەسەرکەناری سوریاو دەوڵەتی دمشقی سونی لەناوەوە ودەوڵەتی دیکەش... ئەو دابەشکردنەش لەسیاسەتی نوێی دەوڵەتیدا گونجاوە بەتایبەتی دەوڵەتی کوردی هیچ دەربازبونێکی نیە بێشك دروستدەبێت تەنانەت ئەگەر ناحەزانیش پێیان ناخۆشبێت.

(25) ئاینی یەزدی هیچ پەیوەندیەکی نیە بەئاینی ئیسلامەوە وەك محمد طلب هلال دەیڵێت بەڵکوو یەزیدی لەبنەڕەتەوە ئاینێکی سنکریستیە، دەچێتەوە سەرئاینە کۆنەکانی کورد وەك مثرائی ومزدائی ومانی وهتد، هەموو گەلی کورد ئەوە ئاینیان بوە بەر لەهاتنی ئیسلام، یەزیدیە کوردەکان کوردی ڕەسەنن ولەسەر شێوازو نەزمی ئاینی کۆنی کورد مانەوە.

(26) لێرەدا محمد طلب هلال هەوڵدەدات پەیوەندیە ئاینی وکۆمەلایەتی کوردی بشێوێنێت وزیان بەپیاوانی ئاینی کورد بگەێنێت بەشێوەیەکی زۆر بێ ئابڕوانەو ناشیرین ودرۆزنانە وەك خەسلەتی تایبەتی خۆی کە درۆکردنە.

(27) لێرەدا محمد طلب هلال هەوڵدەدات سیخور بۆ ڕژێمی سوریا بکرێت.

(28) لەبوراری (دەزگای دەوڵەتەوە) هلال زانیاریەکانی خۆی دەدات بەڕژێمی سوری وچۆنیەتی ڕەفتارکردنی لەناوچەی جزیرەدا کەڕەتنابێت لەوەی هاوشیوەبێت لەڕەفتاری ئیستعماریانە بەتەواوی چۆن ڕەفتاردەکەن لەگەڵ داگیرکراوەکانیان بەوردەکاریەوە لەئەلفەوە تا یای. بەڵام ئەوەی هەبوو ئیستعمار لەوان باشتربوو بۆنمونە ئیستعماری بەریتانی لەهندستان وئیستعماری فەرەنسی وئەمەریکی لەڤێتنامدا بەشێوەی ئەوان ڕەفتاریان نەکرد هەروەهاش ڕۆژێك لەڕۆژان نەیانوتوە هندستان بەشێکە لەبەریتانیا یاخود ڤێتنام بەشێکە لەفەڕەنسا یان ئەمەریکا، ئیستعمار هندستان وڤێتنامی بەناوی خۆیەوە هێشتەوە هەروەها زمانەکەشیانی وازلێهێنا بۆخۆیان بەڵام ئیستعماری سوری سەرەڕای ئەوەی سەروەت وسامانی کوردستانی بەتاڵانی برد وەك ئیستعمارەکانی دیکەی کوردستان کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نکوڵی لەبونی گەلی کوردیش دەکات ڕێك وەك ئیستعماری تورکی. سەرەڕای ئەوەی بەرنامەی حزبە کوردیەکان باس لەوەناکات هەوڵدەدات عەرەب فڕێداتە ناوچەمی فوراتەوە ئەگەربێتوو زیاڕەویان وناوچەکەیان بەزاند، ئەوەی حزبەکوردیەکان داوایدەکەن دان نانە بەپێناسەی کوردا، بەڵام ئەم ڕژێمانەی کوردستانیان داگیرکردوە خۆیان هۆکاری سەرەکی بون بۆدەست تێوەردانی دەوڵەتە زلهێزەکان لەناوچەکەدا یەکێشیان عراق بوو، کوردستانیان لێ جیاکردەوە بەشێوەیەکی کۆتایی لەساڵی 1991 وە نورەی ئەوانی دیکەش دێت کاروانەکە بەردەوامە ئاخۆ یەکێك هەیە تێبگات یابیەوێت تێبگات بەرلەوەی هەموو شتێك بەسەربچێت. هیوادارم توانیبێتم ئەرکی نیشتمانیانەی سەرشانی خۆمم جێ بەجێ کردبێت بەتەواەتی سەبارەت بەشیکردنەوە کتێبەکەی محمد طلب هلال هەروەها ئومێدەوارم کینەم بەرامبەر کەس دەرنەبڕیبێت ومافی هەموو مافدارێکم دابێت وهیوادارم هەڵەم نەکردبێت لەخاڵێك لەخاڵەکاندا، کەسیش نیە هەڵەناکات، خواش پشتیوانە.

## لێکۆڵینەوە بەڵگەکان
## تێبینیەکانی شێخ عمر غریب دەربارەی کتێبەکە :
## (لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پارێزگاری جزیرە)

ئەفسەری ڕابوردوی ئاسایشی سوریا محمد طلب هلال لەساڵی 1963 ڕاپۆرتێکی ناوسیوە بۆدەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی لەژێر ناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پارێزگاری جزیرە لەڕوانگەی نەتەوەیی وکۆمەڵایەتی وسیاسیەوە). پارێزگاری جزیرە یەکێکە لەوناوچەو پارێزگارانەی بەشی چوارەمی کوردستانی لێ پێکدێت کە لەڕووی جوگرافیاوە کەوتۆتە ڕۆژئاوایەوە کەسوریای عەرەبی داگیریکردوە لەوەتەی دابەشکردنی ئیستعماری نیشتمانی کورد دەستییێکردوە لەسەرەتای سەدەی بیستەمی بەسەرچووە.

بەر لەبیست ساڵ لەمەوبەر ئەم لێکۆڵینەویەم بەرگوێ کەوت کەباسکراوە. هەروەها بیستیشم کە لێکۆڵینەوەکە دەنگۆیەکی قێزەون وبەدکارانەی لەخۆگرتوە، بەڵام دەرفەتم بۆ نەڕەخسا یەکسەر ئەو ڕاپۆرتەو ناوڕۆکەکەی بخوێنمەوە تا بزانم چی تیانوسراوەو باس لەچی دەکات.

بەڵام خۆشبەختانە بەرلەمانگێك برای تێکۆشەرم مامۆستا جواد الملا دەقی لێکۆڵینەوەکەی بۆ ڕەوانەکردم بەسوپاسەوە داوای لێکردبوم تێبینیەکانی خۆمی لەسەربنوسم منیش ئەو داوا پیرۆزەیەم قبوڵکرد بەشانازیەوە، لەهەمان کاتیشدا سوپاس وڕێزو پێزانینی خۆم دووپات دەکەمەوە بۆمامۆستای بەڕێز بۆئەو تێکۆشانە سیاسیەو ئەوخزمەتە بەرزە ڕۆشنبیریانەی کە لەپێناوی کوردو کوردستاندا کردویەتی، هەروەها دەستخۆشی لەڕیبازی سەربەستی وسەربەخۆییشیان دەکەم کە لەدژی چەوساندنەوەو دابەشکردنی ئیستعماری ودوژمنانەی داگیرکەری نارەوا کەدوژمنە دراوسێکانی عەرەب وتورك وفارسەوە خراوەتە گەڕ.

دوای خوێندنەوەی ئەوەی هلال بەلێکۆڵینەوە ناوی ناوە کەهەرگیز لێکۆڵینەوە نیەو لەلێکۆڵینەوە زۆر دوورە بەڵکوو ئەوە ڕاپۆتی ئاسایشی هەواڵگریە نەك لێکۆڵینەوەی زانستی، بەهۆی جیاوازی ڕوون وئاشکرایەوە لەچاوبنەمای لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی زانستی وبابەتیانەی نائاسایشیەوە، ئەوەش بەهۆی خەسڵەتی ڕەگەپەرستی ودرۆزنانەی وزۆری هەڵکانی ولایەنگری شۆڤینی وبیرکوێرانەیی خۆی کەپڕە لەبوغزو کینەو ڕەشبینە بەرامبەر بەلایەنەکانی دیکەوە، ئەمە بێجگە لەخراپی خۆڕسکی دروستبونی نوسەرەکەوەو شێوازی نەگونجاو ناجۆری نوسەرەکەشەوە، هەروەها گەلێك دورە لەڕەوشت وزمان پاکی بەکارهێنانی وشەی بێ ڕێزانە ونەگونجا لەدەربڕیندا !

ئەوەی جێی داخ نەنگیە لەهەمانکاتدا حوکومەتی سوری هەرلەوساتەوە تاوەکوو ئێستاش زیادەکاری دەخاتەسەر ڕاپۆرتەکەو هەرچەندێکی بۆ جێ بەجێکرابێت لەسەرئەرزی واقیع بێ سڵکردنەوە کرودیەتی، ئەویش بەئامانجی تێکدان و وێرانکردنی نەتەوەی کورد لەڕۆژئاوای کوردستانی داگیرکراو سڕینەوە لەناوبردنی دیاردەو شێونەوارەکانی و شایەتحاڵەکانیشی لەهەمانکاتدا .

بەهۆی شارەزایی خۆم وگەڕان بەدوای تێڕوانین ونوسین وهەڵوێستی عەرەبەوە، لەڕابوردوو وئێستاشدا هی زۆرینەی ڕۆشنبیرە عەرەبەکانم خوێندۆتەوە بۆم دەرکەوتوە کەئەوانە دووچاری کێشەیەکی ئێجگار زۆر دژواربون هەروەها گیرۆدەی تەنگو چەڵەمەیەی دژواریش بون لەسەرئاستی بیرکردنەوەو ڕۆشنبیری وسیاسی ومرۆڤایەتیشەوە. بۆ زانیاری ئەوکێشەو تەنگوچەڵەمەو حاڵەتە نائاساییەی دووچاربیون بەتەنها کارکردی چەرخی سەردەمی نوێ نیە، بەڵکوو مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەیان سەدەی ڕابوردوو، بەجۆرێ هەرچی میرات ونەریت وپاشماوەی بیرکردنەوەو ڕۆشنبیری وسیاسی ئەوسەدە بەسەرچوانە هەیە بونەتە دروستکەرو پێکهێنەری بیرو پەیامی ڕۆشنبیری وسیاسی زۆرینەی ڕۆشنبیرەکانی ئەمڕۆی عەرەب.

ئەومیراتیە مێژوییە سلبیانە زوربەی زۆری نەگونجاوە لەگەڵ ڕۆحی ئیسلام وپەیرەوەباوەکانی سەبارەت بەهێنانەدی یەکسانی وڕەوایەتی دادپەروەری وبرایەتی وسەربەستی پاراستنی ئابڕوی مرۆڤ ومافەکانیشی، ئەمە سەرەڕای جیاوزی ونەگونجانی لەگەڵ بیرو باوەڕی عەقڵ وپێورەکانیشی کە لەگەڵ یەکا ناگونجێن.

لەبەرئەوە مەخابن زۆرینەی هەڵبژاردەی ڕۆشنبیرە عەرەبەکانی چەرخی نوێ نەیانتوانیوە خۆیان ئازادبکەن لەومیراتیە نەرێیانە (سلبیانەی) بەسەرچوەکان، لەبەرئەوەی سود وەرگیرێت لەو وانەوپەندە پڕ ئێشانە لەلایەك وسود وەرگرتنی ژیرانەی ڕێکوپێك لەپیاسای مرۆڤایەتی چەرخی ئێستامان بەلەبەر چاوگرتنی ئەوە بڕە گەشەکردنە مەزنەش لەلایەکی دیکەوە.

لەچەرخی نوێدا چەندین هەوڵ وتێکۆشانی زۆردرا لەلایەن عەرەبەوە تاوەکوو بتوانن دەربازبن لەوزۆلکاوی سوکایەتی وڕیسواییە داچەقیوەی تێیکەوتون، بەڵام هەرهەمووی سەری نەگرت وبەهەدەر چون، لەبەرئەوەی ئەوبنەمایانەی لەسەری ڕۆشتن بۆ هاریکاری وئاوژووکردنەوەی شێوازی ڕەفتارکردن لەگەڵ مێژوو ورووداوەکان ولەگەڵ خۆشیاندا،

هەروەها لەگەڵ کەسانی دیکەش ـ تاوەکوو ئێستاش ـ نەگونجاو نەشیاو وناکۆکە لەگەڵ ڕێساکانی یاساو ڕەوایەتی ویەکسانیشدا.
جێی سەرسوڕمانە ئەوانە هێشتا نەیانتوانیوە چارەسەری زوربەی مەسەلە گرنگەکان بکەن بەر لەهەموشیان کە بەپلەی یەکەم دێت کە ئەویش تێگەشتنی پڕاوپڕە لەپانتایی سنورو مافی خۆیان، لەسەرو ئەوسەرنەگرتن ودۆڕانە خێراو بەپەلەیەی دووچاری بون لەتێگەشتنی خۆیان، یاخود خۆگێل کردن لەئاست سنور ومافی گەلانی دیکە بەگوێرەی بنەمای ڕەوای (نەستەم بکەن ونەستەمتان لێبکرێت)، هەمان بۆچون بەسەر تورك وفارس یش دەچەسپێت.
بۆ زیاتر ڕونکردنەوە وزیاتر شیکردنەوەی لێکۆڵنەوەکە دوابەدوای ساڵی 660 زاینی هەرچی پێوەرو تێگەشتنی ئیسلامی هەبوو سەرلەبنی هەڵگەڕایەوەو بەرەو ئاراستەی چەواشەبون ئاژاوەو پلانگێڕان چەواشەکردن ولادان بەرەو زیادبون چوو، ئەوەش دوابەدوای کودەتا خێڵەکیەکەی ئەمەویە بەدەویەکان بەسەر حوکومەتی ڕاشدیەکاندا، ئەوحوکومەتە شکۆمەندە هێمای یاساو ڕەوایەتی وشارستانیەت وڕاوێژکاری وسەربەستی وهەڵبژاردن بوو لەنێو جزیرەی عەرەبیدا، لەگەڵ تێکۆشان وهەوڵی ڕاستەقینە لەسەردەمی خۆیدا لەپێناوی ئامادەکردنی عەرەب وچۆنیەتی فێرکدنیان وپێگەیاندنیان بەشێوەیەکی ڕێکوڕەوان، بەتایبەت پێگەیاندنی عەرەبی قورەیش تاوەکوو بتوانن هەستن بەوئەرك وبەها زانستیانە وتێگەشتنی یاسا ڕێکخراویە شارستانیەتیەو گۆشەکردنیان لەسەر ئەو بنەمایانە.
بەڵام ئەوەی هەبوو کەش وهەوای بارودۆخی کۆمەڵگەی عەرەب لەوسەردەمەدا ئەوجۆرە فەرمانڕەوایەتیە شارستانیە کاندیدیە یاساییە ڕاوێژکارو سەربەستە ڕەوایەی بۆنەدوجوراو بۆشی قبوڵ دەکرا، چونکە عەرەب ئەوڕەوتی بەڕێوەبردنی ئیداری وڕێکخراویە یاساییەیان بەنامۆ دەبینی دەرحەق بەخۆیان، لەبەرئەوەی لەسەرێکەوە بەهۆی داکوتانی ڕیشەیی نەخوێندەواری وخێڵەکی بەدەویەوە بەشێوەیەکی ئێجگار بەرفراوان ڕەگی داکوتابوو، لەسەرێکی دیکەشەوە بەهۆی پلانگێڕانی سەرانی گەورەی خێڵە بەهێزەکانەوە ئەوانەی دەسەڵاتی پرجەوریان لەدەستدابوو بەهۆی سەرکەوتنی ئیسلامەوە بەسەریاندا.
هەر بەو هۆیەوە قورەیشیەکان هەستان بە ڕوخاندنی ئەوحوکومەتە هەستیارەو دوا پێشەوایانیان تیرۆرکرد کە سەنگینترینیان ئیمامی علي بوو، ئەویش دوابەدوای سێ برگەی دەیی لەکۆچی دوایی پێغەمبەری ڕێزدار محمد (درودی خوای لێبێت). لەوسەردمەوە تاوەکوو ئەمڕۆش، سەرەرای تێپەڕکردنی (1300) ساڵ بەسەریا ئەومیراتیانەی باسی لێوەکراوە زاڵبوە بەسەر بیرو ڕۆشنبیری وهەڵسوکەوتی زۆرینەی ڕۆشنبیرانی عەرەب، بەوپێیە دەناڵن بەدەست کێشەیەکی سەختەوە لەجۆرەها بواردا بەتایبەت لەوبوارەدا کە پەیوەستە بەمەسەلەی دەستنیشانکردن وپێناسەکردنی برێك لەزاراوەو دەستەواژەو تێگەشتنە بنەماییە گرنگ وپیویستەکاندا بەجۆرێکە کەژیانی مرۆڤانەو بناغەی فەرمانڕەوایەتی وئەو شارستانیەی لەئارادایە بەندە بەوەوە لەسەر ئەوشێوازەش کۆڵەکەی خۆی بونیات ناوە. لەم مەفهومانەی کەبریتیە لە (ڕەوایەتی) و (ماف ویەکسانی) و (برایەتی) و (سەربەستی) هتد .
لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو زاراوەو دەستەواژانە ئاشکراو دیارن بەڕونی سنوداریشە لەلایەنی پێناسەکردنی دەقی قورئانی وحەدیسی نەبەویشەوە، بەوشێوەیە لەڕووی پێناسەکردن ویاساییەوە ئاشکرایە سەبارەت بەیاسا بابەتیە جیهانی وهاوچەرخیشەوە، بەڵام جیهانی عەرەب وئیسلامیش نەئەمەیان کردو نەئەوی دیکەش، یاخود لەوانەیە نەیانتوانیبێت تائێستا لەناوخۆیاندا سازبن بەڵام سازبونێك بگونجێت لەگەڵ بنەمای شەرع وعەقڵ ودۆزینەو داهێنانی هاوسەنگیەکی ڕاست ودروست لەناوخۆیاندا لەبەرئەوەی ژیری وعەقڵ ومەنتق ڕۆشنکەرەوەی هزری ئیماندارانە لەکوێ بتوانن بیدۆزنەوەو هەستی پێبکەن کەوابوو حەق بەوانە جێ بەجێی بکەن هەروەك حیکمەتی ژیرانەی حەدیسی نەبەوی پیرز وجوان دەفەرمێت !
بەپێی ئەو زانست وزانیاریە زانراوە نەرێنیانەی بەسەریەکا کەڵەکە ببوو بەدرێژایی مێژوە بەسەرچووەکانەوە هەم کاری تێکردوەو هەم تاڕادەیەکی زۆر بەرفراوان بەشداریکردوە لەخوڵقاندن وداهێنانی شێوازی وشیاریانەی گرێدراو بەکێشەو تەنگو چەڵەمەیی وپاشانیش شێوازی نامرۆڤانەش لەلایەن زوربەی ڕۆشنبیرانی عەرەبی چەرخی ئێستاشدا.
گوایە ئەوانیش ـ وەك چۆن لەڕابوردودا هەبون ـ هاوسەنگیان بەویستی خۆیانکرد لەنێوان تێگەشتن ومەفهومی (ڕەوایەتی) و(ماف) و (یەکسانی) و (ئازادی) و (ئابرومەندی ئادەمیزادانە) و (کاندید وهەڵبژاردن) لەنێوان تێگەشتنی مانای (یەکیەتی کۆمەڵەو / واتە تەنها کۆمەڵەکەی خۆیان)، هەروەها ئەوان بەزۆری زۆرداری وبێ هیچ ڕەوایەتیەك مانای مەفهومی (لێبوردن) و (وازلێهێنان) تێکەڵکردو تیائاخنی بەشێوەیەکی جوانتربلێین دەرحەق بەو دەستەواژە سیاسیە، شارستانیە مرۆڤ دۆستانە وسەپانیان بەسەریا بۆ خزمەتکردنی (کۆمەڵەکەی خۆیان ونەتەوەی خۆیان) بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا ببێتە پێناسەیەك کە بەبۆچونی خۆیان زیاتر مرۆڤ دۆستانەیە !
بەهۆی ئەوهۆکارانەی باسکران عەرەب پەیام وبڕیارو ماف وسنوری خۆیان بەزاندو شکاندو لەدەستیشیان دا هەربەو هۆیەشەوە سوکایەتی وشکاندن ودەستدرێژیان کردەسەر ئابڕو مافی گەلانی دیکەش لەژێر دروشمی (یەکیەتی نیشتمانەوە) و (یەکەتی کۆمەڵەکەو) و (یەکیەتی برایەتی ئاینزایی) و بەناوی (لێبوردنیشەوە).

بەم پێیە عەرەب ڕاستی ناڵێن ودادوەریش بەڕەوایانە نابەن بەڕێوە تەنات بەگوێرەی بنەماكانی یاسا دادوەری ناكەن، بەڵكوو ئەوان پێوەری یاسای خۆیانیان هەیە كەئێجگار دژوارو چەوسێنەرە لەڕوانگەی پێناسەی ماف وڕەوایەتی وبرایەتی ویەكسانی وڕاوێژكاریدا (هەروەها لەڕاوێژی دیموكراسیانەو) شتی دیكەشدا.
بونمونە گوایە عەرەب خۆیان لەدژی ئیستعمارن بەرپەرچی دەدەنەوە، بەڵام ئەوە ئەگەربێتوو ئەو ئیستعمارە ئاراستەی خۆیان بێت بۆسەر خۆیان بێت وایە، بەڵام ئەگەربێتوو ئیستعمار ئاراستەی گەلێكی دیكەبێت وبەرژەوەندی ئەوانی تیابێت ـ واتە عەرەب ـ لەو حاڵەتەدا نەك هەرنابنە دژی ئیستعمار، بەڵكوو خۆیان دەبن بەئیسستعمار. سەبارەت بەم بابەتە دكتۆر علي الوردي دەڵێت : (ئەوان ـ واتە مەبەستی لەعەرەبە ـ بەرەنگاری ئیستعمار دەبنەوە ئەگەربێتوو لەدژی خۆیان ئاراستەكرابێت، بەڵام لایەنی دەگرن ئەگەربێتوو لەخۆیانەوە بوو ودژی ئەوانی دیكەبێت) دەیقەتی كتێبی (وعاظ السلاطين) ی علي الوردي بە لاپەڕەی 207.
بۆیە تێبینی دەكەین سەرجەمی حزب وبزوتنەوە سیاسیە عەرەبیەكان وحوكومەتەكانیشیان، زۆرینەی ڕۆشنبیرانی عەرەبیشی بچێتەسەر (هەروەها تورك وفارسیش) یان هەڵوێستێكی ئێجگار دژانەو نەرێنیان هەیە، یاخود هەڵوێستی دوژمنانەیان هەیە بەرامبەر بەكوردو كوردستان وەك كەسانی وەك محمد طلب هلال كە ئێمە مەبەستمانە لەم تێبینیە ڕەخنەییاندا.
نزیكەی چوار برگەیی دەساڵی تێپەڕیكردوە بەسەر نوسینەوە ئەم ڕاپۆرتە ئاسایشی ـ هەواڵگریە سیخوڕیە ڕەگەزپەرستانەیە، كەچی سەرەڕای ئەوماوە دوورو درێژەش هیچ گۆڕانكاریەك ڕوینەداوە بەسەر تێڕوانین وهەڵوێستی عەرەب وتوركی ئێران یشی بێتەسەر هیچ جۆرە گەشە كردنێك وپێشكەوتنێكی بەخۆیەوە نەدیوە كەئەرێنی بێت، كەڕەواو دیموكراسیانەبێت دەرحەق بەمەسەلەی ڕەوای گەلی كورد، ئیتر چ لەلایەن زۆرینەی ڕۆشنبیرانی عەرەبەوەبێت، یاخود لەحوكومەتە عەرەبیەكانەوەبێت، یاخود حزب وبزوتنە سیاسیەعەرەبیەكان بەهەردوو باڵی علمانی وئیسلامیەوە. لەوانەشە كەزۆر بەداخەوە بەرەو خراپتر گەشەی كردبێت وچوبێتە پێشەوە !
ئەوەش لەسەرێكەوە جێ داخ وشوریە، لەسەرێكی دیكەشەوە مایەی سەرسوڕمان وتێڕامانە، دواجار دووركەوتنەوەی ئەو قەومە دەردەكەوێت چەنێك لەڕەوایەتی ویەكسانی ودادوەری وڕاێژی و(دیموكراسیەت) یەكسانی وبەرابەری مرۆڤایەتی وبەخشندەییش هەروەها. بەم هۆیەو هۆكاری دیكەوەو هۆكاری خۆیی وسیاسی كۆمەڵایەتی وفكریشەوە، هەروەها هۆكاری مێژووی هاوچەرخیشەوە عەرەب چەقینە نێو زۆلكاوی سەرشۆركەرانەو داشكان وداخزان بون، یەزادان هەروا بەخۆڕایی ستەم بەسەر ڕەبەنەكانی خۆیدا ناسەپێنێت ـ خوا تاكێو نەبێنێت بەفری تێ ناكات.
بەڵام ڕەتدانەوەیەك بەكوردی بێت لەمەڕ ئەوڕاپۆرتە جگە لەدوو نوسەر كەسی دیكە وڵامی نەداوەتەوە هەروەك دكتۆر جواد ملا باسیكردوە ئەو ڕەتدانەوەیەش بەكورتی بوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستخۆشیان لێدەكەین بەڕێزەوە. شكی تیانیە ئەو دەوڵەتانەی دیكەی كوردستانیان داگیركردوە هەمان ڕاپۆرتی ئاسایشی وسیخوڕێ ڕەگەزپەستانەی هاوشێوەی ڕاپۆرتەكانی محمد طلب هلال یان هەیە دەربارەی كوردو كوردستان، بۆنمونەش یەكێك لەهاوڕێكانم كتێبچكەیەكی دامی دەربارەی كوردو نیشتمانی كورد بەزمانی فارسی نوسرابوو، ئەو كتێبە لەلایەن سەركردە سەربازەكانی ئێرانەوە ئامادەكرابوو بۆ كادرە سەربازیەكانی ئێران، بەڵام سەدمەخابن ئەو كتێبەم لەسەر سنوری ئێران ـ پاكستان لێم ونبوو لەكاتی پەناهندییەم دالەپاكستان ساڵی 1990 !
دكتۆر جوادی برام كارێكی زۆرباشیكردوە سەبارەت بەوڵامدانەوەی ئەو ڕاپۆرتەی، هەروەها پێویستە هەوڵبدرێت هاوشێوەی ئەو ڕاپۆرتانەی بغدادو ئەنقەرەو تارانیش بدۆزرێتەوە، تاوەكوو دەرفەتی بڵاوكردنەوەو ڕیسواكردنی هەبێت لەبەردەم گەلانی كوردو عەرەب وفارس وتورك وگەلانی دیكەی جیهان وحوكومەتەكانیان. گەلێك نرخێكی ئێجگار بە بەهای بەخشیوە لەپێناوی سەربەستی ئازادی خۆیدا ئەویش لەڕێی پیادەكردنی سیاسەتی ئیستعماری عەرەبەوە (عراق وسوریا) توركیاو ئێرانیش. ستەمی داگیركردن وزەوتن كردنەكە بەجۆرێكە سەدانجار لەوەش زیاتر ودژوارترە هەربۆیە كاتی ئەوە هاتوە، ئەگەرچی چەندین سەدەشی بەسەرا ڕەتبوە یەكگرتنەوەو سەربەخۆیی كوردستان بۆ بەجێ هێنانی ئاشتی وئاسیش وئارامی گەشكردن، ئەویش كاتێك بەدی دێت كە دەوڵەتێكی دیموكراسی كوردستانی دروست بێت شان بەشانی دەوڵەتانی عەرەبی وتوركی وئێرانی، هەرئەوەش چارەسەری ڕەوای هاوكێشەیە سەبارەت بە مەسەلەی كوردو كوردستان، بەدروستبونی دەوڵەتی كوردی سەرلەنوێ ئەتڵەسی جوگرافی وسیاسی ناوچەكە سەرلەنوێ ڕاست دەكرێتەوە !
بەم شێوەیە گرنگترین تێبینیەكانی خۆم بەوردی دەنوسم دەربارەی ئەم ڕاپۆرتەی باسی لێوەكراوە، بۆ ئەوەی ببێتە تەواوكەرێك بۆ وڵام وتێبینیە بەنرخەكانی مامۆستا جواد ملا :
! ئەو جیاوازی وناكۆكیە سەرسوڕمێنانەی باسەكەی محمد طلب هلالە كە لەپێشەكی ڕاپۆرتەكەیدا نوسیویەتی دەربارەی (بابتیانەو) زانستیانەو) (گفتگۆ ودیالۆگ) و (ڕەخنەی درستكەروشەفافانە) دەدوێت، سەرەڕای ئەوەی خۆدی حوكومەتی

سوریشی وزوربەی حوکومەتانی عەرەبی یش هەرگیز نەبایەخی پێدەدەن و دانیش بەو بۆچون وزاراوانەی باسکراوە دەنێن لەگەڵ بۆچونی دیکەی وەك شارستانی پێشکەوتوو وگەشەدار، بەمەرجێك ئەم زاراوەو زانیاریانە بنەمای گەشەکردن وپێشکەوتن ولەپێشی پێشەوەی دیموکراسیەت وشارستانی وەك مافی سەربەستی دیموکراسی دادەورین.
دوای ئەوەش، هلال هەرسوردەبێت لەسەرئەوەی کوردستان بەشێکە لەسوریا، بێجگە لەوەی باشوری کوردسانیش بە بەشێك لەعراق دادەنێت، بەوپێیە هەردوو بەشە داگیرکراوەکە بە بەشێك لەنیشتمانی عەرەب دادەنێن. هەربۆیە لەسەرئەو ڕۆشناییە داوای دروستکردن ودانانی پڕۆژەیەکی ڕەگەزپەرستانەی ـ ئیستعماریانەی زیاتر پڕاوپڕو سەرتاسەری وردکاریانە داوادەکات بەئامانجی (دانانی پلانێکی پتەو بۆئەم پارێزگارە وپاککردنەوەی لە کەسانی غەیرە عەرەبی بێگانە، بۆ ئەوەی بێگانەو ئیستعمار لەپشتیانەوە نەبێت تابتوانن بەئارەزوی خۆیان گەندەڵی بکەن لەم پارچە زەویە گرانبەهایەی کە داهاتی ئێجگار مەزنی هەیە لەبەروبومدا بەتایبەت کە بۆنوبەرامەی کانزای نەوت لەکێڵگەکانی (رمیلان وقەرەشۆك) وە بەرزدەبێتەوە وکێشەکان زیاتر ئاڵۆزتردەکات) کتێبی (لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پارێزگاری جزیرە) نوسەری کتێبەکە محمد طلب هلال. وکەسە نامۆکانیش بەقسەی هلال کوردن کەئیستعمار لەپشتیانەوەیە ! بەبۆچونی هلال گوایە ئەوە زۆر کارێکی قێزەون وناجۆرەو پوچەڵە ئەوەی دەیکەن، بەمەرجێك ئەوئیستعمارەی هلال قینی لێدەبێتەوە هۆکاری سەرەکی دابەشکردنی کوردستان بون وئەوانیش ڕێگری بون بەهۆی یارمەتی عەرەب فارس وتورکەوە نەیانهێشت دەوڵەتێکی کوردی لەکوردستان دروستببێت. ئەوەش بەپێچەوانەی عەرەبە بەتەواوی چونکە ئەوئیستعمارەی هلال دژایەتی دەکات وەك خۆی دەڵێت هەرئەوانبون حوکومەت ودەوڵەتە عەرەبیەکانیان دروستکرد ودامەزراند، بەشێوەیەکی تایبەتیش عراق وسوریا، ئەوەش لەسەرجەستەی کوردستان ودواڕۆژو سەروەت بەروبومی ئاوی وکانزایی ونەوتیەوە بوو لەگەڵ چەندەها بەروبومی دیکە. ئەویش دوای ئەوەی کەئیستعماری ئەنگلۆ ـ فەڕەنسی بەشی باشوری کوردستانی لکاند بەعراقەوەو بەشی ڕۆژئاواشی لکاند بەسوریاوە دوابەدوای جەنگی جیهانی یەکەل لەساڵی (1914 ـ 1918). سازاندنی نەخشەی ئەندازیارانەی چەپەڵ دەرحەق بەنیشتمانی کورد کە دابەشکردنێکی ئیستعماریانە بوو لەڕێکەوتنی سایکس ـ بیکۆی ئەنگلۆ ـ فەڕەنسی بوو کە ئەویش لەساڵی (1916) لەسەدەی ڕابوردودابوو !.
پاشان ئەو ئیستعمارەی هلال دژایەتی دەکات هەرئەوان بوو کەیارمەتی وپشتیوانی عەرەبیان کرد لەڕووی ڕاگەیاندن وسیاسی ودەوڵەتیەوە وپڕچەکیانکردن بۆئەوەی لەگەلی کوردی پێبدەن وسوکایەتی پێبکەن وسەرکوتی بکەن لەسەرەتای سەدەی بیستەمی ڕابوردوەوە وتائەمڕۆش، بەڕێزان کام ئیستعمارە لەپشتی کوردەوە وەستاوە ؟ ئەی چیتانە هۆی چیە بەوشێوەیە فەرماندەکن وبیردەکەنەوە ؟!
هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان وەك هەموو هەرێمەکانی دیکە هەرێمیکی ستراتیجی گرنگەو پڕە لەخێروخیرات وسەروەت وسامان بەگوێرەی دانانی خودی هلال یش، لەبەرئەوە بەژیرانەو دادوەرانەو یەکسانی وبرایەتی ڕەفتاربکات لەگەڵ کورد کەچی بەپێچەوانەوە بەتەعریب وڕاوەنان وگواستنەوە قەڵاچۆکردن پشتێنەی ئاسایشی ڕەگەزپەرستیانەو جەنگێکی دڕندانەو کوشتوبڕی بەکۆمەڵ وڵامی دانەوە، هەرلەبەر ئەوەش بوو کەدەوڵەتی سوری پێشوازیکرد لەپڕۆژە ڕەگەزپەرستانەکەی هلال بەباشترین پێشوازی لەسەر ئەرزی واقیعیش جێ بەجێکرد، بگرە خاڵی زایدیشی بۆخستە سەر، ئەوەش بەئامانجی وێرانکردنی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان.

2 ـ لەبەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکەیدا دەربارەی (تێڕوانینێکی مێژوانە سەبارەت بەکێشەی کورد) هلال باس لەڕەگەزو مێژوو وزمانی کوردی دەکات، کەبڕیاردەدات بەچونی خۆی گوایە نەهیچ شارستانیەك ونەزمان ونەڕەگەزو نەگەل ونە نەتەوەی کورد هەبوە واتە هێج بونێکی نیە لەهیچ ڕوویەکەوە. ڕاستیەکەی لەسەرێکەوە وادەگەێنێت بەگوێرەی بەرخوردکردنی هلال کە بەوشێوە سەرزارەکیە بەرخوردەکات لەگەڵ مێژووی گەلی کوردا زۆر بەئاشکرا نەفامی وبێئاگایی وناحاڵیبونی زانیاریە مەعریفیەکانی خۆی دەسەلمێنێت، لەسەرێکی دیکەشەوە بەهۆی کینەو بوغزی ڕەگەزپەرستانەی خۆیەوە، بەهەرحال لەئەنجامدا هەموو کەسێك دەتوانێت هەست ودەربڕینەکانی هلال ئاراستەی عەرەب بکات لەبواری زمان ومێژوو ورەگەز وشتی دیکەشەوە.
بەڵام پێویستە لەسەر لێکۆڵەر بێ لایەن بێت وشوێن هەستونەست وئارەزوە تاک ڕەوی ورەگەزی مەزهەبی ـ وئاینی نەکەوێت، بەڵکوو پێویستە لەسەری بەئەمەك وڕاستگۆ ودادوەربێت، یاخود بەلانی کەم هەرنەبێت هەوڵبدات لەلێکۆڵینەوەو نوسینی زانستیانەو مێژوویی بەوشێوەیەبێت. هەروەها دەبێت لەگەڵیانا کەسێکی بەڕەوابێت، بەڵکوو پێویستیشە لەسەری بەشێوەیەکی ڕەوایانە بەدواداچون وپشکنین بکات لەڕۆژمێری مێژویی ولێکۆڵینەوەو شیکردنەوەدا، لەبەرئەوەی ئەو شێوازو ڕەوتە نزیکترە لەڕۆحی ڕاستی وباوەڕپێکراوی زانستیانەو ڕەوایەتی تێکۆشان وبەتواناییەوە بەگوێرەی لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز.

ئەگەربێتوو زۆری خێڵ وقەویلەو زاراوە بەڵگەیەك بێت بۆ دان پیانەنانی خەسڵەتی بە (گەل بون) و (نەتەوە بون) سەبارەت بەکورد، کەوابوو لەمحاڵەتەدا هەمان بەڵگە بەتەواوی دەچەسپێنرێت بەسەر عەرب وگەلانی دیکەشدا. لەمەڕقسەی هلال کەدەڵێت (زۆرجار دەبینیت کە خێڵە کوردەکان ناتوانن لەیەکتری بگەن لەناو یەکتریدا لەو زمانانەی کە لەیەك دەچن چونکە جیاوزیەکی زۆر گەورەو بەربڵاو هەیە لەنێو هەر خێڵێکدا لەروی زمانەوە)، ئەوە درۆیەو نارەواشە لەهەمان کاتیشدا ئاماژەیەکە بۆ نەفامی سەبارەت بەزمانی کوردی وزاراوەکانیشی وبنەماو ڕێزمان وهونەری زمانەوانیەکانی دیکەش، چونکە هەموو خێڵێك سەربەخۆنیە لەڕووی زمانەونیەوە وەك هلال بۆیدەچێت ئەوە لێتێکچونە، بەڵکوو هۆکاری هاوبەش لەکۆکەرەوەی زمانی سەرجەم خێڵ وعەشیرەتەکان تەنهاو تەنها زمانی کوردیە کەپێکەوە گرێداون، ئەمەبێجگە لەوجیاوازیەی هەیە لەنێو خێڵ وعەشیرەتە کوردەکان کەئەو خاڵەش خۆی لەخۆیدا تەنها لەچوارچێوەی ئێمەدانیە یاخود حاڵەتێکی شازبێت وابەستەبێت تەنها بەکوردو زمانەکەیانەوە، لەبەرئەوەی جیاوزی ولەیەکنەچونە زاراوەییەکان لەزمانی عەرەبیشدا هەیە لەنێو خێڵ وعەشرەت وشارو وڵاتەکانی ئەوانیشدا هەیە، هەروەها ئەو جیاوازی ولەیەکنەچونە زاراوەییە لەنێو زمانی ئینگلیزی وفارسی وئەڵمانی وزمانی دیکەی جیهانیشدا هەرهەیە.

هلال بەزۆر ـ جاریکی دیکە ـ ئیستعمار دەئاخنێتە بابەتی کوردەوە وبەرپرسایەتی دەخاتە سەرشانی ئیستعمار گوایە گەلێکی داهێناوە بەناوی کوردەوە هەربونی نەبوە. بەڵام لەڕاستیدا پێچەوانەی قسەکەی ئەو ڕاستیەکەیە، ئەوە عەرەب وتورك وفارس بون بەپشتیوانی ئیستعمار هەوڵیانداوە و ـ هێشتا بەردەوامیشن لەسەر ئەوکارە ـ هەرچی تایبەتمەندی وخەسڵەتی بە بەهای کورد هەیە وەك نەتەوەو گەل لەچەرخی نوێدا لەناوی بەرن.

دابەشکردنی کوردستان لەلایەن ئەو ئیستعمارەی کە هلال کینەی خۆی بۆدەردەبڕێت لەنێو عەرەب وتورك وفارس دا، هاوکات لەگەڵ ئەومەترسیە نارەوا دەوڵەتیەی کەترسی لێی هەیە سەبارەت بەدروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، پرۆسەو شاڵای بەعەرەب کردن وبەتورك کردن وبە فارس کردنەی بچێتەسەر بەشێوەیەکی بەردەوام هیچ دەرئەنجامێکی نیە جگەلەوەی بەڵگەیەکی بەتین وحاشاهەڵنەگرە سەبارەت بەبونی هەردوو کیانی نەتەوەو نیشتمان بێ سێ ودوو لەخۆگرتوە لەمێژوو وشارستانی بەناوبانگیشی. پێداگرتنی هلال یش گوایە کورد (کەوتونەتە ژێرفشاری ئاینی جوراوجۆرەوە تاوەکوو ئیسلام هاتەکایەوە ولەڕووی ئاینەوە لەناو خۆیدا تواندنیەوە. ئەوان خەڵکانێکن ـ مەبەست لەکوردە ـ ژیانیان بەندە بەو کولتورو شارستانیەی نەتەوەکان پێاندەبەخشن کەهێچی ئەوانی تیانیەو بەقەدەر تاڵەمویەکیش کارناکەنە سەر شارستانیەت وکولتوری نەتەوەکان بەهیچ شێوەیەك ئیتر بەرهەمیان هەرچیەك بێت).

لەم چەند ڕستەیەدا گەلێك ناکۆکی وهەڵەی نەهگونجاوی پرلەقین وکینەو سپڵەیی ئیجگار ئاشکرای پێوەدیارە کەنکوڵی لەچاکەو ستایشی کورد بەسەرعەرەبەوە هەیە بەگوێرەی بەڵگەکان :

**یەکەمیان :** کوردستان لەسەرئاستی مەسەلەی ئاین بەناوبانگە بەوەی کە جێگەی هاتن وسەرهەڵدانی وپێغەمبەرانی گەورەی ئاسمانیە وەك نۆح وابراهیم وزەردەشت ویونس وشیت ولەگەڵ ئەصحابەکانی رس ـ أصحاب الرس ـ سڵاوی خوایان لێبێت. لەقورئانی پیرۆزدا ناویان هاتوەو باسکراوە لەزۆر ئایەتدا بەهۆی باسکردنی شارو ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانەوە وەك کێوی جود ونەینەواو رس (الرس). رس چەمی ئاراسە کەتۆتە نێوان کوردستان وئەرمینیاوە. لەسەرئەوەشەوە باس لە شوێنەوارو ئاسەواری شارو ناوچەکانی کراوە لەکتێبە ئاینە ئاسمانیە پیرۆزەکانی دیکەدا وەك تەورات وئاڤێستا. سەرەڕای ئەوەی باسمانکرد محمدی پێغەمبەرمان (د. خ) بەڕەگەز دەگەڕێتەوە سەرپشتی اسماعیل پێغەمبەری خوا سڵاوی خوای لێبێت، اسماعیل یش کوڕی ابراهیمی خلیل ی سەروەرمانە ەباوکی پێغەمبەران کە بەڕەچەڵەك کوردە، کەوابوو کورد هەمیشە شانازیدەکات وپێشی گەورەدەبێت وشەرفیشە بۆیان بگەڕێنەوە سەر ڕەچەڵەکی مەزنترین کەسایەتی لەڕێگەی باپیرەی هەر گەورەیەوە کە ابراهیم الخلیل ە !

**دووەم :** لەقورئانی پیرۆزدا وشەوی ڕەسەنی کوردی زۆر تیایە، بێ لەزمانەکانی دیکەش، بەگوێرەی تەمەنی خۆم ئەوە خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی حاشا هەڵنگرە بۆ سەلماندنی بونی زمانی کوردی لەمێژوو بەرفراوندا، هەروەها بەڵگەیەکیشە بۆ سەربەخۆیی زمانی کوردی وبەنەمری مانەوەی ودەوڵەمەندیەوە لەڕووی زمانەوانی وهونەری وزاراوەییشەوە .

**سێهەم :** زمانی فارسی وئوردی وبلوشی وپەشتوو وئەوروپی تەنانەت زمانە عەرەبیەکانیش سودێکی زۆریان لە زمانی کوردی وەرگرتوە وزۆریان لەوزمانەوە هەڵهێنجاوە زاراوەو وشەکانیان بەکارهێناوە، هەرلەبەرئەوەشە کە زۆرینەی زاناو داناکان دەڵێن کە زمانی کوردی دایکی زمانی فارسی وزۆرێك لەزمانە ئەوروپیەکانیشە.

**چوارەم :** بەرلەزاینی ودوای زاینیش چەندین شارستانیەت ودەوڵەت لەکوردستان دروستبون کە کارکردی خۆی هەبوە لەسەر ناوچەکە وەك هەموو شارستانیەتەکانی دیکە، لەوانە ئیمپراتوریەتی میدیەکان (700 پ. ز. ـ 550 پ. ز.) کە لەمێژوودا بەناوبانگە.

**پێنجەم :** کتێبی ئاینی زەردەشتی (ئاڤێستا) بەزمانی زندی نوسراوە، زندیش زمانێکی میدی کوردی زۆرکۆنە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر، بێجگە لەبونی زمانی بەهلەوی یش کەزمانی دووەمی کوردبوە کە متون سروت یان پێدەنوسی هەروەها نوسینی ئاینی زەردەشتی یشی پێنوسراوەتەوە بەرلەهەزاران لەمەو بەر.

**شەشەم :** لەمێژووی ئیسلامیشدا کورد زۆر بوێرانەو چالاکانەو بەپێتەوی وابەستەیبون زۆر بەئەمەکەوە بەشدارین کردوە لە بونیاتنان وپەرەپێدانی شارستانیەتی ئیسلامی لەسەرئاستی ئاینی وزانستی ومەعرفیشەوە ئەوانەش تەنها بۆنمونە نەك بەمەبەستی پەراوێزو خستنە کەوانەوە بەڵکوو بەمەبەستی دەستنیشانکردن وبەزاتی وەك جابانی کوردو سەحابە جلیل وابن سیرین ی التابعی بەئەمەك وبەخشندە وکوڕەکانی الأثیر جزیریەکان مێژوو نوس وئەدیب ونوسەرو المحدث وابن خەلکانی القاضي شارەزوری مێژوو نوس وفەقێ چەندەهای دیکەش لەزنایانی بەناوبانگی زانست و بلیمەتی مەعرفیش، ئەوە لەسەردەمی ئیسلامدابوە، بەڵام لەچەرخی ئێستاماندا چەرخی هاودەم بەکەم سەیرناکرێت وبێ تانەشە زاناو ڕوناکبیری کورد زۆرن کەخزمەتی ئێجگار مەزنیان پێشکەش کردوە لەڕووی زانستیەوە بۆ جیهانی ئیسلامی وبەتاییەت بەعەرەبیش !

**حەوتەم :** کورد بەسەرۆکایەتی صلاح الینی ئەیوبی ڕەگەز کورد خزمەتێکی زۆری پێشکەش کرد لەبواری شارستانی وزانستی ومەیدانیەوە بەعەرەب وئیسلام بەتایبەتی بەئیسلامیش شێوەیەکی گشتی، هەروەها بۆ مرۆڤایەتیش بەشێوەیەکی بەربڵاوتر، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بەخشندەیی ولێبوردویی وبەرزی ڕەوشتی تەنانەت لەگەڵ دوژمنانیشی کە لەکۆتاییدا بۆی بوە بەنمونەیەکی نەمر هەتا هەتایە.
زۆر مەخابن وحەیف کە لەدووری میانەیەکی زۆر کەم لەمەرقەدی ئەوکەڵە پیاوە مەزنەوە هلال بەشێوەیەکی تایبەتی وعەرەبیش بەشێوەیەکی گشتی نکوڵیان لەچاکە وخزمەتەکانی ئەوزاتەو وکوردیش کرد کەچی پێشکەش نەکردون، کەچی لەبەرامبەردا پادشتی کوردیان بەداگیرکردن وکوشتنی بەکۆمەڵ تەعریب ونکوڵی کردنی تەواوی مافە سیاسی مرۆڤایتیەکانیان کرد، هەروەها مافی نەتەوەیی ونیشتمانییش.

**نەتەوە وشۆڕشە کوردیەکان ونیشتمانی کورد**

هلال بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەی هەڵەزەقەکانی وسوکایەتی کردن بەنەتەوەی کوردو ڕەتکردنەوەی هەردیاردەیەك وخەسڵەتێك تایبەتمەندبێت بەنیشتمان ونەتەوەو گەل وە ونکوڵیشیان لێدەکات، ئەمەبێجگە لەوەی بەشێوەیەکی کۆتایی هێنەر نکوڵی لە جوگرافیای کورد دەکات واتە نکوڵی لەنیشتمانی کوردو کوردستانیش دەکات بەتەواوی، ئەوەش بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی زانستیانە بهێنێتەوە بۆ درۆو ورێنەکانی خۆی.
بنەماو کۆڵەکەکانی نەتەوەبون وەك ئەوەی کۆمەڵەی الارومەی نەژادی بەیەك زمانی ومێژووی هاوبەش وجوگرافیاو داب ونەریتی هاوبەش وکولتوری ئاینی ومەعنەوی لەسەری ڕێکەوتون بۆ هەموان یاخود وزۆرینەی ڕۆڵەی یەك نیشتمان.
تێبینی دەکەین هەرچی بنەمای بەهێزکردنی سیفەتی نەتەوە هەیەو پێویستە بەنەتەوەیەکەوە هەبێت بۆ ناولێنانی گەل سەرلەبەری بەتەواوی لەکوردا هەیە. هەروەها عەرەبیش لەسەرهەمان بنەماو پێگەی بتەوکردنەوە ئیدعای نەتەوەبون دەکەن، ئەی کەوابێت بۆچی بەدوو تەرازوو هەڵیدەسنگێنن ؟ پاشان هلال بەشێوەیەکی قێزەون وبەقینێکی کوێرانە هێرشدەکاتەسەر ئەوشۆڕشانەی کورد کەهەڵگیرسان لەسەرتاسەری کوردستاندا لەسەدەی نۆزدەم وبیستەم دەبینین دادەبەزێتە سەرشۆڕشە ڕزگاری خوازانەی کورد کە گوایە دەستکردی ئیستعمارو هێزە دەرەکیەکانبون، بەڵام هلالی گرگن و نوسەران ڕۆشنبیرانی ڕەگەزپەرست لەوڕەگەزپەرستە عەرەبانە بیریان دەچێتەوە، یاخود ڕۆڵی ئیستعماری ئینگلیزی وفەرەنسی لەبیرخۆیان دەبەنەوە چۆن بزوتنەوە سیاسی ونەتەوەییە عەرەبیەکانیان دروستکرد، ئەمەبێجگە لەوەی کەئیستعمار هاریکاری ڕاستەوخۆیکردن لەدروستکردنی دەوڵەت وکیانە عەرەبیەکاندا، ئەوئیستعمارەی شەڕی لەگەڵ کوردکردو کوردستانی دابەشکرد بەسەرعەرەب وتورك فارس دا، لەگەڵ قەدەغەکردنی تەواوی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد لەکوردستان دا، بەمەرجێك کورد زۆر بەباشی ئامادەبون بۆ دەستەبەرکردنی ئەوە ئەرکە.

لەراستیدا شۆڕشەکانی کورد هەمیشە شۆڕشی ڕزگاری خوازانەی باوڕپێکراو وبەرگریکەری نیشتمانی بەڕەوابوە تێکۆشاوە لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بۆ کوردستان، بەڵام دوای ئازادکردنی لەچەپەڵی داگیرکەری ئیستعماری عەرەبی (عراق وسوریا) وتورکی وئێرانی، کەچی سەرەڕای هەموو باسەکان هلال وەسفی شۆڕشەکانی کورد بە (فیتنە) و (دواکەوتوو) و (کۆنەپەرست) دەکات وچەندین تۆمەتی پوچەڵ دەخاتە پاڵ وقسەی سوك وگەندەڵی دیکەش بەکاردێنێت کە بەهیچ شێوەیەك یەکناگرێتەوە لەئاست ڕاستی ڕوداوە مێژویی وزانستیەکاندا.
هەروەها هلال وکەسانی وەك هلال (مەخابن ئێجگار زۆرن) لەونوسەرو سیاسی وڕۆشنبیری فاشی عەرەب گەلێکن کەگوێنادەن بەوەی لەگەڵ کام بەریە هاوپەیمانیەتی دەبەستن، ئەویش لەپێناوی ئەوەی لەکورد بدەن وهەوڵی پاکتاوکردنیان وقڵاچۆکردن وتەعریب وسڕینەوەو ونکردنی گشت ئاسەوارە بەهێزەکانی بنەمای نەتەوایەتی ونیشمانی دەکەن، بەڵام ئەگەربێتوو گەلی کورد هەوڵ نەدات مەترسیەکان لەخۆی لانەدات وهەرەشەکانیش دورنەخاتەوە کەتێوەی گلاوە، ئەوەش مافێکی ڕەوای خۆیەتی. کەچی دەبینین ئەوان هاواردەکەن ودەقیژێنن پردەمیان بەوکارەسات ونەهامەتە گەورەوگرانەی کەدووچاریبون دەرحەق بەپێشلکردن وشکاندنی عەرب وبەعروبەیان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەوان خۆیان ئیستعمارو داگیرکەرو خۆشیان بە بەردەوامی دەستدرێژییان کردۆتە سەرمافی کوردو مافی مادی ومەعنەوی، وسیاسی، ونەتەوەیی ونیشتمانیش.
هەروەها هلال شاڵاوێکی هستریایی دەکاتەسەر ناوداران وسەرکردەی شۆڕشە رزگاریخوازەکانی کورد، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بنەمای نوسین وئەدەبی جوان ولێهاتویی ئاخافتن بکات بەتایبەت لەمەڕسەرکردەی هەرە بەناوبانگی کورد مصطفی بەرزانی، ئەمە بێجگە لەنەفامی ونەشارەزایی هلال سەبارەت بەکەسایەتیەکی کوردی مەزن ودەکەوێتە کۆمەڵێك هەڵەوە کە ئەمانەن :

1 ـ هلال دەڵێت گوایە مصطفی بەرزانی پلەی ژەنەراڵی لەیەکیەتی شورەوی ڕابوردوو بەدەستهێناوە، ئەوەش هەڵەیە وڕاستیەکەی بەرزانی لەساڵی 1946 پلەی ژەنەراڵی لەمهابادی پایتەختی کۆماری کوردستان بەدەستهێنا هەروەها لەکاتی خۆیدا بەرزانی باڵاترین سەرکردەبوو لەدوای شەهید قازی محمدەوە سەرۆك کۆماری کورستانی ستەم لێکراو.
2 ـ هلال سورە لەسەرئەوەی مەلا مصطفی بەرزانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەڕوسیا دامەزراندوە لەساڵی 1945، ئەوەش هەڵەیەکی زۆر زەقە. ڕاستیەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەساڵی 1946 لەکوردستان دامەزرێنرا.
3 ـ هەروها هلال دەڵێت (کاتێ گەڕایەوە بۆ عراق ـ واتە بەرزانی ـ سەررکردایەتی حزبی دیموکراتی شیوعی کرد). ئەوەش هەر هەڵەیەکی زەق وئاشکراو زۆر ناقۆڵایە، ناوی ڕاستەقینەی پارتەکە وەك کەمێك لەمەوبەرنوسیمان ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستانی یە). هەروەها پارتەکە پارتێکی کوردی وکوردستانی وڕەوتی نەتەوەیی گرتۆتەبەر هەرگیز پارتیکی شیوعی نیە بەهیچ شێوەیەك !
سەیرلەوەدایە کەهلال تەنها شۆڕش وپارتە کوردیەکان تاونبارناکات بەشیوعیەت بەڵکوو گەلی کوردیش بەشیوعیەت تاوانبار دەکات، تەنانەت وای لێهاتەوە وڕێنە دەکات وئیدعادەکات گوایە شیوعیەت بۆتە ئاینی کوردەکان. شتێکی سروشتی وئاشکرایە وخۆشی باش دەزانێت ئەوەی وتویەتی جگەلەوەی درۆیەکی زل وبوختانێت شتێکی دیکە نیە، بەڵام دەیەوێت بەوە ناوەڕۆك وناوبانگی گەلی کورد بشێوێنێت لەجیهانی ئیسلامی وعەرەبیشدا !

**پشتێنەی یئستعماری عەرەبی**

هەرلەسەرەتاوە ژێمی داگیرکەری سوری بەربەرکانی شەڕی بەرپاکردوە لەدژی کورد لەرۆژئاوای کوردستان بەهەموو شێوەیەك وهەموجۆرە پرۆسەی داپڵۆسینی ئیستعماریانەی بەکارهێناوە لەوانەش (پشتێنەی سنور) یاخود (پشتێنەی عەرەبی). ئەوەش مانای وایە تەعریب کردنی ڕۆژئاوای کوردستان وبەتاڵکردنی هاوڵاتیە ڕەسەنە نیشتەجێ بوەکانی کەئەوانەش کوردن، ئەو پرۆسەیەش لەوێوەدەست پێدەکات کەپێی دەڵێن سنوری سوریاو تورکیاو عراق بەبۆچونی خۆیان.
هەربەڕاستی حوکومەتی شۆڤێنستی سوریا دەستیکرد بەجێ بەجێکردنی هەنگاوی گەورە لەپرۆژە شۆڤێنیە ڕەگەزپەرستیەکەیان وعەشایەرێکی ئێجگار زۆری کوردی دەربەدەرو ئاوارەکرد لەهاوڵاتینانی ناوچەکە ولەجێی ئەوان عەشایەری عەرەبی هاوردەکردو نیشتەجێکردن لەوێ ، هاوکات دەستیگرت بەسەرماڵ وموڵك زەوی وزارو وپارەوپولی کوردەکاندا.
کوردی ڕۆژئاوا نارەزایی دەربڕی بەتایبەت سەبارەت بەپرۆژەی ناونراو بەپشتێنەی سنوری عەرەبی وبەپشتێنەی مەترسیدارو ڕەگەزپەرستانە ناویانبرد، هەربۆیە هلال دەڵێت (تەنانەت کوردەکانی جزیرەش لەسەردەمی بزوتنەوەکەی

بەرزانی دا کەلەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی قاسم بوو دروشمیان بەرزکردەوە کاتێك لەشکری سوریا هەوڵیدا بەشدارییکات، کوردەکان ئەم دروشمانەیان بەرزکردبۆوە :
هلال دەڵێت : (گوایە کوردەکانوادەڵێن : پشتێنەی سنور پشتێنەیەکی مەترسیدارە). واتە ئەوان ئامادەبون بۆ ئەوەی ڕێگربن لەدەستێوردان وبەشداریکردنی لەشکری سوریا گەربیەوێت خزمەتی بەرژەوەندی عەرەب بکات). هەروەها هلال ڕەتیدەکاتەوەو ناڕازیە بەوەی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان ئەگەر بیانەوێت پشتیوانی برا کوردەکانی خۆیان بکەن لەباشوری کوردستانا، بەڵام خۆی بەدیدی خۆی وای بۆدەچێت دەستێوەردان وبەشداریکردنی لەشکری سوریای عەرەبی لەهاریکاری کردنی لەشکری عەرەبی عراقی لەدژی شۆڕشی کورد لەباشوری کوردستان کارێکی ڕەواو شیاوە بۆخۆیان. هەروەها لەساڵی 1963 یەکەی سەربازی وچەکداری سوریا بەڕێکەوتن بۆ بەشداریکردن لەگەڵ لەشکری عراقی لەهێرشێکی دوژمنانە بۆسەرکورد لەباشوری کوردستان، بەڵام بەپشتیوانی یەزدان وبەپشتیوانی وکارامەیی ونەبەردی ڕۆڵە پێشمەرگە دلێرەکانی کورد توانرا هێرشی عەرەبی سوریا ـ عراقی کەبەهاوبەشی بەرپایانکرد شکستی پێهێنرێت لەلایەن کوردی دڵێرەوەو زەرەروزیانێکی ئێجگار گەورەی گیانی وسەربازیشیان لێکەوت لەبەرامبەر بەهێرشی دەستدرێژانەی داگیرکەرا نی عەرەبی عراق و سوریا.

## ڕۆژئاوای کوردستان

## ڕاستی بونی دیموگرافی نەتەویی وجوگرافی ومێژوویی

هلال لەڕاپۆرتی دووەمی سیخوڕی شۆڤێنستی کۆلونیالی توانای نامێنێت دان نەنێت بەڕۆژئاوای نیشتمانی کوردو ڕاستی ودروستی بونی حاشاهەڵنەگری کوردستان ودەڵێت : (کوردەکان گردبونەتەوە بەدرێژایی خەتی سەروی هاوتەریبی سنوری تورکیا لەپارێزگاری جزیرە بەقولایی بەرەو باشور بەنزیکەی 15 ـ 25 کیلۆمەتر مەزەنەدەکرێت.
لەناوچەی رأس العین یشەوە لەڕۆژئاواوە تادەگاتە سنوری مالکیە لەخۆرهەلاتیەوە ئەم کۆمەڵە نیشتەجێ بوە چربونەتەوە لەناوچە هەرەبەپیتەکاندا بەجۆرێکە چڕیەکەیان ئەستەمە گروپێکی بچوکی عەرەب بەدی بکەیت لەهەندێ ناوچەدا بەتایبەت لەناوچەی مالکیەو قبور البیض وقامیشلی وعامودا هەروەها باشترین وبەپیتترین ناوچەی جزیرەیان داگیرکردوە کە بارانێکی ئێجگار زۆری لێدەبارێت ڕێژەی باران لەناوچەی مالکیەو قامیشلی دەگاتە نێوان (400 ـ 500) ملیمەتری بەگوێرەی نەخشەی باران بارین کتێبی هلال.
خوێنەرانی بەڕیز خۆیان هەست بە بەغیلی وبەغالەتی هلال دەکەن دەرحەق بەکورد لەڕۆژئاوای کوردستان کەنیشتمانی خۆیانە، ئەویش تەنها بەهۆی بەپیتی خاکی کوردەوەیە لەوێ وبەهۆی زۆری باران بارینەوەیە، هەروەها چڕی وزۆری دانیشتونی کە کوردن لەشارەکان وناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە ئەمە بەقسەی هلال وبەدەمی خۆی وتویەتی ودانی پیاناوە. بێگومان بونی کورد ونیشتەجێ بونیان لەکوردستانی ماڵباتی خۆیان لەدەڤەری ڕۆژئاوای کوردستان گەلێك دێرینە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵی لەمەوبەر وەك بەشەداگیرکراوەکانی دیکەی کوردستان هەربۆیە حوکومەتی سوریا بەردەوام هەوڵیداوەو هەوڵیشدەدات بەدڕندەترین شێوە بونی کورد سەرکوتکات وڕیشەکێشی بکات لەڕۆژئاوای کوردستان دا وتێدەکۆشێت بۆئەوەی تایبەتمەندی نەتەوەیی ومێژوویی جوگرافی ڕێژەی دانیشتونی لەوناوچانەدا بنەبڕبکات ونەهێڵێت یاخود بیشێوێنێت. هەرچی لەقسەکانی هلال دا دەردەکەوێت سەبارەت بەوەی ناویان ناوە بەسنوری (تورکیا) لەڕاستیدا ئەوەسنوری تورکیاو تورك نیە، بەڵکوو ئەوێ باکوری کوردستانە تورکیا داگیرکردوە وکردویەتی بەمستەعمەرەو کۆلۆنلیالی تورك لەچەند سەدەیەکی ڕابوردوەوە تائەمڕۆش بەداگیرکراوی ماوتەوە.
هلال بەردەوام دەبێت لەقسە پڕ لەبوغزوکینەییەکانی خۆی کەلەچەپەڵی بەولاوە هیچی دیکە نیە دەربارەی کوردی کوردستانی رۆژئاوا دەڵێت : (وەك وتمان ئەوان لەڕووی زەوی وزاری بەپیت وئەوجێیانەی ڕوەك وداروردەختی بەباشی تیادەڕویت ناوچەیەکی بەرچاویان لەوخاکە بەپێت وزیندوە داگیرکردوەو بۆخۆیان پاوانکردوە. کەچی تاکی عەرەب لەناوچەی باشوردا دەژین کە زۆرینەیان لەپارێزگارەکەدا نیشتەجێبون هەروەها ڕێژەی باران بارین تیایا (200) ملمەتری بارانە لەوەانەشە ئەوە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەیوەستبونی تاکی عەرەبەوە بەژیانی شارستانی، کەعەرەبەکان هەرخەریکی کۆچەرین وئاگاشیان لەخۆیان نیە چی لەدەورو بەریانا ڕوودەدات چیان بەسەرادێت، تا وای لێهات بارودۆخەکە بەم شێوەیەوی ئێستای لێ بێت.
هەروەها بەرامبەر بەم خەتەسنوریەی سەروەوە کەکوردی تیانیشتەجێیە خەتێکی دیکە بەرامبەریەتی لەتورکیا ئەوێش کوردی تورکەکانی تیانیشتەجێیە، ئەوانە خزمن لەبڕبڕەپشتەوەو بەخوێنیش تەنانەت دەبینیت عەشرەتە کوردەکان دابەش

بون وبڵاوبونەتەوە بەسەر وڵاتی سوریاو تورکیاو بەهەمان شێوەش لەعراقیشدا. ئەوانە براو پسمامی یەکترین دابەشبون بەسەر ئەوناوچانەدا چاوەڕێی دەرفەتی ئومێدو هیواو خەونی زێڕینی خۆیانن بۆیان بێتەدی کەنیشتمانی کوردو (کوردستانە) بەردەوامیش پەیوەندی پتەویان هەیەو لەجوڵەدان لەناخۆیاندا لەنێوانی سنورەکاندا لەناوەوەو دەرەوەش کەبۆتە هۆکاری ئاسانکاری هەرکارێك بیانەوێت لەناو خۆیاندا جێ بەجێیکەن وهەمان هۆکاریش وایان لێدەکات هەست بەیەکیەتی خۆیان بکەن، بەجۆرێك ئەو دراوسێتیە یاخود ئەوپێکەوەلکان پتەوەی پشتی سنور یارمەتیدەرێکی بەهێزوکاریگەرە بۆیان تابتوانن بەوشێوەیە بیربکەنەوە، بەوشێوەیە مەسەلەی چاودێری ئەوەندەی دیکە سەختتردەکات لەسەرمان. چونکە زۆر بەدەگمەن دەبینیت کوردێك هاریکاریت بکات، ئەگەر کوردش نەبیت هێچیان لێ تێناگەیت زۆر ئەستەمیشە بزانیت چی ڕودەدات لەناویاندا چونکە تەنها بەزمانی کوردی دەدوێن لەبەردەم بەڕێزتا زۆرئازادانە بە بەرچاوی خۆتەوە بەکوردی دەپەیڤن بەبێ ئەوەی تۆهێچیان لێ تێبگەیت وهەڵکرێنیت نەشەرم دەکەن ونەسڵدەکەنەوە. تەنانەت ئەگەربێتوو داوا لەیەکێك بکەیت لەوانەی زمانی ئەوان دەزانن کەکورد نەبێت لەوعەرەبانەی بونەتە کورد بەحوکومی تێکەڵی ژیانیان لەگەڵ کوردەکاندا یاخود بەپێچەوانەوە لەوکوردانەی بونەتە عەرەب ـ ئەگەر قسەکەمان ڕاست بێت ـ ئەوانەش بەدگمەن باوەڕیان پێدەکرێت بۆ ئەوجۆرەکارانە چونکە ئەوە خووی خۆیانە هەمیشە بەشك وئاگاداریەوە ڕەفتاردەکەن، ڕێکخستنی زانستی وتەندروستی پارتی دیموکراتیشی بچێتەسەر کەخۆی لەخۆیدا ئەوەندەی دیکە وشیاریاندەکات وئەوەندەیدیکە نهێنیە شاراوەکانیان سەختتردەکات وچیترناتوانیت لە پرۆژەو مەرامیان بگەیت.
ئەمەو هەمووئەوشتانەی باسمانکردن هۆکاری یارمەتدەرن ولەبەرژەوەندی ئەوانە وبواریان بۆدەڕەخسێنێت لەباروەدۆخێکی بەهێزابن لەڕووی ڕیکخستنەوە سەبارەت بەهەر زانیاریەك بتەوێت بەدستی بهێنیت، بێجگەلەوەی کە ئەوانە خۆیان دڕندەن هەربە
شێوەیەکی سروشتی ئازاوجەربەزن وفاو ئەمەکی خۆیانت بۆ دەردەبڕن کەچی لەژێرەوە بەمەکرو فێڵاوین بەرابەربەر بەتۆ) .
ئەوەی هلال باسی کردوە بریتیە لەم ڕاستی وخاڵانەی خوارەوە، کە بەزۆ ناچاربوە باسیان بکات بەخۆشی خۆینا :
1 ـ بونێ نەتەوەیی وجوگرافیایی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان ئەوکوردستانەی سوریا بەشێکی داگیرکردوە.
2 ـ داننان بەدانیشتوانی ڕۆژئاوای کوردستان کەزۆرینەن.
3 ـ داننان بە بەداشکردنی کوردستان لەباکورو ڕۆژئاواو لەنێوان تورکیاو سوریا باشورەکەشی لەنێوان سوریاو عراق، خۆرهەڵاتیشی لەنێوان ئێراندایە ئەمەیانی بیرچۆتەوە، یاخود هلال لەبیر خۆی بردۆتەوە.
4 ـ داننان بەبەردەوامی خەباتی نەپساو وبەردەوامی کورد لەپێناوی سەربەخۆیی وئازادکردنی کوردستان لەزەوتکراوی ودەربازکردنی لەدەستی ئیستعماری زۆردار لەلایەن عەرەبی (عراق وسوریا) تورکیاو ئێرانیش.
5 ـ داننان بەزمانی کوردی سەربەخۆ کەکەس لەوان زیاتر لێی تێناگات، بەمەش هلال خۆی خۆی بەدرۆدەخاتەوە وناکۆکە لەگەڵ بۆچونی خۆیدا لەبەرئەوەی نکوڵی لەبونی زمانی کوردی کردوە هۆکارەکەشی تەنها کینەو کەلەڕەقیەو هیچی دیکە لەوزیاتر کە بەئەنقست ولەکینەییدا دەرحەق بەکوردو کوردستانی پشگوێ خستوەو لەبیرخۆی بردۆتەوە !

سەبارەت بەسروشتی کورد کەهلال باسیکردوە، گوایە کورد بەئەمەکی دەردەخەن وشتیکی تر لەناخیانا دەشارنەوە ئەوە زۆر درۆ وپوچەڵە بەپێچەوانەوەیە.
لەڕووی خەسڵەت ڕەوشت وڕیزلێنانەوە کورد بەناوبانگە بەدەست پاکی بەوەفایی بەسۆز بەچاکەو ساویلکەیی نیەت پاکی وهەمیشە ئامادەیی تیایە دڵسۆزی دەربڕێت بۆگەلان ونەتەوەو بیگانەش بەشێوەیەکی گشتی، تەنانەت هەندێك بەجۆرێك کوردیان وەسف کردوە کەساکارو ساویلکەو زیاد لەپێویست خۆشەویستی دەردەبڕن ونیەتیان پاکەو حەزیان بەچاکەو خزمەتە بۆ بێگانەو هەمیشە نیەت پاکیان دیاربوە لەئاست بیگانەدا وبێ غەلوغەشن بەدورن لەغەدرو فێڵ وفەرەجە هەروەها زۆر بەدورن لەهەندی ڕەوشت بەتایبەت ئەوڕەوشتانەی بەدورن لەمەردایەتی وپیاوەتی ڕەوشتی نامرۆڤانەوە !
کورد قوربانیەکی لەڕادەبەدەری بەخشیوە لەمێژووی ڕابوردو وئیستاشدا ئەوەش بەهۆی ڕەوشت ونەریت ودەست ودڵینانەوە بوە بۆنمونەش هەرقسەیەك ئێمە دەکەین دەربارەی کورد لەسەداسەد ڕاستە نمونەی میوانداریەکەی ئەبو جعفر المنصور دەهێنینەوە کە میوانداری پێشەوای مێژووی کوردی بەناوبانگ وناسراوکوردی کردبوو کەناسراوە بەئەبی موسلم الخوراسانی بەناوی میوانداریەوە بۆ بغداد بۆ کۆشکەکەی خۆی، کەچی ئەبو منصور غەدری لێکردو کوشتی لەکاتێکدا لەسەرهەمان جێگەی خەوی خۆیدا دانیشتبوو. لەساڵی 1937 تورکەکان سوێندیان بەشەرەف وبەگشت بەها پیرۆزەکان خوارد کەدەیانەوێت گفتوگۆ لەگەڵ پێشەوای بەناوبانگی کورد سید ڕەزای دەرسیمی بکەن ئەویش باوەڕی بەسوێندی تورکان کرد، کاتێ سید ڕەزا گەیشتە جێی بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ تورکەکان کەچی یەکسەر گرتیان

ولەسێدارەیاندا سید ڕەزا بەرلەسێدارەدانی وتی : (سوێندخواردنی تورکان بەشەرف وبەهاپرۆزەکان جگەلەوەی غەدرو خیانەت وناپاکی دوژومنایەتی بگەیێنێت هیچ شتێکی دیکە ناگەیێنێت) !
لەساڵی 1989 شدا نوێنەرانی ئێرانی بەناهەق وغەدر دکتۆر عبدالرحمن قاسملۆیان تیرۆرکرد پێشەوای پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی وهاڕێکانی بەمەرجێ لەمێزی گفتگۆشدابون، ئەویش لەپێناوی ئەوەی بگەنە چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆکێشەی کورد لەخۆرهەڵاتی کوردستان کەئێران زەوتیکردوە، ئەوەی باسکرا تەنها نمونەیەکی دیاریکراوبوو کە ئاماژە بەخەسڵەتی کورد دەکات لەڕووی ڕاستی وڕەوانی دەرونی کوردو سروشتی خووڕەوشتی باشی کەهەمیشە لێبوردوو وحەزی بەبرایتی وئاشتی بوە.
لەبەرامبەریشدا ئەونمونانە ئاستی ناپاکی ونەفس نزمی وناپیاوەتی ونامرۆڤانە دەردەخات کە دوژمنانی کوردو کوردستان وەك خەسڵەت هەیانە.

**جارێکی دیکە : ئیسلام وکورد**

هلال لەڕاپۆرتە سیخوڕی وهەواڵگریە ڕەگەزپەرستانەکەیدا باس لەعەشیرەتە کوردەکان وسەرۆکەکانیان دەکات لەڕۆژئاوای کوردستانا، بەڵام گەلەك مەخابن زۆر دوورە لەئوسوڵی نوسین وڕۆژنامەوانی باو کە لەسەرێکەوتون، چونکە شێوازێکی زۆر بێ ڕەوشتانە دەردەخات هەڵقوڵاوەی ڕەگەزپەرستیەکی نەخۆشی پڕ لەکینەو بوغزی کوێرانەیە دەرحەق بەکوردو کوردستان.
هلال کینەی لەدڵە بەرامبەر بەخێڵە کوردەکان وهاوڵاتیانی کورد بەشێوەیەکی گشتی چونکە خۆشەویستی خۆیان دەدەبڕن سەبارەت بەزمان وکوردستانی نیشتمانیان وسەرکردەو پارتە تێکۆشەرەکانیان، ئەوەش شتێکی سروشتیە خوڕسکیانەو مرۆڤانەیە مرۆڤ نەتەوەو نیشتمان وپیاوانی ئاینی وزانایان وسیاسەمەداران ونەتەوەیان خۆش بوێت، بەڵام کەسانی وەك هلال وئەو گرنگنانەش کە وەك ئەون ئەو خۆشەویستیە سروشتیە قەدەغەدەکەن، کەخۆڕسکی مرۆڤ دۆستانەیە دەرحەق بەکورد، ئەوبۆچونەش نایەتەوە یەك لەگەڵ گشت ئاینێك وعورف وشەرع ویاسایەکی مرۆڤایەتیدا.
لەڕاستیدا مەسەلەی عەرەب وتورك وفارس شتێکی زۆر سەیرو سەمەرەیە، ئایا دەگونجێت عەرەب وتورك وفارس وڵات ونیشتمانی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێت، بەڵام نەکرێت کۆمەڵێکی زۆری مرۆڤی وەك نەتەوەی کورد کەڕێژەیان دەگاتە (50) ملیۆن مرۆڤ نیشتمان وسەربەخۆییان نەبێت وبێ بەش بکرێن لەو ئازادیانە کە مافی خۆیانە وڕێژەشیان لەو نەتەوانە زیاترە ؟!
پاشان هلال باسی عەشیرەتی هەفیرکانی کوردو کورد دەکات بەشێوەیەکی گشتی ودەڵێت : (ئەوانە لەسەر ئاینی شەیتانن وپەیڕەوی مەزهەبی ئیبلیس کاردەکەن وهاریکاریدەکەن لەناوخۆیاندا تێشدەکۆشن لەپێناوی دامەزراندنی نێشتمانی کوردو ـ کوردستان).
دەبینین بەرپرسێکی گەورەی ئاسایشی عەرەب بەمشێوەیەو بەم وشە قێزەون وسکو بێرەوشت وهیچ وپوچانە بەکاردێنێت دەرحەق بەگەلی کورد، تەنها لەبەرئەوەی کورد دژی جەورو ستەمی داگیرکەری دەوەستێتەوە کە وەك مۆتەکەیەکی قورس خۆیداوە بەسەر سنگی کوردا ژیانی لێ هەراسان کردون.
پاشان هلال بەردەوام دەبێت لەوڕێنەکردنی وخۆی بڕیاردەدات گوایە دەیسەلمێنێت ئاین پتەونیە لەناو کوردا نمونەکەشی بەم شێوەیە : (مامۆستایەکی مێینە لەگوندێکی کوردەکان مامۆستایەتی کردوە منداڵانی فیری خوێندن کردوە ولەماڵێك ژیاوە، دراوسێیەکی ئافرەتی کوردی هەبوە بەدڵنیاییەوە نەخوێندەواربوە ـ ئەوئافرەتە منداڵێکی خوێندکاری هەبوە لای ئەومامۆستایە، ئافرەتەکە پرسیاری کردوە دەربارەی کوڕەکەی مامۆستاکەش وڵامیداوەتەوە خراپ نیە ئەگەرچی تۆزێك لاوازە لەوانەی ئاین دا بەتایبەت لەخوێندنەوەی قورئاندا، ئافرەتە کوردەکەی دراوسێی مامۆستاکە یەکسەر لەوڵامدا وتویەتی ئێمە هەقمان چیە بەسەرقورئانەوە، ئێمەی کورد دەتوانین دەست هەڵگرین لەئاین. لەکاتی مشتومڕەکانیاندا ئافرەتە کوردەکەی دراوسێی مامۆستاکە ڕەگەزپەرستی خۆی دەرخستوە لەمەڕ نەتەوەی کوردا. هلال دەڵێت ئەمەش ڕووداوێکە ئەگەر هەرمانایەکی هەبێت ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئاین هێچ بەهایەکی نیە لەنێو کوردا کەئێمە لەڕابوردودا پێمان وابوو خاڵی گرێدرەوەی هەردوو لامانە) کتێبی هلال.
پاشان هلال بۆچونی دیکەشی دەخاتەسەرو دەڵێت هیچ دەرەتانێکمان نیە جگە لەتێکدانی نەتەوەی کورد لەڕەگوڕیشەوە بەکورتی دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت : (ئەگەربێتوو هێچ بوارێك نەمێنێت بەشێوەیەك مەحاڵبێت کەنەکرێت ئەوەی ژەنگ لێداوە چاکی بکەینەوە ودەرفەتی ڕەفتاری مرۆڤانە نەبێت لەبەرئەوە هەستاین بەوکارانە پێشووتر تائەو بوارە چارەسەرو بنەبڕبکەین بەڵام جام لێی ڕژا چونکە هەموو هەوڵێکی چارەسەرانەو لەیەك گەشتن سەرینەگرت بۆیە هێچ چارەیەکمان

لەبەردەستا نەماوە جگە لەچارەسەرو ڕەفتاری بنەبڕانە نەبێت). لەبەرئەوانە هلال بۆچونی لەگەڵ فەلسەفەی ئەوشاعیرە عەرەبیەیە کەدەڵێت (ئێمەلەگەڵ بۆچونی ئەو شاعیرەین کەدەڵێت :
نەکەی کلکی ڕەمار ببڕێت وبەڕەڵایکەیت ـ ئەگەر مەردیت سەری لێبکەرەوە چونکە تاوانەکەی لەسەریایە).
ئەوە سەرگوزشتەیەی باسکراوە ئەگەر ڕاست ىیت ـ بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەهیچ نادات، دووریش نیە ئەوئافرەتە کوردە لەسەر حەق نەبوبێت وناحەقیشی نیە چی وتوە. چونکە گشت حوکومەتە عەرەبیەکان لەسوریاو عراق، تورکیاو ئێرانیشی بچێتەسەر شەڕ بەسەر کوردا دەسەپێنن وبەرپایدەکەن بەناوی ئیسلام ومەفهومی ئیسلامی وئاینیەوە کەبەهیچ شێوەیەك کەمتەرخەمیان نەکردوە لەلێدانی کورد بەگشت جۆرەکانی چەکی ئاینی ونەتەوەیی وسەربازی ڕۆشنبیری وئابوریش بەمەبەستی پاکتاوکردنی کوردو لەناوبردنیان بەشێوەیەکی سەرتاسەری هەروەك هلال خۆی وتویەتی.
ئەگەرچی حەق بەپیاوان و (ژنان) ناپێورێت وەك ئیمامی عەلی وتویەتی، بەڵکوو پێچەوانەکەی ڕاستیە، بەڵام بەردەوامبونی دراوسێ ئیسلامە داگیرکەرەکانی کورد لەعەرەب وتورك فارس وسوربونیان لەسەرزەوتکردنی بەشەکانی کوردستان وزەوتکردنی مافی کوردیش لەهەمانکاتدا، لەوانەیە لەکۆتاییدا ئەنجامی خراپ وستەماوی لێبکەوێتەوە، یاخود لەوانەیە پاڵ بەهەندێ کوردەوە بنێت ڕەتدانەوەیان هەبێت !
زیاتر لەسەدەیەکیشە ئاگادارمان کردونەتەوە لەبیرخۆیانی نەبەنەوە لەرێی چاوپێکەوتن و وتارو یادشتنامەوە کە بڵاومانکردۆتەوە. بۆزانیاری هەموو بەرپرسیاریەتیەکان بەگشت لایەنێکیەوە دەکەوێتە سەرشانی ئەوان بەتەواوی بەتایبەت حزب وبزوتنەوەکانیان وکەسایەتی ولیژنەکانیان وبنکەو کەسایەتیە ئیسلامەکانیان. ئەوانە هەرهەمویان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوە لەشێواندن وتێکدانی مەسەلەی کورد لەگشت لایەکیەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بێدەنگیان ولایەنگرتنی دەسەڵاتەکانیان سەبارەت بەداگیرکردنی بەشەکانی کوردستان وچی بەسەرکوردا ڕوودەدات لەستەم وکوشتوبڕی وووێرانکردنی بێ سنورو بێئەژمار.
بەگوێرەی بۆچونی ڕەگەزپەرستانەی هلال کوردی باش ئەوکوردەیە کەدەست هەڵدەگرێت لەمافی نەتەوەیی ونیشتمانی، سیاسی مرۆڤایەتی خۆی. لەم حاڵەتەداو بەم شێوەو بەم پێورەبێت کورد دەبێت بەباش بە بەئاین بەڵام ئەگەربێتوو کورد خەبات بکات وتێبکۆشێت لەپێناوی بەدەست هێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانی لەمافی نەتەوەیی ونێستمانی زەوتکراوی ئەوا ئەوسا دەبێتەوە بەخراپ ولەئاین دەرچوەو ئیتر هەرسیفەتێك وزاراوەیەکی دیکەیان بوێیت بیلکێنن بەکوردەوە ئاوادەبێت وەك خۆیان دەیانەوێت،هەروەها هلال وئەوانەی وەك هلالن وایدادەنێن ئیسلام بەرهەمێکی نەتەوەیی عەرەبیە کەزۆر بەڕاشکاوانە لەم ڕووەوە دەڵێت : (ئاین جگەلەوەی هەنگاوێك لەهەنگاوەکانی گەشەکردنی فیکری عەربی بێت لەسەردەمی کرانەوەیدا کەپیامی ئاینیان خستەڕوو لەبەرئەوە بەرهەمێکی عەرەبە پێویستیش ناکات بوەستین خۆمان سەرسام بکەین وئیعجابی خۆمانی بۆ دەربڕین وهیچ نەکەین، بەڵکوو پێویستە لەسەرمان پەیامی عەرەبی نوێ بکەینەوە بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ ڕەوڕەوەو چوارچێوەی مێژوییماندا).
ئەوەی هلال باسی کردوە وڕێنەیەکی ڕەهاو نەفامیە بەسەریسلام ومێژودا بازدەدات پێغەمبەری مەزن وڕێ نماییە پیرۆزەکانی وکتێبە پیرۆزو داناکەیەوە چەسپاندوە، ئەوەی شارەزای لەئیسلامدا هەبێت باش دەزانێت کەئیسلام ئاینێکی ئاسمانیە وەك گشت ئاینە ئاسمانیەکانی دیکەی وەك جولەکە ونصرانی ومەجوسی وزەردەشتی وصائبە.
ئاینەکانی دواییش ئاینی ئاسمانین بەدان پیانانی ئیسلام کە لەقورئانی پیرۆزو سنەی نەبەوی پاك وبێگەردا هاتوە، هەروەها دەربارەی ئاسمانی بونی ئاینی ئیسلام وخوایەتی وبێ بەریبونی لەعەقڵی مرۆڤ قورئانی پیرۆز دەفرمێت : (ئاین لەلای خوا ئیسلامە ـ ان الدين عند اللّه الاسلام ـ) آل عمران 19، و : (ئێمە کتێبمان بەڕەوایەتی بۆ تۆ هەناردەکرد تاوەکو فەرمان ڕەوایەتی لەناو مرۆڤەکاندا بەرقەراربکەیت ـ إنا انزلنا اليك الكتاب بالحق لتحكم بين الناس ـ) النساء 105، و: (ئەم کتێبەمان پیرۆزکردوە شوێنی بکەون پەیڕەوی بکەن ـ وهذا الكتاب انزلناه مبارك فاتبعوه ـ) و : (ئێمە قورئانمان بەعەرەبی هەناردەکردوە بۆئەوەی ژیربن وهەستی پێبکەن ـ انا انزلناه قرآنا عربيا لعلكم تعقلون ـ) يوسف 2.

لەئایەتێکی قورئانی دیکەدا قورئان دان بە نەخوێندەواری پێغەمبەری بەخشندە دەنێت ونەگێڕانەوەشی (یاخود نەخوێندنەوەی) کتێب ونوسینەکانی بەرلەدابەزینی قورئان دەڵێت : (بەرلەوە تواناى نەبوو کتێب بخوێنێتەوە هەروەها توناشی نەبوە بەڕاستەی خۆی بنوسیت کەوابوو گەروانەبوایەردرۆزنان گومانیان دەکرد.) العنكبوت 48.
ئەم بابەتە لەهەستیارترین بابەت وگرژترین ونارەحەترین بابەتیانە سەبارەت بەپێغەمبەری بەخشندە محمد (ص) کە بانگەوازی پایەبەرزانی قورەیش وستەمکارانی بیست داوایان لێکردبوو ئیسلام بکرێت بەپەیامێکی نەتەوەیی عەرەب ئەگەر پێغەمبەر گوێڕایەڵیان بوایە ئەوا ئەمانیش گوێڕایەڵیان بێت ئەوانیش باوەڕپێدەهێنن، هەروەها دەشیکەن بەمەلیك بەسەر خۆیانەوە ! پێغەمبەر (د. خ) داخوازی قورەیشەکانی ڕەتکردەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆئەوەی هیچ بوارێك نەمێنێت باس لەوبابەتە بکرێت بەشێوەیەکی کۆتایی هێنەر ئاگاداری کردنەوە سوێندی بەخوای گەورەو گران خواردبۆیان فەرموی ئەگەربێتوو ڕۆژ بخەنە سەر لەپی دەستی ڕاستم ومانگیش لەسەر لەپی دەستی چەپم دانێن دەست

لەم پەیامەم هەڵناگرم (واتە پەیامی مرۆڤایەتی ئیسلامی جیهانی) تاوەکوو خوا بۆخۆی ئاشکرایدەکات، یان ئامەدەیە لەپێناویدا گیان وڕۆحی خۆی ببەخشێت ونەمێنێت !
پاشان هلال باسی ئاین کردوە لەنێو کوردا گوایە (بۆتە کراسەکەی عوسمان وبۆتە پەرژین وپارێزەرە. یاخود بۆتە پارێزەرێك بۆ ئەوانەی پلانیان دارشت وناپاکیانکرد بەتایبەت لەجزیرە، بەجۆرێك چیتر نەتوانین بەئاین بڵێین، ئاین بەواتای ڕاستی خۆی بەشێوەیەکی تایبەتیش لەنێو کوردا، زۆرینەی ڕێبازی سۆیەتە کەبڵاوبۆتەوە لەوڕێبازانەش ڕێبازی نەقشەبەندی شاذلی وقادری ئاین نیە.. هتد).
پاشان بەردەوام دەبێت : (هەر ڕێبازەو زاناو ڕۆشنکەرەوەی تایبەتی خۆی هەیە وەك بڵێت هەریەکە لەوڕێبازانە قوتابخانەیەکی سەربەخۆیە لەچاو ئەوانی دیکە، ئێمە خۆمان باشدەزانین ئەوەکاری میلی گەراییە کە ئەوڕێبازانەیان دروستکردوە وخزێنراوەتە ناو ئیسلامەوەو لەپشتی ئەو ڕێبازەوە خۆیان حەشارداوە تاوەکوو لەنەتەوەی عەرەب بدەن.
ئەوەشی لەسەربێت زانایانی ئاینی کورد کەخۆی لەخۆیدا زۆرینەی ئەو زانایانە لەجزیرە کوردن، تەنانەتە ناشتوان بەزمانی عەرەبی پاراو بخوێننەوە. ئەم هەموو خاڵانە بیری قسەی والیەك لەوالیەکانی ئەمەویەکانمان بیردێنێتەوە هلالیش پشتی پێدەبەستێت :

اری خلل الرماد وميض نار * ويوشك ان يكون لها ضراما

هتد.. ئەم واتایە بیری ئارەزوە ئاینیەکانمان دێنێتەوە کە لەماوەیەکی دیاریکراودا زاڵ ببوو بەسەرعەرەبدا بەناوی ئاینەوە لەکاتی لاوازیاندا ئەمڕۆ ئێمە لەم سەردەمەدا دەژین هەردەڵێت لەسەردمی داخزان وگەندەڵیدا دەژین.
ئێمر چەندجار باسمانکردوە کەکورد بەهیچ شێوەیەك ئیسلامی پاوان نەکردوە، بەڵکوو پێچەوانەکەی ڕاستیەکەیە، ئەوانە عەرەب وتورك وفارس بون... ئەوە ئەو نەتەوانەبون بەناشیرین ترین شێوە ئیسلامیان بەکارهێناو پاوانکرد، تەنانەت ئەوان ئیسلامیان بەکارهێنا وەك چەکێك هێشتا هەربەردەوامیشن لەسەر تەنها لەپێناوی ئەوەی لەکوردی پێبدەن ودژایەتی بکەن ! ئەوڕیبازە سۆفیانەیان تەنها لەناو کوردا شەتەك نەداوە، بەڵکوو زیاتر لەوڵاتانی عەرەبدا بڵاوبۆتەوە وەك ڕیبازی قادری وشاذلی ومهدی وخەتمی ڕێبازی دیکەش. بۆ ڕاستکردنەوەی زانیاریە هەڵەکانی هلال ڕێبازی شاذلی لەکوردستانا بڵاونەبۆتەوە، ئەو ڕێبازە سۆفیانەی زیاتر لەکوردستانا بڵاەوە دوو ڕێبازی نەقشبەندی وقادریە.
ئەومیلگەرایی ورەگەزپەرستیەی هلال باسیدەکات تاوانێکی ڕەش ونەگریسەو ستەمەکارانەیە دەوڵەتی ئەمەوی وعەباسیەکان داینهێناوە بۆ دژایەتی کردنێ گەلانی ناعەرەب، هەروەها تەنها گەلانی ناعەرەب ڕێبازی سۆفیان دانەهێناوە، بەڵکوو قوتبە عەرەبیەکانیش ئەوڕێبازە سۆفیانەیان دروستکردوە وەك شاذلی ومهدیە وختمیەو ڕێبازی دیکەش. ئەوڕیبازە سۆفیانەی لەکوردستانا بڵاوە، یان ڕێبازەکانی وڵاتە ناعەرەبیەکانی دیکە ئاراستە نەکراوەتە دژی (عەرەب) یاخود (بۆ لێدانی نەتەوەی عەرەب بوبێت) هەرگیزنا، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕێبازە سۆفیە کوردیەکان ـ ئەگەربێتوو دەربڕێنەکەمان ڕاست بێت ـ عەرەبیان خۆش ویستوەو ئێستاش هەرعەرەب وزمانی عەرەبیان خۆشدەوێت ولەڕێزوخۆشەویستی وحورمەت بەولاوە شتێکی دیکەیان نیە دەرحەق بەعەرەب، ئەویش بەهۆی ڕێزو حورمەتیان بۆ ئیسلام وقورئانی پیرۆز پێغەمبەری مەزن محمد (د. خ).
لەنێو کوردی ڕۆژئاوای کوردستانی داگیرکراو لەلایەن سوریاوە زاناو فەقێیانی زۆر بەناوبانگ وپایەبەرزو کارمەیان تیاهەڵکوتوە خزمەتێکی مەزن وبەرچاویان پێشکەش کردوە لەبواری زانستی ومەعرفیەوە بۆ ئیسلام وعەرەبیش بەتایبەتی، لەوانەش زانای بەناوبانگ وبەهرەمەند محمد کورد علي سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی ڕابوردوی کۆنی دیمشق وزانا خيرالدين الزرگلي خاوەنی ئیسکلۆپیدیای بەناوبانگ هەروەها دکتۆر محمد سعيد رمضان البوطي عەمیدی کولیژی شەریعە لەزانکۆی دمشق وشێخ احمد کفتاروموفتی سوریا ودکتۆر محمد صاڵح مصطفی وزانایانی زۆری دیکەش، ئایا ئەوانە، ئەوەن تەنانەت نەتوان بەزمانی عەرەبی پاراو بپەیڤن، بەڕێز هلال وایە بەڕاستی ؟ یاخود بوغزوکینە بەرچاوی ڕەش ونابینا کردویت وڕێگرە لەوەی ڕاستیەکان بڵێیت وئاشکرابکەیت ؟!
پاشان هلال ئاماژە بەدوو بەیتی شێعری یەکێك لەوالی ئەمەویەکاندەکات دەربارەی دەسیسەی میلگەرایی ڕەگەزپەرستی لەدژی عەرەب، ڕاستیەکەی تەواو بەپێچەوانەی قسەکەی خۆیەتی چونکە ئاماژە بە والیەکی ئەمەویەکان دەکات، دوانیانی لێدەرچێت هەمویان بەفەرسەخ لەئیسلام وپەیڕەو ویەکسانی نەریتی ئیسلامی پیرۆزەوە بەدورن هلال تێکی لێچوە نەك لێی تێکچوبێت ـ وەرگێر ـ.
هەر قوڕەیشی عەرەب بوو لایەنێکی دیکە نەبوو کەدەسەڵاتی ڕاشدی لەناوبردو علي ئیمامی چوارەمی ڕاشدیەکانیان تیرۆرکرد لەساڵی 660 زاینی، پاشان دەوڵەتی ئەمەوی عەرەب دامەزراند ئەو ئیمامەی لەزانستا کەسێکی دیکەی وەك مێژوو بەخۆیەوە نەدی .

ئەوەبوو خەلیفەکانی بنو ئومیە گەلێك زیاڕەویانکرد لەزوڵم وزۆر وستەم ودابڵۆسین وکوشتوبڕی وگەندەڵی لەهەموو ڕوویەکەوە لەداوێنپیسیەکی ئێجگار شێتانەشدا نوقوم ببون . هەرئەوانیش بون وەچەی پێغەمبەری بەخشندەی ئیسلامیان تیرۆرکرد (د. خ)، تەنانەت ڕێزێکیان دانەنا بۆ پێغەمبەرەکەیان وهیچ ڕەوشتێکیشان نەپاراست. هەرئەوانیش بون کەیارانی پێغەمبەری خوایان کوشت (د. خ) وکەعبەی شەریفیان سوتاند بەمەنجەنیق شاری مەدینەی منەورەیان تاڵانکردو سێ شەو وسێ ڕۆژ خوێنڕێژیان کردو پارەوپولیان دزی وتاڵان وتڕۆکرد بەجارێك. لەوانەشە ئەوهەموو کرداره ناشیرنەو ئەوتاوان وناپاکی تیرۆرەیان لەبەر تۆڵەو قین کردبێت کە ئیسلام سەرکەوت بەسەر سوڵتانی چاوچنۆکی قوڕەیشدا بەسەرکردایەتی پێغەمبەری خوا (د. خ) هەرلەبەر ئەوەشبوو کاتێ سەری حسینی کوڕی علي کچەزای پێغەمبەرو ڕەیحانەکەیان هێنا بۆ یەزید لەخۆشیانا شاگەشکەبوو دڵی کرایەوەو وتی :

کوردیەکەی

برایا پیران بەدرم ئاگایا لێ بوایە - خەزرەج چۆن گیانە هاربون بەزەبری شمێشیر

کەتێ ئەوان باسیان لەبەرەکەتی خۆیان دەکرد -

عەرەبیەکەی

(لیت اشیاخی ببدر شهدوا - جزع الخزرج من وقع الاسل

حین حکت بقباء برکها - واستمر القتل في عيد الاشل )

دیقەتی الأخبار الطوال مێژوو نوسی الدیوري بدە، لاپەڕە 267.

پاشان عبدالولیدی کوڕی عبدالملك ئەم ئایەتەی خوێندەوە : (واستفتحوا وخاب کل جبار وعنید ..) پاشان توڕەبوو وداوایکرد قورئانێکی پیرۆزی بۆ بهێنن وکردی بەنیشانەی تیرهاویشتن ولەوکاتەدا دەیوت :

کەردیەکەی..

(هەرەشە لەهەموو مەزنێکی دەمارگەرم دەکەیت

فەرموو ئەوە منم ئەو دەمارگەرمە مەزنە

گەر لەڕۆژی مەحشەرا چویتە بەردەم یەزدانەکەت

پێی بڵێ خوایە وەلید کون کونی کردم)

عەرەبیەکەی.

(اتوعد کل جبار عنید - فها أنا ذاك جبار عنید

اذا ماجئت ربك یوم حشر - فقل یاربي خرقني الولید)

هەرئەویش بووکە وتی :

کوردیەکەی.

(هاشمی گەمەی بەخەلافەت کرد - بێ ئەوەی نەوەحی بۆبێت ونەکتێب یش

بێی بڵێ خۆراکم لێببڕێت - پێشی بڵێ خواردنەوەم لێ ببڕێت)

عەرەبیەکەی.

(لعب بالخلافة هاشمي - بلا وحي اتاه وکتاب

فقل لله یمنعني طعامي - وقل لله یمنعني شرابي)

دیقەتی کتێبی مروج الذهب ی مێژونوس المسعودي بدە، بەرگی 3 لاپەڕە 228 - 229، وکتێبی الکامل في التأریخ ی لابن الاثیر الجزري وتأریخ الطبري للطبري وچەندانی دیکەش.

خەلیفەکانی بني ئومیە ئائەوەیان لەدەست هات بیکەن، هەرچی خەلیفەکانی بنو عباس کردیان بەبێ هیچ شورییەك خەلیفەکانیان جەورو ستەمیان نواند خوێنیان ڕشت وگەندەڵی بێ ئابڕویی نەما نەکەین لەشیتی خۆیاندا. ئنجا ئێمە دەپرسین ئایا ئەو عەرەبانەی باسکران هۆکارو مقاشی تێکدەری داروخان ومالۆێرانی نەبون بۆ ئیسلام وجەستەی ئومەتی ئیسلام ؟!

هلال باس لەڕێکخستنە سیاسیە حزبیەکانی کورد دەکات لەڕۆژئاوای کوردستان، بەشێوەیەکی خۆڕسکی خۆی کەعادەتی وایە تاوانباریان دەکات بەهاریکاری ئیستعمار بۆدژایەتی کردنی نەتەوەی عەرەب، سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕێکخستنە سیاسیە کوردیانە ئێستاش ولەڕابوردوشدا هەمیشە دروشمی (برایەتی کوردو - عەرەبیان) بەرزکردۆتەوە، بەڵام لەسەربنەمای ڕەوایەتی ویەکسانی دادوەریەتی، یاخود هەر نەتەوەیەك مافی خۆیەتی چارەنوسی سیاسی خۆی دەستنیشان بکات.

هەروەها هلال چەندین بەیان وبڵاوکراوەی سیاسی ڕێکخستنە حزبیەکانی کورد دەهێنێتەوە وەك نمونە، تەنانەت نکوڵیدەکات لەوەی کەنابێت ڕێکخستنە کوردیەکان بەرەنگاری لەخۆیانبکەن وخەباتبکەن بۆبەدەستهێنانی مافی خوراو وزەوتکراوی گەلەکەیان ئەوەش جۆرێکە لەنەگریسی وڕەش بینی وبەغالەتی ڕەگەزپەرستێکی وەك هلال، کاتێکیش هلال باس لەعەشرەتە عەرەبەکانی سوریا دەکات دان بەوەدا دەنێت کە لەیەمەن وحجازو (مەملەکەتی عەرەبیسعودیەوە هاتون).

هەروەها هلال باس لەرێکخستنە ئاینیەکانی سوریا دەکات بەشێوەیەك زۆر دوورە لەڕەوشت وشێوازی ئەدەب وبەدوورە لەویستی نوسین. لەگەڵ چەند نویکاری تازەشی خستۆتەسەر سەبارەت بەکەمە نەتەوایەتیە کوردستانیەکان وەك کلدان ـ ئاشورو ئەرمەن وجولەکە.

لەڕاپۆرتە سیخوریە ڕەگەزپەرستانەکەیدا هلال باس لەکۆمەڵێك پێشنیاردەکات بۆحوکومەتی سوریا، بۆ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع جێ بەجێ بکرێت بۆ دژایەتی کردنی کورد لەڕۆژئاوای کوردستانا، سەرجەمی ڕاپۆرتەکانیشی ڕەگەزپەرستانەیە وەك تەعریب وقەڵاچۆکردن وڕاگوێزانی زۆرەملێ وقەدەغەکردنی زمانی کوردی وشتی دیکە کەتەنها لەهەناوی ئیستعمارەوە دەردەچێت سیفەتێکی ئیستعماریشە !

سەرجەمی پرۆسەی جەنگ وشەڕو هەوڵدانی ئیستعماریانە بوو حوکومەتانی سوری وعراقی سەپاندیان بەسەر ڕۆژئاواو باشوردا لەدژی کورد وهەرچیەکیانکرد سەرینەگرت وسەرکەوتو نەبون. باشترین بەڵگەش بۆ قسەکانمان ڕوخانی ڕژێمی بەعسی عراقیە کە لە 9 / 4 / 2003 دا ڕوخێنرا. ئەوەتا دەبینین عراق نوقمی ئاژاوەگێری وبێ یاسایی وبەدبەختی بوە. ئەگەر بهاتایەو ڕژێمی بەعسی ئیستعماری عراقی لەناوچوو کەمێك حکەمت وژیری دووربینبوایە هەبوایە دوای ئەوی بەسەریهات وکەوتە زوڵکاوی سوکایەتیەوە بەناخای زەویدا ڕیچوو بەسەریانەدەهات، ئەوەش هەموی بەهۆی کەلەڕەقی وقیرسچمەیی وخۆبەزل زانینی حوکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عراقیەوە بوە، بەتایبەت دوا ڕژێمی ڕوخاو گەر دانی بنایە بەگشت مافی نەتەوەیی ونیشتمانی کوردا بەرلەهەموو مافێکیش مافی چارەی خۆنوسین.

پێدەچێت ڕژێمی بەعسی سوریش بەسەرکردایەتی بەشار الأسد هیچ وانەیەك لەمێژوو وەرنەگرێت، ناشیەوێت ڕاستیەکان قبوڵ بکات، هەربۆیە ڕژێمی بەعسی سوری بەردەوامە لەسەر ڕەوتی ڕەگەزپەرستی وئیستعماری خۆی لەبەربەرەکانی کردنی گەلی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان، چونکە پێیوایە بەکوشتوبڕی وستەمکاری وتەعریب دەتوانێت چۆك بەکورد بدات، بەڵام وای لەکورد ئەگەربێتو بوستێت لەخەبات وتێکۆشانی خۆی لەپێناوی بەدەستهێنانی گشت مافە سایسی مرۆییە زەوتکراوەکانی، بەڵکوو سورە لەسەرخەبات لەدژی داگیرکەرانی کوردسستان تاکۆتای گرنگ نیە چەند دەخایێنێت ودرێژە دەکێشێت. چونکە سەرکەوتن وئازاد کردنی کوردستان لەدەست داگیرکەری عەرەبی (عراق وسوریا) وتورکیاو ئێران بەئیزنی یەزدانی گەورە لەداهاتویەکی نزیکدایە، ومژدەی خێرو خۆشی ئاشکرایە بەئاسۆی گەشی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆوە لەدواڕۆژێکی نزیکدا.

**شێخ عمر غريب**

## بانگەواز دەربارەی
## کوشتاری خوێناوی لەقامیشلو

دوێنێ لەشاری قامیشلوی کوردنشین لەڕۆژئاوای کوردستانی داگیرکراو لەلایەن سوریاوە یاریەکی تۆپێ دەستپێکرد لەنێوان تیپی جیهاد کوردی و (خانەخوێ) وتیپی الفتوة عەرەبی (میوان) دا.

بەڵام بەهۆی بەڕێوەچونی ڕوداوەکان وگوتەی چاودێران پێدەچێت تیپی فتوەی عەرەبی بەخۆی وکۆمەڵێکی زۆرگەورەی لایانگری عەرەبەوە کەپێشوەخت خۆیان بۆئامادەکردوە بەشێوەیەکی تەواو بۆئەوەی هێرش بکەنە سەرکوردی بێ چەك لەیانەیەکی ورزشیدا !

هەربۆیە سەرەتا هەستاون بەوروژاندنی کوردو تێربەرجنێویان داون وسوکایەتیان پێکردون ، لەگەڵ هاوارکردن بەدروشمی ڕەگەزپەرستانەی سەخت ودژوار لەدژی کوردو کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا دروشمێکان بەرزکردبۆوە بەناوی صدام حسینی خوێنڕێژو وتاوانباری سەرۆکی عراقی لەناوچوو.

بەوەش وازیان نەهێناوە، بەڵکوو بەپشتیوانی هێزێکی تەواوی هێزی پۆلیسی سوریا هێرش دەکەنە سەرکوردەکان ئەوانیش بەڕۆڵی خۆیان دەستیانکردوە بەتەقەکردن دەستڕێژیان کردوە بەناوکوردە تەماشاکەران، لەئەنجامدا یاریەکە هەڵگەڕایەوە بۆکارەساتێکی دڵتەزێن وجۆگەلەی خوێن دروست بوو (22) هاوڵاتی کوردی تیاشەهیدکراو دەیان کەسیش

بریندار بون ژماره‌یه‌کی زۆریشیان منداڵ بون. به‌مه‌ش حوکومه‌تی سوری ئیستعماری لاپه‌ڕه‌یه‌کی ڕه‌شی تری تۆمارکردو خستیه سه‌ر لاپه‌ڕه ڕه‌ش وڕه‌گه‌زپه‌ستیه کۆلۆنیالی یه‌کانی خۆی ده‌رحه‌ق به‌گه‌لی کورد له‌ڕۆژئاوای نیشتمانه ماف خوراوه‌که‌ی دا.

به‌وپێیه ئێمه زۆربه‌توندی ناڕه‌زای خۆمان ده‌رده‌بڕین وزۆر به‌توڕه‌ییشه‌وه ئه‌وده‌سته چه‌په‌ڵه تاوانبارده‌که‌ین که‌هه‌ساون به‌کوشتوبڕی وخوێن ڕشتنێکی زۆر له‌قامیشلودا ئه‌وتاوانه‌ش هێزه‌کانی حوکومه‌تی سوریا ئه‌نجامی داوه، هه‌رئه‌وێش ته‌واوی به‌رپرسایه‌تی ده‌که‌وێته ئه‌ستۆ. له‌هه‌مانکاتدا داوا له‌کۆمه‌ڵگای ده‌وڵه‌تیده‌که‌ین له‌پێش هه‌موشیانه‌وه ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتوه‌کان بۆئه‌وه‌ی به‌زوته‌ین کات هه‌نگاوبنێن بۆپاراستنی گه‌لی کورد له‌ڕۆژئاوای کوردستان وهه‌وڵیش بدرێت بخرێته ژێرچاودێری ڕاسته‌وخۆی ده‌وڵه‌تیه‌وه، هه‌روه‌ها کوردی باکورو باشوری کوردستانیش که‌ئێران وتورکیا داگیریانکردوه. هۆکاره‌کانیش ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆئه‌وه‌ی حوکومه‌تانی سوریاو تورکیا ئێرانی داگیرکه‌ری به‌شه‌کانی کوردستان نیشانه‌ی ده‌ست پێشخه‌ریان لێده‌رکه‌وتوه سه‌باره‌ت به‌خراپه‌کاری وئه‌گه‌ری هه‌یه تاوانی گه‌وره‌و کوشتوبڕیه‌کی سه‌رتاسه‌ری بکه‌ن له‌دژی جه‌ماوه‌ری گه‌لی کورد، چونکه هه‌ست به‌که‌شێکی ئێجگار ترسناك ده‌که‌ین که‌جێی مه‌ترسیه بۆگه‌لی کورد!!

هه‌روه‌ها له‌م ڕووه‌شه‌وه داواله‌ڕێکخراوه نیشتمانیه کورده‌کان ده‌که‌ین له‌پێش هه‌مویانه‌وه پارتی دیموکراتی کوردستانی به‌سه‌رۆکایه‌تی مه‌سعود به‌رزانی ویه‌کیه‌تی نیشتمانی کوردستان به‌سه‌رکردایه‌تی مامۆستا مام جلال طالبانی وکۆنگره‌ی نه‌ته‌وه‌یی کوردستانی به‌سه‌رکردایه‌تی مامۆستا جواد ملا به‌خێرایی کاربکه‌ن وتێبکۆشن زۆر به‌په‌له له‌سه‌رئاستی ده‌وڵه‌تی، له‌پێناوی به‌ده‌ستهێنانی پاراستنی ڕاسته‌وخۆی ده‌وڵه‌تی بۆگه‌لی کورد له‌گشت به‌شه‌کانی نیشتماندا چونکه مه‌ترسیه‌کان چاوڕێی هه‌ڕه‌شه‌ی گه‌وری لێده‌کرێت وله‌سه‌ره، له‌لایه‌ن سوریاو ئێران وتورکیای داگیرکه‌رانه‌وه.

عه‌ره‌ب پێویست بوو له‌سه‌ریان به‌رله نیو سه‌ده‌وه لاینگری وپشتیوانی مه‌سه‌له‌ی کوردیان بکردایه، نه‌ك هه‌رئه‌وه به‌ڵکوو ده‌بوایه پشتیوانی وهاریکاری کوردیان بکردایه بۆدروستکردنی ده‌وڵه‌تێکی نه‌ته‌وه‌ی بۆکورد هه‌روه‌ك ڕوناك بیری عه‌ره‌بی میسری دکتۆر فهمی الشناوی وتی، هه‌روه‌ها وه‌ك ئه‌وی سه‌رۆك معمر قه‌زافی وتی که‌چی له‌بری ئه‌م هه‌مووشتانه دژی بجووکترین مافی نه‌ته‌وه‌ی کورد ده‌وه‌ستنه‌وه که فیدرالیه‌ته بۆ کورد، مه‌خابن نه‌یانتوانی سود له‌وانه‌ی به به‌های مێژوو وه‌رگرن ـ له فه‌لسه‌فه‌ی قوڵی مێژوییش، هه‌ربۆیه ده‌بینین بارودۆخی ئێستای عه‌ره‌ب به‌غیلیان پێنابرێت یه‌زدانیش هه‌را له‌خۆڕا سته‌م له‌ڕه‌به‌نی خۆی ناکات.

**شێخ عمر غریب**

2004 / 3 / 13

**نامەی دكتۆر أحمد رسول**

برای بەرێزم كاك جواد ملا، سڵاو وخۆشویستی.

كتێبە بەنرخە پڕبەهاكەتم بەدەست گەشت بەخۆی وناوەرۆكی كاسایەتی ومێژوویی وبەڵگەییەوە كەپەیوەستە بەهەڵوێستی ئەمەریكاوە لەڕۆژگاری شۆڕشی پێشەوای مەزن مەلامصطفی بەرزانی شەهیدی كوردو كوردستان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت ئاماژە بەخاڵێكی گرنگ بدەم ئەویش وریایی وبێ لایەنیە لەكاتی شیكردنەوەو ڕەخنەگرتنی هەڵویستە سیاسیەكاندا لەپێناوی ئەوەی ببینە نمونە بۆخەڵكانی دیكە، لەبەرئەوەی ئێمە هاوڕاین لەگەڵ دروشمی نەتەوەیی ویەكیەتی سەبارەت بەبونیاتنانی گەلی كورد هاوكات لەگەڵ دروشمی یەكگرتنەوەی جوگرافیای كوردستانیش. تۆماركردن وبڵاوكردنەوەی كتێب بەتایبەتی ئەو كتێبانەی پەیوەستە بەكاروباری كوردستانەوە وهەروەها بەرپرسایەتیەكی نیشتمانی وئەمانەتێكە بەگەردنی ئەونوسەرانەوە لەوانەشە ڕۆژێك بێت گەلی كورد لەپاشە ڕۆژدا بەسزای گەل ونیشتمان یانبگەێنێت. ئەوبارودۆخە سەخت ودژواراوی ئاڵۆزەی بەسەرنەتەوەی كوردماندا تێدەپەڕێت فەرزیدەكات بەسەرمانا لەئاست یەكتری دڵی خۆمان بێگەرد بكەینەوە لەگرژی وزوێری لەبری ئەوانە خۆشەویستی وزایاتر لەیەك نزیكبینەوە لەڕووی بیروبۆچونمان بەرۆحێكی دیموكراسیانە لەپێناوی ئەوەی بتوانین ناكۆكی وجیاوازی حزبیانە كەلەئارادایە بۆكۆكردنەوەی تەواوی سەركردەكانی كورد لەپێناوی پاراستنی دواڕۆژی نەتەوەكەمان. ئەو بارودۆخە مێژوییەی ئێستا تێپەڕدەكات بەسەرناوچەی كوردو كوردستانا هەمان بارودۆخە كەتێپەڕیكرد بەسەرگەلەكەماندا لەجەنگی جیهانی یەكەمدا لەبواری كۆمەڵایەتی وئابوری وسیاسیش. ئەوكۆنگرەو هاوپەیمانیەتیە دەوڵەتیانەی لەكاتی دابەشكردنی كوردستان وناوچەكە رویانداو هاتنەكایەوە وكۆتایی پێهات بەبی ئەوەی هێزە رزگاری خوازەكانی گەلی كوردمان نوێنەرایەتی تیابكات وبەشداربێت بێجگە لەچەند كەسایەتیەكی كورد بەڵام بەبی ئەوەی هیچ پشتیوانیەكی سیاسیان هەبێت لەناوەوەی كوردستانەوە تاوەكوو بتوانن كاربكەنە سەرئەو كۆنگرانەو بگەنە ئەنجامێكی ئەرێنی وبە بەرژەوەندی مەسەلەی گەلی كورد بشكێتەوە. ئەوكەسایەتیە نیشتمان پەروەرانە نەیانتوانی كاربكەنە سەر ڕەوتی ڕێكوتننامەكان ودەستكەوتیكی سەقامگیر بەدەست بهێنن بۆگەلی كوردو ئەنجامەكەشی سەرینەگرت وفەشەلی هێنا. ئێستاش بەهۆی ناكۆكی و ویستی حزبایەتی وسەركردەكانیان و بەهۆی زاڵبونی ڕۆحی عەشایەری باوبەسەر ئەورێكخراوانەدا وبیرتەسكی حزبایەتیش وبڵاوبونەوەو زاڵبونی خۆپەرستی وهەستی هەرێمچیەتی خنكێنەر لەبری هەستی نەتەوایەتی بیركردنەوەی نیشتامانیانەی سەرتاسەری هەروەها بەهۆی سەركردایەتیەكی زۆری ناسەركردەوە (داوای لێبوردن دەكەم چونكە ئازارو خەمێكی ئێجگار زۆر زاڵ بوو بەسەر هەست ومێشكما) كە نەیانتوانیوە تائێستاش دەرفەت لەوبارۆدخە وەرگرن كەڕەتبوەو تێپەڕیكردوە بەسەرخۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو سودوەرگرن لەتەكەتولاتی دەوڵەتی ئیتر ئەمریكی بێت یاخود ئەورووپی یاخود ئەو ڕوداوانەی بەسەرخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات یان هەرێمی تاوەكووە داواكانی گەلە چەوساوەكەمان بەدەستبهێنن لەدوای لەناوچونی ڕژێمی فاشی لەعراق وترسی ڕژێمەكانی دیكە لەوەی چارەنوسیان بەرسەربچێت.

هەروها لەوێ ڕێكەوتنی دەولەتی دەكرێت لەناوچەكەدا ئیتر سایسی بێت یاخود ئابوری یان سەربازی بێت بەبی ئەوەی سەركردەی حزبە كوردیەكان لەسەرئاستی كوردستان، بەوكارەش جارێكی دیكە ڕۆڵی خۆیان دەدۆڕێنن لەشەڕی ناوچەییدا وگۆڕانكاری ڕوداوەكانیشی بەوپێیەی ڕۆڵی خۆیان لەدەستدەدەن لەلایەن دەوڵەتە گەورەكانەوە لەناوچەكەدا بە بەرژەوەندی كوردستان. هەرچی چاوپێكەوتن وكۆنگرەوە ومشتومڕێك لەناوچەكەدا ڕوودەدات لەنێوان سیاسەتمەدارانی ئەودەوڵەتانەوە بەهیچ شێوەیەك باس لەبارودۆخی سیاسی كوردناكات كەسیش هیچ نابیستێت لەكەناڵە ئاسمانیە عەرەبی وغەیرە عەرەبیەكانیشەوە كەهیچ جۆرە گفتوگۆیەكی ئەرێنی بخەنەڕوو وباسیبكەن دەربارەی باردۆخی گەلی كورد. ئێمە ئێستا ونبوین لەنێو شەپۆلەكانی دەریای وڕژێنراو گڕكانی سوتێنەری ناوچەكەدا هۆكاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆبێتوانایی وناكارامەیی سەركردەی حزبە كوردیەكان لەناو ئەو شەڕانەدا هەروەها جیهانیش وڕژاوەو هەڵچوە بەعەقڵیەتێكی نیشتمان پەروەرانەی پڕاوپڕی نوێ. چاكتروایە گەلی كورد خۆی خۆی ڕزگاربكات لەدەست ئەوحزبە عەشایەرە ئینتهازیانە تاوەكوو بتوانن خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاریبكەن. من پێموایە كە ولایەتە یەكگرتوەكان بەڕاستی نیە

لەمەسەلەی چارسەرکردنی کێشەی کوردا لەبەرئەوەی ئیدارەی ئەمەریکی تاوەکوو ئێستاش هێچ جۆرە هەڵوێستێکی ئاشکرای نەناوە دەرحەق بەکوردستانی عراق. فشاری سیاسی لەلایەن حزبە کوردیەکان وسەرکردەکانیەوە بۆسەرئیدارەی ئەمەریکی دەتوانین بڵێین هەرنیەو وهیچ قورساییەکی بەرچاوی نیە ودوای ڕووداوەکانی عراق کەوتون بەچاوی نوقاو وزمانێکی بەستراوەوە بەپێچەوانەی چالاکی سیاسی دەوڵەتانی ناوچەکە کەکوردستانیان داگیرکردوە. چەند سەرچاوەیەکی دبلۆماسی دڵنیای کردۆتەوە کەکۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ئێران وتورکیاو سوریا کۆبونەتەوە بۆئەوەی لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر جێگیربونی ئارامی ناوچەکە مەبەستیشیان لەوەدا لەکێشەی کوردە هەربۆیە لەوانەیە ئیدارەی ئەمەریکی مەسەلەی کورد وەك وەرەقەیەکی فشار بەکاربهێنێت بۆسەر ئەودەوڵەتانە بەتایبەت سوریاو تورکیا مەگەر لەیەك حاڵەتدا نەبێت ئەویش ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکی بیەوێت دەست هەڵگرێت لەتورکیا لەلایەنی ستراتیجیەوە ئەویش دوای داگیرکردنی عراق لەبەرئەوەی تورکیا ئێستا بۆتە دەوڵەتێکی نەخۆش ئەستمە چاکبێتەوە وبەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئیدارەی ئەمەرێکی بیەوێت دەست بگرێت بەمەسەلەی کوردەوە لەناوچەکەدا بەشێوەیەکی گشتی هەمو کوردستان نەك وەك بەشێك ئەوەش دوارۆژێکی نزیك بۆمان ئاشکرادەکات.

باشتروایە بۆحزبە کوردیەکانی کوردستانی عراق بەتایبەت هەردوو حزبە گەورەکە کەشەقامی کوردی سیخناخ بکەن بەگشت میلیشاکان وسەرجەم پێکهاتەی گەلی کورد بەگشت چین وتوێژێکیەوە بەتایبەت لاوانی کور داوا لەئیدارەی ئەمەریکی بکەن هەڵوێستێکی ئاشکراو شەفافانە دەرخات ویەکسەر چارەسەری بەپەلەی کێشەی کورد بکەن بەدەستوبردی بێ چاوەڕوانکردن لەبری ئەوەی خۆیان وگەلەکەیان خەریکبکەن بەو بارودۆخە ناجێگیرەی عراق وڕاکردن بەدوای بەرژەوەندی تاکرەوی خۆیان بەمەبەستی ئەوەی بەڵکوو پلەوپایەیەکیان دەست کەوێت لەنێو حوکومەتی کاتی عراقدا. پێویستە لەسەر حزبە گەورەکان لەگەڵ حزبەکانی دیکە ڕێکبکەون بۆدانانی ستراتیج وتاکتیکی هاوبەش سەبارەت بەفیدرالیەت تەنانەت لەسەرئاستی کوردستانیش بەهاوکاری پتەو لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا. فیدرالەیەت لەکوردستان هەڕەشەی لەسەرە لەبەرئەوەی ئۆپۆسزیۆنی عراقی کەڕەزامەندیان دەربڕی بەشێوەیەکی مەبدەئی لەسەرفیدرالیەت بەرلەجەنگ ئێستا دەڵێن باچاوەڕوانی دروستبونی حوکومەتی عراقی وپەرلەمانی عراقی بکەین بۆئەوەی ئەوان بڕیار لەسەرفیدرالیەت بدەن ئەوەش کاتێکی زۆری پێدەچێت بەوەش نیازیانەو هەوڵدەدەن فیدرالیەت لەبیرخۆیان بەرنەوە یاخود بۆئەوەی لەدوارۆژا ڕەتی بکەنەوە لەبەرئەوەی دوارۆژی عراق هێشتا نادیارە. تاکە سەنگی نێوان پلانی دەوڵەتانی ناوچەکەو نێوان چارەسەرکردنی کێشەی کورد بونی یەك دەزگای بەهێزی کوردیە کەخۆی لەنوێنەرایەتی حوکومەتی کوردیدا دەنوێنێت لەدەرەوەی ولات بەبێ ئەوەش لەهەموو ڕوویەکەوە بەسەرماندا ودەستە وەستان دەمێنینەوە هیچمان بۆناکرێت. هیچ کەسێك نیە کوردستانێکی یەکگرتومان بۆبخاتەسەر سینیەکی ئاڵتونی وپێشکەشمانی بکات تەنانەت ولایەتە یەکگرتوەکانیش ناتوانن ئەوەمان بۆبکەن. ئەومافە ڕەوایەی بەرلەسەدەیەك بەزۆر زەوتکرالیمان هەرگیز ناگەڕێتەوە تەنها بەدبلۆماسیەتێك نەبێت کە لەلایەن هێزی ویەکیەتی گەلەوە پشتیوانی لێ کرابێت. ئێمە لەسەردەمێکا دەژین هێچ پێوەرێکی ئەخلاقی وڕەوشتی مرۆڤانەی تیانیە لەسیاسەتیا تاوەکوو ماف بگێڕدرێتەوە بۆخاوەنەکەی وجەورو ستەمی لەسەرنەتەوە یەك لابەرێت کەدەناڵێنێت بەدەست زام وئازاری خاکی زەوتکراویەوە. تاکە دابینکەری کاریگەرانەی کوردو توانای کورد سەبارەت بەبەرێوەچونی ڕەوتی ڕووداوەکان لەناوچەکەو وجیهانی دەرەوەش ئەویش دۆزینەوەی دەزگایەك لەسەرئاستێکی باڵاو بەتوانا یاخود لەپێکهێنانی حوکومەتی کوردستانی فیدراڵی تاوەکوو بکرێت تەحەکوم بەنەخشەی سیاسەتی دەرەوە بکات بۆگشت بەشەکانی کوردستان هەروەها هەستن بەبینینی ڕۆڵی چالاکانە لەنێوەندە دەوڵەتیەکان ونەتەوە یەکگرتوەکانیشدا تەنانەت لەدەوڵتانی ناوچەکە لەپێناوی جێ بەجێکردن وبەدەستهێنانی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردستانی فیدرالی بەهەمان سنوری مێژوویی وجوگرافی خۆیەوە بێگومان ئەویش بەگوێرەی مەبدەئی مافی چارەی خۆنوسینی گەلان پەیڕەوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەوحوکومەتە دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت لەسیاسەتی ناوخۆییدا سەبارەت بەسەرجەم بەشەکانی کوردستان ئەگەربێتوو لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگایی ڕۆشنبیری وئابوری سیاسیدابێت.

دەستمکرد بەپەیوەندی وچاوپێکەوتنێکی زۆر لەگەڵ حزب وکەسایەتی ڕۆشنبیرانی کورد لەسەرئاستێکی بەرفراوان تاوکوو مشتومڕێکی گەرموگوڕبکەین دەربارەی دروستکردنی حوکومەتێکی فیدرالی لەدەرەوەی وڵات لەپێناوی

پڕکردنەوەی بۆشایی کاری سیاسی دەرەکی کۆکردنەوەی کۆی کورد لەهەندەران بۆئەوەی بتوانین ئەوهێزە مەزنە بخەینەگەڕ بۆخزمەتکردنی کوردستان بەڵام مەخابن کەسێکم بەرچاونەکەوت بتوانێت بۆچونەکم تێبگات وقبوڵی بکات یان لایەنی بگرێت یان بەلانی کەم بەبیرۆکەیەکی ئەرێنی دانێت کەدەکرێت مشتومڕی لەسەربکرێت زۆر بەداخەوە هەرهەمویان بەسەرسوڕمان وبێ بایەخانە بۆ مەسەلەکە دەچون. لەبری ئەوە درکمکرد هەرهەمویان پەیوەستن بەبیری حزبایەتی تەسکی هەرێمچیەتیەوە هەرئەوەش بەدبەختی ئێمەیە. تائێساش ناتوانم تێبگەم ولەمێشکی خۆما ڕازیبم ئاخۆبەکام شێوەو ڕێبازە ئەوانە دەتوانن کوردستانێکی ئازاد بەدەستبهێنن توبڵێیت مەبەستیانبێت بەوحزبە پەرت وبڵاوانە لەکوردستانێکی کەرکەرت کراودا کوردستان ڕزگاربکەن کەهەرگیز ناکرێت وبورای بۆ نارەخسێت کوردستانێکی ئازاد پێکبهێنن بەم سنورە مێژویی وجوگرافیەیەوە. من پێموایەو دەێڵێم ودانی پیادەنێم کوردستانێکی یەکگرتوی ژێرچاودێری وپاراستنی ئەوروپایی یاخود ئەمەریکی زۆر باشترە لەکوردستانێکی دابەشکراو کە دەناڵێنێت بەدەست چەوساندنەوەو کوشتوبڕێ وراونان وبرسیەتی ودەربەدەری وسوکایەتی ونەخۆشیەوە. ئەوجۆرە ڕەفتارانەش کفایەت نین وبەرهەمی نابێت بەڵکوو بەپێچەوانەوە زیاتر دەستدرێژی دەکرێتەسەر گەلەکەمان وزاياتر کورد دوور دەخاتەوە لەخاك ومولکوماڵ وسەروەتوسامانی سروشتیان وزیاتریش ڕاگواستنی زۆرەملێ بەسەرا دەسەپێنرێت. ئەو دەوڵەتە ڕەگەزپەرستانە کوردستان بەخۆی وداهاتیەوە دەچەوسێنێتەوەو تاڵانیدەکات بەبێ هیچ ئاوڕدانەوەیەك. هەرگیز ناکرێت وبواریشی نابێت بەرەنگاری ئەوستەم وچەساندنەوەیە ببینەوە بە یەکیەتی ویەکگرتەوەو یەك دەزگایی گەلی کورد نەبێت هەروەها بەزیاتر لەیەك نزیکبونەوەی حزب و سەرکردە کوردیەکانیش. بەپێی ئەم بۆچون وبنەمایە پێویستناکات چاوەڕوانبکەین تاوەکوو ولایەتەیەکگرتوەکان بێت وسەرکردەکانمان ناچاربکەن هاریکاری یەکتریبکەن وزیاتر لەیەکتری نزیکببنەوە تەنها لەپێناوی بەرژەوەندی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، هەورەك بەسەر بەڕێز مام جلال طالبانی وبەڕێز مەسعود بەرزانی دا ڕوویداکە ناچارکران لە واشنتۆنی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ولەسەرشاشەی تەلەفزیۆن وبەبەرچاوی هەموو جیهانەوە تەوقە لەگەڵ یەکتریبکەن بەدڵ وچاوێکی ساردەوە دیقەتی یەکتریاندەدا دەموچاویشیان پێچەوانەی ڕاستیەکانی دەردەخست وپێوەیان دیاربوو تەنانەت زەردەخەنەکانیش سەرزارەکی بون. بەرژەوەندی کوردستان پێویستی بەدەست پێشخەری ئەوسەرکردەو حزبەکانی هەیە تاوەکوو تواناکانی خۆیان لەچوارچێوەی بەرژەوەندی باڵای نیشتمان بخەنەگەڕ وخۆشەویستیەکی پاك وبێگەرد دەربڕن لەکانگای دڵیانەوە بۆگەلەکەیان لەهەرکوێەکبن ئاراستەی ئاشتبونەوەیەکی نیشتمان پەروەرانەو یەکگرتوی پراوپڕیبکەن لەسەر ئاستی کوردستان بەگوێرەی ویستی گەل هاوکات دووربینیەکی تەواو بۆدەستنیشانکردنی ئەم هەڵوێستانەو پێویستە لەسەریان لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێزو گەورە دەوڵەتانی هەرێمی وناوچەیی تەنانەت لەگەڵ ولایەتە یەکگرتوەکانی دانوستان وگفتوگۆبکەن لەژێر ناوشین ودروشمی کوردستانی ئازادو یەکگرتوو پاشان بچنەسەر بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی هەردوولایەن لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستا، کوردستان وڵاتیکی دەوڵەمەندە بەخاکی وئاسمانی وشاخوداخیەوەو بەروبومی ئاویەوە وهەروەها ناوچەیەکی ستراتیجی وسەربازی وئابوریەکی دەوڵەمەندە بەم پێیە  پێویستە لەسەرمان دانوستان لەگەڵ لایەنی پەیوەنداربکرێت لەدەوڵەتانی زلهێز ئالەم حاڵەتەدا ولایەتە یەیەکگرتوەکان لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا دەستهەڵدەگرێت لەتورکیای نەخۆش وسوریاو ئێران. کوردستان پێگەیەکی بەهێزو پتەوی گرنگی ستراتیجی هەیە بەوپێ یەی قەفقاسیا گرێدەداتەوە بەکەنداوی فارسی ودەریای سپیی ناوەڕاست کەوابوو بەگوێرەی ئەم بۆچونە پێویستە داواکاری گەلەکەمان لەکاتی دانوستان وپەیوەندی سیاسیماندا فەرزبکەین لەپێناوی ئازادکردن وڕزگارکردنی گەل ونەتەوەکەمان لەدەست دەوڵەتانی نەوچەکە کەسەدەیەکە کوردستانیان داگیرکردوە.

**دکتۆر احمد رسول**

2003 / 5 / 10

**لێکۆڵینەی دکتۆر ئالان قادر**

**((محمد طلب هلال ی دەلالّی سوریای نازی))**

محمد طلب هلال، تەنها لێکۆڵیەوەیەك یاخود شیکردنەوەیەکی نەنوسیوە (بەئارەزوی خۆی ناوی لێنبێت)، بەڵکوو دایهێناوە (بەگوێرەی داوای سەرکردایەتی بالآی بەعس)، ئەویش خۆی لەپرۆژەیەکی سەرتاسەری وچڕدا نوادوە لەگشت لایەنێکی سیاسی وئابوری وکۆمەلایتیەوە، بەمەبەستی لەناوبردنی گەلی کورد بەتەواوی، لەگەڵ سرێنەوە گشت ئاسەوارێکی مێژوویی، ئەویش لەرێی زنجیرەیەك لەپلانی ڕەگەزپەرستانەی ـ شۆڤێنیەوە. لەتێروانینی ئەوەوە سەبارەت بەکێشەی کورد جگە لەوەی دومەلێکی ئاساوای کوشندەو پیس بێت شتێکی دیکە نیەو هیچ چارەسەرێکی نیە جگە لەبرینەوەی لەرەگوو ڕیشەوە !!! ئەوەش زۆر بەئاشکرا لەکتێبەکەیدا بەراشکاوانە دەلێت.

بەگوێرەی ئێش وئازارو چەساندنەوەی ڕۆژانەیەوە گەلی کورد باش درکی بەوەکردوە، چۆن بەرنامەکەی هلال هەڵگەرایەوە وکرا بەپرۆژەو بەرنامەو کاری سیاسی بەعس کەئامانج ومەبەستیەتی بونی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان بنەبربکات ونەهێلێت. وەك ئەومەسەلە باوەی لەناوخەلکدا دەلێت : بەلای لابەلا دەتخاتە پێکەنین یاخود کورد دەلێن زێرماندواە زیومان کریوە، ئیترچۆن دەکرێت کەسێکی وەك هلالی سیخور کەلەوئاستەو لەوخامە نەگریسەبێت، لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە بنوسێت ـ بابەتیانەبێت دەربارەی گەلێکی ناودارو ڕەسەنی وەك گەلی کورد، کەرەگو ورشەی خۆی بەقولایی مێژوودا چەقاندوە لەدێر زەمانەوە، کە تەنینی سەرەتایی شارستانیەتی گەلانی ناوچەکەی داهێناوە، بێجگە لەچەندەها خزمەتی پیرۆزی دیکەش، کە بەپیتی تیشکی ڕوناکی نوسراوەتەوەو خزمەتی دەولەمەندکردنی ڕۆشنبیری گەلانی دراوسێی کردوە. هەولە بەسەرچوە دوورِوە سیخوریەکانی هلال لەلاسایی کردنەوەی شێوازی سیخوری ئینگلیزی لورنس دەچێت، لەڕۆژانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، کە لەکاتی خۆیدا چرپاندی بەگوێ شەریف حسین وکورەکانی چەندین سەرۆك خێلی دیکەی عەرەب شۆرش بەرپابکەن لەدژی تورك بەمەرجێ هەرلەسەرتاوە دۆراندنی مسۆگەرکرابوو، جیاوازیەکەش ئێجگار زۆرە لەنێوان ئەم دوو پیاوەدا بەگوێرەی گشت پێوەرو بۆچەنە شیکراوەکان. بەلام پرسیارێك لەبەردەم هزرا خۆی هەلدقورتێنێت کەئەویش : سەرچاوەی ئەوجۆرە بیرکردنەوە چیەو لەکوێوە سەریگرتوە، یاخود بنەماو باگراوندی ئەوبیرکردنەوەیە چیە ؟ کامەیە شیکردنەوەی ڕاستەقینەی نەهجی ئەوسیاسەتە، کە ئاسۆیەکی ڕەگەزپەرستانەی ـ شۆڤێنی چەتونی هەیە ؟ کەوابوو بەم پێیەبێت، ئەولێکۆڵینەوانەی پەیوەستە بەمێژوی بەعس وچوارچێوەی ئایدیۆلۆجی ومێژوییەوە هەیە، کەناتەواوەو کەموکورتەو زۆرساکارە، ئەگەربێتوو پەنانەبەرین بۆلێکۆڵینەوەی زانستیانەو بەراوردی مێژوویی ـ سیاسی نەکەین لەنێوان نازیەتی ئەلمانی ودەستەخوشکە عەرەبیەکەیدا، واتە : بەعس ئیتر لەسوریابێت یاخود عراق. لەبەرئەوەی هەرلێکۆڵینەوەیەك یاخود شیکردنەوەویك، ئیدعای زانستی وئەکادیمی بکات، دەبێت وپێوستە مەرجی تەواوی لێکۆڵینەوەی زانستی پێوەدیاربێت وبە بەلگە بسەلمێنرێت، ئەگینا بەپێچەوانەیە سیفەتی زانستی بونی لێدەسەنرێتەوە. هەروەها لەکاتی بەراوردکردندا، تەنانەت ئەگەر بەکورتیش بەراوردی نازیەت وبەعس بکرێت، ئەوسا لەمەرام وهۆکاری پالپێوەنەری دوژمنکارانەی دەگەین کەچۆن عەقلی خۆی لەدەستداوەو سەری لەعەگالەکەیەوە دەرچوە وئیدعای پاکتاوکردنی گەلی کورد دەکات لەڕۆژئاوای کوردستانا.

**أ ـ بەراوردێکی شێوەیی ـ مێژویی**

*ـ گەشتنی نازیەکانی ئەلمانیا بۆسەردەسەلات، بەهۆی هەلبژاردنێکی ئازادو ـ دیموکراسیانەوە بوو، لەسەردەمی کۆماری ڤایمار، لەوسەردەمەدا لەسەرمەرگا بوو، لەبەرواری 5 ا ئازاری 1933.

*ـ لەدوای ئەوەی نازیەکانی ئەلمانیا لەسەردەستی هاوپەیمانەکان لەناوچون لەسالی 1945، وکوتنەژێر داروبەردی داروخاوی شاری بەرلین ودرسدن وڤێنا، بەلام نازیەت سەرلەنوێ لەبغداد سەریهەلدایەوە لەبەرواری 8 ی شوباتی

1963، لەدیمەشق یش لەبەرواری 8 ی ئازاری 1963، لەئەنجامی کودەتایەکی خوێناوی (دیقەتی ڕێکەوتی مێژوویی بدە) هاوکات لەگەڵ جیاوزی سەردەم وجێگەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەجلوبەرگی عەرەبی وعەگاڵەوە سەریهەڵدایەوە.

*- ناوڵێنان : ئەڵمانیە نازیەکان ناوی حزبەکەی خۆیان نا NSDAP ، واتە حزبی نەتەوەیی سۆشیالستی - کرێکارانی ئەڵمانیا.

* - بەڵام ناونانی بەعس لەحزبی نازی ئەڵمانیەوە وەرگیراوەو دەستکاری تیاکراوە گۆڕا بۆحزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەبی .

*- پلاندانان وهەوڵدانی کودەتایی نازیەکانی ئەڵمانیا لەساڵانی 1921 1923 بەسەرکردایەتی هتلر بۆزەوتکردنی دەسەڵات وڕێکخستنی پڕۆسەو چالاکی تیرۆرکردنی سەرانی کارامەی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی وشیوعی وەك کەسانی : ڕۆزا لوکسمبرگ وکارل لیبخنت لە کانونی دووەمی 1919.

*- لاسایی کردنەوەی ئەڵمانیە نازیەکان لەلایەن بەعسیەکانی سوریاو وعراقەوە لەهەوڵە کودەتاییەکانیاندا لەکۆتایی پەنجاکان وسەرەتای شەستەکان وجێ بەجێکردنی زنجیرەیەك لەتیرۆری خوێناوی دەرحەق بەسەرکردە کوردە دیموکراسیەکان : تیرۆکردنی میر جەلادت بدرخان، دەستگیرکردن وکوشتنی دکتۆر حمید سینو کەسانی دیکە لەسوریا. بەشداریکردنی خودی صدام حسین لەتیرۆرکردنی هەندێك لەسەرکردە شیوعیەکانی عراق لەکۆتایی پەنجاکاندا، هەوڵە سەرنەکەوتوەکەی تیرۆرکردنی عبدالکریم قاسم لەساڵی 1955.

*- تیرۆرکردنی سەرکردەیەکی زۆری کورد لەباشوری کوردستان لەسەردەستی بەعسی نازی عراقی هەروەها دووهەوڵی سەرنەگرتوو بۆ تیرۆری پێشەوای کورد مەلامصطفی نەمر لەساڵی 1971.

* - بۆچونێکی تەواو لەیەك چوو هەیە لەنێوان دوو مێژونوسی ڕۆژئاوایی وعەرەبیدا کي باوکی صدام حسین صبحەی دایکی صدامی بەجێهێشتوە بەرلەوەی بێتە دونیاوە. ئەوەشی بچێتەسەر کەدایکی نەخوێندەواربوە، کەوابوو ئیترچۆن دەکرێت لەبارودۆخ ومێژوویەکی وەهادا مێژوی لەدایك بونی صدام حسین بزانرێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا صدام حسین لەهەموو ساڵێکدا مانگی نیسانی هەڵبژارد، ئەویش لەبەر ڕێزدانان بۆ هتلەری پێشەوای نازیەکانی ئەڵمانیا کەلەمانگی نیساندا لەدایك بوە، ئەمیش بۆئەوەی ساڵ ڕۆژی لەدایکبونی یادبکاتەوە وئاهەنگ بگێرێت لەومانگەدا.

*- لەیەکچونێکی گەورە وتاڕادەیەکی زۆریش لەنێوان هەرەمی ڕێکخستنی حزبی بەعس وحزبی نازی. حزبی بەعسیش لاسایی نازیەکانی ئەڵمانیای کردەوە لەدروستکردنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی وەك : یەکیەتی لاوانی شۆڕش (لەبەرامبەر بەوە : لاوانی هتلەر)، یەکیەتی جوتیاران، یەکیەتی ئافرەتان، یەکیەتی کرێکاران.

**ب - بەراوردکردنی فیکری وسیاسی**

دەتوانین دەقاودەق بەپێی سەرچاوە مێژوویی وسیاسیەکان بیسەلمێنین کەبەعس لەنازیە ئەڵمانیەکانەوە گرنگترین تیۆرو بۆچونە فیکریەکانیان وەرگرتوە، بەتایبەتیش لەهەردووبواری سیاسی وکۆمەڵایەتیدا. زۆر بەڕاشکاوانەش ئەگەربێتوو بڵێین نهێنیەك ئاشکرادەکەین هیچ هەڵەیەکمان نەکردوە، دامەزرێنەری حزبی بەعس میشیل عەفلەق، کاتێك خوێندکاربوە لەپاریس لە (زانکۆی سۆربۆن) لەساڵی 1928 - 1932، زۆرچالاکانە لەبەرژەوەندی نازیەکانی ئەڵمانیا بەشداریکردوە لەپروپاگەندەکاندا، چالاکیەکانی بونە هۆ ئەوەی لەو وڵاتە دەربکرێت، پاشان پەنایبرد بۆ ئەڵمانیا. هەرئەوەندەی گەڕایەوە بۆدیمشق یەکسەر دەستیکرد بەدامەزراندنی حزبی بەعس، لەسەر شێوازی حزبی نازی ئەڵمانیا. یاسین حافظ دەربارەی مەسەلەی دامەزراندنی حزبی بەعس دەڵێت : (لەوکاتەدا کەبزوتنەوەی نەتەوەی عەرەب کەوتە جموجوڵ ودەربڕینی ئومێدی ڕزگاریخوازی گەلی دابەشکراو وچەوساوە، لەناکاو وردە بۆرژوازە عەرەبەکان کەوتنە قسەکردن بەزمانی ئەڵمانی. وشە ئەڵمانی وئیتالیەکان لەسەر شێوەو مۆرکی نەتەوەییەوە ڕێگەی بۆخۆی دۆزیەوە داخزێتە نێو وشەی زمانەوانی توێژی وردەبۆرژوازەکانی عەرەبدا).

کتێبی هیتلەر بەناوی (خەباتی من) بۆچون وتێڕوانینی تیۆری نازیەکان ئەڵمانیای پێکهێناوە ولەسەری بەندە، لەکاتێکدا کەزۆر بەڕاشکاوانە بڵێین کتێبی ناوبراوی هیتلەر، ویرای نوسینەکانی، میشیل عفلق، وصدام حسین، وحافظ الأسد، وعبدالله الاحمر کەسانی دیکەش، بونەتە ئنجیل وسەرچاوەی ڕۆحی عەرەب. هەرگیز جێی سەرسوڕمان نیە کاتێ کتێبی (خەباتی من) ی هتلەر لەسەرجەم کتێبخانەو کوشکەکاندا بەرچاومان بکەوێت ئەمە بێجگە لەکتێب فرۆشەکانی سەرشۆستەکانی دیمشق وبغداد بەزۆری بەرچاودەکەوێت، لەکاتێکدا ئەم کتێبە خۆی بەهۆی ماناو واتای ڕەگەزایەتی وبیری دژبەمرۆڤایەتی لەناو ئەڵمانیاو نەمسادا قەدەغەکراوە !! بۆ نمونە : میشیل عفلق دەربارەی نەیارە سیاسیەکانی دەڵێت، یاخود بەواتایەکی دیکە هەڵگرانی بیری جیاواز : (گەر بتەوێت دژایەتی هەربیریکی جیاوازبکەیت تەنها بەرنگاربونەوەی بەس نیە بۆئەوەی لەناوی بەریت وبونی نەمێنێت، بەڵکوو پێویستە ئەوکەسانەی بیرۆکەکە بەرجەستەدەکەن بتەواوی لەناویان بەریت). هتلەریش لەیەکێك لەختابی نازیانەی ـ دیماگۆگی خۆیدا دەڵێت : (بریارنادەم کەشەڕت لەگەڵدابکەم، بەڵکوو من دەڵێم جەستەت لەناودەبەم کۆتاییت پێدێنم). ئەستەم نیە هەست بەپێگەو هەڵوێستەکانی ناخی بەعس بکەین لەڕووی لەیەکچونەوە لەیەك نزیکن. ئەو واتاو دەربڕینە بۆتە بنەمایەکی پڕاکتیك وتیۆری حزبی بەعسی سوریاو عراق لەبەرخورکردن وڕەفتارکردن لەگەڵ هەر نوێ کارێکی سیاسیدا بەتایبەت کەشکی تیانیە لەتێڕوانینیاندا دەرحەق بەبیرۆکەی بۆچونی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لەهەردوو وڵاتدا. کارێکی زۆر سودمەندە لێرەدا ئاماژە بەڕووداوێکی سیاسی بکەین کەبەڵگەیەکی سیاسی قوڵدەدات بەدەستەوە، بەوپێیەی پەیوەندی هەیە بەبابەتی لێکۆڵینەوەکەوەو کاریگەری لەسەر پەیڕەوی سیاسی بەعس. لەسەرەتای چلەکاندا موفتی قودس سەردانی کردین (دەقی وێنەی ئەو چاوپێکەوتنەمان هەیە لەئەرشیفەکەماندا) هی شیخ أمین الحسینی وهتلەرە لەبرلین بەم وشانە ستایشی هتلەری کردوە : خوا لەئاسامن وهتلەریش لەسەر زەوی !!!!

**پەرستنی تاکەکەس وتێڕوانینی پێشەوا**

دەزگای پێشەوا ـ القائد ـ Fuhrer، یەکێکە لەکۆڵەکە بەهێزەکانی بتەوکردنی تیۆری بنەمایی وسەرەکی بۆهەردوو تیۆری شمولی نازیەکان وبەعسیشە. لەبەرئەوەی پێشەوا (هتلر، صدام، حافظ الاسد) کەسێکی ئاسایی نیە، بلیمەت وجەربەزەیە، لەڕوی سیفاتی کەسایەتیەوە پڕاوپڕە وکەسایەتیەکە لەجۆری نیە، جەماوەرو دەوڵەت دەبات بەڕێوە. هەروەها لایەنگرانی نازیەکان وبەعسیەکان کەسانی بەهێزن، وکەسانی ئاسایی نین، خاوەنی توانای بەرزو باوەڕیان بەخۆیان هەیە چاویان لەسەر دەسەڵاتیشە. بەڵام پاساوی مێشك شۆردنەوە ـ غسل دماغ ـ لەچوارچێوەی پرۆسەی ئایدیۆلۆجیادا، لەکتێبەکەی نیتشەدا هەیە : زەردەشت بەجۆرە دواوە (بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی نیە بەهۆشداریە بەخشندەییە مرۆڤ دۆستانەکانی زەردەشتەوە هەرگیزنا) کەنازیەکان پروپاگەندەیان بۆکرد لەسەرئاستێکی بەرفراواندا.

**ڕەگەزپەرستی**

ڕەگەزپەرستی وپێکهاتەکانی : بەسەرکەوتویی وبێگەردی نەژادی دەناسرێت، یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی حزبی نازی ئەڵمانی، کە لەسەرئاستێکی بەرفراواندا کردبویان بەمژدەیەکی خۆش، بەشێوەیەکی تایبەتیش سەرکەوتنی ڕەگەزپەرستی ڕەگەزی ئەلمانی ئاری، وسوککردنی گەلانی دیکە. هەرکەسێك کتێبەکەی هلال بخوێنێتەوە کەرەوتێکی ڕەگەزپەرستی ئاشکرایە، بەدڵنیاییەوە هەست بەوگرێدراویە ڕۆحی ـ وڕگەزپەرستیانەی نێوان نازیەکان وبەعس دەکات. خەتەسورو پانەکانی کتێبەکەی هلال : گەلی کورد بەهەرچی وپەرچی خۆرهەڵات دادەنێت، سیفەت وخەسڵەتی گەلی لێ سندونتەوە، بەبێ پێناسە ناسوندویەتی، بێ زمان، بێ ڕۆشنبیری. هلال کوردستان بەراورد دەکات بە (یەهودستان)، ئیسرائیلی دووەم، وچەندەها سیفاتی قێزەونی دیکەش، کەتەنها بەکەسانی بەڕەڵاو ناکەسبەچەو چارەگرانی وەك محمد طلب هلال دەوترێت. هەروەها سەرسوڕمان وپێزانین وستایشی خۆی ناشارێتەوە سەبارەت بەخەلافەتی ئەمەویەکان (گوایە بەعس تەواوکەر وگەێنەری مێژویی ئەوانە)، گوایە سەردەمی ئەوان جیاوزبوە بەداهێنانی کارامەو شێوازی چەوسانەوەو زۆرداری وپاکتاوکردن وکوشتاری ڕەگەزپەرستانەی سەرکوتگەریانەی بەجەربەزەیان هەبوە دژی ئەوگەلانەی لەژێر فەرمانڕەوایەتی ڕەشی ئەوانابون (وەك دەرکردنی نوێنەرانی گشت نەتەوەکان وئاینزاکانیش : کورد، فارس، تورك ومەسیحیەکان لەنیو دیوانەکانیانداو گۆڕینی بەعەرەب لەژێر ناو یاخود دروشمی تەعریب کردنی گشت دیوانەکان)

هەروەها بەعسی سوریا ئەمڕۆ پەنایبردۆتە هەمان سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ئەوان وبەردەوامن لەسەر ڕەوتی ئومەویەکان لەدەرکردنی فەرمانبەرو کرێکارو خوێندکارانی کورد لەسەرجەم بوارو دەزگا دەوڵەتی وقوتابخانەو زانکۆکانیشدا .

ویستگەکانی مێژوو پڕە لەوانەو پەندی زۆر، تەنها ئەوەندە پێویستە لەسەرمان جاروبار ئیستێك لەئاست ئەو ویستگانەبکەین وانەی لێوەربگرین وببێتە پەند بۆمان. کاتێ صدام لەلای خیراللە طلفاحی خاڵی پەروردەبوو، کەناساراوبوو بەلایەنگری بەپەرۆشی بزوتنەوەی نازیەکان، صدام یەکەم کتێبی ئەم کەسەی دوایی خوێندەوە، کە ئەم بۆچون و وشانەی تیابەدی دەکرا : دەبوایە خوا ئەم گیان لەبەرانەی دروست نەکردایە : جولەکە، مێش وفارس. ئابەمشێوەیە دەبینین عەرەبە نازیەکان دەسدەخەنە کاری یەزدانیشەوە. زیاڕەویش ناکەین ئەگەربڵێین، سەرکردایەتی بەعسی نازی سوریا دووچاری پیسترین نەخۆشی ڕەگەزپەرستی بون لەتەپڵی سەریانەوە تا بنی پێیان. ئاراستەکردنی ڕەگەزپەرستیانە، یەکێك لەگرنگترین کۆڵەکەی بنەمایی ئایدیۆلۆجیای بەعسی دژ بەمرۆڤایەتیە. بریارو یاسا ناڕەواو دژوارەکانیان (کە بەسەدانن)، کەدژ بەگەلی کورد ئاراستەکراوە بەگشتی وهەموو تاکێکی کوردیش بەتایبەتی، بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن ونکوڵیشی لێناکرێت وبەدرۆناخرێتەوە. کەهەتیوەکانی نازیە ئەڵمانیەکانی نێو سەرکردایەتی بەعسی سوریان لەکەسانی وەك طلب هلالن. ئەوانە تاکە کەس نین، ئەوەی بیروبۆچونی ڕەگەزپەرستیانەی ڕەش نالەباری خۆیان تۆماركردوە نەك تەنها بەمەرکەب بەڵکوو بەژەهری کوشندە نوسیویەتیەوە. لەکۆتایی هەشتاکاندا هێشتا لەوڵات بووم، یەکێ لەهاورێ دکتۆرەکانم بۆیگێڕامەوە کە محمد مصطفی میرو، کە لەکاتی خۆیدا پارێزگاری حەسەکە بوو (لەدواییدا بوو بەسەرۆك وەزیران، لەپاداشتی هەڵوێستی شۆڤینی وئەوبریارە زۆرو زەبەندانەی دژبەگەلی کورد پیادەی کردبوو)، میوانداری وداوەتی سەندیکای پزیشکانی ڕەتکردبۆوە وڕازی نەببوو لەکۆنگرەی ساڵانەیدا ئامادەبێت کەلەشاری کوردەواری قامیشلی بەسترابوو، بەم وشانە بەگژیانا چوبۆوە، : هۆی چیە شاری قامیشلوتان هەڵبژاردوە بۆ بەستنی کۆنگرەکە، ئایا ئەوێ مەرکەزی خودموختاری کوردەکانە ؟؟.

ئەوقسە شۆڤێنیە پڕوپوچ وفیشاڵاویە کە لەزمانی بەرپرسێکی سەرکردایەتی بەعسەوە دەربڕاوە پێویست بەهیچ تەعلیقێك ناکات چونکە ئەوخۆی باسی خۆیدەکات !!. جێی خۆیەتی لێرەداو لەمبوارە باسی وتەی پێشەوای ڕەش پێستی ئەمەریکی بەرانگارو داواکاری مافی شارستانی ـ مارتن لوثرکنگ بکەین، لەڕێپێوانێکی جەماوەری چڕوپڕدا، کەدژ بەرەگەزپەرستی بەرپاکرابوو، لەساڵی 1968 ڕێپێوانیان بەواشنتۆندا کرد، دەیان هەزارکەس لەوڕێپێوانەدا بەشداریانکردبوو : ((خەونێکم هەیە دەموێت جێ بەجێ بکەم کەئەویش : دەمەوێت منداڵ ونەوەکانی داهاتومان لەکەشوو هەوایەکی ئازادو بێ ڕەگەزپەرسیابژین)). پێویستە بوترێت ڕێپێوانەکە بەئاشتیانە بەڕێوەچوو ولەلایەن کەسیشەوە ڕێگری لێنەکرا. سێ ملیۆن کورد لەڕۆژئاوای کوردستان دەناڵێنن بەدەست چەوساندنەوەی ڕەگەزپەرستانەی ـ نازیەت لەسەرشێوازی بەعسی سوریا، ئەوانیش هەمان خەون وئاواتیان هەیە، ئایا ئەوە دەربازبون نیە لەدەست ڕەگەزپەرستی بەعس ودێوزمە ڕەشەکەی. بەڵام منداڵانی کوردی بێ بەش لەڕەگەزنامە، ئەوانەی لە 25 ی حزەیرانی ساڵی 2003 دا بەناو دیمشقدا ڕێپێوانیانکرد پەیوەست بوو بەمافێکی ڕەوای مرۆڤانە کەئەویش گێرانەوەو پێدانی ڕەگەزنامەبوە بۆیان، کە لێی بێ بەشبون بەبێ هێچ ڕەوایەتیەك، لەبری گێرانەوەی مافەکانیان دەستدرێژیان دەکرێتەسەرو کەسوکاریان دەئاخننە زیندان وسوکایەتیان پێدەکرێت ولێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەن.

**هەردوو نازی ئەڵمانیا وسوریا ومەسەلەی بازرگانی کردن بەئاینەوەو بەگەڕخستنی لەپێناوی ئامانجی سیاسیدا**

نازیەکانی ئەڵمانیا گرنگی ڕۆڵی کڵێسایان ئاشکاکردبوو لەگشت نێوەندەکانی ناوکۆمەڵگای ئەڵمانیدا، بەهۆی داب ونەریتی میراتگری مێژوەوە، بەتایبەت نەریتی خۆپارێزەکان لەپرۆسەی تەرخانکردنی دەسەڵاتی حزبی نازیەکان لەگشت بوارەکاندا، هەرئەوەندەی نازیەکان هاتنەسەر دەسەڵات ئیتر هتلەر کەوتە خوتیلکەدانی کڵێساکان بەوەی ڕەزامەندی دەربڕی لەسەرداوای پێشەواکانی کڵێسا سەبارەت بەدەرچونی یاسایەکی گشتی دەربارەی باجی کڵێسا (پێویست بوو لەسەر هەرکەسێك کە لەکڵێسادا تعمید کرابێت واتە تەوافی پێکراوە، پیوویستبوە لەسەری برێ پارەی دیارکراوبدات بەکڵێسا بەگوێرەی موچەی مانگانەکەی، بەمەرجێك ئەویاسایە تاوەکوو ئەمڕۆش هەربەردەوامە لەنەمساو

ئەڵمانیا) بەوپێیە کڵێساکان بەگشت جۆری تایفەکانیانەوە چاوپۆشیان کرد لەتاوان وخراپەکاری نازیەکان لەجۆرەها دەوڵەوتدا، (بێجگەلە چەندین قەشەیەك نەبێت کەهاریکاری پیاوانی بەرگریان کرد). بەجۆرێك کارگەشتبوە ئەوەی زۆرینەی قەشەو پیاوانی کڵێسا نەك هەریارمەتی نازیەکان دەدا لەڕووی پروپاگەندەوە بۆ بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی بیری نازی کەدژ بەمرۆڤایەتیە، بەڵکوو لەهەموو کڵێسایەکدا کەسانێکیان هەبوو لەپیاوانی ئاینی ئیترچ تەنها بەناوبێت یاخود لەبواری کارکردنداپوبێت خزمەت وکاریکردوە بۆ دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا واتە گستابۆ. لای کەس شاراوەنیە کەکڵێسای کاثۆلیکی ئەڵمانیاو نەمساو بەتایبەتیش فاتیکان، بەشێوەیەکی زۆر چالاکانە بەشداریان کرد لەشاردنەوەی تاونبارە نازیەکانی جەنگ، ئەوەش بێ لەوەی کەسانێکی دیکەیان ڕەوانەکرد بۆئەمەریکای باشورو چەند وڵاتێکی کەش بەپاپۆر . دووقلوی نازیە ئەڵمانەکان لەسوریا، نەك هەرپەنایابردە بەرلاسایی کردنەوەی نازیە ئەڵمانیەکان لەم بوارەدا بەڵکوو ئەوەندە زیاڕۆشتن پیاوانی ئاسایش وسیاسەتمەدارانی گشت شارەکانی سوریا پەنایانبردبوە بەرنوس ینی خوتبەکانی هەینی، ستایشی دکتاتۆری سەربازی دیمشقیان دەکرد. پیاوانی ئاینی زۆرن، بەتایبەت ئەوانەی لەبواری ئەوقافدا کاریانکردوە هەروەها مفتی یش، ئەوانە زوربەیان پیاوی دەزگای هەواڵگرین وئیمتیازو موچەی مانگانە وەردەگرن لەدەسەڵاتی نازیەکان نەك هەرئەوە بەڵکوو جەکداریش بون (هەرکەسێکیش سەردانی مفتی حەسەکەی کردبیت لەماڵی خۆیدا لەناوەراستی هەشتاکانا خۆی باوەڕبەقسەکان دەکات). شتێکی نادیارو شاراوەش نیە لەلای خوێنەرانی هێژا، چۆن محمد طلب هلال وهاوڕێ سیخورەکانی دەزگای هەواڵگری سوریا سەرنەکەوتن لەڕازیکردنی شێخی خەزنەوی (سەربە نەتەوەی کورد)، کەفەتوایەکی درۆ دەرکات وڕاگەیێنێت دەربارەی چالاکی قارەمانانی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەباشوری کوردستان بەسەرکردایەتی پێشەوای مێژویی مەلا مصطفی بەرزانی دژی دەسەڵاتی ئیستعماری عراقی).

بیرۆکەیەك یاخود چاکتروایە بڵێین بابەتێك هەیە لەدەرەوەی لێکۆڵینەوەی زانستیانە ماوەتەوە، ئیتر چ لەڕابوردوویەکی دوور یاخود نزیکی گەلی کوردا بوبێت، ئەوەش بەبۆچونی ئێمە زۆر گرنگە کەخۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە : زۆرینەی گەلانی ناوچەکە (بەتایبەت فارس وعەرەب وتوك)، پەنایانبردوە بەربەکارهێنانی ئاین بەشێوەیەکی ناشرین وبەئاشکرا پاوانیانکردوە لەپیناوی بەرژەوەندی نەتەوەییداو لەسەر حسابی گەلانی دیکە، تەنها گەلی کورد نەبێت ئەو دەستەواژەیەی بەکارنەهێناوە. پاوانکردنی ئاین لەلایەن عەرەبەوە شتێکە پێویست بەزیرەکی بیرکردنەوە ناکات تاوەکوو مرۆڤی سادەوساکار هەست بەوگەمە قێزەونانەبکات کە عەرەب ئایانیان تیا پاوانکردوە لەپێناوی فراوانکردنی دەسەڵاتی ئیستعماریانەی خۆیاندا.

هەروەها ئاشکرایە چۆن فارسەکان بەژیرانە پەنایانبرد بۆداهێنانی مەزهەبی شیعەو بەکارهێنانی بەشێوەیەکی کارامە تاوەکوو بتوانن تایبەتمەندی نەتەوەکەیان بپارێزن، وزێرخانی دەوڵەتی مەرکەزی پێ جێگیربکەن، ئەگینا چارەنوسی ئەوانیش وەك چارەنوسی دەیان گەلی دیکەی بەسەردەهات، کەچۆکیان دادا لەبەردەم جەبەروتی ئیستعماری عەرەبدا لەناچون بەڕوانگەی ئاسایی بونەوە . باپیرانمان ئەودەرفەتە زێڕینەیان لەدەستدا، نەك لەبەرئەوەی بون بەئیسلام بەزەبری چەك وئاگر، بەڵکو لەبەرئەوەی نەیانتوانی ئەوهۆکارە چارەنوس سازە بەکاربهێنن، هەروەها کاتێك کەکورد زەردەشتیش بون. ئەوەی باوڕێشناکات هەرئەوەندەی لەسەرە بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکانی مێژوو یاخود سەردانی ئاسەوارەکانی برسیپولیس بکات لەئێران ودیقەتی ئەوپالێتە دەگمەنانە بدات کە لەسەردیوارەکانی کۆشکی اپاداناى ئاسەواری ومۆڵی کۆشکی سێ دەرگا نوسراوە وڕزێنراوە، بۆئەوەی بۆی برەخسێت میری میدیەکان وپیاوانی ئاینی زەردەشتی ببینێت، چۆن دیاری وخەڵاتیان گرتوە بەدستیانەوە (کەهێمای ڕێزو پەرستن وگوێرایەڵی کڕنوش بردنە بۆ داریۆس ی فارسی).

بەشێوەیەکی جوانتربڵێین : لەکاتی خۆیدا باوباپیرانمان ئاینیان بەتوندی گرتبوو زۆر جیدی بون لەچەسپاندنی ڕێنامەییەکانی ئاین بگرە زیارەویشیان پێوەکردبوو لەم دونیایەدا، بۆئەوەی بچنە بەهەشتی ئافسانەیی فارس وعەرەب وە لەودونیادا، ئەو نەتەوانە بەجۆرێکی زۆر نابوتیانە ئاینیان پاوانکردبوو بە بەرژەوەندی نەتەوەو بەرفراوانکردنی

ئیستعماری لەسەرئەرکی گەلانی دیکە. ئەم شێوە تابلۆییە لەهەزاران ساڵەوە بەبێ ڕتوش وەك خۆی ماوەتەوە تاوەکوو ئەمڕۆ بێ ئەوەی گۆڕانکاری تیابکرێت.

دروستکردن وڕاگرتنی ڕژێمێکی دکتاتۆری شمولی بەپلەی یەك پشت دەبەستێت بەدەسەڵاتی ڕەهای تاك حزبی. بەعسیەکان چ لەسوریابێت یاخود عراق لاسایی نازیەکانی ئەڵمانیایان کردەوە لەدروستکردنی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەرانەی ـ تیرۆرستیانە، تەنها دان بەزمان وشێوازی زۆرداری وسەرکوتگەری وزۆرەملێی وپاکتاوکردنی کەسانی خاوەن بیروڕای جیاوزو نەیار. ئەمجۆرە شیوازە دەوڵەتیە، پێچوانەی کۆمەڵگای شارستانیە، سیاسەت بەوشێوەیە دەبێت وخۆشی هەروایە، چونکە تەنها وەك هونەرنیە، بەڵکوو شێوازێکە بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆ وململانێی ناوخۆی کۆمەڵگادا، پاشانیش لەنێوان کۆمەڵگاو دەوڵەتیشدا، بەبێ داڕوخانی هەردوو ژێرخانەکە (دەوڵەت وکۆمەڵگا) هەروەك شۆڕشەکانی ڕابوردوو چۆن ڕویاندابوو بەوشێوەیە. چونکە کۆمەڵگای شارستانی بەگوێرەی پێویست وبەشێوەیەکی حەتمی پێویستی بەدەزگای یاسایی هەیە، دادوەریەکی سەربەخۆیی، دەوڵەتی یاسا، حزبی سیاسی کەلەسەر بنەماو بناغەی شەرعیەتی دەستوری بێت بۆدابین کردنی هەڵبژاردنی ئازاد، دەستەبەرکردنی دیموکراسی شەفافیانە ولەژێر چاودێری یاساو ڕێکخراوی کۆمەڵگایی سەربەخۆدابێت لەژێر فەرمانی دەسەڵاتی دەوڵەتدا نەبێت.. هتد.

ڕوداوە ڕاستیەکانی مێژویی ڕابوردو وئێستاش دووپاتی دەکاتەوە کەڕێبازو ڕەوتی نازیەکانی عەرەب وهاتنیان بۆسەر دەسەڵات لەدیمشق وبغداد، بەتەرمی دەیان هەزار لەکچان وکوڕانی گەڵگی کوردو نەتەوەکانی دیکە داڕێژراوە، بێجگە لەخوێنی پاکی خاوەن ڕای جیاواز نەیار کەڕێبازەکە بەخوێنی ئەوانیش نەخشێنراوە، ئەوانەی ژیانی سوکایەتی سەرشۆڕیان ڕەتکردەوە لەژێردەسەڵاتی ئەوڕژێمانە مل کەچ نەکەن ئیتر لەسوریا بیت یاخود لەعراق، کە بەڕاستی پەڵەیەکی ڕەشە بەتەوێلی مێژوەوە. بەڵام مەسەلەی بونی حزبی کارتۆنی گاڵتەجار لەپاڵ حزبی بەعسی سوریا، لەخۆڵکردنە چاوی خەڵك وخۆجوانکردن زیاترنیە . دامەزراندنی بەعس لەسوریاو عراقدا لەسەرهەمان ڕەوت وشێوازی نازیەکانی ئەڵمانیاو نەمسا هەردوو کۆماری تۆقێنەر، بەندن بەچەندەها دەزگای سەرکوتگەریەوە، خەریکی زۆرداری وچوساندەوەو داڕوتانی هاوڵاتین وکەرامەتیان دەڕوشێنن دەستدرێژیان دەکەنەسەرو دەیانخزێننە ژێزەمین زیندانەکانەوە بەئامانجی پاراستنی رژێمی سەرکارو بەرەنگاری کردنی بەرژەوەندیەکانی ڕژێمی فەرمانڕەوا. لەوەئاشکراترهەیە کەلەعراقدا ڕویدا لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی صدام، سەرتاسەری عراق ببوە گوڕستانی گەورەی بەکۆمەڵی گەلانی عراقی ؟ بەمەرجێك هەموو بستێکی خاکی کوردستان بەخوێنی گەشی ڕۆڵەی کورد ئاودراو هەروەها بیابانی سوریاو بیابانی تەدمور هەزاران تەرمی کوردو عەرەب لەژێر لمی ئەو بیابانەنەدایە، کە دەزگا داپۆڵیسەنەرەکانی بەعسی خوێن ڕێژ سوریا کوشتونی !

لێرەدا پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی کەبێجگە لەناولێنان وهۆکارو کارکردی ڕۆژگار هەستبەهیچ جیاوزیەك ناکەین لەنێوان سەرکردەکانی گستابۆ لەجیبناو بەرلین دا لەڕۆژگاری زاڵبونی نازیەکاندا ولەنێوان کەرتی فەلستین زیندانی المزة (ڕابوردوو) وعەدرای ئێستاو بارەگای سیخوڕی عراقی لەبغداد وقصر النهایة وابوغرێب لەرۆژگاری حوکومڕانی صدامی زۆردار.

**پیادەکردنی هەڵبژاردنی سەرزارەکی :**

بەگوێرەی ئەوەی سروشتی حوکمی نازی ـ دکتاتۆری تەواوە لەدژی مەفهومی پیادەکردنی دیموکراسی ڕاستەقینەیە، نەك هەرئەوە بەڵکوو دژی ساکارترین بیروباوەڕی ئازادو ڕادەربڕینە دەرحەق بەئازادی تاکە کەس ومافەکانی خۆی لەهەڵبژاردنی ئەوکاندیدەی خۆی بەنوێنەری کارامەی دەزانێت وبەویستی خۆی هەڵیدەبژێرێت، بەبێ هیچ زۆرلێکردن وبەسەراسەپاندن، هەربۆیە نازیەکان جارجارە ناچاردەبون هەڵبژاردنێکی گاڵتەجاڕانە بەرن بەڕێوە تەنها بۆئەوەی شەرعیەت بدەن بەدەسەڵاتە خوێناویەکەیان. بەجۆرێکی دیکەوجوانتر ویستی گەل بەساختەکاریدابەرن، بەهۆی هەڵبژاردنی سەرزارەکیەوە کەبەر لەهەڵبژاردنەکە ئەنجامەکانی زانراوە. بۆنمونە هەردوو پێشەوا حافظ الاسد وصدام حسین بەردەوام ڕێژەی لە % 9، 99 دەنگەکانیان بەدەست دەهێنا. زۆر جێی پێکەنینە صدام حسین لە% 100 ی کۆی

دەنگەکانی هێنا لەوشانۆگەریەی هەڵبژاردنی تیاکرا لەوشەوەی دواهێرشی ئەمەریکایی تیاکراو دکتاتوریەتیەکەی بەعسی تیا ڕوخا لەبغداد.

**خۆ ئامادەکردن بۆ کوشتوبڕی بەکۆمەڵ، دانانی کورەی غازو دروستکردنی سەربازگەی مەرگ وەك جێ بەجێکردنی پراکتیکی سەبارەت بەتیۆری بواری زیندوی خودی نازیەکان :**

بواری تیۆری گرنگ وپێویست ڕۆڵی پەیڕەو پیادەکردنی بەخۆیەوە بینی، زۆر بە بەرفراوانی لەهەردوو سیاسەتی دەرەوەو ناوخۆی ئەڵمانای نازی، کەپاساوێك لەپاساوە لاوازەکانی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم بوو. ئامانجی ئەم تیۆرە لەناوبردنی زۆرترین ڕێژەی ئەوگەلانەبوو کە لەژێردەسەڵاتی داگیرکەری ئەڵمانیدابون بۆئەوەی لەڕووی جەستەییەوە کۆتاییان پێبهێنن، ئەوەش وەك دەستپێشخەریەك وخۆئامادەکردن بۆبەتاڵکردنی پانتاییەکی برفراوانی جوگرافی لەدانیشتوانی ڕەسەنی ئەوناوچەیەو لەکۆتاییشدا نیشتەجێکردنی ئەندامانی سەربە ڕەچەڵەکی ئەڵمانی وئاری لەجێی ئەوان. بەوپێیەش سەربازگەی گرتنی بەکۆمەڵ وکورەی غازیان داهێنا ئەوبوو لەکۆتاییدا مەرگی 6، 5 ملیۆن جولەکەو سلاف ونەتەوەی دیکەی لێکەوتەوە لەسەر دەستی هێزی س. س ویەکەی تایبەتی دیکە کەڕاهێنانیان پێکرابوو وئامادەکرابون بۆ ئەوئەرکە چەپەڵە نامرۆڤانە.

نازیەکانی ئەوسەردەمە ئەرکی دروستکردنی سەربازگەی کۆمەڵکوژیان سپارد بەپێشەوای س. س بەناوی هیملەروە، بەڵام ڕژێمی صدام حسینی لەناوچوو ئەوئەرکەی بەعلی حسن المجید سپارد، ناسراو بەعلی (کیمیاوی) بۆکوشتن وخنکاندنی کورد بەغازی ژەهراوی وچەکی کیمیاوی لەباشوری کوردستانا. بەڵام نازیەکانی سوریا بەکەسایەتی وەزیری ناوخۆی ڕابوردوی خۆی پیادەی کرد محمد حربة ئەوەبوو تێکۆشەرانی کوردیان سوتاند بەزیندوویی لەزیندانی حەسەکەی مەرکەزی لەساڵی 1993 هەروەها ڕژێم بەدەزگای سیخوڕی هەواڵگری ئەم ڕژێمە دکتاتۆریە هەستان بەسوتاندنی قوتابیانی منداڵانی کورد لەعامودا لەساڵی 1960. بێجگە لەدروستکردنی کوشتوبڕی جرنك لەدەوروبەری دەڤەری قامیشلوو لەساڵی 1980 بە بەشداریکردنی هێزەکانی تورکیای ئیستعماری، زیاتر لە 22 کەسی خەڵکی باکورو ڕۆژئاوای کوردستانی تیا بوو بەقوربانی.

محمد طلب هلال چەندین جاردوپاتی دەکاتەوە کەپەیڕەوی تیۆری ئەڵمانیای نازی بکەن بەسوربونی لەسەرپاکتاوکردن ولەناوبردنی کورد وپاککردنەوەی جزیرە لەکوردەکان ئەوخەسڵەت و ویستی دوژمنکارانەو دڕندەییەو بەرفراوانکردنی خاك وجوگرافیاییە لەسەرحسابی گەلی کورد لەوەزیاتر کەدەربڕینێکی ڕاستوڕەوانی هەمان تیۆری بوارو لایەنە گرنگەکەی نازی بون بێت شتێکی دیکە ناگەێنێت، بەڵام لەژێر پەرچەمی بەعسا دوای ئەوەی ڕەنگوڕویان کرد بەعروبەو یەکیەتی.. وچەندەها قسەی پڕوپوچی دیکەی بەعسی نازی کەتەنانەت بەرپرسە گەورەکان وپلەدارە بەرزەکانی سەرکردایەتی خۆشیان باوەڕی پێناکەن. سەبارەت بەوگوندانەش کەناویان نابوو گوندی نمونەیی کەبەعسی نازی بغداد دروستی کردبوو دوای تاوانە گەورەکەی هەڵبجە وئەنفال وکوڕو کچی گەلی کوردی خزاندبوە باشوری عراق ولەناوچە بیابانیە ڕووتەنەکان نیشتەجێکردبون ئەوەش نمونەیەکی دیکەی گرتووخانەی بەکۆمەڵ بوو لەوسەربازگانە کەلەسەر شێوازی تایبەتی بەعس ڕێکخرابوو.

**کرۆکی دوژمناکارانەی نازی ئەڵمانی وبەعسی نازی :**

نازیەکانی ئەڵمانیا پەیرەوی دوژمناکارانەو چاوچنۆکی بەرفراونکردنی خۆیانیان کەمنەکردەوە، دەرحەق بەوڵاتان وگەلانی دیکە، لەوکاتەوەی دەسەڵاتیان گرتە دەست لەساڵی 1933 وە. بەڵکوو ئەوسیاسەتە هەڵەشەو بەرەڵایەیان زیاتر بەهێزکرد بەهەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەمی ماڵوێرانکەر، کەنزیکەی 60 ملیۆن مرۆڤی تیاکرا بەقوربانی، بێجگە لەزەرەروزیانی مادی بەرچاو کە تائێستاس ئاسەواری ماوەتەوە. بەڵام شوێنەواری دەرونی وزامە قوڵەکانی ئەوجەنگە کەلەدوای خۆی جێی هێشتوە، کارێکی ئاسان نیە لەیادبکرێت وپشتگوێ بخرێت.

بەعسی ڕەگەزپەرستیش بەگوێرەی پێکهاتەی دروستبونی خۆی وناوەرۆکی دوژمنکارانەی نامرۆڤانەو نادیموکراسیانەیەوە هەرگیز بەدەرنیە لەم بنەماو یاسانە. بەعسی سوریا لەوەتی دەستیگرتوە بەسەردەسەڵاتدا تائەمڕۆش بەردەوام لەجەنگدابوە لەدژی گەلی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان. لەگشت ئاستێکیشدا : ئابوری سیاسی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی. نەك هەرئەوە بەڵکوو سەرانی گەورەی ئەو ڕژێمە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ ڕێکدەکەون لەدژی حوکومەتی ناوخۆ وچالاکیەکانی گەلی کورد لەباشوری کوردستان بەمەبەستی لەباربردنی ئەوپڕۆسەیە ولەناوبردنی بەئێجگاری، بەرلەوەی کات بەسەربچێت بەگوێرەی ئاموژگاریەکانی محمد طلب هلال ئەوپڕۆسە چەپەڵە خرایە بواری جێ بەجێکردنەوە. هەروەها بەعسی نازی پلان دادەنێت لەدیمشق لەدژی بزوتنەوەی ڕزگارخوازی کورد لەباکوری کوردستان کەخەبات دەکەن لەدژی دەسەڵاتی ئیستعماری تورکی، تەنانەت گەشتە ئەوەی سەرۆك ئوچ ئالان لەدیمشق دەرکەن وچەندین شۆڕشگێڕی سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دایەدەست تورکەکان، ئەوڕووداوە بەراسپاردەی ڕاستەوخۆی بشار الاسد جێ بەجێکرا، بەرلەسەردانەکەی ئەم دواییەی بشار الأسد بۆ تورکیا لەساڵی ڕابوردودا. بەڵام ناوەرۆکی پڕۆسەیەکی کوشتووبڕی بەعسی عراقی وئەوجەنگەی بەرپایکردبوو لەدژی دانیشتوانی کوردی بێ دەسەڵاتی سیڤیل کەبەردەوام بوو تاوەکوو لەکۆتاییدا ئەمەریکا دەستێوەردانی کرد، کەپێویستی بەچەندەها بەرگی گەورە هەیە تاوەکوو مێژوەکەی تۆماربکرێت. هەروەها جەنگی صدام لەدژی ئێران هەشت ساڵی ڕێکی خایاند، وچەند ملیۆنێکی تیاکرا بەقوربانی، بێجگە لەجەنگی کوەیت، نمونە گەلێکی زۆرهەن مرۆڤ باوەڕی پێبکات کەبەعسیەکان بەهەردوو باڵی سوریا وعراقیەوە لەسەرهەمان ڕەوتی نازیەکانی ئەڵمانیا ڕۆشتن بەرێوە زۆربەڕاشکاوانە سەلماندیان کەتەنهاعروبە نەبوە قوربانی ئیستعمار، بەڵکوو دەستدرێژیکەران وهەڵسوڕێنەرانیشی، بەشێوەیەکی زۆردڕندانە ڕەفتاریانکرد کەبەهیچ شێوەیەك لەوێنەی نەبوو سەبارەت بەدوژمنایەتیان دەرحەق بەگەڵ کورد، کەبەردەوام لەخۆشی وناخۆشیدا لەگەڵیان بوو.

هەروەها حزبی بەعس پەنایبرد بۆدەرکردنی یاسای تەشریعی ومەرسومی نوێ، حاڵی وەك حاڵی نازیەکانی ئەڵمانیا، تاوەکوو بتوانێت خەسڵەت و ویستی دوژمنکارانەی خۆی بەتاڵ بکاتەوە بەویاسایانە وەك : یاسای حاڵەتی تەواری، ویاسا کاتیەکان ودادگای سەربازی کەبەهیچ شێوەیەك کەمترین مافی تیاپرازراونیە بەگوێرەی یاسای دەوڵەتی کارپێکراو، بەهۆی نەبونی دەوڵەتی یاساوە سوکایەتیکردن بەحورمەتی دەسەڵاتی تەشریعیەوە وگۆڕینی بەدەزگایەك سەربە دەسەڵاتی تەنفیزیەوەبێت، بەشێوەیەکی ڕاستروا دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی سیخوری دەزگای هەواڵگری ودەزگا داپڵۆسێنەرە نهێنیەکانیش، دەقاودەق وەك ئەوەی لەئەڵمانیاو نەمسا ڕویدەدا، لەسەردەمی دەسەڵاتی نازیەکاندا.

**بەهەڵە بەکارهێنانی تیۆری پلان داڕشتن :**

نازیەکانی ئەڵمانیا پڕوپاگەندەیانکرد، بەمەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان وبۆ لەناوبردنی نەیارانیش ئیتر گرنگ نیە نەیارەکە چەندێك بچوك بێت وکاریگەری کەمبێت سەبارەت بەتیۆری پلاندان کەلەهەزاران ساڵەوە بەوشێوەیە چوەبەرێوە لەدێرزەمانەوە، لەبەرئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر ناتوانێت شان بەشانی ڕووداوەکان بڕوات، بەڵکوو پاساو بۆ بونی خۆی دەهێنێتەوە، بەبێ ئەوەی دوژمنی لەبەرامبەردابێت یاخود هەربونی هەبێت، تەنانەت ئەگەر خەیاڵیش بێت. بەگوێرەی ئەوخاڵانەش دەستیانکرد بە بەکارهێنانی دەستەواژەی پڕوپاگەندەی نازی لەسەرئاستێکی بەرفراوان لەمەرتیۆری پلاندانانی شیوعیانەو جولەکانە لەدژی ئەڵمانیا وەك پاساوێکی پوچەڵ بۆپاساوی جەنگی جیهانی دووەم وبۆ لەناوبردنی نەیارەکانیش. لەوچوارچێوەیەدا کتێبی پرۆتۆکەلی لۆبی (صهیۆنی) ساختەکراو لەلایەن سەرانی گەورەیانەوە داتاشراو خستیانەڕوو وبڵاویان کردەوە، وەك ئامادەکاریەك ودەست پێشخەریەك بۆلەناوبردنی جولەکەو نەیارەکان وسوتاندنیان لەکورە گازیەکاندا. هەرکەسێك کتێبەکەی محمد طلب هلال بخوێنێتەوە، لەگەڵ نوسینەکانی منذر الموصلی (کەئەویش لەپیاوە گرنگەکانی دەزگای هەواڵگری سیخوڕی سوریایە کەلەڕابوردودا لەڕۆژئاوای کوردستان بوە)، دواهەمینیشیان کەئەوە کۆتاییەکەی نیە وتارەکەی د. سهیل الزکاریش لەمەرکەزی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی عەرەبیدا (دەربارەی مەفهومی کەمایەتی چەند دەکرێت بەسەر نیشتمانی عەرەبیدا تطبیق بکرێت)، کە لەڕۆژنامەی سەربەخۆدا بڵاوکرایەوە لەژمارەی 73 ی بەرواری 2 / 10 / 1995، هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی عبالله الاحمر وفاروق الشرع

هەرهەموویان بەهەمان ڕێڕەودا ڕۆچون : بەناوی پلانێکی کوردیانە لەسەرخاکی سوریا. بەمەرجێك چەندەها هەڵوێستی دژەکارانە لەمێشکی گەلی کوردا چەسپاوە سەبارەت بە بەرپسە گەورەکانی سوریا لەهەڵوێستی دوژمنانەیان دژبەگەلی کورد لەرۆژئاوای کوردستان کە بەپلانێکی ئەمەریکی ـ صەهیۆنیان وەسف کردبوو !! ئابەوشێوەیەو بەوپەڕی پاکیەوە بەرپرسە سوریەکان لاسایی سیاسەتی نازیەکانی ئەڵمانیا دەکەنەوە لەشێوازە پێچاوپێچە چەپەڵەکانیاندا.

**شاردنەوەی تاوانبارنی جەنگی نازیەکان لەلایەن بەعسی سوری وعراقیەوە وپەیوەندی پتەو لەگەڵ نازیە نوێکاندا :**

بەگوێرەی ئەوەی لەڕابوردودا باسکراوە، هیچ بواری گفتوگۆی تیانەماوە سەبارەت بە بەرنامەو چوارچێوەی بنەمای ئایدیۆلۆجی هاوبەش لەنێوان نازیەکانی ئەڵمانیاو بەعسیەکاندا. ئەودوو تێۆرە دوو ڕووی یەك دراون بەشێوەیەکی زۆرئاشکرا ئاماژەو پێشنیارو بۆچونی چینە نەتەوەییە ـ ڕاستڕەوەکان دەردەبڕن کە لەهەموویان زیاتر توندڕەو ورەگەزپەرسترن، بەڵکوو لەجۆرەی کەزیاتر دوژمنکاریشن.

هەردوو نوسەری ئینگلیزی جون بولوخ وهارفی موریس لەکتێبەکانیاندا کەبەناونیشانی : جەنگی صدامەوەیە لەساڵی 1991 دا بڵاوکراوەتەوە دەڵێن :

((کۆی دەزگاکانی بەعس ونازیەکان سۆزێکی بەکۆی هاوبەشیان هەیە دەرحەق بەڕابوردوی شکۆدارو ئەفسانەییانەوە، سەرای هەوڵدانی ئەفسانەیی ـ درۆزنانە سەبارەت بەگێرانەوەی یەکیەتی ڕیزەکانی نەتەوەی دابەشکراو، بۆهۆکاری پلانی هێزە دەرکیەکان دەگێڕنەوە، کەمیراتی لێدزیون. بەعس لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستا هەڵگراونتەوە وەك نازیەکانی ئەوروپا بونەتە باڵێکی دژ بەمارکسیەت)).

لەکەس شاراوەنیە کاتێك جەنگی جیهانی دوابڕیاری لەسەردرا کۆتایی پێبێت وتۆپەکانیان خەفەکران، ژمارەیەکی زۆری تاونبارانی جەنگ وتاوانبارانی دژی مرۆڤایەتی هەوڵیاندا خۆیان دەربازبکەن لەسزای دادپەروەری، ئەوسزایەی هاوڕێکانیان بەسزای خۆیان گەشتن لەدادگاکانی نۆرنبێرگ وتوکیۆدا لەساڵی 1945. ژمارەیەکی بەرچاویان توانیان خۆیان حەشاربدەن لەئەڵمانیاو نەمساو هەندێك لەوڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا. بەڵام هەندێکی دیکەیان بەخت یاریان بوو لەهەڵهاتندا ئیتر چ بۆ ئەمەریکای لاتینی بێت یاخود هەندێك لەوڵاتە عەرەبیەکان وەکوو سوریاو میسر. هەندێ لەوتاونبارانەش لانەیەکی گەرموگوڕیان دەستکەوتبوو لەلای نازیە عەرەبە نەتەوەییەکان، لەوانە : الویس برۆنر، ناوە ساختەکەی جورج فیشر. الویس برۆنر لەساڵی 1972 دا هاتوتە سوریاوە، لەدوای کۆچی سەرۆکی میسرەوە جمال عبدالناصر لەمیسرەوە هاتبوو.

ئەودرندە نازییەی بەرپرسە لەکوشتنی 24 هەزارکەس لەسەربازگە زۆرە ملێکانی کوشتنی بەکۆمەڵ لەسەروبەندی جەنگی گەردونی دووەمدا، حوکومەتی سوریای دکتاتۆری ڕابوردوو حافظالاسد مافی پەناهندەی سیاسی ونیشتەجێبونی پێ بەخشی لەدیمشق. ئەویش بەڕۆڵی خۆی بەوپێیەی شارەزایە لەکاروباری ئاسایش وپاکتاوکردنی بەکۆمەڵ شارەزاییەکانی خۆی گواستەوە بۆ لای بەعسیەکانی سوریا بۆئەوەی گەلی کورد لەناوبەرێت بەهێمنانەو بێ ئەوەی هیچ ئاژاوەیەکی لەدواوەبێت. سەرەڕای داواکاری حوکومەتی ئەڵمانی وکەسایەتی وەزیری دەرەوەی یوشکا فیشەر وچەندین بەرپسی دیکەی ئەڵمانیا، داوایان لەسەرۆکی سوری ڕابوردوو حافظ الاسد کردبوو کە چەندین جاریش دووپاتی داواکەیان کردبۆوە بدرێتەوە دەست ئەڵمانیا، بەڵام ئەو بەشێوەیەکی بنەبرکراو ڕەتیکردەوەو هەموو جارێك پێی دەوتن لەسوریا نیە سەرەڕای ئەوەی بەگویرەی زانیاری ئێمە کە دەڵێت دوا ئەدرێسی ئەو تاوانبارە : لەشەقامی جۆرج حدادی ژمارە 7 ـ دیمشق.

بەدڵنیاییەوە لەم سۆنگەدا پێویستە لەسەرمان باس لەوپەیوەندیە بەهێزەی نێوان نازیە نوێکان لەئەوروپاو بەعسیش لەدیمشق وبغداد. پێشەوای ڕابوردوی پارتی سەربەستی نەمساوی یورغ هایدر (ئێستا سەرۆکی هەرێمی کارنیتایە) لەجارێك زیاتر سەردانی بغداد ودیمشقی کردوە لەساڵانی ڕابوردودا. ئەم سیاسەتمەدارە نازیە، کەڕووی ڕاستەقینەی خۆی لەژێر پەرچەمی ئازادیەوە شاردۆتەوە، لەسەروبەندی هێرشەکەی ئەمریکای ئەم دواییە کە لەئازاری ساڵی

ڕابوردوابوو ئەمەریکا هیرشی کردەسەر صدامی دیکتاتۆر، کتێبێکی دەرکردوە بەناونیشانی : لەمیوانداری صدام دا، ڕاستیە مێژوویەکانی سەرلەبن هەڵگێراوەتەوە. بەهەموو شێوەیەك نکوڵی لەکوشتوبڕیەکانی هەڵبجەدەکات کەلەلایەن نازی بغدادوە کرابێت، بەبێ هیچ بەهانەیەك یاخود بێ هێج پشت بەستنێك بەهیچ بەڵگەیکی مادی ئاشکراو بەردەستی هەبێت، جگە لەدوبارە کردنەوەی نارەوایەتی ودرۆی ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی صدامی هەڵکەنراو، لەسەرهەمان شێوازی گوبلزی وەزیری پروپاگەندەی ڕابوردوی نازیەکان، بەعسیەکان لەدیمشق وبغداد بەجوانی لاساییانکردەوە. تەنانەت هەست وسۆزو لایەنگری خۆشی ناشارێتەوە دەرحەق بەڕژێمی دیکتاتۆری دیمشق وچۆنیەتی یارمەتیدانی بۆ ئەوەی لەوقەیرانی تەنیاییە ڕزگاربیکات . وێنەیەکی
دەگمەنیشمان لەبەردەستایە کەهی پێشەوای نازی نەمساویە یورگ هایدر لەگەڵ مصطفی طلاس لەهۆڵی کۆشکی وەزیری بەرگری سوریا لەدیمشق وێنەکەگیراوە پۆستەرێکی بەدەستەوەیە کەلەداهێنانی پێشەوای گۆربەگۆڕ ادولف هیتلەری نازیە. ئەوپۆستەرەی محمد طلاس شانازی پێوەدەکات، ئێستا یەکێك دیوارەکانی هۆڵی ماڵەکەی ڕازاندۆتەوە پێی، بەپشتڕاست کردنەوەی ئەو قسەی وتراوەو دەڵێت : مەنجەڵ گەڕا سەرقاپی خۆی دۆزیەوە.

**لادان وشێواندن وچەواشەکردنی مێژوو لەسەرشێوازی نازی :**

نازیەکانی ئەڵمانیا وبەعس دووجۆرن هیچ جیاوازیەکیان نیە، بەتیبەت سەبارەت بەهەرشتێك پەیوەندی هەبێت بەدرۆ وفێڵ وفەرجەوە دەرحەق بەمێژوو. محمد طلب هلال لەسەرهەمان ڕەوتی وەزیری پروپاگەندەی گۆبلزی نازیەکان بەتایبەت لەبواری گەرم کردنی درۆ وهونەری جوانکردنی درۆکاندا بۆئەوەی بیکاتە چوارچێوەی ڕاستیەوە یاخود لەشێوەی ڕاست دەرکەوێت، لەوانە خەڵکانی سادە باوەڕبیێبکەن بۆنمونە بەدرۆ وبوختان ئیدعادەکات گوایە : عەشرەتی شمر لە 300 ساڵ لەمەوبەر لەجزیرەدا نیشتەجێبون هەروەها عەشرەتی طی لەیەمەنەوە هاتون و500 ساڵە لەجزیرە نیشتەجێن. ڕاستیەکەشی ئەوەیە هەردوو عەشرەتەکە لەجزیرەدا نیشتەجێبون بەواتایەکی دیکە لەدوای سەربەخۆیی سوریا واتە لەساڵی 1947 نیشتەجێکران وبون بەهاوڵاتی، کە لەسەردەمی حوکومەتی شکری القوتلی جێ بەجێکرا خۆشی دانی بەوەدا ناوە. تەنانەت بەکۆی دەنگو بۆچونی مێژوو نوسانی ئەوروپاو روسیاش هەتا فەرمانبەرە ئیداریەکانی خودی سوریاش لەبیستەکان وسیەکانی سەدەی ڕابوردودا سەلماندویانە کورد هەر لەئەزەلەوە لەناوچەکە ژیاون ونیشتەجێ بونیان بەردەوامی وتەواکەری ڕەسەنیەتی وجوگرافی باکوری - ڕۆژئاوای کوردستانە کە لەژێر دەسەڵاتی ئیستعماری تورکیایە. کەوابوو کورد خاوەنی ئەوخاك وناوچەیەن بەر لەدروستبونی دەوڵەتی سوری بەرلە هەزاران ساڵ . من منداڵی خۆم لەشاری عامودای کوردەواری بردەسەر، هەرلەوێش قۆناغی سەرەتاییم تەواکرد، ماڵمان بەتەنیشت سینەما کۆنەکەوە بوو کەڕژێمی بەعسی نازی سوری 380 قوتابی کوردی تیا سوتاند لەساڵی 1960. پاش کۆتایی دەوامی ڕەسمی ئێمە کۆمەڵێك قوتابی مێردمنداڵ بوین لەتەنیشت گردێکەوە یاریمان دەکرد، کەوتبوە بەشی باشوری شارەکەوە ناوی گۆڕستانەکەیان ناوبوو شرمولا بەکوردی ( Mezele Shermola )، بەمانای وشە گۆڕستان نەبوو، بەڵکوو گردێکی مێژووی دێرین بوو، هەمو جارێکیش پارچەی پاشماوەی فەخفوری ئاسەواری هەمەچەشنەی گەورەو بچوکمان دەدۆزیەوە لەوێ، نەخشی زەلامی لەسەرکرابوو لەنێرومێ لەشێوەی بازنەیی سەرقاڵی هەڵپەرکێی کوردی بون لەوشێوازانەی ناسراوە وەك : هوررزی وسولْتانە. هەمان شتیش ڕویدا بەسەرمانا کاتێ سەردانی بەرزاییەکانی گری موزا کەوتبوە دەروبەری شاری عامواداوە لەوێش یاریمان دەکرد لەکاتی یاریکردندا پارچەی ئاسەواری دەگمەنمان دەدۆزیەوە لەو فەخفوریە نەخشکراوانە، ئەو بەرزاییە بەعسیەکانی سوریا ناویان ناوە : ام الربیع محمد طلب هلال وئەوانەش کەوەك ئەون هەرچی چەند هەوڵبدەن مێژووی گەلی کورد بشێوێن وساختەی تیابکەن وبەکۆچەری ولەتورکیاوە هاتون یان بێگانەن ئەوقسە پروپوچ وپێناسەی ناشیرین وبەکارهێنانی ناونەتورە بەکاربهێنن کەهیچ پەیوەندیەکی بەڕاستیەوەنیە هیچ لەمەسەی گەلی کورد ناگۆڕێت وکەمیش ناکات، وجزیرەش هەرهی کوردبوەو بەکوردیش دەمێنێتەوە، بەشێکە لەکوردستان وجیا ناکرێتەوە لەنیشتمانی کوردستان، لەبەرئەوەی ئەوەڕاستیە نەك هەرمێژوویی بێت ، وڕاستیەکی گەواهی داریشە. لەبەرئەوەی کاتێك باپیران وباپیرانی باپیرانی محمد طلب هلال سەرقاڵی شوانکاری مەڕوماڵات وحوشترەکانیان بون ولەملاوە کۆچیان دەکرد بۆئەولا لەدەورووبەری چارکە بەتاڵەی دورگەی عەرەبی چۆڵوهۆڵا، بەوردی ئالەوکاتەدا، گەلی کورد لەجزیرەو ناوچەکانی دیکەی کوردستانا نیشتەجێ بون وسەرقاڵی دروستکردنی

خانوبەرەو دروستكردنی شارو گوندبون وئاوەدانیان دەكردەوەو داهێنانی شارستانی ورۆشبیریان داهێنابوو، لەدوایدا ببوە نمونەیەك بۆزۆرینەی گەلانی دوورو نزیكی ناوچەكەو چاویان لەكورد دەكرد لەوسەردەمانەدا.

**پرۆژەی بەرنامەی ستراتیجی نەتەوەی كورد كە دژ بەپرۆژەی بەعسی نازیەكانە، لەرۆژئاوای كوردستان**

ئێمە لەم سەردەمەدا لەجیهانێكی پڕ تۆڕی ئاسمانی وئەنتەرنیتا دەژین، لەجیهانێكی گۆڕدراو جیاوز، كە خێراییەكی ئێجگار بەتینی هەیە ولەمەوبەر ئەوەشێوەیەی بەخۆیەوە نەدیوە. پێچەوانەی ڕاستیەكانیش نالّێین ئەگەربێتوو بلّێین پەیوەندیەكی دیالەكتیكی هەیە لەنێوان پرۆسەی گۆڕانی ئابوری ـ كۆمەلایەتی وسیاسی وئەم دیاردە نوێیەدا كە لەچەرخی ئێستامانادا باوئەبوە ونەبینراوە. كەوابوو بەپێی ئەوبنەمایانە، پێویستە لەسەرمان بەگوێرەی ئەو بارودۆخە بابەتیەی لەئارادایە، سود لەدینامكیەتی جیهانی هاوچەرخ وداهێنان وعەولّمەو ئەوچالاكیانەی لەئێستادا هەیە بەجۆرێك بخرێنەگەر وباكربرێن كەعەقلانیەتی لەخۆی گرتبێت ولەهەمان كاتدا چالاكانە بچێتە ژێرباری خزمەتی گەلی كوردەوە لەمبەشەی نیشتمانی كوردستانمان. ئەگەربێتوو عەولەمەو دیاردەی دیموكراسی بەخۆی وجۆرەكانیەوە لەبەرچاوبگرین ورەچاوی بكەین. كەعەورەتی بەعسی سوری ونازی چەپەلّی ئاشكراكرد، بەخۆی وپلانە نهێنی وئاشكراكانیەوە كەمەبەستی بوو گەلی كورد لەبەین بەرێت لەرەگوڕیشەوە هەلّكەنێت وبیكات بەهەوالّێك بوو وكۆتاییهات . هەركەسێك كتێبەكەی محمد طلب هلالی نازی بخوێنێتەوە، بەسەرنجەوەو بێگرژی وهەلّەشەیی، ولەكۆتاییشدا هەولبدات زانیاریەكان وەرگرێت ولێی تێبگات وبتوانێت خوێندنەوەو شیكردنەوەی خەتە پانەكانی سیاسەتی حوكومەتی سوری بخوێنێتەوەو لێی حالّیبێت، بەدلّنیاییەوە دەگاتە یەك ئەنجام تەنها یەك ئەنجام دوو نا، كەئەویش : كۆششی بەعسی نازیە بەپێی هەمان ڕەوتی خێرایی گۆڕانكاریە ڕادیكالیەكان، كەبەروژمێكی ڕەشەبا ئاسا هەلّدەكاتە سەردیاردەو ئاسەواری هاوچەرخمان بەمەبەستی بەتالّكردنی ڕۆژئاوای كوردستان لەكورد بەهەموو شێوازێك وڕێگایەكەوە. بەشێوەیەكی دیكە دەربڕین : ودەرنانی زوربەی زۆری كورد بەرەو دەرەوەی كوردستان ولەناوبردنی ئەوكەمایەتیەی ماوەتەوە وبەملاولادا پەرش وبلاوبونەتەوە بەهۆی ئابلّوقەی ئابوری وبرسیكردن وسوتان وكوشتوبڕی وتوانەوەوە.. هتد. هەرگیز مێژوو خۆشنابێت لەوسەركردەو كەسایەتیە كوردانەی كەمتەرخەمی دەكەن وكردویانە لەوئەركە پیرۆزەی خراوەتە سەرشانیان، لەپێناوی پاراستنی ئەمبەشەی كوردستان ورزگاركردنی لەدەستی چەپەلّی نازیەكانی سوریا، كەدەیان سالّە ئاوازی مەرگی لەسەرخۆ وهێمن لێدەدات بۆ گەلی كورد.

لەوانەیە گێرانەوەی ئەم ڕووداوە تەمی لێلاوی لەسەرچاوی زۆرینەیەك لەرۆلّەكانی گەلەكەمان لەنێرومێ لەناو گەلی كوردی ڕۆژئاوای كوردستانا لابەرێت. ئەم ڕووداوە بەسەر براكانی لاوێكی كوردا ڕویداوە، كەبەرلەچەند سالّێك لەمەوبەر پەنای برد بۆ ئەوروپا، خۆی بەزمانی خۆی بۆی گێرامەوە خۆشی شایەت بوە بەسەر ڕووداوەكەوە، پەناهندە كوردەكە خەلّكی شاری قامیشلۆیە دەلّێت : برایەكم لەناو لەشكری سەربازی سوریا خزمەتی سەربازی دەكرد بەلام لەكاتی ڕووداوەكە لەمالّەوە بوو چەند ڕۆژێك دواكەوتبوو لەوەی پەیوەندی بكاتەوە بەیەكە سەربازیەكەی خۆیەوە لەناكاو ڕۆژێكیان مەفرەزەیەكی پۆلیسی سەربازی هەلّیانكوتایە سەر مالّەكەمان وبراكەمیان گرت وبردیانەوە دەرەوە بۆناوەڕاستی شەقامەكە، پەلاماریانداو بەهەمویان شێوەكەوتنە لێدان وجنێودان وسوكایەتی پێكردن. كاتێ براكەم ولامیدایەوەو ویستی ڕوونكردنەوەیەك بكات بۆبەرپرسی مەفرەزەكەو هۆكارەكانی بۆ شێبكاتەوە. بەرپرس یەكسەر دەمانچەكەی دەرهێناو چەند گولەیەكی بەتالّكردەوە لەجەستەی برا شەهیدەكەما كەیەكسەر لەجێدا گیانی لەدەستدا. براكەم جەستەیەكی ساردوسڕبوو كەوتبوە سەر زەویەكە لەناوەڕاستی شەقامەكەدا، خوشكەكەم بەهەلّداوان هات وخۆیدا بەسەر تەرمی براكەمدا باوەشی پیاكردبوو وبەكوڵ دەگریا بۆی. هەرلەوكاتەدا بەرپرسی مەفرەزەكە بەدەنگی بەرز هاواریكرد بەسەر ئەوخەلّكەدا كەكۆببونەوە لەسەرشۆستەی شەقامەكەدا بەهۆی تەقاندنی گولەكانەوە : چاوڕوانی چی ئەكەن لێرە ؟ بۆچی سەفەرناكەن بۆئەوروپا. بۆئەوەی ڕزگارتان بێت وئێمەش ڕزگارمان بێت لەدەستتان ؟؟؟ ئەم ڕووداوە بارودۆخی پڕچەوروستەمی گوزەرانی نامرۆڤانەی گەلەكەمان كوتدەكاتەوە لەرۆژئاوای كوردستانا لەژێرچەپۆكی دەسەلاتی وەچەكانی ئەمەویە دەشتەكیەكان كەلەزمانی كوشتوبڕی وزۆرداری وتالانی وپاكتاوكردنی گەلێك هەرگیز نەسەر دادەنەوێنێت ونەبەژیانی كۆیلایەتی وسەرشۆڕی ڕازین.

ئێمە پێشنیاردەکەین بەپێی بریارو بەندەکان یاخود بیرۆکەیەکی بنەڕەتی بۆ پرۆژەی بەرنامەی کاری نەتەوەی کورد دروست بێت هەڵگری تێڕوانینێکی دوربینانەی ستراتیجی وتاکتیکی بێت، لەبەرەنگاری بونەوەی پلانەکانی بەعسی نازی، کەمشتی خۆشکردوە ومەبەستیەتی گەلی کورد پاکتاو بکات لەسەر ڕووی ئەم زەویە نەهێڵێت.

**لەسەر ئاستی سیاسی :**

یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی بزوتنەوەی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان لەسەربنەماو بیری نوێ بەمەرجێك ئاستی هێندە بەرزبکریتەوە کەلەومەترسیانەبگات کەڕوویکردۆتە گەلی کوردو بونی گەلی کوردیش، ئەویش پێویستە لەچوارچێوەیەکی ڕێکخراودابێت یاخود لەشێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گشتگیر، لەپێناوی نوێنەرایەتی کردنی ویستی گەلی کورد بەشێوەیەکی هاوچەرخ وکاریگەرانە. دەستەبەرکردنی هەڵبژاردنی دیموکراسیانە دژ بەویستی حوکومەتی سوریای دیکتاتۆربێت ئەویش لەپێناوی هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەلی کورد لەژێر چاودێری سەرپەرشتی دەوڵەتیدابێت بەمەبەستی دامەزراندنی پەرلەمانی ناوخۆیی کوردی، پاشانیش حوکومەتی کوردی لەهەندەران پێکبهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی لایەنگری ڕەسمی دەوڵەتان.

ڕاگەیاندنی بەرهەڵستیەکی شارستانیانەی گشتی بەردەوام هاوکات لەگەڵ خۆپێشاندانی چڕوپڕ لەناوچە کوردنشینەکان، کەکاریگەریەکی گرنگی دەبێت سەبارەت بەیەکگرتنەوەی هێزی مەزنی شاراوەی نێو ڕیزەکانی گەلی کوردو ئاراستەکردنی لەدژی سەرانی دەسەلاتی شۆڤینی لەناوچەکوردیەکان. جوڵەی جەماوری چڕوپڕو وختابی سیاسی لەکۆبونەوە گشتیەکان خۆپیشاندانەکاندا بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاریەکی ڕیشەی دەکاتە سەرعەقڵ وهەستی وشیاری سیاسی کوردو دەبێتە هۆی زیاترکردنی پێکەوەلکاندن ویەکگرتنەوەی نێو ڕیزەکانی کۆمەڵگای کوردە. هاوکات دەبێت لەهەمانکاتدا بەیاننامەو ڕاگەیاندن بەچڕی بڵاوبکرێتەوە لەناو شارو گوندەکانی کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان. کارکردنێکی پتەو بەشێوەیەکی بنەبڕکەرو کاریگەرانە کەڕۆژانە بەردەوامبێت لەپێناوی سڕینەوەی بڕیارە شۆڤینیە ڕەگەزپەرستەکان بڕیاریدەربوو سەبارەت بەپشتێنەی عەرەبی یاخود مستەعمراتی عەرەبی لەخاکی کوردستان وگەڕانەوەی ڕەگەزنامەی سوری بۆ ئەوکوردانەی لێی بێ بەشکران.

**لەسەر ئاستی ئابوری :**

پێویستمان بەوەنیە گرنگی هۆکارو ڕۆڵی بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیە نەتەوەییەکان ڕوونبکەینەوە. چونکە حوکومەتی شۆڤینی سوریا بەردەوامە لەهەژارکردنی کوردو ماندوکردنی ناوچە کوردەواریەکان وگەمارۆدانی ئابلۆقەیی وئابوری بخاتەسەر بەمەبەستی ناچارکردنی کورد بەرەو ناوەوەی سوریا بڕۆن یاخود کۆچی بەڵێشاو بەرەو ئەوروپاو دەوڵەتانی دیکە.

لەم بوارەدا دەتوانین ئەم خاڵانە تۆماربکەین :

*- پێویستە بەرنامەی ئابوری حوکومەتی داهاتوو، پرۆژەی ئابوری لەگشت ناوچە کورد نشینەکاندا دروستبکات وبایەخی پێبدات بە مەبەستی گەشەپێکردن وبەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری ناوچە کورد نشێنەکان بۆئاستی ناوچە عەرەب نشینەکان لەپێناوی ئەوەی بواری کار دروست بێت بۆ تاکی کورد تاوەکوو لەسەرخاکی نیشمانی خۆیان بمێننەوەو بەسەربەزی وشکۆداری تیایا بژین.

* - هەماهەنگی کردن لەتێکۆشانی سیاسی ودبلۆماسی لەگەڵ یەکیەتی ئەوروپا بەتایبەت لیژنەی ئەوروپی یەکیەتی ئەوروپا لەسەرو هەمویانەوە بەڕێز رومانو برودی یاخود هەرکەسێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە لەوپلەیەدا بۆئەوەی ئەگەر حوکومەتی سوری قەرزی درایە یاخود بڕیاری پرۆژە دروستکردن درا سوریا مەرجداربکەین بەشێکی زۆری ئەوپرۆژانە یاخود ئەوقەرزە لەناوچەکورد نشینەکاند بخرێتەگەر.

* ـ دروستكردنی سندوقێك یاخود بانكێكی مەركەزی كوردی لەهەندەران لەلایەن دیاسبورای كوردەوە لەسەرو هەموشیانەوە ڕێكخراو وحزب وكەسایەتیە كوردەكان ئەوانەی لەژێر چەتری كۆنگرەی نیشتمانیدان یاخود لەژێر چەتری بەرەی سەرتاسەری كوردستانیدان، بەتەنسیق وهەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوی ئابوری جیهانی لەسەرو هەموشیانەوەرێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان ورێكخراوی دیكەی جیهانیش.

* ـ كۆكردنەوەی كۆمەكی مادی وهەریارمەتیەكی دیكەی ماڵی لەئەوروپاو دەوڵەتانی دیكە ودابەشكردنی بەسەركوردانی هەژارو بێدەرتان.

**لەسەرئاستی ڕۆشنبیری وڕاگەیاندن :**

*ـ دامەزراندنی دەزگایەكی ڕاگەیاندنی كوردی یەكگرتوو لەدەرەوەی وڵات بۆپێناسەكردنی ڕای گشتی جیهان دەرحەق بەباروِدۆخی ئاڵۆزو پركێشەی گەلی كورد لەڕۆژئاوای كوردستان وڕونكردنەوەی ڕەوتی دیموكراسی وڕزگاری خوازانەی بزوتنەوەی كورد لەم بەشەی كوردستان، وسودوەرگرتن لەئەكتی ڕەشی حوكومەتی سوری لەبواری بەزاندنی مافی مرۆڤ لەگشت بوارەكاندا.

*ـ دروستكردن وڕێكخستنی قوتابخانەو پەیمانگە بۆفێركردن وخوێندنی كوردی لەگەڵ بەخشینی بەڵگەنامەی دەرچونی ڕەسمی بەئامانجی بوژانەوەی ڕۆشنبیری كوردی ڕەسەن وگێرانەوەی ئومێد بۆنەوەی نوێی داهاتوی كورد، كەدەسەڵاتی نازی دمشق تێدەكۆشێت لەپێناوی كپكردنی وبێ بەشكردنی لەسەرچاوەی ڕۆشنبیری وتەكنەلۆجیای سەردەم.

*ـ هەڵوەشاندنەوەی گشت ناوێك وزاراوەیەكی عەرەبی وبەكارهێنانی تەنها ناوەكوردیەكان لەسەرجەم گوندو شارەكانی ناوچە كوردەواریەكاندا.

*ـ بوژاندنەوەی كەلەپوری كوردی كۆن وناساندنەوەی گەلی گەلی كورد بەزردەشتی بونی لەڕابوردوی دێرین ورەسەنیداو هۆكاری كارتێكردنی ئەوئاینە لەكاریگەری گرنگ بۆسەر كەسایەتی كورد لەڕابوردوداو ولەئێستاشدا.

**لەسەر ئاستی دبلۆماسی :**

*ـ پێكهێنانی نوێنەرایەتی بۆگەلی كورد لەدەرەوەی وڵات لەگشت وڵاتە دیموكراسیەكان وهەروەها ڕێكخراوە دەوڵەتیەكان ورێكخراوە دەوڵەتیە ناحوكومیەكانیش.

*ـ كاركردن لەپێناوی پێكهێنانی لیژنەی دەوڵەتی بەمەبەستی بەدواداچون ولێپرسینەوە لەتاوانەكانی حوكومەتی سوریا كەپیادەیكردوە لەدژی گەلی كوردی بێچارە، وەك : هۆلۆكوست وئاگركردنەوەو سوتاندنەكەی عامودا لەساڵی 1960 یاخود ئاگرخستنەوەكەی زیندانی حەسەكەی مەركەزی 1993 وچەندەها تاوانی دیكەی دژ بەمرۆڤایەتی وكاربكرێت بۆئەوەی بەرپرسانی سوریا بدرێن بەدادگای دەوڵەتی لەلاهای بەگوێرەی ڕیكەوتن وپەیمانە دەوڵەتیەكان كەبڕیاریان لەسەرداوە. هەروەها حوكومەتی سوریش چۆن جۆرەكانی پرۆژە ڕەگەزپەستیەكانی محمد طلب هلالی جێ بەجێكرد، بەچشێوەیەك بەعسی نازی تێدەكۆشێت لەپێناوی لێكترازانی بەشەكانی گەلی كوردو پاكتاوكردنی بەبێدەنگیەكی تەواو وبەكەمترین خەرجیش ؟ .

پێویست بەدووبارەكردنەوەی برگەو بەندەكانی پرۆژە درندانەو دەشتەكیەكانی طلب هلالی ڕەگەزپەرست ناكات، كەمەبەستی لەدەربەدەركردنی گەلی كوردە بەگشتی وپەرش وبڵاوكردنیەتی، بۆئەوەی بتوانن ئارەزوە ڕەگەپەرستیە قێزەونەكانی كۆڵەكەی ڕاگری ڕژێمی سوریای دكتاتۆر تێربكەن.

چونكە ئەولەكتێكا دەنوسێت : كات بەسەرچوە بۆ دانانی پلانێكی پتەو بۆ ئەم پارێزگارەو خاوێنكردنەوەی لەكەسانی نامۆ، كە وەك قبیلەنمایەك یاخود وەك بەرنامەی كاری ڕێكخستنی بەعسی دكتاتۆریە، تاوەكوو ئێستاش پشتی بەستوە بەشێوازی ستراتیجی وتاكتیكی، بەگوێرەی بارودۆخ وپێورەكانی هێزە ناوخۆیی وهەریمیەكان سەبارەت بەپرۆسەی

چۆڵکردنی دانیشتوانی ڕۆژئاوای کوردستان بەگوێرەی ڕێکخستن وجێبەجێ کردنی پرۆژە ناوبراوەکەی هلال . کەوابوو پێویستە لەسەرمان بەگوێرەی بابەتی ئەمباسە بێنەسەرباس وچارەسەرکردنی هەندێك لەوتەوەرە بنەڕەتیە سیاسیانەی حوکومەتی سوری پیادەیکردوە، بەبێ ئەوەی بچینە نێو وردەکاریەکانیەوە لەبەرئەوەی پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی هەیە.

**1- ئابلۆقەی ئابوری وسیاسەتی ستراتیجی درێژخایەنی هەژارکردن وبرسی کردن :**

دەتوانین بڵێین نەك هەرئاماژەمان لەبەردستایە، بەڵکوو بەڵگەی سەلمێنەرمان بەدەستەوەیە، ئەمەبێجگە لەژمارەو ڕێژەی سەرژمێریش دەربارەی ئەنجامە تێکدەرەکانی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستیە، کەپێشتر درکی پێکراو بەبڕاو سوربونیشەو دەربارەی بارودۆخی ئابوری وبژێوی ژیانی گەلی کورد.

بەدان پیانانی بەڕێز د. عارف دلیلة پسپۆری ئابوری سوریا، داهاتی بژێوی هاوڵاتیان لەسوریا پاشەکشەی کردوە، لەوەتەی ئەو بزوتنەوەیە دروستبوە کەناونراوە بەبزوتنەوەی ڕاستکردنەوە تاوەکوو ئەمڕۆ ڕێژەی 25 % دابەزیوە بەڵام لەناوچە کوردەواریەکان ڕێژەکە 60 % هەروەها بەگوێرەی سەرژمێری نوسەری ناوبراو ڕیژەی بێکاری لەسوریا بەگشتی 30 % لەکاتێکدا ئەو زانیاریانەی لەبەردەستماندایەو بێجگە لەسەرژمێری مەیدانیش، کەلایەنگرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەڕۆژئاوای کوردستان بەدەستیان هێناوە پشتڕاستی دەکاتەوە بێکاری لەنێو نێرومێی گەلی کوردا گەشتۆتە زیاتر لە 70 %.

هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە سەلماندویەتی کەڕێژەی 85 % ی کوردەکان لەژێرخەتی هەژاریەوە دەژین، لەکاتێکدا ئەوڕێژەیە لەسەرتاسەری سوریا لەنیوان 30 - 40 % زیاترنا. ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە چەپەڵە ئیستعماریە گواستنەوەو وەدەرنانی زیاتر لە 375 هەزار کوردە بۆدەرەوەی وڵات ونزیکەی 125000 هەزاریش بۆ ناوەوەیە وبەتایبەت بۆحلب ودیمشق، گەرەکی زورافای کوردی لەدەوروبەری دیمشق گەورەترین بەڵگەیە بۆقسەکانمان. حوکومەتی سوری، هەوڵیداوە پرۆژەکەی محمد طلب هلالی شۆڤێنی جێ بەجێبکات بەشێوەیەکی پراوپڕیش ڕێگرە لەبەردەم کوردەکاندا پرۆژە دروستبکەن، بەڵکوو دەبێت خاوەن پرۆژەکان لەعەرەبی تەواو عەرەب بن. پرۆژە کەمەکانی ناوچە کوردەواریەکان، کەپرۆژەی دەوڵەتین، کە قەدەغەیە کوردی تیا دامەزرێنرێت، نەك هەرئەوە بەڵکوو دەرکردنی ئەوبڕە کرێکارو فەرمانبەرە کوردانەی لەکاردان بەشێوەیەکی لەسەرخۆ هەمویان دەرکەن. دەیان فەرمانی دەرکردنی ئیداریمان لەبەردەستایە کە لەبەڕیوبەرانی کێڵگەکانی الجبسە وڕصافەو رومیلان وکۆمپانیای اسکانی سەربازیەوە دەرچوە دەربارەی دەکردنی کرێکاران وفەرمانبەرانی کورد بەپاساوی مەترسیان بۆسەر ئاسایشی دەوڵەت. ئەبێت ئەودەوڵەتە کارتۆنیە چی ىیت کە کرێکارێکی سادە لەکۆمپانیای ڕصافە بتوانێت هەڕەشە لەئاسایشی بکات ؟! حوکومەتی سوری بەپشتبەستن بەومیراتیە مێژوویی وسیاسیەی ئەمەویە ڕەگەزپەرستانە زۆر باشدەزانێت ودرکدەکات بەگرنگی ومەترسی هۆکاری کارکردی ئابوری دەزانێت تاچڕادەیەك کاریگەری تەلیسماوی دەبێت بۆسەر بارودۆخی بژێوی کورد، بۆئەوەی ناچاریان بکات ڕەوبکەن بەرەو ماڵباتی عەرەبی تابگەڕێن بەشوێن پارویەك ناندا.

**2 - سیسەتی نەفامکردن وتوانەوەی نەژادی :**

حوکومەتی سوری بەگوێرەی فەرمان وپێشنیارەکانی کتێبەکەی محمد طلب هلال پەنایبردوە بۆدەرکردنی خوێندکارانی کورد لەزانکۆ وپەیمانگەکانی سوریا، بەقوتابخانەی سەرەتایی وناوەندی وئامادەییشەوە، هەروەها قوتابخانەی ئامەدەکردنی مامۆستیان وبەشە تایبەتیەکان. ئەوگەنجە نێرو مێیانەی هیواو دواڕۆژی کوردن، لەڕێی ئەوسیاسەتە شۆڤێنیەوە دواڕۆژیانی سەقتکرد، حوکومەتی سوری بەئەنقەست هەستاوە بەوێرانکردن وتێکدانی دواڕۆژی گەلی کورد بەتواوی وبێ بەشکردنی لەساکارترین پێداویستی ژیان (بۆنمونە : بریاری وەزیری فێرکردنی باڵا د. کمال شرف : ژمارە 687 - م - بەگوێرە بریاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 1976 - 1 دەربارەی وەرنەگرتنی کچان وکوڕانی کورد لەزانکۆ وپەیمانگەکانی سوریا لەوانەی بێ بەشن لەڕەگەزنامەی سوری).

چەندەها بڕیارو فەرمانی ئیداریمان لەبەردەستایە، واژوی پارێزگاری حەسەکەو سەرۆك وەزیرانی نازی ڕابوردوو محمد مصطفی میرو دەربارەی قەدەغەکردنی زمانی کوردی بەزەبری سزادان. ئەوسیاسەتە شۆڤێنیە بۆیە ئاراستەکراوە تاوەکوو بتوانن ڕۆشنبیری کورد بخنکێنن وکوردیشی پێ بتوێننەوە، یاخود مەسەلەی دەررکردنی نوسەران وشاعیرانی کورد بۆ دەرەوەی وڵات، بەپێی ڕێنمایی وپێشنیارەکانی محمد طلب هلال پیادەکراوە، کە (دوپاتی ڕاونانی کەسانی مەترسیدار دەکاتەوە یەك بەیەك وئەوانی دیکەش بخرێنە ژێر چاودێریەوە). ئەم جۆرە ڕوتین وبڕیارە بێزارکەرانە بۆتەدیاردەیەکی ڕۆژانەی هەموو کوردێك ولەوباروودۆخەدا دەژین لەڕۆژئاوای کوردستانا. کەمەبەستی لەوەیە کورد دووچاری بارودۆخێکی نەگونجاو سەرلێشێواوی بێت ولەکۆتاییشدا ناچێگیردەبێت، وایان لێدێت لەهەموو ئان وساتێکدا ئامادەبن بۆ کۆچکردن ودوورکەوتنەوە بەوشێوەیەی کەشوێن کەوتوی نازیەکانی سوریا پێشنیاریان بۆکردوە لەکتێبی ناوبراودا.

**3 ـ چەقاندنی ئاسنی کۆڵەکەیی بۆ پەرژین کردنی سنور لەناوچە کوردەواریەکان ودروستکردنی کۆمەڵەی نیشتجێی یاخود مەستەعمەراتی چەکداری لەخاکی کورد :**

محمد طلب هلال لەکتێبەکەیدا چارەسەری ئەم مەسەلەیە دەکات وپێشکەشی دەکات بەحوکومەتی سوری وخەتەپانەکانی دامەزراندنی مستەعمەراتی عەرەبی نیشتجێ زۆرەملێی لەڕۆژئاوای کوردستان دەستنیشان دەکات بۆئەوەی ببێتە ڕێخۆشکەر سەبارەت بەلەناوبردنی مۆرکی ڕەسەنی نەتەوەی کورد لەجزیرەدا. پڕۆژەی پشتێنەی عەرەبی ناسراو، کەبەعسی نازی ڕەگەزپەرست جێ بەجێکرد لەناوچە کوردەواریەکاندا، باشترین وزەقترین بەڵگەیە کەهەوڵدانی حوکومەتی سوری دەردەخات بۆ چۆڵکردنی جزیرە لەکوردو تەعریب کردنیشی.

**4 ـ سەرژمێری شۆڤێنیانەو سیاسەتی پاکتاوکردن وهەڵوشاندنەوەو لێکترازانی شانە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، واتە : بنەماڵەی مەزنی کورد :**

لەوتەی نازیەکان دەسەڵاتیانگرتوە بەدەستەوە لەدیمشق نزیکەی 650 هەزارکورد بێ بەشکراون لەڕەگەزنامەی سوری لەشەستەکانەوە، یەکێکە لەئەنجامی بەپراکتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی بەعسی نازیە کەمەبەستی بوە بەپلەی یەك بنەماڵەی گەورەی کورد تێکوپێك بشکێنێت. بۆئەوەی لەسەرجەمی بەبەتەکانداو دوور نەڕۆین، تابتوانین بەڵگە بهێنینەوە بۆ قسەکانمان : بنەماڵەی نوسەری ئەم چەند دێرە، لە 12 کەس پێکهاتبوو حوکومەتی سوری 11 ئەندامی بنەماڵەکەی بێ بەشکرد لەوەرگرتنی ڕەگەزنامەی سوری بێجگە لەبرای گەورە چونکە ئەو خزمەتی سەربازی کردبوو لەناو لەشکری سەربازی سوریادا. ئیتر بەوشێوەیە هەزاران بنەماڵەی کوردی دیکە هەن گیرۆدەی هەمان حاڵەتبون وبونەتە قوربانی ئەوسیاسەتە شۆڤێنیە ـ ڕەگەزپەستانەی سەرانی بەعسی نازی.

**5 ـ سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی یاخود لەناوبردنی بەکۆمەڵ لەسەر شێوازی سوریا :**

نازیەکانی سوریا لەچاو نازی دەستەخوشکی خۆی نازی عراقی جیادەکرێتەوە، بەفێڵبازی وساختەیی درۆکردن. بۆنمونە صدام حسێن، لەتەمەنی دەساڵیدا خەریکی شوانی بوە ولەگوندا ژیانی بردۆتەسەر لەخێزانێکی کەم دەرامەتا گەورەبوە، جگە لەزمانی کوشتوبڕی ودابۆڵسین تیرۆری پڕاوپڕشتێکی دیکەی نەزانیوە لەبەرخوردا دەرحەق بەگەلی کورد وهەروها پەناشیبردوە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیماوی لەدژی کوردو بەمەبەستی لەناوبردنی. لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر بەرپس هەن لەهەیکەلی سیاسی ڕژێمی سوریادا، لەوانە کەپەیمانگەو زانکۆی سەربازیان تەواکردوە لەناوەوەی وڵات ودەرەوەش، بێجگە لەڕاهێنانی کۆمەڵێکی زۆر لەسەردەستی پسپۆڕی بیگانە بەتایبەت ئەونازیانەی لەوڵاتی خۆیانەوە هەڵهاتبون بۆسوریا بۆدمشق. کەتوانیبویان شارەزاییەکی زۆر کۆبکەنەوەو فێربن لەماوەی چەندساڵێکدا کە سەرانی سیاسەتمەدارانی بەعسی سوری بون ئەوانە، بەتایبەت لەبواری لەناوبردنی لەسەرخۆی گەلی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان بەبێ ئەوەی هیچ دەنگۆیەکی لەدواوەبێت وکەس پێ بزانێت. هەرە بەوشێوەیە دڕندەکان کۆمەڵێك کوشتوبڕیەکی ئێجگار زۆریانکردوە بەشێوەیەکی زۆر بێ بەزیبیانە، لەدژی گەلی کوردمان لەم پارچەیەی نیشتمانی

کوردماندا، بەبێ ئەوەی هیچکامێکیان بگیرێت وبدرێت بەدادگا. هەندێ لەو نمونانەتان بۆدەهێنینەوە، کە ستەم وزۆرداریەکە هێندە زۆربوە لێێ چۆڕاوە لەزیا ڕەویداو لەزۆرداریشیدا بۆنمونە :

1 ـ جێ بەجێکردنی کوشتاری عامودا لەساڵی 1960 وسوتاندنی 380 قوتابی کورد.

2 ـ دەزگای سیخوڕی کوشتاری جرنک یان جێ بەجێکرد بەهاوبەشی میتی تورکی لەساڵی 1980 22 هاوڵاتی بوو بەقوربانی لەدەستدرێژیەدا.

3 ـ جێ بەجێکردنی ئاگرخستنەوەکەی زیندانی حەسەکەی مەرکەزی لە بەرواری 24 / 3 / 1993 کە 73 لاوی کوردی تیابوو بەقوربانی 5 کەسی دیکەش لەسێدارەدران.

4 ـ حەوت هەزار لاوی کورد لەنێرومێ دیارنەماون لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە واتە لەوەتەی سەرکردایەتی پارتی کرێکاران هاتونەتە سوریاوە وتائێستاش هیچ ئاسەوارێکیان دیارنیە. دەزگای سیخوڕی وداردستەکەی وبەرپرسانی بەرپرسایەتی دیارنەمانی ئەو کەسانە لەسئەستۆیە.

5 ـ لەناوبردنی گەلی کورد بەهۆی پاشەڕۆی ژەهراویەوە.

لەسەرفەرمان وڕاسپاردەی ڕاستەوخۆی کوڕی جێگری سەرۆکی سوری جمال عبدالحلیم خدام وبرای سەرۆکی سوری فواز بن جمیل الاسد پاشەڕۆی نەوەوی ژەهراوی لەناوچەی کێوی عبدالعزیز وناوچەی کوکبی حەسەکە لەساڵی 1985 ولەنێوانی حەسەکەو قامیشلو کەدەکەوێتە ڕۆژئاوای گردی براك خرایە ژێرخاکەوە، شاردنەوەی ئەوکەرەستە ژەهراویانە بوە هۆی زیادکردنی مردن بەحاڵەتی نەخۆشی شێرپەنجەو نەخۆشی غودەی ترەقی، ئەوەبەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بەسەرتەوێڵی سیاسەتی بەعسی نازیەوە کەئارستەکراوە بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بەکەمترین خەرجی وبەبێ دەنگیش.

بەگوێرەی قسەی وتوانی سەرانی بەعسی لەدمشق وڕژێمی صدام حسینی گۆڕبەگۆریش، هەمیشە ئەو واتاو قسەیان پشتڕاسکردۆتەوەو دووپاتیان کردۆتەوە کەبغداد ودمشق دڵی گەورەی لەلێدان نەکەوتوی عروبەی عەرەبە، ئێمەش مافی خۆمانە بپرسین : ئایا دڵی عروبە لێ نادات بەپاکتاوکردنی کورد نەبێت بەغازی ژەهراوی لە هەڵەبجەو ئەفال کردنی ناوچەی بادینان ئاخۆ دڵی عروبە لەلێدان دەکەوێت ئەگەربێتوو منداڵانمان نەسوتێنن لەعامو‌داو لاونیشمان لەزیندانی مەرکەزی حەسەکەو بەکوشتوبڕیمان پاکتاوکردنمان بەپاشەڕۆی ژەهراوی ویرانکردن سوتانی باخی زەیتون لەجبل الکرد بەکەرەستەی کیماوی ؟؟.

کەچی بەدرۆ وبەبوختانی خۆیان ئیدعادەکەن گوایە بەعس هەڵگری پەیامێکی نەتەوەیی ـ مرۆڤانەیە، بشار الاسدی سەرۆکی سوریا لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ ئسپانیاو فەڕەنسا داوای کردبوو پردی دیالۆگ پێکبهێنرێت لەنێوان شارسانیەکاندا.. هتد.

کەچی حوکومەتی باشوری کوردستان بەر لەچەند ساڵێك داوایان لەبەرپرسانی سوریا کرد پردێکی هاوبەش دروست بکرێت لەسەر چەمی دجلە لەنێوان ناوچەی خودموختاری وسوریادا بۆئاسانکاری گوستنەوەی هاوڵاتیان وکەرستەو کاڵای بازرگانی بۆ خیراکردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان هەردوولا، پێتاونوایە وڵامەکە ئەرێنی بوە ؟ ئێوە خەودەبینن ئەگەر پێتان وابێت بەوشێوەیەبوە، حوکومەتی سوری ئەو داواکاریە ساکارە مرۆڤانەی ڕەتکردەوە.

بەمشێوەیە دەرکەوتوە کەئامانج ومەبەستی زیاناوی، ئاشکراو نهێنی، ڕژێمی بەعسی سوری، نەك دەرحەق بەکوردی ڕۆژئاوابوە بەڵکوو لەبەشەکانی دیکەشدا هەروایە ئاشکرایە وەك ڕۆژی ڕووناك، کۆی ڕەفتارەکانی خۆی لەدژایەتیکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردەو پاکتاوکردنی کوردیش بەهەموو شێوەیەك وهەموو ڕێبازێکیشی بۆ گرتۆتەبەر.

من دانی پیادەنێم کەکتێبی ناوبراوی محمد طلب هلال، حەقی یەك ناولێنانی هەیە، بەڵام زۆر بەلێهاتویی دەبوایە ناوبنرێت: کتێبی ڕەشی نازیەکانی سوریا. ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها لەلاسایی کردنەوەی ئەمەویە گەندەڵ ورەگەزپەستەکانەوە هەڵنەهێنجراوە وبەس، کەڕەفتارەکانیان هۆکارێك بوو بۆئەوەی پێشەوای کورد ابومسلم الخراسانی لەناوی بردن، بەڵکوو بەشێوەیەکی زۆر چروپڕ کەلێنە تاریك وتونەکانی مێژوی ڕەش بەئاشکرا دەردەبڕێت. دەچێتە مێژوەوە بەڵام لەدەرگای پان وبەرینیەوەنا، بەڵکوو بەگاڵتەجاڕی وسەرشۆڕانە دەچێتە زبڵدانی مێژوەوە، ئەوانەهەرلەوێش نوقمی تاریکی دەبن وتیا دەچەقن : نیرون، هتلەر، ستالین، صدام حسین، جنگیزخان، تەیموری لەنگ، هۆلاکو وئەوانی دیش. چونکە ئەوانە داخوازی برایەتی نەوەی مرۆڤ ناکەن کە هاریکارو خۆشەویستی وڕاستگۆیی وفرە ڕۆشنبیری ڕێزگرتن لەزمان ونەریت خەڵکانی دیکەنین وناشیکەن، بەڵکوو بانگەوازێکی ڕاستوڕەوانە بۆ رق وکینەیەکی ڕەشی نەویستراو لەناوبردن وپاکتاوکردنی گەلێکی بێوەی وبێ زیان، تەنهاو تەنها ویستویەتی لەسەرخاکی خۆی بمێنێتەوەو بژی وبەرگری لەپێناسەی نەتەوەی خۆیبکات. لێرەدا بەشێوەیەکی توندو پتەو دەیسەلمێنین کەمحمد طلب هلال لەوڕووەوە حاڵی وەك حاڵی زۆرینەی بەرپرسانی سوریایە وەك : محمد حربة ومحمد مصطفی نیرو، کەخۆی خۆی خستۆتە نێو دەستەی تاوانبارانی دژ بەمرۆڤایەتی، بەگوێرەی بڕگەکانی مادەی سێی پەیمانی دەوڵەتی دەربارەی ئاگادارکردنەوەو هۆشداری لەتاوانی پاکتاوکردنی بەکۆمەڵ وسزادانی ئەوانەی هەستاون بەتاوانەکان لەساڵی 1948 بڕیاری لەسەردراوە، کە بڕیاری سزای دەرکردوە بۆ ئەم جۆرە تاوانانە :

1 ـ لەناوبردنی بەکۆمەڵ.

2 ـ پلان دارشتن بەمەبەستی لەناوبردنی بەکۆمەڵ.

3 ـ هاندانی ڕاستەو خۆ وئاشکرا بۆجێ بەجێکردنی لەناوبردنی بەکۆمەڵ.

4 ـ هەوڵدان بۆ لەناوبردنی بەکۆمەڵ.

5 ـ بەشداریکردن لە لەناوبردنی بەکۆمەڵ.

لەکتێبەکەیدا زۆر بەئاشکراو بێ سڵکردنەوە داوای لەناوبردنی گەلی کوردو پاککردنەوەیان دەکات لەجزیرە، واتە جزیرە پاك بێتەوە لەکورد، ئەوەش خۆی هاندانێکی ڕاستەوخۆیە، ئاشکرایەو هاواردەکات بۆلەناوبردنی بەکۆمەڵ. پێویستە لەسەر دادوەری دەوڵەتی ویاسای مافی مرۆڤ کەمحمد طلب هلال و، محمد مصطفی میرو، محمد حربة، محمد منصورە (ابوجاسم) وتاوانبارانی دیکەی سوری جیگەی شیاوی خۆیان وەرگرن شان بەشانی تاوانبارانی دژ بەمرۆڤایەتی ببنەوە لەدادگای شاری لاهای، لەتەنیشت میلوسوڤیتش وتاوانبارەکانی دیکەی دژ بەکۆی مرۆڤایەتی، کەبەهۆی تاوانە دڕندانە نامرۆڤانە کانیانەوە دەئاخنرێنە زیندانەوە کە لەدژی مرۆڤایەتی کردویانە.

هەربەوشێوەیە، کاتێك هێزەکانی ئەمەریکا بەهاریکاری پتەوی هێزی کورد، تاوانباری جەنگ وتاوانباری دژ بەمرۆڤایەتیان دەستگیرکرد خوێن ڕێژی گەلی کورد صدام حسین، لەکونێکی پیسی ژێر زەویدا خۆی حەشاردابوو، کورد واتەنی کونە مشکی لێبوە بەقەیسەری، لەدەوروبەری شاری تکریت، واتە ڕێك لەنزیکی ئەو جێگەیەی کەصدام هێشتا چواردە ساڵانەبوە شوانی تیاکردوە لەپێناوی پارویەك نانڍا. ئا ئەوە کۆتایی پڕشەرمەزاری وهێماو ڕەمزی بەعسیە نازیەکانی بغداد بوو بەوشێوەیە کۆتایی هات، نەك تەنها وەك تاکەکەس، بەڵکوو وەك بیروبۆچون وئایدیۆلۆجیاو ڕاهێنان وشارەزاییش. چارەنوسی محمد طلب هلال وبەعسی نازی لەسوریا زۆر خراپتردەبێت لەچارەنوسی کونی جرجەکان، کەصدامی عوجە خۆی تیاشاردەوە. هەر لەڕوانگەی ویژدان وئینساف ودادوەریەوە پێویستە باس لەئابڕومەندی نەتەوەی کوردبکەین کەچەندەها خوێنڕێژ ودڕندەو جەلادو فەرمانڕەوای زۆردارو خۆسەپێنەری تینوو بەخوێن ڕشتنیان نەهێناوتە دونیاوە، وەك سەران وهێماکانی خەلافەتی ئەمەوی، الحاج بن یوسف الثقفی، صدام حسین، علي الکیمیاوی، و زۆری دیکەی سەرانی بەعسی سوری وعراقی، بەڵام لەهەمانکاتدا لەڕووی شانازیەوە ڕۆڵەی پێشەواو سەرکردەو زانای مەزنی وەکوو : کریم خانی زند، صلاح الدین الأیوبی، ڕزگارکەری خۆرهەلات، پێغەمبەری مەزن زەردەشت، وپیری

شالیار وشێخ محمودی حفید وشێخ سعیدی پیران وقازی محمد، مەلامصطفی بەرزانی وهەردوو میر کامیران وجلادت بدرخان ومیر شەرف خانی بدلیسی وپێشەوای مەزنی نەتەوە ئاپۆعسمان صبری ئەمانەو لیستەیەکی دوورودرێژی شاعیرو ئەدیب ورووناکبیری وەکوو أحمدی خانی وحاجی قادری کۆیی، ئەوانە ئەستێرەی ڕووناکەرەوەی ئاسمانی خۆرهەڵات ووێستگەی ڕۆشنکەرەوەی مێژووی نەوەکانی میدیەکانن، نەتەوەی کوردی ڕەسەن.

دکتۆر ئالان قادر

**نامەی اسد ئاسو لەنەوەی لاوانی نوێی کورد**

برایان بڵاوکراوەی Binxete ڕۆژنامەی ڕۆژئاوای کوردستان ـ لندن سڵاو ورێز :

بەندە لاوێکم خەڵکی عفرین م. ماوەی ساڵێکە لەئەڵمانیا دەژیم وئەم بڵاوکراو جوانەی ئێوەم دەستکەوت لەبەڕێز مامۆستا جواد ملا لەئەڵمانیا ئێستا منیش وتارێکتان بۆ ڕەوانەدەکەم هیوادارم بڵاوی بکەنەوە لەحاڵەتی ئەگەر بڵاوکردنەوە یاخود نەء تکایە ئاگادارم بکەنەوە سوپاسی بێ پایانتان دەکەم بەرلەهەموو شتێك.

**حزبی بەعس لەنێوان ڕابوردوو وئێستادا**

چل ساڵ تێپەریکردوە بەسەر زاڵبونی بەعسی حاکم بەسەرجڵەوی دەسەڵاتا لەسوریا، حزبی بەعس بەحزبێکی نەتەوەیی وڕابەری دەوڵەت کۆمەڵگا دادەنرێت. حزبی بەعس بریتە لەبەشێکی دەسەڵاتی سیاسی ودەسەڵاتی سیاسیش بەشێکە لەحزب بەهۆی ئەوتێکەڵی ودەستێوەردانەی هەیە لەنێوان حزبی بەعس ورژێمی سیاسی لەسوریا کەزۆر ئەستەمە لێک جیاکرێنەوە ئەویش بەهۆی دەستێوردانی نێوان دەسەڵات وەك حزب ودەسەڵاتەکانی دیکەی وڵاتیش. لەڕستیدا ئێمە نامانەوێت مشتومڕ لەسەرهەڵوێستی بەعس بکەین وەك حزبێکی سیاسی لەنێو پێکهاتەی ڕژێمی سوریادا بەقەدەر ئەوەی مەبەستمانە ڕۆشنایی بخەینەسەر ئەوسیاسەتەی کە بەعس پیادەی دەکات لەبەرخورد لەگەڵ هاوڵاتیانی سوریا بەشێوەیەکی گشتی وبەتایبەتیش لەگەڵ کورد. حزبی بەعس بنەمای هەموو شتەکانی هەڵگێرایەوە هاوڵاتیانی کردوە بەخزمەتکارو خزمەتکاری کردوە بەسەروەر، زۆرداری وستەمکاری ئەم حزبە کارێکیکردوە لەگەڵ جەماوەر وگەل وای لێهاتوە ئەوەی داوای مافی خۆی بکات بێ ئابڕوە، ئەوەش دەستی لەمافی خۆی هەڵگرتوە بەگوێرایەڵ دادەنرێت، شکاتکەری زۆرلێکراویش گەندەڵە، ئەوەی پاك و وردەکارو بەئیمانە کافرە، تەمبەڵی داماویش صاڵح وئەمینە.. دووڕوو وماستاوچیەکان یارمەتی ئەوانە دەدەن لەدەزگاکانی دەوڵەتدا هەر لەئەنجومەنی نیشتمانیەوە تاوەکوو بچوکترین بەڕێوەبەرایەتی حوکومی. هەروەها حوکومەت هەڵدەسێت بەداپۆشینی کرداری ئەوماستاوچیانە لەگشت ڕوویەکی ئەدەبیشەو دەپارێزرێن وژیانیان دابین دەکرێت، نەرخنەی لێدەگیرێت نەعەیبوعاریشی ئاشکرادەکرێت لەبەرئەوەی ڕژێم بەرگی ترسناکی بەسەرا دادەپۆشێت لەناوخەڵکدا. هەرچی سیستەمی ئیداریشە بێ هێچ شوریی وعەیب وعارێك خۆی ناسراوە پێویست بەوەسف ناکات لەودرەختانە دەچێت کەلەدارستانێکی چرا دەڕوێت هەرچی گژوگیایە تێوەدەئاڵێت، ڕەشەباو دەستی بەهێزلەناوی دەبات بەئاسانی. ئەوەی سەیرە لەم بابەتەدا کەسانێکی ڕۆشنبیر کەڕۆشنبیریەکی بەرزیان هەیە هەڵدەستن بەساختەکردنی ڕاستیەکانی مێژوو سفاتی پیاوەتی شۆڕشگێڕانە دەخەنە پاڵ کەسانی تاوانبارو خوێن ڕێژەوە، ئەوکەسانەی زیاڕەویانکرد لەکوشتنی مرۆڤ ودارمان وتێکدانی سەرجەمی ئاوەدانی. ئەوەشی بچێتەسەر خەلیفەکان وایان لێهاتوە شانازی بکەن تاوانبارانی ڕابوردویانەوە . ڕۆشنبیرکانیشیان هەموو خەم وپەژارەیەك کەهەیانە بریتیە لەخوتیلکەدانی ڕژێم لەپێناوی دەستکەوتی دونیاییدا مەگەر هەرئەو خوایە خۆی ڕەحممان پێبکات بەدەست ئەو ڕۆشنبیرانەوە. ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە ئیدعادەکەن گوایە ڕژێم لەتاوان وفەساد کەمدەکاتەوە، ڕاستیەکانیش دادەپۆشێت، وەك تاونبار وایە ڕاهاتوە لەسەرکوشتن، بۆنمونە بکوژ نکوڵی لەتاوانە قێزەونەکەی خۆی ناکات کەدووەم جارهەڵدەستێت بەتاوانێکی دیکە کەخۆی جاری یەکەم بەناشیرینی زانیبوو ئەوەش لەخەیاڵی خۆیدا لەتاوانەکەی کەمدەکاتەوە بۆئەوەی چێژ لەکوشتنەکانی ببینێت وەك بڵێیت مافێکی سروشتی خۆی بێت، ڕێك وەك پاڵەوانەکان لەهەر سەردەمێك وجێگەیەکدا.

ئەوش حاڵی سەرکردەکانی سوریایایە کەیەك زەرە رەحم وبەزیی لەدڵیاندانیە کاتێك هاوڵاتیان دەکوژن لەپێناوی مەرامی سیاسی خۆیان، ئەو ڕوداوەش کەلەزیندانی حەسەکە ڕویدا لەساڵی 1993 دا کەحوکومەتی سوریا 73 کەسی زیندانی تیا سوتاند بەزیندویی . مرۆڤ
دەپرسێت ئایا حوکومەت بۆی هەیە بەئارەزوی خۆی ڕەفتاربکات بەمافە مادی مەعنەویەکانەوە بەوشێوەیەی خۆی بیەوێت ؟ ئایا دەکرێت لەوانە نەپرسرێتەوە وخۆشیان دەپرسن ؟ ئایا یاسا ئەوحوکمەیە کەبەهێز خۆی دەسەپێنێت بەسەر هەژارا ؟ پوختەی قسە ئەوەیە کەرژێم بەڵایەکو دەردێکە زۆر سەختترە لەهەموو درمێکی بکوژ، ئەگەر بەڵایەك بەسەر قەومێکا داباری ئەوا ڕۆحەکانیان گوێیان لەزەنگی ئاسمان بوە هاواری دادپەروەری، دادپەروەری کردوە، زەویش هاوری یەزدان دەکات بۆئەوەی بەڵاکان ئاشکرابکات، لەوحالەتەدا خۆشبەختت ئەوکەسانەن کەزوو کۆچ دەکەن ووزیندوەکانیش بەغیلیان پێدەبەن لەبەرئەوەی ڕزگاریانبوە. قسەیەکی خێر بۆ هاوڵاتیان کورد دەکەم باشتروایە بەئازادانە بژی یاخود بەسەربەستی بمرێت بۆئەوەی کەس لەدواڕۆژدا دەست درێژی نەکاتەسەر کوردێك.

***

**بەیانامەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان لە بەریتانیا**

ئەی کچان وکورانی کورد :

لەئەنجامی ئەوچەوسادنەوە نەتەوەییەی کەرژێمە شۆڤێنی ودکتاتۆریەکان ئەوانەی کوردستانیان داگیرکردوە بەهەر پێنج بەشیەوە بەئاگرو ئاسن بەگشت توانایەکیەوە هەوڵدەدات دەنگی گەلی کوردمان بخنکێنێت لەپاڵ کۆنی هیواکانیا سەبارەت بەئازادی بەشێکی بەرچاوی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی ناچارکردوە نیشتمان جێ بهێڵن ولەوڵاتانی جیاجیادا بژین بەهۆی زۆری جۆری سەرکوتکردن وتیرۆرو لەناوبردنی بەکۆمەڵ کەئەو ڕژێمە شۆڤێنیە ڕەگەزپەرستانە پیادەیانکردوە بەرامبەر بەگەلی کورد بەتایبەتیش گەلی کوردمان لەرۆژئاوای کوردستان (کە لکێنراوە بە دەوڵەتی سوریاوە) .پێویست بەئاشکراکردن ناکات بڵێین نەتەوەی کورد یەکێکە لەونەتەوانەی کەکۆنترین نەتەوەن لەخۆرهەڵاتی ناوەراستاو سەربە گەلانی ئارین، کەلاپەرەکانی مێژوو وئاسەوارەی کۆن پشتراستی دەکاتەوە وسەلماندویەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو وپراوپر بەشداریانکردوە لەداهێنان ودروست کردنی شارستانیەتی ناوچەکەدا بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوو، گەلی کورد گەلێك پێش زاینی مەلیك وئیمپراتۆریان پێکهێناوە گرنگترینیان (میتان ومیدیایە) لەسەردەمی ئیسلامیشدا دەوڵەت وچەندین میرنسێنیان دروستکردوە وەك دەوڵەتی دۆستەکی ومیرنشینی کلس وبۆتان.. ئەوپەری توانای خۆیان خستبوە گەر لەبەرانگەری کردنی هێرشەکانی مەغۆل وتەتار، بەهۆی پێگەی جوگرافی سیاسیەوە کوردستان بوە شانۆیەکی ململانێی دەوڵەتان وبەیەك گەشتنی جێی جەنگ ئارەزوی ئەو لایەنانە ئەوهۆکارەش بۆتەسەرچاوەی گێروگرفت وبێ سەقامگیریەکی گەورەو بەشێوەیەکی نەرینی کاریگەری هەبوە بەسەر گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردەواریەوە لەگشت بوارەکاندا، بەتایبەت سەختی ودژواری دابەشکردنی یەکەمی کوردستان بەهۆی (شەڕی چاڵدێرانی 1514) هەروەها ڕێکەوتنی قەسری شیرین لە 1639 ی زاینی کەلەنێوان هەردوو ئیمپراتۆری سەفەوی عوسمانیداکرابوو بەوهۆیەوە بونیاتێکی شێوێندراوی خوڵقاند لەرەوتی گەشەکردندا لەناوگەلی کوردا، کەبۆتەهۆی ڕێگری لەگەشەکردنی شارستانیەتدا، هەروەها بۆتە کۆستێك لەبەردەم بەدەستهێنان وجێ بەجێکردنی کیانێکی سیاسی سەربەخۆی کورد. لەدەسپێکی جەنگی جیهانی یەکەمەوە 1914 - 1918 ودوابەدوای هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریرتی عوسمانی دابەشکردنی وڵاتان وگەلان دەستپێکرد کەلەژێر چەپۆکی عوسمانیەکانابون، ئیتر دوابەدوای ئەوەش نەخشەی نوێی سیاسی وسنوری دەوڵەتی نوێ سەریهەڵدا لەناوچەکەدا بەگوێرەی ویست وبەرژەوەندی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ئەوەش بەپێی ڕێکەوتنی (سایکس - بیکۆ) وپەیمانی لۆزان، ئەوەبوو گەلی کورد سەرنەکەوت نەیتوانی خۆی تێپەڕێنێت لەودابەشکردنە ئیستعماریە کەبەپێی ئەوەش بۆجاری دووەم بەشێوەیەکی زۆر دڵ ڕەقانەتر کوردستان دابەشکرایەوە، بۆیە لەئەنجامدا کوردستان وای لێهات بەسەرپێنج وڵاتدا دابەش بکرێت (تورکیا، ئێران، عراق، سوریە، ویەکیەتی شورەوی ڕابوردوو) . سەرەرای بەشداریکردنی ئەرێنی تۆکمەی گەلی کورد لەدروستکردن وبونیاتی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەم بەشەی جیهاندا ولەگشت قۆناغەکانی مێژودا، سەرەرای ئەوەی مافی تەواوی هەیە، وەك هەموو گالانی جیهان بەگوێرەی

بڕیاری جۆرەها ڕەشنوسی مرۆڤایەتی وسەرجەم شەریعەتە یەزدانیەکان ویاسا دەوڵەتیەکانیش لەمافی چارەی خۆنوسین، کەچی دەوڵەتانی ناوچەکە کە بەشەکانی کوردستان یان داگیرکردوە سورن لەسەرئەوەی گەلی کورد لەژێر چەپۆکی کوشندەی ئەواندا بمێنێتەوە بەکۆیلایەتی تائێستاش هەر گورزی کوشندەیان وەبەردەکەوێت لەجەلادانی ئەوفەرمانڕەوایانەی کە لە(ئەنقەرەو تاران ودمشق وبغدادو یەکیەتی شوڕەوی ڕابوردوو) خۆیان کزکردوە، گورزیان لێدەوەشێنن بەجۆرەها شێوازی ئازاردانی جەستەیی وجۆرەها شێوازی توانەوەو لەناوبردنی بەکۆمەڵیان لەگەڵا بەکارهێناون، لەهەمان کاتیشدا دووچاری شەڕی ئابوری وڕۆشنبیری بۆتەوە بەمەبەستی شێواندن وتێکدانی باری بژێوی وگەشەکردنی ئابوری گەلی کورد هەروەها زەوتکردنی پێناسەی نەتەوەیی وکولتور وکەلەپوریش بەجۆرەها شێوازی سەرکوتگەری دڕندانە هەر لەزیندانی کردن وڕانان وتیرۆرو کوشتنی هەزاران ڕۆشنبیری کورد، لەگەڵ ڕاگوێزانی زۆرەملێ و وێرانکردنی دەیان هەزارگوندو شارەکانی کوردستان وپیادەکردنی سیاسەتی خاکی سوتاویان پەیڕەوکردوە لەگەڵ سیاسەتی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کورد ونێشتمانەکەشی کەکوردستانە کەنزیکەی نیوو ملیۆن کورد بوە بەقوربانی لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا.

ئەوسیاسەتەی دەسەڵاتی سوریا لەئێستاداو وبەرلەسی ساڵ یش بەشێکە جیاناکرێتەوە لەپلانی چەپەڵی ڕەگەزپەرستانە کەمەبەستی تەنهاو تەنها لەبونی گەلی کوردە، سەپاندنی پشتێنەی ڕەگەزپەستانەی عەرەبی لەڕۆژئاوای کوردستان وسەندنەوەی ڕەگەزنامەی سوری لەسەدان کەسی ڕۆلەی گەلی کوردمان بەجوڵەی قەڵەمێك بونە بێگانە لەسەرخاکی نیشتمانی خۆیاندا، هەروەها ڕاگوێزانی زۆرەملێی لەخاکی باوباپیران، لەگەڵ دەرکردنی خوێندکارانمان لەقوتابخانەو پەیمانگاکان ودەرکردنی کرێکارو فەرمانبەرانمان بەپاساوی ئەوەی گوایە (مەترسیدارن بۆسەر ئاسایشی دەوڵەت ؟!) هەروەها هەروەها پڕکردنی زیندانەکان لەڕۆڵە هەرە بەئەمەکەکانی گەلەکەمان بەناوی ئەحکامی عورفیەوە کەدەسەڵاتێکی ئێجگار بەرفراوانی دابوەدەست جەلادو خوێن ڕێژەکانی بەعس کەبەئاسانی دەستکراوەبن لەزوڵم وزۆرداری تیرۆری خەڵکی ودەسگیرکردنی ڕۆژانە بەئارەزوی خۆیان دەستدرێژی کردن بۆسەر خەڵکی ونەپاراستنی حورمەتی ماڵان وکەرامەتی کورد وچەندەها ڕەفتاری تیرۆرستانەی ڕەگەزپەرستانەی دیکە کە هەرگیز ناگونجێت لەگەڵ یاسای دەوڵەتیدا.

بۆیە پێداویستی خۆسەپێنەری بابەتی وڕووداوە نوێکانی مەیدانی کوردستان پێدادەگرێت لەسەرکۆبونەوەی ڕۆڵەی بەئەمەك وگەنجانی پێشەوایانی گەلەکەمان ئەوانەی لەهەندەرانن بەپێشەنگو پێشەوایەتی گەلەکەیان ناسراون لەم ئاوارەییەدا، خۆیان سازبکەن بەتەواوی چەکداربن لەڕووی ڕۆشنبیریەوە تاوەکوو کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی پێکبهێنن بۆ کۆکردنەوەیان تاوەکوو بواریان بۆبڕەخسێت ببنە زمان حاڵی گەلی کورد لەبەریتانیا، وبتوانن چەوساندنەوە ناڵەی گەلەکەیان ئشکرابکەن بۆجیهان بەچشێوەیە دەچەوسێنەوە بەدەست ڕژێمی شۆڤێنستی بەعسی سوری پڕلەکینە دەرحەق بەکورد بەشێوەیەکی ودەرحەق بەجیهانی دیموکراسیش بەتایبەتی، هەروەها بۆئەوەی بتوانن دەنگی گەلی کورد بگەێنن بەڕای ناوخۆ وجیهانیش.

لەسەر ئەوڕۆشناییە ئێمە داوا لەڕەهەندی کورد دەکەین ئەوانەی لەهەندەران بەتاك وڕێکخراوەکانیش بەتایبەت ئەوڕێکخراوانەی بۆچونیان لەگەڵ بۆچونی ئێمەدایە تکایە با پەیوەندیمان پێوەبکەن لەپێناوی خۆئامادەکردن بۆبەستنی کۆنگرەیەکی گشتی بۆ سەرجەمی هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان.

ـ نەمری وسەربەزی بۆگشت شەهیدانی ڕۆژئاوای کوردستان وبەتایبەتی بەرلەهەمویان شەهیدانی ئاگرکەوتنەکەی سینەمای عاموداو ئاگرکەوتنەکەی زیندانی حەسەکەو شەهیدانی نەورۆز. هەروەها شەهیدانی ڕاپەڕینەکەی 12 / 3 / 2004.

هەربژی پێشەوایانی پێشنەی بزوتنەوەی نیتەویی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان پێش هەمویان ئاپۆ صبری ومیر جلادت بدرخان.

## لەچالاکیەکانی کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان ـ لەندەن

لەدەسپێکی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان لەساڵی 1997 بەپەڕێپێدانی ڕەسمی لەحوکومەتی بەریتانیەوە، بۆ بەرگریکردنی لەمافەکانی گەلی کورد بەتایبەت بۆ ئەوکوردانەی دەرەوەی وڵات، کۆمەڵەکەمان هەڵدەستێت بەوکارو چالاکیانەی مێژوی هاوچەرخ لەپاداشتا بۆیان دەنوسێتەوە، ئەوکارانەش :

1 ـ توانرا تەزکیە بکرێت بەهەزاران پەناهندەی کورد بەتایبەت ئەوانەی لەڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتون بۆئەوەی بتوانن لەئەوروپاو ئەمەریکا مافی پەناهندەیی وەرگرن، هەروەها بۆئەوی بتوانن بەرگری لەمافەڕەواکانی خۆیان بکەن لەدادگاکان ودەسەڵاتی تایبەتمەندو بۆهەرکارێك پەیوەست بێت بەبابەتی پەناهندەیی سیاسی.

2 ـ بەڕێوەبردنی چەندەها خۆپیشاندان لەشەقامەکانی لەندەن ولەبەردەم باڵوێزخانەی دەوڵەتانی داگیرکەری گەلی کوردو خاکی نیستمانی کوردستان بەتایبەت باڵوێزخانەی سوریاو لەبەردەم باڵوێزخانەو ئۆفیسی حوکومەتە ئەوروپیە دەستڕۆشتوەکان بۆئەوەی پشتیوانی داواکانمان بکەن بەتایبەت بەریتانیا وئەمەریکا.

3 ـ لەهەموو بونەیەکدا کۆمەڵەکەمان یاداشتی داواکاری یەرمەتی خستۆتە بەردەست دەوڵەتە زلهێزەکان سەبارەت بەرزگارکردنی گەلی کورد لەم حاڵەتە ئیستعمارگەریەی تیایەتی ودابەشکراوەیەدا، هەروەها یاداشتی ورپاکردنەوەمان ئاراستەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کردوە بەتایبەتیش دەولەتی سوری.

4 ـ کۆمەڵەکەمان بەخۆشحاڵیەوە چەندین کتێب وبڵاوکراوەی دەرکردوە بەچەندین زمانی بیانی دەربارەی گەلی کورد لەسوریاو ئاشکراکردنی ئێش وئازارو چەوساندنەوەی گەلەکەمان کەدووچاری بوە بەدەست دەسەلاتەکانەوە.

5 ـ کۆمەڵ هەستاوە بەبەستنی دەیان کۆڕو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی وتەلەفزیۆنی بەچەندەها زمانی جیاجیا دەربارەی مەسەلەی گەلی کورد بەگشتی لەسوریاش بەتایبەتی.

6 ـ وەگەرخستن وبەڕێوەبردنی دەیان بۆنە بەتایبەت چەژنی نەورۆزی شکۆدار هەروەها بەستنی کۆر بۆیادکردنەوەی چەندین پێشەوای کورد بەتایبەت ئاپۆ عسمان صبری.

7 ـ هەروەها کۆمەڵ هەستاوە بەکردنەوەی دەیان خولی خوێندن بۆجالیەی کورد لەبواری فێربونی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو زمانەوانی، هەروەها دەیان فیلمی بەرهەمهێناوە دەربارەی پەناهندە کوردەکان لەئەوروپاو کۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەتی فلیم دەربارەی منداڵان، بەزمانی کوردی، یەکێکیان فلیمێکی کارتۆنیە لەلایەن منداڵانی کوردەوە بەرهەم هێنراوە کە تەمنیان لەنێوان 8 ـ 10 ساڵانەن وبەدەنگی خۆشیان تۆمارکراوە، فلیمەکانیش لەهۆڵی سینەمای بەریتانیدا پێشکەشکرا ئەنجامەکەی بوە هۆی وروژاندنی سۆزو هەستی کۆمەڵگای بەریتانی.

8 ـ کۆمەڵ هەستا بەدامەزراندنی تیپێکی هونەری وفۆلکلۆری کوردی، کە لەچەندین بۆنەدا بەشداریکردو فۆلکلۆری کوردی بەکۆمەڵگای بەریتانی ناساند.

9 ـ هەروەها کۆمەڵ هەستا بەدامەزراندنی تیپێکی ورزشی بۆ تۆپی پێ بەناوی (یانەی کوردستان) وە بەیادی یادکردنەوەی یانەی کوردستان کەسەرکردەکانی کورد دایان مەزراند لەدیمشق لەسەردەمی ئینتدابی فەرەنسیدا. تیپی (یانەی کوردستان) بەشداریکی لەخولێکدا لەگەڵ تیپی عراقی وصۆماڵی وئەفغانی وچەند تیپێکی دیکە خۆشبەختانە تیپەکەمان سەرجەمی یاریەکانی بردەوە کە تائێستا کردویەتی، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆبەرزکردنەوەی هەستی یاریزانەکان چونکە لەلایەن کۆمەڵەکەمانەوە دیاریان بەدەست گەشتبوو بریتبوو لەتیشێرتی ڕەنگاوڕەنگ بەرەنگەکانی ئاڵای کوردستاسن ڕەنگکرابون لەسەری نوسرابوو کوردستان( kudistan )

10 ـ کۆمەڵ لەسەرئاستێکی بەرز بەشداریکروە لەچەندین کۆنگرەی بەریتانیا.

11- هەروەها کۆمەڵ بەشداری کۆبونەوەکانی کردوە لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانی ولیژنەی ئامادەکاری حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان وهەروەها لەگەڵ ڕێکخراو لیژنەی دیکەی کوردی لەهاریکاری ورێکخستنی ڕێپیواندا بەمەبەستی پشتیوانی کردنی خەباتی گەلی کوردمان لەسەرتاسەری جیهاندا بەتایبەت لەدژی ئەوهێرشە دڕندانەیەی حوکومەتی سوریای شۆڤێنی بەرپایکرد لەدژی گەلی کوردمان لەڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن دەوڵەتی سوریای زەوتکراوە، ئەو شاڵاوەی لەبەرواری 12 / 3 / 2004 لەشاری قامیشلۆوە دەستییێکردو بەشارە کوردەواریەکانی دیکەدا بڵاوبوەوە، ئەنجامی ئەوشاڵاوە دڕندانەیەی چەند ڕۆژێکی کەمی خایاندبوو دەیان هاوڵاتی گەلی کوردمان شەهیدبون وسەدانیش بریندارو هەزارانیش گیراویشی لێکەوتەوە وچواردەوری شارە کوردیەکان بەتانگ تۆپ ئابڵوقە درابوو، ئەو ڕاپەڕینە سەرتای ڕاپەڕینی مەزنی کوردە کە لەکۆتاییدا کۆتایی بەداگیرکەری سوریا دەهێنێت ودەوڵەتی کوردی دادەمەزرێنێت.

ڕۆژنامەی زەمانی عەرەبی کەڕۆژنامەیەکی نێودەوڵەتی عەرەبیەو گەلێك ناسراوە لەسەرئاستی جیهانی، وتارێکی بە بەرواری 3 / 7 / 2000 بڵاوکردەوە، برای بەڕێزمان عماد زەنگەنە وەرگێرایە سەر زمانی کوردی ولەڕۆژنامەی (کۆنگرە) دا بڵاویکردەوەو هەروەها برای بەڕێز شماڵ جودت بەزمانی ئینگلیزی لەسەرلاپەڕەکانی ئینتەرنێت بڵاویکردەوە کەخۆی بەرپرسی لیژنەی کۆنگرەیە بۆکاروباری کۆنگرە لەکەندا. ئەمەش دەقی وتارەکەیە.

### چارەنوسی کورد لەسوریا لەنێوان دەستاڕو چەکوشی هەردو ئەسەد

بۆئەوەی بتوانم بچمە نێوباسەکەوە کەمەبەستمە لەسەری بکۆڵمەوە، پێویستە بەکورتی بەمێژودا بچنیەوە بۆسەرهەڵدانی ئەم مەسەلەیە ـ مەسەلەی گەلی کورد ـ وشێوەی گەشتنی بەمشێوە ناڕەوایەی پڕلەنهێنی شاردنەوەدا بمێنێتەوە کپیەکی تەواوی بخرێتەسەرو خاوەخاوی پێبکرێت تاوەکوو گەشتە ئەم ڕادەیە، تەنانەت خەڵکانێکی زۆریان وای بۆدەچن بەخەیاڵی نەخۆشی خۆیان گوایە دەستکردی ئیستعمارە، بۆئەوەی هەرکاتێك بیەوێت بەکاری بهێنێت، بابپینین ئیستعمار چی بەگەلی کورد کردوە، بیری نەوەکانی ئێستای دەهێنمەوە کەنەوەی ڕابوردوو چیانکردوە سەرەڕای ئەوەی سیاسەتمەداران ورۆشنبیران ڕاستیەکان باش دەزانن بەڵام گەلان بەشێوەیەکی گشتی زووبیریان دەچێتەوە، باسێکی ئەوانەدەکەم لەوانەیە یادکردنەوە سودی هەبێت بۆکەسانی ژیر. لەسەردەمی ئیپراتۆریەتی عوسمانیدا گەلی کورد سەربەدەسەڵاتی ئەوان بوو وەك چۆن عەرەبیش هەروابون، بەڵام بەشداریکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەجەنگی جیهانی دوومدا لەپاڵ ئەڵمانە دۆڕاوەکانبون لەوجەنگەدا بۆیە دوای ئەوە گۆڕانکاری جوگرافی ڕویدا بەهۆی دۆڕانی هەردووڵاوە، ئەوبوو فەرەنسی وئینگلیزە سەرکەوتوەکان بەمافی خۆیان زانی میراتی دۆڕاوەکان لەنێو خۆیاندا بەشبکەن، نیشتمانی عەرەب ونیشتمانی کورد (کوردستان) بەشێك بون لەنیشتمانی دۆڕاوان، بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنامە ئیستعماریانەی کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم ولەسەرو هەموشیانەوە ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆ، نیشتمانی عەرەب دابەشکراو کردیان بەچەند دەوڵەتێك وئەمارەتێك... بەڵام کوردستان بەجۆرێکی جیاواز دابەشکرا، لەبەرئەوەی دەوڵەتە ئیستعماریەکان بەدەرفتێکی باشیان زانی بۆئەوەی تۆڵە لەگەڵ کوردبکەنەوە بەتایبەت وەچەکانی پێشەوای کورد سوڵتان صەلاح الدینی ئەیوبی بکەنەوە ئەوکەڵە پاڵەوانەی توانی چۆك بەڕۆژئاوابدات وفەلەستین ئازادبکات، بەڵێ ڕازی نەبونی دەوڵەتانی ئیستعماری ئەو سەردەمە بەدروستبونی دەوڵەتێکی کوردی کەلەهەمانکاتدا بەڕەوای زانی بۆعەرەب هیچ ڕوونکردنەوەیەك وپاساوێکی دیکەی نیە جگە لەتۆڵەسەندنەوە، تۆڵەیەکی پڕلەکینەو دڕندانە بوو، مێژوو لەوجۆرە کین وبوغزەی بەخۆیەوە نەدیوە هەرگیز، نیشتمانی کورد وەك نیشتمانی عەرەب دابەش نەکراو بەس بەڵکوو هەرپارچەیەکی نیشتمانی کوردیان دابەشکرد بەسەر دەوڵەتانی دراوسێی تازە دروست بوو کەبەگوێرەی ڕیکەوتنی بەندەکانی سایکس بیکۆی ئیستعماری بوو وەك دیاریەکی ڕەها بوو هەردەوڵەتێك لەدەوڵەتانی ناوچەکە پارچەیەکی کوردستانی بەرکەوت کەگونجاوبێت لەگەڵ قەوارەو ڕۆڵیشیدا، پارچەی هەرە گەورەی بەر تورکیا کەوت ودوای ئەویش ئێران پاشان عراق وسوریا بەشێکی بچوکیشی بۆیەکیەتی شورەوی لەبەرئەوەی بەڕای ڕۆژئاوا حەقی بەشی گەورەی نەبوو کەوابڕیاربوو بۆی لەڕێکەوتنی سایکس م بیکۆی 1916 لەبەرئەوەی ئەونهێنیەی ئاشکراکرد بۆهەموان لەدوای بەرقەراربونی شۆڕشی ئکتۆبەری شیوعی لەساڵی 1917 دا ڕایگەیاند. بەڵگەش بۆ ئەوبوغزوکینە شاردراوەی ڕۆژئاوا

دەرحەق بەکورد ئەوبوو کەتەنانەت یەک مەتریان بۆکوردستان نەهێشتەوە لەژێردەسەڵاتی کوردابێت، لەوەش خراپترو شەرمەزارتر ئەوەیە کە ئەودەوڵەتانەی بەشێکی کوردستانیان بەرکەوت دەبینین ئەمڕۆ ئەوبەشە بە بەشێك لەنیشتمانی خۆیان دەزانن، لەبیر خۆیان دەبەنەوە کوردستان لەدێرزەمانەوە بونی خۆی هەبوە ومێژوو وجوگرافیاو مرۆڤ ورۆشنبیری خۆی هەبوە زاینتر لە 5000 ساڵ هیچ بێلایەنێك ناتوانێت نکۆڵی لەوڕاستیەبکات، ئەگەر بهاتایەو کوردستان دەستکردی ئیستعمار بوایە ئێستا ئەوە حاڵی نەدەبوو

. لەموتارەدا دێمە سەرباسی ئەوبەشەی کوردستان کەلکێنرا بەدەوڵەتی تازەی سوریاوە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، بەگوێرەی ڕێکەوتنی سایکس ـ بیکۆوە، لەوتەی سوریا سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێناوە لەساڵی 1946 وە بەردەوام نکۆڵی کردوە لەگەلی کوردو مافە نەتەوایەتی وسیاسیەکانی وبۆتە خەسڵەتێکی تایبەتی دەسەڵاتی سوری، هەرلەسەرەتاوە یانە کوردیەکان وکۆمەڵەکان وگۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکان داخراون لەنێو ئەوانەشدا یانەی کوردستان بوو لەشاری دیمشق هەروەها گۆڤاری ڕوناکی وهاواریش، پاشان کەوتنە ڕاونانی کەسانی بەرپرسی ئەوچالاکیانە لەکۆتاییدا هەندێکیان ناچاربون تا ئەوڕۆژەی کۆچیانکرد وڵات جێبهێڵن ولەوڵاتی غەریبیدا سەربنێنەوە وەك میرکامەران بدرخان وکتۆر نوردالین زازا، هەروەها دەسەڵاتی سوری سەرپەرشتیاری گۆڤاری هاوار میر جلادت بدرخان یان تیرۆرکرد لەکەشوهەوایەکی ئاڵۆزدا لە 15 / 7 / 1951، شایانی باسە کەڕژێم بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە کەوتە سەروسوراخی هەرکەسێك چاپکراوی کوردی کۆن ونوێی لەلابێت. ئەوە سەرەتایەکی دڵ خۆشکەرنەبوو، چونکە هەرمانایەکی بگەیاندایە جگە لەنیەت خراپی حوکومەتی سوری زیاتر شتێکی دیکەی نەدەگەیاند دەرحەق بەکورد. ئەگەرچی کەسانێکی زۆرهەن ستایشی سوریا دەکەن بەخۆڕاگری هەڵوێستی جوامێرانەی مێژویی لەکاتی هێرشی سێ قۆڵی دژ بەمیسر وهاوکاری کردنی شۆڕشی جەزائیرو بەرگری کردنی لەمافی فەلەستین، بەڵام ئەوەی هەیە من ئێستا لەم لێکۆڵینەوەیەدا خەریکی لێکۆڵینەوەی باری هەرێمی عەرەبی ودەوڵەتی سوریا نیم، یاخود ئەگەر لەبەرژەوندی دژی ئەم یان ئەو بوبێت... بەڵام من لەم وتارەدا تەنها سەرقاڵی ڕۆڵی سوریام لەسەردەمی فەرمارەوایەتی حافظ الاسد کەمردنەکەی لەڕێکەوتی 11 حوزەیرانی 2000 بوو واتە دواڕۆژی یادکردنەوەی شەڕی شەش ڕۆژەکە، کەسوریا لەوکاتەدا شکستی هێنا بەرامبەر بەئیسرائیل الأسد لەوکاتەدا وەزیری بەرگری بوو، من نامەوێت بەهۆی ئەوشکستەیەوە لەتواناو لێهاتویی کەسایەتی سەربازی وسیاسی و ئەو کەم بکەمەوە هەرگیزنا، ئەسەد ئەگەرکەسێکی بلیمەت نەبوایە بورای بۆنەدەریخسا ببێت بەحاکمی بکوژوببڕی کاروباری سوریا بۆماوەی زیاتر لەسی ساڵ وڕێگەخۆشکەربێت کەبشار ئەسەد جڵەوی فەرمانڕەوایەتی مەملەکەتی سوریا بگرێتە دەست، ناشمەوێت بەزۆرکینە بباڕێنم بەسەربنەماڵەی ئەسەدا، چونکە ئەوانە هەرچۆنێکی لێکبدەیتەوە لەنەوەی ڕەسەنی کوردی (زەردەشتین) لەوانەی ئیدعایای وابەستەبونی خۆیان ڕاگەیەاند بۆئیسلامی سەربە (مەزهەبی عەلەوی) لەترسی زەبروزەنگی عوسمانیە سونیەکان کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕزگاریا نەبوو لەڕاونان وزەبروزەنگ هەردوو گورزەکەیان چەشت بەدەست سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی (سونە) لەساڵی 1514 زاینی لەکوردستاندا ئەوبەشەی لێکنرا بەدەوڵەتی تورکیەوە، لەئەنجامی ئەو زەبروزنگەو چەسانەوەیەکی زۆر لەباکوری کوردستانەوە ڕەویانکرد بەرەو باشورو ڕۆژئاوای کوردستان ولەکێوەکانی ساحلی وڵاتی شام گیرسانەوە وجێگیربون کەهاوشێوە بوو لەگەڵ شاخەکانی خۆیان لەکوردستان، لەماوەی 500 ساڵ ژیان لەوشاخانە کە لەدواییدا ناونرا بەشاخی عەلەویەکان وبەهۆی تێکەڵبیان لەگەڵ عەرەب لەوشاخانەدا زمانی کوردیەکەیان لێک هەڵوەشایەوە بەڵام تائێستاش تاک تاکە وشە زاراوەی کوردی زۆر بەکاردێنن، بۆنمونە کاتێ یەکێکیان هاوڕێەکی خۆی بانگ دەکات ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنێت : (قردلو) کە وشەی (کورد لو) وە داتاشراوەرو گۆڕانی بەسەراهاتوە بەکوردی واتە (هۆکوردە) هەروەها گوندەکەشیان (القرداحة) لەوشەی کورداخ ـ کرداخ وە جیابۆتەوە گۆڕانی بەسەراهاتوە واتە (خاکی کورد)، تائەمڕۆش عەلەویەکان بون بەدوو بەشەوە یاخود دابەشبون بەسەر دووو عەشرەتدا یەکەمیان ناوی حدادین ە ودووەمیش الرشاونە، حدادین نەکانیان ڕەنگی پێستیان بەلای ئەسمەردا دەنوێنێت ئەوانە عەرەبەکانن لەدانیشتوانی شاخەکانن کاتێ الرشاونەکان بەرەو ئەوێ داخزان واتە عەشرەت (ڕشو) ی کورد بەخۆیان جۆراوجۆری ڕەنگی پێستیانەوە کەکەمێك کراوەترە وچاویان شینە وەك خزمەکانی دیکەیان کەئەمڕۆ لەشاخەکانی ناوچەی دەرسیم نیشتەجێن بنەماڵەی الأسدیش لەوانن.

هەروەك دەڵێن كاتێك هۆكارەكان ڕونبكرێتەوە هیچ سەیریەكی تیانامێنێت، لەبەرئەوەی كورد بەخت یاریان نەبوە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن ودەوڵەتی سەربەخۆی كوردی دروستبكەن ئەگەرچی مێژوو باس لەچەندین دەوڵەتی كوردی دەكات وئاماژەی پێكراوە بەڵام نەیتوانیوە بەردەوام بەهۆی چەندین هۆكارەوە لێرەدا بواری ئەوەنیە لەسەری بكۆڵینەوە دوا كۆماریشی كۆماری كوردستان بوە پایتەختەكەی مهاباد بوو كەیەك ساڵ درێژەی كێشا 1946، بەردەوام نەبونی دەوڵەتێكی كوردی بوە هۆی لاوازكردنی هەستی نەتەوایەتی سەبارەت بەڕێكخەری گەلی كورد ئەوەش لەمبوارەدا بەدی دەكەین پەیوەستە بەڕەنگدانەوەو گۆڕانكاری كەلەئەنجامی چەسوانەوەدا ڕویداوە بەسەرگەلی كوردا لەلایەن ئەوحوكومەتانەی كوردستانیان داگیركردوە، بەمەرجێك ڕەتدانەوەی كردار لەوەزیاتر كەبەجۆرێك لەجۆرەكانی داكۆكیكردن لەخۆ زیاترنیە هیچ پەیوەندیەكی نیە بەپەیوەستبون بەنەتەوەوە كەڕێكخەری بەردەوامە، گەلی كورد وەك تاكەكەس هەرگیزهیچیان كەمترنیە لەخەڵكانی دیكە ئەگەر باشترنەبن لەچاو تاكی گەلانی دیكەی دراوسێ، هەروەها زۆری ئەودەوڵەتانەی كوردی تیایە وهاوكات ئەوفرە تەیارە سیاسی وئایدیۆلۆجیەشی لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستا گەشەیكردوەو دەستاودەستی پێكراوە یارمەتیدەربوە لەلاوازكردنی هەست وپەیوەستبونی نەتەوەیی، بەوشێوەیە كورد بۆتە پارویەكی ئاسان بۆتەیارە سیاسیەكانی دەوڵەتانی ناوچەكە بەئاسانی قوت بدرێت بۆیان، بۆنمونە لەسوریا : زوربەی هەرەزۆری سەركردەی شۆڕشەكانی سوریا لەدژی داگیركەری فەرەنسی سەربەنەتەوەی كوردبون وەك ابراهیم هنانو وأحمد الملا وأبو دیاب البرزی أحمد بارافی چەندەهای دیكە.. مێژوو نوسی عەرەب أدهم الجندی لەوكتێبەیدا بەناوی مێژووی شۆڕشەكانی سوریا ئەوپاڵەوانیەتی وجوامێریە دەڵێت : شەهید بونی أحمد الملای پاڵەوان سەرەتای كۆتایی شۆڕشی سوریابوو. هەروەها بنەماڵە كوردەكانی شاری دیمشق وەك بنەماڵەی العابد یوسف وچەند بنەماڵەیەكی دیكە... ڕۆڵێكی گەورەیان بینی لەبەدەست هێنانی سەربەخۆیی سوریادا هەروەها كەسایەتی كورد بەررزترین پلەی دەسەڵاتیان بەدەستهینابوو بەهۆی كارامەیی خۆیانەوەو خزمەتێكی بەرچاویان گەیاند بەدەوڵەتی سوری ئەگەر لە1% ئەو خزمەتانەیان بەگەلی خۆیان بگەیاندایە ئێستا كورد دەوڵەتی خۆی دەبوو، سەرۆك كۆماری پێشوو زەعیم حسنی الزعیم كوردبوو هەروەها سەرۆك وەزیرانەكەشی حسنی البرازی وسەرۆكی ئەركانی گشتی سوریا لواء توفیق نظام الدین كەلەدواییدا ڕەگەزنامەی سوری لێسەندرایەوە لەگەڵ ئەوانەی ڕەگەزنامەیان لێ سەندرایەوە كەسەر بەڕۆڵەكانی گەلی كوردبون، هەروەها سەركردەی لەشكری سوری كەسەركردەی بەرەی جەنگی دژ بەئیسرائیل بوو محمود شوكت ودەیان وەزیرو ئەفسەری پلەبەرزی لەشكری سوری وچەندها خاوەن پلەی بەرزی دیكە لەبوارەكانی دەوڵەتیدا كەبەهۆی لێهاتویی خۆیانەوە بەدەستیان هێنابوو، ناوی یەكێك لەوانە دەهێنم بۆنمونە ڕوناكبیر محمد كورد علي دامەزرێنەری كۆمەڵەی ئینسكۆلپیدیای زانستی عەرەبی لەهەمان كاتیشدا سەرۆكیشی بوو، هەروەها زانای بەناوبانگ شێخ أحمد كفتاور وموفتی سوریاش، لەگەڵ سیاسەتمەدار خالد بكداش سەرۆكی حزبی شیوعی سوریا دواهەمینیشیان مەلیكەكانی سوریان هەردوو ئەسەدی باوك وكوڕ هەرهەمویان لەنەوەی گەلی كوردبون وئیمان باوەڕیان لاوازبوو سەبارەت بەوابەستبونیان بەكورد بونیانەوە. بەتایبەت الأسدی باوك بەهیچ شێوەیەك بیری لەوە نەكردبۆوە ڕۆژێك لەڕۆژان دەستوری سوریا بگۆڕێت بیر لەڕاستیەكان بكاتەوە بەجۆرێ كەدان بەبەونی گەلی كوردو بەشێكی كوردستانا بهێنێت، هەروەها هەرگیز بەخەیاڵیا نەهاتەوە حوكمە كاتیەكان لابەرێت كەباربون بەسەرزیاتر لەدوو ملیۆن كوردەوە لەسوریا بەتایبەت لەناوچەكانی كرداخ وكوبانی وجزیرە، هەروەها هەرگیز بەبای خەیاڵیا نەهاتەوە ڕۆژێك لەرۆژان بیر لەكردنەوەی یك دانە قوتابخانە بكاتەوە كە كوردی تیا بخوێنرێت كەچی دەیان قوتابخانەی لەجۆرە هەیە لەسوریا بۆخوێندنی زمانی ئەرمەنی وئینگلیزی وئەڵمانی ئیسپانی وفەرەنسی، هەروەها هەرگیز بەخەیاڵیانەهاتوە پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی ڕەگەزپەرستانە هەڵوەشێنێتەوە یاخود لاییەرێت كەفەرزكراوە بەسەر پارێزگاری جزیرەی كوردنشێن ولەساڵی 1967 دەستگیرا بەسەر زەوی وزارو عەقارو پاپۆی كوردەكاناو درا بەعەرەب وزەوی وزاری كوردیان بەئاوی دەربەندی فورات نوقمكرا، لەپێناوی جیاكردنەوەو دابڕانی ڕۆژئاوای كوردستا (كوردستانی سوریا) لەبەشەكانی دیكەی كوردستان بەوپشتێنەی عەرەبی بەمرڤەكان، هەروەها بیری لەوە نەكردبۆوە ڕەگەزنامەی سوری بگێڕێتەوە بۆ زیاتر لە 150 هەزار كورد كە لەساڵی 1962 دا بێ بەشكران لەڕەگەزنامە تەنانەت ئەگەر سوریش نەبونایە ئایا مافی ڕەگەزنامەیان نەبوو پاش ئەوەی زیاتر لەنیو سەدە لەسوریا ژیاون وباجیانیانداوەو خزمەتی سەربازیشیان كردوە... هەروەها بەخەیاڵیا نەهاتەوە ئەندامانی دەزگای هەواڵگری سیخوڕی سوری بداتەدەست دادگا لەسەر ئەوتاوانە

نامرۆڤانەی کردبویان لەتاوانی کوشتن ولەناوبردنی بەکۆمەڵ دەرحەق بەگەلی کورد لەسوریا وەك سوتاندنی 380 منداڵی کورد لەسینەمای عامودا لەڕێکەوتی 31 / 11 / 1960، هەروەها ئەوتاوانبارانەی 72 زیندانی کوردیان سوتاند لەزیندانی مەرکەزی حەسەکەدا لەڕێکەوتی 23 / 3 / 1993... بەڵام بەخەیاڵیادەهات گەرپێویستی بەگەلی کورد بوایە تەنها لەوکاتانەدا کەدەیویست بەکاریان بهێنێت بۆبەرژەوەندی سیاسی وئابوری دەوڵەتی سوریا... هەرئەوەندەی دەستکەوتەکانی خۆی بەدەست بهێنایە ئیتر بەهەموو شێوەیەك نکوڵی لەهەموو شتێك دەکرد ناوی کوردبێت هەروەك ئەوەی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان سەرۆکەکەی بەڕێز عبداللە ئوچ ئالان کرد، چوارده ساڵ بەکاریهێنان سودی لێکردن کەچی زۆر بەئاسانی دوای ئەوە لەسوریا دەریکردن هەڵبەتە دوای ئەوەی پێویستی پێیان نەما، ئەودەرکردنە بوە هۆی دەستگیرکردنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێز عبداڵلە ئوچ ئالان لەکێنیا، ئەودەرفەت وەرگرتنە تەنها بەزیانی پارتی کرێکاران نەبوو بەڵکوو بەزیانی بزوتنەوەیەکی ڕزگاری خوازی 20 ملیۆن کوردی باکوری کوردستان بوو کە لکێنراوە بەدەوڵەتی تورکیاوە، بەڵی بەوجۆرە ناحەقی لەگەلاکردن ناپاکیەکی گەورەی نواند بەورەفتارەی پاش ئەوە 14 ساڵ بەسەخترین شێوە بەکاری هێنان وسودی لێوەرگرتن . بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستاندا وشیارتربون لەبزوتنەوی ڕزگاریخوازی کورد لەباکوری کوردستان لەبەرئەوەی خۆیان نەخستە باوەشی سوریا الأسدەوە لەبەرئەوەی هێچ ئاماژەو نیشانەیەکی بەدی نەکردبوو ئاماژە بەڕاستی دۆستایەتیەك بدات ئاشکرابێت دەرحەق بەگەلی کوردو مافەرەواکانی، تەنانەت ئەورژێمە لەجێی خۆی نەبزوا دەرحەق بەو کارساتانەی بەسەرگەلی کورداهات لەباشوری کوردستان، بۆنمونە ئەورژێمە هیچ جۆرە یارمەتی وهاریکاریەکی نەکرد دژی ئەو ڕێکەوتنەی لەنێوان عراق وئێران ئیمزاکرا لەئازاری 1975 ئەو ڕێکەوتنە لەئەنجامدا بوە هۆی هەرەس هێنانی شۆڕشی کوردی باشوری کوردستان بەسەرکردایەتی خوالێخوش بوو مەلا مصطفی بەرزانی لەگەڵ ئەوەشدا کەسوریای الأسد لەوکاتەدا بەسەختی دژی بەعسی عراق وشای ئێران بوو، هەروەها هیچ جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکی نەبوو لەمەڕ لەناوبردنی بەکۆمەڵ بەچەکی قەدەغەکراوی کیماوی کەهێرشکرایە سەرشاری هەڵبجە کوردنشین لەئازاری 1988 هەروەها نکوڵی نەکرد لەپرۆسە ئەنفالەکانی صدامی خوێن ڕێژو تاونباردا کەبوە هۆی لەناوچونی زیاتر لە 200 هەزارکورد لەنیوەی ساڵی 1988، هەروەها الأسدی باوك هیچ جۆرە هەوڵێکی نەدا کەمێك لەئازارە جەرگبڕە گەورەکانی گەلی کورد کەمبکاتەوە لەڕەوی بەکۆمەڵی کورد لەساڵی 1991 بەپێچەوانەی ئەوەی هەموو جیهان بەرۆژئاواو خۆرهەڵاتیەوە کردیان وهەوڵێنان بۆدا، دواهەمین کردار کەحافظالأسدی باوك پێی هەستا لەکۆنگرەی ئیسلامیدا کە لەتاران بەسترا لەساڵی 1998 وتی گوایە هەوڵەکانی ئەو بون بەرهەمی هەبوە لەدروست نەبونی دەوڵەتێکی کوردی لەسەروی عراق

. ئەی ئەوعەرەبانەی خۆتان بەعرەب دادەنێن وکراون بەعەرەب من دڵنیام لەوەی دان نانتان بەدەوڵتی کوردیا لەهەندێ لەتێڕوانین وبۆچونی فاشزمی عەربیەوە سەریگرتوە لەشەستەکانی سەدەی ڕابوردوەوە کەدەڵێت دروستبونی دەوڵەتێکی کوردی واتە دروست بونی دەوڵەتی دووەمی ئیسرائیلە !! بەڵام من پشتڕاستی دەکەمەوە بۆتان هەرهەموتان ئەی عەرەبە بەڕێزەکان لەهەرجێیەکبن کە ئەو بۆچونانەتان هەڵەیە و دەسیسەیە لەپێناوی ئەوەی هیچ هاریکاریەك نزیکایەتیەك نەبێت لەنێوان گەلی عەرەب وکوردو بزوتنەوە ڕزگارخوازەکەیدا ببێت بۆ ئەوەی بۆشتان ڕونبکەمەوە دەمەوێت ئەم چەند خاڵانەتان بۆ بگێڕمەوە :

1 ـ لەیەك گەشتن وڕێکەوتن وهەماهەنگی نێوان هەردوو گەلی عەرەب وکورد دەکرا بەهۆی هاتنی صلاح الدینی دووەمەوە بوایە نەك بەئیسرائیلی دووەم.

2 ـ ڕزگاربون وئازادبونی گەلی کورد هەرگیز مەترسی نەدبوو بۆسەرگەلی عەرەب بەهیچ شێوەیەك بەڵکوو دژەکاری ڕاستەقینەی دەوڵەتی کوردی کەبەمەترسیداری دەزانێت ئەوە ڕژێمی تورکیە دژ بەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی عەرەبە.

3 ـ سەرۆك جمال عبدالناصر سەرۆکی میسر درکی بەوڕاستیانەدەکرد، کەهانی گەلی کوردی دەدا ڕزگاریان بێت لەکوردی خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران) وباکوری کوردستان (کوردستانی تورکیا) ئەویش لەڕێی ئیزاعەی کوردیەوە کە بەرنامەکانی لەقاهیرەوە پەخشدەکرد لەساڵی 1957 وە تا ساڵی 1964، ئەو لێتێگەشتنەی میسر شتێکی تازە

نەبوو سەبارەت بەئێمەی کورد، بەڵام دوری جوگرافیای نێوان میسرو کوردستان بوە هۆی سەرنەگرتنی هەوڵەکانی بەڕێز عبدالناصر دوای ئەویش سەرۆکی لیبیا معمر قەزافی وکەسانی دیکەش... هەروەها ئێمە هەرگیز لەیادی ناکەین کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی) ڕۆژنامەی کوردستان) لەقاهیرە دەرچوو لەساڵی 1898 واتە بەر لەسەد ساڵ لەمەوبەر.

بەڵام ئەوەی هەبوو ڕۆژئاوا بیرۆکەکەی جمال عبدالناصریان قۆزتەوە ـ بە بەرژەوەندی عەرەب زیاتر بەڕەوایان زانی ـ ڕۆژئاوا کیانێکی کوردی پێکهێنا هەربەڕاستی سەربەخۆ بوو ( de facto (لەباشوری کوردستان (کوردستانی عراق). ڕاستی بڵێین هەردوو دەوڵەتی ئێران وتورکیا لەگشت دەوڵەتەکانی دیکە دژایەتی بونی ئەوکیانە کوردیە دەکەن، ئەویش بەدەست وەردان لەکاروباری ناخۆ وخوڵقاندنی جۆرێك لەناجێگیربون وبێ ئاسایشی دروستدەکات لەبەرئەوەی زۆرباش دەزانن کەهەر ئەوکیانە دواڕۆژ دەبێت بەدەوڵەت، هەروەها من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئازادی خوازانی عەرەب پێشەوایان عبدالناصرو معمر قەزافی وسیاسەت مەداری عەرەبیش بەڕێز مشعان الجبوریەوە، کە لەسەرشاشەی تەلەفزیۆنی کارامەدا بەڕاشکاوانەو جوامێرانە وتی : دەبوایە عەرەب یارمەتی دروستبونی دەوڵەتی کوردیان بدایە لەوبەشانەی خۆیان دەسەڵاتیان بەسەرا هەیەو هەرچی پێداویستیەکی چەك وتفاقیان هەبوو بیاندەنێ لەپێناوی ڕزگارکردنی بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەودەوڵەتە لەدواڕۆژا دەبێتە دۆستی عەرەب وپەرژینێکی بەهێز کەدەوەستێتەوە بەرامبەر بەداماڵینی وتاڵانی تورك بۆعەرەب لەمەسەلەی ئاوی دیجلەو فورات وچەندەهای خاڵی دیکەش...

ئەمڕۆ بەمکورتەیە کۆتایی پدێنم لەم ئاستەیدا لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە ئێجگار دوورو درێژو بەیەکاچوە، هیوادارم من هەڵەبم سەبارەت بەمەسەلەی لاوازی پەیوەندی وهەستی نەتەوایەتیەوە، بەڕێز الأسدی کوڕ بڵێت وبەپێچەوانەوە ڕەفتاربکات ودان بەگەلی کوردا بهێنێت لەسوریا بەخۆی ومافی ڕەوای نەتەوەییشیەوە وهەرچی پلانێکی ڕەگەزپەرستانە هەیە بیانسڕێتەوە ولایانبەرێت کە دەیان ساڵە بەسەریانا سەپێنراوە. هیوادارم هەڵەبم وئەسەدی کوڕ هەستێت بەڕاستکردنەوەی ئەو تاوانانەی دەرحەق بەگەلی کورد کراوە لەسوریاو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش وکورد نەکات بەکارتی یاری وبەکاری بهێنێت وپاشان فڕێداتە نێو زبڵدانەوە دوای ئەوەی کاری خۆی پێ مەیسەردەکات. بەڵکوو هەستێت بەدروستکردنی پەیوەندیەکی تەندروست لەگەڵ گەلی کوردا لەسەربنەمای ڕێزی بەرابەری ودانانن بەبون ویەکسانی ماف وئەرك دا، بتوانێت بەهەموو شێوەیەك ئاسەواری ناتەبایی ئەو پەیوەندیە لەرزۆکانە بۆ هەتاهەتایە بسڕێتەوە ونەیهێڵێت کەجێی باوەڕنیە لەنێوان کوردو فەرمانڕەوایانی حوکومەتی سوریادا ولاپەڕەیەکی نوێ هەڵبداتەوە لەپەیوەندی نێوان عەرەب وکورد بە بەرژەوەندی هەدوولابێت یەزدان یارمەتی ڕەبەنی خۆی بدات مادام ئەو ڕەبەنە یارمەتی برای خۆی دەدات.

**الدكتور جواد الملا**

**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان**

**بانگەوازێك بۆ بەستنی كۆنگرەیەكی گشتی بۆ سەرجەم هێزە كوردیەكانی ڕۆژئاوای كوردستان**

بەڕێزان خانمان وبرایان بەڕێزی سەركردەو ناوندی ڕێكخراوەكان وحزب ولێژنەو كەسایەتی سیاسی وكۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری وزانستی كورد لەڕۆژئاوای كوردستان لەناو نیشتمان ودەرەوەشی.

بەڕێز مامۆستا جواد ملا سەرۆكی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان پرۆژەی كاری نیشتمانی ڕۆژئاوای كوردستان پێشكەش بەئێوەی بەڕێزدەكات بەمەبەستی لێكۆڵینەوەو پێشكەشكردنی پێشنیار دەربارەی ئەوبابەتە وپاشانیش لەكۆنگرەیەكی گشتی گەلی كورد لەڕۆژئاوای كوردستان بڕیاری لەسەربدرێت، كۆنگرەكە بەمزوانە لەیەكێك لەدەوڵەتە ئەوروپیەكان دەبەسترێت بۆئەوەی بتوانین بەباشی سود لەباروذۆخی داهاتوی دەوڵەتی وەربگرین بۆبەستنی ئەمجۆرە كۆنگرانە، زۆر دوریش نیە ڕۆژئاوای كوردستان نەبێتە ناوچەیەكی پارێزراو وەك ناوچەی پارێزراوی باشوری كوردستان، ڕۆژئاوای كوردستان دەبێتە خاوەن حوكومەت وپەرلەمانێك تایبەت بێت بەڕۆژئاوای كوردستان، ئەم شتانەش هەرهەموی پەیوەستە بە یەكبونی بڕیارو یەك وتاریمان.

خانمان وبرایانی بەڕێز

گەلی كورد لەڕۆژئاوای كوردستان بەشێوەیەكی گشتی وبزوتنەوە ڕزگاری خوازەكەشی بەتایبەتی ساڵاهای ساڵە دووچاری زوڵم وزۆرو زۆرداری وهەموو جۆرەكانی چەسانەوەبون كەناچاریكردن بەردەوام ڕووبەڕوی كێشەی كەڵەكەبوو ببنەوە كەڕۆژبەڕۆژ بەدەوری خۆیا دەخولێتەوە لەگشت ئاستەكاندا وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی لەڕۆژئاوای كوردستان نەیتوانیوە چارەسەری شیواوگونجاو دەستەبەربكات بۆئەمجۆرە كێشانە، بەڵكوو هەمیشە لەهەڵوێستی تەماشاكردابوە یاخود لەباشترین حالەتیدا لەهەلوێستی بەرگركەری ڕارایدابوە، بەبێ ئەوەی هیچ بەرنامەیەك یاخود پلانێك دارژێت بۆ دوارۆژی نزیك ودوریش لەپیناوی دەربازبونی لەوكێشانە وڕزگاربونیشی لەوەرچرخاندنانەی لەم چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە :

**1 ـ كێشەی گەلی كورد لەگەڵ ڕژێمی سوری :**

لەوەتەی سوریا سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێناوە لەدەست ئیستعماری فەڕەنسی لەساڵی 1946 كە لەهەمانكاتدا سەبارەت بەگەلی كورد بۆتەهەمان ساڵی دەسپێكی ئیستعمار سوری سەبارەت بەكوردستانی ڕۆژئاوا، بەرلەوساڵە گەلی كورد هەموو مافە مرۆڤی دیموكراسی ونەتەوەیی خۆی هەبوو... لەسیەكان وچلەكاندا ڕۆژئاوای كوردستان قوتابخانەو كۆمەڵەی كوردی هەبون كەبەهەشتی خوالێخۆش بوو ئاپۆ عسمان صبری دایمەزراندبون، هەروەها ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی شەهید میر جلادت بدرخان دەریكردبون لەگەڵ چەندها چالاكی دیكە كەهەموان دەیزانن، بەڵكوو لەوەش زیاتر كەسایەتیە كوردەكان جێی ڕێزی گەلی كوردبون هەروەها گەلی كورد پەیوەستی خۆی بۆیان دەردەبڕین وەك حاجو ئاغا لەناوچەی جزیرە وبۆظان بەگ لەناوچەی كوبانی وئاغاكانی ناوچەی عفرین وعمر ئاغای شمدین لەگەڕەكی كوردان لەدیمشق كەخاوەنی ڕێزوپایەی دەیان هەزار سوارچاكی كوردبون بەخۆیان چەكیانەوە هەرئەو هێزەبوو كەلەدواییدا ترس ولەرزی خستە دڵی ڕژێمی سوریاوە لەساڵی 1946، هەربۆیە ڕژێمی سوری كاریكرد بۆ لەناوبردنی ئیدارەی كوردی وگشت مەفەكانیشیان كەتا ئەوكاتەش گەلی كورد هەیبوو.

پاش ئەوەزنجیرەیەك لەبڕیارو ڕاگەیاندنی ڕەگەزپەرستیانەی فاشزمانە درێژكرایەوەو لەدژی گەلی پیادەكرا كەتائەمرۆش بەردەوامە (وەك پشتێنەی عەرەبی وسەرژمێری جیاواز...) ڕۆژانەش برگەی تازەی دەخرێتە سەرو یاخود بڕیاێك دەردەچێت پاڵپشت بێت بۆ بڕیارەكانی ڕابوردوو، كتێبەكەی محمد طلب هلال باشترین نمونەو دیاردەی سەپێنراوە بەسەر ڕژێمی سوریەوە كەبەڕژێمێكی ڕەگەزپەرست وفاشیزم دەناسرێت، هەروەها دەزگا پۆلیسیەكان بەگشت جۆرێكیەوە خەریكی شەری دەرونینن لەدژی ڕۆڵەكانی گەلی كورد لەپێناوی داڕوخاندن وهەرەس پێهێنانی كەسایەتی كورد وشێواندن وتێكدانی یەكگرتویی كورد لەچوارچێوەی سیاسەتێك وبەرنامەیەكی بەردوامدا لەساڵی 1946 تاوەكوو ئێستاش.

**2- کێشەی گەلی کورد لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کوردی :**

هەڵوێستی نەیارەکانی سوریا ڕۆژێك لەڕۆژان باشترنەبوە لەهەڵوێستی ڕژێمی سوری بێجگە لەچەند کەسایەتیەك نەبێت کەهەڵوێستیان لەدژی مافەکان گەلی کوردا نەبوو ئەویش تەنها بەهۆی بەزەیی وسۆزەوە بوە زیاترنا.

**3 ـ کێشەی گەلی کورد لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان :**

گەلی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان قوربانیەکی زۆری بەخشی لەپێناوی پشتیوانکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوری کوردستان،ئەوەش کارێکی ڕەوایەو ئەرکی سەرشانی خۆشمانە بەڵام گەلی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی ئەویارمەتیدانەوە خۆیان مافەکانی خۆیانیان بیرچووەوە، لەبەرامەریشدا گەلی کوردی باشوری کوردستان هەڵنەستان بەپشتیوانیکردنی گەلی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان.

**4 ـ کێشەی گەلی کورد لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباکوری کوردستان :**

هەروەها گەلی کوردمان لەڕۆژئاوای کوردستان قوربانیەکی زوریدا لەپێناوی پشتیوانکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخواز لەباکوری کوردستان، ئەوەش هەرکارێکی ڕاستەوئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکە بەڵام گەلی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی ئەو پشتیوانیکردنە هەم خۆیام بیرچەوەوە وهەم مافەکانیشیان، لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کورد لەباکوری کوردستان پشتیوانی گەلی کوردیان نەکرد لەڕۆژئاوای کوردستان.

**5 ـ کێشەی گەڵی کورد لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگارخوازی خۆیدا لەڕۆژئاوای کوردستان :**

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان، کە خۆی لەخۆیدا بابەتی سەرەکیمانە لەم پرۆژەیەماندا :

أ ـ بەرنامەیەکی کاری یەکرگرتوی دانەڕشت بۆ بەرەنگاریکردنی پلانە ڕەگەزپەرستانەکەی ڕژێمی سوری.

ب ـ سەرەڕای گەشت گۆڕانکاریەکی هەرێمی ودەوڵەتی کەچی هێشتا داخوازی ڕێکخراوە کوردیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەجێی خۆیدا دەخولێتەوەو هەر وەکوو خۆیەتی بێ هیچ گۆڕانکاریەك سەرەڕای ئەوەی هەرچی ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی جیهان هەیە بەرنامەکانیان هەماهەنگ وگونجاونیە لەگەڵ سەردەمی شەڕی ساردا چونکە ناگونجێت لەگەڵ ئەمڕۆدا بۆیە بەرنامەکانی خۆیان گۆڕی بەجۆرێك گونجاوبێت لەگەڵ ئەم سەردەمەو ئەم یەك جەمسەریەدا.

ڕێکخراوە کوردیەکان تاوەکوو ئەمڕۆش هەرداوادەکەن ڕژێمی سوری دیموکراتی بێت وهەوڵدەدەن گفتوگۆلەگەڵ ئەم ڕژێمە ڕەگەزپەرستەبکەن کەمنداڵانی ئێمەی بێ گوناە کوشت لەعامووداو زنیدانەکانی حەسەکەو تەقەکردن لەوجەماوەرەی سەرقاڵی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆزبون لەشاری دیمشق، لەبیریان دەچێتەوە لەگەڵ خۆیاندا دیموکراسیانە ڕەفتاربکەن وگفتوگۆبکەن لەگەڵ یەکا.

کەوابوو بەگوێرەی ئەوڕۆشنابیە ئێمەی ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان داوا لەگشت ڕێکخراو وحزب ولیژنەیەك وکەسایەیتیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی ڕۆشنبیران وزانایانی کورد دەکەین لەرۆژئاوای کوردستان پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکەن :

1 ـ پەیوەندیکردن وگفتۆگۆکردن ودانوستان لەگەڵ ڕژێمی سوری پێویستەو دەبێت مەرجداریش بێت بەبونی دەقێکی ڕون وئاشکرا بیسەلمێنێت کەکۆمەڵگەی سوریا لەدوو نەتەوە پێکهاتون ئەویش نەتەوەی عەرەب ونەتەوەی کوردە، ئیتر هەرپەیوەندیەك ودانوستانێك بکرێت هیچ نرخێکی نیەو بەبێ دانانی ڕەسمی بەبونی کورد.

2 ـ بەگوێرەی بۆچون وتێڕوانینیمان سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوەیی پێویستەو مەرجیشە پشتیوانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین بەڵام دەبێت ئەو پشتیوانیکردنە لەسەرحسابی پارچەیەکی دیکەی کوردستان نەبێت.

3 ـ بەگوێرەی دەستوری کۆنگرەی نیشتمانی کوردساتان بەوپێیەی ئێمە ڕێکخراوێکی نەتەوەیین باوڕمان بەخەباتی هەرێمی نیە، بەڵام سەبارەت بەهەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان لەبەرئەوەی پلانی سەخت ودژوارو ئێجگار زۆری لەسەرە بۆیە خەباتکردن لەپێناوی ئەم بەشەدا بەخەباتێکی هەرێمی دانانرێت لەلایەن ئێمەوە بەڵکوو خەباتێکی نەتەوییەو پێویستە دوو بەرابەر ئەوتێکۆشانە زیادبکرێت لەپێناوی ڕۆژئاوای کوردستان.

4 ـ گۆڕین وگەشەپێدانی داخوازیەکانی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان بۆبارێکی باشتر، بۆنمونە حزبی شیوعی ئیتالی کەبەژمارە زیاترن لەهەموو حزبێکی شیوعی ئەوروپی لەئیتالیا دەسەڵاتیان گرتەدەست کەچی لەهەمان کاتدا ئیتالیا هەر لەهاوپەیمانیەتی شمالی ئەتلەسیدا مایەوە !

5 ـ داواکاریەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەرچەندێك بێت پێویستە لەدەرەوەو زیاتر داوابکرێت، تاوەکوو زیاتر سود لەسەربەستی وئازادی بکرێت، کە لەهەمانکاتدا دەبێتە پشتیوانیەکی بەهێز بۆخەباتی ناوەوە، هەرخۆشی وایە زیندانی بەردەوام بەکردنەوەی دەرگاکانی زیندان ڕزگاری دەبێت کەلەدەرەوە دەکرێتەوە ئێمەش گەلەکەمان لەناوەوە زیندانیەو ئێمەش هێزێکی گەورەین لەدەرەوەی وڵات کۆمەڵێکی چالاکی ڕۆشنبیرین لەئاستێکی بەرزداین وتواناشمان هەیە گەلەکەمان لەناوەوە ڕزگاربکەین.

لەندەن 12 / 11 2002 .

***

**بانگەواز بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی بۆ سەرجەم هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان**

**کە بەزۆر لێکێنراوە بەدەوڵەتی سوریەوە**

بەڕێزان خانمان وبرایانی سەرکردەو مەڵبەندو ڕێکخراو وحزب ولیژنەکان وکەسانی سیاسەتمەدارو کۆمەڵانی وڕۆشنبیرو زانایان کورد لەڕۆژئاوای کوردستان لەناوەوەی وڵات ودەرەوەشی،

ڕێزو وسڵاو،

لەسەر ڕۆشنایی ئەوپڕۆژەیەی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان پێشکەشی کردبوو لەگەڵ بانگەوازێك لەپێناوی بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی کەئاراستەی سەرجەم حزب وڕێکخراوەکان وکەسایەتی کورد کرابوو لەڕۆژئاوای کوردستان بەر لەدووساڵ.

کۆنگرەی نیشتمانی سەرلەنوێ بانگەوازەکەی دوپاتدەکاتەوە لەپێناوی بەشداریکردن لەکۆنگرەی گشتیدا بۆگەلی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان لەشاری لەندەن دەبەسترێت لەڕێکەوتی 23 / 1 / 2004 لەپێناوی ئەوەی سودو دەرفەت وەربگیرێت لەباروودۆخی نوێی دەوڵەتی کەهاتۆتە پێشەوە بەمەبەستی بەدیهێنانی سەرجەم مافەکانی گەلی کورد. ئەوەش پەیوەستە بەیەکگرتویی قسەکانمان وبڕیاری خۆمان.

هەر بەڕێزێك ئارەزوی بەشداریکردنی هەبێت لەو کۆنگرەیەدا پێویستە لەسەری پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفونانەی خوارەوە بەرلەکاتی دیاریکراو، بۆ ئەوەی بتوانین هەستین بەکاری پێویست.

براتان
جواد ملا
سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان

**ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانی**

**لەلایەن کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانیەوە دەرچوە**

هێزە کوردستانیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کەبەزۆر لکێنراوە بەدەوڵەتی سوریەوە کۆبونەوەیەکی گشتی بەست لەشاری لەندەن لەرێکەوتی 23 / 1 / 2004.

بەگوێرەی ئەوپرۆژەیەی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی پێشکەشی کردبوو بەمەبەستی بەستنی کۆبونەوەیەکی گشتی بۆسەرجەم حزب ورێکخراوەکان وکەسایەتی کورد لەرۆژئاوای کوردستان بەر لەدوو ساڵ.

کۆنگرەی نیشتمانی لەشاری لەندەن کۆبونەیەکی بەست لەکاتژمێری پێنجی ئێوارەی ڕۆژی هەینی لەرێکەوتی 23 / 1 / 2004 کە کۆبونەوەیەکی گشتی بوو بۆسەرجەم هێزە کوردیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان جەماوەرێکی زۆر بەشداریان تیاکرد هەر لەرێکخراو ودەزگاکان وکەسایەتی سیاسی وزانایانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها کۆبونەوەکە ژمارەیەکی زۆر بەرچاو ئامادەی بون لەکەسایەتی کوردی سەرجەم بەشەکانی کوردستانەوە کەلکێنراون بەعراق وتورکیاو ئێرانەوە هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لەکەسایەتی کوردی لوبنان بەشداریان تیاکرد لەپێناوی پشتیوانکردن وهاپەیمانیەتی لەگەڵ گەلی کوردی سوریا، بەهۆی دوا لێدوانەکەی سەرۆکی سوری بشار الأسد کە دژبەگەلی کوردو سەربەخۆیی کوردستان بوو، گفتوگۆ ولێکۆڵینەوەکرا لەسەر ڕاگەیاندنی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەدەرەوەی وڵات بۆپێکانی ئەومەبەستەش هەستان بەدەنگدان لەسەر بابەتەکە لەلایەن سەرجەم بەشداربوانی کۆبونەکەوە پاشان دەنگەکانی سندوقەکان جیاکرانەوە ئەنجامەکەی 88 % بە بەڵی وڵامیاندابۆوە سەبارەت بەڕاگەیاندنی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەدەرەوەی وڵات. هەروەها لەکۆبونەوەکەدا مشتومڕکرا لەسەر بەرفراوانکردنی بازنەی دەنگدانەکە بەڕیفراندۆمێك لەپێناوی ئەوەی سەرجەمی کوردستان بگرێتەوە ئەنجامی دەنگدانەکە سەبارەت بەوتەوەرە ڕێژەی 90 % دەنگیان بۆدا وهەروەها مشتومڕکرا لەسەرمەسەلەی ویستی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوێکی کوردستانی بێتەکایەوە داوای سەربەخۆیی کوردستان بکات ئەنجامی دەنگدانەکەی کەخرایە بەرلێکۆڵینەوە زۆرینەی دەنگی هێنا کە 93 % بوو.

لەئاست ئەم ئەنجامە ئەرێنیە بەرزەی گشت بوارەکان بۆگشت ئەومەسەلانەی خرابوە بەرباس، لیژنەی کار پێکهێنرا بۆ ئەوکەسانەی وتوبویان بەڵێ یاخود بەبەڵێ وڵامیان دابۆوە، هەروەها بڕیاردرا ئەم کۆبونەوەیە جارێکی دیکەش ببەسترێتەوە لەگشت وڵاتە ئەورووپیەکانداو کارتی دەنگدان بڵاوبکرێتەوە بۆئەوەی لەرێی ئینتەرنێت ورێگەچارەی دیکەوە وەك دەزگای ڕاگەیاندنەکان ڕادیۆ وتەلەفزیۆنەوە بڵاوبکرێتەوە.

لەکۆبونەوەکەدا ئەم بەڕێزانە قسەیانکرد، بەڕێزان شیروان ڕەشید وجواد ملا وصابر کۆکەیی وسلیمان جزیری ومحمد زاگرۆسی هەروەها قسەوباسی بەنرخکرا لەلایەن بەشداربوانەوە، لەوبەڕێزانەش : بەڕێز دڵسۆز وبەڕێزان ڕێبوار فتاح وعبدالقادر دباغی وشێخ لطیف مەریوانی.

دەسپێکی کۆبونەوەکە بەساتێك وەستان لەپێناوی گیانی پاکی شەهیدانی ڕیگای سەربەخۆیی کوردستان دەستپێکرد.

کۆتایی کۆبونەوەکەش بەموسقاو گۆرانی کوردی نیشتمان پەروەرانە کۆتاییهات کەبرایانی هونەرمەند بکر وبێکەس گۆرانیەکانیان چڕی.

**بەیانامەی لیژنەی ئامادەکاری حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان**

**(کوردستانی سوریا) لەهەندەران**

**بۆ سەرجەم هێزە کوردیەکان ولایەنگرانی ئازادی ودیموکراتی لەجیهاندا**

بەمدواییەدا حوکومەتی بەعسی فاشی لەسوریا هەستاوە بەجێ بەجێکردنی چەند تاوانکی نوێ دەرحەق بەگەلی کوردی پاڵەوان لەڕۆژئاوای کوردستان (سوریا) کە بریتی بون لەم تاوانانە :

1 ـ لەڕێکەوتی 10 / 1 / 2004 دادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەت لەدیمشق چەند فەرمانێکی سەختی دەرکردوە (ئەودادگاگایە دادگایەکی کوتوپڕیە حزبی بەعس لەساڵی 1963 دا دایمەزراندوە) ئەوفەرمانە سەخت ودوژنمکارانەی دەرکردوە دەرحەق بەحەوت تێکۆشەری کورد وفەرمانی زیندانی بەسەراسەپاندون بۆماوەی دەساڵ زیاتر بەتاوانی جیاکردنەوەو دابڕانی بەشێك لەخاکی سوریاو لکاندنی بەدەوڵەتێکی بێگانەوە. لەڕاستیدا ئەوحەوت پاڵەوانە سەرکردەو تێکۆشەری هەندێ لەحزبە کوردیەکانن کە ڕێپێوانێکی ئاشتیانەیان بەڕێکردبوو لە 15 / 12 / 2002 لەبەردەم پەرلەمانی سوریا داوای بەخشینی ڕەگەزنامەی سوریيان کردبوو بۆکوردەکانی پارێزگاری حەسەکە لەوانەی ڕەگەزنامەیان لێ سەندراوەتەوە لەساڵی 1962.

2 ـ لەوەتەی ڕێکەوتنی ئەدەنە بەستراوە لەنێوان تورکیاو سوریا لەساڵی 1998 چەندین ڕێکەوتنی ئاسایشی بەدواداهاتوە هەرهەموشی بەپلەی یەك لەدژی گەلی کوردمان دەرچوە لەلایەن هەردوو دەوڵەتانی داگیکەرەوە. بەگوێرەی ئەوڕێکەوتنانە ئۆفیسی مەفرەزەی ئاسایشی تورکی کرایەوە لەباڵوێخانەو کونسڵخانەی تورکیا لەحەلب ودیمشق ئەویش بەمەبەستی چاودێریکردنی ئەوبڕە کادرانەی ماونەتەوە سەر بەڕیزەکانی شۆڕشی گەلی کوردن لەباکوری کوردستان، ئەم دەوەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە دوژمنایەتی خۆیان دەرحەق بەگەلی کورد لەتیرۆرەوە دەئاڵێنن گوایە لەدژی تیرۆر دەجەنگن هەربەزۆر وبەناحەقی تاوان دەنێن بەگەلی کوردەوە بەبێ هیچ تاوانێك سەیرلەوەدایە گەلی کورد خۆی بۆتە قوربانی تیرۆر کەبەردەوام دەرحەقی دەکرێت.

3 ـ ماوەی حەفتەیەکە نزیکەی زیاتر لە 80 کادری پارتی کرێکارانی کوردستانی لەوانەی لەسوریا نیشتەجێن لەلایەن ڕژێمی سوراياوە دراونەتە دەست ڕژێمی تورکی تائێستاش کەس نازانێت چارەنوسیان چیە.

4 ـ سەرکوتکردن وبێدەنگ کردنی سەربەستیەکانی گەلی کورد لەسوریاو نکوڵیکردن لەمافی سەربەخۆیی لەخاکی داگیرکراوی خۆیدا لەساڵی 1921 وە لەلایەن دەوڵەتی سوریەوە بەگوێرەی ڕێکەوتنی سایس بیکۆ.

بۆیە ئێمەش، بانگەوازی گشت هێزە کوردیەکان ولایەنگرانی ئازادی ودیومکراسی دەکەین لەسەرتاسەری جیهان ونەتەوە یەکگرتوەکان وسەرجەمی ڕێکخراوە دەوڵەتیە مەبەستدارەکانی وابەستە بەم بابتەوە دەکەین بێن بەهانامانەوە لەپێناوی ئەوەی ببزوێن تاوەکوو فشاربخەنە سەرحوکومەتی بەعسی سوریا ئەم جۆرە تاوانە دژە مرۆڤانە ڕاگرێیت کەدژ بەگەلی کوردمان پیادەکراوە لەڕۆژئاوای کوردستان.

سەربەستی وئازادی بۆ گەلی کوردو سەربەخۆییش بۆ کوردستان.

**لێژنەی ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران**

30 کانونی دوەمی 2004

## دەستوری حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران

نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەیە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستاو گەورەترین نەتەوەشە لەجیهاندا دەوڵەتی نیە. کوردستانیش وەك هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەراستن ـ بەدەر لەئێران ـ لەوانەی لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیەکان دابون. وەك دەرئەنجامێکی جەنگی جیهانی یەکەم ولێک هەڵوەشاندنەوەی عوسمانیەکان لە (1918) واپێدەچوو کەزۆرینەی چارەسەرەکان بەوشێوەیەبێت کەهەروەها مەعقولیەتی تیابەدی دەکرا مافی سەربەخۆیی بدرایە بەکوردستان لەگەڵ مافی نەتەوەیی تەواویش. سەرەڕای ئەوەی کەپەیمانی سیڤەری (1920) بڕیاریدابوو بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، بەڵام مصطفی کماڵ کەبوو بەسەرۆکی تورکیا بەوە ڕازی نەبوو هەڕەشەی لەڕۆژئاواکرد گوایە تورکیا دەکات بەدەوڵەتێکی شیوعی. ئەوە یەکێك لەوهۆکارانە بوو کەپاڵینا بەدەوڵەتانی هاوپەیمانەوە پەیمانی دوەم ببەستن لە لۆزان ساڵی 1923 ئەوەبوو پەیمانی نوێ پەیمانی سیڤەری لەبیرکرد کەپەیوەست بوو بەگەلی کوردو کوردستانەوە. دوای ئەوە بەگوێرەی ڕێکەوتنی نێوان تورکیاو فەڕەنسا خەتی ئاسنینی (شەمەنەفەر) نێوان موصل وحلب بوو بەخەتێکی سنوری نێوان تورکیاو سوریا. بۆیە ئەنجامی ئەوڕێکەوتن وهاوپەیمانیەبوە هۆی دابەشکردنی کوردستان بەناحەق وبەبێ ئەوەی هیچ ڕایەکی گەلی کورد وەربگیرێت. کورد بەهیچ شێوەیەوك ئەوبارودۆخە سەپێنراوەیان قبوڵ نەکرد دەستیانکرد بەخەباتی سەخت ودانەبڕاوی خۆیان لەدژی ئەودەوڵەتە دروستکراوانەی لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە دروستکرابون وکوردستانیان داگیرکردبوو بەتایبەت، عراق، تورکیا، ئێران، سوریا، هەروەها یەکیەتی شوڕەوی ڕابوردوو. ئیتر ئەوحوکومەتانە لەوکاتەوە سەختترین شێوەی سیاسەتیان بەکارهێناو لەچەوساندنەوە دژ بەگەلی کورد کەمێژوی مرۆڤایەتی ئەوچەوسانەوەیەی بەخۆیەوە نەدیوە.

لەڕاستیدا ئێستا کورد لەدوای کارەساتی هەڵبجەو پاکتاوکردنەکانی ڕژێمی عراقی ئەم دواییە بەتایبەتی وایان لێهاتوە داوای جیابونەوەدەکەن لەعراق وگشت ئەودەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە. بەڵام لەسەرێکی کەوە ئەگەربێتوو کورد داوای سەربەجۆیی سەرتاسەری بکات یاخود خودموختاری تەنانەت ئەگەر داوای ڕاکێشانی خەتی کارەباش بکەن بۆگوندەکانیان لەو وڵاتانەدا، بەدڵنیاییەوە وڵامەکەی بەشێوەیەکی سەرسەختانەو نەرێنی دەبوو بێ بەشبەش دەکران وبەسەختی لێیان دەدرێت ودڕندانە سەرکوتیان دەکەن.

ڕێکەوتنی فەڕەنساو تورکیا (ڕێکەوتنی ئەنقەرە 1921) ئەوسنورەی بەدوای خۆیداهێنا کەکوردستانی سوریای دابڕی لەنیشتمانی کوردستان. لەئەنجامدا هەزاران خێزان دابەشکران بەسەر هەدوولادا. ئەوبەشەی لەسەروی خەتی ئاسنەوەبون کەوتنە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەری تورکیاوە و(بەگوێرەی ئیدعای حوکومەتی تورکیا بون بەتورك)، ئەوانەش لەبەشی باشوری خەتی ئاسنەوە بون بەداگیرکراوەی سوریا داگیرکەر (بون بەعەرەب بەگوێرەی دەستوری سوری) کەئێستا ڕێژەیان لە 3 ملیۆن زیاترە. لەبیستەکان وسیەکاندا کورد لەسوریای داگیرکراو لەلایەن فەڕەنسیەکانەوە تاڕادەیەکی بەرچاو سەربەستی چاپەمەنی وبڵاوکردنەوەیان هەبوو هەروەها جێگەو پێگەی خۆشیان هەبوو لەسەردەمی چاودێری فەڕەنسادا. بەڵام هەرئەوەندەی سوریا سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێنا لەساڵی 1946 وعەرەب دەستیگرت بەسەر فەرمانڕەوایەتیدا، کورد هەرچیەکیان بەدەستهێنابوو لەکیسیان چوو. هەرچی بنکەو ڕێکخراوێکی کوردی هەبوو داخران، وهەرچی نوسراو چاپکراوی کوردی هەیە لەڕۆژنامەو گۆڤار دەستی بەسەراگیرا، کۆن ونوێی. هەروەها سەرکردەکانی گەلی کورد لەسێدارەدران وئاوارەکران. ئەمەش چەند نمونەیەکە لەوتاوانانەی عەرەب پیی هەستا :

1 ـ دەسەڵاتی چاودێریکەری فەڕەنسی لەسوریا ساڵی 1930 هەستان بەدەرکردن ودوورخستنەوەی پێشەوای کورد ئاپۆ عوسمان صبری وڕەوانەیانکرد بۆدورگەی مدغەشقەر. بەهۆی زۆرکردن فشاری کوردەکانی دەسەڵاتی سوریاوە گێڕایانەوە. لەوکاتەوە تاوەکوو کۆچی دوایی لەساڵی 1993 ئەوپاڵەوانە کوردە زیاتر 18 جار دەستگیرکرا زیاد لە 12 ساڵیشی لەزیندانەکانی سوریادا بردەسەر هەروەها ڕێگەشی پێنەدرابوو سەفەربکات لەبەرئەوەی حوکومەتی سوری لەساڵی 1962 ڕەگەزنامەیان لێ سەندبۆوە.

2 ـ دەسەڵاتی سوری لەساڵی 1958 دا میر جلادت بدرخان یان تیرۆرکردو (میر کامەران یان) دوورخستەوە لەگەڵ ژمارەیەك لەكەسایەتی دیكەی كورد وەك دكتۆر نورالدین زازا.
3 ـ دەسەلاتی سوری لەساڵی 1958 دەیان ئەفسەری كوردیان لە لەشكری سوری دەركرد تەنها لەبەرئەوەی سەر بەنەتەوەی كوردن، لەنێو ئەوە ئەفسەرانەش : سەرۆكی ئەركانی لەشكری سوری لواء توفیق نظام الدین، ولواء محمود شوكت وعقید فؤاد ملاطلی وعقید بكر قرطوش...
4 ـ دەسەلاتی سوری هەساتن بەكوشتنی 380 منداڵی كورد لەشاری عامودا بەسوتاندن لەهۆڵی سینەمای عامودا كەسەیری فلیمێكیان دەكرد لەبەرواری 13 / 11 / 1960.
5 ـ هەروەها لەساڵی 1962 دەسەڵاتی سوری 150 هەزار هاوڵاتی كوردیان بێبەشكرد لەڕەگەزنامەی سوری لەدانیشتوانی ناوچەی جزیرە كەئەمڕۆ ژمارەیان لەنێو ملیۆن كورد زیاترە
6 ـ لەساڵی 1967 دەسەڵاتی سوری هەستا بەجێ بەجێكردنی سیاسەتێكی ڕەگەزپەرستانە ناوی نا ((پشتێنەی عەرەب)) مەبەستی لەوەبوو كوردی دانیشتوانی ئەوناوچەیەی نوساون بەسنوری توركیاو عراقەوە لەیەک جیابكاتەوە (بەپانتایی 15 كیلۆمەترو درێژی 375 كیلومەتر)) وعەرەبی لەجێی ئەوان نیشتەجێكرد لەوناوچانەدا. مەبەست لەوەبوو ناوچەی جزیرەی كورد نشین جیاكاتەوەو دابڕێت لەلەبەشەكانی دیكەی كوردستان لەعراق وتوركیا بەنیشتەجێ كردنی مرۆڤی عەرەب وەك پشتێنەی مرۆڤ كۆمەڵگەی نوێی بۆدامەزراندن ونیشتەجێكردن لەتەنیشت هەر گوندێكی كوردەكانەوە كەبێ بەش بون لەگشت خزمەتگوزاریەكی پێویست.
7 ـ دەستگیركردنی نیشتەجێیانی كورد بەشێوەیەیكی بەردەوام، بۆ نمونە حاجی دهام میرۆ وهاوڕێكانی دەستگیركران لەسوریا بۆ ماوەی زیاتر لە 15 ساڵ بەبێ داداگایی كردنیان حاجی دهام چەند ساڵێك بەرلەكاتی خۆی ئازادكرا بەهۆی زۆری تەمەنی ونەخۆشیەوە. هەروەها زیندانیەكی زۆر لەكوردە سیاسیەكان كوژران وەك كتۆر حمید سینو یاخود بەشێوەیەكی دیكە كوشتنیان دەرمانیان دانی بۆ ئەوەی دووچاری نەخۆشی جیاجیابن وپیی بمرن لەونەخۆشیانەش كەتوشی دەبون بەهۆی ئەودەرمانانەوە توشی نەخۆشی مێشك تێكچون بون وەك ئەوەی بەڕێز بهجت محمد كاتێك لەزیندان هاتەدەرەوە ئەقڵی خۆی لەدەستدابوو بەمەرجێك یەكێك بوو لەوقوتابیانەی لەشاری جزیرەدا یەكەمی شاربوو لەئامادەیی.
8 ـ لەساڵی 1986 لە 21 مارسدا دەسەڵاتی سوری هەستان بەقەدەغەكردنی گێرانی ئاهەنگی ((نەورۆزی)) نەتەوەیی. ئەوبوو كورد هەستان بەسازدانی ڕێپێوانێكی ئاشتیانە لەشەقامەكانی دیمشق نارەزایی خیان دەربڕیبوو لەسەر ئەو بڕیارە، كاتێ ڕێپێوانەكە گەشتە بەردەم كۆشكی سەرۆك كۆمار. پاسەوانانی كۆشكی كۆماری دەستڕێژیان لەجەماوەركردو لاوێكی كوردیان كوشت ودەیان كەسی دیكەش بریداركران.
9 ـ دەسەڵاتی سوری لە23 / 3 / 1993 72 زیندانی كوردیان سوتاند تادواهەناسەیان درچوو لەزیندانی حەسەكەی مەركەزی.
10 ـ لەسوریا ئێستا سەدان قوتابخانە هەیە زمانی ئینگلیزی وفەڕەنسی وئەڵمانی وئیسپانی وئەرمەنی وتوركی وفارسی وعبری تیادەخوێنرێت بەڵام لەسەرتاسەری سوریا قوتابخانەیەكی تیانیە زمانی كوردی تیابخوێنرێت.
11 ـ ڕاپەڕینی گەورەی كورد لەڕۆژئاوای كوردستان كە لە 12 /11 ـ ڕاپەڕینی گەورەی كورد لەڕۆژئاوای كوردستان كە لە 12 / 3 / 2004 دەستی پێكرد سەرەتای ڕێبازی سەربەخۆیی كودرستانی ڕۆژئاوایە لەپێناوی ڕزگاربونی لەسوریای داگیركەر.
12 ـ دەستوری سوریا دان نانێت بەبونی كورداو فەرمانی عورفی وكاتیان بەسەرادەسەپێنێت وجێ بەجێدەكات، هەروەها زیندانیانی كورد بەهەزاران مەزنەدەكرێن لەهەموو كاتێكدا، تەنانەت ئەوانەش كەداوای ڕەگەزنامەی سوری دەكەن وەك ئەوەی ڕویدا لەكاتی ڕێپێوانی كوردەكاندا لەدیمشق لە 15 / 12 / 2002 كەبەرامبەر بە پەرلەمانی سوریاكرا، هەرەوها خۆپیشاندانەكەی منداڵانی كورد كەبێبەشكراون لەڕەگەزنامەی سوری كەلەبەردەم بارەگای نەتەوە یەكگرتوەكان ڕێپێوانیان كردبوو لە 25 / 6 / 2003 هەروەها خۆپیشاندانەكەی شاری حلب یش لە 30 / 6 / 2003، ئەم حاڵەتە شازەی كوردی سوریا تیادەژی لەكاتێكدا ئێمە بەرەو سەدەی بیست ویەكەم دەچین كە سەدەی گۆڕانكاریە لەگشت جیهاندا، بەڵام حوكومەتی سوری گۆڕانكاری ناوێت، بۆیە دەرگا بەڕوی ئێمەدا كراوەیە بۆئەوەی خۆمان هەستین بەگۆڕانكاری وهەرچی شێواز هەیە دەیگرینەبەر تەنانەت ئەگەر ناچاریش بین داوای یارمەتی دەركەیش بكەین.

**ئامانجەکان**

1 - ڕزگارکردنی گەلی کورد لەهەڕەشەی لەناوبردنی نەتەوەیی کوشتوبڕی بەکۆمەڵی یەك لەدوای یەك وڕاونانی بەکۆمەڵ وگواستنەوەو جەنگی بەردەوم وداگیرکەری سەربازی وسوکایەتی پێکردنی بەردەوام وسەرکوتی بەردەوام وڕێکخراو داگیرکاری بەزۆری ژیانی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری.
2 - ڕزگارکردنی کوردستانی وڵاتمان لەداگیرکراوی.
3- هێنانەکایەی بارودۆخێکی گونجاو بۆئەوەی گەلانی کوردستان بتوانن خۆیان بڕیاری لەسەر دواڕۆژی خۆیان وچارەنوسی سەربەخۆیی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری خۆیانبدەن بەبێ دەست تێوەردانی بێگانە.
4 - دەستەبەرکردنی موڵکایەتی گەل لەسەرخاکی نیشتمانی خۆی ومێژوی خۆشی ودامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان وهەڵبژاردنی دیموکراسیانەی خۆی بەئازادانە بکات ونوێنەرانی ڕەوای گەلی خۆیان هەڵبژێرن.
5 - بەکارهێنانی سامانی نەتەوەیی بەتایبەت نەوت لەپێناوی سەربەخۆیی وگەشەکردنی کوردستان.
6 - دەستەبەرکردنی ئاشتی وپاراستنی کەرامەتی مرۆڤ وڕێخۆشکردن بۆئەوەی بتوانرێت مافە سەرەتاییەکان وئازادی تەواو بەکاربێت بۆهەموو هاوڵاتیەك لەکوردستاندا بەبێ جیاکردنەوەیان لەڕوی ڕەسەنیەوە یاخود لەڕوی کەمایەتی یان ئاین یاخود ڕەگەز یان لەپەیوەندی کۆمەڵاتیدا.
7 - دەستەبەرکردنی مافی کەمەنەتەوایەتی وئاین ومەزهەب لەوانەی لەکوردستاندا دەژین لەگەڵ وابەستەییان هەیە بەڕەشنوسی ئەم دەستورەوە.
8 - لەناوبردنی ئاسەوارو دیاردەی دواکەوتن داگیرکەری وگۆڕینی شێوازی کۆنی نەتەوە کەبەهۆکارەکەی داگیرکراوی بوە وەك دیاردەماوەتەوە وسڕینەوەی بۆ هەتاهەتایە.
9 - گەشەپێکردنی کوردستان لەگشت بوارێکەوە.
10 - خوڵقاندنی پەیوەندیەك کە لەسەربنەمای گونجاندن وئاشتیانەو پاراستنی ئاسایش بێت لەگەڵ گەلانی دراوسێ لەسەربنەمای یەکسانی وبەرژەوەندی هاوبەش.
11 - ڕێزگرتن لەپەیمان وبەڵگەو ڕێکەوتنە دەوڵەتیەکان کە لەبەرژەوەندی ئازادی یەکسانی وهەماهەنگی مرۆڤدایە.
12 - بەشداریکردن لەدەستەبەرکردنی ئاشتی وئاسایشی ناوچەکەو جیهانیشدا.
13 - کوردستان پێناسەیەکی مێژویی جوگرافی وشارستانی مرۆیی حاشاهەڵنگرو مەعرفیە بەوپێیە هەرگیز نابێت دەست لەبەشێکی یان بستێکی ئەوخاکە هەڵگیرێت هەرهەوڵدان وڕێکەوتن وپەیمانێك مەبەستی جیاکردنەوەو دابڕان وداگیرکەری یان وەلاوەنانی کوردستانی پێوە دیاربێت بەهەموو شێوەیەکەوە ڕەتکراوەیە. دەستنیشانکردنی سنوری کوردستان بەوشێوەیە دەستنیشان دەکرێت کە لەکتێبی شەرفنامەدا ئامژەی پێکراوەو میری کورد شەرف خانی بدلیسی نوسیویەتی لەساڵی 1596 / 1597.

**بۆ جێ بەجێکردنی ئەم ئامانجانە پێویستە لەسەر حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران ئەم خاڵانە دەستەبەربکات :**

أ - مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد واتە مافی سەربەخۆیی ودامەزراندنی دەوڵەتی خۆی لەسەرجەمی خاکی نیشمانی کوردستان.
ب - یەکخستنەوەی گشت هەوڵەکان وتوانا نەتەوەییەکان لەگشت بوارەکانداو لەپێناوی ڕزگارکردنی کوردستان لەدەست ئیستعمارو داگیرکەر.
ت - ڕەچاوکردنی دانوستان وپەیوەندی کەلەسەر بنەمای دانان بەسەربەخۆیی کوردستان بونیات نرابێت هەروەها لەسەربنەمای یەکسانی گەلی کوردو تەواوی گەلانی دیکە بونیات نرابێت بەبێ دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆیی هیچ لالەینێك لەلایەنەکان، بە مەبەستی پیادەکردنی ئاسایش وئارامی لەناوچەکەو جیهانیشدا.
ث - بەدەستهێنانی یارمەتی وهاریکاری جیهانی بۆبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان وهەروەها بەدەستهێنانی باوەڕو دانپیانانی جیهانی دەرحەق بەمافی ڕەوای نەگۆر کەبێجگە لەگەلی کورد هیچ گەلێکی دیکە مافی دەستێوەردانی نەبێت سەبارەت بەوەی خۆی مافی چارەنوسی خۆی دیاریبکات ودەوڵەتی کوردستانی دیموکراسی وئاشتی خوازی بێلایەن.
ج - بایەخدان بەپەیوەندی برایەتی ودۆستایەی نێوان گشت هاوڵاتیان وگشت ڕێکخراوی سیاسی وڕۆسنبیری وکۆمەڵایەتی ڕێخۆشکردنی باردۆخی گونجاو بۆیان تاوەکوو بتوانن بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری بکەن لەخەباتی سەربەخپییدا.

**بیروبۆچونەکان**
لەپاش ڕەزامەندی برگەی یەکەم حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان وئەندامانی لەهەندەران وابەستەن بەوەی بەگوێرەی ئەو بیرو بۆچونانە خوارەوە کاربکەن :

1 - حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەرانەوە بڕیارو یاساکانی بەگوێرەی بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورد وبیروباوەڕەکانی پیادەکات ودەستەبەریاندەکات.
2 - حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران لەسەربنەمای مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد دروستبوە هەروەها لەسەر قبوڵکردنی بنەمای مافی ڕەوای خۆی وبەویستی خۆی بەدیموکراسیانە کاندیدی خۆی هەڵبژێرێت وحوکومەتی نیشتمانی خۆی دامەزرێنێت لەسەرخاکی نیشتمان کوردستان.
3 - حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەربنەماو بیروچۆنی سەروەری گەلی کورد دروستبوە لەسەرخاکی خۆی بەگشت خیروخێراتێکی وڵاتەکەیەوە.
4 - حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەربنەمای یەکسانی دروستبوە.
5 - پێویستە لەسەرحوکومەت کاربکات بۆسەربەخۆیی کوردستان وبەشێوەیەکی چالاکانە بیگوێزێتەوە لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەکوردستان، هەروەها لەبواری ئامادەکاری مشتومڕی سیاسی نەتەوییدابێت.
6 - پێویستە لەسەرحوکومەتی ڕۆژئاوی کوردستان لەهەندەران پەیوەندی گرێنەدات لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان تاوەکوو ئەودەوڵەتانە دان بەکوردستاندا نەهێنن.
7 - ئەرکی حوکومەتە براکوژی مەحروم بکات.
8 - پێویستە لەسەرحوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران ئەوهاوڵاتی وڕێکخراو کۆمەڵانەی تائێستا ڕایان لەسەردەستوری حوکومەتی ڕۆژئاوا لەهەندەران نیە ودانیان پیانەناوە گەرنتی بکات کەبەجۆرێك کاربکەن بگونجێت لەگەڵ ئەم بیروبۆچونانە کە لەکاتێکدا لەوانەی کارێکی پێداویدیست بێت سەبارەت بەپاراستن وڕاگرتنی یەکیەتی نیشتمانی وبەهێزکردنی خەبات لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان.

**مەرجی ئەندامبون وپەیوەندیکردن**
1 - پێویستە لەسەرئەندامانی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران لەسەربنەمای کوردبون پەیوەندیان هەبێت یاخود کوردستانی لەوکەسانەی بڕوایان بەسەربەخۆیی کوردستان هەیە.

2 - هەموو هاوڵاتیەك نێربێت یاخود مێ وتەمەنی 18 ساڵ بێت وئەم مەرجانەی تیابێت کەلەبەندی سێی برگەی 1 داهاتوە وبیروبۆچەنە تۆمارکراوەکانی ئەم دەستورەی قبوڵە مافی خۆیەتی پەیوەندی بەحوکومەتی ڕۆژئاوی کوردستانەوە بکات لەهەندەران .

3 - حوکومەتی ڕۆژئاوی کوردستان لەهەندەران لەسەربنەمای ڕیکخستنی شۆڕبونەوەی شاخەییە.

4 - پێویستە لەسەر کاندیدکراوان بۆ ئەندامیەتی لەحوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستانی هەندەران خواستنامەی پەیوەندیکردن بەشێوەی نوسین پێشکەش بکەن لەگەڵ کورتەیەك دەربارەی ژیانی خۆیان تۆماربکەن لەدواکاریەکاندا.

5 - ئەوئەندامەی بەشێوەیەکی بەردەوام سەرپێچی بیروبۆچونی تۆمارکراوی ئەم دەستوردەکات لەحوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران دەردەکرێت.

6 - هەرئەندامێکی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستانی هەندەران تاوانی بەرتیل یاخود دزی یان گەندەڵی یا تاوانی کەمتەرخمی وسەرپێچی وئەرکی لێدەرکەوێت دەردەکرێت لەحوکومەت.

7 - هەرگیز نابێت لەلایەن ئەندامانەوە زۆر یاخود هەڕەشەو ناتۆرە بەکاربهێرێت لەدژی یەکتری هەرکەسێك سەرپێچی ئەم بڕیارەبکات لەئەندامەتی سڕدەکرێت یەکسەر، کێشەکان لەڕێی دیالۆگەوە دەبێت چارەسەربکرێت.

**هەیکەلی ڕێکخستن**

1 ـ كۆنگرەی گشتی : كۆنگرەی گشتی پێكدێت لەئەنجومەنی حوكومەت وجێگران وڕاوێژكاران وسكرتاریەت، لەگەڵ ئەندامان ولیژنەكانی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان یش، كەبەرزترین لیژنەی یاساندنە سەبارەت بەدەوڵەتی كوردی وهەلدەستێت بەدانانی نەخشەی سیاسی حوكومەت وڕاستكردنەوەی دەستوریشە.

2 ـ سەرۆكی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستانی : دەسەڵاتی سەرۆك كۆماری هەیە لەدەركردنی یاسا نیشتمانیەكان وبۆی هەیە واژوی هاوپەیمانی دەوڵەتی بكات وبۆشی هەیە سەرۆكی حوكومەت دیاری بكات.

3 ـ حوكومەتی ڕۆژئاوای كوردستان لەهەندەران : ئەم لیژنانەی خوارەوەی هەیە : ناوخۆیی، دەرەوە، بەرگری وئاسایشی نەتەوەیی، ڕاگەیاندن، ئابوری داراییش، دادوەری، كاروباری كۆمەڵایەتی وتەندروستی وڕۆشنبیری وپەروەردەو فێركردن كە بەوزارەتی حوكوت دادەنرێت لەبارودۆخی ئێستای ئاوارەییدا (هەندەران)، هەروەها هەموو لیژنەیەك وەك خۆی لەبەرامبەردا لەنێو كۆنگرەی نیشتمانی كوردستاندا وەك سێبەری حوكومەتن بۆچاودێریكردنی كاروباری حوكومەتی ڕۆژئاوای كودستان لەهەندەران، هەروەها ئەنجومەنی حوكومەت بە بەرزترین دەسەڵاتی جێ بەجێكار دادەنرێت دەرحەق بەدەوڵەتی كوردی وپێكدێت لەسەرۆكی حوكومەت ولیژنەكان وكاروباری حوكومەت دەبات بەڕێوە لەماوەی نێوان دوو كۆنگرەدا.

4 ـ سەرۆكی حوكومەت : سەركی ئەنجومەنی حوكومەتەو بەرپسی یەكەمیشە لەجێبەجێكردن وپیادەكردنی دەوڵەت.

6 ـ لیژنەكان وجێگرانیان وسكرتیرو ڕاوێژكارانی : بەرپرسن لەجێبەجێكردنی سیاسەتی دەوڵەتی لەبواری ڕشتەیی خۆیاندا.

**دارایی**

دارایی حوكومەتی ڕۆژئاوای كوردستان لەهەندەران پێكدێت لەئابونەوە وبەخشین وپرۆژە ئابوریەكان.

**هەیكەلی دەوڵەت**

دەوڵەتی ئێمە كۆماری دیموكراسیە بەندە لەسەركۆمەڵگایەكی شارستانی، هاوڵاتیان نێربن یاخود مێ یەكسانن لەكۆمارەكەماندا لەشكرەكەشی بەرگری لەگەل ونیشتمان وكۆماردەكات.

**هەیكەلی ئابوری**

كۆماری كوردستان پشت دەبەستێت بەبازاری ئازاد.

**دابینكردنی كۆمەڵایەتی**

خۆڕاییی كردنی خوێندن وچارەسەری تەندروستی ودابینكردنی كارو ژیانی سەروەرانە بۆ گشت هاوڵاتیەكی نێرو مێ.

**فێركردن وڕاگەیاندن**

دانانی بەرنامەی ڕاگەیاندن وپەروەردەیی كوردی بێت بۆ پەروەردەكردنی نەوەكان بەپەروەردە كردنێكی نیشتمانیانە لەڕێی دەزگا ڕاگەیاندنەكانەوە وخولی پێگەیاندنی كادری نیشتمانی كەپەیوەستە بەگشت بوارەكاندا، لەپێناوی ئەوەی هیچ دەرفەتێك نەدرێت جارێكی دیكە ئیستعمار بگەڕێتەوە.

**سیاسەتی دەرەوە**

لەبەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەشدا وەك سەرجەم لایەنەکانی دیکەیە جیاناکرێتەوە پێویستە بەرژەوەندی نەتەوەی گەلی کورد وئاسایشی نەتەوەی کورد لەسەرو هەموو بەهایەکەوەبێت بەتایبەت لەبواری پەیوەندیکردن لەگەڵ زلهێزەکان وهێزە دیموکراس خوازەکانیش ئەوانەی باوەڕیان بەئازادی گەلەکەمان وسەربەخۆیی نیشتمانی کوردستان هەیە لەسەربنەمای بەرژەوەندی هاوبەش وهەماهەنگی ئاڵوگۆر پێکراوی هەردوولا.

**ڕاستکردنەوەی دەستور**

1 ـ ئەم دەستورە تەنها بەزۆرینەی دەنگی سێ بەشی ئەندامان ڕاستەدکرێتەوە ـ ئەندامانی کۆنگرەی گشتی.

2 ـ ئامانجەکانی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستانی هەندەران ناکرێت ڕاستبکرێتەوە یان دەستکاری بکرێت بەتایبەت ئەوئامانجانەی بەبەندی سەرکی دەستوری دادەنرێت تەنها بەدەنگدانی جەماوەری نەبێت ئەویش لەدوای سەربەخۆیی ودامەزراندنی دەوڵەت لەکوردستان دا.

**بناغەی دەستوری**

1 ـ ئەم دەستورە بەبناغەی یاسایی دادەنرێت لەڕۆژئاوای کوردستان لەسەرجەم هەرێمەکانیا دەچەسپێت تاوەکوو دەستوری دەوڵەتی کوردستان ڕادەگەێنرێت لەڕێگەی دەنگدانێکی جەماوەری میلیەوە.

2 ـ ئەم دەستورە سەرجەمی دەستورو یاسا سەپێنراوەکانی سەرڕۆژئاوای کوردستان هەڵدەوەشێنێتەوە کەلەلایەن ڕژێمی داگیرکەرەوە دەرچوە.

3 ـ ئەوکۆنفرانسەی لەشاری هیرنەی ئەڵمانی بەسترا بڕیاری لەسەر ئەم دەستورەدا ولەبەرواری 25 / 4 / 2004 وە کاری پێدەکرێت وباوەڕپێکراوە لەلایەن کۆنفراسەوە.

4 ـ ئەم دەستورە لەڕۆژنامەی ڕەسمی وگۆڤاری کوردی وجیهانیدا بڵاودەکرێتەوەو کەسانی پێویستش ئاگادار دەکرێنەوە.

**کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی بڕیاری لەسەردا لە 10 / 5 / 2004**

***

## بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسی بەستراو لەشاری هیرنەی ئەڵمانی لە 25 / 4 / 2004

## ڕاگەیاندنی پێکهاتنی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستانی لەهەندەران

بۆ جەماوەری گەلی کورد ودۆستانی کوردستانی سەربەخۆ وئازاد، لەهەر جێ یەکبن

ئەونەدەمان لەتوانادایە پیرۆزبایی ئاراستەی گەلی کوردو دۆستانی بکەین بەبۆنەی ڕاگەیاندنی پێکهاتنی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران لەشاری هیرنەی ئەڵمانی بەرواری 25 / 4 / 2004 کەدەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لەمێژوی سیاسی گەلی کورداو لەهەمانکاتدا گواستنەیەکە لەقۆناغی ڕێکخراوی وحزبایەتیەوە بۆقۆناغی دەوڵەتی کوردی، کەهەموو هێزە کوردیەکان لەبازنەی بزوتنەوەیەکی ڕزگاری خوازی نیشتمانی کوردستان پێکەوە گرێدەداتەوە لەیەك مەبەستا دەیانتوێنەتەوە کەئەویش نیشتمانی کوردستان ودەوڵەتی کوردیە، هەروەها دابینکەری مەرکەزیەت ومەرجەعیەتی نەتەوەیی وهەروەها بەرزبونەوە وهەڵکشان بەرەو ئاستی دەوڵەتان حوکومەتانی جیهان لەپەیوەندی دەوڵەتی ودیبلۆماسیدا، ڕزگارکردنی نیشتمان تاکەڕێگەی ڕاستەقینەیە بۆ بەدەستهێنانی پێناسەی نەتەوەیی وئاسایشی

نەتەوەی کوردو پاراستنی ئابڕوی شەرەف وخوێنی گەلی کوردمان، هەرکەسێك پێی وابێت دابینکردنی ئەوخاڵانە بەبێ دروستبونی دەوڵەتی کوردی دەستەبەر دەکرێت هەڵەیە.

لەشاری هیرنەو لەم کۆنفراسە بابەتی وچەندایەتی وچۆنایەتیەدا، ژمارەیەك لەکەسانی سیاسی ورۆشنبیری کورد کۆبونەوە بەبۆنەی تێپەڕبونی چل ڕۆژ بەسەرراپەڕینە مەزنەکەی کورد لەکوردستانی ڕۆژئاوا ولەکۆڕێکێکی ڕێزلێنان لەگیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕینەکە، کۆنفرانسەکە بەدەقیقەیەك وەستان بۆگیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد هاوکات لەگەڵ وتنەوەی سرودی نەتەوەیی کوردی (ئەی ڕەقیب) پاشان وتەیەك دەربارەی کورتەی ڕاپەڕین لەلایەن بەڕێوەبەری دانیشتنی کۆنفرانسەوە دەستپێکرد لەلایەن تێکۆشەر ڕزگار قاسم، دوابەدوای ئەوە ڕاپۆرتی سیاسی خوێندرایەوە لەلایەن دکتۆر جواد ملا، ڕاپۆرتی یاساییش لەلایەن دکتۆر ئالان قادر پێشکەشکرا، هەروەها وڵامی پرسیاری ئامادەبوان درایەوەو مەسەلەی ڕاگەیاندنی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان ودەستورکەی وپێشنیارەکانی خرایە ئەستۆ ودەنگی لەسەردرا.

**بەکۆی دەنگ ئەم بڕیارانەدران :**

1 ـ ڕاگەیاندنی پێکهێنانی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران، بەمزوانە دوای مشتومڕکردن ژمارەو ناوی ئەندامانی حوکومەت ئاشکرادەکرێت وڕادەگەێنرێت.

2 ـ لەئەستۆگرتنی پرۆژەی دەستوری حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران کەلەلایەن لیژنەی ئامادەکاریەوە پێشنیارکراوە، هەروەها لیژنەیەکی یاسایی پێکهێنرا کەبریتین لەم بەڕێزانە : مافناس باقی شۆڕش دکتۆر ئالان قادر وپارێزەر سلیمان جزیری، بە مەبەستی داڕشتنی یاسا لەلایەن بەڕێزیەوە.

3 ـ لەئەستۆگرتنی بەیاننامەی لیژنەی ئامادەکاری لەمەڕحوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان هەروەها ڕاپۆرتی سیاسی وڕاپۆرتی یاسایی وهەر پێشنیارێکیش کە لەخۆی گرتبێت بێجگە لەپێشنیاری ئامادەبوان کە بەمشێوەیە دەبێت :

*ـ بەشێوەیەکی ڕەسمی داوا لەنەتەوە یەکگرتوەکان دەکرێت هێزی دەوڵەتی ڕەوانەبکەن بۆ ڕۆژئاوای کوردستان لەپێناوی ئەوەی لەژێرچاودێری وپاراستنی دەوڵەتیەوە بێت لەدوای ئەو کوشتوکوشتارە خوێناویەی حوکومەتی سوریا دەرحەق بەگەلی کورد کردی لەوەتەی ڕاپەڕینی شکۆدار دەستپێکردوە لە 12 / 4 / 2004.

*ـ بەرزکردنەوەو پێشکەشکردنی شکاتێکی یاسایی بۆدادگای دادپەروەری دەوڵەتی لەلاهای سەبارەت بەتاوانباران وبکوژانی سەرانی ڕژێمی سوری لەپێناوی ئەوەی بدرێن بەدادگا وەك تاوانباری دژ بەمرۆڤایەتی بناسرێن بەهۆی تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ دەرحەق بەگەلی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان ئیتر چ لەوتاوانەی دەرحەق بەڕاپەڕینی هەنوکەیی یاخود تاوانە پرئێشەکانی ڕابودوویێت بەسوتاندنی منداڵانی کورد لەشاری عامودا لەساڵی 1960 یاخود سوتاندنی زیندانیان کورد لەزیندانی حەسەکەی مەرکەزی لەساڵی 1993 وچەندەها تاوانی دیکەش.

*ـ بەکارهێنانی هەموو جۆرە شێوازێك بۆ بەرگریکردن لەگەلی کورد کە بەردەوام دووچاری کوشتوبڕی وزیندانی وئەشکەنجەدان دەبن لەزیندانەکانی سوریا.

*ـ پشتیوانیکردن ولایەنگری بڕیارەکانی حوکومەتی ئەمەریکی لەمەڕ سەپاندنی سزای ئابوری لەدژی دیمشق وڕژێمی سوریا بخرێتە ڕیزەی دەوڵەتانی هەناردەکردنی تیرۆرەوە.

کۆنفرانس ژمارەیەکی زۆری بروسکەو نامەی پشتیوانی بەدەست گەشت لەسەرتاسەر جیهانەوە، هەروەها ئامادەبوانی کوردی ڕۆژئاوا لەزوربەی شارەکانی ئەڵمانیەوە هاتبون بۆبەشداریکردن، لەهەمانکاتدا نێردراوانی نەمساو فەڕەنساش ئامادەبون، لەگەڵ کەسایەتی سیاسی کوردی باشوری کوردستانیش بەشداریان کردبوو وەك دکتۆر جمال نەبەز

وئەندازیار بروسکە ابراهیم وچەندانی دیکەش ئامادەبون لەنێو ئەوانەش ڕۆژنامەوان وڕاگەیاندن ونێردراوی میدیاو ئەنتەرنێتی بەشی کوردی ئامادەبون، کۆنفرانسەکە بەسرودی نەتەوەیی کورد کۆتایی پێهات (ئەی ڕەقیب).

**خواستی پەیوەندیکردن بەحکومەتی ڕۆژئاوی کوردستانەوە لەهەندەران**

من.............................................................................................. بەوەپەڕی ڕێزو شانزیەوە داوای پەیوەدیکردن وکارکردن دەکەم لەنێو حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران.

سوێند دەخۆم بەنیشتمانم وئاڵای پیرۆزی کوردستان وبەبنەماکانی بیروبۆچونم کەخەبات بکەم تادواهەناسەی خۆم ژیانم ببەخشم لەپێناوی بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەی کوردستان وسەربەخۆیی وبۆ بەدەستهێنانی ئازادی بۆ کوردستان. وهەرکارێك وئەرکێکم پێ بسپێردرێت کەئەرکی سەرشانی خۆمە ولەلایەن حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستانەوە پێم دەسپێردرێت بەڵێن دەدەم بەوپەڕی ئەمەکەوە جێ بەجێبکم وبەڵێن دەدەم کەمتەرخەمی وخاوەخاونەکەم لەئەرکی سەرشانی خۆم هەروەها بەڵێن دەدەم ئابونەی ساڵانەی خۆم بدەم کە لە 10% ی موچەکەم کەمترنەبێت.

سوێند بەئاڵای کوردستانی نیشتمان دەخۆم نهێنیەکانی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان کەشەفاف وبەئەمەك ودڵسۆزبم دەرحەق بەنەتەوەکەمان ولاینگران و دارایی حوکومەتی ڕۆژئاوی کوردستان، هەروەها بەڵێن دەدەم هیچ کارێك نەکەم زیان بەحوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان وبەرژەوەندی نەتەوەی کوردو نیشتمانی کوردستان بگەیێنێت وبەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەی کورد لەسەرو هەموو بەهایەکی ترەوەبێت.

شارەزایی من لەمبوارەدایە :.......................................................................................................
لەگەڵ داوای خواستەکەمدا کورتەیەك دەربارەی ڕەوتی ژیانی خۆم تائەمڕۆتان بۆدەخەمەڕوو لەگەڵ وێنەیەکی نوێی خۆم.

پێمخۆشە لەحوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەمبوارەدا خزمەت بکەم : ڕاگەیاندن وڕۆشنبیری / ئابوری / پەیوەندی کۆمەڵایەتی / تەندروستی / یاسایی / دەرەوە / ناوخۆ / بەرگری وئاسایشی نەتەوەیی (لەژێر ڕشتەکەتدا خەتێك بکێشە کە خۆت حەزدەکەیت لەوبوارەدا کاربکەیت هەروەها ڕەزامەندی خۆشت دەرخە بۆ ئامادەبونت لەخولێکی ڕاهێناندا لەوبوارەدا).

Name

……………………………………………………………………………………………

Address

……………………………………………………………………………………………

……………………………………………………………………………………………

Tel

……………………………………………………………………………………………

E. mail

……………………………………………………………………………………………

ناوی پێشکەش کاری خواستی پەیوەندی کردن بەحوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان.........................................

جێگەو مێژوی لەدایکبون.........................................................................................................................

واژوو...............................................................................................................................................

لەلایەن فڵانکەسەوە پاڵێوراوە...........................................................................................................

مێژوو...............................................................................................................................................

لەوەتەی بەیاننامەی کۆتایی ڕاگەیاندنی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران بڵاوکراوەتەوە لەکۆنفرانسی بەستراو لە شاری هیرنەی ئەڵمانیاوە دەرچوو لە 25 / 4 / 2004، هەواڵەکە لەچەند کەناڵێکی ئاسمانی وڕۆژنامەوانی وتۆڕی ئەنتەرنێت، تاوتوی کراوە لەتەلەفزیۆنی العربیەو الجزیرة، ڕۆنامەی الحیاة الندنیە وڕۆژنامەی السیاسة الکویتیة، هەروەها لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت وەك :

amude. com, qamislo.com, knntv.net, hebun.net, kurdmedia.com

چەدین ڕۆژامەی دیکەش.


ڕۆژنامەی الحیاة لەو ژمارەیەی لە 29 / 4 / 2004 ئەمەی بڵاوکردبۆوە :

**ڕاگەیاندنی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران**

**بەرلین ـ الحیاة :**

دوێنێ لەشاری هیرنەی ئەڵمانی دامەزراندنی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران ڕاگەێندرا، لەئاهانگی یادکردنەوەی تێپەڕبونی چل ڕۆژ بەسەر ڕاپەڕینی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران، ژمارەیەك لەسیاسەتمەداران وڕۆشنبیرانی کورد ئامادەی بون، هاوکات دکتور جواد ملا لەوتەیەکیدا هەواڵی دامەزراندنی کاری حوکومەتی ڕۆژئاوی کوردستانی ڕاگەیاند وبەپێداویستیەکی زەروری دانا بۆگەلی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان دەرحەق بە بەرنگاری بونەوی هەردژایەتیەك کەڕووبەڕوی دەبێتەوە هەروەها ژمارەی ئەندامانی حوکومەتی نوێی ئاشکراکرد دکتور ملا، فەرموی بەمزوانە ژمارەو ناویان ڕادەگەێنین هەروەها نەخشەی کاری داهاتوشمان ڕادەگەێنین. مەزەنە دەکرێت کەبەڕێز دکتۆر جواد ملا بپاڵورێت بۆ سەرۆکایەتی کردنی خولی داهاتوی حوکومەت.

**ڕۆژنامەی الحیاة لەبەرواری 29 / 4 / 2004**



اعلان حكومة غرب كردستان في المنفى

○ برلين – «الحياة»

● أعلن في مدينة هيرنه الألمانية أمس، تأسيس حكومة غرب كردستان في المنفى، وذلك أثناء حفلة تأبينية لمناسبة مرور أربعين يوماً على «الانتفاضة» في غرب كردستان، حضرها عدد من السياسيين والمثقفين الأكراد. وأعلن جواد ملا في كلمة له نبأ انشاء الحكومة والعمل بها. واعتبرها «ضرورة ملحة للشعب الكردي في غرب كردستان لمواجهة التحديات التي تواجهه». وعن عدد أعضاء الحكومة الجديدة، قال الدكتور ملا: «ستعلن عن عددهم وعن اسمائهم قريباً كما ستعلن عن خطة حكومتنا للفترة المقبلة». ويرجح ان يتولى جواد ملا رئاسة الحكومة للفترة المقبلة.

جريدة السياسة الكويتية 3/5/2004

أكد إعداد ملف لتقديم أقطاب النظام إلى محكمة العدل الدولية

# رئيس حكومة كردستان سورية لـ «السياسة»: الدولة هي الحل الوحيد للقضية الكردية

برلين - من مروان علي

■ الدكتور جواد الملا رئيس المؤتمر الوطني الكردستاني، كان وراء اعلان مايسمى «حكومة غربي كردستان سورية» في المنفى، تلك الحكومة التي اثارت ضجة كبيرة بعد اعلانها في مدينة دورتموند الالمانية بين مؤيد ومعارض.

حول اسباب اعلان هذه الحكومة والهدف منها واسئلة اخرى كان لنا هذا اللقاء مع الدكتور جواد الملا الذي اوكل اليه المؤتمر الوطني رئاسة الحكومة الكردية

● كيف جاءت فكرة اعلان حكومة تمثل الاكراد السوريين في المنفى؟

■ منذ اكثر من نصف قرن والحركة الكردية في كردستان سورية تناضل من اجل المساواة بين الاكراد والعرب في سورية وتأمين الحقوق السياسية والثقافية والاجتماعية للاكراد السوريين بالاضافة الى تجنيس الاكراد الذين جردوا من الجنسية السورية بموجب الاحصاء الاستثنائي الذي صدر عام 1962 .

وحتى هذه اللحظة لم تبادر السلطات السورية الى تلبية اي مطلب من هذه المطالب، الى متى ينتظر الشعب الكردي لنيل حقوقه خصوصا انه يعيش على ارضه التاريخية.

لقد اثبت التاريخ ان سياسات الاستجداء لاتجدي مع انظمة على شاكلة النظام السوري لانه لايفهم سوى لغة القوة والالغاء والانكار والابادة بحق الاكراد وغيرهم سواء في حلب وحماه او حتى في لبنان مع الفلسطينيين والمسيحيين حيث ارتكبت القوات السورية افظع المذابح هناك.

جرائم النظام السوري تجاوزت حدود سورية الى لبنان واليوم الى العراق من خلال تأييد العمليات الارهابية والسماح للمرتزقة بالتدريب في سورية وعبور الحدود السورية الى العراق لتنفيذ عملياتهم الاجرامية هناك ضد الشعب العراقي والعراق الديمقراطي الجديد

فكرة اقامة الحكومة الكردية في المنفى جاءت بعد انتفاضة القامشلي الباسلة التي احرق الشعب الكردي فيها علم النظام السوري لان هذا العلم لايمثل الاكراد بشيء وفي ظل هذا العلم تعرض الاكراد لابشع حملات الاضطهاد والقتل والتنكيل، وحطم تماثيل حافظ الاسد ورفع عاليا العلم الكردي من هنا اتخذ المؤتمر الوطني الكردستاني قراره بانشاء حكومة كردية في المنفى لانه تاكد وبالدليل القاطع انه لايمكن حماية كرامة ودماء الشعب الكردي دون وجود دولة كردية.

● اذن فكرة حكومة المنفى جاءت بعد انتفاضة القامشلي؟

■ نعم، لان استمرارية الانتفاضة تدفعنا للقيام بخطوات اخرى من اجل دفع الانتفاضة الى الامام وتطويرها حتى يتحقق الاستقلال ، للاسف الاحزاب الكردية في سورية ساهمت مع السلطة في اخماد الانتفاضة ولكننا نعلم تماما ان الانتفاضة الان مستمرة ولكن باسلوب مختلف وتتحول من الاسلوب العفوي الى الانتفاضة المنظمة ولنا دور كبير في ذلك لأن الانتفاضة العفوية وفي ظل اختلاف موازين القوى بين النظام الدكتاتوري وشعبنا الاعزل يعرض الشعب للهلاك ونحن نريد انقاذ شعبنا من الهيمنة البعثية ليعيش حرا في وطنه.

● هل تنتظرون اعترافا دوليا بكم وهل هناك جهات ما تدعمكم؟

■ نحن نرحب بأي اعتراف بحكومتنا لأننا نمثل الشعب الكردي في كردستان سورية ولكننا لانعلق الكثير على هذه الاعترافات.

المهم اننا نمثل ارادة شعبنا الكردي ونسعى لتامين حقه في ان يعيش حرا في وطنه كردستان، لن ننتظر ان يحرر لنا الاخرون وطننا. شعبنا الكردي مصمم على ذلك وقادر بامكاناته الذاتية ومع ذلك هناك دول ستقدم للحكومة التسهيلات مثل الحكومة البريطانية التي رحبت بأن تكون مقر الحكومة في لندن وهناك دول شرق اوسطية ابدت استعدادها لدعم الحكومة ولكن بشكل غير رسمي المستقبل يحمل للشعب الكردي في كردستان سورية الكثير من الامل

● ارسلتم رسالة للامين العام للامم المتحدة لتوفير الحماية للشعب الكردي بعد انتفاضة القامشلي هل تلقيتم ردا ؟

■ لا، لم نتلق حتى الان اي رد رغم اننا استلمنا ردا بوصول الرسالة الى الامين العام للامم المتحدة واكدت السكرتارية ان الامين العام ينظر في طلب المؤتمر الوطني الكردستاني وحكومة غربي كردستان في المنفى لتوفير الحماية للشعب الكردي في كردستان سورية.

اخيرا انتهت اللجنة القانونية في حكومة غربي كردستان في المنفى من اعداد ملف كامل حول جرائم النظام السوري في كردستان لتقديمه الى محكمة العدل الدولية من اجل محاكمة اقطاب النظام كمجرمي حرب وهناك فريق من المحامين الدوليين والمستشارين القانونيين يعكفون على متابعة القضية.



■ الدكتور جواد الملا ■

فكرة إقامة الحكومة الكردية في المنفى جاءت بعد انتفاضة القامشلي والعلم السوري لايمثل الأكراد بشيء

النظام السوري لايفهم سوى لغة القوة والإلغاء ... لانعلق الكثير على الاعتراف الدولي بحكومتنا

## نقابة محامي سورية تضغط لإحالة نعيسة إلى أمن الدولة

■ دبي - ايلاف: نقل موقع ايلاف الالكتروني عن مصادر سورية ان نقابة المحامين في سورية تمارس جميع الضغوطات لمنح الشرعية لمحاكمة المحامي أكثم نعيسة امام محكمة امن الدولة.

يذكر ان المحامي نعيسه عضو في النقابة، الا ان رئيس النقابة وليد التش وامين سرها علي ملحم يحاولان تسريع الاجراءات لاضفاء الشرعية على محاكمة «غير قانونية» حسب المصادر نفسها.

وقالت اللجنة التي تم تشكيلها للدفاع عن أكثم نعيسه ان «المثير للاهتمام الاستغراب ان رئيس نقابة محامي دمشق كان الأكثر شراسة على المحامي نعيسه بدلاً من ان يكون معيناً له كممثل للنقابة وأحد اعضائها.

وأكدت مصادر اخرى لـ «ايلاف» ان أكثم نعيسة ما زال في المنفردة في الجناح المخصص للعسكريين الفارين والمجرمين وهناك رفض تام لوضعه في القسم السياسي في سجن صيدنايا وحسب المصادر فان هذا الاجراء يهدف الى تحطيمه نفسياً وجسدياً.

**ڕۆژنامەی السياسية الكويتية لەبەرواری 26 / 3 / 2004 دا لەژێر ناونیشانیکدا نوسیویەتی**

سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی، د. جواد ملا، بەڕۆژنامەی السياسەی ڕاگەیاند، چاوەڕوانی کۆمەکی ئەمەریکای ڕەتکردەوە ((پاشگەز نابینەوە لەدروشمی سەربەخۆیی کوردستانی ڕۆژئاوا زەوتکراو لەلایەن سوریا)).

بەرلین ـ لەلایەن مروان علی یەوە : باریس ـ لەندەن ـ ئاژانسەکان :

دکتۆر جواد ملا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان پشتڕاستی کردەوە، دەسەڵاتی سوری تائێستا 9000 هاوڵاتی کوردی دەستگیرکردوە لەسوریاو خزاندونیەتە زیندانیە نهێنیەکان لەدەوروبەری دیمشق وبادیەی سوریاو هەروەها داوای لەدەسەڵاتی سوریاکرد بەزوترینکات ئازادیان بکات، دەربارەی دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی ـ سوریاو داگیرکەری سوری کەئاماژەی پێکرد لەمەڕ ئەوەی خۆی ناونابوو ڕاپەڕینی قامیشلو، جواد ملا لەزیاتر لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی وتەلەفزیۆنیدا وتی خاکێکی زۆری کورد بەزۆرلکێنراوە بەدەوڵەتی سوریەوە کەبەگوێرەی چوارچێوەی ڕێکەوتنی سایکس ـ بیکۆوە لکێنراوە بە سوریاوە بەبێ هیچ ڕێزلێگرتنێکی ویستی گەلی کورد سەپێنراوە، ئێمە سواڵ لەکەس ناکەین ولەکسیش ناپاڕێنەوە بەڵکوو بەوپەڕی شانازیەوەو سوریشین لەسەرمافە ڕەواکانی گەلی کوردمان کە لەسەرخاك ومێژووی خۆیەتی.

چەندین چەرخ وسەدەیە گەلی کوردمان دەناڵێنێت بەدەست سیاسەتی بەعسی سوری ڕەگەزپەرستەوە ئەمە بێجگە لەچەوساندنەوەی نەتەوەیی وسەرکوتکردن ولەناوبردن وتەعریب کردنی بەردەوام، ئێستا کاتی خۆی هاتوە بەتایبەت ئێستا گۆڕانکاری جیهانی بەرفراوان لەئارادایە وڕژێمی بەعسی عراقی ڕوخاوە، بۆیە پێویستە لەسەر ڕژێمی سوری بەخۆیدا بچێتەوە بەتایبەت سەبارەت بەهەربابەتێك پەیوەندی بەمەسەلەی کوردەوە هەبێت، چونکە گەلێکن لەسەرخاکی خۆیان دەژین ومێژوی خۆشیان هەیەو دەناڵێنێت بەدەست قێزەونترین وسەرسەختترین جۆری چەوساندنەوەی شۆڤێنستانە لەگشت ڕویەکەوە لەکاتێکدا ئێمە لەسەدەی بیست ویەکەم داین.

هەروەها جواد ملا بەردەوام بوو لەوتەکەی خۆی لەڕێگەی تەلەفونەوە لەئۆفیسی سەرکردایەتی خۆیەوە لە لەندەنی پایتەختی بەیتانیاوە فەرموی : هەروەها هەڵە تێگەشتنێك هەیە لەلایەن برا عەرەبەکانمانەوە، پێویستە لەسەریان بێ لایەنانەو بابەتیانە بڕواننە مەسەلەی کورد، ئەگەربێتوو کەمێك بگەڕێنەوە دواوە بۆمێژویەکی نزیك بۆمان دەردەکەوێت زیاتر لە 46 میرنشینی کوردی هەبون ولکێنران بەئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە لەهەمانکاتدا مەملەکەتێکی مەلیکی یش لەباشوری کوردستان هەبوو بەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی عراقی لەسەرەتای سەدەی بیستەم هەروەها کۆمارێکی کوردییش هەبوو پایتەختەکەی مهاباد بوو لەخۆرهەڵاتی کوردستانا لەکۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم.

هەروەها سەبارەت بەهەڵوێستی ڕاگەیاندنی بەرپرسانی سوریا، دکتۆر جواد ملا وڵامیدایەوە : ئێمە زۆرباش هەڵوێستی ئەو ڕەگەزپەرستانە دەزانین هەروەها باشیش دەزانین هیچ شتێك لەوانەوە بەدەستناهێنین بەڵکوو پێویستە لەسەرمان خۆمان بەزۆر مافی خۆمان بسەنین. کێشە لەوەدایە ئەوانە لەودیوو مێژووەوە دەژین وهەمان وتەو قسە دووپات دەکەنەوە هەروك بڵێیت هیچ ڕووی نەدابێت وهیچ شتێکیش لەجیهاندا ڕووی نەدابێت لەلای ئەوان بەجۆرێك بیردەکەنەوە هێشتا شەڕی سارد هەربەردەوامە. ڕژێمە شمولیەکان خەریکە بەتەواوی بەرەونەمان دەچێت... ڕژێمی سوریش لەبەردەم دوو هەڵبژاردندایە ئەویش یاخود دەبێت گۆڕانکاری بکرێت یاخود لەناوچون. باشتراوبوو ڕژێمی سوری سەربازەکانی خۆی ڕەوانەبکردایە بۆبەرەی ڕزگاری جۆلان وەك وڵامدانەوەیەك دەرحەق بەبۆردومانەکەی ئیسرائیل بۆسەر عين صاحب کە کەوتۆتە باکوری دیمشقەوە، نەوك ڕەوانەی بکات بۆ قامیشلو وحەسەکە وعامودا و رأس العين وعفرين وکوبانی بۆ کوشتنی کوردی بێ چەك.

سەدان منداڵی نەمری بێچەك وبێ گوناح لەڕاپەڕینە مەزنەكدا شەهیدكران لەڕۆژئاوی كوردستان لە بەرواری 12 / 3 / 2004 كتێبەكەش ئامادەیە بۆچاپ وناوی هەندێك لەو پاڵەوانانەمان پێگەشتوە كەناویان بەپیتی ڕوناكی ڕۆژ دەنوسرێتەوە وبەنەمری لەدڵی میللەتا دەمێننەوە :

**شەهیدانی قامیشلو :**

1 ـ جیڤارا بدران خلف 2 ـ محمد عبدالرزاق 3 ـ كاوە حلیم 4 ـ ادریس رمضان 5 ـ احمد خلیل 6 ـ احمد مرعی مصطفی 7 ـ محمد امین سید یوسف 8 ـ محمد زیاد یوسف ابراهیم 9 ـ خلیل اوصمان 10 ـ شلال عبدالسلام 11 ـ جوان خورشید 12 ـ سیوان انور كوی 13 ـ محمد زاهر.

**شەهیدانی حەسەكە :**

1 ـ غسان عبدالقادر قنجار 2 ـ ئالان ولیكا 3 ـ عماد حسن یوسف 4 ـ خیری برجس جندو.

**شەهیدانی دیریك :**

1 ـ حسن نوری حسن 2 ـ ولید بدری محی الدین.

**شەهیدانی رأس العین :** نوری محمود پاشا.

**شەهیدانی حەلەب :** 1 ـ فریدة احمد 2 ـ اری مصطفی 3 ـ ابراهیم صبری.

**شەهیدانی عفرین :** 1 ـ جیڤارا حمید 2 ـ جلال كمال.

**بەیاننامەی لیژنەی ئامادەکاری حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران**

**دەربارەی توندوتیژیەکانی حزبی بەعسی سوڕی نازی و**

**سیاسەتی پاکتوکردنی نەژادی لەدژی گەلی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان**

بانگەوازی ئامادەبونی ماتەمینی چلەی شەهیدانی ڕاپەڕینی مەزنی قامیشلو وسەرجەم شارەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان

بۆ سەرجەم هێزە ئاشتی خوازو دیموکراسی ومافی مرۆڤ لەگەشت جیهان !

هەروەها بۆ سەرجەم جەماوەری گەلی کورد لەهەرجێ یەکن .

کاتێ جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێهات وزمانی تۆپ وتانگ لەکارکەوت لەساڵی 1945، ئەنجامە ئەرێنیەکانی ژێرخاککردنی نازیەکان بوو کەکەوتە ژێر دیوارە ڕوخاوکانی بەرلین ودرسدنی، گەلانی سەرتاسەری جیهان مژدەخۆش بون بەهاتنی چەرخی ئاشتی وئاسایش بونیاتنانی دیموکراسی. بەڵام خۆشحاڵی گەلان پێش ڕوداوەکان کەوتبوو، بریخت نوسەری مەزنی شانۆگەری ئەڵمانی توانی زۆر بەجوانی چەقی ڕاستیەکان بپێکێت بەوەی نوسیبوی : ئەوسکەی نازیەکانی هێنایە دونیاوە هێشتا هەر پڕە. لەسەرئەو شێوازە نازیەکان سەرلەنوێ لەدایکبونەوە، بەڵام ئەم جارەیان بەجلوبەرگ وعگاڵی عەرەبیەوە لەبغدادو دیمشق سەریان هەڵدایەوە، تەنهاو تەنها بەناو جیاوازیان‌هەیە : واتە بەعس. بۆ نمونە بەعسی سوری تەواوی ئیدیاو بیروبۆچونی فیکری وئایدلۆجیایی لەجبەخانەی هزری نازیەکانی ئەڵمانیای وەرگرتوە، ئەمە بێجگە لەپیادەکردن وبەکارهێنانی دژایەتی سەرسەخت وزیاڕەو ورەگەزپەرستانەی خۆی. بەوپێیەی زانراوە جەنگ وزەی خۆی لەخەڵکەوە وەردەگرێت وپێدەزانێت، کاتێك نازیەکانی ئەڵمانیا بڕیاریاندا نەیارەکان دەمبەست وبێدەنگ بکەن ، بەمەبەستی ئامادەکردنی ناخۆی ماڵ یان وڵات لەناوەوە لەهەمانکاتیشدا خۆئامادەکردن بۆ جەنگێکی جیهانی ماڵوێرانکەر کەئەنجامەکەی 70 ملیۆن قوربانی مرۆیی لێکەوتەوە، لەناوەڕاستی سیەکاندا ئاگرکردنەوەی رایخستاغ یان هێنایەکایەوە، ئەوەبوو دەزگای گستابۆ هەستان بەدەستگیرکردنی پێشەوای بولغاری جیورجی دیمترۆف پاشان ڕاوکردنی سەرانی ئۆزسیۆن یەك لەدوای یەك. فاشستەکانیش بەهەمان شێواز ڕەفتاریانکرد، لایەنگرانی فرانکۆ لەئیسپانیا ساڵی 1936. ئەوەش لەڕۆژئاوای کوردستان ڕویدا لە 12 و 13 ی ئازاری پێشوو لەشاری لەشاری قامیشلو وعامودا وجبل الاکراد وحی زورافای دەوروبەری دیمشق، کۆپیەکی دەقاودەقی دووبارەکراوە لەلایەن هەتیوانی پاش میراتی نازیەکان لەدیمشق. شانۆگەریەکەی یاری تۆتۆپێنی شاری قامیشلو کەدەرهێنانێك وپێشکەش کردنی قێزەونی هەبوو، لەشێوەی بیانوە جیاوزە باوکانی پروپاگەندەی نازیە ئەڵمانیەکان دەچوو، کەپرۆسەی هێرشکردنە سەر پۆلۆنیەکانیان هەڵبەست بۆسەر ئیزاعەیەکی سەرسنوری لەساڵی 1939، کەهۆکاری سەرەکی بوو بۆ داگیرساندن وخۆشکردنی ئاگری جەنگی جیهانی دووەم، گەلی کورد بەلگەی کۆنی زۆر لەلایە لەگەڵ ورژاندن وئاژاوەگێڕی کە هەڵبەستراوە لەلایەن دەزگای گستابۆی ڕژێمی دیمشقەوە، لە 15 / 12 / 1988 بەپاساو وبیانوی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردی لەسەربانی دوو قوتابخانەی سەرەتایی، 17 قوتابی کورد دەستگیرکران وبەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو نامرۆڤانە لەزیندانی بەشی فەلەستین دا ئەشکەنجەکران، بەمەرجێك بچوکترینیان دە بەهاری ژیانی تێپەڕنەکردبوو ناوی (احمد داود) بوو، هەرکەسێك بایەخیدابێت بەڕوداو وکارەساتە نوێکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی باتایبەت لەوکاتەوەی لەشکری ئەمەریکی چوە نیوو عراق بۆ ڕزگارکردنی گەلانی عراق لەگلاوی نازی بغداد وتا ڕوخانی ڕژێمی صدامی زۆردار، بێجگە لەڕوداوەکانی باشوری کوردستان بەتایبەتی ولەعراقیشدا بەشێوەیەکی گشتی، باش درکدەکات ڕژێمی عەسکەرتاری لەدیمشق چۆن وبەچ شێوەیەك ڕەفتاریانکردوە لەگەڵ پێشهاتە نوێی سیاسیدا، کەخۆی فەرزکردوە بەسەرسیاسەتی ناوچەکەدا کەخۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکە بۆ تێنەگەشتن ونەفامی هەتیوانی نازیەکان دەردەخات سەبارەت بەڕەوتی سەردەم لەدیمشق. بۆئەوەی بتوانین تیشك بخەینەسەر باگراوندی ڕوداوەکانی کوشتوبڕی دڕندەئاسای دەرحەق بەقامیشلو کەدەسەڵاتی سوری خۆی بەتەنها تەواوی بەرپرسایەتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆ سەبارەت بەتاوانەکانی، مەبەستمانە ڕای جیهان ئاگاداربکەینەوە سەبارەت بەڕاستی ودروست ڕوداوەکانی ئەم دواییەی لەگەڵ کوشتوبڕیەکاندا

سەریان هەڵدا، کەنازیەکانی بەنی ئومەیە نەخشەیان بۆدارشت لەدوای ئامادەبونی ئەمەریکا لەناوچەکەدا : ڕاگەیاندنی سەرانی گەورەی ڕژێمی فاشی لەدیمشق (فاروق الشرع، عبدالله الأحمر، بشار الأسد) چەندین جار دووبارەیان کردۆتەوە گوایە هاتنە ژورەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ناوعراق تەنهاوتەنها : ئیسرائیل وکورد سودمەندن . وروژاندن وچالاککردنی ڕێکەوتنی ئاسایشی وسیخوڕی کۆن ونوێ لەنێوان هەردوو ڕژێمی ئیستعماری نێوان دیمشق وئەنقەرە وچڕکردنەوەی سەردانی نهێنی وئاشکرا لەنێوخۆیاندا، وهەمانگی تەوا لەسەر دوو تەوەر :

1 ـ پوکانەوەی ئیدارەی باشوری کوردستان لەپێناوی ورژاندنی کورد، (خۆپیشاندان ونارەزایی عەرەب وتورکمان لەکرکوك وکوشتوبڕیەکی ترسناك بۆسەربارەگای پارتە کوردیەکان، کەبەپشتیوانی وهاوکاری لۆجستی وهونەری پسپۆڕانەی دەزگای سیخوری سوری وتورکیە نەك ئەنصار الأسلام بەوشێوەیەی لەناوخەڵکدا باوە)، تاوەکوو ڕێگربن لەوەی فیدرالی لەباشوری کوردستان دەستەبەربێت وببێتە مەترسیەکی گەورە بۆ هەردوو وڵات

2 ـ هاریکاریکردن لەسەرهەموو ئاستێك وبوارێك بۆسەرکوتکردنی هەر ڕاپەڕینێك کەبێتە پێشەوە لەلایەن کوردی ڕۆژئاواوە گەربێتوو سنوری هەردوولا بگرێتەوە وهەردوولاش بۆیان هەیە سەرکوتی بکەن.

3 ـ دەرکەوتن وئامادەبونی هێزەکانی ئاسایشی سوری کەبەجۆرێکە پێشتربڵاونەبوە ئەولەشکرەی لێبێت لەناوچە کورد نشینەکانداو هەروەها چەکدارکردنی میلشیاو هاوڵاتی عەرەب لەناوچە داگیرکراوەکاندا، کەلەدوای کوشتوبڕیە خوێناویەکە سەریهەڵدا لەناوچە کوردەواریەکاندا.

4 ـ بڕیاری حوکومەتی ئەمەریکی دەربارەی سەپاندنی سزای ئابوری لەدژی دیمشق ئەگەربێتوو دەست هەڵنەگرێت لەهاریکاری کردنی تیرۆرو وازنەهێنێت لەڕەوانەکردن ودزەپێکردنی سیخوڕ لەسنورەکانەوە بۆ ناو عراق.

5 ـ بەگوێرەی ئەوزانیاریانە دەست ئێمەکەوتوەو بەڵگەمان بەدەستەوەیە لەسەرچاوەی ڕۆژنامەوانی وئاسایشیەوە کۆبونەوەی داخراو بەنهێنی بەستراوە لەلایەن حوکومەتی سوریاوە بەسەرکردایەتی سەرانی زۆرداری سەربازی بەبەرگی مەدەنیەوە بەسەرپەرشتی بشار الأسدی نازی بەرلە گەشتەکەی بۆ تورکیا بەچەند ڕۆژێك لەناوەڕاستی کانونی دووەمی ڕابوردوودا. لەکۆبونەوەکەدا بەنجە خراوەتە سەر دواکار وبڕیاری جێ بەجێکردنی پرۆسەیەکی پاکتاوکردن ولەناوبردنی بەکۆمەڵ لەشاری قامیشلو. سوریەکان توانیان کارتی سەوز بەدەست بهێنن لەلالیەن تورکەکانەوە نەك هەربەداخستنی سنور بەڵکوو هاریکاری کردنی لەشکری سوریاو بەڵێنی هاوکاریشیان دەستکەوت سەبارەت بەسەرکوتکردنی ڕاپەڕین لەلایەن لەشکری تورکیاشەوە، لەحاڵەتێکدا گەرهاتوو ڕاپەڕینەکە پەرەی سەندو بەرفراوان بوو، دەبێت سوریا لەبەرامبەر بەوکارە 40 لەچالاکوانانی پارتی دیموکراتی (کرێکارانی پێشوتر) بدات بەدەتورکیا، هەروەها بەخشینی پرۆتۆکۆلی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی بەتورکەکان لەگەڵ بەدەستەودانی کەسانی دیکەی هەمان پارت. ڕاگەیاندن ودەربڕینی بشار الأسد لەکاتی سەردانەکەی ئەنقەرەدا دەڵێت گوایە سوریا دژبە فیدرالیەتە لەعراق.

6 ـ ڕێگرتن وقەدەغەکردنی پشتیوانیکردنی برا کوردەکانمان لەنصیبین ودەوروبەریەوە کەنەتوانن یارمەتی براکوردەکانی خۆیان بدەن لەقامیشلوی پاڵەوان وخۆڕاگر لەلایەن هێزەکانی ئیستعماری تورکیەوە.

7 ـ دەرفەت وەرگرتنی نازیەکانی سوریا لەسەرقاڵی ئیدارەی ئەمریکا بەخۆئامادەکردن بۆکاندید کردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بەوپێیەی بڕیاری سیاسی لەوکاتەدا دووچاری ناهەمواری دەبێت.

8 ـ پیادەکردنی کوشتوبڕیە خوێناویەکەی شاری قامیشلوو دەرحەق بەگەلی کورد ڕێك دوای حەفتەیەك لەواژوکردنی یاسای فیدرالیەت بۆ باشوری کوردستان بەرلەهاتنی نەورۆزی پیرۆز بەنۆ ڕۆژ بۆئەوەی هەڵنەگرێتەوە بۆ خۆپیشاندانێکی سیاسی لەدژی نازیەکانی سوریا، کە گیرۆدەی دڕمی مردن بوە بەدەست تەنهایی کوشندەوە بەهۆی یەرکانگیری خۆیەوە.

9 ـ کەسانێك لەنێو ئاپوڕەی گردبونەوەی جوتیاراندا بون، هەستابون بەتەقەکردن بەشێوەیەکی کوێرانە دەستڕێژیان بەناو کوردەکاندا کردوە.

10 ـ سەرانی ڕژێمی ئیستعماری سوری پێشنیارێکی حزبە کوردیەکانیان ڕەتکردەوە سەبارەت بەپێکهێنانی لیژنەیەکی لێپێچینەوە وبەدواداچون سەبارەت بەو ڕوداوە.

ئێمە هیچ شکێکمان نیە لەوەی کەڕژێمی خوێناوی خۆی پلانی داڕشتوە بۆ ورژاندن وگڕگرتنی کوردەکان بەپێی ئەم بەڵگەو هۆکارانەی لەبەردەستماندایە :

1 ـ وروژاندنی هەست وجۆشوخرۆشی کوردەکان کەخۆی لەخۆیدا دەستکردە بۆسەرنج ڕاکێشان وگردبونەوەی کەسانی شۆڤێنی بەدەوری ڕژێمدا، کەخۆیان زۆر باشدەزانن وهەستیان کردوە کەڕێژەکان بەپێچەوانەی ئەوانە وسەربەرەو خواردەبنەوە وبەرەو نەمان دەچێت لەوەتەی ڕژێمی فاشی صەدام ڕوخاوە.

2 ـ پێشنینی کردنی ڕودانی ڕاپەڕینی بەرفراوان لەلایەن کوردەکانەوە ولەبارببردنی بەرلە هەڵگیرسانی.

3 ـ سود وەرگرتن لە ئەزمونەکانی صدام حسین وشێوازی دامرکانەوەی دڕندانەی دەرحەق بەراپەڕینی بەهاری کورد لەساڵی 1991، لەوکاتەدا کەجۆرج بۆشی باوك دەستی هەڵگرت لەپشتیوانی کردنی کوردو شیعە لەترسی ئەوەی عارق بکەویتە نێو ئاژاوەگێڕی وشەڕی ناوخۆییەوە، لەوحاڵەتدا دەرفەتکە لەکیس جۆرج بۆشی کوڕ دەچێت بەڵام ئەمجارەیان لەلایەن بشار الأسدی میراتگرەوە.

4 ـ مەسەلەی ئەوەی لەشکرو دەزگای سیخوڕی سوریا چاودێری هەموو سوچ وکون وکەلەبەرێکی کردوە لەگەڵ گشت خەتە سنوریەکانی پەڕینەوەو دەربازبون لەسوریا، دووکەس لەسەری ناکۆك نین. حوکومەتی سوریا چەندین جار دوپاتیکردۆتەوە لەمەڕ وڵامدانەوەی ئەوتاوانانەی ئارستەیان کرابوو لەلایەن ئەمەریکاوە، کەدزەکاران ڕەوانەدەکات بۆناوعراق تاوەکوو بارودۆخەکە بشێوێنن، ئەوپرسیارەش کەخۆی دەهێنێتە پێشەوە : لایەنگران صدامی عۆجە چۆن توانیان لەشاری فەلوجەوە کە سەدان کیلۆمەتر لەقامیشلوەوە دورەو وێنەی صدام حسین یان لەگەڵ خۆیان هێناوە بۆشاری قامیشلوی کوردەواری ولەوێشەوە خۆیانکردوە بەیارگاکەوەو ئامادەی یاریەکەبون بەبێ ئەوەی دەزگای سیخوڕی سوریاو چەتەکانی سەرسنور پێیان بزانن وئاشکرایان بکەن ؟ ئەم حکایەتە تاڕادەیەکی زۆر لە ئەفسانەی چیرۆکی الف لیلة ولیلة دەچێت وهیچ بنەمایەکی ڕاست نیە.

کوشتوبڕیە درندانەکەی شاری قامیشلی یەکەم تاوانی ڕەش نیە لەئەجندای بەعسی نازی لەدژی گەلی کورد، ئەمەش هەندێك لەنمونەی دیکەیە سەبارەت بەتاوانەکانی نازیەکانی وەچەی بەنی ئومەیەی تازەیە لەدژی گەلی کوردمان کەمشتێکە لەخەروارێك.

1 ـ تاوانی گڕتێبەردانی شاری عامودا لەساڵی 1960 کەزیاتر لە 380 قوتابی کوردی تیابوو بەقوربانی.

2 ـ کەوشتوبڕیە خوێناویەکەی جرنك بەهاوکاری هێزەکانی تورکیا جێ بەجیکرا لەساڵی 1980، 22 کەس تیایا بوو بەقوربانی.

3 ـ ئاگارتێبەردانە داڕێژراوەکەی زیندانی مەرکەزی حەسەکە لەساڵی 1993 لەگەڵ 73 قوربانی ولەسێدارەدانی 5 کەسی دیکەش.

4 ـ دیارنەمانی 7 هەزار لاوی کوردی نێرومێ لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە بێ سەروشوێنن تاوەکوو ئەمڕۆ بەبێ ئەوەی ڕژێمی فاشی هیچ زانیاریەك دەربارەی چارەنوسیان بدرکێنێت.

5 - کوشتوبڕیەکەی شاری قامیشلو لە 12 لەسەر 13 ی ئازاتری ساڵی 2004، کە تا نوسینی ئەم دێڕانە زیاتر لەسەدکەسی تیاشەهیدبون ونزیکەی هەزار کەسیش بریندارو نزیکەی 300 کەسیش دەستگیرکران.

6 - لیستی ناوی لاوانی نێرومێی کورد لەوانەی دەبوایە لەناوببرێن یاخود دەستگیربکرێن پێشتر ئامادەکرابوو لەلالەن ڕژێمەوە .

7 - زانیاریەکەمان دەقاودەق ڕاستن سەبارەت بەپلانی پێشوەخت دەرحەق بەودەستدرێژیە قێزەونەی کەقوتابخانەو یاریگاو نەخۆشخانەکان بگۆڕن بەسەربازگەی گرتن وئەشکەنجەدانی بریندار ان لەلایەن گستاپۆی ڕژێمەوە بەتازەترین شیوازی ئازاردان هەرلەنینۆك هەڵکەندنەوە تادەگاتە دەست وقاچ شکاندن وئەشکەنجەدانیان تاوەکوو مردن.

8 - بێزاکردن و وروژاندنی گەلی کوردو کوشتنی ڕۆڵەکانیان ودەستگیرکردن وئەشکەنجەدانیان بەشێوەیەکی دڕندانە دەرحەق بەژمارەیەکی ئاوا زۆری کورد، لەگەڵ فەرمان وبڕیاری پارێزگاری جزیرە لەلایەن سلیم کبول ی شۆڤێنی سەبارەت بەکوشتنی کورد، لەپێناوی ئەوەی بتوان ئاهەنگی بۆنەی واژوکردنی یاسای فیدرالی بۆباشوری کوردستان وجەژنی سەری ساڵی کوردی نەورۆز هەڵگێرنەوە بۆ ماتەمینی، سەبارەت بەڕژێمی بەعس لەپیشاندانی بازو دەچوو بۆ ئەوەی شەقامی عەرەبی پێ بترسێنێت بۆ ئەوەبتوانێت پرۆژەی حوکمە عورفی وکوتوپڕیەکان هەڵنەوشێتەوە لەسوریاو.

9 - دام ودەزگای بڵاکردنەو ڕاگەیاندنی ڕژێمی بەعسی نازی لەدیمشق، بێجگە لەچەند دەزگایەکی تری ڕاگەیاندنی عەرەبیش ولەسەر شێوازی گۆبلزی نازی ئەڵمانی وەك شاڵاوێکی ئەنقەستانەو مەبەستدار ودرۆزنانە لەدژی گەلی کورد وپاڵەوانانی ڕاپەڕینی کورد بکرێت بەمەبەستی پاساو هێنانەوە بۆتاوانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ وکپیەکی تەوا دەرحەق بەڕاستی ڕوداوەکان.

تاوانێکی دڕندانەو نامرۆڤیانە لەدژی گەلی کوردی بێ چەک پیادەکرا، ئەوە بێ لەسیاسەتی ئابڵوقەدانی ئابوری وپیادەکردنی سیاسەتی درێژخایەنی برسیکردن وهەژارکردنی بەئەنقەست کەپێشتر بیری لێکراوەتەوەو سوربون لەسەری بە بەرنامەیەکی تۆکمە، بۆ ئەوەی بتوانن وەسیەتەکانی شوێن هەڵگری نازیەکان محمد طلب هلال جێ بەجێبکەن وپیادەی بکەن لەسەر ئەرزی واقیع، کە لەکتێبەکەیدا داوای پاککردنەوەی جزیرەی کردبوو لەکوردەکان ولەناوبردنیان بەگشتی. هەربۆیە بەگوێرەی ئەوەی ڕویداوەو بەپشت بەستن بەپەیمان وڕێکەوتنی دەوڵەتی کە لەچوارچێوەی یاساکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتوە، بەشێوەیەکی تایبەتی پەیمانە دەوڵەتیەکە دەربارەی وشیارکردنەوە لەتاوانی پاکتاوکردن ولەناوبردنی بەکۆمەڵ وهەروەها یاسای سزادانی بکەرانی کەلەساڵی 1948 دەرجوە (بڕگەی ژمارە 2 و 3) هەروەها پێویستە بەپەلەو بێ دواکەوتن داخوازیەکی ڕەسمی پێشکەش بکرێت لەگەڵ بەلگەو سەلماندنی تەواو بەگویرەی قسەی شایەت حاڵەکان لەوانەی ڕزگاریانبوە لەوهۆلۆکۆستەی نازیە سوریکان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێت بۆئەوەی بتوانرێت بەرپسانی سوریا بدرێن بەدادگا بەبێ ئەوەی گرنگی بدرێت بەپلەو پایەیان کە (لەبڕگەی 4)دا هاتوە هەروەها پەیمانی دەوڵەتی دەربارەی جێ بەجێ نەکردنی پێشکەوتنی کات سەبارەت بەتاوانی جەنگ وهەر تاوانێك دەرحەق بەمرۆڤایەتی کرابێت لەساڵی 1968 دەرچوە (بڕگەی ژمارە 1) وبدرێت بەدادگای دەوڵەتی لەشاری لاهای بۆئەوەی بەرپرسانی سوری بدرێن بەدادگاو ڕاپێچ بکرێن،لەوانەی ناویان هاتوە لەسەرەوە، دەرحەق بەوتاوانە قێزەون وچەپەڵانەی دەرحەق بەگەلی کوردی بێ دەسەڵات کردویانەو دەستیان ڕەشبوە وچۆتە خوێنی مرۆڤەوە کەمرۆڤایەتی ناوچەوانی ئارەقەدەکات بەبیستنی دەرحەق بەگەلی کوردی ئاشتیخواز ئەمەش ناوەکانە :

1 - تاوانباری دژ بەمرۆڤایەتی ژمارە یەك : د. بشار الأسد، سەرۆکی سوریا.

2 - تاوانابری دژ بەمرۆڤایەتی ژمارە دوو محمد العطري، سەرۆك وەزیرانی سوریا.

3 - تاوانباری دژ بەمرۆڤایەتی ژمارە سێ علي محمود، وەزری ناوخۆی سوریا.

4 - تاوەانباری دژ بەنرۆڤایەتی ژمارە جوار، د. فاروق الشرع وەزیری دەرەوەی سوریا.

5 تاوانباری دژ بەمرۆڤایەتی ژمارە پێنج پارێزگاری حەسەکە سلیم کبول.

6 ـ تاوامنباری دژ بەمرۆڤایەتی ژمارە شەش ئەندامی سەرکردایەتی نیشتمانی حزبی بەعسی نازی حاکم عبدالله الأحمر.

7 ـ تاوانباری دژ بەمرۆڤایەتی ژمارە حەوت وەزیری پێشوو محمد حربە.

8 ـ تاوانباری دژ بەمرۆڤایەتی ژمارە هەشت پارێزگاری پێشوی حەسەکەو سەرۆك وەزیرانی پێشوی سوریا محمد مصطفی میرو.

تاوانباری دژ بەمرۆڤایەتی ژمارە نۆ کە بەرپرسی پێشوی ئاسایش بوە محمد طلب هلال.

**ئەی ئازادی خوازانی جیهان وبەرگریکەرانی مافی مرۆڤ**

هاودەنگبن لەگەڵ گەلی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان ودەنگتان بەرزکەنەوە بەڕوی دەسەڵاتی شۆڤینی لەدیمشق لەپێناوی ئەوەی ڕۆژئاوای کوردستان بچێتە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان وناوچەیەکی پارێزراو دابین بکەن.

بزوتنەوەی دیموکرات خوازی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان وخاکی سوربوی بەخوێنی شەهیدە نەمرەکانی بۆتە چەقی چالاکوانانی مافی مرۆڤ وهێزە گۆڕان خوازەکانی دژ بەدەسەڵاتی فاشی ڕژێم لەدیمشق، کەبەمزاوانە پاشماوەکەی دەکەوێتە نێوزبلدانی مێژوەوە، لەبەرئەوەی نەسەر بەجیهانی دوێنیەو نەسەر بەجیهانی ئەمڕۆشە.

بەم تاوانە بەعسیە یئستعماریانەی دەرحەق بەگەلی کوردکرا کارێکی کرد بەرزی وشکۆمەندی کورد لەلوتکە بەرزەکانی خۆیان بێنەوە دەروەو وای بەحاڵی بەعس جارێکی دیکە بتوانێت بگەڕێتەوە ودەبێت باش بزانێت چارەنوسی بەعسی سوری بەرەو ڕیسواترو سوکتریش دەچێت زۆر زیاتر لەکونە مشکی مەیمونەکەی نیرون ی بغدادو خوێنڕێژی گەلی کورد صدام حسینی عوجە کەخۆی تیاشاردەوە.

نەمری وسەروەری بۆ شەهیدانی ڕاپەڕینە شکۆمەندەکەی قامیشلوی قارەمان وخۆڕاگر.

پیرۆزبن ئەودەستە پاڵەوانانەی بتی سەرانی نازیەکانی سوریایان تیکوپێك شکاند لەڕۆژئاوای کوردستان.

سەرشۆڕی وڕیسوایی بۆ ئەوانەی داوایانکرد بتشکێنەرەکان دادگایی بکرێت، هێمای کویلایەتی بەعسی نازی. ڕیسوایی وسەرشۆڕی هەتاهەتایی بۆ ئەو حزبانەی هاوپەیمانیەتیان لەگەڵ بەعسی فاشی کرد لەدیمشق.

مردن بۆ ئیستعماری بەعسی سوری دوژمنی سەرسەخت، نەمری وسەربەرزی بۆنەوەی زەردەشتی نەمرو کاوەی ئاسنگەرو ئیمپراتوری میدیەکان وصلاح الدین الأیوبی فەرمانڕەوای بێ هاوتای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

سەربەستی وئازادی وسەربەخۆیی بۆ نەتەوەی کوردو کوردستان

بۆ جەماوەر گەلی کورد لەهەرجێ یەکبن.

لیژنەی ئامادەکاری حوکومەتی ڕۆژئاوای کورستان لەهەندەرانەوە داوا لەگەلی کورد دەکات لەسەرتاسەری جیهان بەشدارییکەن لە مەراسیمی چلەی ماتەمینی گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی قامیشلوی پاڵەوان وسەرجەم شارەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها ئێمە داواکارو خوازیارین پشتیوانیمان بکەن لەپێکهێنانی حوکومەتی ڕۆژئاوی کوردستان لەهەندەران کە دەبێتە قەڵغانی وڵامدەرەوەی کۆتایی هێنەرو داڕێژراو لەدژی دیاردەی

سوكايەتيكردن بەسەرومالْ وگيان ئابڕوى نەتەوەى كوردەوە ئەوەش نايەتەدى بەبێ دروستبونى چەقێكى بەهێز بۆگەلى كورد كەئەوەش حوكومەتى كورديە لەهەندەران، بەوپێيەى دەزگاكانى ئاسايش وسيخوڕى سوريا زاڵبوەو دەستيگرتوە بەسەرگشت بوارەكانى ژيانى سياسى وئابورى وفكرى وكۆمەڵايەتى وڕۆشنبيريەوە لەسەرتاسەرى سورياو بەجارێ دەستى خستۆتە بينى گەلەوە. بۆيە هيچ ئاڵترنەتيفێك نيە جگە لەمچەقەى هەندەران وەك مەركەزێك وهاوكات دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا بتوانين هەماهەنگى بپارێزين لەگەڵ هێزەكانى ناوخۆ دەرگاش كراوەيە بۆهەركەسێك وهەر ڕێكخراوێك بيەوێت كارمان لەگەڵ بكات، بەشێوەيەكى ڕاستەوخۆبێت ياخود ناڕاستەوخۆ، هەروەها بۆسەرجەم لايەنە سياسيەكانيش بەڵام بەمەرجێك دەبێت مەسەلەى سەربەخۆيى كوردستان مەسەلەيكى سەركى بێت وكۆتايى پێهاتبێت، هەروەها دوركەوتنەوە لەداواكارى شكڵى وكەموكوڕى وەك بەدەستهێنانى مافى كورد لەچوارچێوەى نيشتمانى سوريا وەك هەندێكيان ئەوەداخوازيانە، نێشتمان لەجێى دايكە، دايكيشمان كوردستانە ڕێ بەكەسيش نادەين لەمڕووەوە مشتومڕمان لەگەڵ بكات لەم مەسەلە كۆتايى پێهاتوەدا لەبەرئەوەى هەرمشتومڕێك دەربارەى ئەم مەسەلە ستراتيجيە بكرێت خاوكردنەوەيە بۆ هەڵوێستى كوردو سوكايەتيە بەخوێنى شەهيدان.

بەشداريكردن لەڕێگەى نامەى لايەنگريەوە ڕەوانەدەكرێت بۆئەدرێس وئەوژمارانەى تۆماركراوە ياخود بەئامادەبون لەكۆبونەوەى يادى شەهيدانى ڕاپەڕينيە مەزنەكەى ڕۆژئاواى كوردستان كە لەئەڵمانيا دەبەسترێت ـ شارى هيرنەى دەوروبەرى دۆرتمۆند، لەكاتژمێرى دووى پاشنيوەڕۆى ڕۆژى يەك شەمەى ڕێكەوتى 25 / 4 / 2004. بەم ناونيشانە:

Dayin veranstaltung Saal ,

Werder Str , 53 a,  44628 Herne

بۆ بەدەستهێنانى زانيارى زياترو پەيوەنديكردن لەناوەوەى ئەڵمانيا، تكايە پەيوەندى بكەن بەم ژمارانەوە :

Tel / Fax : 0231 1206734, Mobile : 0162 3977089, Tel – 0174 6194445

**بەرنامە**

2،00 مەراسیمی چلەی شەهیدانی ڕاپەڕینی مەزنی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان کە لەشاری قامیسلۆی پاڵەوان هەڵگیرسا.

3،00 زنجیرەیەك لەپڕۆسەی لەناوبردنی بەکۆمەڵ دەرحەق بەگەلی کورد لەلایەن ڕژێمی سوریەوە (تیرۆرکردنی کەسایەتی کورد وەك کەسایەتی بەناوبانگ میر جلادت بدرخان لەساڵی 1951 وسوتاندنی 380 منداڵی کورد لەسینەمای عامودا ساڵی 1960 وسوتاندنی 72 زیندانی کورد لەزیندانی مەرکەزی حەسەکە 1993 سەرەڕای پلانە نەگریس وڕەگەزپەستانەکەی ڕژێمی سوریا کە دەرحەق بەگەلی کورد کردویەتی هەروەها سەرژمێری کوتوبڕی ناتەواو لەجزیرە ساڵی 1962 ودەستپێکردنی هاوکات جێ بەجێکردنی پشتێنەی عەرەبی ساڵی 1967 ئەم سیاسەتی ئیستعماریە تائێستاش هەربەردەوامە بێ ئەوەی سەربەخۆیی کوردستانیش بەدەست ببێت.

4،00 سەیاسەتی دەوڵەتی لەسەردەمی عەولەمە وگۆڕانکاریەکانی ئەم دواییەی کوردستانی عراق (باشوری کوردستان) وسەرەتای هەرەس هێنان دکتاتۆرەکانی دەوڵەتانی دراوسێ وکارکردی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان وگرنگی پێکهێنانی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران.

**بڕیارەکان وبەیاننامەی کۆتایی**

کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان ورێکخراوە ئەندامەکانی سەدان نامەیان بەدەست گەشتوە لەسەرۆك ومەلیکانی سەرتاسەری جیهانەوە هاوپەیمانی پشتیوانی کردنی خۆیانیان دەربڕیوە سەبارەت مەسەلەی سەربخۆیی کوردستان، ئەوەش یەکێك لەونامانەیە لەبەڕێز تۆنی بلێری سەرۆکی حوکومەتی بەریتانی.

DIEU ET MON DROIT

HONI SOIT QUI MAL Y PENSE

10 DOWNING STREET
LONDON SW1A 2AA

From the Direct Communication Unit

24 December 2003

Dr Jawad Mella
Western Kurdistan Association
Palingswick House
241 King Street
London
W6 9LP

Dear Dr Mella

The Prime Minister has asked me to thank you for your recent letter.

Mr Blair is grateful to you for letting him have your views which he was interested to see.

Yours sincerely

M. Dowding.

MATT DOWDING

For all the world's children
Health, Education, Equality, Protection

unicef

**UNICEF UK**
Africa House
64–78 Kingsway
London WC2B 6NB

Telephone 020 7405 5592
Facsimile 020 7405 2332
Email enquiries@unicef.org.uk
www.unicef.org.uk

Dr Jawad Mella
Chairman
Western Kurdistan Association
Palingswick House
241 King Street
London W6 9LP

19 November 2003

Dear Dr Mella

Thank you for your letter of 12 November addressed to Jill Shutt following your telephone conversation with her last week.

As you know, I referred your query to the UNICEF Representative in Syria, Mohamed Bendriss Alami, and I have now had a response from him.

I understand from Jill that when you spoke you mentioned that the demonstrators in Damascus were prohibited from entering the UNICEF office by the police. Mr Alami tells me that the UNICEF office is open and that the police are not controlling access to it, except for security control in front of the main gate.

With regard to your suggestion that we assist in the production of materials, I regret that we are not in a position to help with this. The UK Committee for UNICEF exists solely to support UNICEF and its work for children in the developing world. A meeting with UNICEF UK would not be appropriate and any queries should be direct to the UNICEF office in Damascus.

Mr Alami has updated me on the situation in Syria and I am outlining his response below:

1 UNICEF is very concerned by the subject raised by the Kurdish children who demonstrated on 25 June 2003 and we consider that rights claimed are covered by the Convention ratified by the Syrian Government in 1993.

2 The problem of Kurdish children in Syria is a very sensitive issue and the political situation in the sub-region (Iraq) makes it again more difficult. On 25-26 June 2003 the Syrian Government celebrated the International Day of the Child and several activities were planned under the patronage of Mrs Bashar, the spouse of President Bashar.

3 The three Kudish political parties organised this manifestation mobilizing children and people starting from Hassakeh Raqqa and Aleppo in the North and Damascus, the capital. Apparently the police were aware of this movement and they organized a roadblock to stop the manifestation before reaching the UNICEF office. There was no incident within the UNICEF premises or in front of the UNICEF office. Incidents occurring in public places are under the control of the national authorities; UNICEF does not have authority out of its premises and we cannot intervene in subjects on which we have not necessary and comprehensive information to take any position. We are a UN agency, guided by rules and regulations and we have a Basic Cooperation Agreement with the host party.

The United Kingdom Committee for UNICEF Company Limited by Guarantee Registered in England and Wales No: 3663181
Registered Office: Africa House 64–78 Kingsway London WC2B 6NB Registered Charity No:1072612
President The Lord Puttnam of Queensgate CBE
Chairman The Rt Hon Sir John Waite
Executive Director David Bull

Page 2
Letter to Dr Jawad Mella
19 November 2003

4 Our mandate is to advocate for the protection of children's rights, to help meet their basic needs and to expand their opportunities to reach their full potential within the framework of the Convention on the Rights of the Child. To do so we have several mechanisms established at country/international level: The National High Committee for Childhood in Damascus and the Committee on the Rights of the Child in Geneva.

5 Syria is a well-known country with a mosaic of ethnic groups even among Christians, Muslims and others. A good number of the Kurdish are part of the Syrian society and they are enjoying their civil, political and economic rights according to the Syrian constitution. Few reached high level in the Government's hierarchy. A large number have not had Syrian Nationality since 1967 and this is the base of the conflict. UNICEF does not want to get into partisan issues of particular ethnic groups because this could jeopardize our action in favour of a large number of children.

6 UNICEF has already raised the issues of Nationality, Registration and Cultural Rights in several meetings held with Government, and the same questions were asked by the Committee on the Rights for Children in Geneva on 3 June 2003, during the review of the Syrian report. The Government position is that Arabic is the Official Language in Syria, according to the National Constitution, and education is compulsory and free of charge for all the Syrian children, including Kurdish children.

I am sorry I am unable to help you but do please contact Mr Alami at the UNICEF office in Damascus if you have any further queries. The address there is:
UNICEF
P.O. Box 9413
Damascus
Syrian Arab Republic

With best wishes,

Yours sincerely

David Bull
Executive Director

copy: Mohammed Bendriss Alami (Representative, UNICEF Syria)

کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان وڕێکخراوە ئەندامەکانی هەڵدەستن بەداکۆکی کردن لەگشت کێشەیەك وبابەتێک پەیوەندی بەگەلی کوردەوە هەبێت. ئەونامەیەی سەرەوە یەکێکە لەوڵام نامەی ئۆفیسی لەندەن لەڕێکخراوی یۆنسیف سەربەنەتەوە یەکگرتوەکان کە کۆمەلەی ڕۆژئاوای کوردستان داخوازی کردبوو لێکۆڵینەوەو پیداچون بکرێت سەبارەت بەمەسەلەی بەلێدانی منداڵانی کورد کە لەبەردەم ئۆفیسی یۆنسیف کۆببونەوە لەدیمشق لەڕێکەوتی 25 / 6 / 2003، ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئۆفیسی یۆنسیفی لەندەن دەرکەوتوە ئۆفیسی یۆنسیفی دیمشق بەرپرس نین لەڕوداوەکە بەڵکوو هێزە ئەمنیەکانی سوریا بەرپرسن.

کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان وئەندامانی وڕێکخراوی هەستان بەکۆکردنەوەی واژوی کەسایەتیە بەناوبانگە جیهانیەکان، لەپێناوی ئەوەی گەلی کورد نوێنەری خۆی هەبێت لەنەتەوە یەکگرتوەکاندا تا نوێنەرایەتیان بکات ئەوەش خواستنامەی کۆکردنەوەی واژەوەکانە لەپێناوی دەستکردن بەڕیفراندۆمی گەلی کورد لەپێناوی سەربەخۆیی لەژێر چاودێریکردنی نەتەوە یەکگرتوەکان، خۆشبەختانە توانرا 1700000 واژوو لەباشوری کوردستان، لەلایەکی دیکەشەوە وەك بەشێکی تری هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژوو توانرا 10000 واژوو لەلایەن لیژنەی باڵای ڕیفراندۆمی کوردستانەوە / لیژنەی ئەوروپا بەسەرکردایەتی صابر کۆکەیی کۆی واژوەکان درانەدەست بەڕێزان سەرۆکی حوکومەتی بەریتانی وباڵوێزی لە لەندەن ونەتەوە یەکگرتوەکان وپەرلەمان ویەکیەتی ئەوروپی لەپێناوی دەست پێکردنی پڕۆسەی ڕیفراندۆم.

گەلی کوردستان چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن

# بسا بە ریفرراندۆم

**(Referendum for Kurdistan)**

c/o WKA, Palingswick House, 241 King Street, London W6 9LP UK
Tel: 020 8748 7874, Fax: 020 8741 6436, E-mail: wka@knc.org.uk

لە دابەش کردنی کوردستاندا هیچ حساب بۆ خەلکی کورد نەکرا، کوردستانیان پارچە پارچەکرد. خەلکەکەی بە دابەش کراوی ژێر دەست کرا. حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقیش، لە سەردەمی پادشایەتی و کۆماریدا، خەلکی کوردستانیان لە مافەکانی خۆیان بێبە شکرد. لەسەردەمی بەعسیەکانیشدا بەردەوام سیاسەتی تەعریب و جینۆسادیان لە دژی گەلی کورد بەکارهێنا. ئەمرۆ، لە دوای دوانزە ساڵ ئازادی کوردستان، هاوپەیمانان ڕژێمی دیکتاتۆری سەددامیان رووخاندوە. بەڵام تا ئێستا چارەنوسی خەلکی کوردستان نادیارە. هاوپەیمانان ویەکێتی ئەوروپا و (UN) بکەین. بەپاسای نێودەوڵەتی خەلکی کوردستان چارەنووسی خۆیان لە عێراقدا دیاریبکەن.

| | ناو | پیشە | ناونیشان | ژمارە تەلەفۆن | تەمەن | ئیمزا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | | | | | | |
| 2 | | | | | | |
| 3 | | | | | | |
| 4 | | | | | | |
| 5 | | | | | | |
| 6 | | | | | | |
| 7 | | | | | | |
| 8 | | | | | | |
| 9 | | | | | | |
| 10 | | | | | | |

ئەم داوایە بۆ سەرتاسەری کوردستانی بەشی عێراقە. هەرهاوڵاتیەك بۆی هەیە یەك جار ئیمزا بکات. دواتر ئاراستەی ناونیشانەکەی سەرەوەی بکات. لە دوای کۆکرانەوەی ئیمزاکان، ئنجا ئاراستەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێت.

## اكراد سوريون يطلقون النار على منازل مسؤولين في الشرطة

# زعيم كردي: الانتفاضة التي فجرتها احداث ملعب القامشلي ستستمر حتى الاستقلال

■ لندن ـ دمشق ـ يو بي آي ـ رويترز: قال رئيس المؤتمر الوطني الكردستاني جواد الملا ان ما سماها «الانتفاضة الكردية» ستستمر في سورية حتى حصول الاكراد على «الاستقلال وحقوقهم المشروعة».

وقال الملا في حديث لـ «يو بي آي» «ان المؤتمر الوطني الكردستاني الذي يتزعمه تأسس عام 1985 ويعتبر مظلة لعدد من الاحزاب الكردية التي تمثل دولة كردستان الطبيعية».

واعتبر ان احداث القامشلي «لم تكن ناجمة عن شغب الملاعب كما تردد، بل ردا طبيعيا وانتفاضة على حالة الكبت والقهر والاضطهاد وعدم الاعتراف بالهوية القومية التي يعيشها اكراد سورية منذ 50 عاما»، على حد تعبيره.

واضاف ان «الانتفاضة التي فجرتها احداث ملعب القامشلي والطريقة التي تعاملت بها قوات الامن السورية مع تلك الاحداث ستستمر ولن تتوقف الا بعد حصولنا على الاستقلال من سورية».

وقال «هناك تنسيق قائم بين جميع الاحزاب الكردية في الدول الغربية لتنظيم التظاهرات والاتصال مع الجهات المسؤولة كي تمارس الضغوط على الحكومة السورية لوقف عمليات قتل وابادة الشعب الكردي وتمكينه من الحصول على استقلاله»، على حد تعبيره.

ونفى الملا ان يكون المؤتمر الوطني الكردستاني ينسق مع احزاب سورية معارضة اخرى في الحملة الدائرة حاليا ضد دمشق، واتهم بعض هذه الاحزاب بـ «التعاون مع اجهزة الامن السورية».

وفي سورية فتحت مجموعة من الاكراد السوريين النار على منازل ضباط شرطة في شمال شرق البلاد ليل الاربعاء بعد أحدث جولة من الاشتباكات غير المسبوقة بين الشرطة والاقلية الكردية. وقال احد السكان أمس الخميس ان احدا لم يصب جراء الهجوم الذي وقع في مدينة القامشلي القريبة من الحدود مع تركيا والعراق. وقال احد سكان المدينة المختلطة التي شهدت اعمال شغب قام بها الاكراد يوم الجمعة بعد مباراة في كرة القدم ان مجموعة من الاكراد على دراجات نارية فتحت النار على منازل ضباط في الشرطة في منطقة الصناعة خلال الليل.

وقال الشخص الذي طلب عدم الكشف عن هويته عبر الهاتف من القامشلي ان الشرطة ردت على النار بالمثل الا ان احدا لم يصب وان الاكراد المهاجمين هربوا. واضاف انه فيما عدا ذلك فان كل شيء هادئ.

وقال شخص آخر من سكان المدينة انه سمع اطلاق رصاص الا انه لم يسمع بالحادث. وقال مسؤول سوري تم الاتصال به في وقت سابق أمس الخميس أن جميع مدن محافظة الحسكة هادئة. والقامشلي واحدة من ست مدن رئيسية بالمحافظة تسكنها أعراق مختلفة. ودفن اكراد سوريون الاربعاء خمسة اشخاص قالوا ان الشرطة قتلتهم بالرصاص اثناء تظاهرات في مدينتي حلب وعفرين لاحياء ذكرى هجمات صدام حسين الكيماوية على الاكراد في العراق عام 1988 .

وقال مسؤول بالحركة القومية الكردية وهي جماعة سياسية كردية تتسامح معها السلطات السورية لرويترز في حلب ان التوتر تصاعد مجددا في عفرين أمس الخميس بعد ان اشعلت مجموعة من المتشددين الاكراد النار في علم سورية. وقال ابو روبير عضو الحركة أن بعض الاكراد حاولوا وقف اشعال النار في العلم في عفرين لكنهم فشلوا وان رجال الشرطة أطلقوا عندئذ الغاز المسيل للدموع وقاموا بتفريق الحشد. وقد لزم سكان المدينة منازلهم عقب الحادث وخلت الشوارع بسرعة من المارة.

هەندێ وێنەی شەهیدانی ڕۆژئاوی کوردستان ئەوانەی هێزە دڕندەکانی شۆڤینیەکان کوشتیانن، یەکێك لەوانە شەهید جلال ابراهیم خەڵکی عەفرین تەمەن 15 ساڵ.




خۆپیشاندانە ئاشتیانەکی منداڵانی کورد لەبەردەم ئۆفیسی یۆنسیفی نەتەوە یەکگرتوەکان لەدیمشق 25 / 6 / 2003 کە لەپێناوی گێڕانەوەی ڕەگەزنامەی سوری بۆسەدان هەزار هاوڵاتی کورد.



وەزیری بەرگری سوری مصطفی طلاس ی نازی پێشوازی لە نازی نەمساوی یۆرك هایدر دەكات




نازی بەعسی عدی صدام حسین پێشوازی لەنازی نەمساوی یورك هایدر دەكات



نازی بەعسی صدام حسین پێشوازی یورك هایدری نازی نەمساوی دەكات





پێشەوای نازی أدولف هتلر پێشوازی لەپێشەوای عەرەب دەكات موفتی قودس، أمین الحسینی، كە بەهتلر دەڵێت، خوا لەئاسمان و، هتلریش لەسەر زەوی.



**وێنەی بەرگی کتێبەکە دێرینی ورەسەنی وقوڵایی مێژوی کورد دەردەخات لەناوچەکەدا**

مەلیکی کورد ئەردەشێری دووەم مستیلەی دەسەڵات وەردەگرێت( Lord of The Ring ) لەیەزدانی کورد زەردەشتی کۆن ئاهورامەزدا، لەهەمانکاتدا یەزدانی ڕۆژ ـ میترا ئامادەی ئاهەنگەکە بوەو ڕۆژیش لەپشتیەوەیەتی کە لەقوڕ هەڵکەندراوە 21 خەتی تیشکی لەخۆیگرتوە لەچاخەکانی شاری کرماشان لەخۆرهەڵاتی کوردستان، بەرزی ئەوپارچە بەردینیەی ئەم تابلۆ مێژوییە زیاترە لەپێنج مەترو دەگەڕێتەوە بۆ 3000 ساڵ لەمەوبەر.




**نەخشەی کوردستان**

هەمان نەخشەی کوردستان کەحزبی خۆیبون پێشکەشی کۆنگرەی دەوڵتی کرد لەشاری سان فرانسیسکۆ لەولایەتە یەکگرتوەکان ساڵی 1945



## نەخشەی ڕۆژئاوای كوردستان

نەخشەی كوردستان كە لەسنوری باشوری كوردستانەوە درێژدەبێتەوە تادەگاتە دەریای ناوەڕاست




خواستامەی دەنگدان لەسەر حوكومەتی ڕۆژئاوای كوردستان وپەرەپێدانی ڕیفراندۆم تاوەكوە سەرتاسەری كوردستان بگرێتەوە لەگەڵ داهێنانی یەك ڕێكخستنێكی كوردی نەتەوەیی سەرتاسەری نیشتمانی كوردستان، ئەنجامی ڕیفراندۆمەكەش ڕەزامەندی بە بەڵی لەسەر هەر سێ مەسەلەكان ڕێژەیەكی زۆر بەرزی بەهەیە :

**كۆبوونەوەی كوردەكان بە هاوكاری چەند ڕێكخراوێک - لەندەن**

**23 جەنیوەری 2004**

**بۆ گفتووگۆی باری ئیمرۆی كوردستان بەتایبەت ڕۆژئاوای كوردستان (سوریا):**

- چۆن دابەشكردنی كوردستان لە بەرژەوەندی كێشەی كورد بەكار بێ؟
- چۆن گەلی كوردی بەشەكانی تری كوردستان ببنە پاڵپشتی ئەزموونی باشوور (عێراق)؟
- چۆن ئەزموونی باشوور ببێتە بەردی بناغە بۆ بەشەكانی تری كوردستان؟

**ڕاپرسی - تكایە ڕای خۆت تۆمار بكە. نیشانەی ✓ لەو شوێنە دابنێ كە دەخوازیت.**

| | | |
|---|---|---|
| ئایا تۆ دەخوازی بزووتنەوەی ڕفراندۆم بۆ سەرتاسەری كوردستان چێ ببێ؟<br>TEVGERA REFERENDUM BO HEMÎ KURDISTAN DIXWAZIM.<br>هل توافق على توسيع دائرة الاستفتاء لتشمل كل كردستان | بەڵێ<br>Belê<br>نعم | ✓ |
| ئایا تۆ دەخوازی حكومەتی ڕۆژئاوای كوردستان (سوریا) لە دەرەوەی وڵات چێ ببێ؟<br>HIKÛMETA ROJAVA KURDISTAN LI DERVEY WELAT DIXWAZIM.<br>هل توافق على قيام حكومة غربي كردستان (كردستان سوريا) في المنفى | بەڵێ<br>Belê<br>نعم | ✓ |
| ئایا تۆ دەخوازی بزووتنەوەیەكی كوردستانی بە ئامانجی سەربەخۆی بۆ سەرتاسەری كوردستانی چێ ببێ؟<br>RÊXISTINEKÎ GIŞTÎ BO SERXWEBÛNA KURDISTAN DIXWAZIM.<br>هل توافق على إقامة منظمة كردستانية من اجل الاستقلال | بەڵێ<br>Belê<br>نعم | ✓ |

KNC: Tel: 0208 563 2881 -Mobile: 07768266005 - Email: wka@knc.org.uk
Web: www.knc.org.uk

**نمونەیەك لەشانازیەكانی گەلی كورد**

دەوڵەت وئیمپراتۆری گەلی كورد بەرلەهەزاران ساڵ : نایری وسوبارتو ومیدیا...

هێما مەزنەكانی مێژوی كورد : ئاهورامەزدا میترا وزەردەست وپیری شالیار وئەژدیهاك وكاوە وابراهیم الخلیل ونیشتنەوەی كەشتی نۆح لەسەرشاخی جودی لەخاكی پیرۆزی كوردستان.

زانایانی كورد لەسەردەمی ئیسلام : صلاح الدین ئەیوبی وابن تیمیة وشارەزوری وجرجانی وابناءالأثیر وجەزیری ودینوری العمادی وسەهرەوەردی....

فەیلەسوف وڕوناكبیرانی گەلی كورد : میر شەرف خانی بدلیسی واحمد خانی بایەزیدی وابن ئادەم وحاجی قادری كۆیی ڕۆژبەیاتی ومحمد كورد علی وشێخ محمد عبده وپیرەمێرد....

ژنانی بەناوبانگی گەلی كورد : خانزاد قەدەم خێر وحەپسەخان وعادلەخانی جاف لیلی قاسم وخجێ یشار ولیلی زانا....

ئەوسەركردانەی كورد كەهەرگیز ناكرێت لەیادیان بكەین : شێخ عبیداللەی نەهری ومیر بەدرخانی گەورەو میر محمدی ڕەواندوزی وشێخ سعیدی پیران وژەنەڕاڵ احسان نوری پاشا وژەنەڕاڵ شریف پاشا وسید ڕەزای دەرسیمی ومەلیكی كوردستان شێخ محمودی حفید وسەرۆكی كۆماری كوردستان قازی محمد ومصطفی بەرزانی....

ڕۆژە گەشكان كەبونە هۆی بەرزكردنەوەی ئاستی هەستی نەتەوایەتی وبەرز ڕایەگرن : جەژنی نەرۆزو شەڕی هەندرێن وڕاپەڕینی مەزنی باشوری كوردستان لەئازاری 1991 وڕاپەڕینی مەزنی ڕۆژئاوای كوردستان لەئازاری 2004.

جوگرافیای كوردستان : شاخەكانی قەندیل ئاگری وهەڵگوردو كرداخ وزاگرۆز وچەمەكانی دجلەو فورات ئاراراس وكە لەكەنداوەوە درێژدەبێتەوە وبەدەریای قەزوێندا ڕەتدەبێت تادەگاتە دەریای سپی ناوەڕاست ودەریای ڕەش.

كەلەپوری بیری ئاینی كورد : میثرائیەو زەردەشتی ومانی وكاكەیی ویەزیدی وخالدی ونەقشبەندی قادری وگەیلانی....

## 10 ی ئابی 1920

## پەیمانی سیڤەر : بەشی سێ : کوردستان

### بڕگەی 62

((لیژنەیەك ئامادە دەكرێت مەركەزی لەقسطنطینیە دەبێت، لەسێ ئەندام پێكدێت، هەریەكەیان دەوڵەتێك لەوسێ دەوڵەتە دایدەمەزرێنێت : دەوڵەتی ئینگیلزو فەڕەنساو ئیتالیا، لەماوەی شەش مانگ لەدوای جێ بەجێكردنی ئەم پەیمانی سەربەخۆی یە ناوخۆییە. ئەمەسەبارەت بەوناوچانەی كوردی تیادەژین، كەدەكەوێتە خۆرهەڵاتی فورات وبەرلەدەسپێكی باشوری ئەرمینیا، دەكرێت لەدواییدا دەستنیشان بكرێت. هەروەها سنوری توركی وسوریاو وعراقیش بەگوێرەی ڕونكراوەی هەردوو دەقی دوو وسێی بڕگەی دوو، بەندی ژمارە 27. بەڵام لەحاڵەتی ڕێنەكەوتن لەسەرهەربابەتێك، ئەوا بەگوێرەی زانیاری ئەندامانی لیژنەكە دەیگەڕێنرێتەوە بۆبەردەست حوكومەتەكەی خۆی. هەروەها پێویستە ئەم پرۆژەیە زەمانەتی تەواوی پاراستنی كلدان وئاشوری وكەمە نەتەوایەتیەكانی دیكە بكات، لەڕووی ڕەگەز وئاینەوە، لەناو ئەو ناوچانەدا. بەهۆی ئەم مەبەستەشەوە لیژنەیەك دروست دەكرێت پێكدێت لەنوێنەرانی بەریتانیاو فەڕەنساو ئیتالیاو عەجەم وكوردی ئەوجێگانە، بۆئەوەی پشكنین بۆحاڵەتەكان بكەن وبڕیاری ڕاستكردنەوەی بدەن، ئەمەئەگەر زانیان پێویستە لەسنوری توركیاش بكرێت، بەگوێرەی دەقی ئەم پەیمانە ناوبراوە تاسەر سنوری عەجەم دەگرێتەوە)).

### بەندی 63

((حوكومەتی عوسمانی لەمڕۆوە بەڵێن دەدات ڕازری بێت وبڕیارەكانی هەردوو لیژنەی كۆمسیۆن جێ بەجێبكات، كە لەبەندی ژمارە 62 ئاماژەی پێكراوە، لەماوەی سێ مانگ لەبەرواری ئاگاداركردنەوەی ڕادەگەێنرێت)).

### بەندی 64

((ئەگەربێتوو گەلی كوردی نیشتەجێ بوی ئەم ناوچانەی كەبەندی ژمارە 62 دەیانگرێتەوە، لەماوەی ساڵێك لەدەستپێكردنی بەرواری جێ بەجێكردنی ئەم پەیمانە، داوایەك پێشكەش بەكۆمەڵەی نەتەوەیی بكەن ڕونكرابێتەوە كەزۆرینەی گەلانی ناوچەكە دەیانەوێت لەتوركیا جیاببنەوە، هەروەها ئەگەرهاتوو كۆمەڵەی ناوبراو بڕیاریدا ئەوگەلە توانای سەربەخۆییان هەیە، فەرمانی پێدەدات. توركیا هەرلەئێستاوە بەڵێن دەدات گوێڕایەڵی ئەم فەرمانەبێت، هەروەها دەست لەهەموو ماف وئیمتیازەكانی خۆی هەڵدەگرێت لەوناوچانەدا. هەروەها وردەكاریەكانی ئەودەست هەڵگرتنە بابەتی ڕێكەوتنی تایبەتی دەبێت لەنێوان گرنگترین دەوڵەتانی هاوپەیمان ونێوان توركیا دەبێت. لەحاڵەتی دەست هەڵگرتنداو، لەحاڵەتێكیشدا كەڕودەدات، هیچ نارەزایەتیەك لەلایەن دەوڵەتانی هاوپەیمانی ناوبراوەوە، دەرحەق بەیەكیەتی كوردانی نیشتەجێ بوی ئەم بەشەی خاكی كوردستان كەتاوەكوو ئەمڕۆ چۆتەسەر ولایەتی موسل، یەكگرتنێك بەویست وتوانای خۆیان بێت هاوكات لەگەڵ حوكومەتی سەربەخۆش)).

پەیمانی سیڤەر تاكە پەیمانی دەوڵەتیە كە لەلایەن دەوڵەتە مەزنەكانی جیهانەوە واژۆیان كردوە، كە دانپیانەرو بڕیاردرە سەبارەت بەبونی گەلی كوردو نیشتمانی كوردستان ومافی گەلی كورد لەمافی چارەنوسی خۆی لەلایەن خۆیەوەبێت ودەوڵەتی كوردی پێكبهێنێت.

**دەربارەی نوسەر :**

نوسەر دەیان وتارو کتێب وڕاپۆرتی سیاسی وکتێبی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی دەربارەی کتێبی دیکە نوسیوە، هەرهەموشی لەپێناوی کوردستانێکی ئازادو یەگرتودایە لەوانەش :

1 ـ کتێبی کوردستان نیشتمان وگەلێکی بێ دەوڵەت بەزمانی عەرەبی ساڵی 1985.

2 ـ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کتێبی کوردستان یان مردن نوسینی رینیە موریس ساڵی 1986.

3 ـ پێشەکی بۆ کتێبەکەی مصطفی ئەتاتورك لەنوسینی أسماعیل بێشکچی ساڵی 1987.

پێشکەش کردنی چیرۆکی سوتو و توتو بەمیجەرسۆن بەزمانی کوردی وبەپیتی لاتینی ساڵی 1988.

5 ـ ڕاپۆرتی بیربۆچونی لیژنەی داواکارانی رزگاری کوردستان (کاك) ساڵی 1984 .

6 ـ ڕاپۆرتی ((تورکیا دەوڵەتی ئەشکەنجەدان)) بەزمانی ئینگلیزی 1988.

7 ـ ڕاپۆرت دەربارەی 8000 کوردی بەرزانی درابە نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵی 1988.

8 ـ ڕاپۆرت دەریارەی دەست بەسەراگرتنی 5000 کوردی فەیلی ساڵی 1989.

9 ـ نوسینی دەیان چاوپێکەوتن وتار لەڕۆژنامە عەرەبی وکوردیەکاندا ساڵی 1990 ـ 1994.

10 ـ پشەکی بۆ کتێبەکەی شەهید عبدالرحمن قاسملو ساڵی 1995.

11 ـ پێشەکی بۆ کتێبی ڕاگەیاندنی گرنگ بەڕوناکبیری کورد جمال نەبەز ساڵی 1996.

12 ـ پێشەکیەك بۆکتێبی پەرچەمی ئیسلام یاخود پەرچەمی بەکرێگیراوان وخۆفرۆشان ساڵی 1998.

13 ـ ڕاپۆرت دەربارەی پرۆسەکانی ئەنفال وکارەساتی هەڵبەبجە بەزمانی ئینگلیزی ساڵی 1990.

14 ـ کتێبی یادەوریەکانم لەگەڵ ئاپۆ عوسمان صبری ساڵی 2000.

15 ـ کتێبی کوردو کوردستان، نیشتمانێکی دابەشکراو ونەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بەزمانی عەرەبی ساڵی 2000.

16 ـ پێشەکی و وەرگێرانی نوێژی یەزیدی ساڵی 1999.

17 ـ پێشەکی کتێبی مەسەلەی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان ساڵی 2001.

18 ـ پێشەکی کتێبی نوێکردنەوەو ڕزگاری ـ التجدید والتحریر شێخ عمر غریب ساڵی 2002.

19 ـ پێشەکی کتێبی الکورد والایرنة نوسینی شێخ عمر غریب ساڵی 2003.

20 ـ کتێبی بەرزانی وکیسنجر ودەوڵەتی کوردی ساڵی 2003.

21 ـ کتێبی کوردو کوردستان بەزمانی ئینگلیزی ساڵی 2004 .

22 ـ کتێبی ڕاپەرینی مەزنی ڕۆژئاوای کوردستان ساڵی 2004.

23 ـ بنەما سەرەکیەکانی ڕزگارکردنی کوردستان ودەستوری کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی.

24 ـ پێشەکیەك بۆکتێبی تیرۆرکردنی پێشەوای کورد عبدالرحمن قاسملو.

25 ـ چاپکردن وبڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك لەبەرهەمەکانی ڕوناکبیری کوردی بەناوبانگ دکتۆر جمال نەبەز بەزمانی جیاجیا :

ـ بیری نەتەوەیی کورد، نەبیرێکی نەتەوەیی خۆرهەڵاتیەو نەبیرێکی نەتەوەیی ڕۆژئاواییە.

ـ پێناسەی کوردو مەسەلەی نەتەوەی کورد (بەزمانی کوردی).

ـ بەزمانی ئینگلیزی، دەربارەی گەشەکردنی زمانی کوردی لەزمانی ئاخافتنەوە بۆ زمانی نوسین.

ـ کورد، مێژو وشارستانی، وەرگێرانی ئینگلیزیەکەی لەئەڵمانیەوە.

ـ کوردی چەوساوە وبرا موسوڵمانەکانیان بەزمانی عەرەبی.

ـ ڕاگەیاندنی گرنگ (چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی بەزمانی عەرەبی وکوردی).

26 ـ دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە وەك وشیاری، کوردنامە، کۆنگرەو بن ختي.

27 ـ دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەبڵاکردنەوە وبەیاننامە بەزمانی ئینگلیزی.

28 ـ دامەزراندنی سایتی ئەنتەرێت.

29 ـ ئەو بەرهەمانی لەژێر چاپدان :

ـ چاپکردنەوەی کایژیك نامە، لەگەڵ چاپکراوەکانی دیکەی ڕێکخراوی کایژیك لەچوارچێوەی کتێبێکدا.

ـ یادشتنامەو بەڵگەکانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی 1985 ـ 2005 لەماوە 20 ساڵ لەخەباتی دیبلۆماسی لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، وکارکردی لەسەرگەلانی جۆراوجۆر وڕێکخراو دەوڵەتان. (لەئێستادا ئامادە دەکرێت).

## نوسەر لەچەند دێرێکدا

مواليدی دیمشق 1946 لەبنەماڵەیەکی تێکۆشەرەو دوچاری ڕاگوێزان بون لەباکوری کوردستانەوە (کوردستانی تورکیا) بۆ سوریا لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە. باپیرەی مەلا محمد، موسڵمانێکی پاك بوە ونیشتمان پەروەریش بوە لەهەمانکاتدا تا ئێستاش ئەومزگەوتەی لەگوندەکەی خۆیانا دروستیکردبوو لەناوچەی دیاربەکر هێشتا بە بەردەوامی جمەی دێت لەنوێژکەران هەتا ئەمڕۆش، هەرچی باوکیەتی مامۆستا ابراهیم مەلا هەمیشە شانبەشانی میر جلادت بدرخان بوە ولەکادرانی حزبی سەربەخۆیی (خۆیبون) ی کوردی بوە کەپێشەوایەتی شۆڕشی کوردی کرد ئەوشۆڕشەی لەکێوەکانی ئاگری هەڵگیرسا لەساڵانی 1927 ـ 1930 لەدوای سەرنەگرتنی شۆڕشی ئاگری میر جلادت بدرخان لەگەڵ باوکی نوسەر چەندین کەسایەتی دیکەدا دووجار هەوڵیدا دەوڵەتی کوردی ڕابگەیێنێت لەڕۆژئاوای کوردستان، یەکەمیان لەسەردەمی چاودێرکردنی بەریتانی (ئینتداب) دابوو دووەمیش لەسەردەمی کودەتاکەی زەعیم حسنی الزعیم لەساڵی 1949، لەدوای سەرنەگرتنی ئەوهەوڵانە بەشداریانکرد لەدامەزراندنی یانەی ڕۆشنبیری ودەرکردنی ڕۆژنامەی کوردی لەشاری دیمشق وەك هاوار و ڕوناکی.

لەکەشوهەوایەیکی ئاوا پڕلەنیشتمان پەروەری وشۆڕشگێڕیدا جواد ملا پەروەردە بوە بۆیە هەرلەمنداڵیەوە کتێبی لەبەردستابوەو چاوەکانی بەوکتێبانە کراونەتەوە کەلەدەوروبەری باوکیابوە هەرئەوە هۆکارە بوە هۆی پاڵپێوەنەری گەورە بۆئەوەی شۆڕبێتەوە نێو کاروخەباتی نیشتمانی لەتەمەنێکی هەرزەکاریەوە بەهۆی چالکیەکانیەوە دەزگای هەواڵگری

دەستگیریدەکەن کەهێشتا لەبەرەبەیانی جوانی تەمەنیایەتی وئەشکەنجەو ئازارێکی زۆری دەدەن بەسەختترین شێوازی ئەشکەنجەدان.

د. جواد ملا هەستاوە بەنوسینی دەیان ڕاپۆرت وکتێب و وتار، لێرەشدا هەندێك لەچالاکیەکانی وەك نمونە دەهێنینەوە کە لەپیناوی سەربەستی وسەربەخۆیی کوردستان نوسیویەتی :

1964 - 1969 ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوە لەسوریا.

1970 - 1972 چەندین جار لەگەڵ خوالێخۆشبوو مەلامصطفی بەرزانی کۆبۆتەوە.

1972 سەرۆکی یەکیەتی نەتەوەیی قوتابیانی کورد لەسوریا بەشداریان کردوە لەکاروباری کۆنگرەی یەکیەتی قوتابیانی شاری سلێمانی بەهۆی داخوازی میوانداریەتی لەلایەن سەرۆکی یەکیەتی قوتابیانەوە ی بەڕێز عادل موراد.

1970 - 1975 ئەندامی سەرکردایەتی لەپارتی (کایژێك)، کە لەساڵی 1959 دامەزرا.

1970 ڕێکخستنی کاژێکی لەباشورو ڕۆژئاوای کوردستان دامەزراند.

1976 - 1984 ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سۆشیالیستی کوردستانی (پاسۆك) هەروەها وەك سەرکردەیەی پێشمەرگە لەشاخەکانی قەندیل وسورێن وناوچەکانی دیکەی باشوری کوردستان.

1982 - 1984 ئەندامی سەرکردایەتی بەرەی (جود) لەکوردستانی عراق.

1984 یەکێك لەدامەزرێنەرانی لیژنەی خوازیارانی ڕزگاری کوردستان بوە (کاك)، لەگەڵ بەڕێزان جمال عەلەمدار ودکتۆر شفیق قەزاز ودکتور فریاد حەوێزی.

1985 یەکێك بوە لەدامەزرێنەرانی مافی مرۆڤی کورد لەبەریتانیا.

1985 یەکێك بوە لەدامەزرێنەران کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی، لەگەڵ دکتور جمال نەبەز وعزیز عەقەراوی ودکتۆر محمد صاڵح گابوری وشێخ لطیف مەریوانی.

1986 ڕۆژنامەی کوردنامەی دەرکرد بەزمانی عەرەبی وکوردی.

1987 بەشداری کرد لەکارەکانی کۆنگرەی یەکەمی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست وهونەر لەشاری ڤینا (ئەکادیمیاکە لەسوید دامەزرا لەساڵی 1985).

1988 داخوازیەکی ڕەسمی بارەگای گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانی بەجێهێنا لەنیۆرك بەمەبەستی ڕونکردنەوەی مەسەلەی سەرەونگون کردنی 8000 کوردی بەرزانی کەبەعسیەکانی عەرەب سەرەونگونیان کردن لەساڵی 1982.

1989 هەستا بە ئامادەکردنی بەستنی یەکەم کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی لەشاری لەندەن.

1989 بەستنی چەندین کۆڕو کۆبونەوە دەربارەی قوربانیانی شاری هەڵەبجەو پرۆسەی ئەنفال ودەست بەسەرکردنی 5000 کوردی فەیلی لەلایەن ڕژێمی بەعسی صەدامیەوە.

1990 بەشداریکردوە لەچەندین کۆنگرەی دەوڵەتیدا دەربارەی مەسەلەی کورد، لەئەوروپا.

1991 ڕۆڵێکی مەزنی بینیوە لەپەلەکردنی ناردنی هێزی دەوڵەتی لەمەڕ دەستێوەردان سەبارەت بەڕزگارکردنی گەلی کورد لەکاتی ڕەوی بەکۆمەڵی گەلی کوردی باشوری کوردستان.

1991 هەستا بەئامادەکردنی بەستنی کۆنگرەی دووەمی نیشتمانی کوردستانی لەشاری لەندەن. هەروەها بەشداری کرد لەکاری کۆنگرەی تایبەت بەقوربانیانی مارزابۆتو وهەڵبجە کە لەئیتالیا بەسترابوو.

1992 - 1994 چەندین نامەی ئاراستەی سەرکردەکانی کوردی باشوری کوردستان کرد لەپێناوی سود وەرگرتن لەبارودۆخی نویی باشوری کوردستان لەپێناوی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی.

1995 - 1996 بوو بەئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەهەندەران، بارەگاکەی لەبرۆکسل بوو.

1997 وەك سەرۆکی نوێنەرایەتی لەگەڵ سەرۆکی لیبی معمر قەزافی کۆبۆوە لەشاری طرابلس، لەسەر داخوازی عەقید معمەر قەزافی.

1997 کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستانی دامەزراند لەگەڵ کۆمەڵێك لەنیشتمان پەروەران.

1998 هەستا بەئامدەکردنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی چوارەم لەشاری لەندەن. هەروەها ڕۆژنامەی کۆنگرەی دەرکرد بەزمانی کوردی وئینگلیزی وعەرەبی.

1999 چەندین نامەی مێوانداری ڕەسمی پێگەشت لەلایەن یەکەیەتی نیشتمانی کوردستانی وپارتی دیموکراتی کوردستانی تاوەکوە سەردانی باشوری کوردستان بکات بۆ ئەوەی ئاگاداری بارودۆخەکانی ئەوێ بێت.

2000 لەوڵامی ئەوداخوازیانە چەند نوێنەرێکی ڕەوانکرد بەرەو باشوری کوردستا کەنوێنەرایتی کۆنگرەی نیشتمانیان دەکرد تاوەکوو بتوانن هەماهەنگی بکەن لەگەڵ حوکومەتی هەرێمی کوردستان وهێزە کوردستانیەکانی دیکە.

2001 - 2004 کارکردن بۆبەستنی کۆنگرەیەکی گشتی بۆسەرجەم هێزە کوردیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، لەپێناوی ڕاگەیاندنی حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەهەندەران، لەشاری هێرنەی ئەڵمانی ڕاگەێندرا لە 25 / 4 2004 ود. جواد ملا کاندید کرا بەسەرۆکی، تەقاندنەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی لەشاری نیویۆرك لەساڵی 2001 بوەهۆی ئەوەی کاربکاتەسەر گۆڕینی دیاردەکانی سیاسەتی دەوڵەتی بەشێوەیەك کەجێ دەستی خۆی جێدەهێڵێت لەکاکرد بەسەرجوگرافیاشدا، لەپێش هەمویانەوە گۆڕانکاریەکان، گەلی کوردو نیشتمانی کوردستان دەگرێتەوە.

تێبینی : کاژێك وپاسۆك وکۆنگرە، حوکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان، هەرهەمویان داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن واتە نوسەر لەساڵی 1970 وە لەسەریەك ڕەوت ویەك هەڵوێست بوە کەئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیە کەهیچ شکی تیانیە بەڕێوەیە، باش بزانن هەرکاتێك شەو درێژبێتەوە دەبێت هەموان بزانن کەتیشکی ڕۆژی دەمەوبەیان نزیکبۆتەوە لەئاسۆوە دەرکەێت وڕوناکی خۆی پەخش دەکاتەوە.

The Colonial Policy of
the Syrian Ba'ath Party
in Western Kurdistan

By
Dr. Jawad Mella

Translated from Arabic
Ahmad Rashed

Tel: 020 8748 7874
Mobile: 07768 266 005

Website: www.knc.org.uk

E-mails: wka@knc.org.uk
KNC@ribrahim.de

London 2004

ISBN: 0 9529951 9 0

Publication of the Kurdistan National Congress

London 2004